دۆزی کورد لە ڕۆژئاوای ئاسیا
لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا

نووسینی

ئۆلگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە

پ.د. ئیسماعیل حەساف

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٦

ناوی کتێب: دۆزی کورد لە ڕۆژئاوای ئاسیا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا

نووسینی: ئۆلگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: پ.د. ئیسماعیل حەساف

دیزاینی بەرگ: دیار سەعید شێخۆ

دیزاینی ناوەڕۆک: هێما ئەحمەد شێخۆ

سەرپەرشتی چاپ: مستەفا نەجم فەیلی

ساڵ و شوێنی چاپ: هەولێر-٢٠٢٦

چاپخانە: ڕۆکسانا

تیراژ: ١٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤١٨) ساڵی ٢٠٢٤پێدراوە.

ئـەم کۆمەڵـە شرۆڤانـە تایبـەت بـە شرۆڤـە کـردنی دۆزی کـورد لـە وڵاتـانی ڕۆژئـاوای ئاسـیایە کـە وڵاتـانی عێـراق، تورکیـا، ئێـران و سـووریا دەگرێتـەوە و ڕووبەرێکـی فرەوانـی لەسـەر نەخشـەی ئـەم وڵاتانـەدا داگیرکـردووە، چارەسـەرنەکردنی کێشـەی کـورد لـە هەریـەک لـەم وڵاتانـە بووەتـە مایـەی سـەرهەڵدانی گـرژی و ناسـەقامگیری لـەو وڵاتانـە بەتایبـەتی و ناوچەکـە بـە گشـتی.

زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو نووسـین و شرۆڤانـە لەلایـەن کوردۆلۆجیانـی پەیمانگـەی دیراسـاتی ڕۆژهـەڵات و دامـەزراوەکانی خوێنـدنی بـاڵا لـە مۆسـکۆ نـووسراون و جەخـت لەسـەر وردەکاریـی کێشـەی کـورد لـە عێـراق و تورکیـا دەکەنـەوە. هێندێکـی تـر لـە نووسـینەکانی نێـو ئـەم کتێبـە تیشـک دەخەنـە سـەر تایبەتمەندییـەکانی کێشـەی کـورد لـە ئێـران و سـوریا، هەروەهـا لایەنـە ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییەکانیشـی تێـدا خراوەتـەڕوو. لەوانەشـە ڕای نووسـیارانی نووسـینەکان جیـاواز بـن لە ڕاوبۆچـوونی پەیمانگەکە و گوزارشـت لـە سیاسـەتی پەیمانگەکـە نـەکات.

ISBN 5-89394-170-5

پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوین

پێرست

پێشەکی ٧

کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای ئاسیا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا..... ١٣

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ململانێ نێوخۆییەکانی کورد ٣٩

هەڵوێستی دراوسێ ئیقلیمییەکان لە سەربەخۆیی کوردی عێراق ٥٧

ئەمەریکا و کوردی باشوور..... ٦٧

باشووری کوردستان و پەرەسەندنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق..... ٧٣

ئالینگارییەکانی جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی باشووری کوردستان و هۆکارەکانی نەگەڕانەوە..... ١٠٥

ڕۆڵی سیاسیی زانکۆکانی باشووری کوردستان..... ١٢٥

پەراوێز و سەرچاوەکان ١٤٩

پەرەسەندنی سیاسیی کوردی باشوور..... ١٥٥

دەستووری هەمیشەیی عێراق و بەرژەوەندییەکانی کورد..... ١٦٩

کاریگەریی قەیرانی عێراق لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کۆماری تورکیا..... ١٩١

وەرچەرخانی دیموکراسییەت و کێشەی کورد لە تورکیا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک..... ٢١١

پەیوەندییەکانی تورکمانی عێراق لەگەڵ هێزە سیاسییە جیاوازەکان و بەرژەوەندییەکانی تورکیا..... ٢٣١

هەڵوێستی محافزکارانی نوێی ئیران سەبارەت بە کێشەی کورد..... ٢٦٣

پرسی کورد و کێشەی سەقامگیری لە ڕۆژئاوای ئاسیا ٢٧٧

فاکتەری کورد لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دا ٢٩٥

ڕۆڵی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە ستراتیژییەتی نەتەوەیی بۆ گواستنەوەی وزە بۆ بازاڕە نێوخۆیی و بیانییەکاندا ٣١١

دۆخی عێراق و کیشەکانی سەقامگیریی سیاسی لە تورکیا ٣١٩

باشووری کوردستان وەک گرنگترین فاکتەری سەقامگیریی عێراق ٣٤٣

فاکتەری کورد و سەقامگیریی ئیقلیمی ٣٥٧

بەرنامەی ئابووریی کوردستان ٣٦٧

ڕەوشی نەوت لە باشووری کوردستان ٤٠٩

هەرێمی کوردستان و کێشەی سەقامگیری ٤٢٧

ئاسۆکانی دەوڵەتی کوردی ٤٥٣

کورد هۆکاری سەقامگیریی ناوچەکە ٤٦١

پێشەکی

سەدەی بیست و یەک دەرفەتی نوێی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە ڕۆژئاوای ئاسیا واڵاکرد. کورد (کۆمەڵە ئیتنێکی گەورەن، ژمارەیان لەنێوان (٢٥-٤٠ملیۆن کەسدایە)، تاوەکو ئێستاش خاوەن دەوڵەتی خۆیان نین، لە سەردەمی هەبوونی ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات، بەڵام لەو نێوەندەدا ئەوان لەم مافە بێبەشن، بەتایبەتیش لە ناوەڕاستی کیشوەری ئۆراسیا، لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر بنەمای نەتەوەی باڵادەست کە بە نەتەوەی فەخری[1] ناوزەد دەکرێت، لە زۆر کاتیشدا تاکە ڕێگە نەبووە بۆ خوڵقاندنی سەروەریی سیاسەتێکی یەکگرتوو نەخاسمە لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناویندا. دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای جیاواز و فرە ئیتنیدا دادەمەزرێن و فاکتەری یەکلاکەرەوەیان، نەریتی مێژوویی لەسەر شێوازی فرە کلتووریی ئیمپراتۆرییەتە مەزنەکانی وەکو (عوسمانی، قاجاری، دۆرانی[2] و مەغۆلییەکان) و ئەو هەیکەلە سیاسیانەن کە جێگەیان گرتوونەتەوە.

هۆکارگەلی زۆر و هەمەجۆر وای لە کورد کردووە تاوەکو ئێستا لە دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان بێبەش بکرێن کە لەلایەن ئەدەبیاتی نێوخۆ و بیانید[3] دیراسە کراون. گۆشەگیریی مێژوویی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان و لێکدابڕینی ئەو ناوچانەی زۆرینەی کوردیان تێدا نیشتەجێن هۆکارێکی دیکەیە، هەروەها وابەستەبوونی کورد بە چالاکییە تەقلیدییەکانی ئابووری (شێوازی ژیانی کۆچەری) و کلتووری پێوەست بەو چالاکییە، هۆکارێکی دیی دانەمەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەییەکەیە. ئەم شێوازە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەش دابەشبوونی هۆز و خێڵەکانی لێدەکەوێتەوە، لە کایەی سیاسیدا هەموو ئەمانە بوونەتە خاڵی ناسینەوەی

سیاسەتی تەقلیدیی کورد و قەتیس کردنی بەرژەوەندییە سیاسییەکان لە بۆتەی بەرژەوەندیی تاکە کەسیدا. تایبەتمەندێتیی کلتووری سیاسی وابەستەی ڕێتمێکی لەسەرخۆیە بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری و دواخستنی دەرکەوتنی ڕێژەیەکی زۆری چینی ناوەند کە چینێکی دەوڵەمەندی خوێندەوارن بەتایبەتیش لەنێو شارنشینانداً.

هەروەها جەخت لەسەر بەهەندوەرگرتنی لێکترازانی ناوچە کوردنشینەکان و پێکەوەژیانیان لەتەک گروپە ئەتنییەکانی دیکەدا کراوەتەوە کە ژمارەیەکی زۆری ڕەوەندی کورد لەو پانتاییە فرەوانانەی دەکەونە نێوان دەریای سپیی ناوەڕاست، دەریای ڕەش، دەریای قەزوین و کەنداوی فارسدا بوونیان هەیە. لە سەردەمی نوێدا بەهۆی دابەشبوونی سیاسیی کوردستان لەنێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و وڵاتی فارسدا کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر یەکگرتوویی نەتەوەی کورددا هەبووە کە دواتریش لەنێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دابەشکراوە.

هەروەها فاکتەری دەرەکیی ناوچەکە ڕۆڵێکی گرنگی لە پێکهێنانی بەرژەوەندییە جیۆسیاسی و جیۆستراتیجی و ئابووریەکانی ئیمپراتۆرییەتە داگیرکارەکاندا گێڕاوە، لە ساڵانی پاش کۆلۆنیالیزمیشدا ئومێدی ناسیۆنالیستەکانی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردان لاواز بووە و بووەتە ئامانجێکی بەدینەهاتووی دووردەست.

ئاخۆ دەبێ ڕەوشەکە لە سەدەی بیست و یەکدا بگۆڕێت؟ لێرەدا دەبێ گرنگی بە دیاردە نوێیەکانی ئەم سەدەیە بدەین کە پتەوبوونی ڕۆڵی بزووتنەوە و ئایدیۆلۆژییە ئایینییە توندئاژووەکانی نێو کایەی سیاسیی ناوچەکە یەکێکە لەو دیاردانە، بێگومان پەرەسەندنی توندڕەویی ئیسلامی و ئەوەی پەیوەستە بە تیرۆر بە شێوەیەکی مەترسیدا کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ڕژێمە نێوخۆییەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەبێت، لەسەرووی هەموشیانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە لە قۆناغە مێژوورییەکاندا هاوئاواز بووە لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاوا، هەست بە نیگەرانییەکی زۆر دەکات لە ئەگەری شڵەژاندنی سەقامگیریی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا.

پێدەچێت هەموو ئەمانە بە کردار دەرفەت بۆ هێزە نیشتمانییە کوردییەکان

بڕەخسێنن تاوەکو لە ئایندەدا خۆیان وەکو جێگرەوەی بەرنامەی کاری ئیسلامە ڕادیکاڵەکان بسەپێنن و لە یەکلاکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکەدا بەشداربن، بەتایبەتیش لە عێراق. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لە ئایندەدا دەوڵەتێکی کوردیی خاوەن سەروەریی دایمەزرێت، بەڵام ئەگەر زۆرە لە بارودۆخی دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی ناوچەکەدا، دامەزراندنی دەوڵەتەکە مەحاڵ نەبێت کە ڕەنگە دواجار کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان یاخود لە چەند پارچەیەکیدا بەرەو چارەسەرکردن هەنگاو بنێت و بگەنە چارەسەرێکی قایلکەر بۆ هەموو لایەک لەچوارچێوەی نەهێشتنی ڕەگەزپەرستی و جیاکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی دژ بە کوردانی ئەو پارچانە و پێدانی دەرفەتی زیاتر بۆ پەرەپێدانی کلتووری نەتەوایەتییان. هەروەها ئەگەر زۆرە مافی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی یاخود کۆنفیدراڵیدا بەدەستبێنن و هێندە وابەستەی حکومەتی ناوەند نەبن.

ئەم کۆمەڵە بابەتانەی لێرەدا کۆکراونەتەوە، لە بنەڕەتدا ئەو ڕاپۆرتانەن کە لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکە ئامادەکراون و لە دوو کۆنفرانسی تایبەت بە کێشەی کورد لە ساڵی ٢٠٠٥دا خوێنراونەتەوە کە لەلایەن کەرتی دیراساتی کوردی و کێشە ئیقلیمییەکانەوە سازدرابوو. کارمەندانی کەرتەکە و بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوینی پەیمانگەی دیراساتی ڕۆژهەڵاتیش بەشداربیان تێداکردووە کە سەر بە ئەکادیمیای زانستەکانی ڕووسیان، هەروەها چەند بەشێکی دیکەی زانستیی پەیمانگەکە و ژمارەیەک لە نوێنەرانی پەیمانگەی حکومیمۆسکۆ بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ و پەیمانگەی ڕۆژئاوای نزیک و ڕەوەندی کوردیش بەشداربیان تێدا کردبوو. ئامانجی سەرەکیی بەشداربووانی کۆنفرانسەکە گرنگیدان بە شرۆڤەکردنی ڕەوشەکە لە تایبەتمەندێتیی نەتەوەیی کوردستان و دیوی سیاسەتی دەرەوەی کێشەی کورد و پرسی ئیسلامی سیاسی و چەند پرسێکی دیکە بووە.

بەشی یەکەمی ئەم کۆمەڵە نووسینانە، چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت کە دەربارەی لایەنی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی کێشەی کوردن. بابەتەکەی (ئۆ. ئی. ژیگالینا) تیشك دەخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی کێشەکە و کاریگەریی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق لەسەر پارچەکانی دیکەی

دراوسێی عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا دەخاتەڕوو، هەروەها کاریگەریی هەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ناوچەکە لەسەر ئاینده‌ی سەربەخۆیی کورد و چەند پرسێکی گرنگی دیکە دیراسە دەکات.

م. س. لازارێف بابەتەکەی تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکار و پەرەسەندنەکانی ململانێ نێوخۆییەکانی کورد. ئ. ق. دۆنایێڤیش لە بابەتەکەیدا باس لە ڕۆڵی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکە دەکات. فیۆدۆروڤا بابەتەکەی تایبەت کردووە بە شرۆڤەکردنی ئامانج و ئاسۆکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە، هەرچی ئەی. کەی. لۆکۆیانۆڤیشە سیاسەتی ئیسرائیل لە هەمبەر کورد و عێراق و ئاسۆکانی هەماهەنگیی نێوانیان شرۆڤە دەکات.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە ژمارەیەک بابەت لەخۆدەگرێت کە دەربارەی شیکردنەوەی کێشەی کوردن لە باشووری کوردستان. ستیبانۆڤا کاریگەریی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان و داگیرکردنی عێراق لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق و یەکلاکردنەوەی پرسی کوردی دەرخستووە و دەستووری کاتیی عێراقی لەژێر ڕۆشنایی بەرژەوەندییەکانی کوردانی باشوور شیکردووەتەوە. هەروەها ش. مەحوی گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانی لە پەرەپێدانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەرێمی کوردستانی لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەردەخات بەتایبەتیش کاتێک باشووری کوردستان دوای کۆتاییهاتنی شەڕی کەنداوی فارس هەڵی گەشەسەندی جڤاکیی بە چاودێریی ئەمەریکا و هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی بۆ ڕەخسا. ن. ز. مۆساکی وەک بڵێی بەدواداچوون بۆ بابەتەکەی پێشوو بکات، لە ڕۆڵی سیاسیی زانکۆکانی باشووری کوردستان دەکۆڵێتەوە و تۆژینەوەکەی بە چەند بابەتێکی هەموجۆری ڕیالیستی دەوڵەمەند کردووە. گ. ئ. ستارتشینکۆڤ لە بابەتەکەیدا باس لە ئەنجامە ئەرێنییەکانی بەشداریکردنی کوردی باشوور دەکات لە پرۆسەی سیاسیی عێراقی نوێدا و بایەخی ئەو بەشداریکردنەش بۆ کوردی باکوور دەخاتەڕوو کە کێشەی چارەسەرنەکردنی پرسی کوردیان لە تورکیادا هەیە. دواجار ف. بەدرخان تیشک دەخاتە سەر چەند ماددەیەکی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییان بە کوردی باشوور هەیە.

بابەتەکانی بەشی سێیەمی ئەم کتێبە تایبەتکراون بە تایبەتمەندێتییەکانی پرسی کورد لە هەریەک لە سووریا، تورکیا و ئێران.

س. ب. درۆزیلۆڤیسکی لە بابەتێکیدا باس لە کاریگەریی قەیرانەکانی عێراق لەسەر کێشەی کوردی باکوور دەکات. ڤێرتیاییڤ لە کێشەی کوردی باکووری کوردستان لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی سەرکردەکانی تورکیا دەکۆڵێتەوە. ن. ز. مۆسکیش ڕۆڵی تورکمانەکانی عێراق دەکات لە کارلێکی هێزە سیاسییە جیاوازەکانی باشوور و باکووری کوردستان. ئۆڵگا ژیگالیناش لە بابەتەکەیدا هەڵوێستی محافزکارانی نوێی ئێران سەبارەت بە کێشەی کورد لە دوای هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بە سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخاتەڕوو.

خەسڵەتی بابەتەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئەو بایەخانەن کە جەختیان لەسەرکراوەتەوە و نووسیارانیان نوێترین ئاراستە و ئەو پرۆسانەی پێوەستن بە ڕەوشی ناوچەکانی کوردان شرۆڤە دەکەن، ئەم بابەتانە کە بە شێوازێکی نوێ خراونەتەڕوو، چەندین لایەنی بنەڕەتیی کێشەی کورد لیکدەدەنەوە و ئاماژە بۆ چەند خاڵێک دەکەن کە تاوەکو ئێستا بە دروستی دیراسە نەکراون و دواجار دەروازە بۆ چەندین تۆژینەوەی زانستی والّادەکات.

پرۆفیسۆر ف. یا. بیلۆکرینیتسکی

دکتۆرا لە زانستە مێژوونییەکان - سەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین

کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای ئاسیا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا

ئۆڵگا ئیڤانۆڤنا ژیگالینا

کوردستان: ئەو ناوچانەی ڕۆژئاوای ئاسیایە کە لە نێوان عێراق، ئێران، تورکیا و سووریا دابەشکراون، دراوسێی قەوقاز و دەروازەی ئاسیای ناوین و ڕووسیایە، کوردی هەر چوار پارچەکە لەسەر سنووری ئەو وڵاتانەدا دەژین و دراوسێی یەکدین.

ئەگەر پێکهاتەی ئیقلیمیی کوردستان بە دیدگەیەکی جیۆسیاسیانە ڕەچاو بکەین لەگەڵ ڕەچاوکردنی فاکتەرە سروشتییەکان، چڕیی دانیشتوان، ڕادەی پێشکەوتنی شارەکان بە گشتی وەکو ناوەندێکی نوێبوونەوەی ژیان، ئاستی پەرەسەندنی پیشەسازی و ڕەوشی کشتوکاڵ بۆمان دەردەکەوێت پێشکەوتووترینیان کە بکارێن ببنە چەق و ناوەندی کوردستان، کوردستانی باشوور و کوردستانی باکووڕە، کەچی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی ڕۆژئاوا کەمتر لە پارچەکانی دیکە پەرەیان سەندووە و لەگەڵ کارایی جیۆسیاسیدا ناگونجێن ببنە چەقی کوردستان، بەڵکو ناوچەی پەراوێزخراون دەکەونە سەر چێوەی بازنەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فەزای ناوەندەش کراوەتە دوو بەشەوە و یەکگرتنەوەیان تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە بایەخدارە، چونکە هەر پارچەیەک لەو دوو چەقە ناوەندە هاوشێوەی یەکدی نین و هەریەکەیان خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەیە.

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیست و لە گەرمەی شەڕی کەنداوی فارسی، باشووری کوردستان بووە پێگەی بایەخدانێکی زۆر لەلایەن ئەمەریکاوە کە بەنیازبوو لە ئایندەدا نەتەوەی کورد بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناویندا بەکاربێنێ. بۆیە لە دوای تەواو بوونی شەڕەکە، کوردی باشوور سەربەخۆییەکی ڕاستەقینەیان لە باشووری کوردستاندا وەرگرت کە لە لایەنی سەربازییەوە لە ژێر چاودێریی ناتۆدا بوو. ئەم پارچەیەشیان لە دوو زۆنی سەرەکی پێکدێت و زۆنێکیان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی تێیدا بااڵدەست بوو، زۆنەکەی

دیکەشیان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بەڕێوەدەچوو.

کوردی باشوور ئەنجوومەنەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنیان پێکهێنا و دەستیان بە دامەزراندنی دامەزراوەکانی دیموکراسییەت کرد. لە مەودای (١٣) ساڵی سەربەخۆییدا، کوردی باشوور سەرکەوتنێکی باڵایان لە کایەی سیاسی و ئابووریدا بەدەستهێنا کە لە بنەڕەتدا هۆکاری ئەو پێشکەوتنانە دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی (نەوت بەرانبەر خۆراک).

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، باشووری کوردستان بووە ناوەندێکی جیۆسیاسیی هەرە پێشکەوتوو بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوور. لەگەڵ ئەوەشدا کە باکووری کوردستان چ لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و چ لە ڕووی ڕووبەری خاکەکەی، لە باشووری کوردستان گەورەتر، بەڵام لەم دواییەدا چالاکیی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لەوێ لە داکشاندا بووە. وێڕای ئەم هەلومەرجانە، سەربەخۆیی کوردی باشوور پێویستی بە هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو دەبێت بەجۆرێک ڕێگە بە ئەمەریکا بدات بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بە بیانووی لەناودانی تیرۆر و ڕژێمە تۆتالیتارییەکان و لەناوبردنی چەکی کۆمەڵکوژی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە بەکاربهێنێت. بۆیە ئەمەریکا باشووری کوردستانی وەکو قوڵابێکی ستراتیژی لە شەڕی دژ بە ڕژێمی سەدام حوسێن و ئیسلامی ڕادیکالیزمدا بەکارهێنا، هێرشی هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمەریکی- بەریتانی لە بەهاری ٢٠٠٣دا هیوایەکی بە کوردی باشوور بەخشی لە چارەسەرکردنی کێشەکەیان، بۆیە نەک هەر پشتیوانی لە هێرشی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان دژی عێراق بکەن و بەس، بگرە تەواوی خاکی کوردستان و سەرجەم هەماهەنگییە لۆجستییەکانیشیان خستە بەردەست ئەو هێزە هێرشبەرانە. یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا دەیانخاتە پێش پرسی هەڵبژاردنی شێوەی ژێرخانی (ئیقلیمی - سیاسی)ی دەوڵەت.

دوابەدوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی کوردی باشوور لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بەدەستیان هێنا کە بە یەکەمین هەڵبژاردنی دیموکراسییانەی پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن هەژمار دەکرێت سەرکردەکانی کورد

بەرنامەی سیاسیی خۆیان خستەڕوو، لەمبارەیەوە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: کوردی باشوور، عێراقی نوێ بە قەوارەیەکی فیدراڵی و دیموکراسی و فرەیی دەبینێ. کورد دەخوازێت دەسەڵاتی نێوان ئیدارەی مەرکەزی لە بەغدا و سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت و بەڕای ئەوان پێویستە دەسەڵاتەکانی ناوەند لە پرسی بەرگریی نیشتمانی و پارەدارکردن و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا سنووردار بکرێت و سەرجەم پرسە ئیداریەکانی دیکە بە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، هەروەها گەرەنتیی سەربەخۆیی باشووریان دەویست و کەرکووکیش بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێن. هەروەها کورد کاری بۆ ئەوە دەکرد، بەغدا دەست لە کاروباری دارایی هەرێمی کوردستان وەرنەدات و پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆیان بکەن و سەرپشک بکرێن لە بەشداریکردن لە ناوەندەکانی بڕیار، هەرچەندە حکومەتی فیدراڵ سیاسەتی نەختینە جێبەجێ دەکات، ناتوانێت کەمکردنەوەی باج لە کوردستان بەبێ پەسەندکردنی حکومەتی هەرێم زیاد بکات، بۆیە کورد مکوڕ بوو لەسەر دیاریکردنی جوداکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و ناوەند لە دەستووری هەمیشەیی وڵاتدا کە بڕیاربوو لە ناوەڕاستی ئابی ٢٠٠٥دا ئامادە بکرێت.

عێراق دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و ئاینییە و مسوڵمانەکانی لە پێڕەوانی ڕەوتە جیاوازەکان، کەچی باشووری کوردستان لە پێوەندییە گشتییەکاندا بە عیلمانییەت دەناسرێتەوە، بۆیە ئیدارەی ئەمەریکی لە عێراقدا پێویستی بە پەرەپێدانی چەمکێکی نوێ دەبوو بۆ هەیکەلی دەوڵەت کە بکارێت بە شێوەیەکی ئەرێنی دامەزراوە سیاسییە عەلمانی و ئیسلامییەکان بۆ پێوەندییە گشتییەکان بەیەکەوە کۆبکاتەوە. هەروەها سەرکردەکانی باشووری کوردستان داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێیان لەسەر بنەمای فیدراڵی کرد و خواستەکەیان بە ڕێگەچارەیەکی ڕاستەقینەی کێشەی کورد دانا کە هەم پارێزگاریی لەو سەربەخۆییە دەکرد کە پێشتر بەدەستیان هێنابوو، هەمیش زامنکردنی چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵییەتە لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا.

سەربەخۆیی کورد لە عێراقێکی فیدراڵدا:

فیدراڵیزم چەمکێکی نامۆ و نوێ نییە بۆ عێراق، چونکە پێش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئەو بەشەی دواتر ناونرا دەوڵەتی عێراق لە سێ هەرێم (ویلایەت)ی عوسمانی پێکهاتبوو، ویلایەتی مووسڵ لە باکوور، ویلایەتی بەغدا لە ناوەڕاست و ویلایەتی بەسرە لە باشووری عێراق. لە دوای ڕاگەیاندنی سیستەمی پاشایەتی لە ساڵی (١٩٢١)یشدا پێکهاتەی یاخود سنووری کۆتایی دەوڵەتی عێراق مشتومڕێکی زۆری لەسەر بوو، کۆماری تورکیا کە تازە ڕاگەیەنرابوو داوای ویلایەتی مووسڵی لە عێراق دەکرد، تاوەکو لە ساڵی ١٩٢٥ کێشە لە کۆمەڵەی گەلان لە بەرژەوەندیی عێراق یەکلایی کرایەوە و ویلایەتی مووسڵ بە چەند مەرجێک خرایە سەر نەخشەی دەوڵەتی عێراق، مەرجەکانیش بریتی بوون لەوەی کورد سەربەخۆییەکی ئیداریی لەوێدا هەبێت، واتا مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و دادگەکان پێبدرێت و کوردی ئەوێ لە پۆستی ئیداری داببەزرێن، لە ئاستی نێوخۆشدا دان بە زمانی کوردیدا بنرێت و بە زمانی فەرمی بناسرێت[١].

لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم، بەهۆی خراپبوونی ڕەوشی کوردان لە ڕۆژئاوای کوردستاندا و لەچوارچێوەی شۆڕشەکەی ئێرانی ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ جارێکی دیکە چەمکی فیدراڵیزم لە ڕۆژئاوای ئاسیا هاتەوە ئارا و لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بووە باس و خواسێکی گەرمی ئەو سەردەمە. ئەوکاتیش عەبدولڕەحمان قاسملۆ، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران (DPIK) بزوێنەری سەرەکیی چەمکی سەربەخۆیی بوو بۆ کوردان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا. قاسملۆ ماوەیەکی زۆری لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئەورووپای ڕۆژئاوادا بەسەربردبوو، بنەما سەرەکییەکانی سەربەخۆیی سیاسیی بۆ کوردی ڕۆژئاوا داڕشتبوو و لە بەڵگەنامەیەکدا بەناونیشانی (سەربەخۆیی ئیقلیمی بۆ کوردستان) تۆماری کردبوو کە لە ٢٨ی ئاداری ١٩٧٩ بۆ ئیمام خومەینی نێردرابوو.

لە بەڵگەنامەکەدا داوای سەربەخۆیی سیاسی کرابوو بۆ کوردی ڕۆژهەڵات و مافی یاسادانانی تایبەت بەخۆیان و دەزگای جێبەجێکردنیان هەبێت کە بەرپرس

بـن لـە کاروبـاری ئابـووری، کارگێـڕی و ڕۆشـنبیری، هـاوکات داوای ئـەوەش کرابـوو پێویسـتە تـەواوی ئـەو ناوچانـەی کـوردی ڕۆژهەڵاتیـان تێـدا نیشـتەجێن بکرێتـە قەوارەیەکـی سـەربەخۆ لـە چوارچێـوەی ئێرانێکـی فیدراڵـدا. هەروەهـا سـنووری ئیـداری و جوگرافیـای ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی تێـدا دیاریکرابـوو کـە بەپێـی زانیاریـیە مێژوویـی و جوگرافیاییـەکان داڕێژرابـوو و سـنووری دەسـەڵاتی ناوەنـد (حکومەتـی فیدراڵـی) و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی تێـدا دیاریکرابـوو. سـەرجەم کاروبـارە نێوخۆییـەکان، بـە کێشـە ئەمنییەکانیشـەوە بەپێـی بەڵگەنامەکـە پێویسـت بـوو لەژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتدارانی کـوردد بـن، سیاسـەتی دەرەوە و کاروبـاری دارایـی و بەرگریـش بـۆ دەسـەڵاتدارانی ناوەنـد بەجێهێڵرابوو[٢].بـە شـێوەیەکی گشـتی بۆچوونەکانـی قاسـملۆ لەمـەڕ چەمکـی فیدراڵیـزم هاوتـای مۆدێلـە ناسیۆنالیسـتییە ئیقلیمییەکەیـە بـۆ هەیکەلـی دەوڵـەت کـە مۆدێلێکـی نموونەیـی بـوو بـۆ فیدراڵیزمـی کۆمـارە سۆسیالیسـتەکانی یەکێتیـی سـۆڤیەت و چیکۆسـلۆڤاکیا (کـە قاسـملۆ لـەوێ خوێندوویەتـی و ماوەیەکـی زۆر تێیـدا ژیـاوە). فیدراڵییەتـی نەتەوەیـی ئیقلیمـی بـە ڕەچاوکردنـی تایبەتمەندێتیـی زمـان و نەتـەوە بنیـات دەنرێـت. ئیـمام خومەینـی، پرۆژەکـەی قاسـملۆی بـە تووندی ڕەت کـردەوە و بـە هیـچ جۆرێـک ئـەم جـۆرە فۆرمـەی قبـووڵ نەبـوو، چونکـە ئـەم بۆچوونانـەی قاسـملۆ سـەبارەت بـە پێکهاتـەی دەوڵـەت لەگـەڵ تیۆرییەکـەی ئیـمام خومەینیـدا یەکینەدەگرتـەوە و ئـەو داوای دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی دەکـرد کـە لەسـەر بنەمـای ئیسـلامی شـیعیدا دامەزرابێـت و بنەمـای (ویلایەتـی فەقیـە)ی تێـدا ڕەچـاو کرابێـت. بەپێـی تیۆریـی دەوڵەتـی خومەینـی و بەهـۆی ئایینـی یەکگرتـووی ئێرانییـەکان، فرەنەتەوەیـی لەنێـو دانیشـتوانە موسـوڵمانەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا بـە تـەواوی پشـتگوێ خـرا، بۆیـە تەنیـا مافـی سـەربەخۆییەکی ئیداریـی سـنووردار و مافـە کلتووریەکانـی بـە کـوردی ڕۆژهـەڵات بەخشـی.

قاسـملۆ لەوبڕوایـەدا بـوو کێشـەی فۆرمـی دەوڵـەت بـە داڕشـتنی دەسـتوورێکی نـوێ بـۆ ئێرانـی پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی شـا چارەسـەردەکرێت و ئێـران دەبێتـە دەوڵەتێکـی فیدراڵیـی دەسـتووری، کەچـی لـە ڕاپرسـیدا گەلانـی ئێـران دەنگیـان بـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران دا [٣].

هەرچەندە عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە چەسپاندنی چەمکی فیدراڵیزم و سەربەخۆیی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیزمدا سەرنەکەوت، بەڵام دواتر نەک هەر لەنێو بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بگرە لە باشووری کوردستانی دراوسێشدا چەمکی فیدراڵیزم خرایە نێو بەرنامەی سیاسی و لە پێناودا خەباتی بۆکرا.

دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، کوردی باشوور خواستی دامەزراندنی فۆرمێکی فیدراڵی بۆ ژێرخانی ئیقلیمیی سیاسی لە عێراقی نوێدا خستەڕوو و داوای قەوارەیەکی فیدراڵییان بۆ باشووری کوردستان کرد. دوای سەرنەکەوتنی ئیدارەی ئەمەریکی لە خوڵقاندنی چەمکێکی بنەڕەتی بۆ عێراقی نوێ کە بتوانێت ئیسلام و ناسیۆنالیستی بەیەکەوە کۆبکاتەوە. ئەمەریکا لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێن فۆرمێک لە فۆرمەکانی پێکهاتەی ئیقلیمی و سیاسیی تایبەت بە ئەمەریکای گرتەبەر و بڕیاربوو عێراقێکی فیدراڵ دابمەزرێنێت و لە دەستووردا بیچەسپێنێت. پێویستە ئەم دەوڵەتە فیدڕاڵە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی دابمەزرێت و ئەم پرسە لەنێوەندە گشتی و سیاسییەکاندا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، نوێنەرانی کورد پڕۆژەی جیاوازیان بۆ سەربەخۆیی کورد و فیدراڵییەتی عێراق گەیاندە ئەمریکییەکان، لەنێو ئەو بۆچوونە جیاوازانەی پرسەکەدا هەڵوێست و پڕۆژەکەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەهۆی هاوسەنگی و بۆچوونە لۆژیکییەکانییەوە لە هەموویان دیارتربوو.

کوردی باشوور ململانێیان لەپێناو عێراقێکی فیدراڵدا بوو کە لەسەر بنەمای سەربەخۆیی دامەزرابێت، هەوڵیان دەدا پارێزگاری لەو دەستکەوتانە بکەن کە لە ماوەی (١٣) ساڵی سەربەخۆییدا لە هەرێمی کوردستان هاتوونەتە دی، ئینجالە دەستووری کاتی و دواجاریش لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی نوێدا بیچەسپێنن واتا بانگەشەی دابڕشتنی دەستووریکی فیدراڵییان دەکرد. لەمبارەیەوە (ساقی بارزانی) کە شرۆڤەکارێکی سیاسیی کوردە دەنووسێت: "هەڵبەت سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان پێشکەشکردنی مۆدێلێکە بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی باشووری کوردستان لە دوای ڕووخانی سەدام حوسێن لەسەر بنەمای هەیکەلی فیدراڵییەت لەو پارێزگایانەی پێشتر سەربەخۆ بوونە و حکومەتێکی مەرکەزیی لاواز سەرپەرشتیی دەکات کە لە

بەغـدا پرسـی بەرگـری، سیاسـەتی دەرەوە، سـەرچاوە نەوتییـەکان و ژێرخانـی نیشـتمانیی کۆنتـرۆڵ دەکات" لـە کاتێکـدا هێندێـک لـە سیاسـەتوانانی کـورد بـاس لـەو فیدراڵییەتـە دەکـەن کـە عێـراق دابـەش دەکاتـە سـەر سـێ هەرێـم، هەرێمێـک بـۆ عەرەبـی شـیعە، هەرێمێـک بـۆ عەرەبـی سـوننە و هەرێمێکیـش بـۆ کـورد. ئـەم جـۆرە دابەشـکردنەش لـە بەرژەوەندیـی زۆربـەی حزبـە سیاسـییەکانی عێراقدایـە. هەروەهـا باقـی بارزانـی دەڵێـت: " ئـەو فیدراڵیزمـەی لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی دامـەزراوە، بـە شـێوەیەکی دروسـتتر لـەو فیدراڵیزمـەی لەسـەر بنەمـای ئیداریـە سـەقامگیریی لـە عێراقـی پـاش سـەدامدا زامـن دەکات. بـە کورتـی فیدراڵیـزم بەمانـای ئـەو سیسـتەمە دێـت کـە دەسـەڵاتەکان لەنێـوان حکومەتـی فیـدراڵ و هەرێمەکانـدا دابەشـکراون و هەرێمەکانیـش دەسـەڵاتی سـەربەخۆی دەسـتووریی خۆیـان لـە یاسـادانانداا بـۆ فەراهـەم کـراوە"[٤].

سیاسـەتوانانی کـوردی باشـوور جەختیـان لـەوە کردووەتـەوە کـە لـە ڕەوشـی جیۆسیاسـییە نوێیەکـەدا پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق بـە گونجـاو بزانـن و پابەندبـن بـە پرەنسـیپی یەکێتیـی ئارەزوومەندانـەی گـەلان لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی فرەنەتـەوەدا، بـە مەرجێـک هەلـی یەکسـانیان لـە گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتـی، سیاسـی و کلتوورییـان لەسـەر بنەمـای دیموکراسـییەت بـۆ مسـۆگەر بکـەن. قوبـاد تاڵەبانـی، نوێنـەری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە واشـنتۆن دەڵـێ: «فیدراڵیـزم گەرەنتیـی دیموکراسـییەتی عێراقـە و میکانیزمێکـی بنەڕەتییـە بـۆ ڕێگریکـردن لـە سـەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتێکـی نـوێ»[٥].

لـەو سـەروبەندە و لـە هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـەی سـاڵی (٢٠٠٥)دا کـە لـە ٣٠ی کانوونـی دووەمـی ئـەو سـاڵەدا ئەنجامـدرا، زۆرینـەی کـوردی باشـوور دەنگیـان بـۆ سـەربەخۆیی دا، واتـا جیابوونـەوە لـە عێـراق لـە چەنـد هەلومەرجێکـی تایبەتـدا. هـاوکات کـورد پشـتگیرییان لـە فیدراڵیـزم، ئـاڵای کوردسـتان، پێشـمەگە و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـرد.

دەسـتووری کاتیـی عێـراق کـە لـە ئـاداری ٢٠٠٤ بـووە بەرنامـەی کاری حکومەتـی عێراقـی نـوێ، تایبەتمەندییەکـی بـە باشـووری کوردسـتان بەخشـی و خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان چالاکانـە لـە ناوەندەکانـی بڕیـار و هەیکەلـی سیاسـیی حکومەتـی فیدراڵـدا

بەشداربوون. لەو هەڵبژاردنەدا کورد (٧٥) کورسیی پەرلەمانی لە کۆی (٢٧٥) کورسیدا بەدەستهێنا. یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیش (٦٠) هەزار دەنگی بۆ خۆی کۆکردەوە کە ئەوکات بەشی (٢) کورسیی دەکرد و کۆی حزبە کوردستانییەکان بوونە خاوەن (٧٧) کورسی، ئینجا جەلال تاڵەبانی بە سەرکۆماری عێراق هەڵبژێردرا. ئەنجامە ئەرێنییەکانی ئەم هەڵبژاردنە پێگەی کوردی لە پەرلەمانی نوێی عێراقدا قایمکرد و جێگری سەرۆک پەرلەمان، جێگری سەرۆک وەزیران و هەشت وەزارەتی سەرەکییان بۆ کوردی باشوور مسۆگەر کرد. لە هەمان کاتدا بە ڕوونی دیاربوو ئەمریکییەکان هیوایان دەخواست سیاسەتوانانی باشووری کوردستان وەکو ڕێکخەرێکی سیاسی لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ناسیۆنالیستە عەرەبەکان و شیعەدا بەکاربهێنێ، ئەوان بە بیانووی هەبوونی ئەم شێوازی حوکمە لەپێش ڕووخانی سەدام پشتگیرییان لە فیدراڵیزم دەکرد، بۆئەوونە ئەو سەربەخۆییەی هەرێمی کوردستان کە ناوچەیەکی هاوتا لەڕووی ئیتنی، عیلمانی و تەقلیدییەکی چوارچێوەی ڕەوانەیە.

لە هاوینی ٢٠٠٥ و دروست لە مانگی حوزەیران بە دروشمی خەباتکردن لەپێناو چەسپاندنی فیدراڵی بۆ کوردی باشوور لە دەستووری عێراق و یەکگرتنی سیاسیی هەرێم ، مەسعود بارزانی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆک وەزیران هەڵبژێردران، پێش ئەم هەڵبژاردنانە چەندین گەڕی دانوستاندن لەنێوان بارزانی و تاڵەبانیدا ئەنجامدرا سەبارەت بە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. کەس لە دژی هەڵبژاردنی مەسعود بارزانی نەبوو، مشتومڕەکە دەربارەی دەسەڵاتەکانی بوو. پارتی دیموکراتی کوردستان دەیویست سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێکی فرەوانی هەبێت و ڕاستەوخۆ لەنێو خەڵکدا بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێت، لەکاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی سەرۆکی هەرێم هاوشێوەی سەرکۆمارپێویستە لەنێو پەرلەماندا هەڵبژێردرێت و ماوەی سەرۆکایەتییەکەی هەشت مانگ بێت، پاشان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا بۆ ماوەی چوار ساڵ دڕێژبکرێتەوە کە بڕیاربوو لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا ئەنجام بدرێت. جەلال تاڵەبانی پشتیوانییەکی

سەرسەختانەی لە داهێنانی پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکرد، بەڵام مەسعود بارزانی لەگەڵ ئەم بیرۆکەدا نەبوو لە ئاکامدا بۆچوونەکەی بارزانی چەسپێنرا و ئەوەی ویستی بەدەستیهێنا.

لە ١٥ی تشرینی یەکەم ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق درا و لە ئەنجامدا ڕێژەی دەنگی پێویستی بەدەستهێنا و فیدراڵیزم کرایە بنەمای بەڕێوەبردنی دەوڵەت. ئەمەش لە ڕێگەی پێوەندیی سیاسیی کوردی باشوور لەگەڵ ئەو عەرەبە شیعانەی لایەنگرانی ڕەوتە ئایینییەکەی (قوم) نەبوون، کەچی یاسای گشتیی بەشێوازێک داڕێژرا کە بابەتەکانی نێو دەستووری عێراق سەروەریی نەبێت و مافی چارەی خۆنووسین- مافی جودابوونەوە (جودابوونەوە لە دەوڵەتی فیدراڵ) نەگرێتەوە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەبێتەوە کە ئیدارەی ئەمەریکا هێندە پەرۆشی پەرەسەندنی پرۆسە سیاسییەکانی عێراق نەبوو کە بە ئاڕاستەیەک بێت وەها لە کوردی باشوور بکات سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبێنن.

بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق بەپێی سیناریۆ ئەمەریکییەکە بەڕێوەدەچوو و فیدراڵیزم بووە بنەمای بەڕێوەبردنی وڵات و هەیکەلی یاسایی عێراقی نوێ. هاوکات چەندین پرسی گرنگ بۆ کاتێکی تر دواخرا کە دیاریکردنی سنووری جوگرافیای هەرێمی کوردستان یەکێک بوو لە پرسە گرنگەکان بۆ کوردی باشوور و سەرجەم ناوچە کوردنشینەکانی دەوروبەری مووسڵ، شەنگال و خانەقینی دەگرتەوە. هەروەها دەبووایە کێشەی کەرکووکیش چارەسەر بکرایە کە بە کێشەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە نەوتییەکەیەوە گرێدرابوو، ئەمانە و چەندین پرسی دیکەی چارەنووسساز کە دەبووایە لەکاتی خۆیدا چارەسەر کرابان. ئەمەریکا تەنیا لە دیدگەی سیاسەتی دەرەوەیدا دەڕوانێتە کێشەی کەرکووک و هێندە پەرۆشی ڕێگەچارەیەکی سیاسییانە نییە بۆ شارەکە و بە شتی دیکەوە ئاڵاوە، بۆنموونە لە فەرمانگەکانی کاری ئەمەریکا تەنیا گەنگەشەی کێشەی چۆنیەتیی پەرەپێدانی بیرە نەوتەکانی ئێستا و میکانیزمی پەرەپێدانی سەرچاوە نوێیەکانی نەوت دەکەن.

فاکتەری کورد لە سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە:

پێوەندییەکانی ئەمەریکا و کورد لەسەر بنەمای ڕێساکانی گەمە گەورەکەدا بنیاتنراوە، ئەوان دەخوازن کورد وەکو فاکتەرێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناویندا بەکاربهێنن. کۆششی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆئەوەیە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و ڕژێمە نەخوازراوەکانیش بڕووخێنێ، هەروەها ئایدیۆلۆژیای ئیسلام لە دەوڵەتە ئیسلامییەکان داماڵێنێ. یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لەم بەشەی ناوچەکەدا، دەرکردنی ڕکابەرە داگیرکارەکان و ئارەزووی کۆنترۆڵکردنی پێوەندییە ئابووریە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانە. چوارچێوەی جوگرافیایی بۆ ئەم سیاسەتانە داڕێژراون و ئەو کێشانەشیان ڕەچاوکردووە کە دێنە ڕێیان لە تێگەیشتنی کلتووری و شارستانیی جیهانی ئیسلام و تەشەنەکردنی بیری لیبڕالیزمی ڕۆژئاوایی لە ناوچەکە. کورد یەکێکە لەو فاکتەرە سەرەکییانەی وا لە واشنتۆن دەکات بەخواستی خۆی مانۆڕ بکات لەنێوان هێزە سیاسیە نەیارەکان و ئەوانەی هاوسۆزین. ئەو هۆکارانەی پتر ئەمەریکا هاندەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەی، هەبوونی هێزی پێشمەرگەیە لە باشووری کوردستان و سرووشتی عەلمانییەتی هەرێمی کوردستانە لە دەوروبەرێکی ئیسلامیدا.

مۆدێلی بەڕێوەبردنی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای فیدراڵیزم بنیاتنراوە و بەرژەوەندیی زۆرینەی عێراقییەکانی تێدا ڕەچاوکراوە، بۆیە پێویست ناکات سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق ئیسلامی بێت، ئەمەش ڕێک لەگەڵ خواستەکانی کورددا دەگونجێت. لەچوارچێوەی سەردانی گۆندالیزا ڕایزی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ئایاری ٢٠٠٥ بۆ عێراق و دیداری لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی، پێداگری کرد لەوەی کەوا ئەمەریکا دەخوازێت ئەو پێوەندییە دۆستانەیەی نێوان ئەمەریکا و کورد پەرەبسێنێت و دەمانەوێت لەچوارچێوەی ئەو پێوەندییانەوە عێراقێکی یەکگرتووی دیموکراسی فیدراڵی بێتەئاراوە. هەروەها جەختی کردەوە کە هەرێمی کوردستان دەبووژێننەوە و چەندین پڕۆژەی پەرەپێدانی ئابووری دەکەنەوە و بایەخ بە ژێرخانی باشووری کوردستان دەدەن.

کۆندالیـزا ڕایـز بـە مەبەسـت ئامـاژەی بـۆ ئـەوەش کـرد کـە ئەمەریـکا بەنیـازە پـەرە بـە توانـا ئەمنییەکانـی خـۆی لـە ناوچەکـە بـدات و بانگەشـەی دەکـرد کـە ئـەم ڕێوشـوێنانە لـە بەرژەوەندیـی تـەواوی عێراقـە و سـەرکردەکانی باشـووری کوردسـتان بەشـداریی لـەم پرۆسـەیەدا دەکـەن، بۆیەهـەردوو فرۆکەخانـەی نێودەوڵەتیـی هەولێـر و سـلێمانییان کـردەوە و مەشـق بـە هێـزە چەکدارەکانـی هەرێمـی کوردسـتان دەکـەن ... هتـد هەمـوو ئەمانەیـان لەپێنـاو بەردەوامبوونیانـە لەسـەر پـڕۆژەی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـی گـەورە لـە سـووریا و ئێـران. لەلایەکـی دیکـەوە ئـەو ئەمەریکاییانـەی هەوڵـی بنیاتنانـی سیسـتەمی بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت لـە عێراقـی نوێـدا دەدەن لەسـەر بنەمـای دیموکراسـییەت، هـەر خۆیـان پرسـی فیدراڵیزمـی هەرێمـی کوردستانیشـیان لـەلا گرنگـە.

پەرەپێدانـی ئابووریـی باشـووری کوردسـتان یەکێکـە لـە پێشـینەکان، کاری ئەمریکییـەکان و ئـەم پرسـە لـە لێدوانـی چەندیـن بەرپرسـی سـوپای ئەمەریـکا و فەرمانگەکانـی کاری ئەوروپاییـەکان ڕەنگیداوەتـەوە، بـۆ نموونـە ژمارەیەکیـان، عێراقیـان بـە پێگەکەیەکـی زۆر گونجـاو دانـاوە بـۆ گواسـتنەوەی مۆدێلـی دیموکراسـییەتی ڕۆژئـاوا. هەروەهـا ئـەوان لەوبـاوەڕەدان ئەمەریـکا و هاوپەیمانـان ڕزگارکـەری تـەواوی گەلانـی عێراقـن، بەتایبەتیـش کـوردی سـتەمدیدە کـە خەونیـان بـە ئازادیـی سەرتاسـەریی عێـراق و ڕووخانـی سـەدام حوسـێنی دیکتاتـۆر دەبینـی، بـە پرۆسـەی ئازادکردنـی عێـراق لایەنگرانـی ئەمەریـکا زیـاد دەکات و بەلانـی کـەم بنکـە سـەربازییەکانی ئەمەریـکا (٥٠) سـاڵ لـەوێ دەمێننـەوە[٦].

جـا لەبەرئـەوەی دیموکراتیزەکردنـی عێـراق بووەتـە دیفاکتۆیـەک و بەهۆیـەوە دەکـرێ بەبـێ هیـچ جـۆرە ڕێگرییـەک پـەرە بـە کەرتـی بازرگانیـی وڵات بدرێـت و کۆمپانیـاکان بەربەسـتەکانی بـەردەم بازرگانـی کەمبکەنـەوە، دواجـار کار بـۆ چەسـپاندنی بیرۆکـەی ئابووریـی ئـازاد بکـەن. ئـەم ڕەوشـە بەسـەر ناوچـە جیاوازەکانـی عێـراق بـە گشـتی و ئـەو ناوچانـەی بەروبوومـی کشـتوکاڵییان زۆرە، جێبەجـێ دەکرێـت. سـتراتیژییەتی ئابـووری بـە بەکارهێنانـی تەکنیکـی نـوێ و فەرمانبەرانـی ئیداریـی شـارەزا و لێهاتـوو، ڕاکێشـانی سـەرمایە و وەبەرهێنانێکـی گـەورە دەخوازێـت، بـە ڕای ئەمریکییـەکان پەرەپێدانـی ئابووریـی باشـووری کوردسـتان، تـا ڕادەیەکـی زۆر پشـت

بـە مـەودای سـەرکەوتنی فەرمانگـەکانی هەرێمـی کوردسـتان دەبەسـتێت لـە خواسـتن و سـوود وەرگرتـن لـە تەکنیـک و شـارەزایی بەڕێوەبردنـی ئەوروپایـی. ئەمریکییـەکان ڕێگەیـان بـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان نیشـانداوە تیمێکـی کاری کاتیـی هاوبەشـی (کـوردی- ئەوروپایـی) پێکبهێنـن بـۆ پەرەپێدانـی پـڕۆژەی گەشـەپێدانی دارایـی و ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان، جەخـت لەسـەر مۆدێلـی ئەوروپایـی بکەنـەوە وەک بابەتێـک بـۆ فیدراڵیزمەکـە و پێشـنیازیان کـردووە سـەنتەرێکی کوردسـتانی بـۆ گەیاندنـی نـرخ و خزمەتگوزاریـی کڕیـاران و زیادکردنـی ڕەواجـی کاڵاکان لـە ئەوروپـا دابمەزرێنـن، هەروەهـا بانگەشـە بـۆ بووژانـەوەی ئابووریـی ناوچـەی کەرکووکیـش بکرێـت کـە دەبـوو بخرێتـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان.

ئـەم بۆچوونـە لەگـەڵ بۆچوونـی چەنـد نێوەندێکـی سـەربازی- سیاسـیدا یەکدەگرێتـەوە و لـەو بـاوەڕەدان پێویسـتە نـەک هـەر بەرهەمهێنـان و پاڵاوتنـی نـەوت لـە هەرێمـی کوردسـتان ببووژێنرێتـەوە، بگـرە دەبـێ ڕێـژەی بەرهەمهێنـان بـە ڕادەیەکـی بەرچـاو زیـاد بکرێـت، چونکـە بارودۆخەکـە بـۆ ئـەم پرسـە لەبـارە و هێشـتا ژمارەیـەک چاڵگـە نەوتییەکانـی ناوچەکـە پـەرەی پێنـەدراوە و لەسـەر بـارە کۆنەکانـی خۆیـان ماونەتـەوە. بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە حکومـەت چـۆن پـڕۆژەدۆلار دابـەش دەکات! هەروەهـا بۆچوونـی ئـەوان وایـە پێویسـتە پشـتگیری لـە خواسـتەکانی کـورد بکرێـت لـە وەدەسـتهێنانی سـەربەخۆییدا، چونکـە باشـووری کوردسـتان بایەخێکـی گرنگـی بـۆ ئەمریکییـەکان هەیـە و ڕێـک هاوشـێوەی فلیپینـە کـە کراوەتـە بنکەیەکـی سـەربازی بـۆ ئەمریکییـەکان لـە زەریـای هێمنـدا. بۆیـە ئـەوان لـەو بڕوایـەدان باشـووری کوردسـتانیش هەمـان ڕۆڵـی فلیپیـن بگێڕێـت لـە ڕۆژهەڵاتـی وڵاتانـی عەرەبـدا. لەمبارەیـەوە جەنـەڕاڵ (جـای مۆنتیگامـری گارنـەر) دووپاتـی دەکاتـەوە باشـووری کوردسـتان چەقـی ڕۆشـنایی ئابـووری و دیموکراسـییەتە و پێویسـتە سـەرجەم هەلومەرجـە ئابـووری، سیاسـی، سـەربازییەکان و شـتگەلی دیکـە بـۆ کـوردی باشـوور فەراهـەم بکرێـت لەپێنـاو بەردەوامبوونـی پشـتگیریی ئـەوان بـۆ ئێمـە. بەپێـی لێدوانەکانـی ئـەو جەنەڕالـە، دەستپێشـخەرییە سـتراتیژییە سـەرەکییەکانی ئەمەریـکا پابەنـدە بـە کارتێکـردن لـە ئاینـدەی عێـراق کـە بەشـێک لـە ئەمریکییـەکان دەڵێـن:

ئـەو ئەرکانـەی خراوەتـە سـەر شـانی کـوردی باشـوور، بەخۆمـان دەکرێـت. هێندێکـی دیکەیـان پێیانوایـە خۆیـان بـە هاوبەشـی لەگـەڵ حکومەتـی فیدراڵـدا جێبەجێیـان بکـەن ... ئـەم هەقیقەتـە ... خۆمـان دەتوانیـن بەبـێ هاوکاریـی هیـچ کـەس و لایەنێـک ئەنجاچوارچێـوەی بدەیـن، جەختکردنـەوە لەسـەر بایەخـی پرسـەکە. ئـەم فەرمانـدە سـەربازی - سیاسـییە وایدەبینێـت کـە یەکێـک لـە دەستپێشـخەرییە گرنگـەکان لـە داڕشـتنی سـتراتیژییەتی نیشـتمانی بـۆ دەوڵەتـی عێـراق وەهـا دەڕوانێتـە سـووریا و ئێـران کـە دوو دەوڵەتـن، بـە جـودا دژایەتیـی پەرەسـەندنی دیموکراسـییەت دەکـەن لـە عێـراق. لـە کۆتاییـدا گارنـەر ڕایدەگەیەنێـت ئێمـە پێویسـتمان بـە تێڕوانینێکـی هاوشـێوەی تێڕوانینەکـەی (ترومـان)ە، بۆیـە پێویسـتە تـەواوی خواسـتەکانی گەلانـی عێـراق لـە دەسـتووری نوێـی وڵاتـدا ڕەچـاو بکەیـن[٧].

ئـا بـەم شـێوەیە ئەمەریـکا بەرنامـە سـەربازی - سیاسـییە درێژخایەنەکـەی بـە مـەودای پەرەسـەندنی باشـووری کوردسـتان دەبەسـتێتەوە، لەمەشـدا پشـت بـە هاوکاریـی هێزەکانـی ناتـۆ دەبەسـتێت کـە پاراسـتنی سـەقامگیری، ئاسـایش و دیموکراسـییەتی لـە عێراقـی فیدراڵـدا خراوەتـە ئەسـتۆ. لەمبارەیـەوە دی هـۆب شـیڤەر، ئەمینـداری گشـتیی ناتـۆ لـە دیمانەیەکیـدا لەگـەڵ تەلەفزیۆنـی دانیمارکیـدا ئاماژەی بـەوە داوە کـە ئـەم بەرنامەیـەی ناتـۆ بەرپەچـدەرەوەی بەرنامـە ئەتۆمییەکـەی ئێـران و سـەقامگیریی ڕۆژهەڵاتـی ناوینـە. چەنـد نوێنەرێکـی کۆمەڵگـەی کاری هۆڵەندایـی ئـەم گوتەیـەی شـیڤەریان دووپاتکردووەتـەوە و ڕایانگەیانـدووە پێویسـتە هاوسـەنگییەکی سیاسـیی نێوخۆیـی بـۆ هێزەکانـی عێـراق (نەتەوەیـی، ئایینـی، سیاسـی، ئابـووری) بێتـەدی. ئـەم شـتەش بـەڕای ئـەوان بـە سیسـتمی فیدراڵـی هاوسـەنگی لەنێـوان هێزەکانـدا بەشـێوەیەکی سروشـتی دێتـەدی، بەبـێ ئـەوەی دەسـتوەردانی دەرەکـی لـە کاروبـاری عێراقـدا بکرێـت، ئەمەریـکا و هاوپەیمانانـی، بـۆ نموونـە ناتـۆ، ناهێڵـن عێـراق بـە هەمـان ڕێچکـەی ئێرانـدا بـڕوات[٨].

کاریگەریی سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر بزاڤی نەتەوەیی کورد:

ئەمریکییەکان لەپاڵ ئەوەی پێگەی خۆیان لە باشووری کوردستان بەهێز کردووە، دەیانەوێ پرسی سەربەخۆیی کوردی پارچەکانی ئێران، تورکیا و سووریاش بوروژێنن و بانگەشەی ئەوە لەنێو کوردی ئەو سێ پارچەیە دەکەن تاکو هەمان سیناریۆی باشووری کوردستان لەلای خۆیان دووبارە بکەنەوە داوا لە کوردی هەریەک لەو پارچانە دەکەن لە پرۆسەکەدا دەستپێشخەر بن کە دەرهاوێشتەی دیاریکراویشی هەبوو. بۆئەوونە لە ڕۆژهەڵات، حزبی دیموکراتی کوردستان دەستبەرداری پرەنسیپی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم بوو و داوای لە کوردی ڕۆژهەڵات دەکرد لەپێناو ڕووخاندنی ڕژێمی ئیسلامیی لە ئێراندا خەباتی چەکداری بکەن، هەڵبەت ئەم شێوە خەباتەی ئەوێ بە هاوکاریی ئەمەریکاوەیە. پاشان دروشمێکی سیاسیی نوێیان خستەڕوو:" دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسیی فرەیی و فیدراڵی لە ئێران و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات". کڕۆکی پرۆگرامە نوێیەکەی حزب، خەبات بووە لەپێناو چەسپاندنی فیدراڵیزم بۆ ئێران. هاوکات کورد داوای مافی چارەی خۆنووسینی لەسەر بنەمای یاسای فیدراڵی کردووە کە بەپێی ئەم سیستەمە دەبێ سەرجەم ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەوارەیەکی فیدراڵیی سەربەخۆدا کۆبکرێنەوە.

لە ئێستادا حزبی دیموکراتی کوردستان لەنێو خاکی باشووری کوردستاندا جێگیربوونەوە و ڕاهێنەرە ئەمریکییەکان مەشق بە یەکەچەکداریەکانیان دەکەن. لە ڕۆژهەڵاتیشدا لایەنگر و ئەندامانی حزبەکە درێژە بە خەباتی سیاسیی خۆیان دەدەن کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوێدا ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و سەرکوتکردنێکی توندبوونەتەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم کارانەیان بیانوویەکی حاشاهەڵنەگر دەدەنە دەست ئەمەریکا تاکو بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ تۆمەتباریان بکەن. خراپبوونی دۆخی شارەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران پاساوێکە بۆ دەستوەردانی سەربازی - سیاسیی ئەمریکییەکان. لە (١٩)ی شوباتی ٢٠٠٥دا کۆنفرانسێک بۆ نوێنەرانی نەتەوەکانی ئێران ڕێکخرا و گرووپە ناسیۆنالیستەکان لەژێر ناونیشانی (کۆنفرانسی نەتەوەکان لە پێناو ئێرانێکی فیدراڵدا) بەشداریان لە کۆنفرانسەکەدا کرد.

(کۆمەڵە) کە ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەی ئێرانە، دووبارەکردنەوەی سیناریۆکەی باشووری کوردستان بە پەسند نازانن، لەکاتێکدا هەموو ئەم ڕێکخراوە سیاسییانە لەنێو خاکی باشووری کوردستاندا جێگیربوونە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی ئەو سەربەخۆییەی بۆ کوردی باشوور فەراهەم بووە ... هەمان مارشی نەتەوەیی، هەمان ئاڵا، شتی دیکەی لێکچوویان لەنێواندایە و یەکە چەکدارییەکانیشیان لەلایەن ڕاهێنەرە بیانییەکانەوە مەشقیان پێدەکرێت.

لە ڕۆژئاوای کوردستانیشدا بەهەمان شێوە، بزووتنەوەی فیدراڵیزم لە پێشەنگی ئەو خەباتانەدا دێت کە لەپێناو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی سووریا و هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی تۆتالیتاریدا لە خەباتکردندان. بەم شێوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەرەبەرە بوونەتە فاکتەرێکی کاریگەر و ئەمەریکا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا پشتیان پێدەبەستێت کە پێشتر لە باشووری کوردستاندا پشتی پێدەبەستا.

بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی ئەمەریکا هەوڵیانداوە، لە باکوور پێوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە(PKK) بکەن کە هێزێکی چەکداریی مەشقپێکراویان هەیە، لە هەولێر لەگەڵیاندا کۆبوونەوە و هۆشداریان دایە تورکیا دەست لە ڕاوەدوونانی چەکدارانی کورد هەڵبگرێت لەسەر سنووری تورکیا - عێراق، چونکە ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنانە دەرهاوێشتەی وەهای لێدەکەوێتەوە کەس پێشبینیی ئاکامە خراپەکانی ناکات[٩].کاریگەریی بێ مەرجی ئەمەریکا لەسەر پارچە کوردستانییەکانی تورکیا، سووریا و ئێران نابێتە هۆی بەهێزکردنی پرۆسەکانی یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ئەو وڵاتانە و ناشبێتە هۆی یەکگرتنەوەی حزبە سیاسییەکانی هەریەک لەو پارچانە، بگرە بە پێچەوانەوە بانگەشە بۆ دیاریکردنی سنووری حزبە سیاسییەکان دەکات کە بزووتنەوەی دیموکراسییانەی نەتەوەیی کوردی هەر پارچەیەک لەو پارچانە ڕەوتێکی یەکگرتووی نییە، بۆیە چالاکوانانی نەوەی تازە هەوڵی دامەزراندنی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە دەدەن کە پرۆگرام و دروشمە سیاسییەکانیان لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی ئێستادا بگونجێت. بۆ نموونە لە باکوور، لەیلا زانا حزبێکی بەناوی (بزووتنەوەی دیموکراسیی نیشتمانی)

دامەزراند کە چەندین ڕێکخراوی سیاسیی ئاراستە جیاوازی لەخۆگرتبوو. زانا لەوبڕوایەدا بوو تورکیا هێشتا مەرجەکانی ئەندامبوونی یەکێتیی ئەورووپای تێدا نەڕەخساوە، هاوکات ڕێکخراوە کۆنەکانیش پێویستە بە هەڵوێستەکانی خۆیاندا بچنەوە. بۆنموونە پارتی کرێکارانی کوردستان لە کۆنفرانسی ساڵی (٢٠٠٤)یدا پرۆگرامێکی نوێی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای نوێ پێڕەو کرد کە پەیوەست بوو بە ڕەوشی گۆڕاوی سیاسیی ناوچەکە بەتایبەتی و جیهان بە گشتی. لە ئایاری (٢٠٠٥)شدا دادگەی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڕیاری لەسەر ئەو داوا یاساییە دەرکرد کە لە ساڵی (١٩٩٩) عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە شەرعییەتی دەستبەسەرکردنی تۆماری کردبوو.

جا لەبەرئەوەی کەیسەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەنێو تورکیا لەلایەن دادگایەکی بێلایەن و سەربەخۆ یەکلانەکرابووەوە، لە هۆڵی گەورەی دادگای ستراسبۆرگ گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە بڕیارەکەی دادگا تورکییەکە پێشێلکردنی ماددە (٦)ی ڕێککەوتننامەی ئەورووپایە بۆ مافەکانی مرۆڤ. سەبارەت بە بڕیاری لەسێدارەدانی ئۆجەلان کە دواتر بڕیارەکە سووکتر کرا و کرایە زیندانیی هەتاهەتایە، دادوەرانی ستراسبۆرگ ئەمەیان بە پێشێلکردنی ماددەی (٢) دانەنا، دادگاکە پێنج خاڵی لە داواکەی ئۆجەلان جێبەجێکرد، کەچی شەش خاڵی دیکەی داواکەی ڕەتکردەوە کە پێشێلکردنی چەندین ماددەی ڕێککەوتننامە ئەورووپاییەکەی لەخۆدەگرت، چونکە دادگا بەیەک پاکێج دەڕوانییە داواکە و بڕوای بەوە نەبوو خاڵ بە خاڵ لە داواکە بڕوانێت[١٠].

ئەم پرسە لە نێوەندە سیاسییە کوردی و تورکیاییەکاندا دەنگیدایەوە، ڕۆژنامەی (تورکیش دەیلی نیوز)ی تورکیا ناڕەزایی خۆی دەربڕی و بڵاویکردبووە: تورکیا دەیەوێت بەپێی یاسا و ڕێسا ئەورووپاییەکان بژێت و ڕێبازێکی محافزکارانەی لە سیاسەتی نیشتمانیدا بۆخۆی هەڵبژاردووە کە چەندین جار ویستی خۆی بۆ لەناوبردنی پەکەکە ڕاگەیاندووە کە دواتر بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەقەڵەمدرا[١١].

قوبادی کوڕی جەلال تاڵەبانیی سەرکۆماری عێراق و نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە واشنتۆن، لە کاردانەوەی بەتیرۆریست ناساندنی پەکەکە ڕایگەیاند:

کێشەی پەکەکە بە چەکداری چارەسەر ناکرێت و داوای لە ئەنکەرە کرد لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە دەربکات. هەروەها گوتبووی: کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر دەکرێن و ئەندام و لایەنگرانی پەکەکە ئارەزوومەندی گەڕانەوەی ژیانی مەدەنین، بۆیە داوای لە سەرجەم لایەنە پێوەندەدارەکان کردبوو بگەڕێنەوە سەر مێزی دیالۆگ و چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکە بدۆزنەوە. بە بۆچوونی قوباد تاڵەبانی لێبوردنی گشتی بۆ ئەندام و لایەنگرانی پەکەکە، جوداکردنەوەی گرووپە توندئاژۆکانی نێو ڕێکخراوەکە ئاسانتر دەکات، کەچی تاوەکو ئێستا ئەم کێشەیە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە[١٢].

هەرچەندە هەوڵدراوە جوداخوازەکانی کورد لەنێوبدرێن، بەڵام هەوڵەکانی بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەورووپا و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا وای لە تورکیا کردووە لەجیاتی جارێک دە جار بیربکاتەوە و لەنێو نێوەندە بڕیاربەدەستەکانی تورکیا دەستبەردانی چارەسەری سەربازی بن و لەگەڵ کوردی باکووردا لە چارەسەرێکی گونجاو بگەڕێن.

سیاسەتی حکومەتەکانی دەوروبەر:

بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و بەشێکی بزووتنەوەی کورد کە کەوتووەتە ژێر ڕکێفی ئەمەریکا، وا لە حکومەتەکانی دەوروبەر (تورکیا، ئێران، سووریا) دەکات وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ ئەگەری هەڕەشەکردن لە سەقامگیریی سنووری نێوان ئەم دەوڵەتانە و ئاسایشی بەشە کوردییەکانیان، بۆیە کێشەی کورد زاڵە بەسەر پێوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان (سووریا-ئێران، ئێران-تورکیا، تورکیا-سووریا). لە سەروبەندی هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بۆ سەرۆکایەتیی عێراق، پرسی کورد یەکێک بوو لە خاڵەکانی دانوستاندنی نێوان عەبدوڵڵا گول وەزیری دەرەوەی تورکیا و دیمەشق، لە هەمان کاتیشدا نیگەرانیی خۆیان سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران خستەڕوو، چونکە چەکی ئەتۆمی باڵادەستیی لە شەڕدا دەستەبەر دەکات دژی هەر دوژمنێک، تەنانەت ئەگەر ئەو دوژمنە کوردیش بێت[١٣].

لەڕاستیدا هیچ کام لەو وڵاتانە ناڕەزاییان لە هەڵبژاردنی جەلال تاڵەبانی بۆ

سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق دەرنەبڕی کە لە ڕێگەی چەند کەناڵێکەوە دەتوانێت پێوەندی بە سەرکردە ئیسلامییەکانی ئێران و ناوەندەکانی بڕیار لە تورکیا و سووریا بکات. تەنانەت لە ٦ی نیسانی ٢٠٠٥ کوردی ڕۆژئاوا بەبۆنەی هەڵبژاردنی تاڵەبانییەوە ڕژانە سەر شەقامەکان و بە هەزاران کەس ئاهەنگیان بەو بۆنەیەوە گێڕا و خۆشیی خۆیان بە گوتنەوەی گۆرانیی کوردی دەردەبڕی و هیچ ڕێگرییەکیان لێنەکرا، لە ئێرانیشدا هەمان شت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دووبارە بووەوە. هاوکات سیاسەتی وڵاتانی دەوروبەر بەرانبەر بە کورد، سیاسەتێکی ناڕوون و نادیارە.

وڵاتانی دەوروبەر هیچ تێبینییەکیان لەسەر سیستمی نوێی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نوێی عێراق نەبوو و پشتگیرییان لە فیدراڵی و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان کرد و بە کردار پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتە نوێیەکەی عێراق ئاسایی کردەوە و پەرەی زیاتریان پێدا. لە هەمان کاتیشدا هەنگاویان بۆ لاوازکردنی هەڵوێستە سیاسییەکانی کوردی باشوور دەنا. بۆنموونە سووریا ڕێگریی لە دزەکردنی چەکداران و ئاودیوکردنی چەک و تەقەمەنی ناکات بۆ نێو خاکی عێراق، ئێرانیش بە هاوکاریی شیعەکان هەوڵی لاوازکردنی دەنگی کورد لە پەرلەمانی عێراق دەدات و هانی کورد دەدات بەشداری لە گرووپە توندئاژۆکاندا بکەن. هەروەها بەکارهێنانی کوردی باشوور لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمەریکا بووەتە بابەتێکی گەرمی دانوستان و گفتوگۆکانی نێوان وڵاتانی دەوروبەر. هەڵسوکەوتی هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکان و ئاراستەکردنیان بۆ دژایەتیکردنی کوردی باشوور و ئامانجەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە پرسێکی دیکەیە و جێگەی خۆی لەنێو کۆبوونەوەی حکومەتی وڵاتانی دەوروبەری عێراق کردووەتەوە.

کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان یەکێکە لەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی بووەتە مایەی ناسەقامگیریی سیاسی لەو وڵاتە. سووریا کە یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار کوردی تێدا دەژێت و گەورەترین کەمینەی وڵات پێکدێنن، ڕووبەڕووی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس بوونەتەوە. خواستەکانی کوردی ڕۆژئاوا لەم خاڵانەدا کورتکراونەتەوە: لە دەستووردا دان بە کورددا بنرێت و بە دووەمین نەتەوەی وڵات بناسرێ، کۆتایی بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکومەت و

تەعریبکردنی ناوچەکانیان بهێنرێت ... مافی هاوواڵتیان دەستەبەر بکرێت ... دان بە مافە نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی کورددا بنرێت ... مافی خوێندن بە زمانی دایک و بووژانەوەی ئابووریی ناوچە کوردنشینەکان ... کۆتاییهێنان بە قۆرخکاریی دەسەڵات لەلایەن حزبی بەعس ... هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی کە لە ساڵی (١٩٦٣)وە بەسەر وڵاتدا سەپێنراوە ... لێبوردنی سیاسی و دامەزراندنی سیستمێکی پەرلەمانیی فرەحزبی. هاوکات کوردی ڕۆژئاوا ئەو ڕاستییەیان لەلا ڕوونە کە هەتاکو کۆمەڵگەی سووریا نەبێتە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی، ئەستەمە خواستەکانیان بێتەدی.

ئاشکرایە بەبێ فشاری ئەمەریکا، سووریا یەک هەنگاو نانێت بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە کوردیان لێبێبەش کراوە. ئەو کوردانەی هێشتا مافی (هاوواڵتیبوون)یان وەرنەگرتووە، مافی کڕینی زەویوزار و یەکەی نیشتەجێبوونیان نییە، هەروەها ناتوانن کاری بازرگانیکردن بکەن و منداڵەکانیان لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا بخوێنن و گەشتکردنی دەرەوەی وڵاتیشیان لێ قەدەغەکراوە ... هتد. بەپێی ئاماری نافەرمییەکان هێشتا (٣٠٠) هەزار کوردی ڕۆژئاوا مافی هاوواڵتیبوونیان پێنەبەخشراوە، بەڵام ئاماری فەرمییەکانی حکومەتی سووریا ڕایانگەیاندووە (١٥٠) هەزار کەسن. بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا لەبەرنامەیدایە ڕەگەزنامەی سووریایی بە (١٠٠) هەزار کورد ببەخشێت. ئەم ڕێکارە لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە ڕێکارانەیە کە دەسەڵاتدارانی سووریا لە هەمبەر کورددا جێبەجێیان دەکات. ئەو کوردانەی لە ئاداری (٢٠٠٤) بەشداریان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەزگا ئەمنییەکانی سووریا کردبوو لە قامیشلۆ، لە (٣٠)ی ئاداری (٢٠٠٥) بەپێی بڕیاری لێبوردنێکی گشتی ئازادکران، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەکی زۆریان لە زیندانەکانی ڕژێمدا ماونەتەوە. لە ساڵی (٢٠٠٥)یش دەیان کەسایەتیی کوردی ئۆپۆزیسیۆن و چالاکڤان دەستگیرکراون[١٤].

سیاستی ناتەبایی سەرکردایەتیی سووریا کێشەی کوردی ڕۆژئاوای بە شێوەیەکی ڕیشەیی پێ چارەسەر ناکرێت، بەڵام ئەوەندەی پێدەکرێت کە بە شێوەیەکی کاتیی کەمێک گرژیی کۆمەڵگە خاوبکاتەوە.

تورکیا بە بزوێنەری بیرۆکەکانی یەکێتیی ئەورووپا دادەنرێت لە ناوچەکەدا کە پێوەندییەکانی (تورکیا- ئەمەریکا) ئاڵۆز دەکات، لە هەمان کاتیشدا کوردی باکوور ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا ڕەتدەکەنەوە و زۆر جار ئەم هەڵوێستانەیان حکومەتی تورکیا نیگەران دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی تورکیا لە (٢٠٠٢)ەوە هەنگاوی بەرەو سەربەخۆیی نەتەوەیی و کلتووری ناوە لە ناوچە کوردنشینەکاندا. ڕێگەیانداوە پەخشی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی هەبێت، بۆنموونە هەفتەی دووجار هەواڵەکان بە زمانی کرمانجی و زازاکی پێشکەش دەکرێت و هەر جارەی (٣٠) خولەکی بۆ تەرخانکراوە، کەچی کوردی ئەوێ ڕەخنەیان لەمەش گرتووە و دەڵێن هەواڵی بەر لە هەفتەیەکمان بۆ گەرم دەکەنەوە و پێشکەشمانی دەکەن، هەروەها ڕەخنەیان لەوەش گرتووە کەوا مۆڵەتی کارکردنیان بەو کەناڵانە نەداوە کە لەگەڵ سیاسەتی حکومەتدا ناگونجێت، لە ساڵی (٢٠٠٤)یشدا چەندین قوتابخانەی ناحکوومی کراوەتەوە وبۆ ماوەی (١٠) مانگ خولی فێربوونی زمانی کوردییان بۆ ئاستەکانی بەرایی، ناوەندی و باڵا کردووەتەوە و بە هەموویانەوە (١٣٠) فێرخوازیان لەخۆگرتووە، چونکە لە تورکیا خوێندن بە زمانی کوردی ئەستەمە و ئەوان زمانی تورکی بە هێمای یەکگرتوویی نەتەوەی تورک هەژماردەکەن.

لە شاری ئامەد کاسێتی موزیک و فیلمە کوردییەکان بە ئاشکرا دەفرۆشرێن و پرۆسەی ناونانی منداڵانی تازە لەدایکبوو بە ناوی کوردی ئاسانتر بووە، هەرچەندە لەم پرۆسەیەدا چەند گرفتێکیان تووش دەبێت و چەند دەنگێک لە زمانی کوردیدا هەیە و هاوشێوەکەی لە تورکیدا نییە. ماوەی دوو ساڵ دەبێت ناوەندی کلتوور و هونەری دیجلە و فورات کە ئۆرکسترایەک لەخۆدەگرێت و ژمارەیەک لە موزیسیارانی کوردی تێدایە و زوو زوو خولی فێرکردنی گۆرانی و ژەنین لەسەر ئالەتی گیتاری تێدا دەکرێتەوە، خوێندنی ئەکادیچوارچێوەیەی هەڵپەرکێ و موزیکی میللیی تێدا دەخوێندرێت، لەگەڵ خولی تایبەت بە هونەری سینەمای کوردی. هەڵبەت هەموو ئەمانە بەبێ سانسۆری دەوڵەت بۆ چالاکییەکانی ئەم ناوەندە نابێت و پێویستە فەرمانبەرانی تایبەت، دەسەڵاتداران لە ئاهەنگ و کێبڕکێ قەدەغەکراوەکان ئاگادار بکەنەوە.

هەرچەنـدە دەسـەڵاتدارانی تورکیـا هەنگاویـان نـاوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـی کـوردی باکـوور، کەچـی زۆربـەی کـوردی ئـەوێ لـەو بـاوەڕەدان ئـەم چاکسـازییە ڕووکەشـانە کێشـەی کـورد بەشـێوەیەکی ڕیشـەیی چارەسـەر نـاکات و هێشـتا زمانـی کـوردی بەشـێوەیەکی نایاسـایی لـە ژیانـی گشـتی و سیاسـەتی وڵاتـدا بەکاردەهێنرێـت. چەندیـن ئەندامـی دیـاری حزبـی گەلانـی دیمرکـرات (HDP) دەسـتگیر کـراون کـە لایەنگـری کـورد بـوون و لـە شـوێنە گشـتییەکاندا زمانـی کوردییـان بەکارهێنـاوە، بۆیـە کـوردی باکـوور داوای زامنکردنـی مافـە سیاسـییەکان بـۆ (١٤) ملیـۆن کـورد دەکـەن و خەباتیـان بۆئەوەیـە ئـەم مافانـە لـە دەسـتووردا بچەسـپێنن[١٥].

کـوردی ڕۆژهـەڵات لەخـۆڕا ڕژێـم بـە پێشـێلکردنی مافەکانـی مـرۆڤ تۆمەتبـار ناکـەن، چونکـە دەسـەڵاتدارانی ئیسـلامیی ئێـران سیاسـەتوانانی کـورد کۆمەڵکـوژ دەکـەن و هەڵبژاردنـی ئەحمـەدی نـەژاد بـە سـەرکۆماری ئیسـلامیی ئێـران حزبـی محافزکارانـی لـە تـەواوی جومگەکانـی دەسـەڵاتدا بەهێزتـر کـردووە و حکومەتـە نوێیەکـە کێشـە نەتەوەییەکانـی بـەو شـێوەیە فەرامۆشـکردووە کـە ئیـمام خومەینـی دەستنیشـانی کـردووە. لەلایەکـی دیکـەوە بـە هەمـوو شـێوازێک هـەوڵ دەدەن کـوردی باشـوور لـە پرۆسـەی سیاسـیی عێراقـدا لاواز بکـەن. لـە هاوینـی (٢٠٠٥)یشـدا ئـەو خۆپیشـاندان و گردبوونەوانـەی بـۆ کوشـتنی (شـێخ قـادری) لـە مهابـاد سـازدرابوو و دواتـر لـە پارێزگاکانـی ئازەربێجانـی ڕۆژهـەڵات و کوردسـتاندا تەشـەنەی کـرد، بـە تونـدترین شـێوە سـەرکوتکرا و چەندیـن کـەس کـوژران و بریندارکـران، دەسـەڵاتدارانی ئێرانیـش وایـان بڵاوکردبـووەوە کـە ئـەم چالاکییانـە هیـچ مۆرکێکـی نەتەوەیـی یاخـود ئایینیـی پێوەنییـە.

ئاسۆکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناوچەکە:

شرۆڤەی بارودۆخی سیاسیی ئێستای کوردستان ئاماژە بەوە دەدات سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست کێشەی کورد، بزووتنەوەی کوردی ڕۆژئاوای ئاسیا (عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا) لە پێناو دیموکراسییەت و بەرەنگاربوونەوەی چەوساندنەوە، پتەوتر کرد و کێشەی کوردی هەر پارچەیەکیش خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە. لە ئێستادا کورد داوای گۆڕانکارییە جیهانییەکان دەکات لە هەیکەلییەتی کۆمەڵایەتی - سیاسیی ڕژێمە ڕەگەزپەرستییەکان و بەرگری لە سیستمی فیدراڵیی پێکهاتەی دەوڵەت دەکات کە پێیانوایە کاریگەرترین سیستەمی حوکمە لە دەوڵەتە فرە نەتەوەکاندا. ژمارەیەک لە کوردی باکوور و باشووری کوردستان چەمکی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیان خستووەتەڕوو و شرۆڤەی جیاوازیان بۆکردووە، تیۆریستانی کورد لە باکووری کوردستان پەرەیان بە تیۆری (کۆنفیدراڵی) دا کە لە پێنج ئەندام پێکهاتووە، شرۆڤەکارانی باشووریش سەربەخۆییەکەیان بە ئۆتۆنۆمییەکی فرەوان لەقەڵەم دەدەن.

لەلایەکی دیکەوە، کورد داوا لە ڕۆژئاوا دەکات و دووپاتیدەکەنەوە کە هەڵوێستی ئەوان سەرپێچیی گشت ڕێساکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤە، هاوکات لە بەڵێنەکانی ئیدارەی ئەمەریکا بە گومانن، چونکە سەربەخۆیی کورد دەکەوێتە چوارچێوەی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژی-سیاسی و بوونی سەربازانی هێزەکانی هاوپەیمانان. چارەسەرکردنی کێشەی کورد بۆ ئەمەریکا بایەخێکی ئەوتۆی نییە و ئەوان کوردستان بە ناوچەیەکی ستراتیژی دەبینن بۆ جێبەجێکردنی چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە و پتەوکردنی دەسەڵاتیان لە ناوچەی قەوقاز و ئاسیای ناوەند. لایەنگرانی دیک چینی وایدەبینن کە فاکتەری کورد کاریگەریی نابێت لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژئاوای ئاسیا. لە هەمان کاتیشدا نوێنەرانی ئیدارەی ئەمەریکا بڕوایان بەوەیە کە باشووری کوردستان دەبێتە خاڵی دەستپێکردنی پەلهاویشتن بۆ وڵاتانی دەوروبەر. هەڵوێستی نەگۆڕی کورد لە ئاست سەربەخۆبوون لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ و لەچوارچێوەی پێکهاتنی حکومەتی نوێی عێراق و دانانی دەستووری هەمیشەییدا بەڕوونی دەرکەوت، لە هێندێک حاڵەتیشدا توانای کورد دەردەخات لە بەرگریکردن لە هەڵوێستەکانی خۆی.

ئەو بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆی لە خاکی کۆماری ئەفەریقیای ناوەڕاست و ئیسرائیل بەدیدێنێت، هەروەک چۆن بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق سیاسەتی کورد لە وڵاتانی ناوچەکە بەرجەستە دەکات، ئەم مامەڵەکردنەش ناچاریان دەکات بەرانبەر بە کورد سیاسەتێکی نەرمتر بنوێنن، چونکە ڕژێمەکانی تورکیا و سوریا و ئێرانیش هاوڕا و هاوکاری یەکدین بۆ لەناوبردنی هەر جووڵەیەک کە ئامانجی سەربەخۆیی کورد بێت لەنێو خاکیدا، هاوکات پشتگیری لە هەر سیاسەتێک دەکەن کە ڕێگر بێت لە سەربەخۆیی کورد و بەدەستهێنانی سەروەریی خۆی. هەڵبەت ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا یەکدەگرێتەوە لە ناوچەکە.

هەڕەشەی سەربازیی ئەمەریکا بۆ هەریەک لە سووریا و ئێران و هەوڵدان بۆ وروژاندنی کێشەی کورد لەم وڵاتانە و لە ئێستادا تورکیا لەوباوەڕەدا نییە کە کێشەی کورد لە ڕۆژئاوای ئاسیادا بە یەکجارەکی چارەسەر بکرێت. ئەم دەوڵەتانە هەوڵی پاراستنی سەقامگیریی سنووری خۆیان دەدەن و دژی هەر بزاوێکی نەتەوەیی و کلتووریی پارچەکانی تری کوردستانن و لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسە زۆر ئاڵۆزە و مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت. لە هەمان کاتیشدا ئامانجی ستراتیژییەتی کار و چالاکییەکان لەنێو خاکی پارچەکانی کوردستاندا ڕێگریکردنە لەوەی کە نەبادا ململانێ نەتەوەییە ئیقلیمییە نێوخۆییەکانی (نێو دەوڵەتێک) ببێتە فاکتەری ناسەقامگیریی لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا بە گشتی.

سەرچاوەکان

1- Baqi Barzani. Federalism and the Question of Ethnicity in Future Uraq. http://home.cogeco.ca/-kurdistan6/27-3-05-opinion-baqi-federalism-question-of- ethnicity.html

2- Жигалина О.И. Этносоциальная эволюция иранского общества. М., 1996, с. 163.

3- Иранская революция: причины и уроки. М., 1989. Анаркулова Д.М. Иран: уроки революции. Душанбе, 1998, с. 30.

4- Baqi Barzani.Federalism and the Question of Ethnicity in Future Uraq.-http://home.cogeco.ca/-kurdistan6/27-3-05-opinion-baqi-federalism-question-of- ethnicity.html.

5- Abu Bakir Lashkari. Why Kirkuk so important for the Iraqi Kurds?- http://web.krg.org/articles/article-details.asp?LangNr=12&ArticleNr-117/html

6- Abu Bakir Lashkari. Why Kirkuk so important for the Iraqi Kurds?- http://web.krg.org/articles/article-details.asp?LangNr=12&ArticleNr-117/html

7- Jay Garner. After the Vote.- http://www/puk.org/web/htm/news/garner05204.html

8- Abu Bakir Lashkari. Stable, Secure and Democratic Federal Iraq is the successful key factor for rntire Middle East issues includind Iran.- http://web.krg.org/articles/article-detail.asp?LangNr=12&ArticleNr=l 24.html

9- Cautions Turkey Not To Pursue Kurds- http://kurdistanob-server.servehttp://com/july/l 8-7-05-us-warns-tky-not-pursue-kurds.htm.

10- Европейский суд по правам человека вынес окончательное решение по иску бывшего курдского лидера Абдуллы Оджалана.-http://echo.msk.ru/

news/247778.phtml

11- Court decision on Ocalan set for May.- http://www/puk/org/web/htm/news/nws/news050511.html

12- PUK representative urges «political solution» for PKK issue.- http://www/puk/org/web/htm/nws/news050511.html

13- Baqi Barzani. Turkey-Syria Operations in Kurdistan. Iran's Nuclear Posession to Undermine Kurdish Independence.- http://home.cogeco.ca/- kurdistan6/13-3-05-opinion-baqi-tky-syria-cover-operation-kurdistan.html

14- Башар Асад собирается предоставить сирийское гражданство 100 тыс. курдов.- http://www.kurdistan.ru/18.05.05-I.htm

15- Qubad Talabani. What the Kurds Want.- http://www.puk.org/web/htm/news/nws/qubad050822.html 24.

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ململانێ نێوخۆییەکانی کورد

م. س. لازاریڤ

هیچ بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی نییە لە تاکە ڕەوتێک پێکبێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەموو بەرژەوەندییەکانی گرووپە کۆمەڵایەتی و چینە جیاوازەکانی نەتەوەیەکی دیاریکراوە کە ڕێکاری سیاسیی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئەوان یەکگرتوون و بۆ ئامانجێکی هاوبەشدا بەیەکەوە گرێدراون کە لە بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و دانپێدانانی فەرمی بە ناسنامەی نەتەوەیی دەستپێدەکات تا دەگاتە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بەڵام ڕێبازی جیاواز دەگرنەبەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکە، واتا هەریەکەو بە شێوازی تایبەتی خۆی و بەپێی سرووشتی چین و مۆلکومااڵ و بەرژەوەندییەکانی خۆیان کە لە زۆر باردا خۆپەرستانەن. لە کۆتاییشدا هەموو ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆکاری سەرەکیی ململانێکانی نێو تاکە نەتەوەیەک بۆ خەبات لەپێناو سەربەخۆییدا.

ململانێ و دووبەرەکیی نێوخۆیی خەسڵەتێکی تایبەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردە. (ئارنۆڵد توینبی) مێژوونووسی ناوداری ئینگلیزی و گەورە پسپۆڕ لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ساڵی (١٩٣٤)دا نووسیویەتی: دوژمنی هەرە گەورەی کورد، دووبەرەکیی خێڵەکی و دەرەبەگایەتییە کە وای لە حکومەتی عێراق و هەروەها تورکیا و ئێرانیش کردووە سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) پێڕەوبکەن[1]. بەدرێژایی مێژوو، دووبەرەکیی نێوخۆیی یاوەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە و ململانێ نێوخۆییەکان هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بگرە تا دەگاتە ئەمڕۆ هەر بەردەوامن. گرێکوێرەی ئەم بزووتنەوەیە: هەوڵدان بووە لەپێناو یەکگرتوویی و بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ئەستەم بووە. چەند هۆکارێکی سەرەکیش بوونەتە هۆی بەدینەهاتنی ئەم ئامانجە کە هێندێکیان مێژوویین و هێندێکی دیکەیان سیاسین.

هۆکارە مێژووییەکان:

پێش هەموو شتێک دەبێ دابەشبوونی سیاسی-جوگرافیایی گەلی کورد لەبەرچاو بگیرێت. پەرەسەندنی مێژوویی و بارودۆخی سیاسی بۆ یەکگرتوویی گەلی کورد کە (لە بنەڕەتدا لە کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانییەکان-دەوروبەری سەدەی شەشەمی زایین دروست بووە) و گۆڕانیان بۆ نەتەوە لەسایەی بارودۆخی هەبوونی گرووپێکی تایبەتی کورددا ڕوویداوە. نیشتمانی مێژوویی کوردان (کوردستان) چەمکێکی ئیتنۆ - سیاسی نەبووە، بەڵکو چەمکێکی ئیتنۆگرافی بووە. پێشتر دەوڵەتێک نەبوو ناوی کوردستان بێت و نەتەوەی کورد تێیدا باڵادەست بێت، بەڵکو لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەی نوێ و هاوچەرخدا کوردستان بەشێک بووە لە دەوڵەتێکی دیکە: هەتاوەکو سەدەی شازدە بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتەکانی خەلافەت و تورکی و مەغۆلی، ئینجا ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێران، دوای جەنگی جیهانیی یەکەمیش بەشێک بووە لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا کە عێراق و سووریا بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر کۆنترۆڵ و سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی ئینگلتەرە و فەرەنسا بوونە، لە هەموو ئەو ئیمپراتۆرییەتە ستەمکارە فرەنەتەوانە و ئەو هەموو میرنشینە خاوەن سەروەری و نیمچە سەروەرییانەی کورد بەشێک بووە لێیان و لەو دەوڵەتانەی تازە سەربەخۆییان وەرگرتووە، هەتاوەکو ئەم دواییەش بارودۆخەکە لەبارنەبووە بۆ سەرهەڵدانی چەند ناوەندێکی نەتەوەیی و سیاسی بۆ کۆکردنەوەی کوردان بۆ پێکهێنانی ناوەندێک بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. لەبەر ئەم هۆکارانە کورد نەیتوانیوە ببێتە خاوەن نەریتێکی یەکگرتووی خەباتی سیاسییانە لەپێناو سەربەخۆییدا.

دابەشبوونی ئیتنۆ-سۆسیال و ئیتنۆ-کلتووری کە هێشتا لەنێو کورددا پارێزراوە، یەکێکە لەو فاکتەرانەی ڕەگێکی مێژوویی هەیە. قۆناغی خێڵەکی لە سیستمی کۆمەڵایەتیی کورددا ڕەگی لە نەریتە مێژووییەکاندا داکوتاوە و تاوەکو ئێستاش کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا ماوە، ئەمەش بووەتەهۆی دواکەوتنێکی گشتی و خاوکردنەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کلتووریی نەتەوەی کورد. چەند پێودانگێکی گرنگدا ژمارەیەک ڤێکتەری دیاریکراو هەن کە پێوەستن بە زمان، ئایین و

نیشاندەرەکانی دیکەی ئیتنۆ-کلتووری و سەربەخۆیی نەتەوەیی دەبووژێننەوە و دەبنە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و یەکبوونی کورد.

ئەم قاڵنەبوونە لە چەسپاندنی نەتەوەیی نەتەوەی مۆدێرنی کورددا ئاکامی سیاسیی خراپی لێدەکەوێتەوە و ناتوانرێت ڕێگە بگیرێت لە پەرتەوازەیی و دابەشبوونی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و کلتووری. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیش نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی سیاسیی بێت بەهۆی دواکەوتوویی ڕۆشنبیریی جەماوەر. لێرەوە خەسڵەتە هاوبەشەکانی بزووتنەوەی کوردمان بۆ دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی گشتی لە پیرۆزکردنی سەرکردە و وەرچەرخان بەلای تووندئاژۆیی لە خەباتی سیاسیدا بەرجەستە دەبن.

فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری کە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواری دیاریدەکات، ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە: نایەکسانی و پەرەسەندنی نا هاوسەنگیی ئەم فاکتەرە گرنگترین هۆکاری پەرتەوازەیی سیاسی پێکدێنێت، هەروەها پێگەی جیاواز و پێگەی خاوەندارێتیی جیاوازیی هەڵوێستە سیاسییەکانی دیاریی دەکرد کە چین و کۆمەڵە جیاوازەکانی کورد لە ناوچە دیاریکراوەکانی کوردستاندا داگیری دەکەن، ئەمەش بوشاییەکی کلتووریی خوڵقاندووە و لە هەڵوەشاندنەوەی مەیلی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بەشداڕە.

هەتا ئەوکاتەی ڕەوەندی کوردی ڕۆڵێکی مێژوویی تایبەت لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بگێڕێ لە سەردەمی نوێدا، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی-کلتووری دیاریکراو لەنێو کورددا داگیردەکات. ئەگەرچی ڕەوەندی کورد بە ژمارە کەمن (نزیکەی ٤٪ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی کورد پێکدێنن، واتە زیاتر لە یەک ملیۆن کەس) بەڵام بەشە هەرە خوێندەوارەکەی کۆمەڵگەی کوردەوارین و خاوەن بڕوانامەی بەرزن، لەڕووی سیاسیشەوە تێگەیشتوو و پێشکەوتوون (بەتایبەتیش ئەوانەی ماوەیەکی زۆرە لەوێن و زیاد لە نەوەیەکیان لە هەندەران خستووەتەوە) و لە ژینگەیەکی شارستانیی پێشکەوتوودا پەروەردە کراون کە پێشتر زۆربەیان لە ئیمپراتۆرییەتی ڕووسی- یەکێتیی سۆڤیەت و ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا ژیان بەسەر دەبەن و نەک تەنیا شێوازی پێشکەوتووی ژیان، بەڵکو بەها ئەخلاقی و سیاسی و کلتووریی کانیشیان لێوەرگرتوون بەبێ ئەوەی خەسڵەتە

بنەڕەتییەکانی ناسنامەی کورد و مۆرکی نەتەوایەتی لەدەست بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی خەسڵەتە مێژووییەکانی پێکهاتنیان، ڕەوەندی نوێی کورد تابڵێی ناڕێکن و لەڕووی کۆمەڵایەتی، کلتووری و سیاسییەوە نەگونجاون، دواجاریش ئاکامی گرنگی لێکەوتووەتەوە و بووەتە هۆی زیادکردنی ململانێ و دووبەرەکی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دا.

زۆر دەمێکە لەنێو ڕەوەندی کورد دا ناوەندێکی هەزری و سیاسی لە ڕۆژئاوا بۆ نەتەوەی کورد پێکهێنراوە و لقێکی هاوشێوەی ڕەوەندانی ڕۆژئاوا لە لوبنانیشدا هەتا ئەم دواییە جێگیربووون. نوخبەی کۆچبەرانی کورد هەڵگری بیرۆکەی سەردەچوارچێوەیەی پێشکەوتوو و ڕۆشنبیریی نوێی سیاسین کە هەوڵیانداوە بهێننە نێو کلتووری کوردستانی و ئاوێتەی یەکدییان بکەن. بەڵام دەرکەوت ئەمە پرۆسەیەکی هێندە ئاسان نییە هەروەک لە دووڕەوە دیاربوو، چونکە بارودۆخی کوردستان (کە بارودۆخێکی نموونەیی بوو بۆ هەر کۆچبەرییەک) کوردستان لەلایەن سەرکردەی کاریزماتیک، عیلمانی و ڕۆحییەوە بەڕێوەدەبرێن کە هێشتا ڕووخساری ئایدیۆلۆجی و سیاسییان خەسڵەتی دەرەبەگایەتیی ڕابردوویان پێوەدیارە. ئا لێرەدا جیاوازیی حەتمیی نێوان تێۆری و پراکتیزەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردمان بۆدەردەکەوێت. ڕاستە زۆربەی سەرکردە دیارەکانی کورد بە ڕواڵەت ڕۆژئاوایی دەردەکەوتن، بەڵام هۆکارە بابەتییەکانی بەدحاڵییەکە دەخەنە بەرچاو و ململانێی ڕاستەخۆی نێوان (کۆن) و (نوێ) لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دا دەردەخەن.

لەلایەکی دیکەوە گۆڕانکاریی دیموگرافی و کۆمەڵایەتی بەسەر ڕەوەندی کوردیدا هاتووە و لەم چەند دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا گۆڕانکاریی سیاسیشی بەسەردا هات. جا لە کاتێکدا کە چینی ئەرستۆکراتی پێشەنگی کۆچبەرانی کۆمەڵگەی کوردەوارییان پێکدەهێنا، کەچی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا زۆربەی کۆچبەرانی کورد بەرەو ڕۆژئاوا چینی کرێکاران بوون کە لە ئاستێکی نزمی خوێندندا بوون و لە بەراییدا درەنگتر لەگەڵ گوزەرانی ئەوێدا ڕادەهاتن. هەرچەندە سیستمی گوزەرانی هەندەران جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بارودۆخی نیشتمانی خۆیان هەیە، بەڵام ڕۆڵیان لە گەشەکردنی هەستی ڕادیکاڵدا

هەبووە نەخاسمە لەنێو گەنجانیان و چینێک لە پەراوێزخراوان لەنێو کۆچبەرانی کورددا پەیدا بوو کە ڕەفتاری تووندوتیژییان لە ڕاستڕەوەکانی ئەوێدا وەرگرتووە، کۆچبەریی کوردی هاوچەرخ بەوە دەناسرێتەوە کە دابەشکارییەکی زۆری لەسەر بنەمای ئاراستەی سیاسیی تێدایە.

هۆکارە سیاسییە نێوخۆییەکان:

هەر ململانێیەک لەسەر بنەمای نەتەوەیی پەیدابێت، لە کەشێکی سیاسیی ئەو نەتەوەیە گەشەدەکات کە داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکات. ئەم هەڵوێستە سروشتی و بنەڕەتییە تەنیا بەسەر بزووتنەوەی نەتەوەی کورد جێبەجێ نابێت، بەڵکو ڕۆڵێکی تایبەت و سنووردار لە پێکهاتن و پەرەسەندنیشی دەبینێ. ئەمەش لە کوردستان لە دابەشبوونی سیاسیی دەوڵەتدا بە زەقی دیارە و بزووتنەوەکە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتووریی جیاوازدا بەپێی هەلومەرجی تایبەت و تاکە کەسیی ئەو پارچەیەی کوردستان کاریکردووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە نەک هەر ڕەوتێکی سیاسیی یەکگرتوویان لە نەتەوەی کورددا نەچەسپاند (خەبات لەپێناو کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆدا) بەڵکو دەست بە دانانی بنەمای جودابوونەوەی تایبەت کراوە و بیانووی بۆ کۆمەڵێک ململانێی دیکەی نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد هێنایەوە. جا ئەگەر ئەوەی یەکەمیان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بنەچەیەکی ئایدیۆلۆژیایی هەبێت، ئەوەی دواییان لە ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسییە بابەتییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا نیشتەجێن،گەشەی کردووە. ڕاستییەکانی ئەم وڵاتانەش لەڕووی پێکهاتن، شارستانییەت و کلتووریيەوە بەیەکەوە بەندن، لەلایەکی دیکەشەوە بەشێوەیەکی بەرچاو لەڕووی نەتەوە و سیاسەتەوە جیاوازن. تایبەتمەندێتیی وڵاتەکانیش جێپەنجەیان لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا دیارە، بزووتنەوەی کورد لە (تورکیا، ئێران، عێراق، سوریا) و ئایدیالی نەتەوەیی گشتیی یەکگرتووی کورد چەند خەسڵەتێکی نێوخۆیی تێدایە کە مۆرکی زمان، ئایینزایی، کلتووری، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی هەیە و بۆ ئاستێکی جیاوازی گەشەسەندنی نەتەوەیی کورت دەکرێتەوە.

ئەو سیستەمە خێڵەکییەی لە ئێستادا لە باکووری کوردستان باوە، لە ناوچەی تونجەلی (دێرسیم) نەبێت خەریکە لەناوەچێت، کەچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێشتا ئەم سیستەمە خێڵەکییە لەوپەڕی بەهێزیدایە و فرەوانبوونەوەی ئیسلامی سیاسی هەڕەشەیەکی بەردەوامی سەر کۆمەڵگەی کوردەوارییە. لە باکووری کوردستان پشتگوێخستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە کارەساتێکی دیکەیە، سەرکوتکردنی هەر دیاردە و جووڵەیەکی نەتەوەیی زەمینەیەکی بۆ توندئاژۆیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد خوڵقاندووە کە هێشتا پێویستی بە چەند مەرجێکە بۆ سەرکەوتن. لە باشووری کوردستانیش هێشتا تێبینیی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان (سۆفیگەری) لەنێو ژیانی سیاسیدا دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی باشوور پێشکەوتووتر و شارستانیانەتر خۆی دەنوێنێ و بەهۆی ئەمەوە ناوەندێکی ڕاستەقینە بۆ دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا دادەمەزرێت کە خاوەن سەروەریی خۆیەتی و دواتر باشووری کوردستان دەبێتە ناوەندێکی سیاسی و کلتووری بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە سووریا و لوبنانیدا مەرجەکانی گوزارشت کردن لە نەتەوەی کورد بەردەوامە (لەسەر ئاستی ژیانی شارستانێتی دا).

هەروەک لە پێشەوە ڕوونمانکردەوە، تایبەتمەندێتیی سیستەمە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ئەو وڵاتانەی ڕەوەندی کوردیان تێدا جێگیرە، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و ئایدیۆلۆژیا و چالاکییە پراکتیکییەکانیاندا دەبێت. ئەو کوردانەی بۆ ماوەیەکی زۆر لە یەکێتیی سۆڤیەتدا ژیاون (پێش هەڵوەشاندنەوەی) یان لەبەر هۆکاری سیاسی یانیش بۆ خوێندن چوونەتە ئەوێ، زۆربەیان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی تۆتالیتاری و دیلی ئایدیۆلۆژیاکە بوونە، هێندێکیان کادیرانی ڕۆشنبیرانی چەپ و بەرپرسانی سیاسییان لێ پێکهێنرا. هەمان شت سەبارەت بە کۆچبەرانی کورد و ڕەوەندی کوردی لە وڵاتانی (کەمپی سۆسیالیستی)ش هەر ڕاستە. بەڵام ڕەوەندی کورد لە وڵاتانی ئازاد (ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەمەریکای باکوور و ئوسترالیا) کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی هەزر و

ژینگەیەکـی کۆمەڵایەتیـی زۆر جیاوازتـر و ژمارەیـان زیاتربـووە و پـتر کەوتوونەتـە ژێـر کاریگەریـی فـرە ئایدیۆلۆژییەتـی سیاسـی. ئـەو فـرە چەشـنییە و بەربەرەکانـێ نێوخۆییـەکان و هەڵپەکـردن بـۆ گرووپـە جیاوازەکانـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد، لـە ڕەوەنـدی کوردیـدا هاتووەتـە کایـەوە. نەخاسـمە کـە بارودۆخـی مـاددی بـۆ کاری میدیایـی و ڕێکلامکـردن و چالاکیـی ڕێکخسـتنەکانی خەباتگێـڕان لەپێنـاو سـەربەخۆیی کوردسـتان لـە هەنـدەران باشـتر بـووە و بـەراورد ناکرێـت بـەوەی کـە لـە نیشـتمانی خۆیـدا هەبـووە (تەنیـا باشـووری کوردسـتانی لێدەرچـێ).

ئـا بـەم شـێوەیە هـۆکارە سیاسـییە نێوخۆییـەکان هەرگیـز ڕۆڵیـان نەبـووە لـە پتەوکردنی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد و کۆکردنـەوەی ڕەوتـە جیـاوازەکان لەژێـر چەترێکـدا و تایبەتمەندێتیـی سیاسـەتی تەقلیدیـی کـوردی پێنەگـۆڕاوە. لـە سـەرەتادا بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد بـە زۆریـی بابەتـە پێکناکۆکـە نێوخۆییـەکان دەناسرایـەوە کـە بنەمایەکـی بابەتیانەیـان هەبـووە و دواجـار بووەتـە هـۆی سـەرهەڵدانی ململانێـی تونـد و لـە کۆتاییـدا زیانـی بـە بزووتنەوەکـە گەیاندووە. هاوکات پێویسـتە ئەو لایەنە بابەتییانـەش ڕەچاوبکرێت کـە هەڵقـوڵاوی عەقڵییەتـی نموونەیـی ناسیۆنالیسـتی کوردییە-گرێکوێـرەی ئیتنۆ-دەروونی، ناجێگیـر، وروژێـنراوی سـازدراو بـۆ هەموو جـۆرە ئاکارێکـی توندڕەوانە، لە هەمان کاتیشـدا تاکێکـی داخـراو لەبـەردەم کەسـانی نامـۆ کـە ئـارەزووی گۆشـەگیری بـکات.

هۆکارەکانی سیاسەتی دەرەوە:

ئـەو میراتـەی، نەخاسـمە جیۆ-سیاسـی کـە لـە مێـژووەوە بـە میرات بـۆ کـورد ماوەتەوە لەپـاڵ بارودۆخـی سیاسـیی نێوخـۆی ئـەو وڵاتانـەی کوردیـان تێدایـە هەرگیـز سـەرچاوەی ئـەو هۆکارانـە وشـک نابـن کـە دەبنـە هـۆی سـەرهەڵدانی ئـەو ململانـێ تونداندی لـە ئێسـتادا لـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردا هـەن. لـەم ڕووەوە هـۆکارە نێودەوڵەتییـەکان و سیاسـەتی دەرەوە ڕۆڵێکـی تایبـەت و زۆر گرنگیـان گێـڕاوە، چونکـە لـە یەککاتـدا کێشـەی کـورد کاریگەریـی لەسـەر بەرژەوەندییـە ژیارییەکانـی چەندیـن وڵاتـدا هەیـە، لەوانـەش وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، ڕووسـیا و ڕۆژئـاوای سـەرەکی (بـە ئەمەریکاشـەوە) واتـا کێشـەکە نێودەوڵەتـی و جیهانییـە.

بەهــۆی هەڵکەوتــەی جوگرافیایــی ڕۆژهەڵاتــی ناویــن (ڕۆژئــاوای ئاســیا، تورکیــا، ئێــران، وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی عەرەبــی) کــە خاڵــی یەکگرتنــی ســێ کیشــوەرە، هــەر لــە زووەوە ناوچەیەکــی پــڕ لــە کێشــە و ســەرچاوەی پێکدادانــە سیاســی و دیپلۆماســی و ســەربازییەکان بــووە و لەســەر ئاســتی ئیقلیمــی و جیهانیشــدا ململانێــکان نابڕێنــەوە. کوردســتانیش کــە پێگەیەکــی ســتراتیژی و مەرکەزیــی لەســەر ئــەم پارچــە خاکــەدا هەیــە، بەهــۆی سروشــتە شاخاوییەکەشــییەوە، بووەتــە قەڵایەکــی سروشــتی و گەلێکــی جەنــگاوەر و ئازادیخــوازی تێــدا دەژێــت، هەمیشــە «پەڵەیەکــی گەرمــی» زۆر گرنــگ بــووە کــە بەرژەوەندییــە پێکناکۆکەکانــی چەندیــن گــەل و وڵاتــی تێــدا کۆدەبێتــەوە. هەتاوەکــو ســەرەتای ســەدەی نــۆزدەش لەپێنــاو دەســتبەرداگرتنی خاکــی کوردســتان، ئیمپراتۆرییەتــی عوســمانی و ئێرانییــەکان لــە ململانێیەکــی بەردەوامــدا بــوون، پاشــان هێــزە داگیرکارییەکانــی ئەورووپــا هاتــن: ڕووســیا (دوای ئــەوەی قەوقــازی هاتەســەر) و ئینجــا ئینگلتــەرا و فەرەنســا و ئەڵمانیــا، لــە کۆتایــی جەنگــی جیهانیــی یەکەمیشــدا ئەمەریــکا بایەخــی زیاتــری بــە کوردســتان دەدا و لــە ئێســتادا هەوڵــی دۆزینــەوەی ڕێگەچارەیەکــە بــۆ کێشــەی کــورد کــە لــە بەرژەوەندیــی خۆیــدا بێــت، لەمەشــدا بەریتانیــا هاوکاریەتــی. لــەدوای جەنگــی دووەمــی جیهانیــدا وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناویــن (تورکیــا، ئێــران، عێــراق، ســووریا) بــۆ کۆنترۆڵکردنــی بارودۆخــی کوردســتان لــە ململانێدانــە، بــەڵام نــەک بــە فشــاری هێزەکانــی ڕۆژئــاوا وەک چــۆن لەمــاوەی نێــوان دوو جەنگــە جیهانییەکــە دەکــرا، بەڵکــو ئەمجارەیــان هەریەکــە و بەجــودا و ســەربەخۆ هەوڵــدەدەن کوردســتان بخەنــە ژێــر ڕکێفــی خۆیــان.

ئــەو هێزانــەی دەیانــەوێ کوردســتان کۆنــترۆڵ بکــەن، تەنیــا فاکتــەری جیۆ-سیاســی و جیۆ-ســتراتیژی نایانبزوێنــێ، بەڵکــو بەرژەوەندییــە جوگرافیایــی و ئابووریــەکانیشــیان لەپشــتە، چونکــە باشــوور و ڕۆژئــاوای کوردســتان بەتــەواوی و بەشــێکیش لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەکەونــە ناوچەیەکــی هــەرە گرنگــی بەرهەمهێنانــی نــەوت. لــە ئاکامــی هەمــوو ئەمانــەدا کۆمەڵێــک نیــاز و کــرداری تێکهەڵکێــش دروســت بــووە کــە هێندێــک جــار ئاکامــی نادیــار دەدەنــە دەســت. پێویســتە تیشــک بخرێتــە ســەر سیاســەتی وڵاتانــی ڕۆژهەڵاتــی ناویــن و ئەوانــەی پارچەکانــی کوردســتان لەخۆدەگــرن کــە هەڵوێســتی دوژمنکارانــە دژی

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەنوێنن لە ئاست ئارەزووی (ڕاستەقینە یاخود ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت) بۆ وەدیهێنانی مافی گەلی کورد لە مافی چارەی خۆنووسین یاخود داننان بە ناسنامەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی یاسا و دەستووردا. ڕێڕەوی سیاسیی دژایەتیکردنی کورد لەم دەوڵەتانەدا دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکیان بەرەو ناوەوە و ئەوی دیکەیان بەرەو دەرەوە ئاراستەکراون.

هەموو شێوازێکی کارکردنی ڕاستەوخۆی تیرۆر و توندوتیژی لەسەر کوردی باکوور جێبەجێ دەکرێت، لە ڕۆژهەڵاتیش جۆرەها فشاری ئایدیۆلۆژی و سیاسی بۆ کوشتن یاخود خاڵیکردنەوەی ئیرادەیان لە ناڕەزایەتیی نەتەوایەتیدا خستووەتە کار، بۆئەم مەبەستەش پڕوپاگەندەیەکی چڕی ئیسلامی بەکاردەهێنرێت، لە هەموو ئەو پارچانەی کوردیان تێدا نیشتەجێیە دەسەڵاتداران ڕێوشوێنی کاریگەر بۆ بەکارهێنانی جاش و خۆفرۆشان دەگرنەبەر ... هتد.

سەبارەت بە کوردی پارچەکانی دیکەی دراوسێی کوردستانیش، ڕێچکەیەکی پێشکەوتووتر دەگرنەبەر و ئامانجیان لاوازکردنی هێزەکانی بەرگریی نەتەوەییە لەنێوخۆدا و ڕێگریکردنە لە دامەزراندنی ناوەندەکانی ئۆتۆنۆمی یاخود سەربەخۆیی کورد لەهەر شوێنێکدا بێت کە دەکرێ لە ئایندەدا ببێتە بەشێک لە دەوڵەتێکی کوردیی یەکگرتووی خاوەن سەروەری، بۆیە بە هەموو شێوازێک ئاگری ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کورد خۆش دەکەن کە بنەچەیەکی مێژوویی کۆنیان هەیە، هەروەها تۆڕێکی چڕی هەواڵگریی لەنێوان سەرۆک هۆز و ئەو شێخانە پێکدێنن کە نەیار و ناحەزی یەکترین و هەوڵی گەورەکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانیش دەدەن و کار لەسەر دنەدانی ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییە نێوخۆییەکانی نێوان ئەندامانی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی کوردان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک ئامرازی کاریگەر بەکارهێناوە: هاندان، کاری هەواڵگری–سیاسی و بەکارهێنانی بەکرێگیراوان تادەگاتە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی چەکدارانە، هەروەکو ئەوەی لە باشووری کوردستان بینیمان.

ئۆپەراسیۆنە نهێنی و ئاشکراکانی وڵاتانی دەوروبەر لە کوردستان زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد گەیاندووە و بووەتە بەربەستی سەرەکیی بەردەم

بەدیهێنانی یەکگرتنیان کە لە ئاکامدا بووەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین ململانێ لەنێو بزووتنەوەکە و پەرتەوازەبوونی هێزەکانی بەرگریی نەتەوەیی. لە هەمان کاتیشدا هەوڵەکانی چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ سوودوەرگرتن لە شێواندنی بارودۆخی بەشەکانی تری کوردستان لە بەرژەوەندیی خۆی، ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی هەبووە، پەرەسەندنی مەترسیداری وەهاش هەبووە لە قازانجی بەرخودانی کورددا شکاوەتەوە کە مەبەستی زیانگەیاندن بووە بە بەشەکەی تری دراوسێی.

هەروەک ئاکامەکانی دەستوەردانی هێزە ئەوروپی و ئەمەریکییەکان لە ژیانی سیاسیی شێواوی ناوچە کوردییەکان جیاواز و دژ بەیەکن، هەریەکەو گەمەی تایبەتی خۆی کردووە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە سەربازی و سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیان، هەڵبەت گوێیان بە خواستەکانی کورد نەداوە، هەروەها دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆ وەک کۆتاییەکی سروشتی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد بۆ هێزە پێوەندیدارەکان بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوین، مایەی قبوڵ نییە، چونکە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی حەتمیی چوار دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و سەرهەڵدانی بێسەروبەریی لە سیستمی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەکەدا کە تا بڵێی مەترسیدارە و دوور نییە ئەنجامی چاوەڕوان نەکراوی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەمە پەیوەستە بە هێڵی ستراتیژیی ڕۆژئاوا و ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، سەبارەت بە تاکتیکی چەند دەوڵەتێک لە ماوەیەکی دیاریکراودا، سیاسەتی کورد بۆ زلهێزەکان جیاوازتر بووە، هەریەک لەم وڵاتانەش مامەڵەیەکی پراگماتیکییان لەتەک کێشەی کورددا کردووە و لەچوارچێوەی پشتگیریکردنی گوتارە تاکە کەسییەکانی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتەکان لە وڵاتێکی دیاریکراودا کە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد لەڕیزبەندی خواری خوارەوەی لیستی ئەواندایە و گرنگترین شت لەلای ئەوان قایمکردنی پێگەی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بووە لە کوردستان و دوورخستنەوەی ڕکابەرەکانیان بووە لەوێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجەشیان ویستیان بزووتنەوەکانی کورد بەکاربێنن و لەژێر چاودێرییەکی سەختدا کەمێک ئازادییان پێببەخشن. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جارێک سەرکەوتوو نەبوونە

و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە چەند ناوچەیەکدا سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوە بە پشتبەستن بە پشتوانییە کراوە یاخود داخراوەکان کە لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمەکانەوە بۆی دەستەبەر کراوە. ئەم دەستوەردانانە لەلایەکەوە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرە ململانێیەک کە ببێتە مایەی دابەشکردنی بزووتنەوەی کورد بۆ چەند کەرتێکی سەربەخۆ (چونکە زۆر جار بەرژەوەندیی هێزە دەستوەردەرەکان لەگەڵ یەکدا پێکناکۆک دەبوون) لەلایەکی دیکەوە لە چەند ناوچەیەکی کوردنشیندا ڕێخۆشکەر بوونە بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی ڕێژەیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد. ئەمە مشتومڕی بارودۆخی جیۆسیاسیی بووە لە کوردستانێکی ڕاپەڕیودا. کە لەلایەکەوە بەربەست بووە لەبەردەم یەکگرتنی هێزەکان لە سەرتاسەری کوردستان، لەلایەکی دیکە هاوکار بووە لە یەکگرتنی هێزەکان لە چەند پارچەیەکی کوردستان کە دواجار چەندین سەرکەوتنی مەزنی بۆ جەنگاوەرانی ئازادی و سەربەخۆیی کورد هێناوەتە ئاراوە.

مێژووی پێوەندییەکانی نێوان کورد و هێزە دەرەکییەکان (نەک ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوین) نموونەی لەم جۆرە دەستوەردانانەی تێدایە کە هێزە دەرەکییەکان بۆ کاروباری نێوخۆی کورد ئەنجاچوارچێوەیداوە و مامەڵەیان لەگەڵ سەرجەم ڕەوتە سیاسییەکانی کورددا کردووە (تەنانەت توندئاژۆکانیش) بۆنموونە لە سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا و لە گەرمەی شەڕی نێوان ڕووسەکان و تورکیا، سەرکردایەتیی ڕووسیا پەنای بۆ پشتیوانیکردنی سەرکردەی هۆزە کوردەکان برد کە دژی حکومەتی سوڵتانەکان ڕاپەڕیبوون، هاندانی ڕاستەقینەی ڕووسەکان بۆ جوداخوازیی فیۆدالیزمی کورد ڕۆڵێکی گرنگی لە دامەزراندنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەبووە لە سەرەتای هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا، لە هەمان کاتیشدا، بەتایبەتی لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم، ڕووسیا پێوەندییەکانی لەگەڵ ناسیۆنالیستە بەراییەکانی کورد[٢] لەسەر ئاستی حکومەتدا خۆشکرد، سەرەڕای خواستەکانی ئیمپریالییەت بۆ ڕووسیای قەیسەری لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتەی لەو ناوچەیەدا بابەتیانە و لە بەرژەوەندیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دا بووە.

زلهێزانـی دیکـه (ئینگلتـەره بـه پلـەی یەکـەم) و ئیمپراتۆرییەتـی ئەڵمانیـا و فڕەنسـا هەوڵیانـداوە خەباتـی کـورد لەپێنـاو سـەربەخۆییدا بـۆ مەبەسـتی تایبەتـی خۆیـان بەکاربێنـن، بـەڵام سـوودێکی ئەوتۆیـان دەسـتنەکەوت. کـوردی باشـوور و ڕۆژئـاوا کـه تـازە بەتـازە یەخەیـان لـه یەخـەی عوسـمانییەکان ببـووەوە (کـه چەندیـن سـەدەی خایانـد و هەنگاوێکـی پێشـکەوتنخوازانە بـوو لـه مێـژووی کـورد) لـه دوای جەنگـی جیهانیـی یەکەمـدا کەوتنـه ژێـر دەسـەڵاتی کۆلۆنیالیزمـی بەریتانـی و فڕەنسـی کـه بەهۆیـەوە کوردسـتان کەوتـه ژێـر بـاری پرۆسـەیەکی دیکـەی دابەشـبوون و دابەشـبوونەکە لەسـەر حسـێبی پارچەکانـی عێـراق و سـووریا بـووە. هەبوونـی ڕاسـتەوخۆی دوو کۆلۆنیالیزمـی ڕۆژئاوایـی لەسـەر خاکـی کـوردان کـه (لـه کاتـی جەنگـی جیهانیـی دووەمـدا) ڕکابـەری یەکـدی بـوون، وای لـه هێـزە فاشـیزمەکانی میحـوەر کـرد بڕینـه نێـو گێژەنـی ململانێکـردن لەسـەر کوردسـتان کـه لـه ئاکامـدا بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی ململانێـی نـوێ لەسـەر هـەردوو ئاسـتی نێوخۆیـی و نێودەوڵەتیـدا بـۆ پرسـی کـورد کـه هەتاکـو ئەمـڕۆ بەشـێوەیەک لـه شـێوەکان بەردەوامیـی هەیـە.

یەکێتیـی سـۆڤیەت ڕۆڵێکـی تایبەتـی لـەو ڕووداوانـەدا گێـڕاوە کـه لـه کوردسـتان ڕوویانـداوە و لـه هـەردوو لایەنیئایدیۆلۆجی و سیاسـیدا ڕەنگیداوەتەوە. بەپێـی بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیـای فەرمـی کە پشـتیوانی لـه مافی گـەلان دەکات بۆ وەدەسـتهێنانی مافی چارەی خۆنووسـین، وای لـه یەکێتیـی سـۆڤیەت کـردووە هەمیشـه پشـتگیریی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد بـکات کـه بووەتـه هـۆی سـەرهەڵدانی ڕەوتێکـی چەپڕەوانـەی لایەنگـری سـۆڤیەت و دواتـر کۆمۆنیسـتی لەنێـو ناسیۆنالیسـتی کـورد و لە کاتی جەنگـی جیهانیـی دووەم و لەپاش جەنگیشـدا تـەواو چەسـپابوو و لـه چارەگـی کۆتایـی سـەدەی بیسـتدا لەگـەڵ هاوئاوازانـی ڕۆژئـاوادا کەوتنـه ململانێیەکـی نوێـوە لەسـەر بنەمـای نەریتـی دەرەبەگایەتی-ئیکلیریکـی. لەچوارچێـوەی قەیرانـه قووڵەکـه و هەرەسـهێنانی یەکێتیـی سـۆڤیەتدا ڕێبـازی بناژۆخوازیی مارکسـیزمی لینینیزمـی لەسـەر کۆپیی ماوی-کاسـترۆیی بڵاوبـووەوە و سـەرکەوتنێکی کاتیی لـه باکـووری کوردسـتاندا بەدەسـتهێنا و بزووتنەوەیەکـی یاخیبـوون بـه سـەرۆکایەتیی پارتی کرێکارانـی کوردسـتان (PKK) سـەریهەڵدا و ململانێیەکـی تونـدی خۆبەخـۆی کـوردی لێکەوتـەوە، بەتایبەتیـش لـه باکـوور و باشـووری کوردسـتان.

سەبارەت بە لایەنە سیاسییەکە (سەربازی-سیاسی) دەستوەردانی یەکێتیی سۆڤیەت لە کاروباری دەرەوەی کوردان کەمتر بوو و کاری لەپێشینەی ئەوکاتی سۆڤیەت، دامەزراندنی پێوەندییەکی دۆستانە بوو لەگەڵ تورکیا و ئێران و پاراستن و پتەوکردنی ئەو پێوەندییە بوو، مۆسکۆ هەر هاوکارییەکی بزووتنەوەی کوردی لەو دوو وڵاتە بکردایە، بە زەرەر دەشکایەوە سەر پێوەندیی ڕێزگرتن لە وڵاتانی دراوسێ. تەنیا لەماوەی جەنگی جیهانیی دووەم و کەمێکیش پاش کۆتایی جەنگەکە، کاتێک سوپای سوور بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کرد، هەروەها لە شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشەکەی مستەفا بارزانی لە باشووری کوردستان، سۆڤیەت ڕێسای پاراستنی پێوەندییەکانی شکاند، بەڵام زۆری نەخایاند و لەژێر کاریگەریی بارودۆخی دەرەکی، پشتی لە کورد کرد و کوردیان دایەدەست چارەنووسێکی نادیار.

بۆ ماوەیەکی زۆریش ئەمەریکا هێندە بایەخی بە پارچەکانی کوردستان نەدەدا و هەر ناکۆکی و دووبەرەکییەک لە هەر پارچەیەکی کوردستان سەریهەڵبدایە ڕۆڵێکی لاوازی تێدا دەگێڕا و هێندە پەرۆش نەبوو، بەڵام ئێستا لەدوای پرۆسەی گەردەلوولی بیابان، هاتووەتە کوردستان بەتایبەتیش بەشە باشوورەکەی کە دەکەوێتە نێو خولگەی جیۆپۆلەتیکی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە بەشداریی بەریتانییەکان پێگەیەکی سەرەکیی بۆخۆی کردەوە، ئینجا لەژێر چەتری جوداکردنەوەی پشکی خۆی لە داهاتی نەوتی عێراق، دەستیکرد بە کۆکردنەوەی دۆلارێکی زۆر. ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەش لە ئێستادا بووەتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ (بەڵام نەک بە ڕەهەندێکی یاسایی) ناوی کوردستانی ئازادە کە ئابووریی‌یەکی بووژاوە و کلتوورێکی گەشەسەندووی هەیە. ئا بەم شێوەیە ئەمەریکا بە ویستی خۆی نا، بە ویستی بارودۆخەکە سەربەخۆییەکی لە پڕکێشەترین ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا بۆ کورد دەستەبەرکرد. لە کاتی پێویستیشدا ڕۆڵی ناوبژیوان دەگێڕێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نێوخۆییەکانی کورد و ئاساییکردنەوەی بارگرژیی نێوان لایەنە سیاسییەکان. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: کوردستان ناوچەیەکی پڕ لە پرسە پێکناکۆکە نێوخۆیی و دەرەکییەکانە کە سروشت و ڕووخساری لەڕووی مێژوویی‌یەوە

سیمایەکی مەرجدار و ئۆرگانیکیی هەیە[٣]. لەوانەی پێشەوە دەتوانین بگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. پرسی کورد لەڕووی قەبارە و ناوەڕۆکەوە دەرفەتێکی گەورەی لەپێشدایە ببێتە کێشەی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە سەدەی بیست و یەکدا. ململانێکان لە کوردستانی پارچەپارچەکراودا زەق و ئاشکران و نکۆڵییان لێناکرێ، دوور نییە فرەوانتر و قوواڵتر ببنەوە. لە چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناویندا چارەنووسی هەوڵەکانی دەسەڵاتداران بۆ دەستەمۆکردن و سڕکردنی بزووتنەوەکانی نەتەوەیی کورد، شکستهێنانیان حەتمییە و دەبنە هۆی ئاڵۆزکردنی زیاتری کێشەی کورد.

٢. دەستوەردانی هێزە ئیقلیمی و دەرەکییەکان لە ناکۆکییەکانی نێوخۆی کوردستان، کێشەکان گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبن و ئاکامی نادیار و چاوەڕواننەکراوی لێدەکەوێتەوە. بەتایبەتیش لەو حاڵەتانەی هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجی دژ بە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد دەدرێت کە بێگومان کارەکتەرێکی نەرێنیی دەبێت، ئەگەر هۆکاری سەرەکیی دەستوەردانەکە پاڵنەرێکی خۆپەرستانە بێت و بۆ سیاسەتی هێزێک بێت لە کوردستان. ئەو هاوکارییە دارایی، ئابووری، مرۆیی و سیاسییانەی ڕۆژئاوا بە کوردی باشووری پێشکەشکردووە، ئەنجامی بوونی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بووە لە کایەی ئاسمانیی باشووری کوردستان لەدوای شەڕی کەنداو.

٣. ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سیاسیی نێوخۆی ئێستای کوردستان کە لێوانلێوە لە ململانێی جیاواز، هەرگیز مانای ئەوە نییە کە وڵات نغرۆی بێسەروبەریی بووە و تووشی شێواوی و هەڵبەزودابەزین هاتووە. کۆمەڵگەی کوردەواری بە قۆناغێکی قورسی ڕاگوزەریدا تێپەڕ دەبێت و لەپاڵ تایبەتمەندییە کۆنەکاندا کە تەنیا دوژمنانی ئازادی و سەربەخۆیی کورد لێی سوودمەندن، بە پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە هێزەکانی بەرخودانی نەتەوەیی پەرەدەسێنن و بەرەبەرە بەهێزتر دەبن. کورد خەریکە پەند لە مێژووی سەختی خۆیان وەردەگرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هۆکار و ئاکامە نەرێنییەکانی ململانێی نێوخۆ بۆ دەربازبوون لە چەوساندنەوە و دووبارەکییە کۆنەکانی نێوانیان. هۆشیاریی سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە بەرچاومانەوە بەرەو هەڵکشانە و هاوشانی هەڵکشانی ئەم هۆشیارییە، تێبینیی زاڵبوون دەکرێت بەسەر ئاکامە

کارەساتبارەکانی دەستوەردانی بەکرێگیراوانی ئەو هێزە دەرەکییانەی دژی ئازادیی کوردن. هەروەها کورد دەستی بە پەرەپێدانی کێڕڤی نەتەوەیی تایبەتی خۆیان کردووە، ئەمەش باشترین دژە ژەهری نەخۆشیی ئەو ململانێیانەیە کە هەمیشە کورد بەدەستیانەوە دەناڵێنێ. ئەم ئاراستە دروستەی کەوا سااڵنێکە لەچاوەڕێیدان بۆ یەکخستنی سەرجەم هێزە سەرەکییەکانی ناڕەزایی نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردەواری، هێشتا دووری لە سەرکەوتنی یەکجارەکی، بەڵام سەرکەوتنە بەراییەکان هەستیان پێدەکرێت و گەشبینی بە ئایندەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەبەخشێت.

سەرچاوەکان

1- A.J. Toynbee. Survey of international affairs. 1934. L. 1934, c. 134-135.

2- См.: Н.А. Халфин. Борьба за Курдистан (Курдский вопрос в международных отношениях XIX века). М. 1963; М.С. Лазарев. Курдский вопрос (1891-1917). М. 1972.

3- См. первую постановку вопроса на тему в моей статье: Многоконфликтный Курдистан (постановка вопроса). В сб. «Западная Азия, Центральная Азия и Закавказье. Интеграция и конфликты». М. 1995, с. 92-101.

هەڵوێستی دراوسێ ئیقلیمییەکان لە سەربەخۆیی کوردی عێراق

ی. ف. دۆنایێف

ئەو پێشهاتانەی لە عێراقدا ڕوویاندا کە بە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی پەیوەست بوون و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوخۆی وڵات لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکی و هێزە سیاسییەکانی دیکە، وڵاتانی دراوسێی عێراقی زۆر نیگەران کردووە. پێش هەموو شتێک زێدە بایەخدان بە باشووری کوردستان لەچوارچێوەی بارودۆخی وڵاتانی دراوسێ لێکدەدرێتەوە، ئەوان پێیانوایە هەبوونی هێزەکانی داگیرکاریی بیانی مایەی هەڕەشەن بۆ ئاسایشی نێوخۆی وڵات بەتایبەتی و سەقامگیریی ئیقلیمی بەگشتی. بۆنموونە شرۆڤەکارانی سیاسی لە تاران وایدەبینن کە قەیرانی عێراق گرنگترین ڕووداوی نێودەوڵەتییە لەپاش هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت و لەناوبردنی سیستمی جووت جەمسەری لە جیهاندا، ئەوان قەیرانەکە وەها هەڵدەسەنگێنن کە پرسێکی ئیقلیمی نەبێت بەتەنیا، بەڵکو دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە تەرازووی هێز و لە ئاستی جیهاندا لە بەرژەوەندیی ئەمەریکادا بەکۆتادێت و کاریگەریی دەبێت لەسەر پەرەپێدانی سیاسی، ئابووری، کلتووری، ئایینی و ژینگەیی وڵاتانی دەوروبەر[1]، لەگەڵ ئەوەشدا بارودۆخی پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، سەرباری هەبوونی فیرقەیەکی سەربازیی بیانی، هۆکارگەلێکی وەهای تێدایە ڕەنگە ببێتە هۆی شڵۆقاندنێکی مەترسیدار نەک هەر بۆ وڵاتانی دراوسێ، بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکەش. نیگەرانییە گەورەکەی وڵاتانی دراوسێ لەم پرسیارە دایە: **ئاخۆ عێراق بەیەکگرتووی دەمێنێتەوە؟**

تەنانەت لەکاتی ئامادەکارییەکانی ئەمەریکا بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، کێشەی هەیکەلی سیاسیی داهاتوویئەم وڵاتە وروژێنرابوو و بەڕاستی ترسی خستبووە دڵی سەرکردەکانی ئێران، تورکیا وسووریا، ئەم دەوڵەتانە پێشبینییان دەکرد عێراق ببێتە ئەفغانستانی ساڵی هەشتاکان، یاخود لوبنانی حەفتاکان و سۆماڵی نەوەتەکان[2]. لە

کوردستان هەبوونی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کوردان لەلایەک و داواکاریی ڕێژەیەکی زۆری شیعەکانی باشووری عێراق بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لەلایەکی دیکەوە، دوور نییە مەترسییەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق ببنە دیفاکتۆیەکی تر و بەڕاستی بێنەدی. هەروەها پێکهاتەی نەتەوەیی و مەزهەبیی هەر سێ وڵاتی دراوسێ و هەبوونی ناوچەی کوردنشین تێیاندا، دەبنە سەرچاوەی نیگەرانییەکی ڕاستەقینە بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە.

هەژی گوتنە بە درێژایی چەند دەیەیەکی ڕابردوو، کێشەی کورد ببوو بە فاکتەری ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین، بەدیاریکراویش لەو کاتانەی گۆڕاکاریی سەربازی-سیاسی یاخود لاوازبوونی دەسەڵاتدارانی ڕژێمەکان ڕوویانەدا، بۆنموونە: شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، شەڕی ئێران-عێراق، داگیرکردنی کوێت و ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی بیابان. سەرباری هەموو ئەمانەش چالاک کردنی پرسە سیاسییەکانی بەشێکی دیاریکراوی کوردستان (باشووری کوردستان) وەک ناوەندێکی سەرەکی، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان لە پارچەکانی دیکەدا دەوروژاند. بۆئەوەی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی سووریا، ئێران، تورکیا و عێراق پارێزگاری لە دەوڵەتێکی ناوەندی بکەن، دەبوو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد کە بە هەوڵی جوداخوازی لەقەڵەمدەدران، بە زەبری ئاگر و ئاسن سەرکوت بکردایە.

لەم قۆناغەی ئێستادا دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کوردی باشوور (ڕەنگە ئەم هەرێمە ببێتە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ لە حاڵەتی هەرەسهێنانی سیستمی حوکمڕانیی عێراقدا) وەڵامدانەوەیەکی فرەوانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان هەبووە کە لە بنەڕەتدا زۆربەی دانیشتوانی وڵاتانی دراوسێ مەیلی بەرهەڵستیکردنی دەسەڵاتدارانیان هەیە، یاخود دەبێتە هۆی ورووژاندنی هەستی ناسیۆنالیستی یان هەڕەشەکردن لە سەقامگیری و یەکپارچەیی خاکی ئەو دەوڵەتە، بۆیە تاران و دیمەشق و ئەنکەرە هەرگیز گوێیان بە پەرەسەندنی پرۆسەی سیاسیی عێراق نەداوە بە ئاراستەیەک بێت کوردی باشوور بگەیەنێتە سەربەخۆیی کە تا ڕادەیەک ئەمەریکاش پشتگیریی لێدەکات. لەم ڕووەوە سەرکردەکانی ئێران، سووریا و تورکیاسەبارەت بەم پرسە لە هەوڵی دۆزینەوەی هێڵێکی هاوبەشدان. لەسەروبەندی لەشکرکێشیەکەی

ئەمەریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، پێوەندییە دوو قۆڵی و ئیقلیمییەکانیان چڕکردەوە و لەسەر ئاستی ناوچەکەدا دەستیان بە گرێدانی چەندین کۆنفرانس کرد. لە ئەنجامەکانی ئەم کۆنفرانسانەشدا لێکنزیکبوونەوەیەک لەنێوان سووریا و تورکیا هاتەئاراوە و پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیاش ئاسایی بووەوە[٣]. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٣ لووتکەی وەزیرانی دەرەوەی سووریا، میسر، ئوردن، شانشینی عەرەبی سعودی، ئێران و تورکیا بەسترا، لە نیسانی هەمان ساڵدا وەزیرانی دەرەوەی ناوچەکە لە ڕیازی پایتەختی سعودیە کۆبوونەوە و نوێنەرانی سەرجەم وڵاتانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە باسیان لە بژاردەی ئاشتیانە دەکرد بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی عێراق، لە کۆبوونەوەی دووەمیاندا هەڵوێستی ڕاشکاوانەی وڵاتەکانیان خستەڕوو و بە ئاشکرا داوای پاشەکشەی هێزە بیانییەکانیان لەنێو خاکی عێراقدا دەکرد، هەروەها داوای هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان دەکرد بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی عێراق. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ڕەوشی هەنووکەیی ناوچەکە وای لە وڵاتانی ناوچەکە کرد پێوەندییە دوو قۆڵییەکانیان چڕبکەنەوە و کاری هاوبەش بکەن لەپێناو پێکهێنانی هاوهەڵوێستییەک لە ئاست کێشەی کورددا.

هەر دەوڵەتێک لەو سێ دەوڵەتە بەجودا هەوڵیان دەدا ئەوپەڕی کاریگەرییان لەسەر پەرەسەندنی ڕەوشی عێراقدا هەبێت، تورکیا لە هەوڵێکیدا بۆ وەرگرتنی چەند تەندەرێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراقی پاش ئۆپەراسیۆنی گەردوولی بیابان کەوتە دانوستاندن لەگەڵ ئەمەریکا، بەڵام دوای ئەوەی ئەمەریکا داواکانی تورکیای ڕەتکردەوە، پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا تێکچوو و ڕێگەی نەدا چیدی ئەمەریکا خاکی تورکیا بۆ کاری سەربازی بەکاربهێنێ. ماوەیەکی زۆریش پێوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسییەکان عێراقدا خۆشکرد، تەنانەت لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش کە دژی ڕژێمی سەدام حوسێن بوون، ئەم هەنگاوەشی بۆئەوە بوو کە سەبارەت بە هەیکەلییەتی ئایندەی عێراق زانیاریی دروستی دەستبکەوێت و چەندین جار سەرکردەکانی ڕێکخراوە سیاسییەکان سەردانی تورکیایان کرد و لەوێ لەگەڵ سەرکردەکانی تورکدا کۆبوونەوە[٤].

ئێران کە لە دابەشبوونی عێراق و هێرشی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی

ئەمەریکا لە سنووری عێراقەوە بۆ نێو خاکی ئێران دەترسا، بەڵام پێوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە شیعییەکانی عێراق هەر هەبوو و هەوڵی پتەوکردنی ئەو پێوەندییانەی دەدا و لە ڕێگەی ئەو گرووپانەوە کاری بۆ لاوازکردنی پێگەی کوردی باشوور دەکرد، بەپێی سەرچاوەکان، پێوەندیی ڕاستەخۆی لەگەڵ (ئەحمەد چەلەبی) سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقدا هەبووە تەنانەت پێش ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی هێزەکانی هاوپەیمانانیش لە ڕێگەی ئەحمەد چەلەبییەوە زانیاریی لەسەر بارودۆخی عێراق بە ئەمریکییەکان دەگەیاند، ئەمەش پرسێکی مەرجداربوو بە بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ڕووخانی سەدامدا[٥].

ئەو بایەخە زۆرەی وڵاتانی ناوچەکە بە هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەی ئەو ڕاستییەیە کە خاکی هەرێم بۆ دزەکردنی نوێنەرانی خزمەتگوزارییە تایبەتەکانی ئیسرائیل بەکاردەهێنرا تاوەکو لەوێوە بگەنە سووریا و ئێران، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا بڵاوەکرایەوە، لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە هەزار و دوو سەت کارمەندی دەزگای مۆساد لە باشووری کوردستان چالاک کرابوون و مەشقیان بە یەکە چەکدارەکانی کورد دەکرد و لە ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە شیعە بەشداریان لە یەکەکانی کۆماندۆزدا دەکرد و چاودێریی بارودۆخی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستانیان دەکرد، تەنانەت بۆ هاوکاریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێم جاروبار سنووری ئەو دوو وڵاتەشیان دەبڕی[٦]. هەروەها ئیسرائیل لەڕێگەی ئوردنەوە چەند لینکێکی هەمیشەیی بازرگانیی لەگەڵ کوردی باشوور دامەزراند. میدیاکانی وڵاتانی ناوچەکەش بە بەردەوام بابەتی وەهایان بڵاوەکردەوە کە گوایا پێوەندییەکی بەتین لەنێوان بەرپرسانی کورد و ئیسرائیلدا هەیە، تەنانەت ئەمەریکاش نیگەرانە لەو پێوەندی و پشتیوانیانەی ئیسرائیل لە جوداخوازانی باشووری کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر دەکات، چونکە ئەم سیاسەتە ناتەبایە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوان لە ڕێگریکردن لە فرەوانکردنی سنووری ئۆتۆنۆمییەکەی کوردی باشوور لەم قۆناغەدا. سوریا و ئێران، ئیسرائیل بە دوژمنێکی سەرسەختی خۆیان دادەنێن و بوونی ئیسرائیل لە ناوچەکە و دزەکردنیان لە سنووری عێراقەوە ناچاریان دەکات سوپا و پۆلیسی زیاتر ڕەوانەی ناوچە کوردییەکانی سەر سنوور عێراق بکەن.

بـە لەبەرچاوگرتنـی پاراسـتنی بارودۆخـە سـەربازی و سیاسـییە گرژەکـەی عێـراق و هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی میکانیزمـی بەدیهێنانـی بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی و تایفەگـەری، وڵاتانـی دراوسـێ لـە کۆششـی بەردەوامـدان بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان لـەو وڵاتـە و پشـتیوانی لـە مانـەوەی عێـراق بـەو سـنووره سیاسـی و جوگرافیاییـەی ئێسـتا دەکـەن و بەتونـدی دژی چەسـپاندنی فیدراڵیزمـن لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـێ بزانیـن کێشـەی سـەرەکیی عێـراق گەیشـتنە بـە چارەسـەرێکی ماماوەنـد بـۆ هەیکەلییەتـی عێراقـی ئاینـدە بـە جۆرێـک هەمـوو هێـزە سیاسـییەکانی عێـراق پێپـازی بـن. وڵاتانـی دراوسـێش پشـتگیریی لـە هـەر هەنگاوێـک دەکـەن کـە بـەو ئاراسـتەیە بنرێـت. پێشـوازییان لـە هەڵبژاردنـە پەرلەمانـی و سـەرۆکایەتییەکانی سـاڵی (٢٠٠٥)دا کـرد کـە لـە سـەرەتاکانی ئـەو سـاڵەدا ئەنجامـدران (هەرچەنـدە ئـەوان بـە نهێنـی پشـتگیریی هێـزە سیاسـییە جیاوازەکانیـان دەکـرد) و بـە کردەنـی بەشـداریان لـە هەڵسـەنگاندنی کاندیدکردنـی جـەلال تاڵەبانـی، سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـرد بـۆ سـەرۆکایەتیی کۆمـار و زنجیرەیـەک دیالۆگیـان لەگەڵـدا کـرد، هەڵسـەنگاندنی ئێـران بـۆ تاڵەبانـی بـەم شـێوەیە بـوو: شـارەزا لـە بارودۆخـی نێوخـۆ ... خـودان ئەزموونێکـی زۆری سیاسـیی ... توانـای بڕیـاردان و یەکلاکردنـەوەی کێشـەکان، لـە کۆتاییشـدا هیوایـان خواسـت سـەرکۆماری نوێـی عێـراق بتوانـێ پارێـزگاری لـە سـەلامەتیی دەوڵەتـی عێـراق بـکات[*]. پەیمانگـەی نێودەوڵەتیـی کۆمـاری ڕەزامەندیـی تایبەتـی بـۆ کاندیدکردنـی (ئیبراهیـم جەعفـەری) سـەرۆک وەزیرانـی شـیعە مەزهـەب وەرگـرت و تـەواوی وڵاتانـی ناوچەکـە بایەخێکـی تایبەتیـان بـە پرۆسـەی دارشـتنی ڕەشنووسـی دەسـتوور دەدا کـە هەیکەلیەتـی دەوڵەتـی عێراقـی نـوێ دیاریـدەکات. لەچوارچێـوەی کاریگەریـی هێـزە سیاسـییەکانی دژ بـە حزبـە کوردسـتانییەکان، وڵاتانـی دراوسـێ توانییـان چەنـد ماددەیـەک لـە ڕەشنووسـەکەدا بچەسـپێنن و بـە فەرمـی دان بـەو ئۆتۆنۆمییـەدا بنێـن کـە پێشـتر هەبـووە و هەمـان ئۆتۆنۆمیـش بـۆ شـیعە و سـوونە لـە عێراقـی نوێـدا دەسـتەبەر بکـەن. سـەبارەت بـە هەمـان بابـەت، سـەرکردەکانی ئێـران ڕایانگەیانـد: ئـەوان ڕێـز لـە ویسـتی عێراقییـەکان دەگـرن و ئەنجامەکانـی هەڵبـژاردن بـە ئەرێنـی هەڵدەسـەنگێنن. چەنـد دەوڵەتێکـی دیکـەی ناوچەکـە وێـڕای جیاوازیـی بۆچوونەکانیـان سـەبارەت بـە هەیکەلیەتی حوکمڕانیـی عێـراق، هەمـان هەڵوێسـتی ئێرانیـان هەبـوو. تورکیـا وای بـە بـاش دەزانـی،

عێراقـی دراوسـێی ببێتـە دەوڵەتێکـی دیموکراسـیی فیدراڵـی و حکومەتێکـی بەهێـزی ناوەنـد لـە بەغـداوە سـەرکردایەتیی بـکات و عەرەبـی سـوننەی تێـدا باڵادەسـت بێـت، ئەمەشـی بۆئەوەبـوو کـە تورکیـا بێتـە ڕیـزی وڵاتانـی عەرەبـی ناوچەکـە و هاوەنگییەکیـان لەگەڵـدا پێکبێنێـت، هەروەهـا پێداگریـی دەکـرد کـە سـنووری هەرێمـی کوردسـتان لـەو سـێ پارێزگایـە تێنەپەڕێـت کـە لـە سـاڵی ١٩٩١دا بـە (هێڵـی سـەوز) دیاریکرابـوو. لـە هەوڵێکیشـدا بـۆ ڕێگریکـردن لـە فرەوانخوازیـی کـوردی باشـوور، هاوکاریـی تورکمانەکانـی عێراقـی دەکـرد و پشـتگیریی لەبـەرەی تورکمانـی دەکـرد و داوای گەڕاندنـەوەی خاکـی تورکمانـی لـە ناوچـەی مووسـڵ و کەرکـووک دەکـرد کـە کـورد هەوڵـی دەدا بیانخاتـە سـەر سـنووری هەرێمـی کوردسـتان. *

هەڵوێسـتی فەرمیـی تـاران لـە یەکلاکردنـەوەی کێشـەکانی عێـراق بـەم شـێوەیە بـوو: « ئێـران ڕێگـە بـەو گۆڕانکارییانـە نـادات کـە ببێتە هـۆی گۆڕینـی سـنووری وڵاتانـی ناوچەکە و پارێـزگاری لـە یەکپارچەیـی خاکـی ئـەو وڵاتانـە دەکات»[٧]. هەروەهـا سـەرکردایەتیی ئێـران داوا لـە سـەرجەم یەکـە سـەربازییە بیانییـەکان دەکات دەسـتبەجێ پاشەکشـە لـە خاکـی عێراقـدا بـکات، چونکـە بوونـی ئـەو یەکـە سـەربازییە بیانیانـە دەبنە هـۆی تێکدانی سـەقامگیریی نێوخـۆ و سـنووری عێـراق. لـە ١٨ی ئابـی ٢٠٠٥ نوێنـەری فەرمیـی وەزارەتـی دەرەوەی ئێـران، ئەمەریـکا و بەریتانیـای بـە هاندانـی بزووتنـەوەی جوداخوازانـی کـوردان و عەرەبـی ئێـران تۆمەتبـار کـرد. یەکێـک لـە ئامانجـە سـەرەکییەکانی سیاسـەتی ئێـران لـە ئاسـت عێـراق، کەمکردنـەوەی ئاکامـە ڕووخێنەرەکانـی قەیرانەکەیـە لەسـەر سـنوور و نێوخـۆی وڵات و ڕێگرتـن بـوو لـەوەی کـە عێـراق بکرێتـە پردێـک بـۆ دژایەتیکردنـی ئێـران.

ئێـران پشـتگیری لـە پەرەپێدانـی پێوەندییـەکان و دراوسـێیەتی بـاش و دۆسـتایەتییە لەگـەڵ عێـراق[٨]. پێوەندییـە دیبلۆماسـی و ئابووریـیەکانـی نێـوان ئێـران و عێـراق چڕکرایەوە و لـە ئایـاری ٢٠٠٥دا کەمـال خـەرازی وەزیـری دەرەوەی ئێـران سـەردانی عێراقـی کـرد،

* لـە چەنـد سـەرچاوەیەکی میدیایـی، وەهـا بڵاوکرابـووەوە کـە ئێـران ڕاسـتەوخۆ دەسـتی لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنەکانـدا وەرداوە، بـەڵام گرووپـی نێودەوڵەتیـی تۆژینـەوەی قەیرانـەکان (ICG) کـە چەندیـن لێکۆڵینـەوەی تایبەتـی لـە ئێـران و عێراقـدا کـرد و لـە ڕاپۆرتێکیانـدا بڵاویانکـردەوە: هیـچ بەڵگەیـەک نییـە بـۆ دەسـتوەردانی ئێـران لـە هەڵبژاردنەکانـی عێراقـدا، بڕوانـە: www.crisisgroup.org

لـە حوزەیرانـی هەمـان ساڵیشـدا ئیبراهیـم جەعفـەری چـووە تـاران، لـە تشرینـی دووەم سـەلام مالیکـی نوێنـەری تایبەتـی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق سـەردانی ئەوێـی کـرد، لـە تشرینـی دووەم جـەلال تاڵەبانـی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق سـەردانی ئێرانـی کـرد و زنجیـرە چاوپێکەوتنێکـی لەگـەڵ عەلـی خامەنەئـی سـەرکردەی ڕۆحیـی ئێـران و محەمـەد ئەحمـەدی نـەژاد سـەرۆک کۆمـار و چەنـد بەرپرسـێکی دیکـەی ئێـران، داوای لـە بەرپرسـانی ئێـران کـرد لـە شـەڕی دژە تیـرۆر و پاراسـتنی سـەقامگیریی سـنووری نێـوان ئـەو دوو وڵاتـە هاوکاریـان بـن. هەروەهـا بـاس لـە چەنـد پرسـێکی ئابووریـش کـرا[٩]. بایەخپێدانـی سـەرکردە سیاسـییەکانی عێـراق تەنیـا بـۆ ئاسـاییکردنەوەی پێوەندییەکانـی نێـوان دوو دراوسـێ نییـە، بەڵکـو لەبـەر سـەنگی ئـەو کاریگەرییـەی ئێرانـە لەسـەر لایەنـە سیاسـییە شـیعەکانی عێـراق و بەبـێ ڕێککەوتـن لەگـەڵ ئێـران کێشـەکانی دامەزراندنـەوەی دەوڵەتـی عێـراق ڕەنگـە هێنـدە ئاسـان نەبێـت.

گومانـی تێـدا نییـە کـە ئێـران حـەز دەکات عێراقـی دراوسـێی، دەوڵەتێکـی شـیعە مەزهەبـی یەکگرتـوو بێـت، بـەڵام لەبەرئـەوەی سـەربەخۆیی کـوردی باشـوور بووەتـە دیفاکتۆیـەک و ئێـران درک بـە کاریگەریـی کـورد دەکات لـە ژیانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی عێـراق، بۆیـە بانگەشـەی ڕێزگرتـن لـە سـەرجەم پێکهاتـە ئایینـی و نەتەوەییـەکان دەکات و بـە پێویسـتی دەزانێـت شـیعەی باشـووریش مافـی چـارەی خۆنووسـینیان هەبێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا پشـتگیریی فەرمـی بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی شـیعە مەزهـەب هەرگیـز مانـای ئـەوە نییـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران ڕێگـە بـدات سـەربەخۆییەکەی کـوردی باشـوور پتەوتـر بێـت کـە چالاکـی و ئەزموونـی سیاسـییان ببێتـە ئیلهامبەخشـی کـوردی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا و باکـوور بـۆ فرەوانخوازیـی بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـوردی ئـەو پارچانـە.

سەرچاوەکان

1- Саджджадпур С. Иран ва бохран-е бейнолмеллали-йе эраг: чалешха ва ваконешха.- Сийасат-е хареджи. Vol. 18. Winter 2005, с. 799.

2- Там же, с. 803.

3- Более подробно см. Olson R. Kurdistan-Iraq & Turkey Relations, 2004: The Consolidation of Kurdish Nationalism, с. 40-41.

4- Там же, с. 32-33. Жигалина О.И. Курдская политика США в Ираке и проблемы турецких курдов.- Современный исламский восток и страны Запада. М., 2004, с. 59-60.

5- Раванди-Федаи Р.Л. О влиянии Ирана на ситуацию в Ираке.- Иран после парламентских выборов. М., 2004, с. 58.

6- Olson R. Kurdistan-Iraq & Turkey Relations, 2004: The Consolidation of Kurdish Nationalism, с. 28. G. Malbrunot, S. Haeri. Not Everything is Honey between Americans and Israelis, www.iran-press-service.com. 2.10.2005.

7- Iran strongly rejects any idea of geographic change in Mideast.- www.netiran.com 11.04.2005.

8- Саджджадпур С. Иран ва бохран-е бейнолмеллали-йе эраг, с. 814.

9- www.bbc.co.uk/persian. 23.11.2005.

ئەمەریکا و کوردی باشوور

ئەی. فیۆدۆرۆڤا

لە دەیەکانی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین پێگەیەکی گرنگیان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئەمەریکا داگیرکردبوو کە بەرژەوەندییە ئابووریپەکانی ئەمەریکا دیاریی دەکات و بە ناوچەیەکی فرە دەوڵەمەندی سەرچاوەکانی وزە هەژمار دەکرێت. بنەمای ئایدیۆلۆژیای سیاسەتی ئەمەریکا لەسەر بیروباوەڕی مەسیحییەت دامەزراوە و بە پێویستی دەزانێت مۆدێلی دیموکراسیی ئەمەریکا بە جۆرێک بڵاوبکاتەوە گشت وڵاتانی جیهان بگرێتەوە. میکانیزمی بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت هەژموونی سەربازییە، بۆیە دەبێ ئەو وڵاتانەی بەشداری لەو خەباتەدا دەکەن ملکەچی چاودێریی ئەمەریکایی بن کە گۆندالیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕاشکاوانە ئەمەی ڕاگەیاند و دووپاتیکردەوە مادام ئارەزووی دیموکراسییەت لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، ناکرێت بیوەستێنیت ئەگەر ببێتە هۆی شێواندنی سەقامگیریی نێوخۆیی و تەنانەت هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆش.

لە سەدەی بیست و یەکدا ئەو کارانەی ئەمەریکا بەو ئاراستەیە لە عێراق ئەنجامیدەدا بە ئاشکرا دیاربوو و دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بە بەکارهێنانی پرەنسیپی (پەرتکە و زاڵبە) دەسەڵاتی خۆی بە تەواوی سەپاند و پشتی بە نەیارانی عەرەبی سوننە دەبەست کە سااڵنێکی زۆر بوو لەو وڵاتەدا باڵادەست بوون. سەرکردەی هێزەکانی هاوپەیمانان کاریان لەسەر پرسە پێکناکۆکەکانی نێوان سوننە و کورد ... سوننە و شیعە ... کورد و شیعە و نێوان کورد و تورکمان دەکرد بەجۆرێک لە ئەنجامدا هیچ کام لەم لایەنانەی بەشداربوون لە ململانێ سیاسییەکان نەتوانن ڕیشەی خۆیان داکوتن و لەلایەنەکانی دیکە بەهێزتر دەرکەون.

بەشێکی دیکەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق، پەرەپێدانی مەیلی ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی تووندئاژۆیە لە سیاسەتی کوردی باشوور کە بەشێکیان پشتگیری لە دیموکراتیزەکردنی عێراق دەکەن و هەوڵی زیادکردنی ماف و دەسەڵاتی کورد

دەدەن، بەشێکی دیکەیان داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردان دەکەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین‌دا، سیاسەتوانانی ئەمەریکا بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ئەمەریکا لە کورد و سەرکردەکانی کورددا دەبینن و لەئێستا بە هاوکار و هاوبەشیان هەژمار دەکەن لە ناوچەکەدا.

لەم ڕووەوە پێویست دەکات ئاماژە بە بۆچوونی چاودێری سیاسیی کورد خەسرەو سالّح کۆیی بدەین، کۆیی دەڵێ: بەشێکی زۆری کورد پێیانوایە سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش هەرگیز ئازاری کوردی نەداوە و ئەمریکییەکان هەرچەند ئاشنای کورد بن هێندەی تر پشتیان پێدەبەستن بۆ جێبەجێکردنی پەیامە پیرۆزەکەیان کە (ڕزگاری و ئازادییە بۆ تەواوی گەلان و کلتوور لە جیهان)[1].

جەلال تالّەبانی سەرکۆماری عێراق چەندین جار دووپاتیکردووەتەوە کە پەرەپێدانی دیموکراسییەت و مافەکانی کوردی باشوور بەندە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە، بۆنموونە لە گوتارێکیدا لە ٢١ی ئەیلوولی ٢٠٠٥ ڕایگەیاند: «چۆن دەکرا لە عێراقی ئەمڕۆدا سەرۆکێک بە هەڵبژاردنێکی دیموکراسییانە و پەرلەمان و حکومەتێکی دیموکراسی بوونی هەبێت؟ چۆن کەسانێکی سەر بە چەوساوەترین نەتەوە بەرزترین پۆستەکانی دەوڵەت وەربگرێت؟ هەموو ئەم کارە ناوازانە ئەنجامی سیاسەتی ئازایانەی سەرۆک بوش و هاوپەیمانانی بوو - تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و جۆن هەواردی سەرۆک وەزیرانی ئوستراليا- کە هێزەکانیان عێراقیان ئازادکرد»[2].

هەڵبژاردنی جەلال تالّەبانی بە سەرۆک کۆماری عێراق و جێکردنەوە و چەسپاندنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە دەستووری هەمیشەیی وڵات و دانانی مەسعود بارزانی بە سەرۆکی فەرمیی ئەو هەرێمە، ئێستاش زمانی کوردی کە یەکێکە لە زمانە فەرمییەکانی عێراق، هەموو ئەمانە گرنگترین ئەنجامەکانی سیاسەتی ئەمەریکا بوو لە ئاست کێشەی کورد دا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ئەمەریکا ئیمزا کرا و ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا، تەنانەت لەلایەن هاوپەیمانی ئەمەریکاش، بۆنموونە کارمەندێکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕایگەیاند: دەستوەردانی ئەمەریکا لە دارشتنی دەستووری عێراقدا زۆر دیار و ئاشکرا بوو و لەجێی خۆیدا نەبوو.

هـەر بـۆ دووپاتکردنـەوەی ئـەو پێوەندییـە دووقۆڵییـە گەرمـەی نێـوان سـەرکردەکانی کـوردی باشـوور و ئەمەریـکا لـەو قۆناغـەدا، زنجیـرە دیـدار و سـەردانە گرنگانـەی بەرپرسـانی ئەمەریـکا بـۆ هەرێمـی کوردسـتان و سـەرکردەکانی کـورد بـوو بـۆ ئەمەریـکا بەڵگـەی پتەویـی پێوەندیـی نێوانیانـە، بۆنمونـە لـە ئایـاری ٢٠٠٥ کۆندۆلیـزا رایـس ڕاسـتەوخۆ لـە ئەمەریـکاوە فـڕی و لـە هەولێـر بـۆ دیـداری سـەرۆک مەسـعود بارزانـی نیشـتەوە، لـە دیدارەکـەدا بـاس لـە گرنگیـی پێگـەی هەرێمـی کوردسـتانو مافەکانـی کـوردی باشـوور کـرا لـە عێراقـی نوێـدا. هـەر لـەو سـەردانەدا بێجگـە لـە پێشکەشـکردنی هـاوکاری و ڕاهێنانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە، وەزیـری ناوبـراو بەڵێنـی بـە بەرپرسـانی هەرێـم دا ژمارەیـەک پـرۆژەی ئابـووری لـە ناوچەکـە جێبەجـێ بـکات. لـە ئەیلوولـی هەمـان سـاڵدا جـۆرج دەبلیـو بـوش پێشـوازیی لـە جـەلال تاڵەبانـی کـرد پـاش ئـەوەی وتارێکـی لـە کۆمەڵـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەنـاوی عێراقـەوە پێشـکەش کـرد و بەشـێک لـەو وتـارە بـە زمانـی کـوردی بـوو.

هـەر لـە ئۆکتۆبـەری ئـەو سـاڵەدا سـەرۆکی ئەمەریـکا لـە کۆشـکی سـپی پێشـوازیی لـە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کـرد و لـەو دیـدارەدا سـەرۆک بـوش ئامـاژەی بـۆ ڕۆڵـی کاریگـەری مەسـعود بارزانـی کـرد لـە داڕشـتنی دەسـتووری عێراقـدا، لـە بەرانبـەردا سـەرۆک بارزانـی ڕۆڵـی سـەرۆکی ئەمەریـکای بەرزنرخانـد و گوتـی: جەنابـی سـەرۆک ڕێگـەم پێبـدە بەنـاوی و خـۆم و گەلـی کوردسـتان لەناخـی دڵـەوە سوپاسـتان بکـەم و ئێمـە لـە کوردسـتان و سەرتاسـەری عێـراق ڕێـز لـە ئازایەتـی و بوێریتـان دەگریـن.

سوپاسـگوزارییەکەی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان تەنیـا لەبـەر هاوکاریـیە سیاسـییەکان نەبـوو، بەڵکـو بـۆ هاوکاریـیە دارایەکانیـش بـوو کـە بەپێـی ڕاپۆرتەکانـی میدیـای ئەمەریـکا، تەنیـا لـە حوزەیرانـی ٢٠٠٤ و چەنـد ڕۆژێـک پێـش گواسـتنەوەی فەرمیـی دەسـەڵات بـۆ حکومەتـی نوێـی عێـراق، (١,٤) ملیـار دۆلار وەک وەجبەیەکـی هاوکاریـی پێـش شـەڕەکە گەیشـتە هەولێـر، تاکـو ئێسـتاش بـە بـەردەوام بـڕە پارەیەکـی قەبـە بـۆ کـوردی باشـوور حەوالّـە دەکرێـت.

حکومەتـی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا تەنیـا هاوکاریـی کـوردی باشـوور نـاکات، بەڵکـو ڕێوشـوێنی پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی گەلـی کوردیـان لەسـەر ئاسـتی گۆڕەپانـی

نێودەوڵەتیشدا گرتووەتەبەر، بۆمونە (پیتەر فلۆری) یاریدەدەری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سەردانێکیدا بۆ تورکیا لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ داواکارییەکی حکومەتی تورکیای ڕەتکردەوە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی دژی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان کە بەهۆیانەوە هاوکاریی سەربازی بۆ سەربەخۆیی کوردی باکوور دەستەبەر دەکەن. لە هەمان کاتیشدا دیپلۆماتکارانی ئەمەریکا بە بەردەوام گوشاریان دەخستە سەر دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆئەوەی هێزەکانی تورکیا بە بیانووی ڕاوەدونانی چەکدارانی پەکەکە سنووری تورکیا نەبڕن و بێنە نێو خاکی عێراقەوە.

دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیان و بە سوودوەرگرتن لە پێوەندییەکانی لەگەڵ کوردی باشوور، سیاسەتی خۆی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا جێبەجێدەکات. بەپێی سەرچاوە دیپلۆماتکارە عەرەبییەکان، دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا هاوکاریی دارایی و چەک بۆ جوداخوازانی کوردی ڕۆژهەڵات لەڕێی کوردی باشوورەوە دەگەیەنێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیش ئەو گرووپانەی لایەنگری سیاسەتی ئەمەریکان لە ئێران.

بەپێی زانیارییەکانی هەمان سەرچاوە، نزیکەی (١٠) هەزار کوردی ڕۆژهەڵات هاتوونەتە عێراق و بە پراکتیک (٥٠٠) کەسیان لە سەربازگەکاندا مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت و بە ئارەزووی خۆیان سنووری نێوان ئێران و عێراق دەبەزێنن و لەو سێ پارێزگا سنوورییانەدا ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی هێزەکانی حکومەتی ئێران ئەنجامدەدەن و دەگەڕێنەوە باشووری کوردستان[٣].

کۆی ئەم پێشهاتانە وامان لێدەکات لەگەڵ شرۆڤەکارانی ڕووس و ڕۆژئاواییەکاندا هاوڕابین لەوەی کەوا دەرکەوت سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق کاریگەر نەبووبێت و وا لە سەرکردەکانی ئەمەریکا بکات بەبێ دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز و سەقامگیر لەوێ، هێزەکانیان لە عێراق بکێشنەوە، ئەوان گرەویان لەسەر کوردی باشوور دەکرد و لەو بڕوایەدا بوون هێزێکیان لەو وڵاتەدا هەبێت و ئەو هێزە بە پشتیوانیی ئەمریکییەکان بتوانێت دۆخەکە کۆنترۆڵ بکات و لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا ببێتە کەناڵێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

سەرچاوەکان

1- http:// home cogeco.ca-Kurdistan 6/13-2-05.

2- http:// Kurdistan observer.serverhttp.com/sep/21-9-05 opinion.

3- http://home.cogeco.ca-Kurdistan 24-4-05/.

باشـــووری کوردســـتان و پەرەســـەندنی پرۆســـەی سیاســـی لـــە عێـــراق

ن. ڤ. ستیبانۆڤا

عێـراق بەهـۆی بایەخـی جیـۆ- سیاسـی و جیـۆ- سـتراتیژی و جیـۆ- ئابووریـیەکەیـەوە کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە زیادبوونداینـە بـە یەکێـک لـە وڵاتـە سـەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوین هەژماردەکرێـت و لـە ئێستادا بـە یەکێـک لـە قۆناغـە دراماتییەکییەکانیـدا تێپـەڕ دەبێـت، تووندوتیـژی لـە هەڵکشـاندایە ...هێرشـی ڕۆژانـەی خوێناویـی تیرۆریسـتان ... بەرزبوونـەوەی ژمـارەی قوربانیانـی سـڤیل ... ڕفانـدن و کوشـتنی هاووڵاتیانـی بیانـی – ڕۆژنامـەوان، دیپلۆماتـکار و بزنسـمانان- هەمـوو ئەمانـە ئـەو باکگراوندانـەن کـە هێزەکانـی هاوپەیمانـان پشـتیان پێبەسـتووە و لـە ٢٠ی ئـاداری ٢٠٠٣وە عێراقیـان داگیرکـردووە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـە ڕاگەیاندراوەکانیـان کـە گوایـە عێراقـی پـاش ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام دەکەنـە وڵاتێکـی دیموکراسـیی گەشەسـەندووی ئاشـتیخواز و هاووڵاتیـان بـە جیاوازیـی نەتـەوە و ئاییـن بەپێـی یاسـاکانی یەکسـانی و دادپـەروەری و پاراسـتنی یاسـایی لـە سـایەی ئـەم دیموکراتییـەدا دەژیـن. لـە ڕاسـتیدا بەدیهێنانـی ئـەم ئامانجـە زۆر سـەختە و لەبـەر چەنـد هۆیەکارێـک ئاسـان نییـە: هەڵبژاردنـی عێـراق لـە باشـترین بارودۆخیـدا لەجێـی خۆیـدا نەبـوو، بەتایبەتیـش لەبەرچاونەگرتنـی تایبەتمەندێتیـی کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی لەلایـەن سیاسـەتوانانی ئەمەریـکا کـە جێبەجێـکاری ئـەم جـۆرە بەرنامانـەن و بەهاکانـی دیموکراسـیی ڕۆژئاوایـی بـە گونجـاو دانانرێـت بـۆ ئـەم کۆمەڵگانـە، چونکـە هـەر دەوڵەتێکـی ڕۆژهەڵاتـی کـە ئەمەریـکا پلانـی چاکسـازی و گۆڕینـی حوکمـی بـۆ داڕشـتووە، چەندیـن خەسـڵەتی بێهاوتـا و تایبـەت بەخۆیـان هەیـە و بەبـێ ڕەچاوکردنـی ئـەم تایبەتمەندییانـە ئەسـتەمە چاوەڕێـی ئاکامێکـی ئەرێنـی بـۆ هەوڵـەکان بکەیـن، عێراقیـش باشـترین نموونەیـە.

تایبەتمەندییەکانـی دەوڵەتـی عێـراق لـە دامەزراندنـی دەوڵەتەکەدایـە کـە لـە سـەرەتای بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوودا دامـەزراوە و سـێ پێکهاتـەی ناچوونیەکـی لەخۆگرتـووە،

باکوور: کە هەرێمێکی پان و بەرینە و بەشێکە لە کوردستانی دابەشکراو لەنێوان ئێران، تورکیا، سووریا و عێراق و زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردە. باشوور: کە لەژێر دەسەڵاتی عەرەبی شیعە و ناوەندایە و عەرەبی سوننە کە لە سەردەمی خەلافەتی عەرەبییەوە تاکو ئاداری ٢٠٠٣ دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای بوون، لە سەدەی بیستدا لەژێر ئینتیدابی بەریتانیدا بوو و ڕژێمی پاشایەتی و کۆماریش نەیانتوانی ئەگەر بە زەبری هێزیش بێت عێراق بکەنە یەکەیەکی یەکگرتوو، چونکە بە هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی گەمارۆدرابوو، لە سەدەی نوێدا کورد یەکێک بوو لە پێکهاتە سەرەکییەکەی پەرەسەندنی سیاسی لە عێراق کە بە بەردەوام کێشەکەی ئاڵۆزتر دەبوو، لەپاڵ کوردیشدا شیعە هەیە کە لەناوەڕۆکدا کێشەی کۆمەڵایەتی - سیاسیی هەیە.

ئەو جەنگەی ئەمەریکا لە بەهاری ٢٠٠٣دا دژی ڕژێمی عێراق بەرپای کرد چەند پرسێکی وروژاند ئەمریکییەکان بۆ چەسپاندنی دیموکراسییەت پێشبینییان نەدەکرد، ئەو عێراقە دەوڵەمەندەی خاوەن سامانێکی سرووشتیی جۆراوجۆرە، دانیشتوانەکەی بەپێی پێوەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە شەو و ڕۆژێکدا لە بارودۆخێکدا دەژیان کەس ئێرەیی پێنەدەبردن. هێرشەکەی ئەمەریکا گەورەترین قەیرانی مێژوویی لەنێو کۆمەڵگەی عێراقیدا دروست کرد کە لە ڕۆژی دامەزراندنی عێراقەوە قەیرانی لەمجۆرەی بەخۆوە نەدیبوو.

لەکاتی ئامادەباشییەکاندا ئەمریکییەکان پشتیوانیی کوردی باشوور دەکرد کە لەبەر چەند هۆکارێک لە نەوەتەکانەوە پەرەیان بە پێوەندیی نێوانیان دابوو. بە درێژایی سەدەکانی خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، کوردی باشوور ئەزموونێکی باشی سیاسی، سەربازی و ڕێکخستیان بەدەستهێناوە، لێرە لە باشووری کوردستان ڕێکخراوێکی سیاسیی کاریگەر هەیە کە لە ساڵی ١٩٤٦ەوە دامەزراوە- پارتی دیموکراتی کوردستانە- لە ئێستادا مەسعود بارزانی سەرکردایەتیی دەکات و کۆڕی کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراو و پاڵەوانی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتە - مستەفا بارزانی- لە ئاستی جیهاندا ناسراو و باوەڕپێکراوە و زیاتر لە ٤٠ ساڵ سەرکردایەتیی خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردی کردووە، کوردی باشوور سەرکردەیەکی تری سیاسیی ناسراویان هەیە، ئەویش جەلال تاڵەبانییە

و سەرۆکایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات کە لە ساڵی ١٩٧٥دا دایمەزرانـدووە.

لە چلەکانی سەدەی ڕابـردووەوە کوردی باشوور بـە دروشـمی «دیموکراسی بـۆ عێـراق و ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان» خەباتیـان دژی ڕژێمـە دیکتاتۆرییـەکان کـردووە و ویستی خۆیـان لـە جودانەبوونـەوە لـە عێـراق دووپاتکردووەتـەوە و ئۆتۆنۆمییەکەیـان لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا ویسـتووە، بەعسـییەکان ئـەم دروشـمەیان بەکارهێنـاوە و لـە سـاڵی ١٩٧٠دا ئۆتۆنۆمییـان بـۆ کـورد ڕاگەیانـدووە، لـە سـاڵی ١٩٧٤ دا بەیاسـاکرا و ناوچـەی ئۆتۆنۆمییـان بـۆ کـورد ڕاگەیانـد، هەڵبـەت ئۆتۆنۆمییەکـە بـە پێـوەری بەعسـییەکان ڕاگەیەنـرا، تـەواوی دەسـەڵاتی بەغدایـان لـە ناوچەکـە سـەپاند و هـەر پەرەسـەندنێکی ناوچەکـە لەبەرژەوەندیـی دەسـەڵاتدارانی بەغـدا بـوو کـە لەلایـەن کـوردەوە مایـەی قبووڵکـردن نەبـوو.

درێژەپێدانـی خەباتـی کـورد بـۆ جێبەجێکردنـی ئۆتۆنۆمییەکـی ڕاسـتەقینە بۆ کوردسـتان بـووە مایـەی کارەسـاتێکی گـەورە بـۆ کـوردی باشـوور و لەلایـەن حکومەتـی ناوەنـدەوە سـەرکوتکران ... پرۆسـەکانی ڕاگواسـتنی کـورد بـۆ باشـووری عێـراق دەسـتپێکرد و لـە ناوچـە سـنوورییەکانی نێـوان تورکیـا و ئێـران پشـتێنەیەکی بەنـاوی پشـتێنەی عەرەبـی دامەزرانـد کـە کاردانەوەیەکـی خراپـی لەسـەر بـاری ئابـووری ناوچـە سـنوورییەکان هەبـوو و قەیرانێکـی ئابووریـی لەنێـو دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە خوڵقانـد.

لـە تاوانکارییەکانـی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن لـە هەشـتاکان و نەوەتەکانـی سـەدەی پێشـوو پـتر لـە (١٠٠) هـەزار کـەس بوونـە قوربانـی و چـوار هـەزار گوندیـش خاپـوور کـران، هێنـدەش ئۆتۆنۆمییەکـەی کوردسـتانی لەکـەدار و قێـزەوەن کردبـوو، بۆیـە بـە پێویسـت دەزانـرا پـەرە بـە شـێوازێکی جیـاواز بدرێـت بـۆ بەرجەسـتەکردنی سـەروەریی نەتـەوەی کـورد.

ڕووداوەکانـی کۆێـت لـە سـاڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١ و دەسـتوەردانی هێـزە دەرەکییـەکان بـۆ پاراسـتنی کـوردی ڕاپەڕیـو لـە کۆمەڵکوژیـی بەعسـییەکان، بیرۆکـەی هەیکەلـی ئاینـدەی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کـوردی خێراتـر کـرد و «ناوچـەی ئـارام» لـە باکـووری هێڵـی پانیـی ٣٦ دیاریکـرا، بەپێـی بڕیـاری ژمـارە (٦٨٨)ی ئەنجوومەنـی ئاسـایش لـە ٥ی نیسـانی ١٩٩١

ناوچەکە لە هێزەکانی عێراق قەدەغەکرا کە پارێزگەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆکی دەگرتەوە و کوردستانی ئازاد پێکهێنرا.

بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستان بارودۆخێکی لەباری بۆ جێبەجێکردنی پراکتیکیی دروشمی - ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان- ڕەخساند. هەنگاوی سەرەکیی جێبەجێکردنی ئەم دروشمە دامەزراندنی حکومەتێکی شەرعی بوو، بۆیە لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو و هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان - پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان- کورسییەکانی پەرلەمانیان لەنێو خۆیاندا بە هاوسەنگی دابەشکرد، لە تەممووزی هەمان ساڵدا حکومەتێکی ئیئتلافی پێکهێنرا و بۆ یەکەمین جار چارەنووسی کورد کەوتە دەست خودی کوردەوە.

چەندین کێشە لە چاوەڕوانیی پەرلەمانی کوردستاندا بوو بۆ چارەسەرکردنیان کە گرنگترینیان یاسای چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لەسەر بنەمای فیدراڵی بۆ عێراق و لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ خرایە دەنگدان و بووە یاسا. ئەم یاسایە پرۆگرامێکی نوێی جۆری بوو بۆ سەرکردەکانی کورد لە ئاست چارەسەرکردنی ئاڵۆزترین کێشەی نێوخۆی وڵات.

دواتر دەرکەوت بەدیهێنانی ئەم ئامانجە زۆر سەختە - تورکیا، ئێران و سووریا- ش دەستبەجێ دژە هەڵوێستی خۆیان لە هەمبەر دەرکەوتنی کوردستانێکی ئازاددا دەربڕی، چونکە دەیانزانی نموونەی باشووری کوردستان کاریگەریی لەسەر کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەبێت، بۆیە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە وڵاتانی دراوسێی کوردستان بە ئاشکرا دەستیان لە کاروباری نێوخۆی هەرێم وەردەدا و ببوونە مایەی تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە، دواتر دەستوەردانەکان ڕێچکەیەکی مەترسیدارتریان وەرگرت و کاریگەریی نەرێنییان لەسەر ئەو هاوسەنگییە مۆڵەقەیەی نێوان سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جێهێشت کە بەداخەوە چەند جارێک گەیشتە ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی نێوان ئەو دوو هێزە سەرەکییەی کوردستان. هەڵبەت هۆکارگەلێکی زۆر بۆ ئەم سەرپێچییانە هەبوو کە هیچیان لە ڕکابەریی کەسیی نێوان دوو سەرکردەکەی کورد - مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی- کەمتر نەبوو،

لـه هەمووشـیان گرنگـتر دەستبەسـەرداگرتنی داهاتـی نـەوت و دەروازەکانـی بازرگانـی بوو، بۆیـه سـەرکردایەتیی کـورد له نەوەتەکانـدا نەیانتوانـی کاری هاوبـەش بەدیبێنن.

لـه سـاڵانی نێـوان ١٩٩٤ بـۆ ٢٠٠٢ هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن دوو حکومەتـەوە بەڕێوەدەچـوو، یەکێکیـان لـه پارێزگاکانـی هەولێـر و دهـۆک، لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئەویدیکەیـان لـه پارێـزگای سـلێمانی، لەلایەن یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان. هەریـەک لـەو دوو حزبـەش پێشـمەرگەی چەکـداری خۆیـان هەبـوو، لەنێـو پارتیـدا ژمارەیـان دەگەیشـته (١٥) هـەزار پێشـمەرگە و شانبەشـانی ئـەوان نزیکـەی (٢٥) هـەزار چەکـداری هـۆزەکان، بـەڵام ژمـارەی پێشـمەرگەکانی یەکێتـی دەگەیشـته (١٠) هـەزار و (٢٢) هـەزار چەکـداری هۆزەکانیـش، کـۆی گشـتیی هێـزە چەکدارەکانـی کوردسـتان لـه دەوروبـەری (٨٠ - ١٠٠) هـەزار کـەس دەبێـت.

بەردەوامبوونـی دۆخـی ناسـەقامگیری باشـووری کوردسـتان و درێژەکێشـانی ڕووبەڕووبوونـەوە چەکداریـەکان، ئەمەریـکای نیگـەران کردبـوو و پێیانوابـوو بەردەوامبوونـی ئـەم دۆخـه دەبێتـه مایـەی هەڕەشـه بـۆ بەرژەوەندییەکانـی ئـەوان لـه ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، بۆیـه بـه هەوڵـی ئەمریکییـەکان و ناوبژیوانیکردنـی ئیدارەی ئەوسـای ئەمەریـکا هـەردوو سـەرکردە بارزانـی و تاڵەبانـی لـه واشـنتۆن لەگـەڵ بەرپرسـانی ئەمەریـکا کۆبوونـەوە و کۆبوونەوەکـه ڕێککەوتنامەکـەی ١٧ی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٩٨ی واشـنتۆنی لێکەوتـەوە و سـەرکردەکانی کـورد پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێراقیـان دووپاتکـردەوە و خواسـتی خۆیـان لـه دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی دیموکراسـیدا خسـتەڕوو کـه بتوانێـت مافـه نەتەوەییەکانـی کـورد و تـەواوی هاووڵاتیانـی عێـراق لەسـەر بنەمـای ئازادیـی دەربڕیـن لـه ویسـتی هاووڵاتیانەسـتەبەر بـکات.

ڕێککەوتنامەکـەی واشـنتۆن دەقێکـی تایبەتـی سـەبارەت بـه هەیکەلییەتـی فیدراڵیـی عێـراق تێـدا بـوو کـه بڕگەیەکـی سـەرەکیی داخوازییەکانـی کـورده و پەیوەسـته بـه دیاریکردنـی دەسـەڵاتەکانی حکومەتـی ناوەنـد و هەرێـم و بەشـداریکردنی نوێنەرانـی کـورد لـه دەسـەڵاتی ناوەنـددا. هەروەهـا بـاس لـەوە کرابـوو کـه لایەنـی سـێیەم بـۆی نییـه دەسـتوەردان لـه پێوەندییـه دوو قۆڵییەکـەی نێـوان پارتـی و یەکێتیـدا بـکات و سـەقفێکی زەمەنـی بـۆ جێبەجێکردنـی ڕێککەوتنامەکـەی واشـنتۆن دیاریکـرا کـه ڕێکخسـتنی

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانیشی تێدا جێگیرکرابوو کە لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە بە فەرمی دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە.

گۆڕانکارییەکی زۆر لەژێر چەتری ئەمریکییەکان لە باشووری کوردستاندا کرا، لە بنیاتنانی حکوومی و ئیداری ... لە پەرەپێدانی ئابووری ... لە بەرنامە کۆمەڵایەتی و کلتووریيەکان گۆڕانکاری کرا، هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەوانییەکان بەڕێوەچوون، پەرە بە سیستمی فرە حزبی درا (٣٦ حزب لە باشووری کوردستاندا هەن) دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێکهێنران، دەقێکی تایبەتیش بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی و یەکسانیی نەتەوەیی و ئایینی دانرا، چەند کورسییەک بۆ نوێنەرانی کەمە نەتەوایەتی و ئایینییەکان لە پەرلەمانی کوردستان تەرخانکرا، کەمە نەتەوایەتییەکانی تورکمان و ئاشوور و ئەرمەن خاوەن کلتووری سەربەخۆی خۆیانن و قوتابخانەی تایبەتیشیان بۆ کراوەتەوە کە خوێندن تێیاندا بە زمانی دایکە، خوێندنی زمانی عەرەبیش بە خورتییە.

گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە باشووری کوردستان تێبینی دەکرا کە تا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق «نەوت بەرانبەر بە خۆراک» ئاسانکارییەکی زۆریان بۆ کراوە، ئەم بەرنامەیە لەچوارچێوەی ئەو سزا ئابووریيە نێودەوڵەتییە پەرەی پێدرا کە لە ساڵی ١٩٩٦بەسەر عێراقدا سەپێنرابوو و١٣٪ی فرۆشی نەوت بۆ پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان تەرخان کرا.

پەرەپێدانی ژێرخان و پێکهێنانی بناغەیەکی بەرهەمهێنان لە ناوچە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان بووە بنەمای چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. ڕێژەی بێکاری بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزی و ئاستی بژێویی دانیشتوان بەرزبووەوە، هەروەها بواری پەروەردە و فێرکردن و چاودێریی تەندروستی پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینی. ڕەنگە ئاراستەی ڕێنوێنیی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی بەرەو بووژانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە باشووری کوردستان هاوتای بنچینەیەکی پتەوە بۆ زامنکردنی ئاشتی و سەقامگیری بۆ پڕ کێشەترین بەشی دەوڵەتی عێراق. لەگەڵ بەردەوامیی ئەم پەرەسەندانەشدا کورد کێشە

سەرەکییەکانیان بەبێ چارەسەرکردن هێشتەوە، بۆ نموونە: نەیانتوانی بەرگێکی شەرعی بە بەر ئەو سیستەمە فەرمانڕەواییەدا بکەن کە لە هەرێمی کوردستان دامەزرابوو، پێوەندییەکانیشیان لەگەڵ بەغدا تۆمارێکی یاسایی نەبوو، تەنانەت چارەنووسی ڕژێمی خودی بەغداش نادیاربوو، هەروەها بیر لە هەڵگرتنی ئەو گەمارۆ ئابووریە سەخت و وێرانکارە نەکرابووە کە خرابووە سەر عێراق و وڵاتی بەرەو کارەساتێکی مرۆیی پەلکێش دەکرد. قەیرانی عێراق لەژێر فشاری چڕی ئەنگلۆ - ئەمریکایی لەسەر عێراق لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا گەیشتە ڕێگەیەکی داخراو، لە پایزی (٢٠٠١)ەوە ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزتر دەچوو.

ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری نیوێورک کە ئیدارەی ئەمەریکا بە (کارێکی تیرۆریستی)ی لەقەڵەمداوە، شەڕانگێزییەکی جیهانیی لەڕووی ئیرهابی نێودەوڵەتی لە دژی مرۆڤایەتی ڕاگەیەنرا و ڕووداوەکە بووە بیانوویەک بۆ واشنتۆن و لایەنگرە نزیکەکانی بۆ دەستپێکردنی کارە دوژمنکارییەکان لە دژی ئەو وڵاتانەی بە»دیکتاتۆر» وەسف دەکران کە عێراق لە ڕیزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەدا بوو.

بیانووی سەرەکیی ئەمەریکا بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هەر کردەیەکی سەربازی دژی بەغدا، تۆمەتبارکردنی دەسەڵاتدارانی عێراق بوو کە گوایە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ ناگرێت و تووندوتیژی دژی گەلی عێراق پێڕەو دەکات کە گرنگترینیان کۆمەڵکوژییەکی کوردی باشوور بوو لە ساڵی ١٩٨٨ و پێشێلکردنی یاساکانی نێودەوڵەتی و هەڕەشەکردن بوو لە ئاسایشی وڵاتانی دراوسێی، بەوەش تۆمەتبار کرا کە پێوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا هەیە، بەڵام لەپێش هەموو ئەم تۆمەتانە هێشتا هەبوونی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی سەرەکیترین بیانووی هێرشە سەربازییەکانی ئەمەریکا بوو کە گوایە ڕژێمی بەغدا ئەو دوو جۆرە چەکە قەدەغەکراوانەی هەیە و دەیانشارێتەوە. سەرباری ئەمانە، ئەمەریکا عێراقی خستبووە نێو لیستی ئەو وڵاتانەی کە نزیکبوونەتەوە لە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، هەرچەندە پشکنەرانی نێودەوڵەتی هەبوونی ئەمجۆرە چەکانەیان لە عێراق دووپات نەکردووەتەوە، بەڵام ئەمەریکا گوێی بە ئەنجامەکانی پشکنەران نەدا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی خۆی دژی عێراق ئەنجامدا و لە ٢٠ی ئاداری

٢٠٠٣ بەهاوبەشیی هێزەکانی بەریتانیا و ئوستڕالیا دەستیانپێکرد.

هێرشەکان لە بڕگەکانی چەمکی ستراتیژییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا شەرعییەتیان پێبەخشرا و لە ساڵی ٢٠٠٢دا ڕەزامەندیی کۆنگرێسی ئەمەریکاشی پێدرا و خرایە نێو چوارچێوەی پلانی واشنتۆن بۆ پاراستنی جیهان لە تیرۆر و لەناوبردنی تیرۆریستان و ستەمکاران لەپێناو زامنکردنی ئاسایشی جیهانیدا. بە دروشمی «چەوساندنەوە چارەنووسی ستەمکارانە» ڕژێمی سەدام حوسێن بە تەواوی ڕووخا و ئامرازەکانی دیموکراسییەت جێگەی سیستەمی تۆتالیتاریای گرتەوە، ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەلایەن ئیدارەی ئەمەریکاوە جێبەجێکرا.

ڕژێمی سەدام حوسێن سۆزی هیچ کام لە وڵاتانی عەرەب و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نەورووژاند، بەڵام کاتێک کار گەیشتە ئەگەری سەرهەڵدانی پێکدادانێکی سەربازی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، ئەنجوومەنی هاوکاریی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، ڕێکخراوی وڵاتانی ئیسلامی، چین و وڵاتانی ئەورووپایی بە سەرۆکایەتیی ڕووسیا و فڕەنسا و ئەڵمانیا دژی ئەو هەڕەشانە وەستانەوە.

بەکارهێنانی هێز لە بڕیارەکەی واشنتۆن لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام، سەرکردەکانی کوردی باشووریان خستە هەڵوێستێکی زۆر سەخت، چونکە کورد هەموو هیوایەکیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵچنیبوو بە سەرۆکایەتیی ئەمەریکا تاوەکو عێراق لەو ڕژێمە دیکتاتۆرە ڕزگار بکات و کورد ڕێزێکی تایبەتی لە ئەمەریکا دەنا لەبەرئەوەی ئەوان لە ساڵی ١٩٩١ گەلی کوردیان لە کۆمەڵکوژییەکی گەورە ڕزگارکرد و لە نەوەتەکاندا بەشداریەکی کاریگەریان لە سەقامگیریی بارودۆخی باشووری کوردستان هەبوو.

لە هەمان کاتیشدا هەریەک لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی نیگەرانیی خۆیان لە دەرهاویشتەکانی پاش هێرشە سەربازییەکەی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق دەربڕی کە گرنگترینیان ڕێکخستنەوەی دەسەڵات بوو لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و بە بۆچوونی ئەوان تاکە ڕێگە بۆ پاراستنی سەقامگیریی ماوەی ڕاگوزەری عێراق، هاوکاریی هێزەکانی ئەمەریکایە لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کە چەندین ساڵە خەبات لە دژی ڕژێمی سەدام دەکەن، عێراقیش لە پشێوی و

بێسەروبەرەیی دووردەخاتەوە، ئەگینا ئەمەریکا بە هەوڵی تاکلایەنانەی هێزەکانی خۆی و دوورخستنەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و شەرعییەت لە عێراق دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی بەرگریکردنی ئەو هێزانە و بەرپابوونی شەڕی پارتیزانانە لە وڵات و ڕەوشەکە نەک هەر لە عێراق، بگرە لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین ئاڵۆزتر دەکات، ئەمەش کارەساتێکی مرۆیی گەورەی لێدەکەوێتەوە و هەزاران کەس ئاوارە و پەڕگەندە دەبن، لەمانەش مەترسیدارتر گەشەکردنی بیری تووندئاژۆیی و تیرۆرە، لە بەدبەختیی عێراقیشدا پێشبینیی سەرکردەکانی کورد هاتەدی و دەرکەوت نیگەرانییەکانیان لەجێی خۆیدا بووە.

لە کاتی جێبەجێکردنی هێرشە سەربازییەکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئادار و نیسانی ٢٠٠٣ و ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام بارودۆخی باشووری کوردستان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق نەبوو، هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ یەکە سەربازییەکانی ئەمەریکا بەشداریی کۆنترۆڵکردنی کەرکووک و مووسڵ کرد، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک سەرکردایەتیی هێزەکانی ئەمەریکا داوای لە هێزەکانی پێشمەرگە کرد لە کەرکووک بکشێنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شارەکە لە ڕووی ئیداریی‌ەوە هەر لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا مایەوە.

لە (١)ی ئایاری ٢٠٠٣ جۆرج بوش کۆتایی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە فرەوانەکانی سەر عێراقی ڕاگەیاند، کەچی هێزەکانی هاوپەیمانان ڕووبەڕووی بەرهەڵستییەکی چەکدارانەی عێراقییەکان بوونەوە و کارە تیرۆریستییەکانی دژ بە هێزەکانی داگیرکەر و ئەو هێزانەی هاوکاریان بوون، دەستی پێکرد.

لە ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣ و بەپێی بڕیاری ژمارە ١٤٨٣ی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئەمەریکا و بەریتانیا بە دوو هێزی داگیرکەر هەژمارکران و ئەرکی نۆژەنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی عێراقیان خرایەئەستۆ، بنەماکانی ڕێکخستنی سیستەمی سیاسیی وڵاتیان پێسپێردرا و هەتاکو پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، بۆ گوزارشتکردن لە سەروەریی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی ڕاگوزەردا حکومەتی کاتیی عێراقیان دامەزراند.

لە ١٣ی تەممووزی ٢٠٠٣ ئەنجوومەنی حوکمی ئینتیقالی لە عێراق دامەزرا کە ٢٥ ئەندامی سەر بە حزبە سەرەکییەکان و کەسانی سەربەخۆی لەخۆدەگرت.

لــە ٣١ی ئابــی هەمــان ســاڵدا حکومەتێکــی ئینتیقالیــی کاتیــی لەســەر بنچینــەی ئیتنــی - تایفیپێکهێــنرا، ئەویــش لــە ٢٥ ئەنــدام پێکهاتبــوو کــە ١٣ شــیعە، ٥ ســوننە، ٥ کــورد، یــەک تورکــمان و کریســتیانێکی ئاشــووری بــوون، ئــەم ڕێچکەیــەی هێزەکانــی هاوپەیمانــان لــە پێکهێنانــی دەســتە ئیداریــیەکانــی عێراقــدا بــووە نەریــت و دواتــر لــە ســەرجەم قۆناغەکانــی دامەزراندنــی سیســتەمی سیاســیی وڵات پێــڕەو دەکــرا و وەکــو بۆمبێکــی تەوقیتکــراوی لێهــات و لــە ناواخنــدا هەڕەشــەیەکی ڕاســتەقینە لەخۆدەگرێــت بــۆ هەڵوەشــاندنەوەی دەوڵەتــی عێــراق.

لــە ١٥ی تشرینــی دووەمــی ٢٠٠٣شــدا ئەنجوومەنــی کاتیــی حوکــم و حکومەتــە کاتییەکــە گەیشــتنە ڕێککەوتنێکــی سیاســی و بەپێــی ڕێککەوتنەکــە دەبــێ ئامادەباشــی بکرێــت بــۆ داڕشــتنی دەســتووری کاتیــی عێــراق و ئامادەبکرێــت بــۆ دەنگــدان. لــە ســەرەتای ســاڵی ٢٠٠٤ ئەمەریکییــەکان خشــتەیەکیان بــۆ پەرەپێدانــی پرۆســەی سیاســیی عێــراق ڕاگەیانــد و هەنــگاوە ســەرەکییەکانی تێــدا تۆمارکرابــوو و داوای گفتوگــۆی نێــوان لایەنــە سیاســییەکان و دامەزراندنــی دامــەزراوە شــەرعییەکانی حکومــەت و ئاســاییکردنەوەی بارودۆخــی وڵاتــی تێــدا کرابــوو.

لــە ٨ی ئــاداری ٢٠٠٤ ئەنجوومەنــی حوکــم، سەرپەرشــتیی داڕشــتنی دەســتووری کاتیــی عێراقــی کــرد کــە مەبەســتی دابینکردنــی چوارچێوەیەکــی یاســایی کاتــی بــوو بــۆ حکومەتــی عێــراق لــە چاوەڕێــی داڕشــتنی دەســتوورێکی هەمیشــەیی کــە بڕیاربــوو لــە ٢٠٠٥ ئەنجــام بدرێــت.

لــە دەســتووری کاتیــی عێراقــدا هاتــووە: عێــراق دەوڵەتێکــی کۆمــاری دیموکراســی فیدراڵییــە، مــاف و ئازادییــەکان بــۆ هاووڵاتیانــی دەســتەبەر دەکات. بــە فەرمــی دان بــە بوونــی نەتەوەکانــی دیکــەش نــرا و ڕاگەیەنــرا کــە «عێــراق بەشــێکە لــە نەتــەوەی عــەرەب و لێیجــودا نابێتــەوە» هــەردوو زمانــی عەرەبــی و کوردیــش بــە زمانــی فەرمیــی وڵات دەستنیشــان کــرا، ڕێگــەش درا نەتەوەکانــی دیکــە بــە زمانــی دایکــی خۆیــان بخوێنــن.

مــاددەی ٨٤ی دەســتوور ڕاســتەوخۆ پێوەســت بــوو بــە کوردســتان و تێیــدا هاتــووە: پەرلەمانــی کوردســتان دەســەڵاتی گۆڕینــی هــەر یاســایەکی پەرلەمانــی فیدراڵیــی هەیــە کــە لەگــەڵ بەرژەوەندیــی خەڵکانــی هەرێمــی کوردســتاندا نەگونجێــت، بەمەرجێــک ئــەو

گۆڕانکارییانە سنووری دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ نەبەزێنێ کە سیاسەتی دەرەوە، دراو، دارایی، ئاسایشی نەتەوەیی و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانە.

جا وەنەبێ ئەم دەستوورە هێندە بە ئاسانی تێپەڕێنرابێت و هیچ پێکهاتەیەک ڕەخنەی لێنەگرتبێت، شیعە ڕەخنەیەکی توندی لە ماددە (٦١)ی دەستوور گرت کە پێکهاتبوو لە: «ئەگەر ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەنگی زۆرینەی پێکهاتەکانی عێراقی بەدەستهێنا و سێیەکی سێ پارێزگا یان زیاتر ڕەتیان نەکردەوە، دەستوورەکە پەسەند دەکرێت» پێکهاتەی شیعە دەستبەجێ ئەم ماددە دەستوورییەیان بە کوردەوە گرێدا کە زۆرینەی دانیشتوانی سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان پێکدێنن و لەوە دەترسان کورد ئەم مافە دەستوورییەیان بەکاربێنن. سەرکردایەتیی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق هەڵوێستی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی: ڕەخنەی ئێمە لەم ماددەیە مانای ئەوە نییە بەربەست بخەینە بەردەم برایانی کوردمان لە جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵی یاخود دژایەتییان بکەین لە مافی چارەی خۆنووسین و مافی بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمی کوردستان یان هەر شتێکی لەمجۆرە ... دووپاتی دەکەینەوە کە کورد مافی هەموو ئەم شتانەی هەیە ... ناڕەزایەتیی ئێمە لەوەدایە کە نەبادا ئەم ماددەیە ڕێگە لەبەردەم دامەزراندنی دەسەڵاتی دەستووری بگرێت و وڵات نغرۆی ئەڵقەیەکی بەتاڵ بکات و هەر لە قۆناغی ڕاگوزەریدا بیهێڵێتەوە. جا کە ماف دەدرێتە سێ پارێزگا لەسەر حسێبی زۆرینەی ڕەهای عێراق، مانای وایە کەمتر١٠٪ی دانیشتوان ناڕەزایەتی لە بڕیاری زۆرینەی گەلانی عێراق - کورد، عەرەب، سوننە، شیعە، تورکمان و ئەوانی دیکە-دەردەبڕن، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی نیشتمانیی ڕاگوزەری عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نوێ و ڕەشنووسێکی دیکەی دەستوور دابڕێژنەوە و ...هتد، وڵاتیش بۆ ماوەیەکی زۆر لە سایەی مەرجەکانی یاسادانانی ڕاگوزەریدا دەمێنێتەوە. عەلی سیستانی، سەرۆکی ڕۆحیی شیعە دەستوورەکەی بە «بەڵگەنامەیەکی پووچەڵ» وەسفکردووە و بەپێی ئم وەسفە «هەر یاسایەک لە ماوەی ڕاگوزەریدا دابڕێژرێت هێزی یاسایی نابێت، مەگەر دوای ئەوەی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی ڕەزامەندیی پێبدەن کە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراون». هەروەها

سەرکردە شیعەکان مکوڕبوون لەسەر ژمارە و پێکهاتەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کە دەبووایە لە پێنج کەس پێکبهاتبا (سێ شیعە، سوننەیەک، کوردێک) نەک وەکو ئەوەی لە دەستووردا نووسراوە، سێ کەس بن (شیعەیەک، سوننەیەک، کوردێک).

هاوشێوەی شیعەکان، سوننەکانیش لە دەستوور ناڕازی بوون و دەیانگوت: «ماددە و بڕگەکانی دەستوور بە ئارەزووی ئەمریکییەکان و ئەو ئەندامانە داڕێژراون کە لەلایەن ئەمەریکای داگیرکەرەوە دانراون، ئەمانەش نوێنەری یاسایی گەلانی عێراق نین».

کەسانێکی زۆر لە عێراق وایدەبینن ئەو مافانەی لە دەستووردا بە کورد دراون، زێدەڕۆییان تێدا کراوە و چەسپاندنی ئەو مافانەش لە دەستووردا، ئامرازێکی گوشارە لەسەر ئەمریکییەکان تاوەکو دەرگا لەبەردەم دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ والّا بکاتەوە. ڕاپرسییەکانیش دەریانخستووەکە (٦٢٪)ی عێراقییەکان لەگەڵ بیرۆکەی فیدرالّیزمدا نین و پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی مەرکەزی دەکەن و تەنیا (٢٢٪)یان لەگەڵ دەوڵەتێکی فیدڕالّیدان.

لەدوای بەکۆتاهاتنی فەرمیی شەڕی عێراق، هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی سەقامگیری وڵات بوو و کوردی باشوور گرنگترین بەشی دانیشتوانی عێراقیان پێکدەهێنا کە ئەمەریکاش گرەوی لەسەر دەکردن و ڕەنگە لە داهاتووشدا ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا هەر بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. لەنێو شڵەژاوی و بێسەروبەرەیی هەوڵەکانی سوننە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پێگانەی لەدەستیانداوە لە هەیکەلییەتی دەسەڵاتی دەوڵەت وچالاکبوونی بزووتنەوەی باڵە ئایینییە توندئاژۆکانی شیعە کە پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئێران و چەند لایەنێکی دیکەی عێراقدا هەیە – سوننە، کورد، تورکمان و کریستانەکان- پێدەچێت لەنێو هەموویاندا کورد فاکتەری سەقامگیری بن بۆ ناوچەکە، بۆیە ئەمریکییەکان جەخت لەسەر پێکهاتەی کوردی باشوور دەکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا بە ئامرازێکی کاریگەریان دەبینن بۆ فشار خستنەسەر تورکیا، ئێران و سووریا.

ئامانجی سیاسیی کوردی باشوور سیستەمێکی فیدرالّیزمە لەنێو چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسیدا. ئەم خواستەی کوردان لەنێو بازنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و

ئەمەریکا و تەنانەت بەریتانیاش پشتیوانیی لێدەکرێت. هەروەها کورد لە باشووری کوردستان دیدگەی ئایندەیی خۆیان لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا خستووەتەڕوو کە لە دانیشتنی پەرلەمانی یەکگرتووی ٢٠٠٢دا دەنگی لەسەر درا و تێیدا سیستەمی سیاسیی کوردستانی بە «پەرلەمانی کۆماری دیموکراسی فرەیی» ناساندووە و گەلی کوردستانی بە سەرچاوەی دەسەڵات دانراوە کە بەپێی پێناسەی دەستوور لە کورد و کەمە نەتەوایەتییەکانی - تورکمان، کلدۆئاشوور و عەرەب- پێکهاتووە، زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە کوردستان و عەرەبی زمانی دەوڵەتە، هەروەها دەستووری کوردستان مافی خوێندنی بە زمانی دایک بۆ تورکمان و ئاشوورییەکان دەستەبەر کردووە، کەرکووکیشی بە پایتەختی کوردستان داناوە. تەواوی ماف و ئازادییە گشتییەکانیش گەرەنتی کراون. سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆک وەزیران بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕادەسپێرێت و دەبێ ئەو حکومەتە لە پەرلەمان ڕەزامەندیی لەسەر درابێت و نوێنەرانی کەمەنەتەوایەتییەکانیشی تێدا بێت. بڕگەیەکیش خراوەتە نێو دەستووری کوردستان و ئەولەوییەت دەداتە یاساکانی دەستووری هەرێمی کوردستان نەک یاساکانی پەرلەمانی فیدراڵی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا فیدراڵییەت تێدەپەڕێنێ و پتر لە سیستەمی دەوڵەتێکی کۆنفدراڵی دەچێت. هەر ئەم دەستوورە بڕگەیەکی گرنگتری تێدایە و بەپێی بڕگەکە ماف دەدرێتە کورد بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات لە حاڵەتێکدا گۆڕانکاری لە هەیکەلییەتی حکومەتی فیدراڵیدا بکرێت بەبێ هەماهەنگیی پێشوەختە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا.

دەستووری کاتیی عێراق سەرجەم مافەکانی هەرێمی کوردستانی زامنکردووە کە بووەتە دیفاکتۆیەک لە هەرسێ پارێزگاکەی دهۆک، هەولێر و سلێمانی و بیرۆکەی هەیکەلی فیدراڵییەتی بۆ دەوڵەتی عێراق قبووڵە کە لەلایەن کوردی باشوورەوە خراوەتەڕوو، هەروەها دانی بە هەیکەلییەتی یاسایی هەرێمی کوردستان ناوە کە بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق فیدراڵ و لە ڕەشنووسی دەستووری کوردستاندا پەرەی پێدراوە و بە پراکتیک لەلایەن کوردەوە جێبەجێکراوە. کوردی باشوور دەستبەردانی هێزەکانی پێشمەرگە نابن و بە فەرمی بە (پاسەوانی هەرێم - پێشمەرگە) ناسێنراوە، هەڵبەت ئەم دەستکەوتانە بەرهەمی خەباتی درێژخایەنی

کـوردی باشـووره بـۆ بەدەسـتهێنانی مافەکانیـان لـە پاراسـتنی سـەروەریی هەرێمـی کوردسـتان، ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە سـەرجەم کێشـەکانی نێـوان هەرێـم و حکومەتـی فیـدراڵ بـە ڕێککەوتنیکـی یەکجارەکـی چارەسـەر کرابـن، بگـرە هێشـتا کۆمەڵێـک کێشـە مـاون بـۆ چارەسـەرکردنیان پێویسـتیان بـە کات و پشـوودرێژیی و سیاسـەتی حەکیمانـەی هـەردوولا هەیـە. نموونـەی ئـەو کێشـە هەڵپەسـێردراو و چارەسـەرنەکراوانە، دیاریکردنـی خـاک و سـنووری کوردسـتانە، هەروەهـا کێشـەی کەرکـووک وەک پایتەختـی هەرێمـی کوردسـتان، گەڕاندنـەوەی ئـەو کوردانـەی لـە کاتـی ڕژێمـی پێشـوودا ڕاگوێـزراون کێشـەیەکی تـرە، دواخسـتنی یەکلاکردنـەوەی کێشـە هەڵپەسـێردراوەکان سـەبارەت بـە دەسـەڵاتەکانی هەرێـم و حکومەتـی فیدراڵیـش پێویسـتی بـە ڕێککەوتنێکـی کۆنکریتیـی تایبـەت هەیـە، دارشـتنی بنەماکانـی دابەشـکردنی داهاتـە نەوتییەکانیـش کێشـەیەکی تـرە و لـە چاوەڕوانیـی چارەسـەرکردندایە.

دڵنیانەبـوون لـە بارودۆخـی عێـراق کاریگەریـی لەسـەر کوردستانیشـدا دەبـێ کـە هێشـتا پـرۆژە یاسـاکانی دەسـتوور نەچەسـپێنراون. سـەرباری بەردەوامبوونـی پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق، سـەرکردایەتیی کـورد هاوشـێوەی نوێنەرانـی لایەنەکانـی دیکـەی عێـراق چارەسـەرکردنی چەنـد کێشـەیەکی بنەڕەتـی بـە تێپەڕاندنـی قۆناغـی ڕاگـوزەری دەبەسـتنەوە و چاوەڕێـی پێکهێنانـی دەسـەڵاتێکی هەمیشـەیی دەکـەن لەسـەر بنەمـای دەسـتووری هەمیشـەیی بـۆ وڵات کـە شـێوەی کۆتایـی هەیکەلییەتـی دەوڵەتـی عێـراق دیـاری دەکات.

قۆناغێکـی تـری پەرەسـەندنی پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق، هەڵبژاردنەکانـی ئەنجوومەنـی نیشـتمانیی ئینتیقالـی بـوو کـە لـە ٣٠ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥ بەڕێوەچـوو، لـەم هەڵبژاردنـەدا کورسـییەکانی پەرلەمـان بەسـەر قـەوارە سیاسـییە سـەرەکییەکان دابـەش کرابـوو، پێکهاتـەی شـیعە لـە هاوپەیمانیـی یەکگرتـووی عێراقـی و هاوپەیمانانـی، نیـوەی کورسـییەکانی پەرلەمانیـان بەدەسـتهێنا و لـە کـۆی ٢٧٥ کورسـی ١٤٦ کورسـییان مسـۆگەر کـرد. پێشـتر هێـزە ئیسـلامییەکان نەیانتوانـی ٢٥-٣٠٪ زیاتـر لـە هەیکەلـی دەسـەڵات پێکبێنـن.

لـە ئـاداری ٢٠٠٤ کۆبوونـەوەی فرەوانـی ئاشـتبوونەوەی نیشـتمانیی نێـوان پارتـی

دیموکرتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەڵاحەدین بەڕێوەچوو و لە کۆبوونەوەکەدا هەردوو حزب ناکۆکییەکانیان وەلا نا و بە لیستێکی هاوبەش کە دواتر ناونرا لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا کرد و لە پەرلەمانی عێراقدا ٧٧ کورسییان بۆ کورد بەدەستهێنا کە دەکاتە زیاتر لە چارەگی کۆی کورسییەکان، پێش هەڵبژاردنەکان پێشبینی ئەم ژمارەیە دەکرا.

قەوارەکەی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی حکومەتە کاتییەکەی عێراق کە ئەمریکییەکان پشتیوانییان دەکرد، لەو هەڵبژاردنەدا بە پلەی سێیەم هات و ٤٠ کورسیی لە پەرلەمانی عێراق مسۆگەر کرد، ئینجا سوننەکان بە پلەی چوارەم بە ١٢ کورسی کە نیوەیان بە لیستی سەربەخۆی سەرۆکی کاتیی غازی عجیل یاوەر بەشداریان کردبوو - پێنج کورسی، چواریان بۆ سوننە- ئەوانی دیکەش وەکو بەشێک لە سێ قەوارەکە هەڵبژێردران.

لە ئاکامدا هەردوو پێکهاتەی شیعە و کورد ٢٦٠ کورسییان لە کۆی ٢٧٥ کورسی بەدەستهێنا و براوەی هەڵبژاردنەکان بڕیاری ڕاستکردنەوەی نوێنەرایەتیی سوننە بکەن لە پەرلەمانی کاتیی عێراق لەچوارچێوەی زیادکردنی ئاستی بەشداریکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە حکومەتە کاتییەکە و دارشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

بڕیار بوو پەرلەمانی هەڵبژێردراو، حکومەتی ئینتقالی پێکبێنێت، بەڵام دەرکەوت پێکهێنانی حکومەت پرۆسەیەکی تا بڵێی ئاڵۆزە. هەرچەندە هاوپەیمانیی یەکگرتووی عێراق زۆرینەی ڕەهای کورسییەکانی پەرلەمانی بەدەستهێنابوو، بەڵام نەیتوانی بەتەنیا حکومەت پێکبێنێت. میکانیزمی پێکهێنانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یاسای بەڕێوەبردنی گشتیدا ئەو سێ قەوارە سەرەکییەی پابەندکردبوو بە ڕێککەوتن حکومەت پێکبێنن، بۆیە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی (سەرۆک و دوو جێگر) بە دەنگی دوو لەسەر سێی پەرلەمان هەڵبژێردرا، ئینجا ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆی دەنگی پەرلەمان و زۆرینەی ئەنجوومەنی نیشتمانی پێکهێنرا.

لەڕاستیدا هەموو ئەم پرسانە بە گفتوگۆ شاردراوەکانی نێوان سەرکردە شیعەکانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق، حزبی دەعوە، پارتی دیموکراتی

کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ژمارەیەکی دیکەی قەوارە سیاسییەکان یەکلاکرانەوە و ڕۆڵی پەرلەمان تەنیا پەسندکردنی بڕیارەکانیان بوو.

بڕیار بوو حکومەتی ئینتیقالی پێکبهێنرێت و سەرجەم پۆستە سیادییەکانیش دیاری بکرێت، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکانی سێ هاوپەیمانییە سەرەکییەکە، پەرلەمان لە دوو خولی یەکەمیدا نەیتوانی سەرۆکێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت و پێکهێنانی حکومەت دواکەوت، هەتاکو سەرەتای مانگی نیسان کورد و شیعە لەپاش کشانەوەی قەوارەکەی ئەیاد عەلاوی نەیانتوانی بگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ دابەشکردنی پۆستەکان، لە ٣-٦ی نیسان پۆستە سەرەکییەکانی حکومەت لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تایفەگەری دیاریکران. دوای تێپەڕبوونی سێ هەفتەی دیکە بەڕێکەوتنی نێوان کورد و شیعە لەسەر شێوازی پێکهێنانی حکومەت گەیشتنە چارەسەرێکی مامناوەند، بۆ خێراکردنی پرۆسەکە لە دەقێکی یاساییدا سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ پابەندکرا لە ماوەی مانگێکدا ناوی وەزیرەکان ڕابگەیەنێت.

بە دوو قۆناغ ئەنجوومەنی وەزیران پێکهێنرا، لە ٢٨ی نیسان زۆربەی وەزیرەکان دەستنیشان کران، بەڵام هێشتا پێکهاتەی کۆتایی ئەنجوومەنی وەزیران ڕانەگەیەنرابوو، تاوەکو لە ٨ی ئایار هەموو شتێک تەواو، بەڵام لەبەر زۆریی ناکۆکی و گەرمیی گفتوگۆکانی دانوستانکاران تەنانەت لەبارەی دەقی سوێندخواردنەکە، وای لە وەزیران کرد دووجار سوێندی یاسایی بخۆن.

هەروەک پێشبینی دەکرا، پۆستە سەرەکییەکان بەسەر حزبەکانی نێو هاوپەیمانیی یەکگرتووی عێراق دابەشکرا، پێکهاتەی شیعە پۆستە سەرەکییەکانی حکومەتی ئینتیقالیی عێراقیان وەرگرت: لەپاڵ پۆستی سەرۆک وەزیران – ئیبراهیم جەعفەری-و جێگری سەرکۆمار – عادل عبدالمهدی- و جێگری سەرۆک وەزیران – ئەحمەد چەلەبی- لە کۆی ٣٢ وەزارەت، ١٧ وەزارەتیان وەرگرت کە سەرەکیترینیان وەزارەتی ناوخۆ، نەوت، دارایی، کارەبا و وەزیری دەوڵەت بۆ ئاسایشی نیشتمانی بوو.

سەرۆک وەزیران ئیبراهیم جەعفەری و وەزیری دارایی سەر بە حزبی دەعوە بوون، جێگری سەرکۆمار و وەزیری ناوخۆ لە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراق بوون، وەزیری ئەمنی قەومی ئەندامێکی حزبی دەعوەی ئیسلامی- ڕێکخستنی

عێراق بوو، وەزارەتی نەوتیش درابووە ئیبراهیم بەحرلعلومی سەربەخۆ کە نزیک بوو لە ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، بە گشتی لەو ٢٠ شیعەیەی بۆ پۆستە سەرەکییەکان دانرابوون، هەشتیان لەکاتی ئەنجوومەنی حوکمەوە لە سەرکردایەتیی عێراقدا بوون، لەو هەشتەش شەشیان سەرجەم پۆستەکانیان بینیوە. زۆربەی پۆستەکانی دیکەی شیعە درابوونە ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ بە هیچ حزبێکەوە نەبەستراونەتەوە: وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران ئافرەتێکی شیعەی بە ڕەچەڵەک کورد بوو، بەپێی ڕێسای کۆتا تاکە نوێنەری تورکمانیش گەیشتە نێو ئەنجوومەنی وەزیران.

کورد پۆستی سەرکۆماری عێراقی بەرکەوت و جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەریگرت، لەو(٩) وەزارەتەی بەر کورد کەوتبوو، یەکێتی(٤) وەزارەتی پێشپێردرا کە وەزارەتی پلاندانان و بازرگانی لەو چوار وەزارەتە بوون. مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان گرەنتی وەرگرتبوو لە ئایندەدا پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان وەربگرێت، تیمەکەشی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیرانی وەرگرت و بە (ڕۆژ نووری شاوێس) پڕکرایەوە، لەگەڵ چوار وەزارەت کە وەزارەتی دەرەوەی تێدابوو و بۆ هوشیار زێباری دانرا، کورد بێجگە لەم پۆستانە، پۆستی باڵای سەربازیشی وەرگرتبوو، سەرۆک ئەرکانی سوپا بابەکر زێباری بوو.

زۆربەی هەر زۆری ئەو کوردانەی پۆستەکانیان پێسپێردرابوو کەسانێک بوون لە ماوەی ئەنجوومەنی کاتیی حوکمی عێراقدا لە بواری مەدەنیدا خزمەتیان کردووە. دابەشکردنی پۆستەکانی کورد پتر لە شیعەکان مۆرکی حزبایەتیی پێوە دیاربوو، تەنیا وەزیرێک نەبێت کە سەربەخۆ بوو. چوار وەزیر لە کۆی شەش وەزیر نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن لە ئەنجوومەنی حوکمدا.

بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنگرانی ئەیاد عەلاوی کە چوونە ڕیزی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانییەوە، پێکهاتەی سوننە لاوازترین لایەنی نێو ئەنجوومەنی حوکم بوون. بەپێی کۆتای سوننە بۆ پۆستی تەشریفاتیی سەرۆک، پەرلەمانی عێراق حاچم ئەلحوسێنی لە لیستەکەی غازی یاوەر هەڵبژارد. سەرۆکی پێشوو غازی یاوەر پۆستی جێگری سەرۆکی (ڕەمزی) وەرگرت. چوار کەسیش پۆستی وەزارەتیان وەرگرت، یەکێکیان سەعدوون دلێمی بوو وەزارەتی بەرگریی وەرگرت، هەریەک لە جێگری سەرۆک

وەزیـران عبـد موتلّـەگ جبـووری و وەزیـری مافـی مـرۆڤ هاشـم شـبلی پۆسـتەکانیان ڕەتکـردەوە و نەچوونـە نێـو حکومەتـەوە. هەرچەنـدە پێکهاتـەی سـوننە کەسـایەتیی دەسترۆیشـتوو و شـێخی هۆزەکانـی دلێـم و جبـووری تێدایـە، کەچـی لەنێـو ئەنجوومەنـی حوکمـدا هـەر بـە لاوازی مانـەوە و کاریگەرییەکـی ئەوتۆیـان نەبـوو، هەڵبـەت ئەمـەش بەهـۆی نەبوونـی سـەرکردەی ڕاسـتەقینەی سیاسـی بـوو.

هەڵبژاردنەکانـی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥ تـەرازووی هێزەکانـی نێـو حکومەتـی بەشـێوەیەکی مەترسـیدار گـۆڕی، عەلاوی و تیمەکـەی کە هاوپەیمانی ئەمەریـکا بوون دوای ئـەوەی نەیانتوانـی هیـچ کام لـە پۆسـتە سـەرەکییەکان بەدەسـت بێنـن، کەوتنـە سـێبەرەوە، زۆربەی پۆسـتە سـەرەکییەکان کەوتنە دەست ئیسلامییە شـیعە مەزهەبەکان و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنـی وەزیرانیـان وەرگـرت و کاروبـاری ئەمنیـی وڵاتیـان گرتەدەسـت بـە وەزارەتـی ناوخـۆوە. دەسـتکەوتی سـەرەکیی سیاسـیی کوردیـش هەڵبژاردنـی جـەلال تاڵەبانـی بـوو بۆ پۆسـتی سـەرکۆماری عێـراق لەپـاڵ چەنـد پۆسـتێکی وەزاریـی گرنـگ.

لـە هەمـان کاتـدا گۆڕانکارییەکـی ئەوتـۆ بەسـەر ئـەو کەسـانەدا نەکـرا کـە پۆسـتی گرنگیـان لـە سـەرکردایەتیکردنی عێراقـدا وەرگرتبـوو، لەنێـو کـورد و شـیعەدا پۆسـتە بـاڵاکان و تەنانـەت وەزارەتەکانیـش ئاڵوگۆڕیـان پێدەکـرا و نیواونیـوی ئەنجوومەنـی وەزیـران نوێکرایـەوە و ئیـدارە لاوەکییـەکان نەبێـت هیچـی تریـان لـێ نەگـۆڕا.

حکومەتـی ئینتیقالـی کـە لـە ٣٠ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥دا پێکهێـنرا ئەنجامـی دابەشـکردنی «کێکەکـەی دەسـەڵات» بـوو. چەقـی قورسـایی بـەرەو ئیسـلامییە شـیعەکان وەرچەرخـا و لیبرالـە نزیکەکانیـان لـە ئەمەریـکا دوور خسـتەوە کـە لـە ٢٠٠٣وە هەژموونیـان لەسـەر سـەرکردایەتیکردنی عێراقـدا دیاربـوو. ئۆپۆزیسـیۆنی سـوننەش کـە بایکۆتـی هەڵبژاردنەکانیـان کردبـوو بەشـداریان لـە حکومەتـدا نەکـرد.

خەسـڵەتی سـەرەکیی حکومەتـی ئینتیقالیـی عێـراق ناهاوسـەنگی ئیتنیکـی و تائیفـی بـوو لـە حکومەتـی نوێـی عێـراق و نەبوونـی تیمێکـی یەکگرتـوو بـوو تیایـدا، ئەولەوییەتـی پێوەندییەکانـی نێـوان حزبـەکان لەسـەر ڕیزبەنـدی هەڕەمـی فەرمیـدا دامـەزراوە و پشـت بـە پێکناکۆکەکانـی نێـو قـەوارە سیاسـییەکان دەبەسـتێت. لـە ڕاسـتیدا حکومـەت تەنیـا ئیبراهیـم جەعفـەری بەڕێـوەی نابـات، بەڵکـو ڕۆڵـی چـوار کەسـایەتیی مـەزن لەنێـو

کەسایەتیی سەرۆک وەزیرانـدا دەبینرێـت کـە عەبدولعەزیـز حەکیـم، خـودی ئیبراهیـم جەعفـەری، جـەلال تاڵەبانـی و مەسـعود بارزانیـن، ئەمـەش خەسـڵەتێکی نـوێ نەبـوو بەڵکـو لـە کاتـی ئەنجوومەنـی حوکمیشـدا ئـەم دیاردەیـە هـەر هەبـوو و کـە هاوشـێوەی سـەرۆک وەزیرانێکـی بـە کۆمـەڵ بـوو.

لەنێـو وەزارەتەکانیشـدا هەمـان شـت تێبینـی دەکـرا، لـە هێندێـک حاڵەتـدا وەزیرێـک لـە نەتـەوە یاخـود مەزهەبێکـی دیاریکـراو بـوو، جێگرەکـەی لـە نەتـەوە و مەزهەبێکـی جیـاواز بـوو، ڕاوێـژکارە بیانـی و ئەمریکییەکانیـش بەشـێوەیەکی سـەرەکی ئیـدارەی وەزارەتەکەیـان دەدا و دەسـەڵاتیان بەسـەر هەمـوو شـتێکی نێـو ئـەو وەزارەتە سـەپاندبوو.

نەبوونـی سـازان و یەکگرتوویـی لەنێـو ڕیزەکانـی هاوپەیمانیی شـیعە – کـورد لە قۆناغی پێکهێنانـی ئەنجوومەنـی حوکـم و لـە کاتی هەنـگاوە بەراییەکانـی نێوخۆیـی و دەرەوەدا بە ئاشـکرا دیاربـوو. لـە دیـاردە ڕوونەکانـی ناڕێکیـی ئەنجوومەنـی وەزیـران، ئەو ڕەخنـە تونـدە بـوو کـە ئاراسـتەی بەرنامە سیاسـییەکەی ئیبراهیم جەعفـەری کرابوو کاتێک لـە ٣١ی ئایاری ٢٠٠٥ لـە پەرلەمـان خوێندرابـووە و ڕەخنـەی لێگیـرا کـە بەبـێ بەشـداریکردنی وەزیرانـی کـورد داڕێژرابـوو. بەرنامـەی حکومـەت ئەولەوییـەت دەداتـە کێشـە ئەمنییەکانـی وڵات و لەناوبردنـی گەندەڵـی و کارکـردن لەپێنـاو داڕشـتنی دەسـتوورێکی نـوێ و ئامادەسـازی بـۆ هەڵبژاردنـی داهاتـووی پەرلەمـان لـە کۆتایی سـاڵی ٢٠٠٥.

لەچوارچێـوەی هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی ئێسـتای عێـراق و بەراوردکردنـی بـە وردەکاریـی دابەشـکردنی هێـزە سیاسـییەکان لەنێـو حکومەتـی نیشـتمانیدا، بـە زەحمـەت پێشـبینیی ئەگـەری گۆڕانکاریـی خێـرای ئەرێنـی لـە وڵات دەکرێـت و گومـان لـە توانـای سـەرکردایەتیی ئێسـتا دەکرێـت بـۆ هاویشـتنی هـەر هەنگاوێکـی پێویسـت، بەلانـی کـەم هەنگاونـان بـۆ کەمکردنـەوەی توندوتیـژی تیرۆریسـتی، وەک مەرجێکـی سـەرەکی بـۆ زامنکردنـی ئاسـاییکردنەوەی ژیانـی ئابـووری و کۆمەڵایەتیـی عێراقییـەکان.

حکومەتی عێراق ڕایگەیاند کە ئاسایشـی وڵات خاڵێکی سـەرەکیی سیاسـەتی نێوخۆیەتی، ئەمـەش مانـای وایـە حکومـەت بەتەمایـە سـنووردێک بـۆ ڕاپەڕینـە چەکدارییـەکان و کاری تیرۆریسـتی و سـەرکوتکردن دابنێت، لەو پێناوەدا پەرەی بە شـێوازێکی نوێی چارەسەرکردنی کێشـە ئەمنییـەکان دا بـەڵام تێیـدا سـەرکەوتوو نەبوو و هیچـی لە بارودرخەکە پـێ نەگۆڕا.

لە کاتی ڕاگەیاندنی حکومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەریدا، هێزە چەکدارە نهێنییەکان هەڵمەتێکی بەرفراوانی توندوتیژییان لە وڵات ڕاگەیاند کە دەبووایە هێزە ئەمنییەکانی عێراق ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی سەقامگیریی وڵاتدا بگێڕن، بۆیە لێژنەیەکی تایبەتی هاوبەشیان پێکهێنا و ناونرا لیژنەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان کە نوێنەرانی هەریەک لە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی لەخۆگرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی چەکدارانی نێو ڕیزەکانی ئەو هێزانە لەڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە هێندە ئامادە نەکرابوون کە توانای ڕووبەڕووی هێزە یاخیبووەکانیان هەبێت.

لە سەرەتای مانگی ئایارەوە دەستپێشخەریی لەناوبردنی ڕاپەڕینەکان کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی هاوپەیمانان، هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا بە ڕەزامەندیی حکومەتیعێراق چەندین ئۆپەراسیۆنی فرەوانیان لە پارێزگای ئەنباری سوننەنشین ئەنجام دا کە لە هێندێکیاندا فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیش بەشداریان تێدا کردبوو، هاوکات لە کۆتایی ئایاردا هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئۆپەراسیۆنی (بروسک) یان ئەنجام دا و چەند یەکەیەکی سەربازیی هێزەکانی ئەمەریکاشیان لەگەڵدا بوو، سەرباری هەموو ئەوانە ڕەوشی ئەمنیی عێراق گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینی و چەکدارانی عێراق چالاکتر لە جاران ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی عێراق و هاوپەیمانان دەبوونەوە و کاری تێکدەرانەیان چڕترکردبووەوە، بۆیە هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هاوپەیمانان بەجیا و بە هاوبەشی چەند جارێک کێومااڵی ناوچەکی دیاریکراویان دووبارە دەکردەوە. لە ئاکامدا حکومەتی عێراق ناچاربوو داوای درێژکردنەوەی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بکات، بەمەش خواستی سەرەکیی ئۆپۆزیسیۆن ڕەتکرایەوە و ئەو ڕێککەوننامەیە پێشێلکرا کە داوای خشتەیەکی زەمەنیی کردبوو بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا نکووڵی لە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی نیشتمانی لە وڵاتدا دەکرا، ئەمەش کێڕڤی گرژی و ئاڵۆزییە سەربازی و سیاسییەکانی بەرەو هەڵکشان برد و کردە تیرۆریستییەکان پەرەیان سەند کە لە دەرەوەی سنووری عێراق پشتیوانییان لێدەکرا.

لە هەفتەکانی یەکەمی دوای دامەزراندنی حکومەتە نوێیەکەی عێراق، ئەو چالاکییە

چەکدارییانە زیادیان کرد کە لەسەر بنەمای نەتەوە و تایفەگەری بەرپادەبوون، ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچە سوننەنشینەکان و کوشتنی بە بەرنامەی سەرکردە سوننەکان و بانگەشەکردن بۆ ڕیشەکێشکردنی بەعسییەکان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هێندەی تر چالاکییە چەکدارییەکانی لە دژی سوپای عێراق و هاوپەیمانان و هێزە ئەمنییەکانی دیکە زیاد کرد. یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعسییەکان زیانێکی گەورەی بە پێکهاتەی سوننەکانی عێراق گەیاند، ئەمینداری گشتیی زانیاریی سوننە، حەسەن ذاریش بە ئاشکرا ڕایگەیاند: میلیشیاکانی شیعە و حکومەتی کاتیی عێراق دەستیان لە کوشتنی سوننەدا هەیە.

لەبەر ئەم هەڵوێستانەی سوننە، حکومەتی عێراق و ئەو لایەنانەی ئۆپەراسیۆنەکانیان لە دژی سوننەکان ئەنجام دەدا، چالاکییەکانیان کەمکردەوە و هەوڵی ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ پێکهاتەی سوننە دەدا و هەڵمەتەکانی دەستگیرکردن و کوشتنی بەعسییەکانیان کەمکردەوە. سازشیان بۆ سوننە دەکرد و داوای بەشداریکردنی سوننە چوارچێوەیەوەکان دەکرد بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و دەستووریدا بکەن، لە ئاستی میللیشدا چەند لێدوانێک درا سەبارەت بە ئەگەری گفتوگۆکردن لەگەڵ (هێزەکانی بەرگری) بەڵام تەنیا لەگەڵ ئەو بەشانەی کە دەستیان بە خوێنی هاوواڵاتیانی سڤیل سوور نەبووە و هێرشیان نەکردووەتە سەر هێزە ئەمنییەکانی عێراق و عێراقیی بێخەتایان تیرۆر نەکردووە.

لە کۆتایی مانگی ئایاردا لێژنەیەکی دەستووریی پێکهێنرا کە لە (٥٥) ئەندامی قەوارە جیاوازەکان پێکهاتبوون و لەگەڵ ڕێژەی بەشداربوون لە کۆمەڵەی نیشتمانیی ئینتیقالی دەگونجا، هاوپەیمانیی یەکگرتووی عێراقی: ٢٨ ئەندام، کورد: ١٥ ئەندام، لیستەکەی عەلاوی: ٨ ئەندام. هومام حەمودی لە هاوپەیمانیی یەکگرتووی عێراقی سەرۆکی لێژنە، فوئاد مەعسووم لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان و عەدنان جەنابی نوێنەری سوننە - لیستی عەلاوی- دوو جێگری سەرۆک لێژنەکە، هەروەها سێ ڕێپێدراوی دیکەش - دووان لە هاوپەیمانیی یەکگرتووی عێراقی و یەکێک لە هاوپەیمانیی کوردستان- بە دەنگدانی یەکلاکەرەوە.

لەپێناو خوڵقاندنی دیمەنی بەشداریکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق لە کێشە

دەستوورییەکە، بڕیار درا بەشداریی پێکهاتەی سوننە لە لێژنە دەستوورییەکەدا فرەوان بکات و ژمارەیان زیاد بکرێت و لە ئەندامەوە بکرێنە (١٥) ئەندام لەسەر حسێبی ئەوانەی لە کۆمەڵەی نیشتمانیی ئینتیقالی ئەندام نین. نێوەندە سوننە چوارچێوەیڕەوەکانیش ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە کارەکانی ئەو دەستەیەدا دەربڕی و داوای (٢٥) کورسییان کرد لەگەڵ مافی دەنگدان. هەڵبەت ئەم داواکارییە لەلایەن شیعەکانەوە پشتگیری ناکرێت. ڕێکخراوە ڕادیکاڵییەکانی سوننەش، لەپێش هەموویانەوە لێژنەی زانیاریی سوننە بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ڕەتدەکردەوە.

سەرباری کارکردن لەپێناو چەسپاندنی پرۆسەی دەستوور، ناکۆکیی حزبە سەرەکییەکان و ڕێکنەکەوتن لەسەر کێشەکانی عێراق، چاودێرانی پرۆسە سیاسییەکەیان گەیاندبووە ئەو بڕوایەی کە هیچ لایەن و ئەندامێکی نێو حکومەتە ئینتیقالییەکە لە هەوڵەکانیاندا ڕژدنین بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی عێراق، سەرکردە دیارەکانی عێراقیش لەژێر گوشاری بەردەوامی ئەمریکییەکان بوون و نەیاندەتوانی لەو خشتە زەمەنییە لابدەن کە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دەستوور دانرابوو، بەپێی ئەو خشتەیە، پێویستە پرۆژەی دەستوور لە ١٥ی ئاب ئامادە بکرێت، لە ١٥ی تشرینی یەکەمیشدا ڕاپرسیی لەسەر بکرێت و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەمیشەیی لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا ئەنجام بدرێت.

حکومەتی ئینتیقالی، پتەوکردنی هەڵوێستە سیاسییەکانی و دژایەتیکردنی ڕکابەرانی کردبووە کارە هەرە لەپێشینەکانی خۆی و هیچ ڕێکارێکی بۆ گۆڕینی دۆخەکە لە بواری کۆمەڵایەتی- ئابووری نەگرتبووەبەر کە لە چوارچێوەی بەردەوامبوونی بارە سەربازی – سیاسییە ئاڵۆزەکەی وڵاتدا بارودۆخێکی زۆر سەخت و ناهەباری خوڵقاندبوو، بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشەش هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی شارستانی. ئەمڕۆ یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی دنیا بە سەرچاوەکانی هایدرۆکاربۆنی توانای سوودوەرگرتنی لەو هەلانەی نێو بازاڕی نەوتدا نییە و ناچارە پەنا بۆ هاوکارییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ببات، هەموو ئەمانەش کەشێکی ناڕەزایی لەنێو گەلانی عێراقدا دەخوڵقێنێ.

لە عێراق، مەترسییە گەورەکە لەوەدایە کە هێشتا چەندین کێشەی سەرەکیی

وڵات چارەسەرنەکراون بەتایبەتیش ئەو کێشانەی پەیوەستن بە ململانێ نەتەوەیی و تایفییەکانی نێوان کورد و عەرەب. کە سەرەکیترینیان هەڵبژاردنی مۆدێلێکی دیاریکراوە بۆ فیدراڵییەتی عێراق و هەیکەلی ئاینده‌ی دەسەڵاتی جێبەجێکار و هەموارکردنی سنووری یاسایی ئێستای هەرێمی کوردستان و گەڕاندنەوەی ئەو خێزانانەیە کە بەزۆرەملێ لەسەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێندا لەزێدی خۆیان ڕاگوێزراون و ئاساییکردنەوەی ئیتنۆ- دیموگرافیایی ناوچە کێشە لەسەرەکانە، لەوانەش پارێزگای کەرکووکی فرەنەتەوەی دەوڵەمەندە بە بیرە نەوتییەکان، هەروەها کورد داوای بەشێکی گەورەی خاکی پارێزگای مووسڵیش دەکات.

تاوەکو ئێستا، سەرجەم ئەم کێشە ئاڵۆزانە لە دانوستانەکانی نێوان حزبە سەرەکییە عێراقییەکان (شیعە و کورد) دواده‌خرێن بۆ دوای تەواوبوونی ماوەی ئینتیقالیی دەوڵەت. دۆخەکەشی گەیاندووەتە ڕادەیەک کە ناکرێ ئەم کێشانە لەوە زیاتر دوابخرێن. بەتایبەتیش کێشەی کەرکووک کە بە کێشەیەکی درێژخایەن هەژماردەکرێت، لە گەرمەی هەوڵی لایەنە سیاسییەکاندا بۆ داڕشتنی دەستوور، کورد هەڕەشەی شکستپێهێنانی ڕاپرسی دەکرد لەسەر دەستوور ئەگەر بێت و داواکارییەکانیان سەبارەت بە کەرکووک ڕەچاونەکرێت، عەرەب بە گشتی و شیعە بەتایبەتی کە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایار بوون ئامادەنین خواستەکانی کورد جێبەجێ بکەن و بیرە نەوتەکانی باکووریان ڕادەست بکەن.

لەڕاستیدا ڕەوشی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان کە لە بەهاری ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ ئەمریکییەکان «لە ئازادکردنیاندا»بەشداربوون. لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاشدا کە سوننە و تورکمان بایکۆتیان کرد، کورد پۆستی پارێزگار و زۆرینەی ئەنجوومەنەکانی شارەوانی و پارێزگاکانی کەرکووک و مووسڵیان بەدەستهێنا. دوورخستنەوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ لە چارەسەرکردنی ئەم کێشە هەستیارەدا، تووندئاژۆکان – ئەوانەی دادپەروەریی مێژوویی دەگەڕێننەوە- دەستکراوە دەکات بۆ پاکتاوی ڕەگەزی.

کورد داوای جێبەجێکردنی مادده‌ی ٥٨ی دەستووری کاتیی عێراق دەکات، بەپێی بڕگەکانی ئەم مادده‌یە حکومەت پابەندکراوە بە ڕاستکردنەوەی هەڵە سیاسییەکانی

ڕژێمی پێشوو و گۆڕینی دیموگرافیای چەند ناوچەیەک بە کەرکووکیشەوە. ئێمە لێرەدا باس لە نەهێشتنی ئاسەوارەکانی پرۆسەی تەعریبکردنی کەرکووک دەکەین، واتە دەرکردنی (٢٠٠)هەزار عەرەب و گەڕاندنەوەی ئەو کوردانەی پێشتر لەو شارەدا دەژیان و قەرەبووکردنەوەیان.

دەسەڵاتدارانی کورد، گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان زۆر بە پێویست و گرنگ دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەرکردنی ئەمجۆرە کێشانە بەبێ ئاستەنگ و ئاوا بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت، چونکە پرۆسەکە پەیوەستدارە بە مافەکانی مرۆڤ و چارەنووسی دەیان و سەدان هەزار عەرەب کە ئەوانیش بە زۆرەملێ لەلایەن حکومەتی پێشووەوە لەو شوێنە نوێیانە نیشتەجێ کراون. نەبوونی میکانیزمێکی گونجاوی یاسایی و دادوەری بۆ سڕینەوەی ئەو ستەمەی لە هەمان کاتدا لە کورد و لە عەرەبیش کراوە، ڕێگەنادات چارەسەرکردنەکە خێرابکرێت و بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە کورد بگەڕێتەوە شوێنی بنەڕەتیی خۆی.

لەهەمان کاتدا خێزانێکی زۆری کورد لە شارەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەگەڕێنەوە کەرکووک و دەوروبەری کە دەگوترێت پێشتر لێرە ژیاون و ئێستا لەپێناو نەهێشتنی ژیانی سەختی ئاوارەیی و باشکردنی دۆخی داراییان لە کار و پیشەیەک دەگەڕێن بیکەنە سەرچاوەیەک بۆ بژێویی خێزانەکانیان. هەڵبەت ئەم پرۆسەیە کاریگەریی لەسەر دیموگرافیای ناوچەکەدا دەبێت و ڕێژەی کوردی تێدا بەرزدەبێتەوە، هێزە سیاسییەکانی کوردیش پشتیوانییان دەکات، چونکە زیادبوونی دانیشتوانی کورد لە شارەکە لەسەر حسێبی عەرەب و تورکمان، هەلی چەسپاندی پێگەی ئەو هێزە سیاسییانەش لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نیشتمانیدا زیاد دەکات بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی نەتەوەی کورد لە پارێزگاکە لە هەڵبژادنەکانی پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا.

بەداخەوە گۆڕینی دیموگرافیا لە کوردستان و ڕاگواستنی عەرەب لە ناوچەکە بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی نایەتەدی، ئەمەش ناڕەحەتییەکی لەنێو عەرەب و تورکمان و تەنانەت خودی کوردیشدا دەخولقێنێ، بەردەوامبوونی پرۆسەکەش بەدەرنابێت لە مەترسییەکانی بەرپابوونی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەنێوان ئەو

نەتەوانــە کــە پێشــتر ناوچەکــە تــا ڕادەیــەک ئارامییەکــی بەخــۆوە بینیبــوو.

دۆخــی عێــراق لــەدوای پێکهێنانــی حکومەتــی ئینتیقالــی چــۆن پــەرەی ســەند؟ شــیکردنەوەی پێکهاتــەی حکومــەت و هاوســەنگیی هێــزە سیاســییەکان ئومێــدی ئەوەیــان لێناکرێــت توانــای چارەســەرکردنی بەپەلــەی ئــەو کێشــە گەورانــەی هەبێــت. لــە ٢٠٠٣وە تاوەکــو ئێســتا دەســەڵات بەســەر شــیعە و کــورد و بەشــێک لــەو لیبرالییانــە دابەشــکراوە کــە هاوســۆزی ئەمەریــکان، ســەرکردایەتیی سیاســیی وڵاتیــش پەرتــەوازەن و یەکگرتــوو نیــن لــە شــێوازی چارەســەرکردنی کێشــەکاندا هاوڕانیــن و جیاوازییەکــی زۆریــان هەیــە، خــودی حکومەتیــش بۆچوونێکــی یەکگرتــووی لــە ئاســت کێشــە سیاســییەکاندا نییــە، تەنانــەت لــە ئاســت پابەندبــوون بــەو خشــتە زەمەنییــەی بــۆ چارەســەرکردنی پرۆســە سیاســییەکەی عێراقیــش دانــراوە هــاوڕا نیــن، ئەمــەش هیــچ مەرجێکــی ســەرکەوتنی بەرنامــە حکومییەکــەی ئەنجوومەنــی وەزیرانــی تێــدا بەدیناکرێــت. لــە بــواری ئەمنیــدا ئەنجوومەنــی وەزیــران شکســتیهێناوە و هەروەکــو دەگوترێــت دۆخەکــەی لــە بەرژەوەندیــی خــۆی هەڵگەڕاندووەتــەوە، نەشــیتوانیوە پشتبەســتن بــە هێزەکانــی هاوپەیمانــان کەمبکاتــەوە کــە بــە کۆڵەکــەی بنەڕەتیــی دەوڵەتــی عێــراق دادەنرێــت. هێشــتا بارودۆخــی ئاڵــۆزی ســەربازی- سیاســی بەربەســتێکی ســەرەکیی بــەردەم ئاســاییکردنەوەی ژیانــی هاووڵاتیانــەن لەپێــش هەمووشــیانەوە لەبــەردەم بووژانــەوەی ئابووریــی عێــراق.

حکومــەت کەشــێکی لەبــاری بــۆ گفتوگــۆی نیشــتمانی نەڕەخســاندووە، تەنیــا چەنــد هەوڵێــک نەبێــت کــە پەیوەســت بــوو بــە ئۆپۆزیســیۆنی چوارچێوەیــڕەو نــەک بنیاتنــەر. دابەشــبوونی ســوننە لەنێــو خۆیــان و یەکنەخســتنی داواکارییەکانیــان و گۆشــەگیربوونیان لە سیاســەتی ســوننە دەسترۆیشــتووەکان، ئەوانــەی بەرگریکردنــی چەکدارانەیــان هەڵبژاردووە، بــووە هــۆی بێبەشــکردنی ئــەم پێکهاتــە گرنگــەی نێــو کۆمەڵگــەی عێــراق لــە هــەر هەڵێکــی کاریگەرانــە لەســەر ئایندنــەی عێــراق. ئــەو گوشارانەشــی دەخرانــە ســەر ســوننە لەلایــەن هێزەکانــی هاوپەیمانــان و هێــزە ئەمنییەکانــی عێــراق و میلیشــیا شــیعەکان بوونەتــە هــۆی ســەرهەڵدانی شــەڕی تائیفــی لــە عێراقــی دوای ڕوخانــی ڕژێمــی ســەدام.

ڕووبەڕووبوونــەوە چەکــداری و تێکدەرانــەی گرووپــە چەکــدارەکان لــە بەغــدا و

سێگۆشەی سوننی زیادیان کردووە، هەروەها لە کەرکووکیش کە لە بنەڕەتدا ناکۆکیی نێوان عەرەب و تورکمان و کوردی تێدایە، لەو پارێزگایانەی باشووری شیعی و باکووری کوردی کە پێشتر ئارام بوون، تیرۆریستانیان تێدا چالاک بوو، بەسرە و سلێمانی بە نموونە.

لە ئادار و نیسانی ٢٠٠٣ وە بێجگە لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام، دیموکراتیزەکردنی ئەنگلۆ- ئەمەریکایی هیچ ئامانجێکی نەهێناوەتە دی کە پێشتر واشنتۆن بانگەشەی بۆدەکرد. هەرچەندە عێراق بە فەرمی خاوەن سەروەریی خۆیەتی، بەڵام هێشتا عێراق بە وڵاتێکی داگیرکراو دادەنرێت لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە و پارێزگاریی لە گرتووخانە تایبەتییەکانی خۆیان کردووە کە پڕاوپڕی بەندکراون، نەوت و دارایی عێراقیشیان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان.

لەپشت پەردەی ئەو پرۆسە سیاسییەی کە بەپێی خشتەی زەمەنیی پلان بۆدارێژراو پەرەدەسێنی و سەرۆگ جۆرج بوش دڵخۆش دەکات و گومان لە دروستیی بڕیاری دەستوەردانە سەربازییەکەی خۆی ناکات و خۆی بە ڕزگارکەری گەلانی عێراق دادەنێت، زیادبوونێکی زۆری هۆکارە نەڕێنییەکان تێبینی دەکرێت کە گرنگترینیان مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانە لە عێراق، ئەم مانەوەیەش بیانوویەکە بۆ پەرەسەندن و وروژاندنی ڕووبەڕووی چەکدارانەی گرووپەکان. لەڕاستیدا هێزەکانی هاوپەیمانان هەرگیز توخمێک نەبوونە بۆ سەقامگیری وڵات و نەیتوانیوە ئاسایش بۆ عێراق دەستەبەر بکات، لەلایەکی دیکەوە وڵاتیان لە گێرەشێوێنیی سەرتاسەری و ڕەها پاراستووە.

عێراقی پاش ڕووخانی ڕژێم بووە چەقی تیرۆری نێودەوڵەتی و لە ڕووی ژمارەی خۆکوژەکانەوە لەسەر ئاستی جیهاندا لە پلەی یەکەمدا بوو. کارە تیرۆریستییەکان بووە دیاردەی ڕۆژانەی عێراقییەکان، هەرچەندە ئەم کارانە ئاراستەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانان دەکرا، بە کێشەیەکی نێوخۆی عێراق هەژمار دەکرا، بەڵام کەس گرەنتی ئەوەی نەدەدا سنووری عێراقیش ببەزێنن و ناوچەکانی تریش بگرێتەوە، چونکە ئەزموونێکی دوورودرێژیان پەیداکردبوو.

بەڵام تیرۆر تاکە فاکتەر نەبوو ببێتە سەرچاوەی ناسەقامگیریی عێراق، بەڵکو

ئەو لێکترازانەی لەژێر کاریگەریی کورد و شیعە پەرەی سەند هۆکارێکی دیکەی ناسەقامگیری بوو کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندییەکانی تورکیا، ئێران، سووریا و میرنشینەکانی نەوت هەبوو لە کەنداوی فارسیدا. کێشەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بایەخێکی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی پەیداکردبوو، بۆیە لە ئایاری ٢٠٠٥ بووە بەشێکی گرنگی گفتوگۆکانی نێوان عێراق و تورکیا لەچوارچێوەی سەردانەکەی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ تورکیا. لەو سەردانەدا لەسەر بەردەوامیی هەماهەنگیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە ڕێککەوتن کە کۆمەڵێک پرسی سیاسی و ئابووریی دەگرتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لایەنی تورکیایی پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا بە پەرەسەندنەکانی دۆخی کوردستان و کەرکووک بەستەوە.

هێشتا چارەنووسی باشووری کوردستان نادیارە و بۆچوونی زۆر هەن باس لە ئەگەری جودابوونەوەی کوردستان لە عێراق دەکەن، ئەم بژاردەیە بووەتە باس و خواستی نێو سیاسەتوانانی کوردیش. ڕەنگە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە هاوکاریی ئەمەریکا یەکێک بێت لە ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی پلانەکانیان بۆ ڕێککخستنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بەڵام ئەم ئەگەرە لەگەڵ هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراقدا دێتەدی و دەبێتە بناغەیەک بۆ سەرکردەکانی کورد لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەسەر بنەمای بڕگە و ماددەکانی دەستووری عێراق.

پێدەچێت لەمڕۆدا جێبەجێکردنی پراکتیکانەی بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان بەدوور بزانرێت لەبەر چەند هۆکارێک کە کارەکتەری نێوخۆ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵی تێدا دەگێڕن، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتووی هێزە سیاسییە کوردییەکانە. پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەتوانن هاوپەیمانییەک پێکبێنن بۆ بەشداریکردنی کورد لە هەیکەلی حکومەتی نوێی عێراق، سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بە بەردەوام خۆیان وا دەخەنەڕوو کە دەتوانن لەسەر ئاستی عێراقدا سیاسەت بکەن و دەخوازن پۆستی باڵا لە بەغدا وەربگرن، لە هەمان کاتیشدا حکومەتی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستاندا چالاک نین و حزووریان نییە. کوردستانیش دابەشکراوەتە سەر دوو زۆن و هەریەکەیان

بـە سـەرۆکایەتیی بارزانـی و تاڵەبانـی حکومەتێکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە.

ئاینـدەی باشـووری کوردسـتان وەک بابەتێـک بـۆ دەوڵەتـی عێراقـی فیـدراڵ بـە مەرجـی پاراسـتنی یەکگرتوویـی عێـراق و توانـای حکومەتـی فیـدراڵ لـە چەسـپاندنی شـەرعییەتی سـەروەریی هەرێمـی کوردسـتان دەبێـت کـە تاکـو تێسـتا سـەرجەم داواکارییەکانـی کوردیـان لـە کێشـە ئیقلیمییەکانـدا جێبەجـێ کـردووە و دەبـێ خواسـتی کـورد لـە گەڕاندنـەوەی کەرکـووک بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان و ناسـاندنی شـارەکە بـە پایتەختـی کوردسـتان جێبەجـێ بـکات، بەهـەر حـاڵ کوردسـتان پێویسـتی بـە گەرەنتیـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش هەیـە.

سەرچاوەکان

1- Обращения Президента Дж.Буша к американскому народу 18 и 20 марта 2003 г. // Иракский кризис и становление нового мирового порядка (сборник материалов) сентябрь 2001- апрель 2004. М., 2004, с. 91-92.

2- Заявление Совета Революционного командования Ирака о мирном демократическом решении курдского вопроса. «Ан-Нур» (Багдад). 12 марта 1970.

3- Autonomy Law № 3. Taken in Bagdad on the 11th day of March 1974. Settlement of the Kurdish Problem in Iraq. Ath-Thawta publications, c. 111-122. Б/м, б/г.

4- Курдское движение в новое и новейшее время. М., 1987, с. 270-271.

5- Шорд Халид Саид. Успехи и проблемы правительства Иракского Курдистана. // Южный Курдистан сегодня (уроки кризиса). М., 1997, с. 50. Эти данные усредненные. Подлинные масштабы людских потерь и нанесенного иракским курдам материального ущерба до сих пор не подсчитаны. Этим объясняются значительные расхождения в приводимых разными исследователями данных. Только в ходе кампании «Анфаль» (1988-1989 гг.) погибло от 50 тыс. до 182 тыс. человек. См. «Геноцид в Иракском Курдистане». М., 2003, с. 356.

6- Ш.Х.Мгои.. Политические изменения в Южном Курдистане после конфликта в Персидском заливе. // Южный Курдистан сегодня, с. 23-24.

7- Там же, с. 24.

8- История Курдистнана. М., 1996, с. 448.

9- The Middle East.L., 1996, Dec. № 262, с. 9.

10- Юрченко В.П. О положении в иракской оппозиции. // Аналитические записки. Иракский кризис. М., 2004, с. 205.

11- The Iraq Foundation. 1998. 13 November.

12- Ibid.

13- Хошави Бабакр. Курдистан: перспективы курдской государственности. // Курдский вопрос на рубеже тысячелетий. М., 2004, с. 32.

14- Там же.

15- Из послания Президента Дж.Буша Конгрессу США о положении страны от 29 января 2003 г. // Иракский кризис и становление нового мирового порядка (сборник материалов), с. 50-53.

16- The National Security Strategy of the United Stated of America. http://www/Whitehouse gov./

17- Шмелева Т.А. Курдский фактор в кризисной ситуации вокруг Ирака.// Аналитические записки. Иракский кризис, с. 210.

18- S/RES/ 1483 (2003). http://www.un.org/Russian/document/seresol2003/index html

19- Ibid.

20- Соглашение о политическом процессе между ВУСИ и ВКВ. http://www.cpa-iraq org/govemment/

21- Law of Administration for the State of Iraq for the Transitional Period.http://www.cpa-iraqorg/government/TAL.html

22- Пояснения к оговоркам, выдвинутым группой членов Управляющего совета в ходе подписания 5 марта 2004 г. Закона о государственном управлении в Ираке в течение переходного периода.Багдад. 09.03.2004.

Издано Представительством Высшего совета исламской революции в Ираке отдельным документом (на араб. яз.).

23- Там же.

24- Ш.Х.Мгои. Курдский фактор (современное состояние и перспективы). Курдский вопрос на рубеже тысячелетий, с. 21.

25- Дар ас-Салам (Багдад). 10.03.2004; Красная звезда. 17.11.2005.

26- Хошави Бабакр. Курдистан: перспективы курдской государственности. // Курдский вопрос на рубеже тысячелетий, с. 33.

27- Там же, с. 34-35.

28- Там же, с. 35; Ш.Х.Мгои. Курдский фактор (современное состояние и перспективы). // Курдский вопрос на рубеже тысячелетий, с. 22.

29- http://www.cpa-iraq.org./govemment/TAL.html

30- Аш-Шарк аль-Фусат /для Ирака/. Л. 19.02.2005.

31- Там же.

32- Там же.

33- Закон об управлении Ираком.

34- The Financial Times. 10.05.2005.

35- Ibid.

36- Ibid.

37- Ibid.

38- Iraqi Election Information Network./http://www/iraqiein org/English.

39- Позиция курдов в этом вопросе получила отражение, в частности, в опубликованном ими материале, характеризующем демографическую ситуацию в провинции Мосул и области Киркук в прошлом и настоящем, из которого четко вытекает преобладание курдов над всеми другими этническими группами населения на этих территориях. Эти данные курды рассматривают как важнейший аргумент в деле определения территории будущей федеральной единицы Ирака- Южного Курдистана.- Хакика таркиб аль-каумий фи вилайя Мосул ва мухафаза Киркук. 2004. Б/м.

40- О.И.Жигалина Иракские курды накануне парламентских выборов. File://C://Documents%20and%Setting/nonb3OBaTenb/Pa6o4Hft%20cnjk.West%2..17/01/2005.

41- Хошави Бабакр. Курдистан: перспективы курдской государственности. // Курдский вопрос на рубеже тысячелетий, с. 36-37.

42- Зачистки не принесут мир Красная звезда. 17.11.2005.

43- Там же.

ئالینگارییەکا ـی جێبەجێکردنـی ئۆتۆنۆمـی باشـووری کوردسـتان و هۆکارەکانـی نەگەڕانـەوە

شاکرۆ خدۆ محوی

کێشـەی نەتـەوەی کـورد پێگەیەکـی دیـاری لـە پرۆسـەکانی سیاسـیی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و ناوینـدا هەیـە، لەکاتـی ئێستاشـدا کێشـەکانی دۆخـی یاسـایی ناسیۆنالیسـتی کـورد کـە دابەشـکراوەتە سـەر عێـراق، ئێـران، سـووریا و تورکیـا ڕەوانـەی ئـەو دەوڵەتـە دەکرێـت کـە کـوردی ئـەو پارچەیـەی تێـدا نیشـتەجێن و لـە پسـپۆڕیی ئـەو دەوڵەتانـەدان. هـەر پێشـهاتێکی گرنگیـش لـەو پارچەیـەی ناوچەکـەدا دەبێتـە فاکتەرێـک و بـە گشـتی کاریگەریـی لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی ئـەو نەتەوەیـە دەبێـت.

پرسـی چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەیـی لـە باشـووری کوردسـتان پێـی ناوەتـە قۆناغێکـی نوێـی پێشـکەوتوو، شـیکردنەوەی قۆناغـی ئێسـتا و ئاسـۆکانی پەرەسـەندن زۆر گرنگـە بـۆ دیاریکردنـی پێگـە و ڕۆڵـی کـورد لـە پرۆسـە سیاسـییەکانی ئـەم ناوچەیـە. لـە دەیـەی ڕابـردوودا زۆر جـار بـە چڕکردنـەوەی چالاکیـی سـەربازیی و سیاسـیی ئەمەریکایـی لـە ناوچەکـە، زێدەبوونـی بایەخـی کێشـەی کـورد بـە شـتگەلی وەهـا بەسـترابووەوە کـە هیـچ بنەمایەکـی ڕاسـتیی نەبـوو کـە بێگومـان ئـەم دۆخـەی دوایـی بـووە فاکتەرێکـی دیکـە بـۆ چالاککردنـی بزاڤـی نەتەوەیـی کـورد لەپێنـاو چـارەی خۆنووسـین و گەشـەکردنی بایەخـی فاکتـەری کـورد، لەگـەڵ ئەوەشـدا بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـورد لەسـەر بنچینە تایبەتەکانـدا و بـە هەمـان ئامانـج و هێـزە ڕێخۆشـکەرەکان و ڕۆڵـی سـەرکردایەتیی حزبـە سـەرەکییەکان پەردەسـتێنێ. لەمبارەیـەوە دەبـێ سـەرنجی ئـەوەش بدەیـن کـە هەمـان ئـەم ئەمەریکایـە لەگـەڵ هاوپەیمانـە ئەورووپاییەکانـی لـە شەسـتەکان و حەفتاکانـی سـەدەی بیسـتەمدا هەڵوێسـتێکی نادۆسـتانە و دژ بـە بزاڤـی نەتەوەیـی کوردیـان هەبـوو.

ئـەو گۆڕانکارییـە سیاسـییە نێودەوڵەتییانـەی لـە دوو دەیـەی ڕابـردوودا ڕوویانـدا و هاوسـەنگیی هێـزە نوێیـەکان بوونـە هـۆکاری چاوخشـاندنەوە بـە هەڵسـەنگاندنی ژمارەیـەک هـۆکاری سیاسـیی کاریگـەر بـۆ پەرەپێدانـی هـەردوو ڕۆژهەڵاتـی نزیـک

و ناوین کە هێندێک لەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر پێشکەوتنی بزاڤی نەتەوەیی کورددا هەبوو. لەلایەنە دیارەکانی ئەم دیاردەیەدا زێدەبوونی بایەخی پێگەی کورد بوو لە ناوچەکەدا کە ئەنجام هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینەی بۆ کرا لەلایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەدا.

هەروەک لە پێشتریش وابوون بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد لە باشووری کوردستاندا لە بارودۆخێکی ئاڵۆزی نێوخۆ و دەرەکیدا بەڕێوەچووە و تەژی پرسی پێکناکۆک بووە. گۆڕانکاری لە بۆچوونە سیاسییەکان و پێکهێنانی هاوپەیمانیی نوێ و چەند دیاردەیەکی دیکە خەسڵەتی سەرەکیی سەرجەم ئەو ناوچانە بووە کە بەدەست کێشە و ململانێی نەتەوەیی دەناڵێنێت.

گومانی تێدا نییە کە چارەنووسی کێشەی کورد بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە هەڵوێست و دۆخی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە بەغدا، بەهۆی سیاسەتە نێوخۆ و دەرەکییە کورتبینانەی ڕژێمی بەعس و سەرکێشییەکانی، سەدام حوسێن وڵاتی گەیاندە لێواری هەرەسهێنانی ئابووری و سیاسی. خیانەتی ڕژێم لە جێبەجێنەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠ و پاشگەزبوونەوە لە ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان، لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا بووە هۆی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد کە ڕووبەڕووبوونەوەکە تەنیا لەگەڵ کورددا نەبوو لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان، بەڵکو لەگەڵ سەرجەم ڕەوتە دیموکراتخوازەکانیشدا بوو، زێدەڕۆکردن لە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی شیعەکانی عێراق و دواجار داگیرکردنی کوێت، وڵاتی گەیاندە ڕێگەیەکی داخراو و هەرەسی بە عێراق هێنا. بێگومان لاوازیی ئەو ڕژێمەی کە سیاسەتی بەرپەچدانەوەی لە دژی کوردان پێڕەودەکات، هەڵبەت سەرناکەوێت و دووچاری گۆشەگیریی نێودەوڵەتیش دەبێت و دۆخێکی لەبار بۆ بزووتنەوەی کورد دەڕەخسێنێت تاوەکو داوای مافی چارەی خۆنووسین بکات. یەکگرتنەوەی بەرژەوەندیی هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ بەرژەوەندیی جوداخوازانی کورد لە سەرەتای نەوەتەکاندا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام بووە بنچینەی هەماهەنگیی نێوان ئەو دوو لایەنە. هەروەکو لە زۆربەی پرۆسەکانی خەباتی سیاسیدا ڕوودەدات،

کوردیش بووە هاوپەیمانی ئەمەریکا و هەریەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەوڵیان دەدا، مەرجیش نییە هەڵوێستی هەردوولا بەتەواوی هاوتای یەکدی بن.

دوای پرۆسەی سەربازییەکانی گەردەلوولی بیابان لە ساڵی ١٩٩١ ڕژێمی سەدام هیچ دەسەڵاتێکی لە باشووری کوردستان نەما و هەرچەند لەڕووی یاساییەوە بەشێک بوو لە دەوڵەتی عێراق، بەڵام لەڕاستیدا لە ساڵی ١٩٩٢ەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، باشووری کوردستان هەر سەربەخۆ بووە. لەم ماوەیەشدا چەند گۆڕانکارییەکی گرنگی ئابووری و سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا کرا و ناوچەکە بووە تاقیگەیەک بۆ عەقڵییەتی سەرکردە نەتەوەییەکانی کورد. چوستی و کارامەیی پێشمەرگە لە پرۆسەی خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد خەسڵەتگەلی خەباتیانە لەپێناو ئازادیی نەتەوەیی و غەیرە کوردیش دانیان بەم ڕاستییانە ناوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونەکانی مێژوو دەریانخستووە لەپاڵ خەباتی چەکدارانە لەپێناو ئازادیی نەتەوەییدا، ڕێکخراوێکیشی پێویستە کێشە ئاڵۆزەکان ئاشتییانە چارەسەر بکات. لەسایەی ئەم دۆخە نوێیەدا بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئاشتییانە پێویست بوو هێزە دیموکراتخوازەکانی کورد، لەسەرووی هەموشیانەوە حزبە ناسیۆنالیستە سەرەکییەکانی کورد تاقیکردنەوەیەکی ئاڵۆز و جیدی ببڕن، تاقیکردنەوەکەش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییەیە: تا چ مەودایەک دەتوانن پرۆسەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ناوچەیەکی وێرانەدا ڕێکبخەن و ئیدارەی بدەن؟ سەرباری ئەوەی کە کەوتوونەتە ژینگەیەکی دەوردراو بە چەند وڵاتێکی دراوسێی نەیار و ڕژێمی عێراق کە ئەوکات حوکمی عێراقی دەکرد.

لە ئایاری ١٩٩٢ دا لە هەڵبژاردنێکی دیموکراسییانەدا پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرا و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا. حکومەت بەرنامەی گۆڕانکارییە دیموکراسییەکانی لە تەواوی کایەکاندا جێبەجێ کرد، سەرجەم حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان مافی ئازادیی کارکردنیان دەستکەوت، مافە نەتەوەییە-دیموکراسییەکان بۆ هەموو کەمەنەتەوایەتی و ئایینییەکان بە یاسا و بە پراکتیک زامن کرا. چاودێریی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن لەسەر بنەمایەکی نوێ دامەزرا، لەئامی ئەم گۆڕانکارییانەدا ژمارەی لەدایکبووان زیادی کرد و ڕێژەی

مـردن لەنێـو منداڵانـدا زۆر کەمـی کـرد. هەمـوو ئەمانـەش لەسـەر بنەمـای چاککردنـی بـاری دارایـی هاووڵاتیـان ئەنجـام درا. بەپێـی ئـەم ئاماژانـە هەرێمـی کوردسـتان نـەک هـەر پێـش عێـراق بگـرە پێـش وڵاتانـی دراوسـێش کەوتبـوو.

لـە بـواری خوێندنـی باڵاشـدا هەنگاوێکـی گەورەیـان نـاوە. چـوار زانکـۆ لـە باشـووری کوردسـتاندا کرایـەوە (لـە هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک و کۆیـە) سـەرباری ژمارەیەکـی زۆری کۆڵێـژ لـە پسـپۆڕییە جیاوازەکانـدا، هەروەهـا کۆمەڵێـک دامـەزراوەی خوێندنـی دواناوەنـدی، هەرێمـی کوردسـتان یاسـایەکی تایبـەت بـە خوێندنـی بەخورتـی هەیـە کـە شـەش سـاڵە، خوێنـدن و چاودێریـی تەنروسـتیش لـە هەمـوو ئاسـتەکاندا بەخۆڕاییـە.

پرۆسـەی بیناسـازی لـە هەمـوو پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتاندا گەشـەی کـردووە و چەندیـن قوتابخانـە، نەخۆشـخانە، سـەنتەری ڕۆشـنبیری، هۆڵـی نمایشـکردن و دامەزراندنـی کۆمەڵگـەی نوێـی نیشـتەجێبوون لەجیاتیـی ئەوانـەی وێـران کرابـوون ... هتـد. کـە بنیاتنانـی هێندێـک لـەو دامەزراوانـە لەسـەر ئەرکـی وڵاتانـی بیانـی و ڕێکخـراوە خێرخوازییەکانـدا دروسـتکراون.

وێـڕای ئاسـتەنگە جیـاوازەکان، بەردەوامبوونـی دەسـتکەوتەکان لـە دامەزراندنـی دەسـەڵاتی نەتەوەیـی و سیسـتەمی ئیـدارەدان بایەخێکـی زۆری هەیـە، لـەوەش گرنگـتر ڕاگرتنـی ململانێـی نێوخـۆی کـورد و دامەزراندنـی حکومەتـی یەکگرتـووی کـوردە، ئـەو شـەڕە نێوخۆییـەی لـە ئایـاری ١٩٩٤ لەنێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەرپابـوو، مەترسـییەکی گـەورە بـوو بـۆ سـەر چارەنووسـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد، وڵاتانی دراوسـێ کە بە بایەخـەوە دەیانڕوانییە شکسـتهێنانی سـەربەخۆیی هەرێمـی کوردسـتان، بەهەمـوو شـێوەیەکی ئاگـری نێـوان ئـەو دوو حزبەیـان خۆشـدەکرد. لـە ئەیلوولـی ١٩٩٨ هـەردوو حزبەکـە بەنێوەندگیریـی ئەمەریـکا ڕێککەوتنـی ئاگربەسـتیان ڕاگەیانـد و ئاشـبوونەوە، هەوڵـی جیدیـش درا بـۆ بەدیهێنانـی یەکگرتوویـی هەڵویسـتەکان و جێبەجێکردنـی بەرنامـەی بووژاندنـەوەی ناوچـە زیانلێکەوتـووەکان.

پـاش ئاگربەسـتەکەی نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، بەهـۆی ململانێـی درێخایـەن و خوڵقاندنـی کەشـێکی مەترسـیداری بـێ متمانەیـی کـە وڵاتانـی دراوسـێش ڕۆڵێکـی نەرێنییـان لـە وروژاندنـی کێشـەکاندا

هەبـوو، کاتێکـی زۆری ویسـت بـۆ گێڕانـەوەی متمانـە لەنێوانیـان. سـەرباری هەمـوو ناکۆکییـەکان، ئیرادەیەکـی ڕاسـتەقینە هەبـوو لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەو قۆناغـە مەترسـیدارە و کارکـردن لەپێنـاو چارەسـەرکردنی دامەزراندنـی هەیکەلییەتـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـورد. سـەرکردایەتیی ئـەو دوو حزبـەش لـە چەندیـن بۆنـەدا شـەڕی ناوخۆیـان شـەڕمەزارکرد و دووپاتیـان کـردەوە کـە لەمـەودوا ئەمجـۆرە هەڵوێسـتانە دووبـارە نابنـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و بـە هیـچ جۆرێـک نابێـت پەنـا بـۆ چارەسـەری چەکـداری ببردرێـت و بـە تونـدی ڕووبـەڕووی هـەر هەوڵێکـی لەمجـۆرەش دەبنـەوە.

دوای گەڕانـەوەی متمانـە لەنێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئـەو دوو حزبـە سـەرەکییەی کوردسـتان سـەرقاڵی چارەسـەرکردنی چەندیـن کێشـەی هەڵپەسـێردراوی تایبـەت بـە هەرێمـی کوردسـتان بـوون. لـە سـاڵی ٢٠٠٣ لـەدوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام و پـاش دانوسـتاندنێکی سـەخت و درێژخایەنـی نێـوان حکومەتـی کاتیـی عێـراق و نوێنەرانـی کـورد، لەسـەر ڕەشنووسـی دەسـتووری کاتیـی عێـراق ڕێککەوتـن کـە لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی فیدراڵـدا دان بـە مافەکانـی کـورد نـرا. لـە گەرمـەی تێکچوونـی پێوەندییـە نێوخۆییەکانـی کـوردا، لەپـاڵ ئیـدارەی دەوڵەتـی نەتەوەیـی کـورد لـە بـە فەرمـی دانـی پێدانرابـوو و هەولێـر پایتەختـی بـوو، ئیدارەیەکـی هاوتەریـب ئـەم ئیدارەیـە لـە سـلێمانی دامـەزرا و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەڕێـوەی دەبـرد، دوای گفتوگۆیەکـی چـڕی نێـوان هەولێـر و سـلێمانی، دۆخەکـە بـۆ پێکهێنانـی حکومـەت و پەرلەمانێکـی یەکگرتـوو ئامادەکـرا. لـە کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥دا هەڵبژاردنێکـی پەرلەمانـی لـە عێـراق ئەنجامـدرا بـۆ قۆناغـی ئینتیقالـی. بەپێـی ئەنجامەکانـی هەڵبـژاردن کـورد بـە سـەنگەوە کورسـییەکانی پەرلەمانـی بەدەسـتهێنا. لـە سـاڵی ٢٠٠٥دا لـە پێشـهاتێکی بێوێنـەدا کەسـایەتییەکی دیـاری نێـو بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد، سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان جـەلال تاڵەبانـی بـە سـەرکۆماری عێـراق دەستنیشـانکرا و سـەرجەم حـزب و ڕێکخـراوە کوردییـەکان پشـتگیرییان کـرد. لـە ٢٧ی نیسـان حکومەتـی عێـراق بـە سـەرۆکایەتیی ئیبراهیـم جەعفـەری پێکهێـنرا. شـیعەکانی عێـراق ١٧ پۆسـتی وەزاری و

٨ بـۆ کـورد و ٦ بـۆ عەرەبـی سـونە. هـەردوو پۆسـتی جێگـری سـەرۆک وەزیـران و وەزیـری دەرەوەی عێـراق بـەر کـورد کـەوت کـە دکتـۆر نـووری شـاوێس و هوشـیار زێبـاری بـوون.

دوای ئـەم هەڵبژاردنـە وەزیرانـی دەرەوەی تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـووریا لـە سـەرەتای ئایـاری ٢٠٠٥ لـە ئەسـتەنبوڵ کۆبوونـەوە و هەڵسـەنگاندنیان بـۆ پێکهێنانـی حکومەتـی عێـراق کـرد و بـە پرۆسـەیەکی ئەرێنـی لەقەڵـەم درا بەمەرجێـک یەکێتیـی عێـراق بپارێزرێـت.

لـە حوزەیرانـی ٢٠٠٥ پەرلەمانـی کوردسـتان مەسـعود بارزانیـی سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی بـە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان هەڵبـژارد کـە سـەرکردەیەکی دیـاری بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردە، بارزانـی بـە سـەرۆکی ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان هەڵنەبژێـردرا، بگـرە بـۆ سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان بـوو کـە مانای ئاسـتێکی بەرزتـر دەبەخشـێت لـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی کـورد لـە دەوڵەتێکـی فیدراڵـدا.

ئەسـتەمە بتوانیـن وێنەیەکـی تـەواو بـۆ گۆڕاکاریـیـە سیاسـی، کۆمەڵاتـی و ئابووریـی باشـووری کوردسـتان لـە نووسـین یاخـود گوتارێکـدا بخەینـەڕوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـۆ تێگەیشـتنێکی گشـتیی ئـەم قۆناغـەی ئێسـتای پرۆسـەی چـارەی خۆنووسـینی کـورد، بـە پێویسـت دەزانرێـت بڕوانینـە ئـەم دوو کۆمـەڵ کێشـەیەی خـوارەوە:

یەکـەم: ئـەو هۆکارانـە چیـن کـە بـوون و دەبنـە بەربەسـت لەبـەردەم پرۆسـەی چارەی خۆنووسـینی کورد؟

دووەم: ئـەو پێداویسـتییە بابەتییانـە چیـن کـە پێویسـتە هەبـن بـۆ پاشـگەزنەبوونەوە لـە پرۆسـەی چـارەی خۆنووسـینی کـورد؟

پێـش هەمـوو شـتێک دەبـێ ئـەوە وەبیـر خۆمـان بێنینـەوە کـە یەکێـک لـەو هۆکارانـەی دەبنـە بەربەسـت لەبـەردەم پرۆسـەی مافـی چـارەی خۆنووسـینی کـورد، دابەشـکردنی کوردسـتانە، لـەم حاڵەتەشـدا بـاس لـە کاریگەریـی نەرێنیـی فاکتـەری دابەشـکردنەکە ناکەیـن لەسـەر بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد بـە گشـتی، هەرچەنـدە کـوردی باشـووری کوردسـتان و بەشـەکانی تـری کوردسـتان خەباتـی وەدەسـتهێنانی

ئـەم مافـە دەکـەن لـە چوارچێـوەی ئـەو وڵاتـەدا، بـەڵام هـەر دەسـتکەوتێک بـەم ئاراستەیە بێتـەدی لەلایـەن کـوردی وڵاتانـی دراوسـێوە بـە شـێوەیەک تێیدەروانـن کـە هەنگاوێکـی گرنگـە بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـۆ ملیۆنـان کـورد، بۆیـە دەسـەڵاتدارانی ئـەم وڵاتانـە هەمـوو هەوڵێکیـان خسـتووەتە گـەڕ بـۆ شکسـتپێهێنانی ئـەم پرۆسـەیە. دژایەتیکردنـی کـورد لەلایـەن وڵاتانـی دراوسـێ ڕوون و ئاشـکرایە و بابەتـی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە نییـە. هـەر ئەوەنـدە بزانرێـت بەسـە کـە سـەرجەم وڵاتانـی دراوسـێ ئامـادەن هەمـوو کێشـە نێوخۆییەکانـی خۆیـان وەلا بنێـن و جەخـت لەسـەر دژایەتیکردنـی هـەر هەوڵێـک بکـەن کـە لـەو پێنـاوەدا دەدرێـت و یەکدەگـرن بـۆ ئەنجامدانـی کارە تێکدەرانـە ئاشـکرا و نهێنییەکانیـان بـۆ لەباربردنـی هـەر دەسـتکەوتێکی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد.

تورکیـا ڕۆڵێکـی زۆر چـالاک بـەم ئاراسـتەیە دەگێڕێـت، دەسـەڵاتدارانیان لـە هەرێمـی سـەربەخۆی کوردسـتان نیگـەران نیـن کـە پێوەندییەکـی سیاسـی و ئابووریـی پتەویـان لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـدا هەیـە، بگـرە ترسـیان لەوەیـە کـە کـوردی باکـوور سـوود لـەو ئەزموونـەی کـوردی باشـوور وەربگـرن و مەیلـی یەکگرتنـی باکـوور و باشـووریان لـەلا پەرەدەسـتێنێ و دوور نییـە ببێتـە هەوێنـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی یەکگرتـووی کـورد. نێوەندەکانـی دەسـەڵاتی تورکیـا دووپاتـی دەکەنـەوە کـە بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـورد قۆناغێکـە لـە قۆناغەکانـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان کـە بـە بۆچوونـی ئـەوان دۆخێـک لـە ناوچەکـەدا دەخوڵقێنـێ کـەس پێشـبینیی نـاکات.

وڵاتـە زلهێزەکانیـش بـە ئاگادارییەکـی زۆر دەڕواننـە ئەگـەری سـەربەخۆبوونی چـوارەم گەورەتریـن نەتـەوەی هـەردوو ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و ناویـن. تەنانـەت ئـەو وڵاتانـەی لـە دوو دەیـەی ڕابـردوودا هەڵوێسـتێکی ئەرێنییـان لـە ئاسـت بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد هەبـوو، ئێسـتا لەگـەڵ ئـەوەدان هیـچ گۆڕانکارییـەک لـەو ناوچـە گرنگـەدا نەکرێـت. ئەمـەش بەڵگـەی ناڕوونیـی هەڵوێسـتی وڵاتـە گەورەکانـی جیهانـە لـە کێشـەی کـورد کـە نابێـت ئـەم هەڵوێسـتەیان بـە دیاردەیـەک لـە دیاردەکانـی دژایەتیکردنـی کـورد و شـەرعییەتی داخوازییـەکان لێکبدرێتـەوە لـە مافـی چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەیـی کـورد،

هەرچەندە ڕووبووەتەوە کە بژاردەی چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی کورد مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەرژەوەندییە سەربازی، سیاسی و ئابووریی ئەو لایەنانە لە ناوچەکەدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە دەربڕینی ئەم هەڵوێستانەیان.

ئاڵۆزیی پرۆسەی سەربەخۆیی کورد لەوەدایە کە سەرجەم پێشنیازەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵ لە بازنەی پلانی لامەرکەزییەتدا دەخولێتەوە کە جۆرێکە لە دەشتنیشانکردنی سنووری ئیداریی ئیقلیمی و هەرچۆنێک بێت ناتوانێت داواکارییەکانی کورد لە سەربەخۆبوون جێبەجێ بکات، هەڵوێستی شیعەکانیش مایەی سەرنج و تێبینییە.

لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ ڕژێمی سەدام و لەبەر پێگە و ڕۆڵی کاریگەری کورد لەو پرۆسەیەدا، ئەوکات شیعەکان پشتگیریی تەواوی داخوازییەکانی کوردیان دەکرد بە مافی چارەی خۆنووسینیشەوە، بەڵام پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام و گەیشتنیان بە لووتکەی دەسەڵات لە عێراقی دوای سەدام، شیعەکانی عێراق بەرەبەرە لە هەڵوێستەکانی پێشوویان پەشیمان دەبوونەوە و سەبارەت بە کێشەی کورد، هەڵوێستەکانیان لە هەڵوێستی سوننەکان نزیک دەبوونەوە، هەوڵیشیان دەدا دەسەڵاتی جوداخوازانی کورد سنووردار بکەن و لە ڕوانگەی سیاسیی ئایینیی جیهانەوە هێندە گوێ لە داخوازییەکانیان نەگرن.

ئیشکالییەتی ڕۆڵ و پێگە و گرنگیی نەتەوەی کورد و ئیسلام لە ژیانی کۆمەڵایەتی - سیاسیی باشووری کوردستان و پێوەندیی نێوانیان، تەنیا گرنگییەکی تیۆریی گشتیی نییە، بگرە گرنگییەکی پراکتیکیشی هەیە، چونکە ئیسلام گەورەترین ئایینە بەسیاسی کرابێت و هەموو بوارەکانی چالاکیی پێڕەوانی ئایینەکە ڕێکدەخات، نەریتی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی لەگەڵ نەریتی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی کورددا ناکۆکن و بەرهەڵستیی پەرەسەندنی بزووتنەوەکەیانی کردووە. یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام، چەمکی =(ئوممەی ئیسلامی)یە و بیرمەندانی ئیسلام هەوڵیانداوە بڕوا بە کورد بێنن کە ئەوانیش بەشێکن لە کۆمەڵگەی ئیسلامی، وێڕای جیاوازیی نەتەوەیی و مەزهەبی کۆمەڵایەتی، کورد بەندە بە (ئوممەی ئیسلام)ەوە، واتا بەشێکە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی جیهانی[1].

هەرچەندە فاکتەرە نەتەوەییەکە لە قۆناغی ئێستادا زاڵترە بەسەر فاکتەرە ئایینییەکە، بەڵام ناکرێت نکوولی لە گرنگیی فاکتەرە ئیسلامییەکە بکەین، ئایدیۆلۆژیستە ئیسلامییەکان ئەوەیان پەستاندووەتە مێشکی تاکی کوردەوە کە شەریعەتی ئیسلامی تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە - هەموو گەلانی موسوڵمان بران- و - ئوممەتی ئیسلام- کۆیان دەکاتەوە. زانایەکی ئایینی ئیسلامی نووسیویەتی: «بەپێی دەستەواژە نوێیەکانی زانستی ئیسلام ئاماژە بۆ نەتەوە ناکرێت، بەپێی ئەم زانستە ئایین و نەتەوە یەکن و لەیەک جوداناکرێنەوە، کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی جیهانی هەیە و لەژێر ئاڵای ئیسلامدا بێجگە لە برایەتی و یەکێتیی نێوان تەواوی گەلان، شتێکی دیکە نییە»[٢]. ئەوان بە هەموو شێوازێک دەیانەوێ بیرۆکەی یەکێتیی ئیسلام لەنێو کورددا بڵاوبکەنەوە و بزووتنەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیی ڕەتدەکەنەوە. کوردی لێدەرکە، ڕێکخراوە ئیسلامییە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان پشتیوانیی سەرجەم ئەو نەتەوە موسوڵمانانە دەکەن کە بە ڕووی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان دەبنەوە، جا ڕووبەڕووبوونەوەکانیان لە پێناو هەر ئامانجێکدا بێت، بەڵام بۆ کورد، نا.

ئیسلامییەکان جەنگێکی ڕاستەقینەیان لە دژی مافی چارەی خۆنووسین لە باشووری کوردستان ڕاگەیاندووە و بە ئاشکرا دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەن، ڕێکخراوی - جند الأسلام- لە بانگەوازێکیدا بۆ کوردی باشوور ڕایگەیاندووە: «سەڵانێکی زۆرە برایانی موسوڵمانتان لەپێناو پاککردنەوەی ئەخلاقی و ڕۆحیی ناوچەکە - مەبەستیان باشووری کوردستانە- [٣] خۆی بۆ جەنگێکی پیرۆز ئامادەکردووە» هەروەها ئەم گرووپە ئیسلامییە بەتوندی دژی ئۆتۆنۆمیی کوردستان و دەستەواژە پێشکەوتنخوازەکان و مافە دیموکراسییەکانی ئافرەت دەوەستێتەوە و لە درێژەی بانگەوازەکەیاندا دەڵێن: «پێویستە خەڵکەکە لەوە تێبگەن کە ناوچەکە - باشووری کوردستان- پێویستی بە پاراستنی بێگەردیی ئیسلامە و پیویستە جەنگی پیرۆزمان دژی ئەو کوفرە ڕابگەیەنین کە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان دەیسەپێنن و هەوڵی بە کۆیلەکردنی کوردی موسوڵمان دەدەن و بەهۆیەوە یەهوودی و مەسیحییە گڵاوەکان بنەماکانی ئیسلام لە کوردستان

هەڵدەتەکێنن»[٤]. ئیسلامییەکان لەم چەند ساڵەی دواییدا ژمارەیەکی هێرشی تیرۆریستانەیان کردووەتە سەر باشووری کوردستان (لە هەولێر، سلێمان، کەرکووک و شارەکانی دیکە) لە ئاکامی ئەم کارانەشیاندا سەدان کورد بوونەتە قوربانی کە چەند سەرکردەیەکی ناوچەکەشیان تێدابووە. جا وەنەبێ ڕێکخراوە ئیسلامییەکان تەنیابن لە هەڵمەتی تیرۆریستانەیان، بەڵکو ڕژێمەکانی دەوڵەتە عەلمانییەکانی دراوسێش لەوپەڕی کۆششدان بۆ تێکدانی پرۆسەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان.

لەبەر هەمەچەشنی و ناڕوونیی ئەو کێشانەی دەبنە بەربەستی بەردەم مافی چارەی خۆنووسینی کوردی باشووری کوردستان، پرسەکەی ئاڵۆزکردووە، یەکێک لەو کێشانە، سروشتی بێوێنەی دۆخی ئەو ئۆتۆنۆمییە نەتەوەییەیە کە بە چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان هەژماردەکرێت و لەنێو وڵاتانی ئیسلامدا وێنەی نەبووە، جا ئەگەر ژمارەیەک کێشەی نەتەوەیی ئاڵۆز لەو ناوچە فرەوانەدا هەبێت، ئەوکات وێنەکە بە عەقڵییەتی جێبەجێکردن و شەرعییەتدان بە سەربەخۆیی کورد ڕوونەدەبێتەوە.

کێشەیەکی هاوشێوەی ئەم کێشەیە هەیە و جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردان ئاڵۆزتر کردووە. لە بارودۆخی ئێستادا کوردی باشوور ساڵانێکی زۆر بە دروشمێک خەباتیان بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان دەکرد کە بریتی بوو لە- دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان- (کوردی ڕۆژهەڵاتیش بەهەمان دروشم خەباتیان دژی ڕژێم دەکرد)[*].

ئەم هەڵوێستە سیاسییە (دروشمی کوردان) بەبێ هیچ سێ و دوویەک هەڵوێستێکی لۆژیکانەیە، چونکە لەبەر چەند هۆکارێکی ئاشکرا لەئێستادا کورد دروشمی سەربەخۆیی ناخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە هەرچەندە ئەزموونی درێژخایەنی خەباتی کورد دەریخستووە کە دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئێران) و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لۆژیکانە بێت بەڵام جێبەجێکردنی سەختە لەبەر چەند هۆیەک، با ئەم بابەتە ڕوونتر بکەینەوە: دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا چەندین نموونەی ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی پێشکەش کردووە کە یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی سیاسەتی لێبوردەیی و گەلانی خاوەن سەروەری (کە دەوڵەت پێکدێنن)،

بـە دەربڕینێکـی تـر: سـەربەخۆیی نەتەوەیـی لەنێـو چوارچێـوەی ئـەم دەوڵەتانـەدا دیاردەیەکـی ڕێگەپێـدراوە و (بەخـشراوە)، بـەم پێیـە ئـەم جـۆرە سـەربەخۆییانە لـە سـایەی حوکمـی یاسـای دیموکراسـییەتدا لەگینـە، بـەڵام لـەو دەوڵەتانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابەشـکراوە ئـەم هەلانـە دەسـتەبەر نەکـراون. بـەو مانایـەی کـە لـە ڕووی تیۆرییـەوە بەسـتنەوەی خواسـتی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان بـە دیموکرتیزەکردنـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیی دەوڵەتێکـی دیاریکـراو لۆژیکانـە بـوو و لـە دروشـمی خەباتکارانـی کـوردا ڕەنگـی دابـووەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەڕووی تیۆرییـەوە ڕووبـەڕووی چەندیـن بەربەسـت دەبێتـەوە، ئەگـەر نەڵێیـن ئەسـتەمە. بەدووریـش نازانرێـت بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـورد ببێتـە هۆکارێکـی یەکلاکـەرەوە بـۆ دیموکراتیزەکردنـی تـەواوی عێـراق (یاخـود ئێـران)، دواجاریـش ڕێگـە بـۆ ئۆتۆنۆمـی خـۆش بـکات. لەسـایەی ئـەم دۆخـەی ئێسـتادا ڕۆڵـی فاکتـەری ئیسـلامی و ڕادیکالیـزم کاریگەرتـر دەبـێ و کۆسـپی زیاتـر دەخاتـە بـەردەم جێبەجێکردنـی ئۆتۆنۆمـی و زەحمەتیشـە بەسـەریدا زاڵبیـت. چەسـپاندنی ئاراسـتەی ئایینـی و سیاسـیی ئیسـلامییەکان لـە عێـراق بووەتـە بەربەسـتێکی مەترسـیدار لەبـەردەم بڵاوکردنـەوەی دیموکراسـییەت لـە وڵاتـدا کـە لـە بنەڕەتـدا پێڕەوانـی ئـەم ئاراسـتەیە عەرەبـی شـیعە مەزهەبـن و تەنانـەت پێشـنیازی پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی ئیسـلامییان دەکـرد و لەلایـەن کـورد و سـوننە ڕەتکراوەتـەوە. بـە ڕەچاوکردنـی ئـەم فاکتـەرە، بەشـی دووەمـی پرسـیارەکە بـۆ گفتوگۆکـردن دێتەپێشـەوە: مـەودای لۆژیکـی و واقعبینانـەی بەسـتنەوەی خواسـتی ئۆتۆنۆمـی بـەو دیموکراتیزەکردنـە چەنـدە کـە بـە زەحمـەت لـە وڵاتـدا جێبەجـێ بکرێـت؟

بەدووریـش نازانرێـت کـە لـە نێوجەرگـەی ئـەم پرسـە سـەختەی چارەسـەرکردنی سـەربەخۆیی کـورد دا بـە دانوسـتاندنی نێـوان دەسـەڵاتدارانی عێراقـی نـوێ و سـەرکردەکانی کـورد چارەسـەربکرێت، هەمیشـە ئـەم فاکتـەرە تێبینینەکـراوە لەئارادایـە.

هـەر بەرنامەیەکـی بەرفرەوانـی دیموکراسـی لـە هەرێمـی کوردسـتان جێبەجـێ بکرێـت، ڕەوشـی سیاسـیی نێوخـۆی عێـراق دەشـڵەژێ و بـە تونـدی ڕووبـەڕووی ئیسـلامە ڕادیکاڵـەکان و ڕەوتـە ناسـیۆنالیزمە کۆنەپەرسـتەکان دەبێتـەوە کـە دژی هـەر نوێبوونەوەیەکـن لـە عێـراق.

جیا لە خەسڵەتە تایبەتەکانی خۆی، کێشەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵ کێشەی نەتەوەکانی دیکەشدا هەیە، ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی سنووردار یاخود فەرمی کە چەند کیانێکی دەوڵەت کۆنترۆڵی کردووە، ڕێگر دەبێت لەبەردەم چارەسەرە نەتەوەییەکە و دەبێتە هۆی بەرپاکردنی ململانێکان. لەنێوجەرگەی ئەم ململانێیەدا هێشتا هەڵوێستە نەڕێنییەکە باوە و مافی گەلان و کەمەنەتەوەکان دەخرێتە پاڵ بازنەی سیاسیی گەلانی باڵادەست و سیستەمی دەوڵەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی بنەما نێودەوڵەتییەکانە، پێویستە ئەوەش دووپات بکرێتەوە کە پۆلینکردنی ئەم کێشانە لەژێر لیستی کێشە نێوخۆییەکان لە وڵاتانی ڕۆژئاوای دیموکراسیدا - ڕووسیا بە نموونە - جیاوازە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، چونکە فاکتەری ئیسلام و نەبوونی نەریتە دیموکراسییەکان و سەروەریی یاسا ئەگەری چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەییەکانی نێو دەوڵەتێکی دیاریکراو دووردەخاتەوە - تورکیا، ئێران، عێراق- بە نموونە، ئەمەش بۆ ململانێ و قەیرانە پێوەندارەکان دەگەڕێتەوە کە پەیوەستن بە نەبوونی ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی نێوخۆیی لە تورکیا و سووریا و ئێران و بەلاوازیش لە عێراق.

بێگومان ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لەپێشەوە باسکران دەبنە کۆسپی بەردەم جێبەجێکردنی پرۆسەی سەربەخۆیی کورد و ئاڵۆزی دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەندین مەرج و هۆکار هەن ڕێگری لە پاشگەزبوونەوە لەم پرۆسە گرنگە دەکەن، چونکە پرۆسەکە لە هیچەوە دەستی پێنەکردووە. لە ئاستی فەرمیشدا کورد چەند مافێکی لە چوارچێوەی دەستووردا بۆ دەستەبەر کراوە. ئۆتۆنۆمی ئەنجامی خەباتی چەکدارانەی کورد بوو لە ساڵانی نێوان ١٩٦١- ١٩٧٠ و بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان دەسەڵاتدارانی بەغدا و مستەفا بارزانی سەرکردەی بزووتنەوەی کورد زۆربەی داخوازییەکانی گەلی کوردیان بەدیهێنا، سەقفێکی زەمەنیش بۆ ئامادەکردنی یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان دیاریکرا کە ماوەکەی چوار ساڵ بوو، کەچی ئەوەی پێیدەڵێن یاسای ژمارە (٣٣)ی تایبەت بە ئۆتۆنۆمیی کورد (١١ی ئاداری ١٩٧٤) کە لەلایەن حکومەتەوە داڕێژرابوو، پاشگەزبوونەوەیەکی ئاشکرای حکومەتی بەغدا تێدا بەدیدەکرا لە ئاست ئەو

بەڵێنانەی بەکورد درابوون لە بەندەکانی ڕێککەوتنامەکە و دواجار بووە هۆی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدارانەی کورد. هەموو ئەمانەش ئەنجامی ئەو پرۆسە سیاسییە دیاریکراوە بوو کە لە «خوارەوە» مافی سەربەخۆیی وەرگیرا و لە «سەرەوە» یاسا تایبەتەکە داڕێژرا و بەسەر کورددا سەپێنرا.

هەژی گوتنە، ئەم قۆناغە نوێیەی بزووتنەوەکە لەپێناو سەربەخۆیی کورد، بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەوڵی بەدیهێنانی ئەو مافانە دەدات کە لە ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠دا سەبارەت بە کێشە سیاسییەکان و سنووری کوردستان جێگیرکراون. ڕژێمی بەعس بەجێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنامەکە خیانەتی لە کورد کرد و سیستەمێکی دیکتاتۆریانەی ڕەهای ئەوتۆی پێڕەو دەکرد کە زۆر دوور بوو لەو دروشمانەی سالانێک بوو کورد خەباتی لەپێناودا دەکرد، هیچ ئەگەرێکیشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نەهێشتەوە و ململانێکان سەبارەت بە کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت و ئەو ناوچەیەی کوردی ئێزدیی تێدا نیشتەجێن توندتر بوو ... هتد.

لە سەرەتای دەستپێکی بزووتنەوەی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لەپێناو ئۆتۆنۆمی لە ئەیلوولی ١٩٦١ەوە حکومەتی عێراق دەستی بە هەڵمەتێکی فرەوانی ڕاگواستنی کوردی نزیک لە ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک و چەند ناوچەیەکی تری دەوروبەری کرد و عەرەبی هاوردەی لە شوێنیان نیشتەجیکرد، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتیی کورد پێیوابوو دەتوانرێت کوردی ڕاگوێراو بگەڕێنرێنەوە زێدەی ڕەسەنی خۆیان، بۆیە لە هەموو گفتوگۆ و دانوستانێکدا، دانوستکارانی کورد جەختیان لە گەڕاندنەوەی ڕاگوێزراوان دەکرد و بە شاندی دانوستکاری حکومەتیان ڕادەگەیاند ئەم پرسە بەشێکە لە کێشەی کورد و پێویستە چارەسەری ڕیشەیی بۆبکرێت، تەنانەت لەکاتی مۆرکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠شدا ئەم پرسە بەهەند وەرگیرا، هاوکات سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ کرایە بنەمای چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، کەچی کێشەکە بە ئاشتییانە چارەسەر نەکرا و دواجار کورد پەنای بۆ چەک بردەوە، ئەوکات جەنەراڵ مستەفا بارزانی گوتە بەناوبانگەکەی گوت: «کەرکووک دڵی کوردستانە» و لەوساوە کێشەکە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و چارەسەر نەرکاوە.

لـە نەوەدەکانـی سـەدەی ڕابـردوودا باشـووری کوردسـتان بـە فیعلـی سـەربەخۆ بـوو، هەنوکـە پرۆسـەی چـارەی خۆنووسـینی کـورد چـووە قۆناغێکـی نوێـوە. خەباتـی ئێسـتای کـورد لەپێنـاو پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی ئۆتۆنۆمـی و جێبەجێکردنیەتـی لـە دەوڵەتـە نوێیـە فیدراڵییەکـەی عێراقـدا.

بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد وەکـو هـەر بزووتنەوەیەکـی دیکـەی نیشـتمانی، هەڵوێسـتی ئەرێنیـی نێودەوڵەتـی و پشـتیوانیی سیاسـەتی دەرەکـی زۆر بـە پێویسـت دەزانرێـت، کەچـی بزووتنـەوەی کـورد لـە پشـتگیریی فەرمیـی وڵاتێـک یاخـود کۆمەڵـە وڵاتێـک بێبەشـکرا، ناوبەنـاو لەبـەر هـۆکاری سیاسـی و سـەربازی پشـتگیری تەنیـا لـە مافـی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـوردان دەکـرا.

بەدرێژایـی پانـزە سـاڵی ڕابـردوو بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـورد تـا ڕادەیەکـی زۆر گەمـارۆی لەسـەر هەڵگیـرا و لـە ئێسـتادا لەلایـەن چەنـد وڵاتێکـی ئەورووپایـی پشـتگیری دەکرێـت، پەرلەمانەکانـی سـوید، بەلجیـکا، یۆنـان، نەرویـژ، ئیسـپانیا و چەنـد دەوڵەتێکـی دیکـە پشـتیوانیی خۆیـان بـۆ بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـورد دەربـڕی. گرنگیشـە ئەمەریـکا و کەنـەدا و سـەرجەم وڵاتانـی ئەورووپـا پشـتیوانی لـە بیرۆکـەی هەیکەلـی دەوڵەتێکـی فیدڕاڵـی بـکات بـۆ عێراقـی دوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام و ئۆتۆنۆمییەکـەی کـورد دەبێتـە بابەتێـک بـۆ فیدراڵیـزم.

هەڵوێسـتی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی لـە ئاسـت ئۆتۆنۆمیـی کـوردی باشـووری کوردسـتان بایەخـی خـۆی هەیـە، بـەڵام ئـەوان تەنیا نین و لەپـاڵ هەبوونـی ڕەوتە سیاسـییە نەیارەکانی کـورد لە وڵاتانی عەرەب لە سـاڵانی دووروودرێژی خەباتی نەتـەوەی کورد لەپێناو ئۆتۆنۆمیدا، هێـزی سیاسـیی وەهـاش هەبـوو هەڵوێسـتی ئەرێنییـان لـە هەمبـەر خواسـتەکانی کـورددا هەبـووە. ئـەم هەڵوێسـتە ئەرێنییـە لە سیاسـەتی چەنـد وڵاتێکـی عەرەبیـدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆنموونـە: لیبیـا، میـسر، ئـوردن و تونـس ... هند. لەو کۆنفرانسـەی بە بەشـداریی ژمارەیەکی زۆری کەسـایەتی و پسـپۆڕانی هـەردوو نەتـەوەی عـەرەب و کـورد لـە ئایـاری ١٩٩٨ لـە قاهیـرە بەسـترا، ژمارەیـەک بڕیـار سـەبارەت بـە حەتمیەتـی دۆسـتایەتی و لێکتێگەیشـتنی هاوبـەش لەنێـوان کـورد و عـەرەب و پەرەپێدانـی پێوەندییەکانـی کورد- عـەرەب درا لەپێناو دۆزینـەوەی ڕێگەچارەیەکـی گونجـاو بـۆ پرسـی ئۆتۆنۆمیـی کورد. لێـرەدا پێویسـتە ئاماژە بۆ

ئەو ڕاستییەش بدەین کە سەرباری سروشتی دراماتیکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بەکارهێنانی هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردنی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، کەچی ئەم هەڵوێستانە نەبوونە هۆی دروستکردنی دوژمنایەتی و تونددڕەوی لەنێوان کورد و عەرەب کە لە ناوچەکانی دیکەی ململانێ نەتەوەییەکان ئەم دیاردانە بەدیدەکرێن. لە باشووری کوردستان بە بەشداریی ڕۆشنبیرانی عێراق و نوێنەرانی وڵاتانی دیکەی عەرەبی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، چەندین چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجامدەدرێن ... پیشانگەی کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی عەرەب ... نمایشی هونەری شانۆیی ... چەندین دیداری دۆستانەی نێوان ڕۆشنبیرانی عەرەب و کورد، تاکو ئێستاش ئەمجۆرە چالاکییانە بەردەوامن کە گرنگترینیان ئەو ئاهەنگە گەورەیە بوو بەبۆنەی ساڵیادی ١٠٠ ساڵەی لەدایکبوونی شاعیری گەورەی عەرەب محمد مهدی الجواهری ڕێکخرا و نوێنەرانی چەندین وڵاتی عەرەبی بەشداریان تێدا کرد. لە هەولێر و سلێمانی پەیکەرێکی بڕۆنزی بۆ شاعیری ناوبراو دانرا کە دەستکردی پەیکەرسازێکی بەناوبانگی ئیتاڵی بوو. لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥دا صلاح بدرالدین سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستایەتیی کوردی – عەرەبی لە هەولێر، سەردانی وڵاتی فەلەستینی کرد و لەوێ چاوی بە محمود عباس کەوت و نامەیەکی لە مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی گەیاندە سەرۆکی فەلەستین، ئەویش ڕایگەیاند کە سەردانی باشووری کوردستانی دۆست دەکات[٥].

یەکێک لەو هۆکارانەی یارمەتیدەرن لە پرۆسەی سەربەخۆیی کورد، ئەو دانپێدانە نێودەوڵەتییە فەرەوانانەیە بە هەیکەلی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی کورد، باشووری کوردستان نووسینگەی تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەورووپاییدا کردووەتەوە، لە ئەمەریکا، کەنەدا، ژاپۆن و کۆریای باشووردا نوێنەرایەتییان هەیە، تورکیا و سووریا و ئێرانیش هەرچەندە هەڵوێستی نەرێنییان لە ئاست هەیکەلییەتی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددا نواندووە، بەڵام نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لەم وڵاتانەدا هەن و ڕۆڵی کاریگەریان لە پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوانیاندا گێڕاوە. لە خەسڵەتە گرنگەکانی پرۆسەی دانپێدانان بە هەرێمی کوردستان، سەردانی سەرکردەکانییەتی بۆ وڵاتانی جیهان، کاتێک مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، نێچیرڤان بارزانی و

شـانده پەرلەمانییەکانـی کوردسـتان سـەردانی سـەرۆکی وڵاتـان و سـەرۆکی حکومـەت و پەرلەمانانـی ئەمەریـکا، ئینگلتـەرە، فڕەنسـا، ئەڵمانیـا، کەنـەدا، ژاپـۆن، ڕووسـیا و وڵاتانـی عـەرەب دەکـەن، سـەرۆکەکانیان لـە پێشـوازییاندا دەبـن و لـە ڕێوڕەسـمی فەرمیـدا دیـدارەکان بەڕێوەدەچـن.

پێویسـتە جەخـت لەسـەر پێوەندییـە تایبەتەکانـی سـەرکردە کـوردەکان لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی تورکیـا و ئێـران و سـووریاش بکەینـەوە، هـەردوو حزبـە سـەرەکییەکەی کوردسـتان، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەشـداری لـە کۆڕبەنـدە نێودەوڵەتییـە سۆسیالیسـتەکاندا دەکـەن. ئەندامانـی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـە پێوەندیدارەکانیشـیان گەنجانـی کـورد و زانایـان و مامۆسـتایانن.

هەرێمـی کوردسـتان پێوەندییەکـی ئابووریـی پتەویشـی لەگـەڵ چەنـد وڵاتێکـدا هەیـە و چیـن یەکێکـە لـەو وڵاتانـە. هـەردوو زانکۆکـەی هەولێـر و سـلێمانی ئەندامـن لـە یەکێتیـی نێودەوڵەتیـی زانکۆکانـی جیهـان، هـەر لـە ڕووی بەراوردکارییـەوە هیـچ ناوچـە و هەرێمێکـی نافەرمیـی دانپێنەنـراو هێنـدەی هەرێمـی کوردسـتان پێوەندیـی سیاسـی و ئابووریـی لەسـەر ئاسـتی جیهانـی دەرەوەدا نییـە.

باشـووری کوردسـتان یەکێکـە لـە ئامانجەکانـی تیرۆریسـتان و تێکدەرانـی ئیسـلامییە تونـدئـاژۆکان و لەڕاسـتیدا هەرێمـی کوردسـتان ئەندامـی هاوپەیمانیـی نێودەوڵەتیـی دژە تیـرۆرە کـە لـە ئەنجامـدا ئەم پێگەیـەی دەبێتە هـۆی گەشەسـەندنی دەسـەڵاتەکانی هەرێم و تێگەیشـتن لـە سروشـتی ئـەو پرۆسـەیەی لێـرەدا دەگـوزەرێ و هەڵسـەنگاندنی گونجـاوی بـۆ دەکرێـت. لـەڕووی تیۆرییـەوە هەمـوو بیانووەکانـی گەلـی کـورد بـۆ مافی سـەربەخۆیی نەتەوەیـی بابەتییانەیـە، لەگەڵ ئەوەشـدا سـەرکردایەتیی بزووتنـەوەی نەتەوەیی کورددۆخە تایبەتەکـە و ڕاسـتییەکانی دەوروبەریـان ڕەچاوکـردووە بـە پلـەی جیـاواز لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێ و تەنانـەت لەگـەڵ زلهێزەکانی جیهانیشـدا تایبەتمەندییەکانیان بەهەنـد وەرگرتووە و تاوەکـو ئێسـتا ڕێکارەکانـی جێبەجێکردنـی سـەربەخۆیی کوردسـتان دیارینەکـراوە، بگـرە تەنیـا داوای ئۆتۆنۆمییەکـی ڕاسـتەقینەیان کـردووە لەچوارچێـوەی عێراقێکـی فیدراڵـدا کە لە ڕاسـتیدا ئـەم هەڵوێسـتەی کـورد جۆرێکـە لـە سازشـکردن و ڕێگەچارەیەکـی مامناوەنـد و پێویسـتە لەکاتـی گـەڕان بـەدوای چارەسـەرکردنی دۆزی کـورددا بـەرز بنرخێنرێـت.

هەروەک لەپێشەوەدا ئاماژەمان پێدا، گرنگیی هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پشتگیریکردنی کورد هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆیی کوردان، هەر لەمبارەیەوە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە لەدوای بەکۆتاهاتنی ڕووبەڕووبوونەوە جیهانییەکەی نێوان هەردوو بلۆک لەچوارچێوەی شەڕی ساردا، لەئێستادا پرۆسەیەکی دی بۆ پێکهێنانی ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەئارادایە کە لەڕووی سروشت و گرنگییەکەیدا پرۆسەیەکی نوێیە، ڕووبەڕووبوونەوەکە لەنێوان تیرۆری نێودەوڵەتی لەلایەک و هاوپەیمانیی دژە تیرۆر لەلایەکی دی کە ئەمەی دواییان لەڕووی پێکهاتەوە زۆر فرەوانە و هەریەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و چەندین وڵاتی دیکە لەخۆدەگرێت بە وڵاتانی عەرەبیشەوە، بەشداریکردنی ڕاستەوخۆی هەرێمی کوردستانیش لەم هاوپەیمانێتییەدا ئەنجامێکی ئەرێنیی بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و دۆخی ئێستای و چارەنووسی لە ئایندەدا دەبێت.

لە ئایاری ٢٠٠٥ دۆناڵد ڕامسفێڵد وەزیری بەرگریی ئەمەریکا دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ مەسعود بارزانی لە هەولێر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: «خەباتی هاوبەشی نێوان کورد و ئەمەریکا دژی تیرۆر بەردەوام دەبێت و کورد لەپێناو عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی فرەیی دەجەنگێت».

فرەوانبوونەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پێکهێنانی دیدگەیەکی ڕاستەقینە و گشتگیر لەمەڕ گەل و مێژووی دەوڵەمەند و کلتووری ڕەسەنی کورد. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە یەکێک لە پێکهەرەکانی سیاسەتی دژە کورد، شێواندن و قەڵپاندنی هەموو ئەو شتانە بووە کە پەیوەستە بە عەقڵییەتی گەلی کورد، سەرباری سەختیی دۆخ و وێڕای ئەو هەموو تووندوتیژییەی دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامدراوە، کورد پەرچەکرداری تیرۆر و تووندوتیژیی دژ بە سڤیل و بارمتەگرتنی نەبووە کە شێوازێکی تیرۆر و تووندوتیژییە لە ناوچە پڕ کێشەکاندا.

سەرباری ئەم هۆکارانە، پشتگیریکردن لە فیدراڵییەت بۆ کوردان و بەرگریکردن لێیان پەندگەلێکی مێژوویی دراماتیکیی دەهێنێتەوە بیر کوردی باشوور، گرنگترین ئەو پەندانەش بڕواهێنانە بەوەی کە بژاردەی سەربازییانە ئەستەمە بۆ

چارەسەرکردنی کێشەی کورد و چارەسەرنەکردنی ئەمجۆرە کێشانە و هەڵپەساردنیان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناسەقامگیریی ناوچەکە بە گشتی.

بەرزنرخاندنی ئەو دۆخەی بۆ سەربەخۆیی کورد ڕەخساوە و ئەگەرەکانی پەرەپێدانی، لەجێی خۆیدایە بەڵام ناشبێت زێدەڕۆیی لە گرنگییەکەی بکرێت، چونکە ئەو هۆکارانەی دەبنە کۆسپی بەدەم سەربەخۆییەکە و پەرەسەندنی، لەبەردەم هەڕەشەدایە و دوور نییە دەرهاویشتەی جۆراوجۆری هەبێت، بە ڕەچاوکردنی ئەم پرسە، هێزەکانی بەرگریکردن لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە کە لە ڕووی ژمارە و توانای شەڕکردنیان، دەتوانن خود بەرگری لە ناوچەکەدا دەستەبەر بکەن. لە ئێستادا کورد بە قۆناغێکی هەستیاری خەباتیان تێدەپەڕن لەپێناو بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئەم جۆرە خەباتە بێوێنەیەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەو هەموو تەگەرانەی دێنە پێشیان وا دەخوازێت کە پشتگیرییەکی نێودەوڵەتیی گونجاویان بۆدەستەبەر بکرێت.

سەرچاوەکان

1- 1. Piscatorii J.P. Islam in the Political Process. Cambridge, 1983, c. 13.

2- Коровников А. Исламский экстремизм в арабских странах. М., 1990, с.30.

3- Спецзаявление ПСК «О деятельности «Джунуд аль-ислам»». 19.09.2001, с.1.

4- Buro ya Kurdi. Bultena semehi, Bruxells, № 32, 2005, c. 9.

5- Виго ya Kurdi, Bultena semehi, Bruxells, № 31, 2005, c. 12.

ڕۆڵی سیاسیی زانکۆکانی باشووری کوردستان

ن. ز. مۆساکی

لە ئێستادا چوار زانکۆی حکومیی کلاسیکی لە هەرێمی کوردستان لە هەرێمی کوردستاندا هەن: زانکۆی سەڵاحەددین، دهۆک، سلێمانی و کۆیە. حکومەتی عێراق تەنیا زانکۆی سەڵاحەدین ی دامەزراند، سێ زانکۆکەی تری سلێمانی، دهۆک و کۆیە، دەسەڵاتدارانی کوردی باشوور دایانمەزراندوون، هەردوو زانکۆی سلێمانی و دهۆک بە بڕیاری حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان - کە تاوەکو ئێستا یەکگرتووە- لە ساڵی ١٩٩٢دا دامەزراون، زانکۆکەی کۆیەش لە ساڵی ٢٠٠٥ [1].

هەر لە ٢٠٠٥ زانکۆی پزیشکیی لەسەر بنەمای زانکۆکەی هەولێر دامەزرا کە (کۆلێژی پزیشکی، پزیشکی ددان و دەرمانسازی) لەخۆ دەگرێت. زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەبرێن و خۆیندن تێیاندا بەخۆڕاییە.

زانکۆکانی باشووری کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پارەدارەدەکرێن (زانکۆکانی هەولێر و دهۆک - لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر و زانکۆی سلێمانیش - لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی) و ساڵانەش لە بودجەی هەرێمدا پارەی پێویستیان بۆ تەرخان دەکرێت.

زانکۆکانی کوردستان هەروەکو زانکۆکانی دیکەی عێراق سیستەمێکی پلەی ئەکادیمییان هەیە و لە ئەوروپاشدا باوەڕپێکراو و پەسندن، دوای چوار ساڵ خوێندن پلەی بەکەلۆریۆس و دوو ساڵی خوێندنی دوای بەکەلۆریۆسیش پلەی ماجستێر بە قوتابیان دەبەخشن، دوای سێ ساڵی پاش ماجستێر و پێشکەشکردنی تێزێک، پلەی دکتۆرا وەردەگیرێت کە هاوتای پلەی ئەکادیمیایی دکتۆرایە لە ڕووسیا. گەورەترین زانکۆی کوردستان زانکۆی سەڵاحەدینە.

زانکۆی سەڵاحەدینکە بە زانکۆی سەڵاحەدین ناسراوە لە ساڵی ١٩٦٨دا لە سلێمانی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی دەسەڵاتدارانی عێراق و جەلال تاڵەبانی دامەزرا

(کە لەئێستادا سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکۆماری عێراقە)، ئەوکات تاڵەبانی و لایەنگرانی، ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەجێهێشت و لە مستەفا بارزانی جودابوونەوە. لێرەدا پیلانەکانی بەغدامان بۆڕوونەدەبێتەوە کە لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بوون کە لە مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بەرجەستە دەکرا کە لە نیوەی دووەمی شەستەکاندا چاوی لە سەرۆکایەتیکردنی کورد بوو، دەسەڵاتدارانی بەغدا لە بەرانبەر ڕکابەریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان هاوکاریی ماددی و سەربازییان پێشکەش تاڵەبانی دەکرد[٢]. ئەوکات بە گرووپە جیابووەوەکەی تاڵەبانیش هەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەناسرا، لە چوارچێوەی سیاسەتی ئاشتبوونەوەی تاڵەبانی لەگەڵ بەغدا، ڕێگەی پێدرا زانکۆیەکی کوردی لە سلێمانی دابمەزرێنێت. جا وەنەبێت ئەم هەنگاوە ڕێککەوت بێت بەڵکو شاری سلێمانی بە درێژایی دوو سەدە بە ناوەندێکی گرنگی ڕۆشنبیری هەژماردەکرا لە باشووری کوردستان.

زانکۆکە لە سەرەتادا ناوی زانکۆی سلێمانی بوو، لە ساڵی دامەزراندنیدا دەستی کرد بە وەرگرتنی قوتابیان لە سێ کۆلێژ، زانستە سروشتییەکان (لە پسپۆڕییەکانی بیرکاری، فیزیا، کیمیا و زیندەوەرزانی، لە ساڵس ١٩٧٦یش بەشی جیۆلۆجیا) و کۆلێژی کشتوکاڵ لە ١٩٧١، کۆلێژی ئەدەبیاتیش لە ساڵی ١٩٧٦دا کرایەوە و بەشەکانی (زمان و ئەدەبی کوردی، زمان و ئەدەبی عەرەبی) لەخۆدەگرت، کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری و کۆلێژی پەروەردە لە ساڵی ١٩٧٧ و کۆلێژی پزیشکی لە ساڵی خوێندنی ١٩٨١- ١٩٨٢دا کرایەوە. پاشان دەسەڵاتدارانی عێراق بڕیاری گواستنەوەی زانکۆی سلێمانییان درکرد و گواستراپەوە بۆ ناوەندی ئیداریی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان[٣] – هەولێر-کە لە ساڵی ١٩٧٤ دامەزرا، ئەم هەنگاوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا هەوڵێک بوو بۆ چەسپاندنی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارانی عێراق لەسەر هەولێر و ناوەکەشی گۆڕدرا و کرایە زانکۆی سەڵاحەدین – سەرکردە و سیاسیی ناوداری جیهانی عەرەبی و ئیسلامیی بە ڕەگەز کورد- لەوساوە مێژووی زانکۆی سەڵاحەدینەدەستیپێکرد کە خۆی بە میراتگری زانکۆی سلێمانی دەزانێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە سەدام حوسێن نازناوی «سەڵاحەدین»ی

لەخۆنابوو، ناونانی زانکۆکە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەو سەرکردە کوردە نەبوو کە ناسراوترین کەسایەتیی مێژووی عەرەبە، بەڵکو بۆ شکۆدارکردنی خودی خۆی بوو. دەسەڵاتدارانی عێراق نەخشەیان بۆ گواستنەوەی زانکۆی سەڵاحەدین [٤] بۆ تکریت دەکێشا کە شوێنی لەدایکبوونی سەدام و ناوەندی پارێزگای سەڵاحەدین بوو، بەڵام پلانەکەیان سەرینەگرت و ئەوکات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە گەرمەی چالاکیدا بوو، بۆیە دەسەڵاتداران نەک هەر زانکۆکەیان نەگواستەوە، بگرە فرەوانتریان کرد و سەربازی ئەو کۆلێژانەی لە سلێمانی هەبوون و گواستراندەوە بۆ هەولێر، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٥- ١٩٨٦دا کۆلێژی ماف و زانستە سیاسییەکانی لە زانکۆی سەڵاحەدینکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٨٧ دەسەڵاتدارانی عێراق کۆلێژی کشتوکاڵیان داخست کە یەکێک لە گرنگترین کۆلێژەکانی کوردستان بوو.

زانکۆی سەڵاحەدین نزیکەی ٦ هەزار و پێنج سەد قوتابی و ٧٠٠ مامۆستای تێدا بوو کە نیوەیان عەرەب بوون. ئەمەشیان بۆئەوە بوو کە زانکۆکە بکەنە مۆڵگەیەک بۆ خزاندنی عەرەب لە ناوچەیەکی کوردنشیندا و ئاوێتەکردنیان بە کۆمەڵگەی کوردەواری کە لەگەڵ ڕەوتی ئەو سیاسەتی تەعریبکردندا یەکدەگرێتەوە کەوا سەدام حوسێن پشتیوانیی دەکرد، لە ساڵی ١٩٩٢دا دەسەڵاتدارانی عێراق وەک گەمارۆیەک بەسەر کوردستان، سەرجەم مامۆستایانی زانکۆکەی لە هەولێر هێنایەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی.

هاوکات لە نەوەدەکاندا دۆخەکە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و لە ساڵی ١٩٩٢دا «ناوچەی ئارام» لە باشووری کوردستان پێکهێنرا و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان ئەنجام درا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا، سەرجەم دامەزراوەکانی دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا، لە هەرێم کۆتایی پێهات کە دەکەوتە باکووری «هێڵی سەوز»ەوە[٥] و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی کوردی باشوور. زانکۆکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی دوو گەمارۆدان، گەمارۆدانێکی نێودەوڵەتی کە هەموو عێراقی گرتبووە، گەمارۆدانێکی دەسەڵاتدارانی عێراق کە هەوڵی دەدا کوردستان بخنکێنێ و وای نیشان بدات کە کورد توانای خۆبەڕێوەبردنی نییە، بەڵام سەرباری جیاوازییەکانی نێوان حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و

بەرپابوونی شەڕی خۆبەخۆی کورد، دەرگای زانکۆی سەڵاحەدینداناخرا و دەماکردنی تێدا بەردەوام بوو، لێرەوە ئیدارەی کورد دەستیان بە کارەکانی خۆیان کرد و هەوڵی دەربازبوونیان دەدا لە کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی عەرەبی و کاریان بۆ فرەوانکردنی ئەم دەزگا فێرکارییە دەکرد، لە ساڵی ١٩٩٢دا (کۆلێژی ماف)ی ئێوارانیان کردەوە کە سەر بە کۆلێژی ماف و زانستە سیاسییەکان بوو. لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٥- ١٩٩٦ بۆ یەکەمین جار کۆلێژ پزیشکیی ددان کرایەوە و لە ساڵ ١٩٩٦ کۆلێژی کشتوکاڵ بۆ جاری دووەم کرایەوە کە پێشتر داخرابوو. لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٧- ١٩٩٨یش کۆلێژی دەرمانسازی دامەزرا، یەک ساڵ دوای ئەم کۆلێژە، واتە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٨- ١٩٩٩ کۆلێژی وەرزش کرایەوە و لە پەروەردەی جەستەیی جوداکرایەوە کە لە لە ساڵی ١٩٩٨ لە کۆلێژی پەروەردەدا کرابووەوە، لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠١- ٢٠٠٢ کۆلێژی بنیات بۆ مەشق و ڕاهێنانی مامۆستایانی سەرەتایی کرایەوە و پلەی بەکەلۆریۆسی بە دەرچووان دەبەخشی، لە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٢- ٢٠٠٣ کۆلێژی شەڕیعە (شەریعەتی ئیسلامی) و دیراسانی ئیسلامی کرایەوە کە سێ بەشی لەخۆگرتبوو: دیراساتی ئیسلامی، شەریعەتی ئیسلامی و ئسوڵی دین کە دەرچووانی ئەم سێ بەشە دەبوونە گوتار خوێن، ئەم کۆلێژە لەلایەن کوردی باشوور لەسەر بنەمای – دیراساتی ئیسلامی-کرایەوە کە لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆلێژی ئەدەبیاتدا کرابووەوە. کۆلێژی ناوبراو، کەمیی پسپۆڕان لە زانستەکانی ئایینی ئیسلام، یەکێک بوو لە کەموکورتییەکانی کۆلێژەکە، لەنێو ئەو (٩) مامۆستایەیانەی کۆلێژەکە، تەنیا سێ کەسیان پسپۆڕی بواری زانستی ئیسلامی بوون – یەکێکیان پسپۆڕی بواری شەڕیعە و دووانیش لە بواری هزری ئیسلامیدا. لە هەمان کاتدا پێنج مامۆستا لەم بەشەدا پسپۆڕی زمان و ئەدەبی عەرەبی بوون (دووان لە ڕێزمانی عەرەبی، دووان لە زمانەکان و یەک ڕەخنەگری ئەدەبیش) مامۆستایەکی ئەم بەشە، پسپۆڕی ئایینی مەسیحی بوون. دوو لەو مامۆستایانە نازناوی پرۆفیسۆری بەشدار و پلەی دکتۆرایان هەبوو کە یەکێکیان پسپۆڕی شەریعەت بوو و ئەوی دیکەیان پسپۆڕی ڕێزمانی عەرەبی.

لە بەشی شەڕیعەدا ژمارەیەک لە مامۆستایانیان بەبێ پلەی ئەکادیمی و نازناوی

زانستی وانە دەڵێنەوە. دووانیان پسپۆڕی هزری ئیسلامین و یەکێکیان زمانی عەرەبی و ئەویدیکەیان ئەدەبیاتی عەرەبی.

نۆ ماموستا لە بەشی (أصول الدین) هەن بەڵام تەنیا یەکێکیان نازناوی پرۆفیسۆری بەشداری هەیە ئەویش بەبێ پلەی زانستی، دووانیشیان ماموستای زمانی عەرەبین.

دامەزراندنی کۆلێژێک بۆ خوێندنی زانستەکانی ئایینی ئیسلام بۆ سیستەمی خوێندن لە باشووری کوردستان زۆر گرنگە، گرنگییەکەشی لەبەر گرنگیی فاکتەری ئیسلامییە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، پێدەچێت دامەزراندنی ئەمجۆرە کۆلێژانە بۆ بەدیهێنانای ئەم ئامانجانە بێت: یەکەم- جێبەجێکردن و چاودێریکردنی ئەو زانا ناسیۆنالیستانەی ئایینی ئیسلام کە بە گوتارخوێن لە مزگەوتەکانی باشووری کوردستان دادەمەزرێن، دووەم- دامەزراندنی ناوەندێکی زانستیی باوەڕپێکراو لە باشووری کوردستان بۆ خوێندنی شەریعەت و دیراساتی ئیسلامی کە توانای بەرپەچدانەوەی ئەو ڕەوتە توندئاژۆئانەی هەبێت کەوا بە شێوەیەکی بەرفرەوان لەم ساڵانەی دوایی لە باشووری کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە.

بابەتی پرۆگرامەکانی پزیشکی (بە دەرمانسازی و ڤێرتەرنەری)شەوە، هەروەها کۆلێژی زانست لە زانکۆی سەڵاحەدینبە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێن، زانکۆکانی دهۆک و سلێمانیش بەهەمان شێوە، بەڵام کۆلێژی زانستە مرۆییەکان و ئابووری بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی دەخوێنرێن. زمانی عەرەبیش بۆئەوەی سەرنجی ماموستایانی عەرەب ڕابکێشن و بەهۆی کەمیی میلاکی کۆلێژەکان بە ماموستایانی کورد، ڕێخۆشکەری دەکرێت بۆ ماموستایانی عەرب دەکرێت تاوەکو بێن و لەوێ وانەبێژی بکەن، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و تێکچوونی بارودۆخی ئەمنیی بەشە عەرەبییەکەی عێراق، ژمارەیەکی زۆری ماموستایانی زانکۆکانی عێراق پەنایان بۆ کوردستان برد و لەوێ ژیانێکی ئارامتر و مووچەیەکی شایستەتریان بۆ فەراهەم کرابوو و لە زانکۆکانی کوردستاندا دەستیان بەکارکردن کرد، بەڵام لێرەدا کێشەی زمانەوانی و لێکتێنەگەیشتنی ماموستایانی عەرەب و قوتابیانی کورد سەریهەڵدا بەتایبەتیش لە زانکۆی سلێمانی، چونکە زۆربەی قوتابیانی ئەم زانکۆیە عەرەبی نازانن، یان ئەگەر بشزانن ناگاتە ئاستی خوێندنەکەیان، هەرچەندە سەرۆکایەتیی زانکۆکانی کوردستان

پێشوەختە مەرجی زانینی زمانی کوردیی بۆ وەرگرتنی مامۆستایانی عەرەب دانابوو، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی لە ماوەیەکی کورتدا بە ڕەوانی فێری زمانی کوردی بن، بۆیە هەر بە زمانی عەرەبی وانەکانیان دەگوتەوە، زۆر جاریش پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی عەرەب بۆ وەرگرتنیان لە زانکۆکانی کوردستان لەڕێگەی وەرگێڕێکەوە بوو کە دواجار دەبووە مایەی دەربڕینی ناڕەزایی قوتابیان کورد[٦].

بەپێی لێدوانەکانی محەمەد سدیق، سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین ، سەرۆکایەتیی زانکۆ پلانی بۆ بەکوردیکردنی پرۆگرامەکانی سەرجەم کۆلێژە مرۆییەکان دارشتووە و بەنیازین زمانی ئینگلیزی بکەینە زمانی دووەمی خوێندن[٧] و زمانی عەرەبیش زمانی سێیەمی[٨] خوێندن بێت لە بەشەکانی لۆلێژە مرۆییەکان و ڕایدەگەیەنێت کە سەرۆکایەتیی زانکۆ بە پراکتیک دەستی بە وەرگێڕانی ژمارەیەک پسپۆڕییە مرۆییەکانی کردووە بۆ سەر زمانی کوردی و ئینگلیزی[٩].

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە ئەم هەنگاوەی پێشوو، ئاراستەیەکی نموونەییە بۆ سیستەمی خوێندن لە سەرتاسەری باشووری کوردستان و لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا دەستکراوە بە ڕاهێنانی ئەو مامۆستایانەی وانەکان بە زمانی ئینگلیزی دەڵێنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥یشەوە زمانی ئینگلیزی خراوەتە نێو خشتەی وانەکانی پۆلی سێی سەرەتایی کە پێشتر لە پێنجی سەرەتاییەوە دەخوێندرا. لە قۆناغی باخچەی منداڵانیش، لە باشووری کوردستان تەنیا چوار بابەتی بنەڕەتی خراوەتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەوانیش: زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی و بیرکاری، هەر ئەم بابەتانە و کۆمەڵایەتییەکانیش لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی باشووری کوردستاندا بابەتی بنەڕەتین، هەروەکو تێبینی دەکرێت تەنیا زمانی کوردی و ئینگلیزی کراونەتە دوو زمانی سەرەکیی خوێندن. ئەو (کۆمەڵایەتی)یەی لەم خولانەدا دەخوێندرێن، زۆر جیاوازن و مامۆستایانی دواڕۆژ لەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ڕادەهێنن کە مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان سەرەکیترین بابەتەکانی ئەم پسپۆڕییەن، هەروەها مێژووی شارستانییەکان و دەروونناسی و مێژووی ئەیوبییەکان (ئەو هۆزە کوردییە بەناوبانگەی لە سەردەمانێکدا فەرمانڕەوای ناوچەیەکی فرەوانی هەردوو ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین بوو و سەڵاحەدینی ئەیوبی نوێنەرایەتیی دەکرد).

دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ڕایدەگەیەنن، زمانی کوردی دەبێتە زمانی یەکەم و سەرەکی لە قوتابخانەکان، ئینجا ئینگلیزی، دوای ئەویش زمانی عەرەبی. هەروەها جەخت لەسەر دەستکەوت و داهێنانەکانی ڕۆژئاوا دەکرێتەوە و بە پێویست دەزانرێت گەنجانی کورد ئاشنای شارستانێتیی ئەورووپا بکرێت بۆئەوەی درک بە زانستی تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا بکات. لە هەمان کاتیشدا باس لە ئەولەوییەتی سوودوەرگرتن لە داهێنانە هونەرییەکانی ڕۆژئاوا و کەمکردنەوەی بایەخی هەموو ئەو شتانەی لە وڵاتانی عەرەبیدا سەرهەڵدەدەن.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و لەسایەی دۆخی سەختی سەربازی - سیاسیی عێراق و بەهۆی ئەوەی باشووری کوردستان تاکە بەشی ئارامی وڵات بوو، سەرنجی بزنسمانانی عەرەبی ڕاکێشا کە هەوڵی وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان دەدا، دەسەڵاتدارانی هەرێمیش هانی ئەم پرۆسەیەیان دەدا و باشووری کوردستانیان بە دەروازەی عێراق دادەنا، لەمبارەیەوە چاودێران دەڵێن: لە شەقامەکانی شارە کوردییەکاندا بۆ هەر کوێیەک دەچیت گوێت لە خەڵکانێک دەبێت بە عەرەبی لەگەڵ یەکدا دەدوێن و لە ئوتێلە گەشتیارییەکانیشدا لیستی جۆری خواردنەکان و نرخەکانیان تەنیا بە ئینگلیزی و عەرەبییە.

ساڵانە زانکۆی سەڵاحەدین کە زانکۆی سەرەکیی باشووری کوردستانە، پتر لە دوو هەزار قوتابی ئاهەنگی دەرچوونیان بۆ دەگێڕدرێت و پلەی بەکەلۆریۆسیان پێدەبەخشرێت، (٣٠٠) کەسیش بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا وەردەگرن. لەسەرەتای دامەزراندنی زانکۆکەشەوە (١٩٦٨ تاوەکو ١٩٨١) پتر لە (١٥) هەزار قوتابیی دەرچووانددووە و لەئێستادا ژمارەی قوتابیانی لەسەرووی (١٦) هەزار قوتابیی کوڕ و کچن کە لە (٦٥) پسپۆڕیی جیاواز لە (١٧) کۆلێژی زانکۆی سەڵاحەدیندا دەخوێنن و نزیکەی نیوەی ئەم ژمارەیە لە ڕەگەزی مێیینەن، دەوروبەری هەزار مامۆستاش لەخۆدەگرێت کە سێیەکیان ئافرەتن.

لە باشووری کوردستان، پرۆسەیەکی خێرا بۆ بەشدارکردنی ئافرەتان لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا لەئارادایە و هێشتا زووە باس لە یەکسانیی نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بکەین و بڵێین ئافرەتانی باشووری کوردستان هیچ بەربەستێکیان

لەبەردەمـدا نەمـاوە، لەڕاسـتیدا یەکسـانی لـە دامەزرانـدن و ڕاژەی مەدەنیـدا هەیـە و بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی کچـان لـە زانکۆکانـی کوردسـتان و ئـەو چالاکییـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییانەی بەهـۆی ئازادیـی ئافرەتانـەوە ئەنجامدەدرێـن ئەوەمـان پێدەڵێـن کـە لـە دوو دەیـەی داهاتـوودا ئافرەتـی کـورد دەکارێـت بەشـداریی کاریگـەری لـە ژیانـی سیاسـی، کۆمەڵایەتـی و ئابووریـدا بـکات و دەسـەڵاتدارانی باشـووری کوردسـتانیش هانـدەر و پشـتیوانیانن.

کێشـەی سـەرەکیی زانکۆکانـی باشـووری کوردسـتان کەمیـی مامۆسـتایانی خـاوەن بڕوانامـەی پلـە بـەرزە لـە پسـپۆڕییە تەکنیکییـەکان، بۆنموونـە ڕاگـری کۆلێـژی زانسـتە سرووشـتییەکان (کیمیـا، زیندەوەرزانـی، بیـرکاری، فیزیـا و جیۆلۆجیـا)ی زانکـۆی سەڵاحەدینماسـتەرنامەی لـە بیـرکاری هێناوە. خوێندنی بـاڵا تەنیا لە کیمیـا و زیندەوەرزانی هەیـە و لـە ٢٠٠٣ دا فیزیاشـی تێـدا دەسـتەبەرکرا. لـە بەشـەکانی (وزە، میکانیـک، بیناسـازی و تەکنەلۆژیـای زانیاریـیەکان)ی کۆلێـژی ئەنـدازە تاکـو ئێسـتا خوێندنـی بـاڵای تێـدا بەردەسـت نییـە. ژمارەیەکـی کەمـی قوتابیانیـش لـە پسـپۆڕیی هونەریـدا دەخوێنـن و زۆربـەی قوتابیـان لـە بەشـەکانی ئابـووری و پسـپۆڕییە مرۆییەکانـدا دەخوێنـن. ئـەم زانیاریانـە بـۆ زانکۆکانـی دیکـەی باشـووری کوردسـتانیش ڕاسـتن.

محەمـەد سـدیق، سـەرۆکی زانکـۆی سـەڵاحەدین ڕایدەگەیەنێـت: ئـەو جـووت گەمارۆیـەی خراوەتـە سـەر زانکۆکانـی باشـووری کوردسـتان، زیانێکـی زۆری پێگەیانـدوون، کێشـە سـەرەکییەکەش لەوەدایـە کـە لـە سـەرجەم زانکۆکانـدا تەنیـا وانەگوتنـەوە و فێرکردنیـان تێدایـە و ئەگەرچـی بـە ناوەندێکـی زانسـتی هەژمـار دەکرێـن بـەڵام هیـچ تۆژینەوەیەکـی زانسـتییان تێـدا ئەنجـام نادرێـت[١٠]. دامەزراوەیەکـی سـەربەخۆی تێـدا نییـە بـۆ ئەنجامدانـی تۆژینـەوە زانسـتییەکان، وەکـو ئەوانـەی لـە زانکۆکانـی یەکێتیـی سـۆڤیەتدا هـەن و تۆژینـەوە زانسـتییەکان لـە ئەکادیمیـای زانسـتەکاندا بەڕێوەدەچـن.

کێشـەیەکی دیکـەی پیشـەیی مامۆسـیتایانی زانکۆکانـی باشـووری کوردسـتان کـە زۆربەیـان لـە زانکۆکانـی کوردسـتان و عێـراق دەرچـوون، بەشـێکی زۆر کەچوارچێـوەی دەرچـووی زانکۆکانـی دەرەوەن[١١]. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو دبلۆم و پلـە ئەکادیچوارچێوەیەی لـە دەرەوەی عێـراق بەدەسـتهێزاون هەمیشـە بەڵگـەی ئاسـت بەرزیـی خوێنـدن یاخـود

ڕاهێنانی زانستی نین و کارگێڕیی زانکۆکە گومانی لە پسپۆڕیی ئەو کەسانە هەیە کە لە ناوەندە زانستییەکانی سۆڤیەتدا خوێندوویانە و بڕوانامەکانیان بەدەستهێناوە، بەتایبەتیش پسپۆڕیی زانستە مرۆییەکان.

کۆلێژی ئاداب و زمانەکان – کە هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٥ تەنیا کۆلێژی ئاداب بوو- گەورەترین کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین ٥ و ژمارەی قوتابیانی دەگاتە پتر لە دوو هەزار قوتابیی کورِ و کچ، لەئێستاد ئەم بەشانەی تێدایە: زمانی کوردی (١٩٧١)، کۆمەڵناسی (١٩٧٤)، زمانی عەرەبی (١٩٧٦)، زمانی ئینگلیزی (١٩٨٥)، مێژووی گشتی و مێژووی کورد (١٩٨٥)، جوگرافیا (١٩٨٧) دواتریش فرەوانکردنی کۆلێژەکە بەردەوام بوو و ئەم بەشانەی تێدا کرایەوە: دیراساتی ئیسلامی (١٩٩١) پاشان لەم کۆلێژە جوداکرایەوە بووە کۆلێژێکی سەربەخۆ، زمانی فارسی (١٩٩٨)، ئاسەوارناسی (٢٠٠٠)، خوێندنی ئێوارانی زمانی ئینگلیزی (٢٠٠٠). خوێندنی ماستەریش لەم پسپۆڕییانە کراوەتەوە: زمانی کوردی، زمانی عەرەبی (١٩٨٦)، مێژوو (١٩٨٧)، زمانی ئینگلیزی، کۆمەڵناسی و جوگرافیا (١٩٩٢)، لە ساڵی (١٩٩٢)شدا خوێندنی دکتۆرا بۆ ئەم بەشانە بەردەستبوو: زمانی کوردی (١٩٩٢)، مێژوو (١٩٩٣)، جوگرافیا و زمانی ئینگلیزی (١٩٩٥)، کۆمەڵناسی (١٩٩٩)، زمانی عەرەبی (٢٠٠). خوێندنی باڵا بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زانکۆ سەرەکییەکەی باشووری کوردستان لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە، زمانی عەرەبیش لە ساڵی (٢٠٠٠) واتە پێنج ساڵ پاش کردنەوەی دکتۆرا بۆ زمانی ئینگلیزی. کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریش خولی ڕاهێنان بۆ پسپۆڕییەکانی (ئامار)، (کارگێڕی)، (ژمێریاری) و تیۆری ئابووری دەکاتەوە.

پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان کە مامۆستایان بۆ دواناوەندییەکانی باشووری کوردستان پێدەگەیەنێت و پسپۆڕییەکانی زیندەوەرزانی، کیمیا، فیزیا، بیرکاری، زمانی عەرەبی، زمانی کوردی، پەروەردە و دەروونناسی و زمانی ئینگلیزیی تێدایە، لە ساڵ (١٩٩٩)شدا بۆیەکەمین جار زانکۆی سەڵاحەدینەستی بە ڕاهێنانی پسپۆڕانی تەکنەلۆژیا و زانیارییەکان کرد.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە ڕاهێنان لە پسپۆڕییەکانی زانستە سروشتییەکان

(زیندەوەرزانی، کیمیا، بیرکاری و فیزیا) لەم کۆلێژە، لە ئاستێکی نزمتردان بەبەراوورد لەگەڵ ڕاهێنان لە کۆلێژی زانستە سروشتییەکان. لەئێستادا کارگێڕیی زانکۆکە پلان بۆ جوداکردنەوەی ئەم کۆلێژە دادەڕێژن و بەنیازن کۆلێژەکە بکەنە دوو بەشەوە: کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆییەکان و کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە سروشتییەکان.

لەسەرەتادا کۆلێژی ماف و زانستە سیاسییەکان تەنیا یەک پسپۆڕیبان هەبوو. لە ساڵی ١٩٩٣ پسپۆڕیی زانستە سیاسییەکان کرایەوە. نزیکەی (٨٠٠) قوتابی لە کۆلێژی (ماف)ی ئێوارانداا دەخوێنن. هەروەها پلانی سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدینکردنەوەی پسپۆڕیی (ڕاگەیاندن)ە لە ئایندەیەکی نزیکدا.

پێشتر باسمان لە کێشەکانی خوێندن کرد لە زانستە سروشتییەکان، لە پسپۆڕییە مرۆییەکانیشدا کەموکورتی لە خوێندنی باڵادا هەیە، هەم لە هەولێر و هەمیش لە زانکۆکانی دیکەی کوردستان، بۆیە پێناچێت هەتاوەکو ساڵی ٢٠١٠ش بتوانرێت ڕۆژنامەوان لە بەشی ڕاگەیاندن دەربچوێندرێت. هەرچەندە تورکیا هاوبەشێکی سەرەکیی ئابووریە و کاریگەرییەکی سیاسیی گەورەشی لەناوچەکەدا هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ ئاراستەیەک بۆ خوێندنی (تورکۆلۆجی) لە زانکۆکانی کوردستاندا بەدیناکرێت، گرنگیشە زمانە ئەوروپاییەکان لە زانکۆکانی کوردستاندا بخوێندرێن، بێجگە لەوە چەند پسپۆڕییەک هەن تاوەکو ئێستا بوونیان لە زانکۆکاندا نییە- پسپۆڕیی فەلسەفە بە نموونە- فرەوانکردنی چەند کۆلێژێکیش لە بەرنامەدایە، بەڵام لە ئێستادا ژمارەی قوتابیانیان زۆر کەمە.

زانکۆی سەڵاحەدین پێشەنگە لە پێکهێنانی سیستەمێکی نوێی خوێندن، سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین ڕایدەیەنێت: کاری هەرە لەپێشینەی زانکۆکەمان، داهێنانی سیستەمێکی سەربەخۆی خوێندنی کوردییە لەسەر بنەمای نوێکردنەوە و پەرەپێدانی هەزری ڕەخنەگرانە، لەهەمان کاتیشدا باس لە ئاوێتەبوون دەکات لەگەڵ کۆمەڵگەی فێرکردنی جیهانیدا و کە بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و گرنگیدان بە زمانی ئینگلیزی و تەکنەلۆژیای زانیارییەکان[١٢] بەڵگەی ئەم قسانەن. هەروەها زانکۆکانی کوردستان، بەدەر لە زانکۆ عەرەبییەکان هەوڵی پێوەندیکردن بە پرۆسەی جیهانیی فێرکردن دەدەن. زانکۆی سەڵاحەدینوەکو سەرجەم زانکۆکانی کوردستان لە هەوڵدان پێوەندی

بـە زانکـۆ ئەمەریکـی و ئەوروپاییـەکان بکـەن و خۆیـان لـە زانکـۆی بەغـدا دەپارێـزن، لـە هەمـان کاتیشـدا قوتابیانـی کـورد بەدەسـتهێنانی مۆڵەتـی خوێنـدن لـە زانکۆکانـی ڕۆژئـاوا، ئەمەریـکا، بەریتانیـا دەخەنـە پێـش خوێنـدن لـە زانکـۆ پێشـەنگەکانی عێـراق.

بەپێـی لێدوانەکانـی سـەرۆکی زانکـۆی سـەڵاحەدین : بەرپرسـانی کـورد چاکسـازییان لـە سیسـتەمی پـەروەردە و فێرکـردن کـردووە کـە لـە قۆناغـی باخچەکانـی منداڵانـەوە دەسـت پێـدەکات تـا دەگاتـە خوێندنـی بـاڵا و پرۆگرامێکـی پەروەردەیـی شارسـتانیی نوێیـان بـۆ ئـەم مەبەسـتە داڕشـتووە و مێـژووی کـورد و جیهـان، جوگرافیـا، ئەدەبیـات، تۆژینـەوەی کۆمەڵایەتـی، زمانـی کـوردی و چەندیـن بابەتـی دیکـەی سـەرەکییان تێـدا ڕەچاوکـردووە[١٣] و هیـچ ئاماژەیەکـی بـۆ عـەرەب و عێـراق نەکـرد.

زانکـۆی دهۆکیـش لـە سیسـتەمی خوێندنـی بـاڵای باشـووری کوردسـتاندا ڕۆڵـی خـۆی گێـڕاوە و لـە نەوەتەکانـی سـەدەی ڕابـردوودا زۆر بەخێرایـی پـەرەی سـەند، کۆلێـژە بەراییەکانـی زانکـۆی دهـوک، کۆلێـژی پزیشـکی و کشـتوکاڵ بـوو لـە سـاڵی (١٩٩٢)، لـە سـاڵی (١٩٩٤)یشـدا کۆلێـژی ئەنـدازە (بەشـی ئاودێـری) کرایـەوە، کۆلێـژی ئـاداب (زمانـی کـوردی، زمانـی ئینگلیـزی، مێـژوو، بەبـێ بەشـی زمانـی عەرەبـی)، لـە سـاڵی ١٩٩٧دا کرایـەوە کۆلێـژی پـەروەردە (بیـرکاری، فیزیـا) لـە (١٩٩٧)، تەکنەلۆژیـای زانیاریـیەکان (٢٠٠٠) کۆلێـژی کارگێـڕی و ئابـووری (پسـپۆڕیی ئابـووری کـە لـە سـاڵی ١٩٩٥ەوە لەچوارچێـوەی کۆلێـژی ئـاداب و کارگێـڕی (١٩٩٨)، کۆلێـژی ڤێرتەرنـەری (١٩٩٩) و کۆلێـژی مـاف و زانسـتە سیاسـییەکان (تاکـە پسـپۆڕیی فیقـە لـە سـاڵی ١٩٩٧ لـە کۆلێـژی کارگێـڕی و یاسـا) لـە سـاڵی ١٩٩٩٧ەوەش بـۆ چەنـد پسـپۆڕییەک، خوێندنـی ماسـتەر کرایـەوە و دکتـۆراش لـە ١٩٩٨. لەئێسـتادا ٤ هـەزار و پێنـج سـەد قوتابیـی کـوڕ و کـچ لـە (٩) کۆلێـژی زانکـۆی دهۆکـدا دەخوێنـن.

لـە زانکـۆی دهـۆک، کۆلێژێکـی سـەربەخۆی ناحکومـی بـۆ شـەریعە و دیراسـاتی ئیسـلامی لـە سـاڵی ١٩٩٢دا لـە دەرەوەی زانکۆکـە دامـەزراوە، لـە سـاڵی ١٩٩٥ ڕێککەوتنێکـی لەگـەڵ زانکـۆی دهۆکـدا کـرد و بەپێـی ڕێککەوتنەکـە، کۆلێـژی ناوبـراو بەرپرسـە لـە کاروبـاری زانسـتیی کۆلێژەکـە، ئەنجوومەنـی خوێندنـی بـاڵا و تۆژینـەوەی زانسـتیی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بڕوانامەکانـی کۆلێژەکـەی پـێ بەسـندە،

چالاکییەکانی ئەم کۆلێژە بە کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەک بەڕێوەدەبرێن.

زانکۆی سلێمانی لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی بەکارەکانی کردووە و کۆلێژە بەراییەکانی، کۆلێژی کشتوکاڵ، زمان و پزیشکی بوون (١٩٩٢). کۆلێژی کشتوکاڵ بە گرنگترین پسپۆڕییەکانی زانکۆکە هەژمار دەکرێت کە ئەم بەشانە لەخۆدەگرێت: (دانەوێلە و تووتن، خاکناسی، پەروەردەی ئاژەڵی)، لە ساڵی ١٩٩٨ەوە دەرگای خوێندنی ماستەر کراوەتەوە و لە ٢٠٠٠یشەوە خوێندنی دکتۆرا. کۆلێژی کشتوکاڵ کێڵگەیەکی گەورەی لە بەکرەجۆ هەیە کە ١٠ کیلۆمەتر لە سلێمانییەوە دوورە.

کۆلێژی زمانەکان ئەم بەشانەی تێدایە: زمان و ئەدەبی کوردی (١٩٩٢)، زمان و ئەدەبی عەرەبی (١٩٩٢)، زمان و ئەدەبی ئینگلیزی (١٩٩٤)، تاوەکو ئێستا ١٢ تێزی دکتۆرا لە زمان و ئەدەبی کوردی پێشکەش کراوە.

کۆلێژی پزیشکی، ساڵانە (٦٠- ٨٠) پزیشک دەردەچوێنێ. لە ساڵی ١٩٩٤ کۆلێژی زانستە سروشتییەکان کرایەوە (جیۆلۆجیا و بیرکاری) لە ١٩٩٦یشەوە بەشی کیمیا و زیندەوەرزانیی تێداکرایەوە لە (١٩٩٨)، فیزیا و لە (٢٠٠٠) تەکنەلۆژیای زانیاریەکان. لە (١٩٩٥) کۆلێژی ئەندازە (ئاودێری-١٩٩٦، بیناسازی ١٩٩٩) لە ساڵی ١٩٩٦یشدا هەردوو کۆلێژی ڤێرتەرنەری و پزیشکی ددانی تێدا کرایەوە. لە ئێستادا ٨ هەزار قوتابیی کۆڕ و کچ لە ١٦ کۆلێژی زانکۆی سلێمانیدا دەخوێنن. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کەوا زانکۆی سلیمانیی ئێستا خۆی بە جێگرەوەی ئەو زانکۆیە دەزانێت کە لە ساڵی ١٩٦٨- ١٩٨١ەوە لە شارەکەدا هەبووە.

وێڕای هەموو ئەو ئالینگارییانە، کوردستان بووژانەوەیەکی خێرای لە بواری خوێندنەدا بەخۆوە بینیوە و بەرپرسان پەرۆشی پێشخستنی کەرتی خوێندنی باڵان و بە حەماسەتەوە هەوڵی بەرەو پێشبردنی دەدەن، بێجگە لە زانکۆی کۆیە کە لەچاو زانکۆکانی تری کوردستان، زانکۆیەکی نوێیە و پلانی بۆ دارێژراوە لە ئایندەیەکی نزیکدا ژمارەی کۆلێژەکانی بگاتە ١١ کۆلێژ، هەروەها زانکۆی سەڵاحەدین ی پزیشکی و چەندین دامەزراوەی خوێندنی باڵا لە قۆناغی پلانڕێژیدان.

پێشبینی دەکرێت زانکۆیەکی نوێ لە هەڵەبجەدا بکرێتەوە و بڕیارە یەکەمین کۆلێژ، کۆلێژی کشتوکاڵ بێت کە لەسەر بنچینەی پەیمانگەی کشتوکاڵی هەڵەبجەدا بکرێتەوە، پەیمانگەی تەکنیکی لە هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجەدا هەن و بڕوانامەی دبلۆم بە قوتابیانی دەرچوو دەبەخشن کە لە بنەڕەتدا قوتابخانەی تەکنیکین و بۆ ڕاهێنانی مەشقکاران دامەزراون.

لە باشووری کوردستان ئامادەیی پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵی و هونەری هەن و ماوەی خوێندن تێیانداا ٣ ساڵە و لەچوارچێوەی ئامادەییە پیشەیی و هونەرییەکاندا پۆلێن کراون.

بەپێی چەند ڕاپۆرتێک، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی بانگەشە بۆ دامەزراندنی پڕۆژەی زانکۆی ئەمەریکایی لە سلێمانی دەکات. ئەختەر نەجمەدین، وەزیری پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی دەڵێ: بالێزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا ئامادەیە ١٠ ملیۆن دۆلار بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە تەرخان بکات، حکومەتی هەرێمیش ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ تەرخان کردنی ٧ ملیۆن دۆلار و بۆ هەمان مەبەست جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراق و سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەک ملیۆن دۆلاری بەخشیوە. بایەخدانی ئەمەریکا بە دامەزراندنی ئەمجۆرە زانکۆیانە بەوە لێکدەدرێتەوە کەوا زانکۆکە بکرێتە ناوەندێک بۆ ڕاهێنانی چینێکی بژاردە بۆ لایەنگرانی ئەمەریکا و ڕەنگدانەوەی نەک هەر لەسەر سلێمانی، بگرە لەسەر تەواوی باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا دەبێت.

ئەگەری ئەوەش هەیە بەم نزیکانە زانکۆیەک لە زاخۆ (پارێزگای دهۆک) بکرێتەوە کە بەهۆی چالاکیی جوولەی بازرگانی لەگەڵ تورکیا گەشەی کردووە.

لە کۆتاییەکانی نەوەتەکانیشەوە، زانکۆکانی باشووری کوردستان دەستیان بە وەرگرتنی قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کردووە، بەڵام پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس پرۆسەکە هێندە باو و بڵاو نەبوو، ئەوکات ئەگەر قوتابییەک لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئارەزووی خوێندنی لە زانکۆکانی باشووری کوردستان بکردایە، کارگێڕیی زانکۆکان بە جودا بە داواکارییەکاندا دەچوونەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی ٥٪ی کورسییەکانی زانکۆی سلێمانیی بەخۆڕایی بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان تەرخان کرد[١٥]. لەوساوە پەیتا پەیتا قوتابیانی پارچەکانی دیکە ڕوویان لە زانکۆکە کرد و لەو ساڵەدا ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو گەیشتە (١٠٠) قوتابی کە زۆربەیان هی کوردستانی ڕۆژهەڵات و کوردستانی ڕۆژئاوا بوون. دوای ڕاپەڕینەکەی ئاداری ٢٠٠٤ زۆربەی کوردی ڕۆژئاوا پەنایان بۆ باشووری کوردستان برد، لەوێ دەرفەتی خوێندن بۆ کوران و کچانیان ڕەخسا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (١٠٠) دۆلار هاوکاریی مانگانەی بۆ ئەو قوتابیانە تەرخان کردبوو کە دوو هێندەی ئەو هاوکارییانە بوو کە دەدرایە قوتابیانی باشووری کوردستان، هەر لەو ساڵەدا تەنیا زانکۆی سەڵاحەدین١٢٠ قوتابیی ڕۆژئاوا و ٧٠ قوتابیی ڕۆژهەڵاتی وەرگرتبوو[١٦]. بەپێی زانیارییەکانی سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین ، لە ساڵی ٢٠٠٥دا (٥٠٠) قوتابیی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە زانکۆی سەڵاحەدینوەرگیران، کوردی باشووریش هیواخوازن قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ببنە پردێک بۆ بەیەکگەیاندنی هەموو پارچەکانی کوردستان و سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدینلە درێژەی لێدوانەکانیدا ڕایگەیاند: سەرکردایەتیی کورد، قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە قوتابیانی بیانی هەژمار ناکات، زانکۆکانیش تەنیا گرنگی بە قوتابیان نادات، بەڵکو مامۆستایانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بوونەتە جێی بایەخی زانکۆکانی کوردستان، سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدینلە شوباتی ٢٠٠٥دا لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئەو مامۆستا کوردانەی لە دەرەوەی باشووری کوردستاندا دەژین، داوای لێکردن کوردایەتی و نیشتمانپەروەریان بکەنە پاڵنەرێک بۆ ئامادەبوون و وانەگوتنەوە لە زانکۆکانی باشووری کوردستان[١٧]. پێشتریش سەرۆکایەتیی زانکۆکانی باشووری کوردستان، هاوشێوەی ئەم داوایەیان لە مامۆستایانی کورد کردووە. لە ٣٠ی نیسانی ٢٠٠٢ لە کۆبوونەوەیەکیاندا لە هەولێر، سەرۆکایەتیی زانکۆکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی بانگەوازێکی تایبەتیان ئاراستەی ئەو کەسانە کرد کە هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمین بێنە کوردستان و لە زانکۆکانی باشووری کوردستاندا وانە بڵێنەوە[١٨].

کـوردی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان، ڕەخسـاندنی هەلـی فێربـوون بـە زمانـی کـوردی و ژیانـی ئازادیـی باشـووری کوردسـتان بـەرز دەنرخێنـن کـە لـە وڵاتـی خۆیانـدا لێـی بێبـەش کـراون. لـە سـاڵی ٢٠٠٥ کاتێـک حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان- سـلێمانی- ڕێـژەی ٥٪ی کورسـیی خوێندنـی زانکـۆی سـلێمانیی بـۆ قوتابیانـی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان تەرخـان کـرد[٢٠] و بەپێـی لێدوانەکانـی بەرپرسـان ئـەم ڕێژەیـە کەمناکرێتـەوە و دوور نییـە زیـاد بکرێـت.

دەسـەڵاتدارانی ئێـران نیگەرانـن لـە لێشـاوی کـوردی ڕۆژهـەڵات بـۆ زانکۆکانـی باشـووری کوردسـتان، ئـەوان بـاش دەزانـن ئـەم زانکۆیانـە دەبنـە بنچینەیـەک بـۆ ڕاهێنانـی کـوردی ناسیۆنالیسـت لـە ڕۆژهـەڵات، هەروەهـا کـوردی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان کـە بـە مەبەسـتی خوێنـدن ڕوویـان لـە زانکۆکانـی باشـووری کوردسـتان کـردووە، لایەنگرانـی ناسـیۆنالیزمی کـوردن و تـەواو بـە سیاسـی کـراون[٢١] و دەکەونـە ژێـر کاریگەریـی هـزری ناسـیۆنالیزمی کـوردی باشـوور.

بێگومـان ئـەو کوردانـەی لەسـایەی ئازادیـی هەرێمـی کوردسـتان دەژیـن، لـەو کوردانـە خۆشـگوزەرانترن کـە لەژێـر حوکمـی چەوسـاندنەوەدا دەژیـن. بـۆ ڕێگریکـردن لـە هاتنـی قوتابیانـی ڕۆژهـەڵات بـۆ زانکۆکانـی هەرێمـی کوردسـتان، جێگـری وەزیـری خوێندنـی بـاڵای ئێـران، ڕایگەیانـد: ئـەو بڕوانامانـەی هاووڵاتیانـی ئێـران لـە زانکۆکانـی کوردسـتانی عێـراق بەدەسـتیدێنن، لـە ئێـران پەسـند ناکرێـن[٢٢]. جێگـری وەزیـرە ئێرانییەکـە ئەوەشـی ڕوونکـردەوە کـە ئێـران تەنیـا دان بـە بڕوانامـەی زانکۆکانـی کوردسـتان نانێـت، نـەک زانکۆکانـی هەمـوو عێـراق.

لـەم سـاڵانەی دواییـدا کـوردی باشـوور متمانەیـان بـە کاربەدەسـتانی هەرێمـی کوردسـتان پتەوتـر بـوو و کـورد توانیـی ئـەو ئەفسـانەیە تێبشـکێنێت کـە دەیگـوت: کـورد توانـای خۆبەڕێوەبـردن و دامەزراندنـی دەوڵەتیـان نییـە و ئـەو پڕوپاگەندەیەشـیان پووچەڵکـردەوە کـە پێیانوابـوو کـورد گیانـی یاخیبوونیـان تێدایـە و ناتوانـن ئاشـتییانە بژیـن. ئەزموونـی ئـەم چەنـد سـاڵەیان هەمـوو ئـەو دەنگۆیانـەی ڕەتکـردەوە کـە دوژمنانـی کـورد بۆیـان هەڵبەسـتبوون، چونکـە کـورد هەلومەرجـی ژیانـی داهێنەرانەیـان بـۆ نەڕەخسـابوو. گەشەسـەندنی ئابووریـی ئێسـتای ژێـر دەسـەڵاتی ئیـدارەی کـوردی و ئـەو پەرەپێدانـە

کۆمەڵایەتیەی پێش بەشەکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا کەوتبوو، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ڕەتکردنەوەی وێنە چەقبەستووە جۆراوجۆرە نەریتخوازەکان کە وایان بڵاوکردبووە گوایە کورد لە پێڕەوکردنی شێوازە نوێیەکانی ئابووریدا دەستەوەستان بووەتەوە و هەر بە شێوازە دواکەوتووەکانەوە بەندن، لەوەش گرنگتر بۆ یەکەمجارە لە مێژوودا لایەنە کوردییەکان لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی سەربەخۆییدا لەڕووی پێشکەوتن و شێوازی مۆدێرنانەی ژیانیان پێش بەغدای پایتەخت بکەون، ڕەنگە ئەمە تەنیا بە سەرکردە کوردەکان نەکرابێت بەڵام ناشکرێ لە شکۆی ئەوان کەمبکەینەوە.

هەڵبەت وڵاتانی دراوسێ درکیان بەوە کردووە کە سەرباری ئەوەی نوخبەی ئێستای کورد لەوە تێگەیشتوون کە لە ئێستادا دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بیرکردنەوەیەکی لۆژیکانە نییە، بەڵام پێشکەوتنەکانی کوردی باشوور بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراق بە تەئکید بوونەتە فاکتەرێکی زۆر گرنگ بۆ دامەزراندنی بنچینەی ئابووری بۆ سەربەخۆیی. خواستی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، هۆکارەکەی تەنیا پاڵنەرە نیشتمانییەکە نییە، بگرە دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییە ماددییەکانیش. کورد بابەتییانە بیر لە ئاستی بژێویی هاووڵاتیانی کوردستانی سەربەخۆ دەکاتەوە و دەزانن زۆر بەرزتر دەبێت لە ئاستی بژێویی هاووڵاتیانی وڵاتانی دراوسێ کە پێشتر کەرەستە خاوەکانی کوردستانیان لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنا. فاکتەری پاڵنەرە ئابوورییەکان بڕوای کورد بەهێزتر دەکات بۆ سەربەخۆیی کوردی باشوور[٢٣].

بە تەئکید خواستە یەکگرتووەکەی نوخبەی کورد لە (دامەزراندنی کوردستان گەورە لەسەر تەواوی ئەو ناوچانەی کوردیان تێدا دەژێت) بە خواستی دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان پاڵپشت دەکرێت و فەزایەکی ئابووری و بازاڕێکی هاوبەشی کوردستان دەخولقێنێ، دوواجاریش بەسەر ئەو گۆشەگیرییە جیۆ- ئابوورییەی کوردستاندا زاڵ دەبێت. نوخبەی کورد ئەمانە بە کلیلی پەرەسەندنی خێرای کوردستان هەژمار دەکات. سەرباری ئەمانە کورد پێویستی بە ڕاهێنانی کارمەندانی کارگێڕی و سەرکردەی نوێ دەبێت. جا ئەگەر لە ڕابردوودا نوخبەی کارگێڕیی کورد لە فەرماندە مەیدانییەکان پێکهێنرابن، ئەوا ئەم ساڵانەی دوایی هەڵی دەگمەنی بۆ کوردی باشوور

ڕەخساندووە کارمەندی نوێ ڕابهێنن بە پشت بەستن بەو تۆڕە فرەوانەی دەرچووانی زانکۆکانی باشووری کوردستان. بە هاوکاریی زانکۆکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک لە چەند ساڵی داهاتوودا نوخبەیەکی تەکنۆکرات ئامادە دەکرێت کە ئەزموون و شارەزاییان لە خەباتی چەکدارانە و ڕزگاریی نیشتمانداو هەیە، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە کە نوخبەی شارستانیی نوێی کورد بە پێچەوانەی ئەوانەی پێشوویان، پتر مەیلی سەربازییانەیان هەیە و لە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا ڕادیکالیانەترن.

لەمڕۆدا قوتابیانی کورد سوورن لەسەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، ئەمەش لەلایەن سەرکردەی زانکۆکانی کوردستان پاڵپشت کراون و زانکۆی سەڵاحەدینبووەتە یەکێک لە سەکۆ بڕواپێکراوەکان بۆ دیالۆگێکی فرەوانی ڕێگەی سەربەخۆیی. زانکۆی سەڵاحەدینلەئێستادا سەرقاڵی تۆژینەوەیەکی چڕە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان.

لە ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ لە یەکێک لە ناوەندەکانی تۆژینەوەی زانکۆی سەڵاحەدین ، کۆنفرانسێک بەناونیشانی «سەربەخۆیی تاکە ڕێگەیە بۆ سەروەریی کوردستان» و ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان ئامادەی کۆنفرانسەکە ببوون، هەروەها سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدینو عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی سەرکردایەتیی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، فازل میرانی، سەعدی ئەحمەد پیرە، مستەفا هیجری سەرۆکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بزووتنەوەی کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتیش ئامادەببوون. ئامانج لە بەستنی ئەم کۆنفرانسە هەڵسەنگاندنی بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان و شیکردنەوەی لایەنە یاساییەکانی ئەم پرسە و باسکردنی ئەو ئالینگارییانەی ڕەنگە ڕووبەڕووی کورد ببنەوە و ببنە بەربەستلەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان و ڕۆڵی پێشبینیکراوی کوردستانی سەربەخۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بوو.

محەمەد سدیق، سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدینلە کۆنفرانسەکەدا پێشکەش کرد و گوتی: «ئێستا چرکەساتێکی مێژوویییە، پێویستە ئایینەدەی کوردی تێدا دیاری بکەین. زامنکردنی دواڕۆژی خێزان و منداڵەکانمان ئەرکی سەرشانمانە». موفتیش ئاماژەی بەوە کرد کە لەئێستادا کورد لە کەشێکی ئازاددا دەژێت و بە مافەکانی

خـۆی شـادبووە، بـە لەبەرچاوگرتنـی دۆخـی نێوخۆیـی و ئیقلیمـی و تەنانـەت نێودەوڵەتیش «لـە ئێسـتا باشـترین بـژاردە بـۆ ئێمـە فیدڕالییەتـە».

هـەر لەمبارەیـەوە سـەعیدی ئەحمـەد پیـرەش گوتـی: «لـە ئێسـتادا کوردسـتان نیمچـە ئامادەیـە بـۆ سـەربەخۆبوون» و لـە درێـژەی قسـەکانیدا ڕایگەیانـد: «هەمـوو بنەماکانـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆمان هەیـە: دەسـەڵات، حکومـەت، سـەرۆک، ئاسـایش، زانکـۆ و چەنـد دانپیانانێکـی نێودەوڵەتیـش، لەگـەڵ ئـەوەدا مانەوەمـان هەڵبـژارد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێـراق»[٢٤].

پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ئـەوەش بکرێـت کـە بەشـێکی زۆری قوتابیـان ڕەخنـەی تونـد لـە بەرپرسـانی ئێسـتای کوردسـتان دەگـرن، دوور نییـە هەڵکشـانی ژمـارەی دەرچـووان و گەنجانـی خـاوەن بڕوانامـە – کـە دیاردەیەکـی نوێیـە لـە کوردسـتان- ببێتـە ئاڵۆزکردنـی ڕەوشـی سیاسـیی نێوخـۆی باشـووری کوردسـتان، ئەمـڕۆش ژمـارەی دەرچووانـی زانکـۆ و پەیمانگـەکان زۆر لـە تواناکانـی حکومـەت زیاتـرە کـە بتوانێـت هەلـی کاریـان بـۆ بڕەخسـینێت و دایانبمەزرێنێـت.

ڕێژەیەکـی زۆری قۆرخکردنـی ژیانـی سیاسـی و ئابـووری لـە کوردسـتاندا هەیـە و گەورە قۆرخـکاران، سـەرجەم ناوچەکانـی هەرێمـی کوردسـتانی گرتووەتـەوە. ئـەم قۆرخکاریـە گەورانـەی لـە بـواری ئابووریـدا بەدیدەکرێـن، دەبنـە بەربەسـت لەبـەردەم پەرەپێدانـی کۆمپانیـا بچـووک و قەبـارە مامناوەنـدەکان کـە گەشـەکردنی ئەمجـۆرە کۆمپانیـا نێوخۆییانە ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە گەنجانـی دەرچـووی زانکـۆکان دەگرنەخـۆ و ڕێـژەی بێکاریـش کەمدەکەنـەوە. لـە ڕاسـتیدا قۆرکاریـی سیاسـی و ئابووریـی کـورد و زێدەبوونـی داهاتـی هەرێمـی کوردسـتان لەسـەر حسـێبی داهاتـی نـا ئابووریـە (هاوکارییەکانـی ئەمەریـکا بـۆ پشـتیوانیی سیاسـی، بەهـۆی قۆرخکردنـی سـەرجەم چالاکییە جۆراوجـۆرەکان، بـە بازرگانیی دەرەوە و ترانزێتیشـەوە) هاوتـا ناکرێـت بـە پەرەسـەندنی دامـەزراوە مەدەنـی و سیاسـی و ئابووریـیەکانـی زۆربـەی ئـەو دەزگا و هەیکەلانـەی خزمەتیان دەکەن. ئـەم داهاتە قەبانەش تابڵێـی بەبـێ بەرنامـە خەرجدەکرێـن. گەشەسـەندنی تەلارسـازی و بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی بەکاربـردن لەلایـەن کۆمپانیـا نێوخۆییەکانـی باشـووری کوردسـتانەوە بەڕێوەنابردرێـن، بـە گشـتی گرێبەسـتە سـەرەکییەکان دەدرێنـە کۆمپانیـا تورکیاییـەکان، ئەگەرچـی لەمدواییـە

پـڕۆژەی بازرگانـی و بزنسـی بازرگان و بزنسـمانانی کوردسـتانیش جووڵـەی تێکەوتووە، بەڵام بەشـی دامەزراندنـی گشـت دەرچوانـی ئـەو زانکۆیانـەی باشـووری کوردسـتان نـاکات.

ئـەم شـێوازەی هـاوردە و بەکاربردنـەی ئابووریـی باشـووری کوردسـتان، مەترسـیی دواکەوتـن و کۆسـپ خسـتنەر بـەردەم پەرەسـەندنی پیشەسـازیی نیشـتمانی، قۆرخکاریـی ژیانـی سیاسـی زەمینەیەکـی بەپیـت بـۆ خزمخزمێنـە دەخوڵقینـێ و ڕێگـە لـە گۆڕینـی بەڕێوەبـەران و ئـەو بەرپرسـانە دەگرێـت کـە ئەرکـی سەرشـانی خۆیـان بـە دروسـتی جێبەجـێ ناکـەن.

هەمـوو ئەمانـە دەبنـە هـۆی بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی بێـکاری و نزمکردنـەوەی جووڵـەی سـتوونی. بێجگـە لـەوەی کـە دەبێتـە هـۆی بڵاوکردنـەوەی هەسـتی «باوکانـە» لەنێـو خەڵکـی باشـووری کوردسـتان. بـە درێژایـی پانـزە سـاڵی ڕابـردوو، کـوردی باشـوور تـا ڕادەیەکـی زۆر وەکـو بەشـەکانی تـری عێـراق لەسـەر هاوکاریـیە دەرەکییەکانـدا دەژیـان و بەهـۆی یەدەکـی زۆری نەوتیشـەوە «نموونـەی باوکانـە» پـتر بڵاوبـووەوە، واتـە هۆکارگەلـی وەهـا هـەن کـە ببنـە مایـەی ناڕەزایەتیـی کۆمەڵایەتـی لەنێـو گەنجانـدا کـە تووێژێکـی کاریگـەر و چالاکـی کۆمەڵگـەن و دووا جـار ببنـە هـۆکاری تەقینـەوەی دۆخـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکەی باشـووری کوردسـتان. لەڕاستیشـدا ڕێژەیەکـی زۆری دەرچوانـی زانسـتە مرۆییـەکان هـۆکاری شـێواندنی ڕەوشـەکەن، چونکـە ئـەم تووێـژەی کۆمەڵگـەی کـوردەواری تۆندئاژۆتـرن و ئاسـۆی خەونەکانیـان فرەوانـترە، لەهەمـان کاتیشـدا ئـەوان پاشـکۆن و جەخـت لەسـەر دابەشـکردنێکی دادپەروەرانـەی داهـات و هەلـی کار دەکەنـەوە.

بەهـۆی دابەزینـی ئاسـتی ئـەدای دەسـەڵاتدارانی کـورد و درێخیکـردن لـە کارەکانیـان، لەنێـو قوتابیانـدا بڕوایەکـی بەرفـرەوان بڵاوبووەتـەوە کـە گوایـە دەسـەڵاتدارانی کوردسـتان گەندەڵـن. ناوبەناویـش قوتابیانـی سـلێمانی و هەولێـر خۆپیشـاندانی فـرەوان دژی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ڕێکدەخرێـت، لـە خۆپیشـاندانەکانی تشرینـی دووەمـی ٢٠٠٥ ی سـلێمانی، قوتابیانـی خۆپیشـاندەر هەڕەشـەیان لـە حکومـەت دەکـرد و دروشـمی ڕووخاندنـی بینـای حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیان بەرزکردبـووەوە و بەبـڕوای ئـەوان بووەتـە شـۆێنی «کۆبوونـەوەی دزان»، هەڕەشەکەشـیان بەشـدارینەکردن بـوو لـە هەڵبژاردنـە گشـتییەکانی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠٠٥ بـوو[٢٥].

لە ئەمڕۆدا قوتابیانی باشووری کوردستان هێزێکی سیاسیی کاریگەری پێکدێنن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕۆڵەیان پەرەدەستێنێ، سەرکردەکانی کوردیش درکیان بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە هەردوو حزبە سەرەکییەکەی باشووری کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەچوارچێوەی یەکێتیی قوتابیانی سەر بەو دوو حزبە، بەشێکی زۆری قوتابیانیان کۆنترۆڵکردووە، کەچی هێندێک جار لەنێو خودی ئەو یەکێتییانەشدا، قوتابیان ناڕەزایی خۆیان لە چالاکییەکانی دەسەڵات دەردەبڕن.

پێش هەڵبژاردنە گشتییەکان کە بڕیاربوو لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا بەڕێوە بچێت، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان چاوی بە نوێنەرانی یەکێتیی قوتابیانی هەردوو حزبەکە کەوت. لەو دیدارەدا پرسیارێکی سەرەکی ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کرا کە بۆچی کوردستان داوای سەربەخۆیی ناکات؟ بارزانی لە وەڵامدا گوتی: «ئەگەر دۆخی ئێستای خۆمان بەراورد بکەین بە دۆخی بەر لە ١٠ ساڵی پێش ئێستا، دەبینین ئەو ئامانجە مەزنانەی پێشتر داوامان دەکرد ئێستا لە واقیعدا بەدیهاتوون، لەلایەن ئەمەریکا، بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش پشتگیری لێدەکرێت، ئەوەی لە دەستووریشدا جێگیرکراوە، دەستکەوتێکی گەورەیە، ناشکرێ بەبێ پشتیوانیی نێودەوڵەتی داوای شتێکی لەمجۆرە بکەین»[٢٦]. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوەکانی قوتابیان، ئەوانەی سەر بە سەرکردەکانی کوردن پرسیاری سەربەخۆیی کوردستان دەوروژێنن.

ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم، یەکێکی تر بوو لەو بابەتە گرنگانەی لەو کۆبوونەوەیە باسکراوە، مەسعود بارزانیهاتووەتە سەر باسکردنی ئەم بابەتە و ئاماژەی بەوە داوە هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە ڕێگری لە ڕەخنەگرتن لە کەموکورتییەکانی هەرێمی کوردستان بکات و گوتوویەتی «پێویستە ڕەخنەگرتنەکە لەو چوارچێوەیەدا بێت کە یاسا دەستنیشانی کردووە. کەس بۆی نییە کۆسپ بخاتە بەردەم خۆپیشاندانەکان، بەڵام ناشبێت زیان بە دامودەزگا حکومییەکان بگەیەنرێت و بسووتێنرێن»[٢٧]. لێرەدا بارزانی مەبەستی ئەو خۆپیشاندانە بەردەوامانەی ئەم دواییەی گەنجانی کورد بوو کە لەپاڵ خۆپیشاندانەکاندا کاری تووندوتیژیش ئەنجامدرابوو. هاوڕانەبوون لەگەڵ بۆچوونەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەوەی کەوا پێویستە

خۆپیشاندانەکان لە چوارچێوەی یاسا دەرنەچێت، کارێکی سەختە، چونکە لەسایەی ئەو قۆرخکارییەی ئێستا لە ژیانی سیاسیی باشووری کوردستان لەئارادایە، خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینەکان ... هتد هیچ ئەرزشێکیان نییە، هیچ شتێکیان پێناگۆڕدرێت.

لە ئاماژەیەکدا بۆ کێشەی گەندەڵی کە لاوانی کورد و حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەیوروژێنن، مەسعود بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە کە بەڵگە بۆ هەبوونی گەندەڵی لە هەیکەلی دەسەڵاتی کوردیدا هەیە، بەڵام قەبارەیەکی لەخۆی گەورەتری پێدراوە و زێدەڕۆیی تێداکراوە، بارزانی وایدەبینێ کە کێشەکان بە پلەی یەک دەگەڕێتەوە بۆ کەمئەزموونی لە ئیدارەی گشتیدا: «لە شاخدا ڕووبەڕووی ئەمجۆرە کێشانە نەدەبووینەوە بۆ نموونە: کارەبا، ڕێگەوبان و ئیدارەدانی ئاو، بۆ یەکەمین جار کە لە شاخ گەڕاینەوە ڕووبەڕوویان بووینەوە»[٣٨].

لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا هاوڕا نین، ڕێژەیەکی زۆریان دەڵێن دەسەڵاتدارانی کوردستان تەواو گەندەڵن و کێشەکان تەنیا بەهۆی کەمئەزموونیی حوکم نییە، بەڵکو پرسی گەندەڵی بووەتە گەورەترین کێشەی ژیانی گشتی لە باشووری کوردستان.

دوور نییە کێشەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کورد ببنە هۆی هەوڵێکی تری نوێ بۆ بە ئیسلامکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری، بەتایبەتیش لاوانی کورد. ئیسلامی سیاسی لە باشووری کوردستان هەوڵی یەکەمی لە سەرەتای نەوەتەکاندا دەستی پێکرد، کاتێک کوردستان نغرۆی قەیرانێکی سیاسیی قووڵ ببوو و شەڕی براکوژی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵگیرسابوو. هەوڵەکانی ئەو دوو لایەنە ڕکابەرە بۆ ڕاکێشانی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان بەلای خۆیدا و بەکارهێنانیان لە شەڕەکاندا دژی نەیارە سەرەکییەکەی، بووە هۆی زیادکردنی دەسەڵاتی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان. چالاکییە تیرۆریستییەکانی دواتری ئەو گرووپە ئیسلامییانە ناوزڕاندنی باشووری کوردستانیشی لێبووەوە.

هەوڵێکی دیکەی بڵاوکردنەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان لەچوارچێوەی چەند شێوازێکی سیاسیدایە، لەئێستادا تاکە هێزی سیاسی لە کوردستان کە بەلانی کەم بکارێت خۆی بە ئۆپۆزیسیۆنی قۆرخکاریی سیاسیی کورد بناسێنێت، یەکگرتووی

ئیسلامیی کوردستانە. لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقدا ئەم ڕێکخراوە هاتە نێو لیستی (هاوپەیمانیی کوردستانی) بە سەرۆکایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لەنێو ئەو لیستەدا (٦) کورسیی پەرلەمانی عێراقی بەدەستهێنا و بووە خاوەنی (٩) کورسیش لە پەرلەمانی کوردستان، لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا وەزارەتێکی بەرکەوت، بەڵام ئەوان داوای وەزارەتێکیشیان لە حکومەتی عێراق و چەند پۆستێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد. پارتی دیموکراتی کوردستان داواکەی یەکگرتووی ئیسلامیی ڕەتکردەوە، بۆیە یەکگرتوو دەستی بە ڕەخنەگرتن کرد لە حکومەتی هەرێم و لە هەڵبژاردنی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا نەهاتە نێو لیستە هاوبەشەکەی پارتی و یەکێتی، دوای ئەم بڕیارەی یەکگرتووی ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی کورد هەڵمەتێکی فرەوانی ناوزڕاندنی دژی ئەم ڕێکخراوە دەستپێکرد.

هێرش کرایە سەر نووسینگەکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە دهۆک و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە کوژران کە ناکرێ قەناعەت بەوە بێنین ئەمجۆرە ڕووداوانە لەخۆڕا ڕووبەدەن. لەلایەکی دیکەوە یەکگرتووی ئیسلامی، ڕەخنەکانی لە دەسەڵاتدارانی کورد بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان بەستەوە لەپاڵ ئەو کێشانەی کە ڕاستەوخۆ بەندن بە کۆمەڵگەی باشووری کوردستان بۆئەوونە: ئاست نزمیی بەرپرسانی کورد، خزمخزمێنە و گەندەڵی. هەڵبەت ئەم ڕەخنانە دەبنە مایەی نیگەرانیی دەسەڵاتدارانی کورد، چونکە درک بەوە دەکەن کە یەکگرتووی ئیسلامی پێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کردووەتەوە، نەخاسمە لەنێو گەنجان.

ئا بەم شێوەیە یەکگرتووی ئیسلامی لە ژێر پەردەی ڕەخنەی مەدەنیانە و لیبڕالیانەی دەسەڵاتدارانی کورد، سەرمایەی سیاسیی خۆی کۆدەکاتەوە. دەتوانین بڵێین: هیچ شتێکی نەرێنی لەو هەقیقەتەدا نییە کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەکو هەر حزبێکی سیاسی دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەر و لە چوارچێوەی دیموکراسییەتدا کارەکانی خۆی بکات. لەگەڵ ئەوەشدا یەکگرتووی ئیسلامی، وەکو هەر حزبیکی دیکەی ئیسلامی ئامانجی ئەوە نییە پارێزگاری لەو دیموکراسییەتە بکات کە هەلی سەرکەوتنی سیاسیی دەبەخشێت. دەشتوانین پرسی بەهێزکردنی یەکگرتووی ئیسلامی لەلایەن لایەنگرانییەوە ناوبنێین: بەئیسلامکردنی شاراوە، چونکە لە چوارچێوەی

پرۆسەیەکی سیاسیدا دەکرێن و کۆمەڵگەی کوردەواریش بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی حزبە ئیسلامییەکان بەسەریاندا دەیسەپێنن.

سەرباری ئەو هەموو کێشانەی لە پێکهێنانی سیستەمی خوێندنی باڵادا هەن لە باشووری کوردستان، دەتوانین بڵێین بەڕاستی چاکسازی لە خوێندنی باڵادا کراوە. سیاسەتی (کوردۆلۆجیا) کە سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان پێڕەوی دەکات، هەڵبەت دەبێتە هۆی زێدەکردنی ڕۆڵی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان - دامەزراندنی سیستەمێکی خوێندن بە زمانی کوردی و وەرگێڕانی تەواوی پرۆگرامەکان بۆ سەر زمانی کوردی- پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆکانی کوردستان جیاوازە لەو پرۆگرامانەی لە زانکۆکانی عێراقدا دەخوێندرێن، جیاوازییەکەش تەنیا لەبەر پرۆسەی ڕیشەکێش کردنی ڕژێمی بەعس نییە لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن کە لە ساڵی ١٩٩١ لە کوردستان دەستیپێکردووە، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە زانکۆکانی کوردستان پرۆگرام و شێوازی خوێندنی ڕۆژئاوایی بەکاردەهێنن و پێش سیستەمی خوێندنی عێراق کەوتوون.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، کورد پشکی خۆی لە زانکۆکانی بەشە عەرەبییەکەی عێراق وەرگرت، ڕوونتر بڵێین: بڕیار درا ٥٪ی کورسییەکانی خوێندن لە سەرجەم زانکۆکانی عێراق بۆ قوتابیانی ناوچەکانی دیکە تەرخان بکرێت، سەدان قوتابیی کورد لەم بڕیارەی زانکۆکانی عێراق سوودمەند بوون و بە گوڕوتینێکی زۆر ڕوویان لەوێ کرد، بەڵام هەر زوو گەڕانەوە کوردستان، چونکە لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا دژایەتیی قوتابیانی کورد دەکرا، تەنانەت ئەوانەش کە هێشتا قۆناغی زانکۆییان نەبڕیبوو. لەوێ هەڕەشە لە قوتابیان کورد دەکرا و باشترین بژاردەیان خستە بەردەم قوتابیان کورد کە گەڕانەوەیە بۆ کوردستان. وێڕای مەترسییە ئەمنییەکان، قوتابیان کورد گلەییان لە ڕەگەزپەرستیی بەرپرسان و مامۆستایانی زانکۆکانی ئەوێ دەکرد، ئەگەر قوتابییە کوردەکە ڕەوانەی کۆلێژێکی دیاریکراویش کرابێت، ڕاگری کۆلێژەکە بۆی هەبوو وەرگرتنەکەی ڕەت بکاتەوە و لە کۆلێژێکی نزمتر و لە پسپۆڕێتییەکی دیکە وەریبگرێت[٣٩]. ئا بەم شێوەیە هەوڵی وەرگرتنی ژمارەیەکی کەمی قوتابیان کورد لە زانکۆکانی عێراق

سەرینەگرت کە ئەنجام هەستی قوتابیانی کوردیان دەوروژاند و دەبوونە مایەی چاندنی تۆوی دووبەرەکی و دژایەتیکردنی عەرەب و عێراق لە ناخی قوتابیانی کورددا، بۆیە زانکۆکانی کوردستان بە ناچاری ئەو قوتابیانەیان لەلای خۆیان وەردەگرتەوە، ئەگەرچیش پێشتر پلانی وەرگرتنیان نەبوو و دەبوونە بارێکی قورس بەسەر زانکۆکانی کوردستان.

گرفتە جۆراوجۆرەکانی بەردەم زانکۆکانی باشووری کوردستان ڕێگر نەبوونە لە پێشکەوتنیان و لە ئێستادا کێشە سەرەکییەکە دابینکردنی ئەو تێچووە قەبەیەیە کە پێویستە بارتەقای زۆربوونی ژمارەی قوتابیان بێت، ئەم گرفتەش لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەر دەکرێت و کوالیتیی خوێندن باشتر دەکرێت. بەم نزیکانە پەرەسەندنی خوێندنی باڵا لە باشووری کوردستان هێزێکی نوێ دەخاتە گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان کە قوتابیانی کورد و لاوانی فێرخوازن. لەلایەکی دیکەوە ئەم توێژە کاریگەرەی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەبنە پاڵپشتێک بۆ خواستەکانی نەتەوەی کورد لە سەربەخۆیی کوردستاندا. لە هەمان کاتیشدا دەبنە چاودێرێک بۆ ئاشکراکردنی ئەو خاڵە لاوازانەی لە ناخی دەسەڵاتدار و فەرمانده سیاسییەکانی ئێستای کورددا ڕیشەیان داکوتیوە، بۆیە لەنێو گەنجاندا ناڕەزایی لە دەسەڵاتدارانی کورد و حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان زیاد دەکات، چونکە گەنجانی کورد درک بە زەروورەتی چاکسازییە فرەوانەکان دەکەن لە ڕیزەکانی بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان.

پەراوێز و سەرچاوەکان

١. لـەم تۆژینەوەیـەدا ئامـاژە بـە زانکـۆی کەرکـووک ناکرێـت، چونکـە پارێـزگای کەرکـووک هێشـتا نەخراوەتـەوە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدرێـت کـە کـورد لـە ئەنجامـی ئـەو دەنگانـەی لـە هەڵبـژاردن بەدەسـتی هێنـاوە، پۆسـتی سـەرەکیی لـە پارێزگاکـەدا وەرگرتـووە، ئـەم پرۆسـەیەش کاریگەریـی لەسـەر زانکـۆی کەرکـووک هەبـووە کـە پێشـتر یەکیـک بـووە لـە مۆڵگەکانـی حزبـی بەعـس لـە «باکـووری عێـراق». هەرێمـی کوردسـتان هاوکارییەکـی زۆری زانکـۆی کەرکووکـی کـردووە و کـورد پۆسـتی سـەرەکیی لـە زانکۆکـەدا بەدەسـتە.

٢. لـە سـاڵی ١٩٦٦ تاڵەبانـی هاوکاریـی دەسـەڵاتدارانی عێراقـی وەرگرتـووە بـۆ دژایەتیکردنـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان.

٣. ناوچەی ئۆتۆنۆمی، پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی دەگرێتەوە.

٤. ئاشـکرایە کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـەو مافـە کەمانـە ڕازی نەبـووە کـە لـە یاسـای ئۆتۆنۆمـی ١١ی ئـاداری ١٩٧٤دا هاتـووە، هەروەهـا ڕووبـەڕووی بەعەرەبکردنـی شـاری کەرکـووک بووەتـەوە کـە پێچەوانـەی ڕێککەوتنـە بەراییەکانـە، لـە سـاڵی ١٩٧٥یشـدا تووشـی شکسـتێکی سـەربازی هاتـووە لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئەوکاتـی عێـراق، هـەر لـەو سـاڵەدا عێـراق ڕێککەوتنـی لەگـەڵ ئێرانـدا کـردووە و بەپێـی ڕێککەوتنامەکـە ئێـران هاوکارییەکانـی بـۆ کـورد ڕادەگرێـت. لەوسـاوە مسـتەفا بارزانـی کـە تووشـی نەخۆشـییەکی سـەخت ببـوو، سـەرکردایەتیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی جێهێشـت، حزبەکـەش بـە قەیرانێکـی قووڵـدا تێدەپـەڕی و هێنـدەی نەمابـوو هـەرەس بێنـێ. هەتـا لـە نەوەتەکانـدا مەسـعود و ئیدریـس بارزانـی جارێکـی تـر پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیان گەڕانـدەوە گۆڕەپانـی خەبـات و زۆری پێنەچـوو جڵـەوی سـەرکردایەتیی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردی گرتەوەدەسـت. هەتاوەکـو سـاڵی ١٩٩١ – دامەزراندنـی ناوچـەی ئـارام- لـە خەباتـی چەکدارانـەی دژی ڕژێمـی بەعـس بـەردەوام بـوو. دەسـەڵاتدارانی عێراقیـش چەنـد هەیکەلێکـی کارتۆنیـی بـە

ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پێکهێنابوو. ئەوکات پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرکردایەتی مەسعود و ئیدریس بارزانی بەوانەی هاوکاری بەعس بوون دەگوت «خائین» و «خۆفرۆشان».

٥. هێڵی سەوز، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراقییەکان جوداکردبووەوە. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کورد تا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵ ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، هەروەها بەشێکی بچووکی پارێزگای مووسڵیش (ئاکرێ و شێخان) کە پێشتر سەر بە هەرێمی کوردستان نەبوون و کەوتبوونە نێوان دهۆک و هەولێر (سنووری دابڕانی دهۆک لە هەولێر دیاریکرا)، بەشێکی کەمی پارێزگای دیالەش کەوتە نێو ئەو هێڵەوە کە هاوسنووری ئێرانە. کەچی بەشی باشووری پارێزگای هەولێر (مەخموور) و بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی کەوتبوونە باشووری «هێڵە سەوزەکەوە».

6- Wirya Hama Tahir. Arab lecturers go north. Teaching at Kurdish universities has its problems, but for many Arabs it is a better option than staying at home. // ICR (The Institute for War & Peace Reporting), № 114, 24-Feb-2005. Cm. no: KurdishMedia.com, 26.02.2005.

٧. ناوی تەواوی سەرۆک زانکۆی سەڵاحەدین محەمەد سدیق خۆشناوە، بەڵام لە کوردستان تەنیا دوو ناوی یەکەم بەکاردەهێنرێ. لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەدینی پێسپێردرا کە پێشتر بۆ ماوەی بیست ساڵ زیاتر لە بەریتانیا بووە و بڕوانامەی دکتۆرای هێناوە. دامەزراندنی ئەم کەسە هەر لە چوارچێوەی ئەو چاکسازییە فرەوانەی زانکۆکەدا بووە تاوەکو بیگەیەننە ئاستێکی نوێ.

8- Arif Zerevan. Mihemed Sediq: universiteyen Kurdistane pewisti bi refor- meka gewre heye. (Мухамед Садык: университеты Курдистана нуждаются в полномасштабной реформе). // Kerkuk Kurdistan e, 26.02.2005 (на курд. яз.).

9- См. выступление ректора Салахэддинского университета

Мохаммеда Садыка: President's Welcome. II http://www.usalah.org/index.php?id=9.

10- Arif Zerevan. Mihemed Sediq: universiteyen Kurdistane...

11- Arif Zerevan. Mihemed Sediq: universiteyen Kurdistane...

12- President's Welcome...

13- President's Welcome...

14- American University in Suleymaniya. // Hewler Globe, 04 October, 2005.- №26.

15- Xwendekaren kurd dikarin xwendina xwe ya bilind li Kurdistane bikin. (Курдские студенты могут получать высшее образование в [Южном] Курдистане). // www.amude.com, 30.07.2004 (на курд. яз.).

16- Talar Nadir- Silemani. Komek ji xwendekaren kurd di zaningehen Kurdistana Iraqe de dixwmin. Xwendekaren kurd ji Iran й Suriye bi xwendina li bakure Iraqe ji buyeren li welaten xwe direvin. (Талар Надир- Сулейма- ния. Группа курдских студентов учится в университетах Иракского Курдистана. Курдские студенты из Ирана и Сирии бежали для учебы в северном Ираке из-за событий в своих странах). // Peyata Kurd, № 16, 26.12.2004 (на курд. яз.). Talar Nadir in Sulaimaniyah. Foreign Students Flock to Iraqi Kurdish Colleges. // ICR, № 94, 16-Dec-2004.

17- Arif Zerevan. Mihemed Sediq: universiteyen Kurdistane...

18- Газета «Курдистане Нуэ» (Сулеймания), 02.05.2005 (на курд. яз.).

19- Talar Nadir- Silemani. Komek ji xwendekaren kurd...Talar Nadir in Sulaimaniyah. Foreign Students Flock...

20- Other Kurds in Sulemanyia. // Peyamner, 21 Jun 2005. http://www.peyamner.com/article.php?id=13212&lang=english.

٢١.دەستەواژەی panckrdism وەک دەربڕینێکی بێلایەن ڕەنگدانەوەی سروشتیی یەکگرتنی گەلێکە کە بەدەستکرد دابەش کراوەتە سەر چەند هێزێکی دەرەکی. لە هەمان کاتیشدا جیاوازیی هەیە لە (مەزهەبەکانی)تر بەتایبەتیش نەتەوەی تورک، نەتەوەی عوسمانی و پانیرانیزم کە هەوڵی یەکگرتنی نەتەوە جیاوازەکان دەدات لەسەر بنەمای نزیکیی نەتەوەیی و ئایینی لەژێر باڵی «برا گەورەدا»، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە هانی یەکگرتنیان دەدەن، کەچی بچووکترین مافی ئۆتۆنۆمییان پێ ڕەوا نابینن، بۆیە کوردی سەرجەم پارچەکانی دیکەی کوردستان بە هیوایەکی گەشەوە دەڕواننە ئەزموونی سەربەخۆیی کوردی باشوور.

22- Kurdistan certificates not accepted in Iran. H Hewler Globe, Nov. 8, 2005.-№ 31.

٢٣.لە وشەی getat فرەنسایی وەرگیراوە کە مانای پرۆسەی پێکهێنانی بنەماکانی دەوڵەت دەگەیەنێت.

24- Aiyob Mawloodi. Conference reiterates Kurdish support for independence. // Hewler Globe, November 15, 2005.- № 32.

25- См., например: Azad Hewrami. Kurdish students denounce Kurdistan regional government in Suleimani. // TheKurdistani. com, 22 November 2005, http://www.thekurdistani. com/news/index.php?option=com_content&task=view &id=1220&Itemid=2.

26- Barzani urges Kurds to go to ballot boxes. // Hewler Globe, December 6, 2005.- № 35.

27- Barzani urges Kurds to go to ballot boxes. // Hewler Globe, December 6, 2005.- № 35.

28- Barzani urges Kurds to go to ballot boxes. // Hewler Globe, December 6, 2005.- № 35.

29- Wrya Hama Tahir. Kurdish students face discrimination. // ICR, № 78, 10-Aug-2004 (The Institute for War & Peace Reporting). Cm. no: KurdishMe- dia.com, 13.08.2004.

پەرەسەندنی سیاسیی کوردی باشوور

گ. ی. ستارتشینکۆف

کورد لە سەدەی حەڤدە و تەنانەت شانزەشەوە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان جەنگاون. بزووتنەوەی دیموکراسیی نەتەوەیی کورد لە ناوچە جیاوازەکانی هەردوو ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناویندا سەرکەوتنی بێوێنەیان بەدەستهێناوە و شکستی گەورەشیان تووش بووە. جا ئەو سەرکەوتن و شکستهێنانە چ لە بووارى ئاشتی یاخود سەربازیدا بووبێت.

ڕەوشی کوردی باشوور لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، زۆر سەخت بووە بەتایبەتیش لەکاتی فەرمانڕەوایی سەدام حوسێن. حکومەتی عێراق لەو ساڵانەدا هێزە سەربازییەکان و گازی ژەهراویی لە دژی هاوواڵتیانی کورد بەکارهێناوە، لە بنەڕەتدا ئەم ساڵانە بۆ کورد ساڵانی ململانێ بووە لەپێناو مانەوەدا.

ئینجا قۆناغی پاش داگیرکردنی کوێت هات و ئەمەریکا و هاوپەیمانانی هێرشیان کردە سەرعێراق، سوپای سەدام حوسێن بەتەواوی تێکشکا و سەرۆکی عێراق دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بەشێکی وڵاتەکەیدا نەما، ئەمەریکا ناوچەیەکی لە سوپای عێراق خاڵی کردەوە و ئۆتۆنۆمیی بۆ کورد زیندووکردەوە کە پێشتر بەشێوەیەکی کارتۆنی ڕاگەیەنرابوو، بەرەبەرە کورد لەژێر چەتری ئەمەریکا ناوچەیەکی ئارامی پێکهێنا و بەخێرایی پەرەی سەند.

پاشان قۆناغێکی گرنگتر و ڕادیکاڵیانەتر بۆ کورد و زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕۆژهەڵاتی ناوین دەستپێکرد و لە ئاداری ٢٠٠٣دا ئەمەریکا و بەریتانیا بە بیانووی بێبنەما و بەبێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هێرشی کردە سەر عێراق. ئەم هێرشەی ئەمەریکا کاردانەوەی جیاوازی لە جیهاندا لێکەوتەوە، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئیسلامیدا کە چی هێرشەکە هەر بەردەوامبوو و سوپای عێراق شکستی هێنا و سەدام حوسێن دەستگیر کرا، ئیدارەیەکی کاتی پێکهێنرا بۆ زامنکردنی گواستنەوەی بەشێکی زۆری گەلانی عێراق لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراسییەتی

ڕۆژئاوایی. هێزەکانی ئەمەریکا شیعەی عێراقی لە بازنەی چالاکییەکانی خۆی دەرنەکرد و ئەگەری پشت بەستنی بە شیعەکان کاراکرد کە لەلایەن سەدام حوسێنی سوننە مەزهەبدا سااڵنێکی زۆر دەچەوسێنرانەوە، بەڵام ئەمەریکا بە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە کورد دەبەست، بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی کە زۆر جار بووەتە مایەی ئاڵۆزکردنی ململانێ سیاسییەکان.

پشت بەستنی ئەمەریکا بە کورد لەسەر بنەمای ئەو هەقیقەتە بوو کە نوێنەری کوردی باشوور بە هەڵبژاردن بووە سەرکۆماری عێراق کە تەنانەت کوردیش پێشبینیی ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە گەورەیەیان نەدەکرد، پێویستە لە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی ئەم گۆڕانکارییانەش بکۆڵینەوە.

لەڕاستیدا هەڵبژاردنی کەسایەتییەکی سیاسیی ناسراوی کورد بۆ سەرۆکایەتیی عێراق، تەنیا سەرکەوتنێکی گەورە نییە بۆ کورد، بگرە چەندین مەترسیی نوێ بۆ ئاڵۆزکردنی هەڵوێستی کورد لە سەرتاسەری عێراق و وڵاتانی دراوسێ و تەنانەت کوردی تاراوگەش دێنێتە ئاراوە، واتە مەترسییە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گشتی. پێوەرە سیاسییەکان، بە پشتبەستن بە چەند هۆکارێک، لە هەر چرکەساتێکدا بێت بەرەو لایەک یاخود لایەکی تر ئاراستە دەکرێن کە هێندێک جار هەر گرنگ نین.

هەڵبەت چارەنووسی کورد بە پلە یەک بەندە بە سیاسەتی ئەمەریکا، واتە مەودای سازانی سەربەخۆی نەتەوەیەک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی تاکە زلهێزی جیهان. دەتوانین ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لەم دوو ئامانجەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە.

١. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بەکارهێنانی هەموو شێوازە یاسایی و نایاساییەکان (بە دیدی یاسای نێودەوڵەتی) هەوڵ دەدات هەژموونی خۆی لە سەرتاسەری جیهاندا بسەپێنێت. لەم پێناوەدا ئەوان ئامادەن لەنێو چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان یاخود ناتۆ و دەرەوەی ئەم دوو ڕێکخراوەدا کار بکەن. یەکێک لە ئەرکەکانی «جیهانگەرایی لەسەر شێوازی ئەمەریکا» خۆی لە دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی جیهانیدا دەبینێتەوە کە ئەمەریکا ڕابەرایەتیی دەکات.

٢. لە مەودایەکی کورتدا، پەرەسەندن لە چەندین وڵات پشت بە ئابووریی نەوت دەبەستێت، ئەمەریکاش بەبیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتی، دوو لە گەورەترین کۆگای سووتەمەنیی هایدرۆکاربۆنیی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوینداکۆنترۆڵ کردووە کە دەکەونە ناوچەی دەریای قەزوینەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت، ئەمەریکا لە پلەی یەکەم دێت لە بەکاربردنی نەوتدا و لە پلە دوازدەدایە لەڕووی یەدەکی نەوتیدا (تەنانەت کەمتریش لە کێڵگەکانی گازی سروشتی)، لەبەرئەوەی لە ئاستی بەرهەمهێناندا، نەوتی ئەمەریکا لەماوەی (٨-١٠) ساڵدا وشک دەبێت، هاوکات عێراق لەپاش سعودیە بە پلەی دوو دێت لەڕووی یەدەکی نەوتدا، تێچووی دەرهێنانی بەرمیلە نەوتێک لە ئەمەریکا (١٠) دۆلارە، بەڵام لە دەریای قەزوین (٦-٨) دۆلارە، لە شانشینی عەرەبیی سعودییە (٢,٥) دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێک، کەچی لە عێراق تەنیا (یەک) دۆلارە!بۆیە دەستبەسەرداگرتنی ئەو یەدەگە نەوتە هەرزانەی عێراق (کە بەشێکی دەکەوێتە نێو سنووری هەرێمی کوردستان) بۆ ئەمەریکا بێ سەرئێشە و ماندووبوونە بەدرێژایی سەدەی بیست و یەک. «جیهانگەرایی لەسەر شێوازی ئەمەریکایی» مانای دەستبەسەرداگرتنی نەوتە لەهەر شوێنێکی جیهاندا بێت[1].

بۆ بەدیهێانی ئامانجە ستراتیژییەکانی لەناوچەکەدا، سەرۆکی ئەمەریکا بەبێ گوێدانە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕای ئەمینداره گشتییەکەی، سیاسەتی پاداشت و سزا لە ناوچەکە پێڕەو دەکات. لە هەمان کاتیشدا وای بۆدەچێت کە پێویستە هاوکاری ئابووری یاخود سەربازی پێشکەش بەو وڵات و ڕێکخراوانە بکات کە چالاکییەکانیان هاوکارە لە بەدیهێنانی ئەمانجە دیاریکراوەکانیان، بۆنموونە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەمەریکا هاوکارییەکی گەورەی دارایی و سەربازیی تاڵیبان و ڕێکخراوی قاعیدەی کرد لە ئەفغانستان کە ئەوکات دژی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە جەنگدابوون.

ئەمەریکا چەندین جار هەوڵیداوە فاکتەری ئایینی بۆ مەبەستە سیاسییە تایبەتییەکانی خۆی بەکاربێنێ، دروشمە مەسیحییەکانی بۆ ڕاکێشانی وڵاتانی مەسیحی بەکارهێنا، ئینجا بۆ قایمکردنی پێگەی خۆی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی

ئیسلامیدا دروشمە ئسلامییەکان کارتی دەستیان بوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان[٢].
دوای داگیرکردنی عێراق، بوش ڕایگەیاند: بەنیازی دیموکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورەیە، واتە وڵاتە ئیسلامییەکان کە تەنیا مەبەستی ئێران نەبوو کە سەرۆکی ئەمەریکا بە «وڵاتانی لە یاسا دەرچوو» و پاشان بە «تەوەری شەڕ» ناویدەبردن. خواستەکانی بوش بەرەو سعوودییەش پەلیهاوێشت کە لایەنگرێکی دێرینی ئەمەریکایە و پابەندی ئیسلامی وەهابیی تۆندئاژۆن، داوای چاکسازیی لەوانیش کرد.

لێدوانەکەی سەرۆک بوش، سەرکردەی وڵاتانی ئیسلامیی تووشی سەرسوڕمان کرد و چەند سەرکردەیەکی دیاری وڵاتانی ئیسلامی، لێدوانەکەی بوشیان بە بانگەوازێکی نوێی «هەڵمەتی خاچپەرستان» لە دژی سەرجەم وڵاتانی ئیسلام لەقەڵەمدا.

ئەمجارە پۆڵ بریمەر، سەرۆکی ئیدارەی ئەمەریکی- بەریتانی هەوڵی ئاساییکردنەوەی گرژییەکانی دەدا و دەیویست وێنەیەکی نەرمتری سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست ئیسلامی سیاسی پێشان بدات و پێشنیازی کرد، دەستووری نوێی عێراق پشت بە شەریعەتی ئیسلامی ببەستێت و ئایینی ئیسلام بە ئایینی فەرمیی وڵات هەژماربکرێت، دواجار پێشنیازەکەی لە دەستووری کاتیی عێراقدا جێگیرکرا.

ئەم ئیمتیازەی ئەمەریکا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، لە عێراقی داگیرکراودا ئەوانەی ئەمەریکایان قبووڵ نەبوو لەنێو سوننە بێبەشکراوەکان لە دەسەڵات و هەژموونی پێشووی سەردەمی بەعس زیادیان کرد، ئینجا چەند لایەنێکی شیعەشیان هاتەپاڵ، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشدا هەستی دژایەتی کردنی ئەمەریکایان بڵاوەکردەوە و وێنەی دیلە عێراقییەکانی بەندیخانەی ئەبوغرێبیان نمایش دەکرد، سوکایەتیکردنی سەربازە ئەمریکییەکان بە قورئانی پیرۆز و دەستدرێژیکردنە سەر دیلەکان و چەندین دیاردەی «مرۆڤایەتیی» دیموکراسییەتی ئەمەریکایان وەکو هاندانێک بۆ دژایەتیکردنی ئەمریکییەکان بەکاردەهێنا.

لە ئەنجامی ئەمانەدا بەگوێرەی بەشێکی زۆر لە موسڵمانانی عێراق، ئایینی ئیسلام «ئایینی ئازادکردنە» لە داگیرکاران. بۆ یەکەمین جار خۆکوژانی شیعە و سوننە تەنانەت ئەوانەی لە وڵاتانی دیکەشدا دەهاتن بە (شەهید) لەقەڵەم

دەدرێـن. ژمـارەی تەقاندنـەوەی ئۆتۆمبێلـە مینرێژکـراوەکان زیادیـان کـرد کـە تەنیـا ئاراستـەی سـوپای داگیـرکار نەدەکـران، بگـرە هاوکارانـی نێوخۆشـیان دەگرتـەوە، لەنێـو قوربانیانـی ئیسـلامییەکاندا کوردیشـیان تێـدا بـوو.

لـە پێـش هەڵبژاردنەکانـی کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٥ی پەرلەمانـی عێـراق، ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکـداری لەنێـوان لایەنگرانـی حزبـی ئیسـلامییەکەی کوردسـتان و دەسـەڵاتدارانی هەرێـم ڕوویـدا کـە ناتوانرێـت نکوولـی لـەوە بکرێـت ئەمجـۆرە ڕووبەڕووبوونەوانـە لەلایـەن وڵاتانـی دراوسـێدا دنـە دەدرێـن، بۆنموونـە: لەکاتێکـدا تورکیـا پێوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ کـوردی باشـووردا هەیـە، ژێراوژێریـش کار بـۆ لاوازکردنـی پێگـەی سـەربەخۆیی کـورد دەکـەن، هـاوکات هەوڵـی بنبڕکردنـی هـەر جـۆرە هەوڵێکـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد دەدات کـە داوای ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـوردی باکـوور دەکات و چەنـد سـەرکردەیەکی تورکیایـی لەگـەڵ هەڵمەتێکـی فرەوانـن دژی ئـەو کوردانـە.

لێـرەدا ئامـاژە بـۆ دوو حاڵەتـی سـەرەکی دەکرێـت، یەکـەم: کـوردی باکـوور پرسـی ئۆتۆنۆمـی لـە تورکیـا دەوروووژێنـن کـە ئەنجـام دەوڵەتـی یەکگرتـووی تورکیـا دوچـاری دابـەش بـوون دەبێـت. دووەم: پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان هەوڵـی بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی بـوو بـۆ کـوردی باکـوور، بـەڵام هەوڵەکانـی پـتر بـە خەباتـی چەکدارانـە بـوو نـەک ئاشـتییانە، ئەمـەش ڕێگـەی بـۆ حکومەتـی تورکیـا خـۆش کـرد پەکەکـە بـە ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی لەقەڵـەم بـدات. پـاش دەسـتگیرکردنی عەبدوڵـلا ئۆجـەلان لـە کینیـا و بەندکردنـی لـە دورگـەی ئیمرلـی لـە سـاڵی ١٩٩٨، پەکەکـە ئامانجەکانـی لـە خەباتکـردن لەپێنـاو سـەربەخۆیی نەتەوەیـی و کلتووریـدا چڕکـردەوە. لـە ٢٠٠٢دا پەکەکـە دووبـارە خـۆی ڕێکخسـتەوە و نـاوی حزبەکەشـی گـۆڕی بـۆ گۆنگـرەی ئـازادی و دیموکراسـی لـە کوردسـتان (CFDK) و دەستپێشـخەرییەکی ئاشـتیانەی بـۆ دۆزی کـورد خسـتەڕوو[٣]کە لەلایـەن وڵاتانـی جیهـان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستانیشـەوە پێشـوازیی لێکـرا.

لـەم نێوەنـدەدا، تورکیـا ڕۆڵێکـی پێشـەنگ لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و ڕۆژهەڵاتـی نزیکـدا دەگێڕێـت بـۆ یەکخسـتنی هەوڵـەکان دژی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد[٤].

لەگـەڵ ئەوەشـدا لەپێنـاو بەکارهێنانـی تـەواوی سـوپاکەی و ڕێکخسـتنی هەڵمەتێکـی هاوبـەش دژی کـوردی باکـوور و کـوردی باشـوور لەیـەک کاتـدا، تورکیـا ڕووبـەڕووی ئـەم سـێ هەلومەرجـە نوێیـە دەبێتـەوە:

١. ئەمەریـکا سەرپەرشـتیی هەرێمـی کوردسـتان دەکات. لـە بەهـاری سـاڵی ٢٠٠٣دا پێـش هێرشـە ڕێگەپێنەدراوەکـەی ئەمەریـکا، حکومەتـی تورکیـا ڕێگـەی بـە سـوپای ئەمەریـکا نـەدا خاکـی تورکیـا بـۆ ئـەم هێرشـە بەکاربێنـێ، هەرچەنـدە هێزەکانـی ئەمەریـکا هـەر لـە کاتـی بـە ئەندامبوونـی تورکیـاوە لـە سـاڵی ١٩٥٢ کـە دەکاتـە نزیکـەی نیـو سـەدە لەنێـو خاکـی تورکیـادان، بۆیـە ئەمەریـکاش وەک وەڵامدانەوەیـەک بـۆ ئـەم هەڵوێسـتەی تورکیـا، نەیهێشـت سـوپای تورکیـا هێـرش بکاتـە سـەر خاکـی عێـراق. بـە پشتبەسـتن بـەو تورکمانانـەی لایەنگـری تورکیـان لـە عێـراق کـە ژمارەیـان کەمـترە لـە ٢٥٠ هـەزار کـەس، تورکیـا هەوڵـی نەهێشـتنی باڵادەسـتیی کـورد دەدات لـە ناوچـەی کەرکووکـی دەوڵەمەنـد بـە سـامانی نـەوت و لـە ئێسـتادا بەشـێک نییـە لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـەڵام کـورد بـە بایەخـەوە دەڕوانێتـە شـاری کەرکـووک و بـە پێویسـتی دەزانێـت بکرێتـە پایتەختـی ئاینـدەی کوردسـتان، لـەم حاڵەشـدا ئەمەریـکا بەهـۆی هەڵـەی هاوپەیمانـە سـەربازییەکەیەوە پشـتیوانیی نەتەوەیـی- سیاسـی لـە عێـراق لەدەسـت دەچێـت.

٢. ئەندامانـی یەکێتیـی ئەورووپـا کـە تورکیـا بـە درێژایـی دوو دەیەیـە هەوڵـی بەئەندامبوونـی دەدات، داوا لـە تورکیـا دەکات چارەسـەرێکی شارسـتانییانە بـۆ کێشـەی کـورد بدۆزێتـەوە، ئـەم ڕێچکەیـەی وڵاتانـی ئەورووپـا دەیگرێتەبـەر حەماسـەتی ناسیۆنالیسـتە تورکـەکان کـپ دەکاتـەوە بـۆ چارەسـەری چەکدارییانـە لەگـەڵ کـوردی باکـوور و کـوردی باشـوور.

٣. بڕیـارە لـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٥ هێڵـی بۆڕیـی نەوتـی باکـۆ- تبلیسـی- جەیهـان بخرێتـە کار کـە بەشـێکی زۆری بـە خاکـی تورکیـادا تێپەڕدەبێـت، هەتاکـو ئـەم چەنـد سـاڵەی دواییـش گەریلاکانـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان و ڕێکخـراوی ئەسـاڵەی ئەرمینیایـی لـەو ناوچانـەی بۆڕییەکـەی پێـدا تێپـەڕ دەبێـت، چالاکـن.

وێڕای ئەو داواکارییانەی ئاراستەی تورکیا دەکرێت بۆئەوەی بڕیاری لێبوردنی گشتی دەربکات بۆ ئەو جەنگاوەرە کوردانەیلەپێناوی ئازادیدا دەجەنگن، کەچی هێشتا تورکیا بژاردەی چەکداریی پێباشترە لە دیالۆگی دیموکراسییانە. هەر کوردێک داکۆکی لە شەرعییەتی نەتەوەیی و مافە کلتوورییەکانی بکات، حکومەتی تورکیا بە چاوی تیرۆریست و جوداخواز تێیدەڕوانێ. چوارچێوەیەڕەوی لە هەڵوێستی تورکیا لە ئاست کورد دا دەرفەتی دەستپێکردنی دانوستانی سیاسیی دوو قۆڵیی بۆ دەڕەخسێنێت. ئەزموونی عێراقی دراوسێ گەواهیدەری مەودای داڕشتنی پرۆسەی دیالۆگی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکانە، ڕێککەوتنەکانی نێوان کورد و شیعە لەگەڵ پێکهاتەی سوننەدا نەیهێشت مافە مەدەنییەکانی لەدەست بچێت، بەڵام تورکیا هەڕەشە تەنانەت لە کوردی باشووریش دەکات و پەنا بۆ دەستدرێژیکردنە سەر پەنابەرانی کورد دەبات لەوێ، ئەمەش هەڵوێستێکی سەیرە چونکە پەنابەران ئامادەن چەکەکانیان ڕادەست بکەنەوە و بە لێبوردنێکی بێ مەرج و زامنکردنی ئەنجامدانی پرۆسەیەکی سیاسی لە تورکیا لەسەر بنەمای دیموکراسی و ئاشتییانە بگەڕێنەوە زێدی خۆیان[٥].

لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، چارەسەرکردنی کێشەی کوردی باکوور بستێک نەچووەتە پێش. لە هاوینی ٢٠٠٥دا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لەنێوان سوپای تورکیا و یەکەکانی سەر بەو کوردانەی داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن بەرپابوو، دەسەڵاتدارانی تورکیا، دوابەدوای ئەوانیش چەند وڵاتێکی ئەورووپایی کە هێندێکیان ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا بوون، کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسیی کوردستانیان بە بەشێک لە پارتی کرێکارانی کوردستان دانا و هەڵمەتێکی پڕۆپاگەندەی چڕیان لە دژی «ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە» دەستپێکرد. ئەم ڕێکارانەیان هاوتەریب بوو لەگەڵ زیادکردنی چالاکیی تێکدەرانەکانیان و هێرشکردنە سەر کوردی باشوور.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تورکیا بە بەرنامە بابەتگەلی وەها بڵاودەکەنەوە بڕوا بە خوێنەران بکەن کە نەک هەر تورکەکان، بگرە عەرەب و تورکمانیش لە عێراق بوونەتە قوربانیی دەستی «تیرۆریستانی کورد». عەبدوڵڵا گوێل وەزیری دەرەوەی تورکیا لەچوارچێوەی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی کە لە تەممووزی ٢٠٠٥دا لە برۆکسڵ بەناونیشانی «ئایینندەی عێراق» بەسترا، ڕایگەیاند: «لە چارەکی

کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ناسەقامگیریی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە باکووری عێراقەوە دەستیپێکرد کە بە قۆناغێکی ئینتقالیدا تێدەپەڕێت. قوربانییەکان ١٠٠ شۆفێری تورکیایی بوون کە کەلوپەلیان لەنێوان تورکیا و عێراق دەگواستەوە[٦]». هەروەها میدیاکانی تورکیا ڕایدەگەیەنن کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی کوردی باکوور لە ساڵی ١٩٨٤ەوە پتر لە ٣٠ هەزار هاووڵاتی کوژراون. لەو کاتەی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان کە ناوە کۆنەکەی پارتی کرێکارانی کوردستانی لەخۆینایەوە، هێرشەکانیان بۆ سەر ئامانجە تورکیاییەکان نوێکردەوە، سوپای تورکیاش هێرشەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی چڕترکردەوە. هاوکات ڕاگەیاندنە تورکیاییەکان وایان بڵاوکردووەتەوە کە «ژمارەی ئەو سەربازە تورکانەی بە دەستی تیرۆریستانی کورد کوژراون، زیاترە لە ژمارەی کوژراوانی عێراقی بە دەست هێزەکانی ئەمەریکا». ڕۆژنامەیەکیش دەنووسێت: «تورکیا بە تیرۆری مەزهەبی و ئیتنی گەمارۆدراوە»[٧]. بێجگە لەمانە، کورد تۆمەتێکی دیکەی دراوەتەپاڵ کە گوایە دەسەڵاتدارانی نێوخۆیی چەند کێڵگەیەکی نهێنیی «حەشیشی هیندی»یان لە ناوچەی دیاربەکردا دۆزیوەتەوە[٨].

بەپێی ئەو بابەتانەی بەم شێوەیە کۆکراونەتەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆگان توانیی دووپاتکردنەوەی جۆرج دەبلیو بوش بەدەستبێنێ بەوەی «پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە و لەسەر هەمان ڕێچکەی تیرۆریستانی عێراقن». هەرچەندە سەرۆکی ئەمەریکا بۆی دووپاتکردبووە کە «ئێمە تیرۆریستان لەناوەبەین» بەڵام بە حکومەتی تورکیاشی ڕاگەیاندبوو: «ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان» لە ناوەختدا ئەنجامدراون. سەرباری ئەوە، داواکارییەکانی ئەردۆگانی ڕەتکردەوە کە داوای هاوکاریی زیاتری کردبوو بۆ شەڕی پەکەکە[٩].

بەڵام تورکیا، ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا تەنیا لە دژی کوردی باکوور نەبوو، تەنانەت لە خاکی عێراقیشدا بەدوایانکەوتبوو. توانیی «بەرەی تورکمانیی عێراق» بە سەرۆکایەتیی سەعەدین ئەرگێج دابمەزرێنێ و چەند مەفرەزەیەکی چەکداریی بۆ پاراستنی کەرکووک لەدەست کوردی باشوور پێکبهێنێ، پشتیوانیی ئازادکردنی تورکمانە بەندکراوەکانیان دەکرد. لە هاوینی ٢٠٠٥دا شاندێکی فەرمیی نوێنەرانی

پارتـە سـەرەکییەکانی تورکیـا و سـەرۆکایەتیی شـاری ئەدەنـە سـەردانی عێراقیـان کـرد و ئامانـج لـە سـەردانەکەیان ئەنجامدانـی ڕووپێوێکـی مەیدانـی بـوو بـۆ هەڵسـەنگاندنی دۆخـی تورکمانەکانـی عێـراق[١٠].

لـە تورکیـا ٢٦٤ ڕۆشـنبیری کـورد (پارێـزەران، نووسـەران، سیاسـەتوانان و ئەندامانـی سـەندیکاکان ... هتـد) بەیاننامەیەکـی هاوبەشـیان بڵاوکـردەوە و داوایـان لـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان کـرد، بەبـێ هیـچ مەرجێکـی پێشـوەختە چـەک فڕێبـدەن و درێـژە بـە شـەڕی خوێنـاوی نـەدەن لـە وڵات. ڕۆشـنبیران لـەو بڕوایەدابـوون کـە «ئەگـەر لێبـوردن دەربچێـت، ڕەنگـە عەبدوڵـڵا ئۆجەلانیـش بگرێتـەوە و خزمـەت بـە پرۆسـەی گۆڕانکاریـی دیموکراسـییەت بـکات لـە تورکیـا»[١١].

لـەم بارودۆخـەدا پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان هەڵوێسـتی نەرێنـی و بەربەرەکانـی کردنـی پەکەکەیـان نەشـاردەوە. جـەلال تاڵەبانـی کـە ئـەوکات سـەرکۆماری عێـراق بـوو گوتـی: «هیـچ کـەس و لایەنێـک بـۆی نییـە خاکـی عێراق بەکاربێنـێ و بیکاتـە بنکەیەکـی دژ بـە تورکیـا، لەئێسـتادا نامانەوێـت هیـچ ڕێکارێـک بگرینەبـەر و دەمانەوێـت پاریـزگاری لـەو پێوەندییـە پتـەوەی نێوانمـان بکەیـن»[١٢].

لەنێـو پارتـی کرێکارانـی کوردسـتاندا هاوڕایـی تـەواو سـەبارەت بـە کێشـە سـەرەکییەکان نییـە، بۆنموونـە پەکەکـە ناوبەنـاو پرسـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی «کوردسـتان»ی یەکگرتـوو دەوروبەرێنێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر جـار بـاس لـە ئۆتۆنۆمـی دەکـەن بـۆ کـوردی باکـوور لـە چوارچێـوەی کۆمـاری تورکیـادا. کـوردی باکـوور درکیـان بـەوە کـردووە کـە کـوردی باشـوور لـە چەسـپاندنی چەنـد مافێکـی نەتەوەیـی بنەڕەتـی لـە دەسـتووری هەمیشـەییدا سـەرکەوتوو بوونـە.

لایەنگـرای بـژاردەی ئاشـتیانە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لـە باکـووری کوردسـتان، وەکـو کـوردی باشـوور هەمـوو ئومێدێکیـان بـە ئەمەریـکا هەڵنەپەسـاردووە، بگـرە چاویـان لـە یەکێتیـی ئەورووپایـە (بەتایبەتیـش لەوکاتـەی ئەندامێتیـی تورکیـا لـەو کۆمەڵگـە ئەورووپاییـە قبـووڵ دەکرێـت). بەشـێک لـە لایەنگرانـی پەکەکـە بـەردەوام سـوورن لەسـەر دووبارەکردنـەوەی ئـەم دروشـمە: «ئێمـە چیـدی شـەڕمان ناوێـت، ئێمـەی کـورد داوا لـە یەکێتیـی ئەورووپـا دەکەیـن، تورکیـا لـە ڕیزەکانـی خۆیـدا قبـووڵ

بـکات، ئێسـتا ئێمـە وا هەسـت دەکەیـن کـە ئاسـیاییەکی تەواویـن، بـەڵام ئێمـە دەمانـەوێ ببینـە ئەوروپایـی»[١٣]. جاروبـار سیاسـەتی توندڕەوانـەی تورکیـا لـە ئاسـت کـوردی باکـوور، بەهـۆی گوشـاری یەکێتیـی ئەوروپـاوە کەمێـک چوارچێوەیڕەوانـە دەبێـت، ئـەردۆگان لـە دیاربەکـر بەڵێنیـدا وەبەرهێنـان لـە پـەروەردە و نیشـتەجێکردن و چاودێریـی تەندروسـتی لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـدا زیادبـکات، هەروەهـا بەڵێنـی ئەوەشـی دا کـە ٥٠٪ی بێـکاری لـە چەنـد شـارێکی باکـووری کوردسـتان کەمبکاتـەوە[١٤]. لەڕاسـتیدا لـە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردووشـدا تانسـۆ چیلـەر سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا هەمـان بەڵێنـی دابـوو، بـەڵام دوای تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی کـەم بەسـەر بەڵێنـەکان، سـوپای تورکیـا کەوتـە وێـزەی کـوردی باکـوور.

لەڕاسـتیدا وڵاتانـی ئەوروپـا هەڵسـەنگاندنێکی ڕوونیـان بـۆ هەڵوێسـتەکانی تورکیـا نییـە، لـەو کۆنفرانسـەی لـە برۆکسـل بەسـترابوو، باڵیـۆزی هۆڵەنـدا گوتبـووی «لـە تورکیـا بـژاردە سـەربازییەکان جێگـەی بڕیـارە شارسـتانییەکانیان گرتووەتـەوە، هەرچەنـدە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکان بەرهەچوارچێـوەی نەبـووە»[١٦].

پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بدەیـن کـە ئێسـتا هەسـتی دژە ئەمەریـکا لـە تورکیـا بـەرەو هەڵکشـان دەچـێ، ئـەم هەسـتەش لەبنەڕەتـدا ئەنجامـی ڕەفتارەکانـی ئەمەریکایـە لـە عێـراق. ڕۆژنامەیەکـی تورکیایـی بابەتێکـی بەناونیشـانی «بـوش سـتەمکارە، سـەدامیش سـتەمکارە» بڵاوکردووەتـەوە و تیایـدا نـووسراوە، «عێراقییـەکان لـە سـەردەمی سـەدامەوە ڕاهاتـوون بـەرەو تورکیـا هەڵبێـن، ئێسـتاش لـە دەسـت ڕژێمـی بـوش، تەنیـا نـاوەکان گـۆڕاون، بـەڵام لـە ناوەڕۆکـدا هەمـان ڕژێمـن» س. تۆرۆنـی پەرلەمانتـار لـە حزبـی دەسـەڵاتدار هـاوڕای ئـەم بۆچوونەیـە[١٧]، بـەڵام تـۆرۆن بێدەنگیـی هەڵبـژارد، چونکـە لـە ڕابـردوو و ئێستاشـدا کـوردی باکـوور لـە تورکیـا هەڵدێـن. پێدەچێـت نـە تورکیـا، نـە ئەمەریـکا و نـە وڵاتانـی ئەوروپایـی نازانـن کێشـەی کـورد چـۆن چارەسـەردەکرێت.

پێویسـتە لـە مانگەکانـی داهاتـوودا کـورد ئاگادارێـن، چونکـە هـەر جووڵەیـەک بـەلای ڕاسـت و بـەلای چەپـدا دەبێتـە مایـەی ناڕەزایـی عـەرەب، تورکـمان، سـوننە و شـیعە. سـەرکۆماری عێـراق پابەندکـراوە کاری لەپێشـینەی پرسـە نیشـتمانییەکان بێـت نـەک تەنیـا داکۆکیکـردن لـە کـورد، لـەم قۆناغـەدا کـورد تەنیـا دەتوانێـت دەسـەڵات و

سـنووری هەرێمـی کوردسـتان فـرەوان بکاتـەوە، چونکـە هێشـتا کاتـی ئـەوە نەهاتـووە حـزب و لایەنـە کوردییـەکان پرسـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بوروژێنـن و ڕووبـەڕووی حـزب و هـۆزەکان ببنـەوە.

بێجگـە لەمانـە، لـە حاڵەتـی پاشەکشـێی هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە عێـراق، ڕەنگـە دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان گۆڕانکارییەکـی زۆری بەسـەردابێت و ئـەردۆگان بـەدووری نازانێـت سیاسـەتی تورکیـا لەسـەر سـنووری عێـراق - تورکیـا کارابکاتـەوە و ئامـاژەی بـەوە داوە کـە «لـە نێـو سـنووری وڵاتـی خۆمانـدا هەرچییـەک بـە پێویسـت بزانیـن دەیکەیـن، بـەڵام ئەگـەر دۆخەکـە گـۆڕا، هەنـگاوی گونجاوتـر دەگرینەبـەر»[١٨].

لـە یاریـی شـەترەنجدا دەسـتەواژەی «zug-zwang» هەیـە، کاتێـک یاریزانێـک بەناچـاری جووڵەیـەک دەکات و دەبێتـە هـۆی دۆڕاندنـی، لەئێسـتادا کـوردی باشـوور جووڵـەی بەناچـاری دەکـەن و بۆئـەوەی ئـەم جووڵانـە نەبنـە هـۆی دۆڕاندنیـان، پێویسـتە دیپلۆماسـییەتێکی زۆر هەسـتیار پێـڕەو بکـەن و بچنـە ژێـر بـاری سیاسـەتی مومکیـن، چونکـە تەنیـا لـەو حاڵەتـەدا لـە شـەترەنجی سیاسـەتی عێراقـدا دەیبەنـەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان

1- Нефть России, 2005, № 1, с. 8. Независимая газета, 13.05.03.

2- Старченков Г.И. 11 сентября 2001 года- новый этап геополитики США. В сб. «Терроризм- угроза человечеству в XXI веке». М., 2003, с. 215.

3- Новый Курдистан, 2002, № 4.

4- Мгои Ш.Х. Курдский фактор (современное состояние и перспективы). В сб. «Курдский вопрос на рубеже тысячелетий». М., 2004, с. 11.

5- Turkish Parlament hold special Session on Kurdish unrest.- http://kurdistanobserver.servehttp.com/Sep/16-9-05-tky-parlament-hold-e-special-session-on-kurdish-unrest.htm

6- Zaman. 23.06.05.

7- Turkish Leader Demands Crackdown in N.Iraq. http:// kurdistanobserver.servehttp.com/Sep717-09-05-erdogan-demands- crackdown-pkk.htm

8- Posta. 16.06.05; Posta.18.06.05.

9- Hurriet. 10.06.05; Posta. 18.06.05.

10- Zaman. 23.06.05.

11- Zaman. 13.06.05.

12- Posta. 18.06.05.

13- How Turkey Fails its Kurds.- http://kurdistanobserver. servehttp.com./Sep/21-09-05-how-tky-fails-kurds.htm

14- Там же.

15- Turkey main pro-kurdish Party to resolve, join new Kurdish Political Movement-http://www.puk.org/web/htm/news/

nws/news050817.html

16- Zaman. 23.06.05;Posta. 13.06.05.

17- Posta. 15.06.05.

18- Turkish Leader demands...

دەستووری هەمیشەیی عێراق و بەرژەوەندییەکانی کورد

ف. بەدرخان

لە ١٥ی تشرینی یەکەم ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق کرا، بەپێی ئەم دەستوورە عێراق «دەبێتە کۆماریکی پەرلەمانیی فیدراڵیی یەکگرتوو و سەربەخۆی خاوەن سەروەری و فرە نەتەوە و ئایین و بەشێک دەبێت لە جیهانی ئیسلامی» ژمارەی دانیشتوانی عێراق دەگاتە نزیکەی ٢٧ ملیۆن کەس، لەم ژمارەیەدا ١٤ ملیۆن کەس تەمەنیان لە سەرووی ١٨ ساڵیدایە و مافی دەنگدانیان هەیە، ٧٨٪ ی کۆی دەنگدەران، دەنگیان بەڵێ بوو بۆ دەستوورە هەمیشەییەکە.

لەڕووی ئیداریەوە عێراق دەبوایە بگەڕێتەوە سەر سیستەمی هەرێمەکان، وەکو ئەوەی لە بیستەکانی سەدەی بیستدا هەبوو کە ئەوکات هەموو عێراق کرابووە سێ هەرێم، بەسرا لە باشوور و بەغدا لە ناوەڕاست و هەرێمی موسڵ لە باکوور[1]. بەڵام ئەم سیستمە ئیداریە بە پراکتیک جێبەجێنەکرا، چونکە ئەوکات کورد دەیویست پارێزگاریی لە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بکات، بۆیە بە ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی عێراق، هەرێمی کوردستان بە فەرمی کرایە هەرێمێکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵ و دەسەڵات درایە پەرلەمانی کوردستان، هەموارى هەر یاسایەکی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ کە لەگەڵ دۆخە تایبەتەکەی هەرێمی کوردستاندا نەگونجێت، بەمەرجێک کاریگەریی بەسەر ئەو پرسانەدا نەبێت کە لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵدایە، واتە سیاسەتی دەرەوە، دارایی و دراو، ئاسایشی نەتەوەیی و ئیدارەدانی سامانە سروشتییەکان ... هتد.

ڕاپرسییەکەی سەر دەستوورە هەمیشەییەکە لەلایەن ٤٦ هەزار چاودێری نێوخۆ و نێودەوڵەتی چاودێری دەکرا و ٩٤,٤ هەزار کەسی دیکەش لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی عێراق چاودێریی پرۆسەکەیان دەکرد، بەپێچەوانەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ هیچ عێراقییەکی هەندەران بەشداریان

لـە ڕاپرسـییەکەدا نەکـرد کـە ژمارەیـان دەگاتـە نزیکـەی دوو ملیـۆن کـەس.

چاودێرانـی سیاسـی پێشـبینی بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی بەشـداربوونیان لـە ڕاپرسـییەکەدا دەکـرد بـە بـەراورد لەگـەڵ هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـەی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥ کـە تەنیـا ٦٠٪ی دەنگـدەران بەشـداریان کردبـوو، سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانیـش پاکانـەی بـۆ ئـەم حاڵەتـە هێناوەتـەوە، بۆنموونـە: پارێـزگای ئەنبـار کـە شـارێکی سوننەنشـینە و هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکەیـان پشتگوێخسـتووە، ئەمجـارە ٧٥٪ی بەشـداریکردنی تێـدا تۆمارکـراوە، بـەڵام عـەرەب و شـیعە بە ڕێژەیەکـی بەرزتر بەشـداریان لـە هەڵبژاردنەکـەدا کـردووە و هیـچ گلەییەکیـان لـە دەقـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراق نەبـووە، چونکـە داڕێژەرانـی مـاددە و بڕگەکانـی پرۆسـەکە لـە خۆیـان بـوون.

پێکهاتـەی سـوننە کـە ٢٠٪ی دانیشـتوانی عێـراق پێکدێنـن، ڕەخنەیـان لـە ژمارەیـەک مـاددەی بنەڕەتیـی دەسـتوور هەبـوو و لەوبڕوایـەدا بـوون پێشـێلکردنی مافەکانـی تێدایـە و دەبێتـە هـۆی هەرەسـهێنانی دەوڵـەت. سـەرکردەکانی سـوننە ئەوەشـیان ئاشـکرا کـردووە کـە «دەسـتوور بەپێـی بەرژەوەنـدی و ئارەزووەکانی ئەمەریـکا داڕێژراوە و داڕێژەرانیشـیان هـەر لەلایـەن ئەمەریـکاوە دیاریکـراون و نوێنەرانـی ڕاسـتەقینەی گەلانـی عێـراق نیـن».

ڕاپرسـییەکان ئەوەیـان دەرخسـتووە کـە زۆرینـەی عێراقییـەکان لەگـەڵ عێراقێکـی یەکگرتـووی مەرکەزیـن و ڕێژەیەکـی کەچوارچێـوەی بیرۆکـەی سیسـتەمی فیدراڵییـان پـێ پەسـندە، ئەوانـەی عێراقێکـی یەکگرتـووی مەرکەزییـان دەوێ ڕێژەیـان دەگاتـە ٦٢٪ و ئەوانـەی لەگـەڵ فیدراڵیـدان٢٢٪ن، هەروەهـا زۆربـەی عێراقییـەکان پێیانوایـە دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق بـە گوشـاری ڕاسـتەوخۆی ئەمریکییـەکان داڕێـژراوە و ڕێگـە بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان خـۆش دەکات[٢].

تەنیـا دوو ڕۆژ پێـش بەڕێوەچوونـی ڕاپرسـییەکە هەرسـێ پێکهاتـە سـەرەکییەکەی کۆمەڵگـەی عێراقـی گەیشـتنە نیمچـە ڕێککەوتنێـک و پەرلەمـان ڕازی بـوو دەسـتوورە هەمیشـەییەکە هەمـوار بکرێتـەوە و دەقـی دەسـتوور بنێردرێتـەوە پەرلەمـان بـۆ دووبـارە خوێندنـەوە، ئـەم پرسـە گرنگانـەش خرانـە نێـو دێباجەکـەی: «دەسـتوور زامنـی یەکپارچەیـی خاکـی عێراقـە» هەروەهاهەموارکردنێکـی دیـش کـە تایبەتـە بـە بەعسـییەکانی عێـراق «ئەوانـەی دەسـتیان بـە خوێنـی عێراقییـەکان سـوور نەبـووە و

بەشداربیان لە کۆمەڵکوژییەکاندا نەکردووە، نابێ بچەوسێندرێنەوە» لە هەموواری سێیەمیشدا کورد پابەندکراوە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە نووسراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا بەکاربهێنرێت. هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی لە دواچرکەدا هاتنە ئاراوە، پرسیارێک دەوروژێنێت، ئەویش ئەوەیە: عێراقییەکان دەنگ بەچی دەدەن؟ خۆ هەموو شتێک کۆتایی پێهاتووە، ڕێککەوتنەکەی نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراقیش لەکاتێکدایە کە (٥) ملیۆن دانە لە نامیلکەی چاپکراوی دەستوور لە سەرتاسەری عێراقدا بڵاوکراوەتەوە[٣].

لێژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان بە دڵنیاییەوە ڕایدەگەیەنن: «پرۆسەی سیاسی بەردەوامە» و بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ئامادەباشی بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە دەکرا کە بڕیارە لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا بەڕێوەبچێت.

پێکهاتەی سوننە کە لەو بڕوایەدا بوون لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا مافەکانیان پێشێلکراوە، داوای دووبارەکردنەوەی ڕاپرسییەکەیان دەکرد و دەسەڵاتدارانیان بە ساختەکاریکردن تۆمەتبار دەکرد، ئەم تۆمەتبارکردنەش لەکاتێکدایە کە هەموو شتێک بڕاوەتەوە و هیچ سکاڵایەک سەبارەت بە جوداکردنەوەی دەنگەکان تۆمارنەکرابوو. بەڕای ئێمە تێپەڕاندنی دەستووری هەمیشەیی عێراق هیچ شتێک لە ولات ناگۆڕێت، چونکە یەکێک لە سێ هێزە سەرەکییەکان - سوننە- ئەو دەستوورەیان قبوڵ نییە کە مافەکانیان پێشێل دەکات و ئامادەییان بۆ شەڕکردن تێدایە.

زانای بەناوبانگ - میرسکی- دەڵێ: باشتر وابوو دەستوور بەم شێوازە تێنەپەڕێنرێت و پرۆسەی سیاسی لە سفرەوە دەست پێبکرێتەوە، ئەوکات سوننە بە ئومێدێکی گەش و بەرفرەوانتر بەشداربیان تێدا دەکرد و دوورنەبوو بایکۆتی هەڵبژاردەکانی کۆمەڵەی نیشتمانییە کاتییەکە نوێیەکەشیان نەکردبا کە لە کانوونی دووەمدا بینیمان، بەڵام ئەگەر بەشداربیان تێدا کردبا و هێندەی بارتەقای سەنگی خۆیان کورسییان بەدەست بهێنابایە، سەنگێکی قورستریان لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەییدا دەبوو و ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییان کەمتر دەبووەوە، ئێستا ئەوان هیچیان نییە لەدەستی بدەن و دەچنە ڕیزی - موجاهیدین-ەکانەوە»[٤].

سوننەکان تەنیا نەبوون، بگرە شیعەکانیش بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی

هاوپەیمانییــان چڕترکردبــووەوە، بەتایبەتیــش «جەیشــی مەهــدی» بــە ســەرۆکایەتیی ئیمامــی ڕادیکالــی موقتــەدا ســەدر، چەکــدارە شــیعییەکان، ئەوانــەی لــەدوای هێرشــەکەی ئەمەریــکا ناچارکــران چەکەکانیــان دانێــن، ئێســتا وا دووبــارە دەیانــەوێ ئۆپەراســیۆنە ســەربازییەکانیان دەســتپێبکەنەوە. بــەڵام ئەمجارەیــان ئامانجیــان تەنیــا هێزەکانــی ئەمەریــکا نییــە، بەڵکــو گرووپــە چەکدارییــە سوننەکانیشــە کــە بەرپرســن لــەو هێرشــە چەکدارییانــەی دەکرێنــە ســەریان.

نوێنەرانــی هێــزە ســەرەکییەکانی عێــراق ڕاســتگۆیانە هەڵوێســتی خۆیــان لــە هەمبــەر دەســتووردا دەرنەبــڕی، شــیعەکان بــە دانپیانانــی خۆیــان، بــە فشــاری کــورد بــە دەســتووری هەمیشــەیی عێــراق ڕازی بــوون کــە هەڕەشــەی دابڕینــی تــەواوی پارێزگاکانــی هەرێمــی کوردســتانیان دەکــرد ئەگــەر بێتــو دەســتکاریی ئــەو ماددانــە بکرێــت کــە لــە بەرژەوەندیــی کــورد داڕێــژراون و مافەکانیــان پێشــێل بکرێــت. ئایەتوڵــڵا عەلــی سیســتانی، ســەرکردەی ڕۆحیــی شــیعەکان لەبــارەی دەســتوورەوە دەڵــێ: «بەڵگەنامەیەکــی پووچەڵــە» و بەپێــی لێدوانەکانــی ئــەو «هــەر یاســایەک لــە قۆناغــی ئینتیقالیــدا دابڕێژرێــت، هیــچ هێزێکــی یاســایی نابێــت هەتــا ڕەزامەندیــی پەرلەمانــی لەســەر نەبێــت کــە لەلایــەن گەلانــی عێراقــەوە هەڵدەبژێردرێــت» جــا دوای ڕەزامەندیــی کۆتاییــان لەســەر دەســتوور، ســەرکردە شــیعەکان ناڕەزایــی خۆیــان لەســەر چەنــد ئەحکامێکــی ئــەو دەســتوورە دەردەبــڕن.

وێــڕای ئەمانــە، ســەرکردایەتیی شــیعە مکوڕبــوون لەســەر ئــەوەی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی کــە پێشــتر پلانــی بــۆ کێشرابــوو، لــە پێنــج کــەس پێکبێــت (ســێ شــیعە، ســوننەیەک و کوردێــک)، بــەڵام دەســتوور ڕێگــەی تەنیــا بــە ســێ کــەس دا (شــیعەیەک، ســوننەیەک و کوردێــک)[٥].

ئــەو دۆخــە ئاڵــۆزەی عێــراق و ناتەبایــی نێــوان هێــزە سیاســییەکان مەترســیی هەڵگیرســاندنی شــەڕێکی ناوخــۆی درێژخایەنــی لێدەکرێــت. ئەگــەری ئــەوەش هەیــە (حــزب اللــە)ی لوبنانــی ڕاهێنــەر ڕەوانــەی عێــراق بــکات و مەشــق و ڕاهێنــان بــە جەنگاوەرانــی نــوێ بــکات، دەشــگوترێت ئێــران چــەک و تەقەمەنــی بــۆ عێــراق دەنێرێــت.

لەمبارەیەوە پێویستە بڵێین: هێشتا زۆرینەی شیعە پشتگیری لە بۆچوونەکانی عەلی سیستانی دەکات، چونکە سیستانی ئەو سەرکردە شیعەیە کە نەک هەر کاریگەریی لەسەر پرۆسە سیاسییەکانی نێوان خۆبەخۆی شیعە هەیە، بگرە بۆچوونەکانی بۆ تەواوی عێراق جێگەی بایەخن، تەنانەت ئەمەریکی و بەریتانییەکانیش حسێبی بۆ دەکەن[٦]. هەروەها سیستانی سووربوو لەسەر گۆڕینی هەڵوێستی ئیبراهیم جەعفەری بۆ بڕیاری هاوکاریکردنی ئەمریکییەکان لەدوای داگیرکردنی عێراق[٧].

بەپێی ڕاپرسییەک دەرکەوتووە کە (٦٥٪)ی عێراقییەکان هێرشەکانی سەر هێزە سەربازیی بیانییەکانیان پێخۆشە و تەنیا ١٪ی عێراقییەکان لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانن، ژمارەی کوژراوان لە ڕیزەکانی سوپای ئەمەریکا دوو هەزار سەربازی تێپەڕاندووە[٨].

جا ئەوەی دۆخی عێراقی ئاڵۆزتر کردووە، ئەو گەندەڵییە کە لووتکەی دەسەڵاتی سیاسیشی گرتووەتەوە، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پتر لە ٢٠ وەزیر و بەرپرسی باڵای حکومەتی کاتیی عێراق دەرچووە کە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوییە و بەهەدەردانی سامانی گشتی تۆمەتبار کراون. بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران کە کەمتر لە ساڵێک حوکمڕانیی وڵاتیان کردووە، توانیویانە یەک ملیار دۆلاری دەوڵەت بدزن کە بۆ بنیاتنانەوەی سوپا و ئابووریی عێراق تەرخان کرابوو.

هەر بەپێی لێکۆڵینەوەکە دەرکەوتووە بەرپرسانی باڵای وەزارەتی بەرگریی عێراق لە گرێبەستەکاندا سوودمەند بوونە. دەسەڵاتدارانی عێراق پێیانوایە وەزیری بەرگریی پێشوو کە تۆمەتبارە بە تێوەگلان لە گەندەڵی، لە لەندەن خۆی حەشارداوە[٩]. هەروەها تیشکیان خستووەتە سەر باکگراوندی سیاسیی لێکۆڵینەوەکانی ئێستا.

هەر سەبارەت بە دەستووری هەمیشەیی عێراق، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە پێکهاتەی سوننە پێش بەڕێوەچوونی پرۆسەی ڕاپرسییەکە خۆیان یەکلاکردبووە و بڕیاری پشتگیریکردنی دەستووریان دابوو لەگەڵ ئەوەشدا مکوڕ بوون لەسەر داواکارییی پێکهاتەکەیان، جالە بەرانبەر ئەم سازشەی سوننەکاندا، زۆرینەی

پەرلەمانیی شیعە و کورد بەڵێنیان بە سوننە دا پێداچوونەوە بۆ دەستوور بکەن، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی تایبەتیان لە پەرلەمانی عێراق پێکهێنا.

هەموو سوننەی عێراق، پێش هەموو شتێک نیگەرانن لەو بەندەی باس لە هەیکەلی فیدراڵیی عێراق دەکات، بە بڕوای ئەوان شیعە لە باشوور و کورد لە باکوور لەگەڵ هەلومەرجی گونجاودا بەبێ سێ و دوو بیر لە جودابوونەوە دەکەنەوە، نیگەرانی و ترسەکەشیان لەجێی خۆیدایە، چونکە یەدەکی سەرەکیی نەوتی عێراق دەکەوێتە باشوور و باکووری وڵات.

لەبەراییدا هێزە سیاسییە شیعی و کوردییەکان هێندە پەرۆشی چارەسەرێک نەبوون لەگەڵ سوننەکان کە بەڕای ئێمە تاکتیکێکی هەڵەیە، چونکە لە سایەی حوکمی سەدام حوسێندا سوننەکان چەندین دەیە لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوون، بەڵام دوای ڕووخانی سەدام، شیعە و کورد جێگەی ئەوانیان گرتەوە و پێداگرییان دەکرد کە «باڵادەستان و بەڕێزانی دوێنێ» پەراوێز بخەن، جا ئەگەر عێراقی نوێ لەسەر بنەمای تۆڵەسەندنەوەی مێژوویی بنیات بنرێتەوە، نە کورد و نە شیعە سوودی لێنابینن.

«نابێت باسی وازهێنان لە سیستەمی فیدراڵی بکرێت، ئەمە هێڵی سووری ئێمەیە و لێی پاشگەزنابینەوە» ئەمە دەقی قسەی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە[١٠]. سوننەش بڕوایان بەوە هێنابوو لەگەڵ دوو پێکهاتە سەرەکییەکەی دیکەی عێراق ناگەنە چارەسەرێکی ئەوتۆ هەموو لایەکی لێڕازی بێت و ئامادەبوون هەتا مردن بجەنگن لەپێناو سەرنەکەوتنی سیستەمی فیدراڵیزم لە عێراق، بۆیە سوننە بەڵێنیان بە لایەنگرانی خۆیان دا بە یاسا شکست بە ڕاپرسی بێنن، لەمەشدا پێویستیان بە دوو لەسەر سێی پارێزگا دەبوو کە بە لە ڕاستیدا ئەم مەرجەیان بۆ دەچێتە سەر و لە کۆی ئەو ١٨ پارێزگایەی عێراقدا، لە سێ پارێزگادا زۆرینەن.

لە ئەیلوولی ٢٠٠٥دا پەرلەمانی عێراق کە شیعە و کورد زۆرینەی پێکدێنن، هەوڵیان دا ئەم بەڕەیەش لەبن پێی سوننە دەربێنن، یاساکانی ڕاپرسییان هەموار کرد و بەپێی یاسا هەموارکراوەکە شکستهێنان بە ڕاپرسییان هێنایە نێو پەرلەمان و پێویستە دوو لەسەر سێی ئەندامانی هەڵبژێردراوی پەرلەمان لە دژی ڕاپرسییەکە

دەنـگ بـدەن، هەرچەنـدە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ئەمەریـکا ڕەخنەیـان لـەم هەموارکردنـە گـرت کـە دەبووایـە هـەر ڕەتبکرێتـەوە.

سـەختی و ئاڵۆزیـی پەرەسـەندنی پرۆسـەی سیاسـیی عێـراق لـە دوای بەڕێوەچوونـی ڕاپرسـییەکەیە، میرسـکی پێیوایـە ترسـی سـوننە لـە ڕەشنووسـە شـیعی و کوردییەکـەی دەسـتوور لـەوەدا سـەرچاوەی گرتـووە کـە سیسـتەمی فیدراڵیـزم ببێتـە هۆی هەرەسـهێنانی دەوڵەتـی عێـراق، چونکـە بەپێـی دەسـتوورە داڕێژراوەکە، بەشـی باکووری وڵات کـە دەکاتە باشـووری کوردسـتان بووەتـە هەرێمێکـی سـەربەخۆ و کـەس زامنـی ئـەوە نـاکات لـە ئایینـدەدا شـیعەش هەرێمێکـی تایبـەت بەخۆیان لە بەشـی باشـووری وڵات دانامەزرێنن کە زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی لـە پێکهاتـەی شـیعە مەزهەبن، هەروەکـو لە پێشـەوەش ڕوونمان کـردەوە هەمـوو سـامانی نەوتـی وڵات دەکەوێتـە ئـەو دوو هەرێمـەوە، جـا کـە هەرێمـی شـیعەش پێکهێـنرا ئـەوا تـەواوی دەسـەڵاتی سیاسـیی بەشـە عەرەبییەکـەی عێـراق دەکەوێتـە دەسـت شـیعەوە و دواجـار سـوننە پەراوێـز دەخرێـن کـە چەندیـن سـەدەیە دەسـەڵاتی سیاسـییان بەدەسـت بـوو، لـەم هەلومەرجـەدا سـوننە ناچـارە خەبات لـە دژی داگیـرکاران و دەسـەڵاتدارانی نوێـی عێـراق بکـەن کـە لـە کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٥دا دێنـە سـەر حوکـم و لەلایـەن دانیشـتوانی بەشـە سـوننییەکەدا دان بـە شـەرعییەتی نانرێـت، چونکـە حکومەتـی نوێـی عێـراق بە زۆرکوڕی واشـنتۆن دادەنێن. تـازە ناتوانرێت هیچ شـتێک بگۆڕدرێت، چونکە ئەگـەر خواسـتی سـوننە بێتـەدی، ئـەوا کـورد سـەربەخۆیی خـۆی ڕادەگەیەنێـت. بێجگـە لەمـە پەرەسـەندنی ناکۆکییەکانـی نێـوان سـوننە و شـیعە، عێراق نغـرۆی شـەڕێکی نێوخۆی درێژخایـەن دەکات کـە دەمێکـە تارمایـی ئـەم شـەڕە باڵی بەسـەر عێراقـدا کێشـاوە. هەر بە بۆچوونـی میرسـکی، پاشەکشـەی هێزەکانـی ئەمەریـکاش هیـچ لـە دۆخەکـە ناگۆڕێـت[١١].

ن. ف. سـتیبانۆڤای تـۆژەر لەبـارەی هەڵوێسـتی ئەمەریـکا دەنووسـێ و لـەو بڕوایەدایـە کـە لـە قۆناغـی ئێسـتا و ڕەنگـە لـە داهاتووشـدا ئەمەریـکا هـەر پشـت بـە کـورد ببەسـتێت تاوەکـو جێپێـی خـۆی لـە عێـراق بکاتـەوە و لەوێـوە بتوانێـت گوشـار بخاتـە سـەر وڵاتانـی ناوچەکـە، بەتایبەتیـش دراوسـێکانی عێـراق- تورکیـا، ئێـران و سـووریا[١٢].

دەسـتووری نوێـی عێـراق شـەرعییەت دەداتـە دابەشـکردنی عێـراق بەسـەر چەنـد هەرێمێـک کـە دەکارێیـن بـە کانتۆنـی بەراییـان هەژمـار بکەیـن و پێدەچێـت

پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینیی وڵات ڕێخۆشکەربێت بۆ ئەم پرۆسەیە و عێراق بەرەو کۆنفدراڵییەت بچێت ... هتد.

ژمارەیەکی زۆری تۆژەران لەنێویشیاندا کورد، لەو بڕوایەدان بەرژەوەندییەکانی کورد هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و لە ئێستادا هەلومەرجێکی لەبار هاتووەتە پێشەوە و پێویستە کورد ئەم هەلە لەدەست خۆیان نەدەن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی ساڵانێکە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەپێناویدا تێدەکۆشێت. بەشێک لە تۆژەران پێیانوایە ئەمەریکا بەڕاستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هاتووەتە ناوچەکە، دارشتن و پەسندکردنی دەستووری نوێ هەنگاوی یەکەمی ئەمەریکایە لەسەر ئەم ئاراستەیە[١٣]. لەگەڵ ئەوەشدا کورد گومانیان لە هەڵوێستی ئەمەریکایە و لەوە دەترسن لەهەر ساتێکدا بێت بەجێبانبهێڵێت هەروەکو ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١ ڕوویدا، کاتێک ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا داوای ڕاپەڕینیان لە کورد دەکرد تاوەکو لە ڕژێمی سەدام حوسێن هەڵگەڕێنەوە و خودی سەرۆک بوش داوای لە گەلانی عێراق دەکرد، چارەنووسی خۆیان بە دەستی خۆیان دیاری بکەن و دیکتاتۆر بڕووخێنن، بانگەوازەکانی بوش لە ڕادیۆی (صوت العراق الحر)[١٤] بڵاودەکرایەوە کە لە سعوودیە پەخش دەکرا و باسی لە پشتیوانیکردنی هەر ڕاپەڕینێک دەکرد کە گەلانی عێراق دژی سەدام حوسێن بەرپایدەکەن، جا کە شیعە لە باشوور و کورد لە باکوور ڕاپەڕین کەس پشتگیریی نەکردن، نەک هەر ئەوە، کاتێک دیکتاتۆرەکەی عێراق دەستی بە کۆمەڵکوژییەکانی شیعە و کورد کرد، واشنتۆن هیچ هەڵوێستێکی نەنواند، تەنانەت داوای ئاگربەست و ڕاگرتنی بەکارهێنانی کۆپتەری لە ئاسمانی ناوچە ڕاپەڕیوەکان نەکرد. سەدامیش بە زەبری هێز و زۆر بەخێرایی دەسەڵاتی خۆی لەم دوو ناوچەیەدا سەپاندەوە[١٥]. ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا وای لە کورد کرد پەند لە وانەکانی پێشوو وەربگرێت و سیاسەتێکی هاوسەنگتر لە پێشوو پێڕەو بکات، بۆیە لە سەرەتای هێرشەکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئاداری ٢٠٠٣ مەسعود بارزانی ڕایگەیاند: «ئێمە ئامادەنین سەرکێشی بکەین، چونکە دڵنیانین ئەم مەترسییە ببێتە هۆی چاککردنی بارودۆخی ئێمە»[١٦]. لە هەمان کاتیشدا سەرکردەکانی کورد هەوڵی ئەوەیان دەدا گەورەترین دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دۆخەکەدا بشکێننەوە و

لـە لێدوانەکانـدا ڕایاندەگەیانـد: دیموکراسـییەت تەنیـا بـەوە دێتـەدی پۆسـتی سـەرکۆمار یاخـود سـەرۆک وەزیـران بدرێتـە نوێنـەری کـوردی باشـوور، جـەلال تاڵەبانیـش ڕایدەگەیەنێـت: بەبـێ پشـتیوانی کردنـی دووەم گەورەتریـن نەتـەوەی عێـراق ئەسـتەمە پارێـزگاری لـە یەکێتیـی نیشـتمانیی وڵات بکرێـت. لـەلای خۆشـیەوە مـەسرور بارزانـی، سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان چەندیـن جـار دووپاتیکردووەتـەوە، وەرگرتنـی یەکێـک لـەو دوو پۆسـتە سـیادییە مافـی سرووشـتیی کـوردە تاوەکـو ببێتـە بەڵگەیـەک بـۆ هاوبەشـیی کـورد لـە باڵاتریـن دەسـەڵاتی دەوڵەتـدا[١٧].

جێـی خۆیەتـی ئامـاژە بـەوە بدەیـن حزبـە کوردسـتانییەکان لـەم بارودۆخـەی عێراقـدا لـە هەوڵدابـوون بـۆ بەدیهێنانـی گەورەتریـن دەسـتکەوت، لـەو پێناوەشـدا هاوپەیمانییەکی کوردسـتانییان پێکهێنـا کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و چەنـد حزبێکـی دیکـەی لەخۆدەگـرت، لـە ڕاستیشـدا حزبـە سـەرەکییەکانی کوردسـتان بەرنامـەی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـوو، وێـڕای جیاوازیـی تێڕوانینـی حزبـەکان سـەبارەت بـە ئایینـدەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان، مەسـعود بارزانـی هەڵوێسـتێکی زۆر حەکیمانـەی نوانـد و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پێیوابـوو: «کاتـی دامەزراندنـی دەوڵەتـە بچووکـەکان بەسـەرچووە و لـە ئێسـتادا پێویسـتە بـە بەشـێک لـە عێـراق بمێننـەوە» بەپێـی لێدوانەکانـی مەسـعود بارزانـی، پرسـی وەرگرتنـەوەی خاکـی کـوردان لـە عێـراق بەهیـچ جۆرێـک نابێتـە بابەتێـک بـۆ گفتوگۆکـردن لـە کاتێکـدا ئامـرازی دیکـە هـەن بـۆ گوشارخسـتنە سـەر حکومـەت تاوەکـو تـەواوی مافەکانـی کـورد بپارێزرێـن[١٨].

ئەمەریکییـەکان پێشـتر و ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت سـەداچوارچێوەی لـە بەرژەوەندیـی خۆیـان بەکارهێنـاوە. کاتێـک شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ سـەرکەوت، ئەمەریـکا هەمـوو هەوڵێکـی خـۆی خسـتەگەڕ بۆ بەربەسـت خسـتنە بەردەم سـەقامگیریی ڕژێمـی خومەینـی، لـە هەمـان کاتیشـدا دەیانویسـت ڕژێمـی عێراقیـش لاواز بکـەن، چونکە عێـراق و ئێـران دوو دەوڵەتـی گـەورەی ناوچەکـەن و کاریگەرییـان نـەک تەنیـا لەسـەر ڕەوشـی سـەربازی و سیاسـیی ناوچەکـە، بگـرە کاریگەرییـان لـە بـواری سـەرچاوەکانی وزەی جیهانیشـدا هەیـە، ئـەم دوو دەوڵەتـەش بـۆ ئەمەریـکا گرنگـن. لـە شـەڕی نێـوان عێـراق و ئێرانـدا، هۆکارەکانـی شـەڕەکە گرنـگ نەبـوون، گرنـگ ئەوەیـە ئەمەریـکا بتوانێـت پێگـەی

خـۆی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا قایـم بـکات، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پلانـی بـۆ گەمەیەکـی هەمـە لایەنـە دارشـت و خـودی سـەدام حوسـێن یەکێـک بـوو لـە بەشـداربووانی گەمەکـە و ڕۆڵـی خـۆی بـە ڕاسـت و دروسـتی گێـڕا.

سیاسـەتوانانی ئەمەریـکا سـیناریۆیەکیان دارشـت، بەپێـی سـیناریۆکە دەبووایـە گرنگـی بـە سـەدام بدرێـت و هانبدرێـت شـەڕی دژی ئێـران بـکات، هەروەهـا دەسـت لـە پشـتی سـەدام بدرێـت بـۆ داگیرکردنـی کوێـت و ڕێگـەی لێنەگیرێـت. هەرچەنـدە شـەڕەکەی ئێـران و عێـراق سـەرکەوتوو و دۆڕاوی شـەڕی تێـدا نەبـوو، بـەڵام ئامانجـی خـۆی پێـکا، پلانەکـە وەهـا بـوو هیـچ لایەکیـان شـەڕەکە لـە بەرژەوەندیـی خـۆی یەکلانەکاتـەوە و مەبەسـتی سـتراتیژیی شـەڕە درێژخایەنەکـە لاوازکردنـی ئـەو دوو دەوڵەتـە بەهێـزە بـوو.

دوای ڕاگرتنـی شـەڕی نێـوان عێـراق و ئێـران، سـەدام کوێتـی داگیرکـرد و کردییـە بەشـێک لـە عێـراق، جـا کـە سـوپای ئەمەریـکا بـۆ ڕزگارکردنـی کوێـت گەیشـتە ناوچەکـە، سـەدام «ڕێککەوتنەکـەی» وەبیـر ئەمریکییـەکان هێنایـەوە، پێیگوتـرا: باڵیـۆزی ئەمەریـکا ڕێککەوتنەکـەی کـردووە و ئـەوەی باڵیۆزمـان بەئێـوەی گوتـووە، هەڵوێسـتی فەرمیـی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا نییـە!.

لـە ١٩٩١ کوێـت ڕزگار کـرا، بـەڵام سـەدام و ڕژێمەکـەی هـەر مانـەوە، چونکـە هێشـتا پێویسـتیان بـە سـەدام بـوو، ئەمجارەیـان نەک بۆ چەسـپاندنی پێگـەی سـەربازانی ئەمەریکا لـە کەنـداوی فـارس کـە بەدیهاتـووە، بـەڵام بـۆ بەهێزکردنـی ئابووریـەکـەی و بووژانـەوەی پیشەسـازیی چـەک بـوو. بـە وڵاتانـی کەنداویـش ڕاگەیەنرابـوو کـە «شـەڕخوازەکە» هێشـتا زینـدووە و هـەر کاتێـک بیـەوێ، پەلامارتـان دەدات، ئینجـا ئامۆژگاریـی کـردن چەکـی پێشـکەوتوو بکـڕن بـۆ بەرگریکـردن، ئـا بـەم شـێوەیە ١٠ سـاڵی ڕەبـەق داهاتـی نەوتـی ناوچەکـە لـە بەرانبـەر چەکـدا دەچـووە گەنجینەکانـی ئەمەریـکا.

لەپـاش ١١ی سـێبتەمبەری ٢٠٠١ پرسـیارێک خرایـەڕوو، ئاخـۆ سـەدام لە پشـتگیریکردنی تیـرۆری نێودەوڵەتـی و چەکـی کۆمەڵکـوژدا تێـوەگلاوە؟ جارێکـی دیکـە عێـراق کەوتـە بـەر زەبـری هێرشـی هێزەکانـی هاوپەیمانـان، بـەڵام چەکـی کۆمەڵکـوژی تێـدا نەدۆزرایـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەمەریـکا بەمـە قەڵـس نەبـوو.

بـا وا دابنێیـن سـەدام لـە ژیانـدا مـاوە و بـە سـیفەتی سـەرۆکی لادراو، تانـەی لـە بڕیـاری دادگـە داوە، سـەدام زۆر بـڕوای بەخۆبـوو و لـەو بڕوایـەدا بـوو هێشـتا کاریگەریـی سیاسـیی مـاوە، ئەگـەر ئـەم ئەگـەرە وابێـت، ئـەوا هیـچ کەسـایەتییەکی سیاسـیی عێـراق لـە دواڕۆژی خـۆی دڵنیـا نەدەبـوو مـادام ئەگەرێـک بـۆ گەڕانـەوەی سـەدام و لایەنگرانـی لەئارادایـە و دوور نییـە جارێکـی تـر دەسـەڵات بگرنـەوە دەسـت. دیمەنەکانـی نێـو دادگـە عێراقییەکـە ئەوەمـان پێدەڵێـت کـە ئەگـەر سـەدام لـە دادگەیەکـی دیموکراسـیدا دادگایـی بکرایـە، دوور نەبـوو بێتـاوان دەربچێـت و ئـازاد بکرێـت.

لەڕاسـتیدا ئەمەریـکا، سـەدام حوسـێنی لـە شـەڕی کەنـداودا نەکوشـت، چونکـە ئەمریکییەکان پێیانوابـوو هێشـتا ڕۆڵـی سـەدام بەکۆتـا نەهاتـووە، ئەمـڕۆش نەیکوشـت کـە تۆمـاری تاوانەکانـی سـەدام هەڵدەدرێتـەوە و چەکـەرە لـە بەردەوامبوونـی گەمەکـە دەکرێـت لەگەڵیـدا، پێدەچێـت ئـەو وا بزانێـت هێشـتا وەکـو بـن لادن ڕۆڵـی سیاسـیی لـە ناسـەقامگیریی ناوچەکـەدا مابێـت، بۆیـە پێشـبینی شـوێنی دادگاییکردنەکـەی دەکـرا ئاخـۆ لـە عێـراق یاخـود دەرەوەی عێـراق دادگایـی دەکرێـت، ئەمـەش نـەک تەنیـا ناڕەزایـی هاوواڵاتیانـی ئاسـایی عێـراق، بەڵکـو ناڕەزایـی گـەورە بەرپرسـانی حکومەتـی کاتیـی عێراقیشـی لێدەکەوێتـەوە.

ئیبراهیـم جەعفـەری، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق وایدەبینێـت دادگاییکردنـی سـەدام لـە دەرەوە مایـەی قبووڵکـردن نییـە، چونکـە ئـەم دادگاییکردنـە پرسـێکی نێوخۆیـی عێراقییـە و پێویسـتە لەنێـو خاکـی وڵاتـدا بەڕێوەبچێـت و نەگواسـترێتەوە وڵاتێکـی تـر. دوای ڕفانـدن و کوشـتنی پارێزەرێـک کـە ئەندامـی دەسـتەی داکۆکیـکار بـوو لـە سـەدام حوسـێن و داوای گواسـتنەوەی دادگاییکردنەکـەی دەکـرد، جەعفـەری لـە وەڵامـی ئەوانـەی بەنـاوی داکۆکیکـردن لـە مافەکانـی مـرۆڤ ئـەم داواکارییەیـان خسـتبووەڕوو، گوتبـووی: ڕەنگـە کوشـتنی ئـەم پارێـزەرەش هـەر بـە مەرامـی ڕێخۆشـکردن بێـت بـۆ گواسـتنەوەی دادگاییکردنەکـە بـۆ شـوێنێکی دیکـە ئەنجامدرابێـت»[١٩].

چەنـد کەسـێکی نەنـاسراو، پارێـزەر سـەعدوون عەنتـەر جەنابییـان لـە نووسـینگەی پارێزوانیـی خـۆی لـە بەغـدا ڕفانـد و دواتـر تەرمەکـەی لەسـەر شـەقامێکی بەغـدا دۆزرایـەوە کـە شـوێنەواری چەنـد گوللەیەکـی بـە کەللـە سـەرییەوە دیاربـوو. پـاش ئـەم

ڕووداوە پارێزەران داوای پاراستنی سەلامەتیی گیانیان لە حکومەت کرد و گواستنەوەی دادگاییەکەیان دووپاتکردەوە. دەسەڵاتدارانی عێراق ئەم داوایەی ڕەتکردەوە و بەڵێنی دا گیانی پارێزەران و داکۆکیکاران لە مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت. حوسێن عەلی کەمال، جێگری وەزیری ناوخۆی عێراق گوتی: «بڕیارمان دا چەند ڕێکارێکی پێویست بگرینەبەر بۆ پاراستنی سەلامەتیی گیانی پارێزەران و ڕێکارەکان نهێنین و ئاشکرایان ناکەین» دەسەڵاتدارانی عێراق پێشتر ڕێکاری لەمجۆرەیان تەنیا بۆ داواکارانی گشتی و دادوەرانی بەشدار لە پرۆسەکە گرتبووەبەر. ناوەکانیان ئاشکرا نەکرابوو و لە دانیشتنی یەکەمی دادگا تایبەتەکان بە تاوانەکانی ڕژێمی سەدام ڕووخساریان لە پەخشە تەلەفزیۆنییەکاندا دەشاردەوە. ئەم ڕێکارانەیان بە ڕەزامەندیی سەرۆکی دادگە و داواکاری گشتی بۆ جێبەجێکرا کە پێش کۆبوونەوەکە ناوەکانیان ئاشکرا کرا.

هەڵبەت ئەمەریکاش ڕازی نابێت سەدام تاوانبار نەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو کۆتایی هەر لە بەرژەوەندیی جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆیان بەکاریدێنن. ئەمڕۆ سەدام سیمبولی بەرگریکردنە و ئەگەر لە زیندانیشدا بێت هەر ئەو سیمبولەیە، ئەوانەشی کە بە سیمبولی دادەنێن مەحاڵە لەگەڵ ئەوانەی داوای دابەشکردنی عێراق دەکەن ئاشت ببنەوە و هەتاکو دوا دڵۆپە خوێنیان دەجەنگن و وا دەزانن شتێکیان پێدەگۆڕدرێت. ئاشکراشە مەسعود بارزانی کە سیاسەتوانێکی ژیر و بە ئەزموونە، چالاکییە سیاسییەکانی لایەنگرانی سەدام حوسێن و حزبی بەعس بەدوورنازانێت لە عێراق.

لەگەڵ ئەوەشدا عێراق ئێستا بە فیعلی دابەشکراوە یاخود نیمچە دابەشکراوە، هەموو ئەو وڵاتانەی ئەمەریکا بەناوی «گەڕاندنەوەی دەسەڵات» دەستی لە کاروباریان وەرداوە، دابەشبوونە، بۆ نموونە یۆگسلاڤیا و ئەفگانستان، ئەمڕۆش عێراق، ڕەنگە سبەی نۆرەی لوبنان، سووریا و ئێرانیش بێت. هەرچەندە لە بنەڕەتدا هەلومەرجی دابەشکردنی عێراق پێشوەختە ئامادەکرابوو، دەکرێ ئەمەریکا ڕۆڵێکی شارستانیانە بگێڕێت و دابەشکردنەکە لەسەر بنەمای فیدراڵیزم جیبەجێ بکات هەروەکو ئەوەی لە چەندین وڵاتی دنیادا پێڕەوکراوە، کەچی ئەمەریکا ڕێچکەیەکی جیاوازتری گرتەبەر.

لە ڕاستیدا ئاراستەیەک بۆ پێکهێنانی کانتۆنەکان لە تەواوی ناوچەکەدا هەیە کە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە و لەلایەن ئەمەریکاوە پێشنیازکراوە: یەکخستنی ناوچەکە، لە هەمان کاتیشدا دابەشکردنیان بەسەر چەند پێکهاتەیەکی بچووک. بۆیە ئەو دەستوورەی عێراقییەکان لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دەنگیان پێدا، لە بنەڕەتدا بۆ دابەشکردنی عێراق داڕێژراوە نەک بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکەکەی و مانەوەی بە دەوڵەتێکی یەکگرتوو. پێویستە ئەوەش وەبیر خۆمان بێنینەوە کە دەستووری نێوبراو بە پشتیوانیی کورد و شیعە تێپەڕێندرا، هەرچەندە تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە پێکهاتەی عێراقی ئایینده لەنێوان کورد و شیعەدا هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا بووە دەستووری هەمیشەیی عێراق، سەرباری ئەمەش خۆ دابەشبوونی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ەوە بووەتە دیفاکتۆیەک و لەوساوە ناوچە کوردییەکان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا نەماوە و خراوەتە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتییەوە. ئەمەریکا وای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیاندووە کە مەبەستی یەکپارچەیی خاکی عێراقە و لە باشووری سوودانیشدا هەمان ڕێچکەی گرتووەتەبەر، بەڵام چاودێران و پسپۆڕان پرسەکە بە پێچەوانە دەبینن و هەڵسوکەوتی ئەمەریکا بەوە لێکدەدەنەوە کە وڵات بەرەودابەش کردن دەبات نەک یەکگرتن. لەگەڵ ئەوەشدا پرسی ئۆتۆنۆمی یاخود سەربەخۆیی باشووری کوردستان هەر دەبێت لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئیقلیمی و گەرەنتیی نێودەوڵەتیدا بێت[٢٠].

دەبا ئێستا چەند بەندێکی دەستووره نوێیەکەی عێراق شیبکەینەوە:

ماددەی یەکەم (١): کۆماری عێراق، دەوڵەتێکی سەربەخۆیە سییتەمی حوکم تێیدا کۆماری پەرلەمانی دیموکراسی فیدراڵییە. ئەمڕۆ لە سایەی داگیرکاریی ئەمەریکادا ناکرێ باس لە سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراق بکرێت. لە ئەگەری پاشەکشەی هێزەکانی داگیرکاریی ئەمەریکاشدا دوور نییە وڵات نغرۆی شەڕێکی نێوخۆی درێژخایەن بێت و هەموو هەلومەرجەکانی ئەم شەڕە ناوخۆییەش ئامادەن، کەسیش ئەوە بە دوور نازانێت کە لە ئایندەیەکی نزیکدا عێراق سەربەخۆ بێت، کەواتە هێشتا دەستوور نەخراوەتە واری جێبەجێکردنەوە.

ماددەی دووەم (١): ئیسلام ئایینی فەرمیی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانانە.

ا نابێت یاسایەک دابنرێت پێچەوانەی نەگۆڕەکانی ئەحکامی ئیسلام بێت.

ب نابێت یاسایەک دابنرێت پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسییەت بێت.

ج نابێت یاسایەک دابنرێت پێچەوانەی ماف و ئازادییە سەرەکییەکانی ئەم دەستوورە بێت.

(٢): ئەم دەستوورە زامنی پاراستنی ناسنامەی ئیسلامە بۆ زۆرینەی گەلانی عێراق، هەروەک زامنی تەواوی مافە ئایینییەکانە بۆ سەرجەم هاووڵاتیان لە ئازادیی بیروباوەڕ و پراکتیزەکردنی ئایینی بۆ، کریستیان، ئێزدی، سابئە و مەندائییەکان.

لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیەی دەستووردا پێکناکۆکییەک بەدیدەکرێت. ئەگەر ئیسلام، یاخود شەریعەت سەچاوەی یاسادانان بێت ناتوانرێت بە شێوەیەکی یاسایی ئەو مافانەی لە بڕگە دووداهاتووە زامن بکرێت، چونکە ئێزدی، سابئە، مەندائی، حوسێنییەکان و ئەوانی دیکە بەپێی ئایینی ئیسلام دانیان پێدانانرێت. یاساناسانیش دەتوانن چاوپۆشی لە چەند کێشەیەکی یاسایی بکەن.

ماددەی حەوتەم: «....نابێت بەعسییە سەدامییەکان لە چوارچێوەی فرە حزبیدابن».

ئەم بڕگەیە ناڕوونە، مادام لایەنگرانی بەعس لە وڵاتدا دەمێنن، ڕوون نییە کە بەعسییە ناسەدامییەکان لە چوارچێوەی فرە حزبیدا هەژمار دەکرێن یاخود نا؟

ماددەی نۆیەم: ...هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگا ئەمنییەکان لە گەلانی عێراق پێکدەهێنرێت کە لەگەڵ ڕێژەی پێکهاتەکانی عێراقدا بگونجێت بەبێ جیاوازیکردن یاخود پەراوێزخستنی هیچ پێکهاتەیەک و بخرێتە ژێر فەرماندەیی دەسەڵاتی مەدەنی ... هتد.

بڕگەیەکی ئەم ماددەیە ئاماژە بەوە دەدات کە پێکهێنانی میلیشیای سەربازی لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزە چەکدارەکاندا قەدەغەیە. ئەدی لەم حاڵەتەدا چارەنووسی پێشمەرگە بەچی دەگات؟ کە بەپێی چەند ڕاپۆرتێک ژمارەیان نزیکەی ٨٠ هەزار چەکدارە. ئایا دەبنە بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی عێراق یاخود هەر لەژێر

دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستاندا دەمێننەوە؟ ئەم پێشمەرگانە لە دیدی چەند کوردۆلۆژییەکدا زامنی مانەوەی سەربەخۆیی کوردانن لە باشووری کوردستان. بەبێ گوێدانە ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی پێشمەرگەدان، هەر لەژێر فەرماندەیی فەرماندە سەربازی و سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا دەمێننەوە. ئەزموونی مێژوویی و سیاسیی کوردی باشوور ڕێگەیان پێنادات هێزی پێشمەرگە هەڵبوەشێننەوە یاخود بخزێننە نێو ڕێزەکانی سوپای نیشتمانیی عێراق.

ماددەی سێزدەیەم: هەر دەقێکی نێو دەستوورەکانی هەرێم یاخود هەر دەقێکی یاسایی دیکە پێچەوانەی ئەم ماددەیە بن پووچەڵ دەکرێنەوە. ئەگەری زۆرە دەقی ئەم ماددەیە مشتومڕێکی زۆر هەڵبگرێت، چونکە شیعە و کورد ئۆتۆنۆمییەکی فرەوانیان دەوێت و سوننە دژی دەوەستێتەوە، سەرباری ئەوەی کە هەردوو پێکهاتەی شیعە و سوننە هێندە پەرۆشی چەسپاندنی حکومەتی عێراق نین و نایانەوێت ئەو مەرکەزییەتەیان بەسەردا بسەپێنرێت. دووا جاریش دەبێتە کۆسپێک لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژە ئیقلیمییەکانیان (لەبەر هۆکاری نەتەوەیی یاخود ئایینی).

ماددەی یازدەیەم: نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە، ماددەی ١١٢ش: حکومەتی فیدراڵی سەرپەرشتیی دەرهێنانی نەوت گاز دەکات لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکانی بەرهەمهێن، داهاتەکەشی دابەروەرانە بەسەر تەواوی عێراقدا دابەش دەکرێت بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوان، بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش پشکێک بۆ هەرێمە زیانپێگەیشتووەکان تەرخان بکرێت کە لە سەردەمی بەعسدا بێبەشکرابوون بەجۆرێک کە هاوتەریب بە ناوچەکانی دیکەی وڵات داهاتیان بە مەبەستی بووژانەوە بۆ تەرخان بکرێت، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

ئەم ماددەیە، ماوە و ڕێژەی ئەو داهاتە دیاری ناکات کە بۆ هەرێمە زیانلێکەوتووەکان تەرخان دەکرێت. ئەم کۆتایە حکومەتی عێراق دیاریی دەکات کە کورد و شیعە زۆرینەیان پێکهێناوە، بێجگە لەم ناوچانە، ناوچەی ناوەڕاستی عێراقیش بەهۆی هێزشی هێزەکانی هاوپەیمانان و بەردەوامبوونی بەرەنگاربوونەوەی بەشێک لە دانیشتوانی عێراق تاوەکو ئێستا نازانرێت بڕی ئەو پشکە چەندە کە بۆیان تەرخان دەکرێت.

پرسی دەستوور قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت، ئاخۆ لە بارودۆخێکی وەهای عێراق چۆن دەتوانرێت پارسەنگی بەرژەوەندییەکانی هێزە سیاسییە جیاوازە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ڕابگیرێت، جا دەستوورەکە هەرچەند نموونەییش بێت، خۆ پرسیارەکە لە خودی دەستوورەکەدا نییە، بگرە پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە ئەم دەستوورە لە سایەی شەڕ، داگیرکاری، نەبوونی سازانی نێوان هێزە سیاسیی و ئایینیەکان و تەنانەت نەسازانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا دەنگی پێدراوە. لەنێو کوردی باشووریشدا هاوڕایی لەسەر دۆخی باشووری کوردستان دروست نەبووە. بەپێی لێدوانەکانی نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان «کورد هەڵپەی سەربەخۆیی ناکات، بەڵام ئامادەش نییە لە چوارچێوەی عێراقێکدا بمێنێتەوە کە حکومەتەکەی لە بەغدا ئامادە نەبێت داواکارییە بنەڕەتییەکانی کورد لە دوای هەڵبژاردنەکان جێبەجێ نەکات- سێ هێڵی سوور- هەن پێویستە حکومەتی عێراق – نەیانبەزێنێت- ئەگەر عەرەب بە فیدراڵیزم ڕازی نەبێت ... ئەگەر عەرەب سوور بوون لەسەر چەسپاندنی سیستمی تیۆکراتی...ئەگەر ئەو کوردانە نەگەڕێننەوە کوردستان کە بە کاری تیرۆریستی تۆمەتبار کراون، ئەوکات کوردی باشوور چیدی عێراقی نین»[٢١].

پرسی دابڕینی باشووری کوردستان لە عێراق، بووەتە بابەتی سەرەکیی گفتوگۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ کوردی باشوور داواکارییەکیان داوەتە بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەک ملیۆن و ٧٠٠ هەزار کەس واژووییان لەسەر کردووە و داوای ئەنجامدانی ڕاپرسییەک دەکەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ. هەمان داواکاری درایە سەرکردایەتیی ئیستای عێراق، بەڵام ڕەتکرایەوە. بزووتنەوەی ڕاپرسیی کوردستان، لە ڕۆژی دەنگدانەدا سندووقێکی تری دەنگدانیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە بنکەکانی دەنگدان دانا، شێرکۆ بێکەسی شاعیر سەرۆکایەتیی بزووتنەوەکەی دەکرد و لە فۆرمێکدا ئەم دوو بژاردەیەیان خستبووە بەردەم دەنگدەرانەوە: ئاخۆ تۆ لەگەڵ ئەوەدایت بە بەشێک لە عێراق بمێنیتەوە یاخود لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندایت؟

لە لێدوانی سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان لەمەڕ جودابوونەوە لە عێراق و ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ ڕاپرسییەکە گیرانەبەر، نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوون کە کوردی باشوور بە پراکتیک لە ئایندەیەکی نزیکدا ئامادەباشی بکەن بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان. ئەنجامی ڕاپرسییەکەش بەم شێوەیە بوو: ٩٠٪ی بەشداربووان لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا بوون و تەنیا ١٠٪یان پشتگیریی مانەوە دەکەن لەگەڵ عێراق[٢٢].

لەڕووی فەرمییەوە دەبووایە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێوەندییان بە ڕاپرسییەوە نەبووایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لێدوانەکانی سەرکردە کوردەکانی پێش هەڵبژاردن لێکبدەینەوە، بۆمان ڕوونەبێتەوە کە هەریەک لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی پشت بە جەماوەری خۆیان دەبەستن و ئەگەر سەربەخۆیی کوردستانیان هەڵبژارد، پشتیوانیی خواستی لایەنگرانیان دەکەن. چاودێرانی سیاسی وایدەبینن کە بەم دواییە هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەقبوو، چونکە سەرباری ئەو هەموو مەرجە پێشوەخت و ڕێککەوتننانە، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم دوو حزبە هێشتا هاوشێوەی «دوو دەوڵەتی بچووکن». ئەندامێکی پارتی دیموکراتی کوردستان أ. حەمید تێبینیی ئەوەی کردووە، «لە دیدی حزبە عەرەبییەکان، کورد خاوەن شکۆی خۆیانن، چونکە چوار ملیۆن کورد لە سێ پارێزگادا یەکیانگرتووە و وەکو دوو حکومەتی تەواو سەربەخۆن».

بێجگە لە کوردی هەرێمی کوردستان، کوردی فەیلیش هەن لە بەغدا و ناوچە سنووریيەکانی نێوان عێراق - ئێرانـدا دەژین و شیعە مەزهەبن. لە ئێستادا دوو حزبی سیاسییان پێکهێناوە: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردی فەیلی عێراق و ڕێکخراوی ئازادیخوازانی کوردی فەیلی، هەردوو حزب بەشداریيان لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا کرد، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردی فەیلیی عێراق بەجودا و بە لیستێکی سەربەخۆ، ڕێکخراوی ئازادیخوازانی کوردی فەیلیش هاوپەیمانیی لەگەڵ لیستی - دادگەری و ئایندە- دا کرد. ئامانجی سەرەکیی هەردوو حزبەکە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بوو لە عێراق کە ڕێز لە مافە سیاسی و ئاینییەکان بگرێت. کوردی فەیلی بە تونـدی ڕووبەڕووی هەر ڕێکارێک دەبنەوە

کـە داوای جوداکردنـەوەی باشـووری کوردسـتان لـە عێـراق دەکات، چونکـە ئەگـەر هـات و پرۆسـەی سـەربەخۆیی کوردسـتان سـەربگرێت، ئـەوان لـەوە دەترسـن کـە لـە عێـراق بەتەنیـا وەکـو کەمینەیەکـی نەتـەوەی کـورد لەنێـو عەرەبـدا دەمێننـەوە.

ئـا بـەم شـێوەیە حزبـە کوردسـتانییەکان خەبـات لەپێنـاو بەدیهێنانـی مافەکانیـان دەکـەن و شـێواز و ڕێچکـەی جیاوازیـان بـۆ ئـەم ئامانجـە گرتووەتەبـەر[٢٣].

بەشـێک لـە گەلانـی عێـراق بەرەنگاربوونـەوەی هێزەکانـی داگیرکاریـی ئەمەریکایـان هەڵبـژارد و لەبـری هاوکاریکردنـی ئـەو هێزانـە کاری تیرۆریسـتییانەیان لـە دژیـان ئەنجـام دا، هێزەکانـی هاوپەیمانانیـش نەیانتوانـی بەتـەواوی لەناویـان بـدەن، بۆیـە پەنایـان بردەبـەر لایەنێکـی دیکـە و ئەرکـی لەناوبردنـی سـەرجەم ڕێکخراوەکانـی جیهانـی عەرەبی-ئیسـلامیی خسـتە ئەسـتۆیان، تەنانـەت ڕێکخـراوە عەلمانییەکانیـش، بۆیـە پەرەسـەندنی گرووپـە ئیسـلامییەکان لـە عێـراق هەروەکـو لـە ژمارەیـەک لـە وڵاتانـی دیکـەی ئیسـلامی بـە ڕێککـەوت نازانرێـت کـە پێدەچێـت ئەمەریـکا شـەڕی دژی ئەوانیـش ڕاگەیاندبێـت، جـا لـە دوای ئاسـاییبوونەوەی هەمـوو شـتێک، ئـەو لایەنانـە دەسـت دەکەنـە ڕکابەریکردنـی ململانێـی دەسـتبەرداگرتنی سـەرچاوەکانی وزە لـە ناوچەکـەدا.

ئالینکارییەکانـی ئامادەباشـیکردن بـۆ بەڕێوەبردنـی هەڵبژاردنـە پەرلەمانییەکـە و پرۆسـەی سـەختی پێکهێنانـی حکومەتـی عێراقـی پـاش سـەدام حوسـێن تەنیـا پەیوەسـت نییـە بـە ناکۆکییـە نێوخۆییەکانـی وڵات، بگـرە بەنـدە بـە ململانێـی گۆڕەپانـی سیاسـیی نێودەوڵەتیشـەوە، دوو هەفتـە پێـش پرۆسـەی هەڵبژاردنـەکان چەندیـن پرسـی ئابڕووبەرانە سـەبارەت بـە عێـراق بەرپابـوو[٢٤]. بـە هیـوای کەمکردنـەوەی ژمـارەی ئـەو کەسـانەی دەچوونـە پـاڵ گرووپـە چەکدارییـەکان، واشـنتۆن هەوڵـی دەدا لـە ڕێگـەی میدیاکانـی عێراقـەوە وێنەیەکـی ئەرێنیـی هێزەکانـی هاوپەیمانـان پیشـان بـە هاووڵاتیـان بـدات لـە ئەوروپـاوە ڕیزەکانـی هێـزی هاوپەیمانـان ڕێکبخاتـەوە، چونکـە دەرکـەوت ئـەو خۆکـوژەی خـۆی بـە کاروانێکـی سـەربازیی هێزەکانـی ئەمەریـکا تەقاندووەتـەوە لـە تشرینـی دووەمی ٢٠٠٥ هاووڵاتییەکـی بەلجیکـی بـووە. لـە ڕاستیشـدا ئـەوەی وێنـەی هێـزە بیانییەکانـی ناشـیرینتر کردبـوو، ئـەو بەکرێگیـراوە بەریتانییانـە بـوون کـە هـەر بـۆ خۆشـیی خۆیـان تەقەیـان لـە ئۆتۆمبێلـی هاووڵاتیـی سـڤیل دەکـرد[٢٥].

هەرچەندە جۆرج بوش دەڵێ پاشەکشەی کتوپڕی سەربازانی ئەمەریکا هەڵەیەکی کوشندەیە، بەڵام لەچوارچێوەی ئەوەی پێیدەڵێن ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن لە عێراق، بەشداریی ئەو کۆبوونەوانە دەکات کە باس لە گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات بۆ نیشتمان و وایدەبینێت کە کەمکردنەوەی قەبارەی هێزە سەربازییەکان و کۆتاییهێنان بە مانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بەندە بە سەرکەوتنی پێکهێنانی هەیکەلییەتی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، هاوکات دووپاتیشیکردووەتەوە کە واشنتۆن خوازیاری خولقاندنی دۆخێکە بۆئەوەی بەرەبەرە دەست بە کشاندنەوەی هێزەکانیان بکەن[٢٦].

بەڵام کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا لەئارادا نییە، لەبەرئەوەی: ئەوان نەهاتوون دیموکراسییەت لە عێراقدا بەرقەرار بکەن (یاخود لە کەنداوی قارسی یان لە ئەفگانستان) و بگەڕێنەوە. بەڵکو هاتوون ڕاستەوخۆ دەست بەسەر سەرچاوەکانی وزەی ناوچەکەدا بگرن. ئەمەریکا درکی بەوەش کردووە کە لە سیستەمی جیهانیی ئێستادا، کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشانی هێزەکانی دیکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەم ناوچەیە.

ن. ف. ستیبانۆڤا لەوباوەڕەدایە بەردەوامبوونی دڵنیانەبوون لە بارودۆخی عێراق، کاریگەریی لەسەر باشووری کوردستانیشدا دەبێت کە تاوەکو ئێستا ئایینەدەی دیارنییە و ناڕوونە، ڕەنگە بیرۆکەی ئەو فیدراڵیزمەی کوردی باشوور خستوویانەتەڕوو ببێتە بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سەدەی بیست و یەکدا[٢٧].

بەم شێوەیە بۆمان ڕوونەدەبێتەوە کە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئاساییکردنەوەی دۆخی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، بەندە بە سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە، لە ئێستادا چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق کاری هەرە لەپێشینەی ئەمەریکا نییە، بەڵکو پرسەکە بە فاکتەرێک دادەنێن کە توانای شڵەژاندنی سەقامگیریی ئەو ناوچانە یاخود ئەو دەوڵەتانەی هەیە کەوا لە چوارچێوەی چەمکی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورەدا دەبنە - کانتۆنەکان- .

لەڕاستیدا ڕەنگە جێبەجێکردنی سیستەمی فیدراڵیزم لە عێراق بەپێی دەستووری نوێ عێراق چارەسەرێکی ئەرێنی بێت بۆ کێشەکانی عێراق، ئەمەش

کاتێک ڕووەدات کە ئەگەر پرۆسەکە بە شێوازێکی شارستانییانە جیبەجێ بکرێت. لەلایەکی دیکەوە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە بەدوور دەزانرێت لە سایەی داگیرکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خەباتی چەکدارانەی گرووپە عێراقییەکانیش لەئارادابێت، دووریش نییە ببێتە هۆی پەرەسەندنی ئاڵۆزیی سیاسیی نێوخۆ و هەڵکشانی کێرقی تووندوتیژی لە ولاتدا.

کێشەی کوردی باشوور هێشتا دووەم لە چارەسەرێکی لۆژیکانە، ڕەنگە تاکتیکی ئەو خەباتە نەتەوەییەی کورد لەم قۆناغەی ئێستادا هەڵیبژاردووە، ڕاست بێت (ئەگەر لایەنێکی دیکە نەیانداتێ)، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسیان تەنیا پشت بە ئەمەریکا نابەستێت، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆریش پشت بە هەماهەنگیی ڕێکارەکانی ئەم پرسە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبەستێت.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- Ж. «Ас-сияса ад-давлиа» (Международная политика), № 152, Каир, 2003 г. Ст. 85.

2- Н.В.Степанова. Проблема курдов в Ираке. Сборник статей: «Этносы и конфессии на Востоке: проблемы и взаимодействие». М., 2005, с. 211.

3- Независимая газета (НГ) 14.10.05.

4- НГ 26.10.05 г.

5- Н.В.Степанова. Указ соч., с. 211.

6- Журнал «Аль-маджалля», № 1310, (20-26)03.2005 г.

7- «Аль-маджалля», № 1317 (8-14).05.2005 г.

8- Там же.

9- Примечательно, что Лондон становится местом для убежищы различных категорий людей, причастных и к террору и к другим серьезным преступлением экстремистского характера.

10- Коммерсант 13.10.05.

11- Время новостей 14.10.2005.

12- Н.В.Степанова. Указ, соч., с. 214-215.

13- Председатель национального совета Ирака в интервью журналу «Аль-маджалля» прямо сказал, что «мы хорошо знаем, что американцы пришли в Ирак не ради «красивых глаз иракцев».

14- По данным журнала «Ас-сияса ад-даулийа» (Международная политика) эта станция принадлежала ЦРУ- № 136 1999 г. Каир.

15- Там же, с. 83.

16- Ж. «Ас-сияса ад-даулийа», № 152, апрель, 2003 г.

17- Е.В.Загорнова «Этапы становления и взаимоотношения наиболее влиятельных курдских партий».- В сб. «Ближний Восток и современность», № 26, с. 192.

18- Там же.

19- Коммерсант 25.10.2005.

20- «Ас-сияса ад-даулийа», № 152, апрель, 2003, с. 90.

21- «Курдистан сегодня»- движение. См. Е.В.Загорнова. «Этапы становления и взаимоотношения наиболее влиятельных курдских партии».- В сб. «Ближный Восток и современность». № 26, с. 192.

22- Там же.

23- Там же.

24- Некоторое время ранее итальянские СМИ показали кадры об использовании белого фосфора во время бомбардировки Эль-фаалуджа.

25- Независимая газета, 02.12.05.

26- Там же, 01.12.05.

27- Н.В.Степанова. Указ соч., с. 215.

کاریگەریی قەیرانی عێراق لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کۆماری تورکیا

س. ب. درۆجیلۆفسکی

لە ئێستادا نزیکەی ١٠ ملیۆن کورد لە تورکیا دەژین، ئەوان پەستێنراونەتە ئەو هەشت پارێزگایانەی کەوتوونەتە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات. کوردی باکوور بەپێچەوانەی تورکەکان بە دوو شێوەزاری زمانی کوردی- زازاکی و کرمانجی دەدوێن و ئەم دوو شێوەزارە نزیکترن لە زمانی فارسی نەک تورکی. ڕەنگە کورد تاکە کەمینەی نەتەوەیی سەر خاکی تورکیا بن لەگەڵ سیاسەتی ئاسمیلەکردنی حکومەتی تورکیادا ئاشت نەبووبێتنەوە کە لە ساڵی ١٩٢٣وە لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا پێڕەو دەکرێت. لە یەکەمین دەستووری کۆماری تورکیا کە لە ساڵی ١٩٢٤ دانراوە، تورکیا سەرجەم هاوواڵتیانی ئەوکاتی تورکیای بە نەتەوەی تورک دانـاوە و نکووڵی لە بوونی نەتەوەیەکی غەیرە تورک کردووە، کوردیش هەر لە سەرەتاوە ئەم دۆخەی قبووڵ نەبووە و بەپێی پەیماننامەی سێڤەری ساڵی ١٩٢٠ نێوان تورکیا و هێزەکانی کۆنکۆرد ماف دراوەتە کوردی باکوور، سەربەخۆیی خۆیان لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە ڕابگەیەنن، کەچی پەیماننامەی لۆزان هەموو ئاواتی کوردی لەباربرد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی خۆیان لەسەر دەستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئینجا یەکەمین ڕاپەڕینی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا سەریهەڵدا کە زۆر دڕندانە لەلایەن حکومەتی کۆماری تورکیا سەرکوت کرا.

لە دوای ئەم ڕاپەڕینەوە، دەسەڵاتدارانی تورک بە بەردەوام دووپاتیان دەکردەوە کە لە تورکیا کێشەیەک نییە بەناوی کێشەی کورد و هەتاکو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەم سیاسەتەیان بۆچووەسەر، دواتر «تورکانی چیا»یان بە فەرمی بەسەر کوردی باکوور سەپاند و کێشەی کوردیان خستبووە ژێر کرنتڕۆڵی خۆیان، لەهەمان کاتیشدا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لەوپەڕی لاوازیدا بوو، بەم

شـێوەیە کـوردی ئـەوێ دووڕەپەڕێـز دەژیـان و پێوەندییـە خێڵەکییـەکان بەیەکەوەیانـی بەسـتبووەوە و باوکسـالاری بـاوی بـوو.

بـەڵام لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانـدا ئـەم پێوەندییـە خێڵەکییـە کوردییـە بەخێرایـی هەرەسـیهێنا و تـەواوی شـار و شـارۆچکەکانی گرتـەوە و شـەپۆلێکی هۆشـیاربوونەوە بـۆ ناسـنامەی ناسیۆنالیسـتی کـورد و ڕێکخسـتنی بەشـێکی زۆری دانیشـتوانی ناوچـە کوردنشـینەکانی گرتـەوە.

ئـەم پرۆسـەیە لەگـەڵ دامەزراندنـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٨ دەسـتیپێکرد کـە پارتێکـی یاسـاغ بـوو لـە تورکیـا و بەپێچەوانـەی حزبـە کوردییەکانـی دیکـە لەسـەر بنەمـای خێڵەکـی دانەمـەزرا، بەڵکـو هەمـوو ئـەو کەسـانەی لەخـۆ کۆکـردەوە کـە ئامادەییـان تێدابـوو لەپێنـاو ڕزگاریـی گەلـی کـورددا بجەنگـن. لـەدوای کودەتـا سـەربازییەکەی ١٩٨٠ ئـەم حزبـە بـە سـەرکردایەتیی عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان تورکیایـان بەجێهێشـت و پەناگەیەکیـان لـە دەشـتی بیقاعـی لوبنانیـدا دۆزییـەوە کـە لەژێـر دەسـەڵاتی سـووریا بـوو، چەنـد سـاڵێک بـەم شـێوەیە مانـەوە و توانییـان چەکـدار لەخۆیـان کۆبکەنـەوە و سـەرچاوەی دارایـی بدۆزنـەوە، هـەر لەوێشـەوە بانگەشـە بـۆ حزبەکـەی خۆیـان بکـەن و لـە ناوچـە کوردنشـینەکانی باکـووری کوردسـتان بڵاوبیکەنـەوە. ئـەوکات حکومەتـی تورکیـا چالاکییەکانـی ئـەم حزبەیـان پشتگوێخسـتبوو و وای بـە هاوواڵاتیانـی تـورک نیشـان دەدا کـە هیـچ بزووتنەوەیەکـی کـوردی باکـوور لەئـارادا نییـە، ئەوانیـش ئـەم پشتگوێخسـتنەی حکومەتیـان بـە هـەل دەزانـی و چالاکییەکانیـان چڕکردبـووەوە.

کاردانـەوەی حکومەتـی تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٨٤ دەسـتیپێکرد، کاتێـک پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان خەباتـی چەکدارانەیـان ڕاگەیانـد لەپێنـاو دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەرخۆ بـۆ کـوردی باکـوور لـە تورکیـا، لەوسـاوە ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکدارانـە لەنێـوان گەریلاکانـی پەکەکـە و هێـزە چەکدارەکانـی تورکیـا دەسـتیپێکرد و شـەڕێکی نێوخۆیـی بەرفرەوانـی لـە ناوچەکانـی باشـووری ڕۆژهـەڵات بەرپابـوو. هەتاکـو سـاڵی ١٩٩٩ کە سـاڵی دەسـتگیرکردنی عەبدوڵـڵا ئۆجـەلان بـوو(٣٠) هـەزار کـەس بوونـە قوربانیـی ئـەم شـەڕ و پێکدادانـە کـە زۆربەیـان خەڵکـی سـڤیل بـوون و (٣) هـەزار گونـد وێرانکـران و دوو ملیـۆن ٥٠٠ هـەزار

کورد ئاوارەبوون و جێگەی خۆیان جێهێشت و ڕوویانکردە ناوچەکانی دیکەی وڵات[1].

دوای ئەوەی خەباتی چەکدارانەی پەکەکە لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤دا دەستیپێکرد، بە هێواشی هەتاکو ساڵی ١٩٩١ درێژەی کێشا کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە چەند هێرشێکی تیرۆریستانە چڕکرابوونەوە و تەواوی ناوچە کوردنشینەکان و شارە گەورەکان گرتبووەوە، بەتایبەتیش ئیستەمبوڵ کە ڕێژەیەکی زۆری کوردی تێدا دەژێت و هێندێکیان لایەنگرانی پەکەکەن. بەڵام لە ١٩٩١ەوە و لەگەڵ هەڵگیرساندنی شەڕی کەنداوی فارسی و لە ئەنجامی ئەوەی حکومەتی عێراق دەسەڵاتی بەسەر سنووری باکووری وڵاتدا نەما، تووندوتیژییەکان پەرەیان سەند و کوردی باکوور ئازادانە لە سنووری باکووری عێراقدا هاتوچۆیان دەکرد و ڕێگەیان دۆزییەوە بۆ گواستنەوەی چەک لە عێراق، ئێران، سووریا و لیبیا بۆ نێو هێزەکانی پەکەکە و لەکاتی دادگاییکردنی ئۆجەلانیش میدیاکان ئاشکرایان کرد کە چەکیان لە یۆنان و قوبرسی باشووریش دەگواستەوە.

لە نیسانی ١٩٩١ پەرلەمانی تورکیا یاسای ژمارە ٣٧١٣ی پەسند کرد کە تایبەتە بە دژە تیرۆر و حالەتی نائاسایی لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا ڕاگەیاند کە هاوسنووری عێراق و زۆرینەی کوردنشینن، ئەم ڕێکارانانەی حکومەتی تورکیاش لە کاردانەوەی زیادەبوونی چالاکییە سەربازییەکانی جەنگاوەرانی کوردی باکووڕە.

لە هەمان کاتیشدا میدیاکانی تورکیا ڕایانگەیاندبوو کە سەرۆک تۆرگوت ئۆزاڵ ئەو (تابووانە - محرمات) ی پێشێلکرد کە ٧٠ ساڵە لە ئارادایە و وەک پیرۆزییەک کەس نایبەزێنێت، بۆ یەکەمینجار سەرکردەکانی باشووری کوردستانی بانگهێشتی ئەنکەرە کرد و لەگەڵیاندا کۆبوونەوە. لە شاندە کوردییەکەدا جەلال تاڵەبانی نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و موحسین دزەیی نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەکرد. ئۆزاڵ داوای لە شاندەکەی باشووری کوردستان کرد چیدی هاوکاریی پارتی کرێکارانی کوردستان نەکەن و مافی پەنابەریی سیاسی بە ئەندامان و لایەنگرانیان نەدەن، لە بەرانبەریشدا حکومەتی تورکیا هاوکاریی هەرێمی کوردستان بکات، سەرکردەکانی کورد لە وەڵامی ئۆزاڵدا گوتبوویان: سوپاسی حکومەتی تورکیا دەکەین بۆ ئەو هاوکارییانە، بەڵام سەبارەت بە پرسی

پەکەکە، ڕایانگەیاندبوو کە ئەمە کێشەیەکی نێوخۆیی تورکیایە و ئەوان دەست لە کاروباری نێوخۆی تورکیا وەرنادەن[٢].

لە ٢٠ی شوباتی ١٩٩٢ و لەسەر بانگهێشتی فەرمی حکومەتی تورکیا، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە حزبێکی سەرەکیی باشووری کوردستانە، سەردانی تورکیای کرد و تۆرگۆت ئۆزال سەرکۆماری تورکیا و سلێمان دیمیرێل، سەرۆک وەزیرانی تورکیا پێشوازییان کرد. لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری تورکیا، بەڕێز بارزانی ئەم سێ پرسە گرنگەی خستبووەڕوو:

یەکەم: پێویستە تورکیا بەردەوام بێت لەسەر پێشکەشکردنی هاوکارییە مرۆییەکانی وەک خۆراک و دەرمان، دەست لە کاروباری ئەو وڵاتانەش وەرنەدات کە هاوکاریی کوردی باشوور دەکەن.

دووەم: دەبێ حکومەتی تورکیا ڕێگە بە مانەوەی هێزەکانی نێودەوڵەتی بدات لە بنکەی ئاسمانیی ئەنچەرلیکدا بمێننەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو فڕۆکانەی سەدام حوسێن کە دژی کورد بەکاردەهێنرێن.

سێیەم: نابێت هێزەکانی تورکیا سنووری عێراق ببەزێنن و هێرشی تۆڵەسەندنەوە لە کوردی باکوور ئەنجام بدەن. لایەنی حکومەتی تورکیاش داوایان لە بەڕێز بارزانی کردبوو چیدی پشتگیریی پارتی کرێکارانی کوردستان نەکات[٣].

لە نیوەی دووەمی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ سوپای تورکیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا هێرشی کردە سەر پەکەکە و چەند یەکەیەکی سەربازیی تورکیاش هاتنە نێو خاکی باشووری کوردستان. لە ١٢ی تشرینی دووەمدا سەرکردایەتیی تورکیا لەگەڵ مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ڕێککەوتبوون، قەڵای هاوبەش لەسەر سنووری تورکیا - عێراق دروست بکەن بۆ ڕێگریکردن لە پەڕینەوەی گەریلاکانی پەکەکە. بیرۆکەکەش بەم شێوەیە بوو: (٦٥) قەڵا بە درێژایی ٣٠٠ کیلۆمەتری سەر سنوور دروست بکرێت و هەر قەڵایەکیان ١٠٠ پێشمەرگەی تێدا بێت بۆ دەستگیرکردنی گەریلاکانی پەکەکە کە هەوڵی پەڕینەوەی سنوور دەدەن لە نزیک ئەو خاڵانە. بەڵام ئەوکات ئەم بیرۆکەیە جێبەجێ نەکرا و شەڕی نێوخۆی پارتی و یەکێتی دەستپێکرد

بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئـەم ناوچانـە و پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان سـوودی لـەو ناکۆکییانـەی نێـوان سـەرکردەکانی باشـووری کوردسـتان بینـی و پەڕینـەوە و هاتوچـۆکان هـەر بـەردەوام بـوو. هێرشـی هێزەکانـی تورکیـاش بەردەوامیـی هەبـوو و لـە پێشـڕەویکردن بـۆ نێـو خاکـی باشـووری کوردسـتان بـەردەوام بـوو، چەکـی قـورس و تەنانـەت فڕۆکـەش لـەم هێرشـانەی دژی پەکەکـە بەکارهێـنرا.

لەنێوخـــۆی تورکیـــا ڕێکارەکانـــی ســـوپا لـــە دژی پارتـــی کرێکارانـــی کوردســـتان پێشـــوازییەکی گەرمـــی لێکـــرا و حزبـــە ســـەرەکییەکانی تورکیـــا بـــە تونـــدی پشـــتگیریی لەناوبردنـــی تیرۆریســـتانی کـــورد و پاراســـتنی یەکپارچەیـــی خاکـــی تورکیایـــان دەکـــرد، بـــەڵام چەنـــد وڵاتێکـــی عـــەرەب و ئێـــران ناڕەزایـــی خۆیـــان دژی ئـــەو هێرشـــانە دەربـــڕی و لـــەوە دەترســـان تورکیـــا بـــەم هێرشـــانە هەوڵـــی نزیکبوونـــەوە بـــدات لـــە ســـەرچاوەکانی ســـامانی نـــەوت لـــە ناوچـــەی مووســـڵ.

هەڵبـەت هۆکارگەلێـک هەبـوون بـۆ ئـەم نیگەرانییانـە، چونکـە لەکاتـی ڕاگەیاندنـی کۆمـــاری تورکیـــادا، بەرپرســـان ڕایانگەیاندبـــوو کـــە ویلایەتـــی مووســـڵ بەشـــێکە لـــە خاکـــی تورکیـــا و لێـــی جودانابێتـــەوە. دابڕینـــی مووســـڵ بـــۆ ســـەر نەخشـــەی عێـــراق لـــە ســـاڵی ١٩٢٦ کـــە ئـــەوکات لەژێـــر دەســـەڵاتی ئینتیدابـــی بەریتانیـــدا بـــوو، ئەوســـا و ئێستاشـــی لەگەڵـــدا بێـــت تورکیـــا دابڕینـــی مووســـڵ بـــە ســـتەمێکی مێژوویـــی هەژمـــار دەکـــەن، ســـەرکردەکانی تورکیـــا هەرچەنـــدە بـــە فەرمـــی ئـــەم پرســـەیان لـــە ئەجێنـــدای دانوســـتانە نێودەوڵەتییەکانـــدا نەخســـتووەتەڕوو، بـــەڵام ئێســـتا بـــە بەردەوامـــی بـــاس لـــە پاراســـتنی یەکگرتوویـــی خاکـــی عێـــراق دەکـــەن، کەچـــی ناوبەنـــاو ئـــەو ســـەرکردانە لـــە شـــاردنەوەی هەســـتی تۆڵەســـەندنەوە لـــە عێـــراق ســـەرکەوتوو نابـــن و لـــە نیســـانی ١٩٩٢دا ســـلێمان دیمێرێـــل لـــە دیمانەیەکیـــدا لەگـــەڵ ڕۆژنامـــەی میللییـــەت دەڵـــێ: «هەرچەنـــدە ڕێککەوتنامـــەی لـــۆزان لـــە ســـاڵی ١٩٢٣دا مووســـڵی فڕیدایـــە ئەودیـــوی ســـنووری وڵاتمـــان، بـــەڵام ئـــەو خەڵکانـــەی لەوێـــدا دەژیـــن، بەشـــێکن لـــە ئێمـــە، بۆیـــە بـــەڕای ئێمـــە بەشـــێکە لـــە خاکـــی وڵاتمـــان و هیـــچ پێوەندییەکـــی بـــەو نەخشـــەیەوە نییـــە کـــە لـــە ئێســـتادا بەشـــێکە لـــەو»[٤]. کەســـایەتییەکی نـــاوداری تورکیـــاش کـــە نـــاوی بڵێنـــد ئەجاویـــدە، پشـــتگیریی مانـــەوەی ســـوپای تورکیـــای لـــە باشـــووری کوردســـتان کـــردووە،

ئەگـەر بنکەکانـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانیش لەناوببـەن، هانیـدەدان هەتاهەتایـە لـەوێ بمێننـەوە[٥].

بـەڵام ئەمجـارە بـە ئاگادارییەکـی سیاسـییەوە، حکومەتـی تورکیـا ئامادەبـوو هەڵوێسـتی خـۆی ڕوونبکاتـەوە سـەبارەت بـەو هێرشـانەی لەنێـو سـنووری عێراقـدا ئەنجاچوارچێـوەی دەدات و داوای لـە وەزیرانـی دەرەوەی سـووریا، ئێـران و سـعودیە کـرد کۆببنـەوە. لـە کانوونـی یەکەمـی ١٩٩٢ وەزیرانـی دەرەوەی تورکیـا، سـووریا و ئێـران کۆبوونـەوە و تیشـکیان خستەسـەر دۆخـی باشـووری کوردسـتان.

نوێنـەری میرنشـینی عەرەبیـی سـعودییە بەشـداریی لـەو کۆبوونەوەیـە نەکـرد و وێـڕای ناکۆکییەکانـی نێـوان بەشـداربووانی کۆبوونەوەکـە، لەسـەر خاڵێـک ڕێککەوتـن، ئەویـش ڕێگریکردنـە لـە دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـوردان و جەختیـان لـەو بەنـدە دەسـتوورییە کـردەوە کـە ڕێگـە بـە دابەشـکردنی خاکـی عێـراق نـادات[٦].

لەمـاوەی سـاڵی ١٩٩٣دا توندوتیژییـە سـەبازییەکان لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و باشـووری کوردسـتان فرەوانـتر بـوون، لـە سـاڵی ١٩٩٤یشـدا ڕووبەڕووبوونـەوەی لایەنـەکان گەیشـتە شـەڕی نێوخـۆ. لـە مـاوەی ئـەم سـاڵانەدا، تورکیـا سـاڵانە ٧ ملیـار دۆلاریـان بـۆ لەناوبردنـی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـوردان خەرجکـردووە، لـە ئایـاری ١٩٩٤ بـە فەرمـی ڕاگەیەنـرا کـە ١٥٠ هـەزار سـەربازی سـوپای تورکیـا و ١٥ هـەزار پۆلیـس و ٢هـەزار و ٥٠٠ چەکـداری هێـزی تایبـەت لـە شـەڕەکانی دژی کـورد بەشـداربوون. هێـزە چەکدارەکانـی کوردیـش لـە ناوچـە شـاخاوییەکاندا بـە (٤-٥) هـەزار چەکـدار، دەخەملێـنرا، لەگـەڵ دوو هـەزاری پەکەکـە لـە باشـووری کوردسـتان و هـەزاری ئێـران و (٤٠٠-٥٠٠)ی سـوریا[٧]. بەپێـی ئامـارە فەرمییەکانـی وەزارەتـی دادی تورکیـا، لـە سـاڵی ١٩٩١دا ٩٠٠ کـەس بـە تۆمەتـی تیـرۆر لـە بەندیخانەکانـی تورکیـادا هـەن و لـە ١٩٩٤ ژمارەکـە گەیشـتووەتە ٧ هـەزار کـەس[٨].

لـە وەڵامدانـەوەی ئـەو سـەرکوتکارییەی حکومەتـی تورکیـا دەسـتیداوەتێ، پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانیش هاوتەریـب لەگـەڵ چالاکبوونـی هێزەکانـی تورکیـا، ئەوانیـش دەسـتیان بـە چڕکردنـەوەی چالاکییـەکان کـرد. فەرمانـدەی سـەربازی - سیاسـیی پەکەکـە بـە سـەرۆکایەتیی ئۆجـەلان لـە حوزەیرانـی ١٩٩٤ هەیکەلییەتـی ئیقلیمیـی

حزبەکەیان ڕێکخستەوە و سێ ناوچەیان بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان پێکهێنا کە ناوچەیەکیان دەکەوتە باشووری کوردستان. ئامانجیان چەکدارکردنی ٥٠ هەزار جەنگاوەری نوێی پارتی کرێکارانی کوردستانو چڕکردنەوەی چالاکییە تیرۆریستی و تێکدەرانەکان بوو لە ناوچە کوردنشینەکان و شارە سەرەکییەکان تورکیا[٩].

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٥ پارتی کرێکارانی کوردستان کۆنگرەی ئاسایی خۆی لە ئەرمینیای سۆڤیەتی پێشوو بەست، لەو کۆنگرەیەدا بڕیاردرا خەبات لەپێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد چڕبکرێتەوە. کۆنگرەکە هاوکات بوو لەگەڵ زنجیرە هێرشێکی تیرۆریستانەی گەورە لە تورکیا کە لە یەکێکیاندا دەیان کەس کوژران کاتێک پاسێکی ئاسایی لەسەر ڕێگەی ئەنکەرە - ئەستەمبوڵ تەقێنرایەوە.

لە کاردانەی ئەم کارە تیرۆریستییانە، لە ٢٠ی ئاداری ١٩٩٥ هێزەکانی پیادەی سوپای تورکیا کە ژمارەیان ٣٥ هەزار سەرباز دەبوو، بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە باشووری کوردستان و لەناوبردنی یەکجارەکیی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەکە، سنووری عێراقیان بڕی و هاتنە کوردستان کە ئەمجارەیان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی بە ئاشکرا پشتگیریی ئۆپەراسیۆنەکەیان کرد و ڕێگەیان لە کشانەوەی چەکدارانی پەکەکە گرت، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی تورکیا نەیانتوانی ئامانجەکانی خۆیان بپێکن و ئەم ئۆپەراسیۆنە فرەوانە بکەنە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان. تەنانەت بەپێی زانیارییە فەرمییەکانی تورکیا، لە ماوەی مانگ و نیوێکی شەڕدا تەنیا ٥٥٠ چەکداری پەکەکەیان کوشتووە کە دەکاتە یەک لەسەر دەی کۆی گشتیی ژمارەی چەکدارەکانیان.

لە ئەیلوولی ١٩٩٧ هەوڵێکی تری چارەسەری سەربازی بۆ کێشەی کورد درا و هێزێکی ٣٠ هەزار سەربازی بەقووڵایی ٤٠٠ کیلۆمەتر دزەیان کردە نێو خاکی عێراقەوە و بووە هۆی ناڕەزایی حکومەتی عێراق، ئەمجارەشیان بە مەرامی خۆیان نەگەیشتن، بۆیە دواتر حکومەتی تورکیا بڕیاری هێشتنەوەی هەمیشەیی هێزەکانی لە باشووری کوردستان دا[١٠]. لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاستی فەرمیدا دانیان بە هێشتنەوەی ئەو هێزانە نەنابوو هەتاکو هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئاداری ٢٠٠٣ هێرشیان نەکردە

سەر عێراق، کاتێک سەرۆکی ئەرکانی سوپاس تورکیا جەنەڕاڵ حامی ئۆزکیک دووپاتیکردەوە یەکەکانی سوپای تورکیا بە فیعلی لە باشووری کوردستاندا هەن.

جا دوای سەرنەکەوتنی ئەو هەموو هەوڵە سەربازییانەی تورکیا بۆ لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان، حکومەتی تورکیا دیپلۆماسییەتی خۆی بە ئاراستەی سووریا بەکارهێنا و گرەوی لەسەر وەدەرنانی سەرکردەکانی کورد کرد لە سووریا کە ئەو سەرکردانە سووریایان کردبووە بنکەیەک بۆ بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی چەکدارانیان لە باشووری کوردستان و خودی تورکیاش، هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز و گرتنەوەی ئاوی فوراتی دەکرد لە سووریا، هەروەها ئاماژەی بۆ هەنگاوی دیکە دەکرد بۆ پەرەسەندنی هاوبەشیی ستراتیژیی سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل. دواجار تورکیا حافز ئەسەد سەرۆکی پێشووی سووریای ناچار کرد بە فەرمی واز لە پشتیوانیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بێنێت و داخستنی سەرجەم دامەزراوەکانی ئەم حزبە لەسەر خاکی سووریا ڕابگەیەنێت. ئەم ڕێکارانەش بەپێی پرۆتۆکۆڵی تورکی- سووریایی لە ئەدەنە لە ٢٠ی تشرینی ١٩٩٨ واژووکرا. پاشان عەبدوڵڵا ئۆجەلان و کەسە نزیکەکانی دەوروبەری، خاکی سووریایان بەجێهێشت. حکومەتی تورکیاش بە بەردەوام بەدوای ئۆجەلانەوە بوون. بۆ ماوەیەکی کەم سەردانی ڕووسیای فیدراڵ و ئیتاڵیا و یۆنانی کرد، ئەم سەردانانەشی بەئومێدی وەرگرتنی مافی پەنابەریی سیاسی بوو لەو وڵاتانەدا، بەڵام پێدەچێت هیچ کام لەم وڵاتانە ئەو مافەیان پێنەدابێت و حکومەتی تورکیا کۆسپی دەخستە بەردەم هەوڵەکانی ئۆجەلان و هەوڵێکی دیپلۆماسییانەی تۆندی بەرانبەر مۆسکۆ و ڕۆما و ئەسینا گرتبووەبەر، نە ڕووسیا و نە یۆنان و ئیتاڵیا و نە هیچ وڵاتێکی دیکەی جیهان ئامادە نەبوون ئۆجەلان بگرنەخۆیان، چونکە پێشبینیی تێکچوونی پێوەندییەکانی تورکیایان دەکرد لەگەڵ وڵاتانی خۆیاندا.

لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن هێزە تایبەتەکانی تورکیا لە نایرۆبی دەستگیرکرا و لە دانیشتنی یەکەمی لێکۆڵینەوەکاندا ئۆجەلان بەناوی حزبەکەیەوە دەستبەرداری خەباتی چەکدرانە بوو لەپێناو سەربەخۆیی کوردستاندا، کۆنگرەی نائاسایی حەوتەمی پارتی کرێکاران کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ لە یەکێک لە بنکەکانیدا لە باشووری کوردستان بەست و

لەو کۆنگرەیەدا عەبدوڵڵا ئۆجەلان جارێکی تر بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردرایەوە و ڕێنماییەکانی ئەویان لە دەستبەرداربوون لە خەباتی چەکدارانە پەسندکرد و درێژەیان بە خەباتی سیاسی دا و چەندین گۆڕانکاری لە پرۆگرام و جارنامە و هەیکەلییەتی ڕێکخستنی حزب ئەنجامدرا. لە نیسانی ٢٠٠١یشەوە بە بڕیارێکی پەکەکە، ناوی حزبەکەیان لە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە گۆڕی بۆ پارتی کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی لە کوردستان. لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ جارێکی دی پرۆگرامی حزب نوێکرایەوە و ناوە کۆنەکەی حزبەکەیان لە حزبەکە نایەوە، کۆنگرەی گەلانی کوردستان (KNK). زوبێر ئەیدریان بە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵبژارد[١١].

دادگاییکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کۆتایی هات کە لە ٣١ی ئایاری ١٩٩٩ دەستپێکردبوو، پاش چەند مانگێک لە تێپەڕبوونی بڕیاری لەسێدارەدانی ئۆجەلان، لە ترسی دەنگدانەوەی فرەوانی نێودەوڵەتی و دەستپێکردنەوەی کارە تیرۆریستییەکان لە تورکیا، حکومەتی تورکیا نەیتوانی بڕیاری دادگا جێبەجێ بکات، تەنیا بە سەپاندنی گەمارۆدان وازیهێنا کە تاکو ئێستا بەردەوامیی هەیە و لە زیندانێکی دورگەی ئیمراڵی لەژێر چاودێرییەکی چڕایە و حوکمی زیندانیی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنراوە.

بەپێی ئەو هەلومەرجانەی بۆ حکومەتی تورکیا ڕەخساوە، نەیتوانیوە لەدوای دەستگیرکردنی ئۆجەلانی و دادگاییکردنیشی کۆتایی بە کێشەی کوردی باکوور بهێنێ. ئەو هاوسەنگییەی لە کێشەی کوردا گەشەی کردووە، جارێکی دیکە لە سەرەتای ٢٠٠٣دا پێش ئۆپەراسیۆنە نوێیەکەی ئەمەریکا دژی سەدام حوسێن کەوتە مەترسییەوە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لێکۆڵەرانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٩٦ ئەنجاچوارچێوەیداوە و هەتاکو ئەمڕۆ گرنگیی خۆیان هەیە، «بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی ئەمەریکا و تورکیا لە عێراقدا یەکناگرنەوە، سەبارەت بە ئەمەریکا: دوژمنی سەرەکیی ئەمەریکا سەدام حوسێنە، کەچی بۆ تورکیا: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییە ... ئەم جیاوازییە لەنێوان بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و تورکیا نموونەیەکی کلاسیکییە بۆ بەرژەوەندییە ناکۆکەکانی هێزە ئیقلیمییەکان و سپۆنسەرە بەهێزەکەیانە»[١٢].

لە ٢ی ئاداری ٢٠٠٣ حکومەتی تورکیا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و گوتی: تورکیا

ڕاگەیاندنی فەرمیی سەربەخۆیی یاخود ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق دەکاتە بیانووی لەشکرکێشیی هێزەکانی بۆ نێو خاکی باشووری کوردستان.

وێڕای ئەو گوشارە تووندانەی ئەمەریکا دەیخستە سەر تورکیا، لە ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٣ پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی پەسند کرد کە بەکارهێنانی خاکی تورکیا و بنکە سەربازییەکان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان قەدەغەکرد بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، تەنیا ئاسمانی وڵاتیان بە کراوەیی هێشتەوە بۆ فڕینی فڕۆکە بەشداربووەکانی ئۆپەراسیۆنەکە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی تورکیایان سەرپشک کرد لە ناردنی هێزە چەکدارەکان بۆ نێو خاکی باشووری کوردستان، ئەمەشیان بەبیانووی زامنکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و سەلامەتیی خاکی تورکیا بوو.

لەلای خۆشیانەوە، ئەمریکییەکان هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستیان گرتەبەر بۆئەوەی بەزووترین کات خۆیان بگەیەننە باشووری کوردستان و بەرگێکی نێوخۆیی بکاتەبەر ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی کوردی باشوور دژی دەسەڵاتدارانی بەغدا، لەلایەکی دیکەشەوە بۆئەوە بوو ڕێگە لە کورد بگرێت سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت.

لە ١١ی نیسانی ٢٠٠٣ لەسەر داوای حکومەتی تورکیا، سوپای ئەمەریکا هێزەکانی پێشمەرگەیان ناچارکرد کەرکووک بەجێبهێڵن کە بەهاوکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان شارەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، ڕێگەشیان دا بە چاودێرە سەربازییە تورکیاییەکان بچنە نێو کەرکووکەوە، پێدەچێت فەرماندەیی تورکیا ئەم هەنگاوەی ئەمەریکایان بەوە لێکدابێتەوە کە بانگهێشتکردنی ئەوان بێت بۆئەوەی بە هاوبەشی ئاسایش و ئارامیی دوای ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان ڕێکبخاتەوە، بۆیە بەرەبەرە بوونی سەربازیی خۆی قایمتر کرد، بەڵام هەر زوو بۆیدەرکەوت لە خەملاندنەکانیدا بەهەڵەداچووە. لە ٤ی تەممووز سەربازانی ئەمەریکا بە هەماهەنگیی کورد هەڵیانکوتایە سەر باڵەخانەیەک لە سلێمانی کە هێزێکی سوپای تورکیای تێدا جێگیرکرابوو، لە ئەنجامی پشکنینی باڵەخانەکەدا ١١ ئەفسەری تورکیا دەستبەسەرکران ... کەلەبچەیان لە دەستکرا و کڵاویان لەسەرنرا و چاوبەستکران. ئینجا لەبەرچاوی ئەو خەڵکە بەرەو شوێنێکی نادیار بردران، دواتر دەرکەوت بەوە تۆمەتبارکراون کە هەوڵی کوشتنی پاریزگارە کوردەکەی کەرکووکیان داوە[١٣]. ئینجا کار گەیشتە

ئـەوەی تورکیـا هەمـوو هەوڵێکـی بخاتـەکار بـۆ ئازادکردنیـان، پێدەچێـت ئەمەریـکا ئـەو کارەشـی هـەر بۆئـەوە کردبێـت کـە پەیامێـک بـۆ هاوبەشـەکەی بگەیەنێـت بـەوەی ئەمەریـکا هـەر خـۆی بەتەنیـا بڕیاربەدەسـتی باشـووری کوردسـتانە و دەبـێ تورکیـا لـە هاوکێشـەی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـوردی باشـوور دووربکەوێتـەوە.

لـە دوای ئـەم ڕووداوە حکومەتـی تورکیـا و سـوپاکەی بـە فەرمـی ئامادەیـی خۆیـان دەربـڕی بـۆ بەشـداریکردن لـەو هێزانـەی بـۆ پاراسـتنی بارودۆخـی عێراقـی پـاش ڕووخانـی سـەدام حوسـێن دانـراون و ئەمەریـکا فەرماندەیـی دەکات. بـەڵام ئەمجـارە کـورد هەڵوێسـتێکی تونديـان دژی تورکیـا نوانـد و سـەرکردەکانیان کـە بەشـێک بـوون لـە ئەنجوومەنـی کاتیـی حوکـم هەڕەشـەی بایکۆتکردنـی ئـەو ئەنجوومەنەیـان کـرد و ڕایانگەیانـد ئەگـەر بێـت و ئەمەریـکا بـەو داوایـەی تورکیـا ڕازی بێـت، ئـەوان هیـچ هەماهەنگییـەک لەگـەڵ هێزەکانـی هاوپەیمانانـدا ناکـەن. ئـا بـەم شـێوەیە هەمـوو ئـەو پەرەسـەندنانەی لـە عێراقـدا دێنەپێـش بەپێـی سـیناریۆی دژی تورکیـا پەرەدەسـتێنن.

سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـە سـەرکۆماری عێـراق هەڵبژێـردرا، مەسـعود بارزانـی بـە سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا. لـە ١٥ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٠٥یشـدا و لـە ڕاپرسـییەکی گشـتیدا دەسـتووری نوێـی عێـراق پەسـند کـرا و هەیکەلییەتـی فیدراڵیزمـی بـۆ دەوڵەتـی عێـراق چەسـپاند. لـە هەمـان کاتیشـدا هیـچ بنەمایەکـی ڕوون بـۆ پێکهێنانـی بابەتەکانـی فیدراڵیـزم لـە دەسـتووردا نییـە و هەمـوو کێشـەکانیان خسـتووەتە پـاڵ پسـپۆڕیی یاسـادانانی ئێسـتا. لەمـڕۆدا دەتوانیـن تەنیـا باسـی فیدراڵیزمـی نەتەوەیـی کـورد بکەیـن کـە تورکیـا بـە تونـدی ڕەتـی دەکاتـەوە و دژی دەوەسـتێتەوە. وادیـارە بـە گوشـاری ئەمەریـکا و یەکێتیـی ئەورووپـا تورکیـا ناچـار دەکرێـت خـۆی لەگـەڵ ئـەم ڕەوشـە نوێیـە ڕابهێنێـت. دوای ڕاگەیاندنـی ئەنجامـی ڕاپرسـییەکە، ڕەجـەب تەیـب ئـەردۆگان پیرۆزبایـی پەسـندکردنی یەکەمیـن دەسـتووری دیموکراسـیی لـە عێراقییـەکان کـرد و ئامادەیـی وڵاتەکـەی بـۆ پەرەپێدانـی پێوەندیـی دراوسـێیەتیی لەگـەڵ سـەرکردە نوێیەکانـی عێـراق ڕاگەیانـد.

بەڵـێ ... ئـا بـەم شـێوەیە سـەرباری هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی حکومەتـی تورکیـا، بـە یەکجـاری لـە بەشـداریکردنی پێکهێنانـی هەیکەلییەتـی سیاسـیی عێراقـی پـاش سـەدام

حوسێن دوورخرایەوە. هەروەها ئەو نیگەرانییەی ئەنکەرە کە گوایە لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق، بزووتنەوەی جوداخوازیی کوردی باکووریش سەرهەڵدەداتەوە و دەبووژێتەوە، دەرکەوت ئەم نیگەرانییەش هیچ بنەمایەکی نییە و دووبارە لە ڕاستییەوە، بەڵگەش بۆئەمە ڕووداوەکانی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٣یە، کاتێک سەدان چەکداری حزبی کۆنگرەی گەلانی کوردستان لە باشووری کوردستانەوە چوونە نێو خاکی تورکیا، شەڕ و پێکدادان لەنێوان ئەو هێزە و هێزەکانی جوداخوازان لە ناوچەی سیرت بەرپابوو و لە ئەنجامدا ٧ چەکدار و دوو سەرباز کوژران.

بەپێی ئەو بەیاننامەیەی فەرماندەیی کۆنگرەی گەلی کوردستان لە ٣٠ی ئایاری ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە، پابەندبوون بە بڕیاری ئەو ئاگربەستەی پێش پێنج ساڵ ڕاگەیەنراوە هیچ مانایەکی نەماوە کە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بڕیاری لەسەر دراوە، چونکە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەست لە چالاکوانانی باکووری کوردستان ناپارێزن و زنجیرەیەک هەڵمەتی سەربازی و دەزگا ئەمنییەکانیان بۆ دەستگیرکردنی ئەم چالاکوانانە ئەنجامداوە. کۆنگرەی گەلی کوردستان هۆشداریی داوەتە سەرجەم گەشتیارانی بیانی سەردانی تورکیا نەکەن و داوا لە وەبەرهێنەران کراوە بە پلانەکانیاندا بچنەوە[١٤].

بڕیاری ئاگربەست و ئەو ئاساییکردنەوەیەی پێنج ساڵە پێڕەو دەکرێت، بەجیددی هەڵسەنگاندنی بۆدەکرێتەوە و دەبێتە مایەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نوێی سەربازی، بۆیە سیاسەتوانانی عەقڵمەندی تورکیا پتر باس لە پێویستیی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی دەکەن بۆ کێشەی کوردی باکوور.

جا بۆئەوەی دادپەروەرانە بڕوانینە پرسەکە، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە حکومەتی تورکیا بە بەردەوام هەڵوێستی ملهوڕانەی سەبارەت بە کێشەی کوردی باکوور نەبووە، لە ساڵی ١٩٨٣ەوە سوپای تورکیا یاسایەکی دەرکرد بە هەموو شێوەیەک ڕێگەی بە کەمە نەتەوایەتییەکانی وڵات نەدەدا گوزارشت لە خۆی بکات، تەنانەت بەکارهێنانی زمانی دایکیش، کەچی کرانەوەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەدیهاتووە.

تۆرگـۆت ئـۆزال سـەرۆک وەزیرانـی یەکەمیـن حکومەتـی مەدەنیـی پـاش کودەتـا سـەربازییەکە، دژی سـەربەخۆیی کـورد بـوو لـە تورکیـا و دەرەوەی تورکیـاش، بـەڵام دواتـر بەرەبـەرە بـە ئاراسـتەی زامنکردنـی مافـە کلتوورییەکانـی کـوردی باکـوور هەنـگاوی دەنـا. زانـراوە کـە ئـەو لـە مەلاتییـە لەدایکبـووە کـە هاوسـنووری ناوچـە کوردنشـینەکانە و جارێکیـان بـە زمانـی خـۆی گوتبـووی مـن خوێنـی کـورد بـە دەمارەکانمـدا گـوزەر دەکـەن. جـا بەهـۆی ئـەم هەڵوێسـتانەی ئـۆزال لـە ١٩٩١ قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی لـە تورکیـا هەڵگیـرا، هەروەهـا لـە بەیاننامەیەکیـدا ڕایگەیاندبـوو: هیـچ پێشـێلکردنێکی دەسـتوور لـە کردنـەوەی کەناڵێکـی تەلەفزیـۆن نابینـم کـە بـە زمانـی کـوردی پەخـش بـکات[١٥]. لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا ئـۆزال بەکارهێنانـی هێـزی پێپەسـندە بـۆ کپکردنـەوەی کـوردی باکـوور. سـلێمان دیمیرێلیـش لەبەرئـەوەی ئۆپۆزیسـیۆن بـوو، ڕەخنـەی لـەم هەڵوێسـتەی ئـۆزال دەگـرت و وایدادەنـا کـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد پـاش گەڕانـەوەی پەرەسـەندنی دیموکراسـییەتی تورکیـا دێتـەدی.

دوای ئـەوەی دیمیرێـل بـووە سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا، دەسـتی بـە جێبەجێکردنـی پلانەکانـی چارەسـەرکردنی ئاشـتییانەی کێشـەی کـورد کـرد، لـە کانوونـی یەکەمـی ١٩٩١ لەگـەڵ هاوبەشـەکەیدا کـە سـەرۆکی پارتـی گەلـی دیموکراتـی سۆسیالیسـت ئـەردال ئینینۆ بـوو، سـەردانی ناوچەکانـی کوردسـتانی باکووریـان کـرد و لـەوێ لـە گوتارێکیـدا ڕایگەیانـد: «ئێمـە دان بـە ناسـنامەی کـورددا دەنێیـن، ئێسـتا هیـچ هۆکارێـک نەمـاوە ئـەو ڕاسـتییە بشـارێتەوە، پێویسـتە تورکـەکان دان بـە بوونـی کـورد لـە وڵاتەکەیانـدا بنێـن»[١٦]. بـەڵام بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی تونـدوتیژییـەکان دیمیرێلـی ناچـار کـرد لـە دەریچەیـەک بگەڕێـت بـۆ دەرچـوون لـەو دۆخـە، دواجـار لـەم دارشـتنەدا دۆزییـەوە: «حکومەتـی تورکیـا شـەڕی لـە دژی کـورد ڕانەگەیانـدووە، بەڵکـو شـەڕی ئـەوان دژی ئـەو تیرۆربسـتانەیە کـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان نوێنەرایەتییـان دەکات و هیـچ پێوەندییەکـی بـە زۆرینـەی کـوردی باکـوور نییـە و ئەوانیـش پرۆتسـتۆی چالاکییەکانـی ئـەم ڕێکخـراوە دەکـەن»[١٧]. بـەڵام خاڵـی لاوازی ئـەم هەڵوێسـتەی دیمیرێـل، حکومەتـی تورکیایـە کـە بەربەسـتی خسـتووەتە بـەردەم پێکهێنانـی ئازادانـەی حزبـە سیاسـییەکانی کـورد و بەشـداریکردنیان لـە پرۆسـەی سیاسـیی وڵات تاکـو هاوشـێوەی حزبەکانـی دیکـەی تورکیـا ڕۆڵـی خۆیـان بگێـڕن. لـە

هەمـان کاتیشـدا حکومەتەکـەی سـلێمان دیمیرێـل ڕێگـەی لـە هۆشـیاریی نەتەوەیـی کـوردی باکـوور نەگرتـووە. لـە نیسـانی ١٩٩٢ بـە مۆڵەتـی فەرمیـی دەسـەڵاتدارانی تورکیـا یەکەمیـن ڕۆژنامـە بـە زمانـی کـوردی دەرچـوو کـە بەیەکەمیـن ڕۆژنامـە دادەنرێـت لـە مێـژووی تورکیـا بـە زمانـی کـوردی ڕێگـەی پێبدرێـت لـە ئەسـتەمبوڵ بـە نـاوی ڕۆژنامـەی (گازیتـا) بڵاوبکرێتـەوە، کەچـی تەنیـا ژمـارەی یەکەمـی لێدەرچـوو و بەهـۆی نەبوونـی پشـتگیریی دارایـی نەیانتوانـی درێـژە بـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامەکـە بدرێـت، هەروەهـا بەهـۆی ئاشـنا نەبوونـی کـوردی باکـوور بـە خوێندنـەوە بـە زمانـی کـوردی بەیەکجـاری داخـرا. لـە نیسـانی ١٩٩٢ پەیمانگەیەکـی کـوردی لـە ئەسـتەمبوڵ کرایـەوە و ئیسـماعیل بێشـکچی کرایـە بەڕێوەبـەری پەیمانگەکـە کـە سـاڵانێکی زۆر زیندانیکرابـوو لەسـەر بڵاوکردنـەوەی چەنـد بابەتێـک لەسـەر پرسـی کـوردی باکـوور[١٨]. لـە هەمـان سـاڵدا ڕێکلامکـردن بـە زمانـی کـوردی بڵاودەکرایـەوە و تابلـۆی کـوردی لەسـەر دوکان و بـازاڕی شـارەکانی تورکیـادا بەرچـاو دەکەوتـن. هەمـوو ئەمانـە خواسـتی دەسـەڵاتدارانی ئەوسـای تورکیـا دووپـات دەکەنـەوە بەتایبەتیـش خـودی سـلێمان دیمیرێـل لەسـەر هێشـتنەوەی دەرگای چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی کێشـەی کـورد بەکراوەیـی.

لـەم ڕووەوە سـەرکردایەتیی تورکیـا کەوتـە ژێـر گوشـارێکی تونـدی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا، ڕێکخـراوە جۆراوجـۆرەکان مافـی مـرۆڤ، کەسـایەتییە سیاسـی و گشـتییەکان و داوایـان لـە تورکیـا دەکـرد پابەنـدی ڕێککەوتنامـە نێودەوڵەتییـەکان بێـت و ڕێـز لـە مافەکانـی مـرۆڤ بگرێـت کـە هاوتابێـت لەگـەڵ ڕەوشـی ڕاسـتەقینەی دەوڵـەت. لـە ئایـاری ١٩٩٢ نیلسـۆن ماندێلـلا سـەرۆکی ئەفریقیـای باشـوور و سـەرۆکی کۆنگـرەی نیشـتمانیی ئەفریقیـای باشـوور خەڵاتـی سـاڵانەی کەمـال ئەتاتورکـی بـۆ ئاشـتی ڕەتکـردەوە کـە حکومەتـی تورکیـا پێبەخشـیبوو و دەسـەڵاتدارانی تورکیـای بـەوە تۆمەتبـار کردبـوو کـە سیاسـەتی جینۆسـایدکردنی کـوردی باکـووری پێـڕەو کـردووە. لـە هەمـان سـاڵدا ئەڵمانیـا و دواتـر نەرۆێـژ، فرۆشـتنی چەکیـان بە تورکیا سـنووردار کرد، چونکـە بەپێی لێدوانـی حکومەتەکانی ئـەم وڵاتانـە، تورکیـا چەکەکانـی دژی هاووڵاتیانـی سـڤیلی ناوچـە کوردنشـینەکانی تورکیـا بەکارهێنـاوە[١٩]. لـە ئـاداری ١٩٩٥یشـدا یەکێتیـی ئەوروپـا وەرگرتنـی تورکیـای بەسـتەوە بـە چارەسـەرکردنێکی سیاسـییانەی کێشـەی کـورد لـەو وڵاتـە. حکومەتـی تانسـۆ چیلـەر

وەڵامی یەکێتیی ئەورووپای داوەتەوە و دۆگۆ ئەرجیل مامۆستای بەناوبانگی تورکیای ڕاسپاردووە ڕاپۆرتێک لەمبارەیەوە ئامادە بکات، ئەویش ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی: کێشەی ڕۆژهەڵات .. پێشبینی و تێبینییەکان ئامادەکردووە، بڵاوکردنەوە و گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم ڕاپۆرتە لە تورکیا، بەڵگەی گۆڕانکارییەکی گەورەیە لە هەڵوێستی حکومەتی تورکیا. هەڵسەنگاندنی کێشەی کورد لە ١٦٨ لاپەڕەدا کورتکرابووەوە و لە ڕاپۆرتەکەدا ڕەخنە لە هەڵوێستی تونداڕەوانەی دەسەڵاتدارانی ڕاستڕەوە محافزکارەکان دەگرێت کە هەموو مافە کلتوورییە سەرەتاییەکانی کوردیان ڕەتکردووەتەوە کە بریتین لە بەکارهێنانی زمانی دایک لە پرۆسەی خوێندن، دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامە، پرۆگرامی تەلەفزیۆنی و کردنەوەی قوتابخانەکان بە زمانی کوردی.

ئەم ڕاپۆرتە ئاماژە بەوەش دەدا کە سەرباری چەوساندنەوە ٨٩,٨٪ ی ئەوانەی بەشداریی ڕاپرسییەکەیان کردووە، زمانی کوردیان بە زمانی دایکیان دەزانن و تەنیا نیوەیان زمانی تورکی دەزانن.

وابەستەبوونێکی پتەو لەنێوان دانیشتوان و پارتی کرێکارانی کوردستاندا هەیە و نزیکەی ٣٥٪ی هاووڵاتیانی کورد دانیان بەوەدا ناوە کە جۆرە پێوەندییەکیان لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا هەیە و ٤٦,٧٪یشیان پشتیوانیی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن کە قەدەغەکراوە و ئەم ڕێژە زۆرە چاودێرانی ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵی تووشی شۆک کردووە.

هەڵوێستی کوردی باکوور جیاوازە لە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی تورکیا بەرانبەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان. ٣١٪ی ڕاپرسیکاران بڕوایان بەوەیە کە پەکەکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ناجەنگن، بەڵکو خەباتیان لەپێناو زامنکردنی مافە ژیارییەکانی کوردی باکووره. پرۆفیسۆر ئەرجیل دەڵێ: «ئەم ڕاپۆرتەمان لەکاتێکدا ئامادەکردووە کە هەموو جیهان هەوڵی نەهێشتنی توندوتیژی دەدات، بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پەرە بە نزیکبوونەوەکان بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی عەقڵانی و دوور لە توندوتیژی. ئەستەمە چۆک بە هەموو کورد دانەوێنرێت یاخود گشتیان زیندانی بکرێن یانیش قڕبکرێن، تەنیا لەبەرئەوەی دژی ستەم ڕاپەڕیون»[٢٠].

لە چوارچێوەی ئامادەکردنی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییە ناوازەیە، چاودێران لە میدیاکانی تورکیا تێبینیی ئەوەیان کردووە کە تانسۆ چیلەر دوو ئامانجی هەبووە، یەکێکیان خاوکردنەوەی هەڵوێستی توندە لە ئاست کوردی باکوور و ئەویدیکەیان خوڵقاندنی کەشێکی گونجاو و لەباری وڵاتە بۆ ئەو پەرلەمانتارە ئەوروپاییانەی ڕەخنەیان لە تورکیا دەگرت، جا ئەگەر ئامانجی بێکێت ئەوا نزیک دەبێتەوە لە وەرگرتنی مافی ئەندامبوون لە یەکێتیی ئەوروپا کە جێگەی گومانێکی زۆرە.

دوای هاتنی پارتی داد و گەشە بۆ لووتکەی دەسەڵاتی تورکیا، ژمارەیەک بڕیاری سیاسی سەبارەت بە کێشەی کورد دران. لە ٢٠٠٤-٢٠٠٥ پەرلەمانی تورکیا زنجیرەیەک بڕیاری لە بەرژەوەندیی کوردی باکوور دەرکرد، لەوانە: ڕێگەدان بە پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بە زمانی نەتەوەکانی غەیرە تورک، هەروەها بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن. هێزە ئەمنییەکانی تورکیاش چیدی چاودێریی ئەو کەسانەیان نەدەکرد کە تەماشای کەناڵە ئاسمانییە قەدەغەکراوەکانیان دەکرد. بۆنموونە ئەمڕۆ کوردی باکوور بە ئاشکرا بینەری بەرنامەکانی (میدیا تیڤی)ن و لە لایەن ئەو کۆمپانیایەوە پەخش دەکرێت کە پارتی کۆنگرەی گەلی کوردستان سەرپەرشتیی دەکات و لە برۆکسل پەخش دەکرێت.

تەیب ئەردۆگان سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان، بە بەردەوام هەوڵیداوە بگاتە چارەسەرێک لەگەڵ کوردی باکوور، بۆنموونە: لەچوارچێوەی سەردانەکەی بۆ ناوچە کوردییەکان لە ئەیلوولی (٢٠٠٥) و لە گردبوونەوەیەکی فرەوانی شاری دیاربەکر ڕایگەیاند: تورکیا لە مامەڵەکردن لەگەڵ کوردی باکوور هەڵەی کردووە و چیدی لە ئاست ئەم هەڵانەدا بێدەنگ نابین، کێشەی کوردیشی بە «کشەیەکی گشتیی تورکیا» لەقەڵەمدا[٢١]. بێگومان ئەم وەرچەرخانانە لە هەڵوێستی سەرکردایەتیی تورکیا، بەهۆی ئەوەیە کێشەی کورد لەوە تێپەڕیوە، تەنیا کێشەیەکی نێوخۆی ئەو وڵاتە بێت. یەکێتیی ئەوروپا پشتگیریی چارەسەرکردنی کێشەکە دەکات. پەرەسەندنی ڕووداوەکان لە عێراقی دراوسێشدا، وا دەکات کورد ببنە هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمەریکا ئەگەر تاکە هاوپەیمان نەبن لەو وڵاتەدا،

ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی سەربەخۆیی کوردستان، جا چ لە باشووری کوردستان بێت یان لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە باکووری کوردستانیشەوە. هەڵبەت چارەسەرکردنی کێشەی کورد کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەقامگیری و بەرقەراربوونی ئاسایش دەبێت و هێڵە ستراتیژییەکەی گواستنەوەی نەوتیش چالاکتر دەبێت و لە سەدەی داهاتوودا وزە بۆ بەشێکی زۆری دانیشتوانی جیهان دابین دەکات.

پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٠٦ تورکیا گەورەترین پڕۆژەی هایدرۆتەکنیکی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بەکاربخات کە ناونراوە (ئەتاتورک) کە دروستکردنی ٢٢ بەندەاو و ١٩ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا و دوو تونێڵ لەخۆدەگرێت، بە تەواوبوونی ئەم پڕۆژەیە ڕووبەری زەوییە ئاودێرییەکان لە باکووری کوردستان ٢٥ هێندە زیاد بکات (لە ئێستادا ٦٨ هەزار هیکتارە). ئەنجام هەلی کار چەندبارە زیاد دەکات و گەشەی داهاتی تاک لە ناوچەکەدا بە هەمان ڕێژە زیاد بکات و بەهۆی ڕاگرتنی کۆچی دانیشتوانە کوردی ناوچەکە، ژمارەی دانیشتوانی بگاتە نزیکەی ٩ ملیۆن کەس و ژمارەی شارنشینانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو گەشە بکات[٢٢]. هاوکات هێشتا ڕێژەی بەردانەوەی ئاو بۆ سووریا و عێراق لەدوای دەستپێکردنی پڕۆژەکەی باشووری ڕۆژهەڵات بەبێ چارەسەر ماوەتەوە کە دوور نییە دووبارە ئەم دەوڵەتانە کێشەی کورد وەکو گوشارێک بەکاربێنن بۆ سەر تورکیا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ئاو. بۆیە چەند زووتر کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەربکرێت، لە بەرژەوەندیی تورکیادا دەبێت، بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: تورکیا چ ڕێگەیەک دەگرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، ئاخۆ حکومەتی تورکیا ئەو بۆڕییە سیاسییەی تێدایە شێوازە شارستانییەکان بۆ ئەم مەبەستە بگرێتەبەر؟!.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- International Politic, № 1, 01.19

2- Turkey Confidential, № 18, April 1991, c. 16.

3- Turkey Confidential, № 27, March 199298, c. 43. , c. 7.

4- Ibid., c. 8.

5- Middle East International, № 474, 20.04.1994, c. 14.

6- Turkey Confidential, № 31, December 1992, c. 10.

7- Turkish Daily News, 20.05.1994.

8- Ibid.

9- Turkish Daily News, 14.06.1994.

10- Русский вестник № 46-48, 1997, c. 11.

11- Российская газета 04.06.2004.

12- The Kurdish Nationalist Movement in the 1990s/ Its Impact on Turkey and the Middle East., Lexington: The University Press of Kentucky, 1996, c. 72.

13- Hurriyet, 05.07.2003.

14- Российская газета, 31.05.2004.

15- Turkey Confidential., № 29, May 1992, c. 1.

16- Turkey Confidential, № 25, January 1992, c. 2.

17- Turkey Confidential, № 28, April 1992, c. 9.

18- Turkey Confidential, № 29, May 1992, c. 3.

19- Turkey Confidential, № 28, April 1992, c. 9.

20- Компас. 1995, № 65, июль-сентябрь, сс. 11, 12.

21- http://www.voanews.com/russian/2005-09-12-voa2.cfm

22- Турция между Европой и Азией. М., 2001, с. 321.

وەرچەرخانی دیموکراسییەت و کێشەی کورد لە تورکیا لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک

ک. ف. ڤیرتیاییڤ

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ڕەوشی سیاسیی تورکیادا هاتووە، کاریگەریی لەسەر هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی تورکیا هەبووە لە ئاست کوردی باکوور. ئەو حزبە چەپڕەوە دیموکراسییەی بە سەرۆکایەتیی بۆلنت ئەجاوید دوای هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٩ دەسەڵاتی وڵاتی گرتەدەست، بەڵام درێژەی نەکێشا، هێزێکی نوێی سیاسی - پارتی داد و گەشەسەندن- کە ئەولەوییەتی ئیسلامیی تەقلیدی و بۆچوونی لیبرالیزمی پراگماتیکیی لە بەرنامەکانیدا بەیەکەوە کۆکردووەتەوە، توانیی تورکیا لە قەیرانێکی ئابووری و سیاسیی نوێ دەربێنێت کە لەگەڵ خوڵقاندنی بارودۆخێکی فرەوانی کۆمەڵایەتی لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ٢٠٠٣دا دەستپێکرد.

ئەوە جاری دووەمە حزبێکی ئیسلامی لە تورکیا بگاتە دەسەڵات، ئەو حزبە چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپا و پەرەپێدانی ئازادییە لیبراڵییەکان، لەپاڵ بەها تەقلیدییەکانی خستبووە نێو بەرنامەی ڕاگەیەنراوی حزبەکە، سەرباری پێداچوونەوەی بەردەوامی چەند هەڵوێستێکی کەمالیستی، بەتایبەتیش پرسی پابەندبوون بە بنەماکانی عەلمانییەت. ئێستا دەتوانین باس لە قۆناغێکی نوێی مێژووی سیاسیی تورکیا بکەین کە پێیدەگوترێت «پۆست کەمالیزم» و ناوەڕۆکەکەی لەو ڕاستییەدا خۆیدەبینێتەوە کە هێڵە سەرەکییەکانی کەمالیزمی تەقلیدیی تێدا ڕەتنەکراوەتەوە، بەڵام بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان وابەستەی ڕەوشی سیاسیی ئێستا و خواستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا هەڵپەی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە تورکیا دەکرا. هەڵبەت ئەمەش بێ هۆ نییە، چونکە تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە دیموکراستترین و کاریگەرترین و سەقامگیرترین وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین. جەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیا دەستیان کێشایەوە لە دەستوەردان لە ژیانی سیاسیی وڵات و قەدەغەکراوەکان لادران و ژمارەیەک یاسای توند هەڵوەشێنرانەوە کە

لـە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردووەوە لەکاتـی حوکمـی جەنەڕاڵەکانـدا کارپێکـراو بـوون.

لـە ئێسـتادا پرسـیارێک دەخرێتـەڕوو دەربـارەی ئەگـەری هەبوونـی مۆدێلێکـی دیموکراسـیی لیبـڕاڵ لـە سـایەی دەوڵەتێکـی ئیسـلامیدا. ئێسـتا دەبـێ لـە گۆشـەنیگای کۆمەڵگەیەکـی ئیسـلامی بڕوانینـە پرسـەکە و وێـڕای سروشـتی عەلمانییەتـی ڕاگەیەنـراوی دەوڵـەت، ئایینـی ئیسـلام کاریگەریـی لەسـەر ژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیی دەوڵەتـدا دەبێـت و لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا چـاوی لەوەیـە ببێتـە ئەنـدام لـە یەکێتیـی ئەورووپـا.

لـە بارودۆخـی نوێـی تورکیـا کـە پارتـی داد و گەشـەپێدان نوێنەرایەتیـی دەکات، ئێمـە مامەڵـە لەگـەڵ هێزێکـی سیاسـیدا دەکەیـن کـە لایەنگـری ئیسـلامە، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئەزموونـە خەمناکەکـەی حزبـی ڕەفـا کـە بـە حزبێکـی ئیسـلامیی «توندئـاژۆ» ڕاگەیەنـرا و جەنەڕاڵەکانـی سـوپای تورکیـا حزبەکەیـان قەدەغەکـرد، «ئیسـلامییە دیموکراتخـوازەکان»ی ئێسـتا بـەوە وەسـف دەکرێـن کـە لـە هەڵوێسـتە لیبراڵییـە پراگماتیکییەکانـدا تونـدئـاژۆن، ئەمـەش لـە بەرنامـەی سیاسـیی حزبەکـەوە دێـت و لـە لێدوانەکانـی ڕەجـەب تەیـب ئـەردۆگان سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـادا ڕوونـدەبێتـەوە کـە بەبـێ پێـچ وپەنـا ڕایدەگەیەنێـت: بـە ئەندامبوونـی تورکیـا لـە یەکێتیـی ئەورووپـا کاری هـەرە لەپێشـینەی سـەرکردە نوێیەکانـی وڵاتـە.

هـاوکات ئاکپارتـی، بـە گوتـارە ئیسـلامیەکەی توانیـی پشـتیوانیی ئـەو دەنگدەرانـە بەدەسـت بێنـێ کـە ڕێـز لـە بنەماکانـی ئیسـلام دەنێـن هەروەهـا بەشـێکیش لـە هۆزەکانی کـوردی باکـوور کـە لـە بەشـی ڕۆژهەڵاتـی وڵاتـدا دەژیـن. بـە گشـتی دەنگدەرانـی ئۆپۆزیسـیۆن لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا، دەنگـی خۆیـان دەدەنـە ئـەو حزبانـەی کـە ڕەفتـار و هەڵوێسـتە ئایدیۆلۆژیاکەیـان دژی بیروبـاوەڕی سیاسـی و ئایدیۆلۆژیـای حزبـی دەسـەڵاتە لـە وڵات. زۆر جـار بەرنامـە حزبەکانـی ئۆپۆزیسـیۆن و بانگەشـە بـۆ «بەهـا ڕۆحـی و ئەخلاقییـە تەقلیدییەکانـی کۆمەڵگـەی تورکیـا» یاخـود «گەشەسـەندنی کلتـووری و چەسـپاندنی ئازادییـە مەدەنییـەکان و مافەکانـی مـرۆڤ» شـاراوە دەبێـت و بـەوە وەسـف دەکرێـن کـە شـوێنکەوتووانی بیرۆکـەی ڕابوونـی ئیسـلامین. ڕەنگـە هـەر لەبـەر ئـەم هۆیـە بێـت پارتـی داد و گەشـەپێدان سـەرکەوتوو بووبێـت لـە خوڵقاندنـی وێنـەی باکگراونـدی حزبـی ڕەفـاە (لـە جـۆری کۆپییـە لیبرالیزمەکـەی) ئەویـش تـەواو تونـدئاژۆیـە

بەگوێرەی تورکیای عەلمانی. زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی تورکیای بەدەستهێنا کە لە ساڵانی دواییدا مۆدێلی جۆرێک لە ڕابوونی ئیسلامیی ڕۆحیی میانڕەو فاکتەرێکی گرنگ بوو لە کلتووری سیاسیی وڵات.

ڕەنگە نیگەرانیی گەلێ لایەن، بە ڕووسیاشەوە لە «ئەگەری گەیشتنی ئیسلامییەکانە بە دەسەڵات لە تورکیا» لە ئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو چەمکی «ئیسلامیزم» و «حزبی ئیسلامی». بەڕای ئێمە لایەنگرانی ئیسلامی ئێستا لە تورکیا هەوڵدەدەن پارتی داد و گەشەپێدان وەها وێنا بکەن کە حزبێکی زیندووی تورکیایە، هەروەکو پارتی دیموکراتی مەسیحی لە ئەڵمانیا، بەڵام بە ڕەچاوکردنی بەرنامەی سیاسیی حزبەکە و جیاوازیی لە ڕەفاهی ڕادیکاڵی و هەڵوێستی ئەرێنییانە لە ئاست ئامادەیی حزبەکە بۆ دیاڵۆگ لەگەڵ سەرجەم هێزە سیاسییەکانی تورکیا، دەتوانین بڵێین پارتی داد و گەشەپێدان کە بڕاوەی هەڵبژاردنەکانە لە تورکیا، دەیەوێ خۆی بە حزبێکی «ئیسلامیی دیموکراتخواز» پیشان بدات، ئەمەش بۆ وڵاتێکی ئیسلامیی وەکو تورکیا پرسێکی سروشتییە.

گرنگترین ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆی چاکسازیی سیاسی لە تورکیا، کزبوونی بەرەبەرەیی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکایە کە هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی تێڕوانینی تورکیا سەبارەت بە چەندین کێشەی سیاسی لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا. هۆکارێکی دیکەی گرنگ کە کاریگەریی بەسەر زەقترکردنی کێشەی کوردی باکووردا هەبوو، لەشکرکێشییەکەی ئەمەریکا بوو بۆ سەر عێراق بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، دیارترین ڕووداوی ئەوکات، بڕیارەکەی سەرکردایەتیی پارتی داد و گەشەپێدان بوو کە ڕێگەی نەدا هێزەکانی هاوپەیمانان خاکی تورکیا بۆ چوونە نێو خاکی عێراق بەکاربهێنن، ئەم هەڵوێستەی حکومەتی تورکیا هەتاکو ساڵانی دواتریش کاریگەریی بەسەر پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و تورکیا هەبوو و لە چەندین لێدوانی سیاسەتوانانی تورکیاشدا لۆمەی ئەو حزبە سیاسییانەیان دەکرد کە لایەنگری ئەمەریکا بوون و ڕەخنەیان لێدەگیرا.

سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی تورکیا بەرانبەر کوردی باکوور، بناغەیەک بۆ سروشتی پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەکانی تورکیا دانرا کە پێشتر و لەکاتی حزبە

نائیسلامییەکانیشدا تێبینی دەکرا. لە ئابی ٢٠٠٢ ئەنجوومەنی تورکیا بە فەرمی زنجیرەیەک چاکسازیی ڕاگەیاند کە ئامانج تێیدا کەمکردنەوەی گرژیی پیوەندییەکانی نێوان نەتەوەکانی وڵات بوو، ئەویش هەر لەبەر خێراکردنی پرۆسەی وەرگرتنی تورکیایە لە یەکێتیی ئەورووپا. هەرچەندە ئەم چاکسازییانە لەلایەن پەرلەمانتارە توندڕەوە ناسیۆنالیستەکانەوە بەتوندی ڕەتکرانەوە کە بە سازشکردنیان دادەنا بۆ کوردە ناسیۆنالیستەکان، بەڵام لە کۆتاییدا دەنگیان بۆ درا. هەروەها سزای لەسێدارەدان بە یەکجاری هەڵوەشێنرایەوە هەنگاوێکی چاوەڕوانکراو بوو قەدەغە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە تایبەتەکان هەڵبگیرێت و پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی دەستپێکرد، چاکسازییەکان، سووککردنی یاسا تونەکانی پەیوەست بە خۆپیشاندانە گشتییەکانیشی لەخۆگرتبوو و ڕێوشوێنی تونديش بۆ چاودێریکردنی کۆچی نایاسایی داڕێژرا[1].

کێشەی کوردی باکوور بە کۆسپی سەرەکیی بەردەم بەئەندامبوونی تورکیا مایەوە لە یەکێتیی ئەورووپا. ڕاگواستنی زۆرەملێی دانیشتوانی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات بووە مایەی نیگەرانیی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەورووپا. گەڕاندنەوەی گوندنشینانی ناوچە دواکەوتووەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی بیستدا زۆر بە فرەوانی دەستپێکرد و ئامانجی سەرەکیی پرۆسەکەش ئەمەیە: لەگەڵ دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، پرۆسەی ڕاگواستنی زۆرەملێ دەستی پێکرد، بۆئەوەی چیدی گوندنشینان هاوکارییەکانیان بە چەکدارانی ئەو حزبە نەگەیەنن. زۆرجاریش چاودێران تێبینیی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤیان دەکرد. گوندنشینانیان گواستەوە بۆ شارە گەورەکانی ناوچەکە، دیاربەکر بەنموونە کە زۆرجار دوو سێ خێزان ناچاردەکران لەگەڵ خزمەکانیان لە ماڵێکدا بژین.

هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی و کردنەوەی ژمارەیەک لە قوتابخانەی حکومی، یاوەر نەبوو لەگەڵ چارەسەرکردنی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، لە ئایاری ٢٠٠ لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتی تورکیادا بەپێویست زانرا لەگەڵ سنووردارکردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، جەخت لەسەر کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچە بکرێتەوە. هەروەها ئەنجوومەنی ناوبراو ڕاپۆرتێکی (٢٠٠) لاپەڕەیی سەبارەت

بەم بابەتە ئامادەکردووە. ئومێد دەکرێت پرۆژەکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ شەمەندەفەرئاسایەک ببێتە مایەی بووژانەوەی ئابووریی ناوچەکە کە چەندین بەندەو و وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لەخۆدەگرێت و بە ئاودێریی دەستکرد ئاو بگەیەنرێتە زەویوزارە پێچاوپێچ و بەرزونزمەکانی باشووری ڕۆژهەڵات. پرۆژەکە ١٥ ساڵە کاری تێدا دەکرێت و بڕیارە لە ٢٠١٠دا تەواوبێت، کەچی پرۆژەکە زۆر بە خاوی دەڕوات و ئەگەر تاوەکو ئێستا بەرهەمهێنی وزەکە ٨٠٪ی تەواوبووبێت، بەشی ئاودێرییەکەی کە زۆر پێویستترە بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ، تەنیا ١٢٪ی تەواوکراوە[٢].

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە گۆڕانکارییە سیاسییانەی لە هەڵوێستی کەمالیزمدا کراوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کێشەی کوردی باکووردا نەبووە. لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی تورکیا سازشێکی زۆری لەمڕووەوە کردووە و ڕێگە بە خوێندن دراوە بە زمانی کوردی و قەدەغەکردنی سەر پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی هەڵگیراوە، لەلایەکی دیکەوە پارتی داد و گەشەپێدان ڕووبەڕووی چەندین سەختیی بابەتییانە بووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەسەڵاتدارانی تورکیا یاسای لیبوردنی گشتیی دەرکرد و داوای لە جەنگاوەرانی کورد کردبوو لە شاخ بێنە خوارەوە و چەکەکانیان ڕادەستی حکومەت بکەن، هەرچەندە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانەوە ڕاگرتنی کاتیی شەڕی لەگەڵ سوپای تورکیا ڕاگەیاند، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم یاسایەی لێبوردنە گشتییەکە سوودێکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە کەس بەدەنگ بڕیارە نەهات، لەبەرئەوەی شۆڕشگێڕان شوێنێکیان نەمابوو بۆی بگەڕێنەوە، گوندەکانیان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیادا وێرانکرابوو کە لە ژێر ناوی ئۆپەراسیۆنەکانی دژە تیرۆر لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەستیان پێکردبوو. هەوڵەکانی پارتی داد و پەرەپێدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، لە کاتێکدا کە کوردی باشووری کوردستان ئۆتۆنۆمییان هەیە و وا نزیک دەبنەوە لە سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆیە هەوڵەکانی ئەم حزبە هیچ ئەرزشێکی نەبوو و کوردی باکوور دۆخی سیاسیی خۆیان بە دۆخی کوردی باشوور بەراورد دەکرد.

هەر بەو هۆیەوە هەڵوێستی ناسیۆنالیستانی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بەهێزتر بوو و پارتی گەلی دیموکراتی (DHP) کە زوو زوو ناوی حزبەکەیان

دەگـۆڕن، پشـتگیرییەکی تـەواوی دەنگدەرانـی ئـەو دەقەرانەیـان بەدەسـتهێنا کـە خـۆی بـە نوێنـەری بەرژەوەندییـە سیاسـییەکانی کـوردی ناسیۆنالیسـت دەزانـێ.

لەپـاڵ پەرەسـەندنی ئازادییـە سیاسـییەکانی کـوردی باکـوور (لـەڕووی دامەزراندنـی ئەو حزبـە سیاسـییانەی پشـتگیریی مافەکانـی کـورد دەکـەن) گوشـارەکانیش لەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـیی یاسـایی کـورد مۆرکێکی نهێنیی پێوەدیاربوو، بیانووە سـەرەکییەش هـەر لەئارادابوو بـەوەی کـە «وابەسـتەبوونێکی ئاشـکرایان لەگەڵ تیرۆریسـتانی پارتی کرێکارانی کوردسـتاندا هەیـە» کـە کێشـەیەکە و سـەلماندنی زۆر سـەختە. هاوکات لە زۆربەی شـارەکانی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی وڵاتـدا ئـەو کاندیدانـە دەنگی خەڵکیان بەدەسـتهێنا کە سـەر بـەو حزبانە بوون کـەوا لایەنگـری مافەکانـی کـوردی باکوور بوون و بوونە سـەرۆک شـارەوانی و دەسـەڵاتێکی ڕاسـتەوخۆیان لـە ناوچەکـە پەیداکـرد. لـە تشرینی دووەمـی ١٩٩٧دا کوردی باکـوور پارتێکی نوێیان دامەزراند (DHP) – کە تەنیا جێگەی دوو وشـەکە گۆڕاوە- کە لە حاڵەتی داخسـتنی (HDP)دا بەبـێ پێشـێلکردنی بنەماکانـی یاسـای حزبـە سیاسـییەکانی تورکیـا دەتوانێـت بـە پشـتیوانیی HDP)) بەشـداری لـە هەڵبژاردنـدا بـکات، دۆخەکـە لـە هەڵبژاردنەکانـی ٢٠٠٢ ی شـارەوانییەکان و هەڵبژاردنـە گشـتییەکان تشرینـی دووەمـی ٢٠٠٣دا بـەم شـێوەیە بـوو، کاتێک(DHP) ٦,٢٢٪ی دەنگەکانی سەرتاسـەری تورکیای بەدەسـتهێنا و بەهۆی بەربەسـتی ١٠٪ جارێکـی دیکـە نوێنەرانـی دیموکراتـە- سۆسیالیسـتەکان نەیانتوانـی بچنـە نێـو پێکهاتـە نوێیەکـەی ئەنجوومـەن. ڕاسـتەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان لەنێو میدیاکانـی تورکیا فەزیحەتی HDP)) بەڕابـوو کـە گوایە ئەو حزبە بە بەڵگەنامەی سـاختە بەشـداریی لـە هەڵبژاردنەکان کـردووە و دامەزراندنەکەشـی بەدەربـووە لـە یاسـای حزبە سیاسـییەکان. نووسـەری یەکێک لـە بابەتـە بڵاوکراوەکانـی نێـو ڕۆژنامـەی (حوڕییـەت) ئامـاژە بـەوە دەدات، ئەگـەر بهاتبـاو هەدەپـە بەشـداریی هەڵبژاردنەکانـی نەکردبـا، پارتـی ڕێگـەی ڕاسـت (دۆگـرو یـۆڵ) کـە نەیتوانـی بەربەسـتی ١٠٪یەکـە ببڕێـت، دەیتوانـی بـە دەنگـی دەنگدەرانـی هەدەپـە خـۆی بگەیەنێتـە نێـو ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی تورکیا[٣]. ئا بەمشـێوەیە کوردی باکـوور دەنگەکانی سیاسـەتوانە کاریگەرەکانیـان «بـرد». زانیارییەکانـی لەسـەر دیموکراتخوازانی کـوردی باکوور لـە میدیـاکان بڵاودەکرایـەوە هـەر خەملاندن و ئەگـەر بوو.

پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بدرێـت حکومەتی ئێسـتای تورکیا کـە پارتی داد و گەشـەپێدان

نوێنەرایەتیی دەکات، لە هەوڵی بەردەوامدایە سیاسەتێکی هاوسەنگ لە هەمبەر کێشەی کوردی باکووردا پێڕەو بکات. لایەنگرانی ئەم حزبە بە شێوەیەکی ئەرێنی خۆیان لە ڕابردوو دەپاراست. ڕژێمە لیبراڵییەکانی ماوەی حوکمی سەرۆکایەتیی تانسۆ چیلەر و سلێمان دیمیرێل کە بانگەشەی عەلمانییەتیان دەکرد، کەچی بە لوولەی تفەنگ و زمانی هەڕەشە مامەڵەیان لەتەک کوردی باکووردا دەکرد. دیموکراتخوازانی ئیسلامی بە ئاشکرا بەندێکیان سەبارەت بە کێشەی کورد خستە نێو بەرنامەکانی حزبەوە. بەوپێیەی کە ئەندامێکی ئەو حزبەیە، جێگری حزبەکە دەنجیر مەهمەر فورات ڕایدەگەیەنێت: «حزبمان یەکەمین حزبە کێشەیەکی ئابووریی کەسێک لە تورکیا بخاتە نێو بەرنامەی حزبەوە، هەروەها کێشەی سیاسیی کەسێک، کێشەی کەسێک... کە پەیوەستە بە تیرۆر»[٤].

ئەم خشتەیەی خوارەوە، ڕێژەی سەدیی دەنگەکان لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە

زنجیرە	هەرێمەکان	١٩٩٩ هەدەپە	٢٠٠٢ دەهەپە	٢٠٠٤ جەهەپە
١	ئادییمان	٨,٦	١٢,٠	٨,٩
٢	ئاگری	٢٩,٦	٣٥,١	٢٩,٢
٣	باتمان	٥٧,٢	٤٧,١	٧٣,٦
٤	بینگۆل	٢٦,٦	٢٢,١	٢٨,٤
٥	بەتلیس	١٧,٣	١٣,٧	٢٧,٢
٦	دیاربەکر	٦٢,٥	٥٦,١	٥٨,٣
٧	هەکاری	٥٥,٨	٤٦,١	٦٢,٥
٨	ئیگدیر	٣٥,٠	٣٢,٤	٣٣,٣
٩	قارس	٥,٦	١٩,٦	٤,٣
١٠	ماردین	٢٥,٢	٣٩,٦	٢٦,٩
١١	مووش	١٧,٦	٣٨,٠	٢٥,١
١٢	سیرت	٣٨,٦	٣٢,٠	٤٢,٨
١٣	تۆنجەلی	٢٤,٨	٣٢,٦	٣٥,٧
١٤	ئورفە	١٤,٦	١٩,٤	٢٣,٨
١٥	شەرناخ	_____	٤٦,٠	_____
١٦	وان	٤٤,٦	٤١,٠	٤٠,٧

بەپێی پێگەیەکی هەواڵەکانی تورکیا، دەنگی هۆزەکانی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا لەنێوان ئیسلامییەکانی ئاکپارتی و دەهەپەدا دابەشبووە. حزبە ڕاستڕەو و چەپەکانی ناوەڕاست و ئیسلامییە توندئاژۆکانی حزبی سەعادەت دەنگی کەمتریان بەدەستهێناوە.

لە ئابی ٢٠٠٥ ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە دیاربەکر بە فەرمی دانی بە هەبوونی کێشەیەک کرد لە تورکیا کە کێشەی کوردی باکووره، ئەم هەنگاوەی سەرۆک وەزیران، هەنگاوێکی بوێرانە و گرنگ بوو، چونکە ماوەیەکی زۆر بەهۆی پێڕەوکردنی سیاسەتی شۆڤێنییانەی دەسەڵاتداران لە تورکیا نکوولی لە کورد دەکرا، پێشتریش حکومەتی تورکیا دانی بە هەبوونی نەتەوەی کورد و کێشەی تیرۆر نابوو، بەپێی لێدوانەکانی دیمیرێل سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا، بوونی کورد لە تورکیا هەقیقەتێکە و ڕۆژێک لە ڕۆژان کێشەی کوردم نەخراوەتە بەردەم. کەچی لێدوانەکەی ئەردۆگان لەلایەن ئەو دامەزراوانەی بە عەقڵییەتێکی ناسیۆنالیستانەی تورک بەڕێوەدەبرێن، ڕەخنەیەکی توندی لێگیرا و بەوە تۆمەتبار کرا کە دڵداری لەگەڵ کورده ناسیۆنالیستەکاندا دەکات، لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵیشدا لە چەند شارۆچکەیەکی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئاگر لە ژمارەیەک شوێنی بازرگانیی کوردی باکوور بەردرا، دواتر بووە مایەی ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندانی کوردان کە بەشێکیان ئاڵا و لۆگۆی پارتی کرێکارانی کوردستانیان بەرزکردبووەوە. لایەنگرانی پارتی کاری ناسیۆنالیست و ڕێکخراوی گورگی بۆر، سەرسەختانە دژی دیالۆگن لەگەڵ ناسیۆنالیستانی کورد و پێدەچێت هەر ئەو ڕێکخراوە ڕۆڵێکی خەمناکی لە پەکخستنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی تورکیا گێڕابێت و ڕێگری کردبێت لە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی تورکیا، گومانیش لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە دەکرێت دەستی لە هەڵمەتی کوشتنی چالاکوان و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانی کوردی باکووردا هەبێت کە نووسەری بەناوبانگی کورد موسا عەنتەر یەکێک بوو لە قوربانیانی ئەم هەڵمەتە.

ناسیۆنالیستانی تورک مکوڕن لەسەر نەگۆڕینی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی ناسیۆنالیستانەی ئەتاتورک و هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نین دان بە کێشەی کورددا بنرێت کە لە کۆتاییدا دەمانگەیەنێتە دۆخێکی ناسەقامگیر و داڕمان. جێگری سەرۆکی پارتی

بزووتنەوەی نەتەوەیی محەمەد ئیکیجی، ڕایدەگەیەنێت کە (هەدەپە)ی کوردان حزبێکی ئۆڤێنییە[٥]. دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردی باشوور لە دیدی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و لایەنگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی هەرگیز مایەی قبووڵکردن نییە و ناسیۆنالیستانی تورک بە پێشێلکردنی مافەکانی تورکمانی پارێزگانی مووسڵ و کەرکووک و هەولێری دادەنێن[٦].

دەرکەوتووە کە ئەو بەرنامەیەی بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵکەی تورکیا داڕێژراوە و سەرۆک وەزیرانی ئێستای تورکیا ڕابەرایەتیی دەکات، جێبەجێکردنی زۆر سەختە، ئەویش لەبەر بیرۆکراسییەتی ڕێکارەکانە لە ناوچەکەدا. بە بەڵگەوە دەرکەوتووە سەرکردەکانی ناوەند بەشێوەیەک مامەڵە لەتەک پرسی پێوەندییەکانی کورد و حکومەت دەکەن کە لەسەر بنەمای چاوپۆشیکردنە لەوەی ڕووەدات بنیاتنراوە و زانیارییەکان دزەیان کردووە و لە میدیاکاندا بڵاوکراوەتەوە کە دەسەڵاتداران بە بیانووی ئەوەی گوایە دەرگای قوتابخانەکە بە ئاراستەی پێچەوانە دەکرێتەوە و پێچەوانەی ڕێنماییەکانی بەرگریی شارستانییە، کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەیان بە زمانی کوردی دوواخستووە[٧]. ناکرێ چاوپۆشی لەوەش بکرێت کەوا هێشتا ناوچەکە سیستەمی گوندپارێزانی تێدا پێڕەو دەکرێت کە کەسانێکی چەکدارن گوایە بۆ پاراستنی گوندنشینان لە چەکدارانی پەکەکە دامەزراون و مووچە لە حکومەت وەردەگرن، لە بارودۆخێکی وەکو ئێستادا زەحمەتە ئەم چەکدارانە چەکەکانیان ڕادەستبکەنەوە و ڕوو لە ژیانی مەدەنییانەی پێشوویان بکەنەوە، چونکە ڕێژەی بێکاری لە ناوچەکەدا لەوپەڕی بەرزیدایە و زۆربەی گوندەکان چۆڵکراون و بەجێهێڵراون.

بۆچوونی زۆرینەی هاووڵاتیانی تورکیا سەبارەت بە لیبرالیزەکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ کورددا، تا ڕادەیەک محافزکارانەیە. زۆربەی هەرە زۆری تورک لەو باوەڕەدان سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان تیرۆریستە و شایستەی لەسێدارەدانە، هاوکات ڕاپرسییەکی نێو هاووڵاتیانی تورکیا کە لە پێگەیەکی ئینتەرنێتدا بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە ٤٩٪ی دانیشتوان هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردان یاساییە لە وڵات و مومکینە هەبێت، کەچی ٤٦٪ی ڕاپرسکاران دژی هەبوونی ئەو حزبانەن کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی دامەزرابێت.

ساتەوەختە گرنگ و یەکلاکەرەوەکە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک لەو ڕاستییەدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕێکخراوەکانی ئەوروپا ڕۆڵێکی کاریگەر لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردا دەبینن لە تورکیا. لە نێوخۆی تورکیا کێشەی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد پەیوەستە بە پرسی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا. جێی ئاماژەپێدانە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کێشەی کورد گەیشتبووە بنبەست، نەک هەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بگرە لێژنە پەرلەمانییەکانی ئەوروپا پرسی چارەسەرکردنێکی دیموکراسییانەی دوور لە توندوتیژی بۆ کێشەی کورد لە کۆبوونەوەکانیدا وروژاندووە و داوای دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکەن. لە ٢٢ و ٢٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤ کۆبوونەوەیەک بۆ لێژنە پەرلەمانییەکانی ئەوروپا لە بڕۆکسل بەسترا و کۆبوونەوەکە تایبەت کرابوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی کورد و پرسی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا.

هەرچەندە ئەم کۆبوونەوەیە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە ڕێکخرابوو، بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەکەش هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی گەڕێکی فرەوانی دانوستاندن سەبارەت بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا و حکومەتی تورکیایان بە جێبەجێکردنیان پابەندکرد. لە کۆبوونەوەکەشدا چەند پێشنیازێکی دیاریکراویان پێشکەش پەرلەمانی ئەوروپا کرد کە باسیان لە هەماهەنگیی ڕێکارەکان دەکرد لە پرسی بەئەندامبوونی تورکیا و چارەسەرکردنی دیموکراسییانەی کێشەی کورد. کۆبوونەوەکە یەکلایەنە نەبوو، بەڵکو نوێنەرانی فەرمانگە فەرمییەکانی تورکیا و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە باکووری کوردستان و ئەوروپا بانگهێشت کرابوون.

بڕیاری لێژنەی بەلجیکا دووپاتیکردووەتەوە کە کێشەی کورد بەربەستی سەرەکیی بەئەندامبوونی تورکیایە لە یەکێتیی ئەوروپا، ئاماژە بەوەش دەدرێت کە سەرجەم لێژنەکانی بڕۆکسل چاکسازیی سیاسییان لە تورکیا بە پێویست دەزانی کە دواجار دەبێتە مایەی گۆڕانکارییەکی گەورە لە شێوەی ئەو نەتەوەیەی بە درێژایی کۆماری تورکیا لەو وڵاتەدا بوونی هەبووە.

خاڵێکی تری گرنگی ئەو کۆبوونەوەیە، دەقی بڕیارێکی کۆبوونەوەکە بوو: پێویستە بەشداریی کورد هاوتا بکرێت لە کاری سەرجەم لێژنەکانی داهاتوودا و پێویستیشە چاکسازییەکان جێبەجێ بکرێن بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ

ڕێککەوتنانەی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی مافی نەتەوەکان کە پەرلەمانی ئەورووپا دەنگی پێداوە. بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەکی مەدەنیی تایبەت بە پرسی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا پێکهێنرا و نوێنەرانی حزبە سیاسییەکانی کورد، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، نێوەندە ئەکادیمییەکان و چالاکوانانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی تێدا بەشدارکرا، بایەخپێدانی ئەورووپا بەم پرسە ئەوەیە: ئەگەر ئەندامێتیی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا پەسند کرا، ئەوا ڕێژەی کورد ٣-٤٪ی دانیشتوانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا پێکدەهێنێت.

دەگوترێت تورکیا لە ساڵی ١٩٥٧یشدا جارێکی تر ئامانجەکانی خۆی لە ئەندامبوون لە یەکێتیی ئەورووپا دیاریکردووە، کەچی بەرپابوونی شەڕەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات حەماسەتی سیاسەتوانانی ئەورووپایان بەشێوەیەکی بەرچاو کزکرد کە بە ئومێدەوە بوون هاوکاریی تورکیا بکەن و «پردێکی ئەورووپایی بنیات بنێن بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوین».

فاکتەری ئەورووپاییەکان پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆ سەرۆک ئۆزال کە لیبراڵیزمانە مامەڵەی لەتەک بزووتنەوەی کوردی باکووردا دەکرد و دەستی بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ ئاپۆچییەکان. لە ساڵی ١٩٩٣ پەرلەمانی ئەورووپا لە کۆبنهاگن بڕیارێکی دەرکرد و چارەسەرکردنی کێشەی کوردی کردە مەرجێک بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەورووپا، بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا چەند هەوڵێکی شەرمنانەیان لەگەڵ جەنەڕاڵەکانی سوپا دا بۆ ڕێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی چەند چاکسازییەکی سیاسی.

ئاماژە بەوەش دەدرێت کە هەر لەگەڵ تەواوبوونی کۆنگرەکەی برۆکسلی ساڵی ٢٠٠٤دا تورکیا ئامادەیی خۆی بۆ کۆمەڵێک سازشکردن دەربڕی کە پێشتریش قەدەغەکردنی زمانی کوردیی لە پرۆسەی خوێندندا هەڵگرتبوو و ڕێگەی دابوو بە زمانی کوردی پەخشی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی بلاوبکرێتەوە.

پاش ماوەیەکی کەمی دوای کۆنگرەکەی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ لەیلا زانا لەگەڵ ژمارەیەک لە دامەزرێنەران و ئەندامانی پێشووی دەهەپە لە زیندان ئازادکران کە لەنێویاندا خەتیب دیجلە و ئەحمەد تورک و چەندین چالاکوانی کوردیش هەبوون و پێش ١٠ ساڵ بە تۆمەتی پشتگیریکردنی کوردی باکوور زیندانیکرابوون.

دوای ١٠ساڵی زیندانیکردن، لەیلا زانا لە تەواوی ئەورووپادا بووە ناوێکی دیار و ناسراو. ئەو یەکەمین پەرلەمانتاری توریکا بوو، سوێندنی یاسایی بە زمانی کوردی بخوات، هەر لەبەر ئەمەش بوو زیندانی کرا. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ لەیلا زانا خەڵاتێکی پێبەخشرا کە ناوی ئەندرێە ساخاروفی ئەکادیمیستی پێوەبوو و لە ناوەڕاستی نەوەتەکاندا پێیبەخشرابوو.

دوای ئازادکردنی لەیلا زانا، ڕێگە بە خۆی و هەڤاڵانی درا بزووتنەوەیەکی سیاسیی نوێ دابمەزرێنێت. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ حزبێکی سیاسیی نوێیان ڕاگەیاند - بزووتنەوەی میللیی دیموکراتی- لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا تێبینی ئەوە کرا کە ئەم بزووتنەوە نوێیە دژی هیچ حزبێکی شەرعیی وڵات نییە، بەڵکو بەیەکەوە درێژە بە خەباتی سیاسیی خۆی دەدات، ژمارەیەکی زۆری نوێنەرانی دەهەپەش ئامادەی کۆنگرەکە ببوون و سەرۆکی حزبەکە تۆنجەر باکرهان بەشداریی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەکەیان ببوو و بایەخدان بەم ڕووداوە لە ئاستێکدا بوو کە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە دەبووایە بۆ دوو ڕۆژی دیکە درێژ بکرایەتەوە.

ئەرکی سەرەکیی حکومەتی تورکیا لەم قۆناغەدا خوڵقاندنی پێکەوەژیانی دیموکراسییانەی حزبە جیاوازەکانە کە بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە بە حزبە ناسیۆنالیستەکانیشەوە. کەسایەتییەکی وەکو لەیلا زاناش بۆ وڵات لەو قۆناغەدا زۆر پێویست بوو، هەرچەندیش تووندئاژۆ بوو، بەڵام بۆچوونەکانی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا جیاواز بوو و دەسەڵاتدارانی تورکیا نایانەوێ مامەڵەی لەتەکدا بکەن و بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی هەژمارکراوە.

لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ ڕێپێوانێکی فرەوان لە دیاربەکر ڕێکخرا و نزیکەی ٥٠ هەزار کەس تێیدا بەشداربوو. ڕێپێوانەکە بە دروشمی «بەڵێ بۆ فرەیی ... نا بۆ جوداخوازی» بۆ پشتگیریکردنی حکومەتی تورکیا ڕێکخرابوو بۆ بە ئەندامبوونی لە یەکێتیی ئەورووپا. سیاسەتوانی ناسراوی کورد خەتیب دیجلە لە گوتارێکیدا بۆ ئامادەبووان گوتی: «پێویستە یەکێتیی ئەورووپا کاتێک بۆ دانووستاندن دیاری بکات بۆ پرسی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا و ناکرێ چیدی خواستی کورد پشتگوێ بخرێت» لەیلا زاناش ڕایگەیاند: «تورکیا ئامادە نییە بە تەواوی هەماهەنگی

لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا بکات و سیاسەتە پێڕەوکراوەکانی لەگەڵ یاساکانی مافی مرۆڤدا ناگونجێت و دژی ئازادیی سیاسی و یەکسانییە». ئا بەم شێوەیە ئەندامەکانی پێشووی حزبە دیموکراسییەکە بە گوڕوتینێکی زۆرەوە لە چالاکییە سیاسییەکاندا بەشداربیان دەکرد و دژی سیاسەتە پێڕەوکراوەکانی حکومەتی تورکیا وەستانەوە. لە گوتارەکانیشدا ئەوەیان دووپات دەکردەوە: «یەکێتیی ئەوروپا سووڕە لەسەر مەرجەکانی خۆی و پێویستە تورکیا ملکەچی خواستەکانی یەکێتیی ئەوروپا بن و ئاگاداری هەنگاوە ڕاستەقینەکانی حکومەتی تورکیا بن، بەتایبەتیش ئەوانەی پێوەندییان بە کێشەی کوردەوەیە، مەرجەکان جێبەجێ بکرێن ئینجا یەکێتیی ئەوروپا ئەم بڕیارە بەرپرسانە دەدات» سکرتێری ڕۆژنامەوانیی کۆمیسیۆنی ئەوروپا جان کلۆد فیلۆری، سەبارەت بە ئاسۆکانی وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا دەڵێ: «کاتێک بڕیار دەدرێت، بڕیارەکانی حکومەتی تورکیا لەبەرچاو دەگرین کە تایبەتن بە نوێنەرانی حزبە دیموکراتییەکە و چارەنووسیان».

دیوە گرنگەکەی دووەمیش، کاریگەریی ڕووداوەکانی عێراقە، بەتایبەتیش پێوەندییەکانی تورکیا- ئەمەریکا لەمەڕ کێشەی کورد لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک. لە ٢٠٠٣ بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا لە ڕێگەنەدان بە هێزەکانی هاوپەیمانان خاکی تورکیا بەکاربهێنن بۆ هێرشکردنە سەر عێراق واشنتۆنی نیگەران کرد و تورکیای بە هاوپەیمانێکی دڵسۆز دانابوو کەچی لەمەدا هەڵوێستی نەبوو، بۆیە ئەمەریکا ناچاربوو کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دوابخات و بۆ گواستنەوەی هێزەکانی بۆ نێو خاکی عێراق لە ڕێگەیەکی دیکە بگەڕێت.

بەدرێژایی ساڵی ٢٠٠٤ کێشەی کورد بابەتی سەرەکیی گفتوگۆی نێوان تورکیا و ئەمەریکا بووە، ئەنکەرە داوای لە واشنتۆن دەکرد ڕێوشوێنی یەکلاکەرەوە دژی یەکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بگرنەبەر کە لە باشووری کوردستاندا جێگیربوونە. عەبدوڵڵا گویلی وەزیری دەرەوەی تورکیا کە ناوبەناو سەردانی واشنتۆنی دەکرد، لە لدوانێکیدا ڕایگەیاند: پتر لە ٥ هەزار کوردی باکوور لەسەر خاکی باشووری کوردستاندا هەن و ئەو تیرۆریستانەشیان تێدایە کە خۆیان لە دەسەڵاتدارانی تورکیا شاردووەتەوە. ئەنکەرە ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت کە ئەم سیاسەتەی واشنتۆن لە

ڕۆژهەڵاتی ناوین مەترسییەکانی جوداخوازانی کورد زێدەتر دەکات و ئەگەر واشنتۆن بە سیاسەتی خۆیدا نەچێتەوە، هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین دەشڵەژێنێت و ناتوانرێت ئارام بکرێتەوە. ڕەجەب تەیب ئەردۆگانیش چەندین جار دووپاتیکردووەتەوە کە پێویستە ئەمەریکا چاو بە هەڵوێستەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە و لەگەڵ تورکیا یەکهەڵوێست بێت بۆ لەناوبردنی ئاپۆچییەکان. سەرکردەکانی تورکیا ئاماژەیان بۆ دەستدرێژییەکانی چەکدارانی پەکەکە کردووە بۆ سەر سوپای تورکیا و دەڵێن: ئەمەریکاش چاوپۆشییان لێدەکات. ئا بەم شێوەیە دۆخەکە بەرەو ئەوە دەچوو کە پێوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکا ئاڵۆزتر بێت، تا لە تەممووزی ٢٠٠٣دا گەیشتە ئەوپەڕی ئاڵۆزی.

تورکیا بەهیچ جۆرێک ڕازی نییە ئەمریکییەکان ئاوا بە بەردەوامی لەگەڵ سەرکردەکانی پەکەکەدا کۆببنەوە و ئەمریکییەکان بە پێویستی نازانن ئەنکەرەیان لێئاگادار بکاتەوە، لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣دا لە قەڵادزێ ئەمریکییەکان لەگەڵ سەرکردەکانی پەکەکەدا کۆبوونەوە و نوێنەرانی ئەمەریکا لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا باسی دۆخی سیاسی و ئاسۆکانی ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوینیان کرد. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤یشدا سیاسەتوانانی تورکیا زێدەبوونی چالاکییەکانی چەکدارانی پەکەکەیان لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا بە چالاکییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە بەستەوە. لە کۆتایی ئایاری ٢٠٠٤ پارتی کرێکارانی کوردستان بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و تیایدا چالاکییە چەکدارییەکانیان لە سەرتاسەری تورکیا ڕاگەیاند.

لە ڕاستیدا پۆڵ بریمەر سەرۆکی ئیدارەی ئەمەریکا لە عێراق لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤دا هەڵوێستی واشنتۆنی سەبارەت بە پەکەکە دەربڕی و پارتی کرێکارانی کوردستانی بە ڕێکخراوێکی تیرۆربستی لەقەڵەمدا و گوتی ئەندامانی حزبەکە، تیرۆریستان لەنێو دانیشتوانی باشووری کوردستان حەشار دەدەن و پێویستە ئەم تیرۆریستانە لە عێراقی نوێدا ڕیشەکێش بکرێن، ئەنکەرەش دەستبەجێ سوپاسگوزاریی خۆی بۆ حکومەتی واشنتۆن دەربڕی، چونکە لە مەترسییەکانی جودابوونەوە و سەربەخۆیی کوردستان و پەرەسەندنی خواستی جوداخوازانی دەگەیشت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەم کەین و بەینەدا هیچ مەرجێکی

ڕاستەقینەی پێشوەختە بۆ شکاندنی ئەو ئاگربەستە شڵۆقە تاکلایەنانەی پەکەکە نەما، بەتایبەتیش پاش دەستگیرکردنی ئۆجەلان. کەچی ژمارەیەک لە سیاسەتوانانی تورکیا ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکایان بەوە لێکدایەوە کە هەڕەشە بێت بۆ ترساندنی دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ گوشار خستنەسەر تورکیا بۆ بەکارهێنانی خاکی وڵاتەکەی بۆ بڵاوکردنەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان.

دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و دادگاییکردنی، بووە هۆی گۆڕینی تەرازووی هێزە لە بزووتنەوەی یاخیبوونی کوردی باکوور. پێشتر بەهەموو خراپییەکانی کەسایەتیی ئۆجەلان، پەکەکە کەوتبووە ژێر دەسەڵات و هەژموونی سەرکردەکەی و وەکو یەک یەکەی یەکگرتوو دەبینرا، کەچی پاش لەدەستدانی سەرکردەکەی، دابەشبوون و سەرهەڵدانی چەند گرووپێکی جیاوازی ناکۆک دروستبوون و دەستیان بە ململانێی یەکتریش کرد کە هێندێکیان لەسەر شێوازەکانی خەبات و هێندێکی دیکەیان لەسەر سروشتی ئایدیۆلۆژیای حزکە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ نکوولی لەوە بکرێت کە نەک هەر بۆ کوردی باکوور، بگرە بۆ کوردی هەندەرانیش، عەبدوڵڵا ئۆجەلان کاریزمایەکی قوربانیدەر و خەباتگێڕانەی لەپێناو ئازادیی کوردانداهەیە. لە ئێستادا بە هاوکاریی ئۆجەلان، دەسەڵاتدارانی تورکیا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تونڕەوترین گرووپەکانی نێو پەکەکە دەدات. هەڵبەت دەستگیرکردنی ئۆجەلانیش بووە مایەی جۆرە هەڵوەشاندنەوەیەکی نێو ڕیزەکانی ڕادیکالیزمانی کورد. پارتی کرێکارانی کوردستان تێکڕا هەر پێنج ساڵ جارێک کۆنگرەکانی خۆی دەبەست، لە ساڵی ١٩٩٩وە سێ کۆنگرەی لەمجۆرەیان بەستووە و لە ئاکامی هەر کۆنگرەیەکیشیاندا گۆڕانکارییەکی ئاڵۆزی نێو ڕێکخستنەکانی حزب کراوە. لە ئابی ١٩٩٩ ئۆجەلان لە زیندانەوە دەستێشخەرییەکی ئاشتیانەی خستەڕوو، بەپێی دەستێشخەرییەکە پارتی کرێکارانی کوردستان دەستبەرداری خەباتی چەکدارانەی خۆی دەبێت و ڕوو دەکاتە چلاکییە سیاسییەکان. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٠دا کۆنگرەی حزب دەستێشخەرییەکەی ئۆجەلانی کردە بڕیار و لە نیسانی ٢٠٠٢ لە کۆنگرەی هەشتەمدا ناوی پەکەکە گۆڕا و کرایە کۆنگرەی ئازادی و دیموکراسی کوردستان (کادیک) (پاشان ناوەکەی پێشوویان لە حزبەکە نایەوە – نووسیار-) کە بەڵگەی دۆخی گۆڕاوی حزبەکەیە. بەڵام لە کۆنگرەکەدا

ئەوەش گوتراوە کە پەکەکە ناتوانێت بەیەکجاری دەستبەرداری خەباتی چەکدارانەی خۆی بێت و بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی خۆیان ناچار دەبێت پەنا بۆ چەک بباتەوە و جەخت لە هەڵوێستە ئاشتیانییەکەی ئۆجەلانیش دەکاتەوە.

ساڵی ٢٠٠٣ بۆ پەکەکە بەوە دەناسرێتەوە کە ساڵی گەڕان بوو بەدوای بنەما نوێیەکانی هۆشیارکردنەوەی هزری، بۆئەوەی زۆرترین ژمارەی لایەنگران لەخۆیان کۆبکەنەوە. ئاپۆچییەکان وای بۆدەچوون کە یەکێک لە کارە سەرەکییەکانیان دەبێت بانگەشەکردن بێت بۆ کەسایەتیی ئۆجەلان و کتێبەکانی بڵاوبکرێنەوە. وێڕای زیندانیکردنی ئۆجەلان، توانیی ببێتە فاکتەری یەکگرتنی تونداڕۆکانی کوردی باکوور، بۆیە لە کۆنگرەی حەوتەمی حزبدا بڕە پارەیەکی زۆر بۆ چاپکردن و بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی ئۆجەلان لە ئەوروپا تەرخان کرا. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم هەنگاوانە سوودی بۆ نێوەندە فەرمییەکانی تورکیاش هەیە کە هەرچەندە ئۆجەلان بە تیرۆریست لەقەڵەمدەدەن، بەڵام گوێ بە دابەشبوونی ڕێکخراوەکە بۆ چەند گرووپێکی سەربەخۆ نادات کە زۆر زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێن.

وێڕای لێدوانە فەرمییەکانی ئەنکەرە دووپاتی دەکەنەوە کە هیچ جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ ئاپۆچییەکاندا لەئارادا نییە، بەڵام بەدوور نازانرێت کە حکومەت چەند کەسێکی بۆ پێوەندیکردنی نافەرمی و نهێنی لەگەڵ ئاپۆچییەکان ڕاسپاردبێت، ئەم پیوەندییە نهێنییانە گرنگن بۆ لەناوبردنی تونداڕۆیی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان و حکومەتی تورکیا کە کارتێکی براوەی وەکو بەدیلگرتنی ئۆجەلانی بەدەستە، ئەگەری زۆرە ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە. ڕێبازی پراگماتیکیانەی سیاسەتی کورد لە تورکیای ئەمڕۆدا هەر واتای هەبوونی پێوەندیی نافەرمییە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان. مێژوو ئەو ڕاستییەشمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە کە هەمیشە دەزگاکانی هەواڵگری لە وڵاتە جیاوازەکاندا پێوەندییەکی تۆندوتۆڵیان هەیە و هەماهەنگی لەگەڵ تیرۆریستاندا دەکەن و دەخوازن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریانبهێنن. زۆرجاریش وایدەبینن کە بوونیان پێویست نییە، چونکە زۆربەی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییانە هەر کاتێک بیانەوێ لەدەست دەردەچن و کۆنترۆڵکردنیان زەحمەت دەبێ و سەربەخۆ تونداوتیژی بڵاودەکەنەوە، بەڵام هەر سەر بە دەزگاکانی هەواڵگرین.

ئاماژە بەوە دەدرێت کە لە چەند شوێنێکی تورکیادا بە ئاشکرا کتێبەکانی ئۆجەلان دەفرۆشرێت و پێدەچێت دەزگا تایبەتەکانی تورکیا پەلەی نەبێت لە داخستنی پێگە ئەلەکترۆنییە تایبەکەی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بەرنامەی سیاسیی خۆی بە هەشت زمان نمایش دەکات. بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بەندکراو لە دورگەی ئیمرالّی، پەکەکە هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدراوە، دەستبەرداری خەباتی چەکدارانە بووە و جەخت لەسەر چالاکییەکانی هاندانی سیاسی دەکات.

ئەو فاکتەرە سەرەکییەی بووەتە هۆی نەرمکردنی هەڵوێستەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا بەرانبەر کێشەی کورد، سیاسەتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤە لە ئەورووپا کە بەئەندامبوونی تورکیای لە یەکێتیی ئەورووپای بە تووندی بەستووەتەوە بە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی باکوور و ساڵانێکە تورکیا هەوڵی بۆ دەدا. لە تەممووزی ٢٠٠٣ یەکەمین کۆڕبەندی زانستی دەربارەی کێشەی کورد لە ئەنکەرە بەسترا و نوێنەرانی سەرجەم حزبە سیاسییەکانی وڵاتی تێدا بەشدار بوون. هەرچەندە نوێنەری هەموو حزبەکان ئامادە نەبووون، بەڵام زۆربەی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئامادە بوون. لە هەمان ساڵدا چەند ڕێوشوێنێکی لیبراڵیی پێوەست بە ناوچە کوردییەکان گیرایەبەر. هەموو ئەو ڕێوشوێنانەی حکومەتی تورکیا گرتیەبەر بە مەبەستی کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری بوو لە باکووری کوردستان.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ ناوی کادەک (پارتی کرێکارانی کوردستانی پێشوو) گۆڕدرا و کرایە «Kongra-gel». هەرچەندە ئۆجەلان لە زیندانە، بەڵام (پێدەچێت بەبێ پشتگیریی دامەزراوە فەرمییەکان نەبێت) و هێشتا کەسایەتیی سەرەکییە بۆ توئاژوانی کورد. گۆشەگیریی ئۆجەلان بۆ تورکیاش بەسوودە، چونکە بڕیارەکانی ئەو لەوێوە کاریگەریی لەسەر پارتی کرێکارانی کوردستان هەیە و پابەندن بە جێبەجێکردنی ڕێنمایی و بڕیارەکانی. ئۆجەلان لە ئیمرالّییەوە هاوشێوەی یاسر عەرەفاتە کە لە ڕامەڵڵاوە، سەرکردایەتیی ئەو هێزانەی دەکرد کە لەژێر دەسەڵاتیدا بوون.

لە ئاداری ٢٠٠٤ و بە دەستپێشخەریی ئۆجەلان، لێژنەیەکی تایبەت بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی نوێی ئایدیۆلۆژی بۆ بزووتنەوەی کوردی باکوور پێکهێنرا و بەپێویست زانرا پێشهاتە نوێکان لەبەرچاو بگیرێ. گەڕان بەدوای بنەماکانی

ئایدیۆلۆژیی نوێ هەتاکو ئاداری ئەمساڵ بەردەوامبوو. کاتێک لەنێو کۆنگرەی گەلدا پارتی کرێکارانی کوردستانی نوێ دامەزرا و پاش دەستپێشخەریی ئۆجەلان سەرکۆیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی بۆ بزووتنەوەی کورد دامەزرا. جەخت لەوەش کرایەوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان بەتەواوی پێوەندیی بەڕابردووەوە پچڕاندووە و لە ڕێکخراوی کۆنگرەی گەل جیاوازە و هیچ ناکۆکییەکیشی لەگەڵدا نییە. پارتی کرێکارانی کوردستانی نوێ پتر پابەندی بۆچوونەکانی ئۆجەلانن، خاڵی سەرەکیش لێرەدا ئەوەیە کە ئەم پارتە نوێیە نەک هەر تەنیا دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، بگرە چەمکی ناسیۆنالیزمیشی قبووڵ نییە. چەمکە نوێیەکەی خستە پێشی پێشەوەی بنەما سەرەکییەکانی حزبەکە کە بریتی بوو لە «فیدرالیزمی دیموکراسییەت» کە لەلایەن ئایدیۆلۆژیستەکانی حزبەکە دایانڕشتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا حکومەتی تورکیا سووڕە لەسەر ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بە ناشەرعی بزانێت و ڕێگریی لێبکات ببێتە هێزێکی سیاسی لە تورکیا.

بە گشتی دەتوانین بڵێین ئەگەری گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسیانە بۆ کێشەی کوردی باکوور تابڵێی نادیارە، هەروەها بەئەندامبوونی تورکیاش لە یەکێتیی ئەورووپا کە لە بنەڕەتدا بەیەکەوە بەستراون. ئەم بڕیارانە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە ئایینده‌ی سیاسیی عێراق و ئۆتۆنۆمیی کوردی باشوور. ئەم دڵنیانەبوونە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەخاتە ئەڵقەیەکی داخراوەوە و حکومەتی تورکیا لەوە دەترسێت، سازشی زۆر بۆ کوردی باکوور بکات و دان بە مافە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بنێت، دڵنیاش نین ئەم کارانەیان نەبێتە هۆی ناسەقامگیریی وڵات کە هەڕەشەیەکە بۆ سەلامەتیی دەوڵەتی تورکیا. لە کۆمەڵگەدا داڕشتنی بۆچوونێک سەبارەت بە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئالۆز لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ئازاددا دەبێت.

سەرچاوەکان

1- Hurruyiet, 03.08.02.

2- Ruşen Çakir. Tiirkiye'nin Kttrt Sorunu.Metis Yayinlan.2004, c. 20.

3- HUrruyet, 12.12.03.

4- Ruşen Çakir..., c. 166.

5- Там же, с. 73.

6- Там же.

7- Hurruyiet, 12.04.05.

پەیوەندییەکانی تورکمانی عێراق لەگەڵ هێزە سیاسییە جیاوازەکان و بەرژەوەندییەکانی تورکیا

ن. ز. مۆسکی

هەرچەندە تورکمانە ناسیۆنالیستەکان مێژووی بوونیان لە عێراق بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێننەوە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەسەڵاتدارانی عوسمانی چەند سەربازگەیەکیان لە کەرکووک دروستکرد و تورکمانەکانی عێراقیان تێدا نیشتەجێ کرد کە بۆ پاراستنی سنووورەکانی تورکیا گرنگ بوو لە مەترسییەکانی کورد و ئێران. وەکو شورایەکیش بەکارهێنران بۆ جیاکردنەوەیان لە کورد و عەرەب و پاراستنی ڕێگەکانی هاتوچۆی نێوان ناوچەکانی باشوور و باکوور لە وڵاتی ڕافیدەین. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا ژمارەی تورکمان لە کەرکووک بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد تاکو گەیشتە پێنج یەکی دانیشتوانی شارەکە کە مەڵبەندی سەرەکیی نیشتەجێبوونی تورکمانە لە عێراق (لە هەولێریش ژمارەیەکی کەمتر لە ژمارەکەی کەرکووک هەن: لە ئامارەکەی ساڵی ١٩٥٧دا گەیشتنە ٥٪ی هەموو دانیشتوانی پارێزگای هەولێر، لە ١٩٩٧ ڕێژەکە گەیشتە ٦,٥٪) زۆرینەی تورکمانی عێراق سوننە مەزهەبن، بەڵام ئەوانەی دووزخورماتوو و زۆربەی گوندە تورکمانننشینەکان شیعە مەزهەبن.

لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەبکردن، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا، ژمارەی تورکمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکرد. با بە کورتی دینامیکییەتی ئەم پرۆسەیە ڕوون بکەینەوە. لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بەپێی خەملاندنە نزیکەییەکان، ڕێژەی تورکمان ٢,١-٢,٤٪ی تەواوی ڕێژەی دانیشتوانی عێراقیان پێکدەهێنا. بەپێی ئامارەکانی ١٩٥٧ تورکمان ڕێژەیان لە عێراق گەیشتبووە ٢,١٦٪. کەچی لە ئاماری ١٩٧٧ ژمارەیان بەرەو کەمی چوو تا گەیشتە ١,١٥٪ی هەموو دانیشتوانی عێراق، لە کەرکووکیشدا ئامارەکان بەم شێوەیە بوو: لە ١٩٥٧ تورکمان ٢١,٤٪ی دانیشتوانی کەرکووکیان پێکدەهێنا، کەچی لە ئامارەکەی ساڵی ١٩٧٧ گەیشتە تەنیا ١٧،٠٪. لە پارێزگای نەینەواش ڕێژەی تورکمان پێنج هێندە پاشەکشەی کرد- لە ٤,٨٪ی ساڵی ١٩٥٧ەوە بۆ ١٪ لە ساڵی ١٩٧٧. دەبێ ئاماژە بەوەش

بدرێت کە بە درێژایی ١٦٠ کیلۆمەتری نێوان کەرکووک و نەینەوا یەک تورکمان نییە[1].

بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٥٧ کە تاکە سەرژمێریی باوەڕپێکراو و تا ڕادەیەکیش گشتگیرە (وێڕای چەند پێشێلکارییەک لە کاتی ئەنجامدانی) نزیکەی نیوەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک زمانی کوردی بە زمانی دایک دادەنێت و ٢٩٪ زمانی عەرەبی و ٢٢٪ زمانی تورکمانی. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە لە سەنتەری شاری کەرکووک زۆرینەی دانیشتوان، زمانی تورکمانی ٤٠٪ بە زمانی دایک و کوردی ٣٥٪ و عەرەب ٢٤٪ بووە (بڕوانە خشتەکە)

دانیشتوانی پارێزگای کەرکووک بەپێی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧

زمانی دایک	شاری کەرکووک	٪	پارێزگای کەرکووک بەبێ سەنتەری کەرکووک	٪	کۆی ناوچەکانی کەرکووک	٪
کوردی	٤٠٠٤٧	٣٥,١	١٤٧٥٤٠	٥٥	١٨٧٥٨٧	٤٩,١
عەرەبی	٢٧١٢٧	٢٣,٨	٨٢٤٩٣	٣٠,٨	١٠٩٦٢٠	٢٨,٧
تورکمانی	٤٥٣٠٦	٣٩,٧	٣٨٠٦٥	١٤,٢	٨٣٣٧١	٢١,٨
ئاشووری	١٥٠٩	١,٣	٩٦	٠	١٦٠٦	٠,٤
کۆی گشتی	١١٣٩٨٩	١٠٠	٢٦٨١٩٤	١٠٠	٣٨٢٢٨٣	١٠٠

خشتەکە لەلایەن نووری تاڵەبانییەوە ئامادە کراوە، سیاسەتی عێراق ..... ل٦٨.

بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٩٧، واتە پاش پرۆسە چالاکەکەی بە عەرەبکردنی کەرکووک (بەتایبەتیش پاش نسکۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ١٩٧٤-١٩٧٥) ڕێژەی کورد ١٠٪ دابەزی و گەیشتە ٣٧,٥٪ و ڕێژەی عەرەب ١٥٪ زیادی کرد و گەیشتە ٤٤,٤٪ و بە هەمان شێوە ڕێژەی تورکمانیش ٥٪ دابەزی و گەیشتە ١٦,٣٪ و بەپێی سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٩٧ ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە کەرکووک گەیشتە ٥٧٪!.

پێدەچێت دابەزینی ڕێژەی تورکمان بەندبێت بەو سیاسەتە بەعەرەبکردنەی کە ڕژێمی بەعس پێڕەوی دەکرد و ئاسمیلەکردنی کورد بۆ تورکمان. پرۆسەکە هاوکات

بـوو لەگـەڵ کەمکردنـەوەی ئـەو پۆسـتە ئیداریانـەی بـە تورکـمان درابـوو لـە کەرکـووک. لـە سـەردەمی حوکمـی پاشـایەتیی عێراقـدا تەنیـا دوو تورکـمان سـەرۆکی شـارەوانی بوونـە، کەچـی ئـەم پۆسـتە بـۆ کـورد ئاسـایی بـووە. یەکەمیـن سـەرۆک شـارەوانیی کەرکـووک لـە نەتـەوەی عـەرەب لـە کاتـی ڕژێمـی بەعسـدا لـە سـاڵی ١٩٦٩ دانـراوە. بـە دەگمەنیـش عـەرەب نوێنەرایەتیـی کەرکووکیـان کـردووە لـە ئەنجوومەنـی نوێنەرانـی عێـراق [٢].

لـە ئەنجامـی پاشەکشـەی ژمـارەی تورکـمان لـە کەرکـووک بـووە مایـەی گۆڕینـی ژیانـی سیاسـیی کـوردان کـە ژمارەیـان لـە شـارەکەدا لـە ژمـارەی تورکـمان زیاتـر بـوو. لـە سـەروبەندی ئـەم گۆڕانکارییانـە، لـە نەوەتەکانـی سـەدەی بیسـتدا بایەخدانـی تورکیـا بـە ناوچەکـە لـە زێدەبووندابـوو.

سـەبارەت بـە تورکیـا، دابڕینـی ویلایەتـی مووسـڵ لـە بیسـتەکانی سـەدەی بیسـت و درایـە پـاڵ عێـراق، بەتایبەتیـش ناوچەکانـی مووسـڵ و کەرکووکـی دەوڵەمەنـد بـە سـامانی نـەوت، گورزێکـی کوشـندە بـوو لـە ئومێـدە جیـۆ- سیاسـی و جیـۆ- ئابووریـیەکانـی تورکیـا، لەگـەڵ ئەوەشـدا تورکیـا بـە درێژایـی ناوەڕاسـتی بیسـتەکانی سـەدەی بیسـت تاوەکـو شـەڕی کەنـداوی سـاڵی ١٩٩١ بەرگـەی لەدەسـتدانی ئـەم ناوچانـەی گـرت بەبـێ ئـەوەی خواسـتی خـۆی لـە «گەڕاندنـەوەی خاکـە لەدەسـتچووەکانی» ئاشـکرا بـکات. بـەڵام دوای ١٩٩١ کتوپـڕ ویسـتی خـۆی بـۆ داواکردنـەوەی ئـەو ناوچـە دەوڵەمەندانـەی مووسـڵ و کەرکـووک «بیرکەوتـەوە»، دەبـێ ئامـاژە بـەوەش بدەیـن پێـش ئـەم بیرکەوتنەوەیـە، کـوردی باشـوور لـە ڕژێمـی بەعس ڕاپەڕیبـوون و چەند ڕۆژێـک ئیتنۆگرافیای هەرێمی کوردسـتانیان کۆنتـرۆڵ کردبـوو، بـە کەرکووکیشـەوە. بەشـێک لـە باشـووری کوردسـتان (بێجگـە لـە کەرکـووک و خانەقیـن و چەنـد ناوچەیەکـی تریـش) لـە ١٩٩١ەوە بـە ناوچەیەکـی ئەمنـی ڕاگەیەنـرا. ئینجـا ئەنکـەرە دەسـتی بـە داواکردنـەوەی ئـەو ناوچـە دابڕاوانـەی دەکـردەوە و کێشـەی هەرەسـهێنانی حکومەتـی عێراقـی بـە مەترسـییەکانی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کـورد گرێـدا، جـا لەپێنـاو ڕێگریکـردن لـە پەرەسـەندنی ئـەو ڕێبـازەی کـوردی باشـوور گرتوویانەتەبـەر بـۆ ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی، تورکیـا دەسـتی بـە بەکارهێنانـی تورکمانەکانـی عێـراق کـرد بـۆ جێبەجێکردنـی بەرژەوەندییـە تایبەتەکانـی خـۆی. هاوکاریـی پێشـکەش بـە ڕێکخراوەکانـی تورکـمان کـرد، ئەوانـەی لایەنگـری تورکیـا بـوون، ئەویـش

بەمەبەستی کەمکردنەوەی هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتیی دەکات.

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی بەکارهێنانی تورکمان لەلایەن ئەنکەرەوە، لاوازکردنی چالاکییە سەربازییەکانی پەکەکەیە لەسەر سنووری عێراق- تورکیا. ئەو کاتەی پەکەکە بەهێزبوو، هەموو هەوڵێکی بۆئەوەبوو دۆخی سەقامگیریی باشووری کوردستان بشێوێنێ، چونکە لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی ئەوێدا ناکۆک بوو، ئەم هەڵوێستەی پەکەکە لە بەرژەوەندیی سیاسیی تورکیا بوو، تورکیاش ئەم هەلەی قۆستەوە و کردییە بیانووی لەشکرکێشییەکانی بۆ نێو خاکی کوردستان و گوایە بۆ ڕاوەدوونانی چەکدارانی پەکەکە هاتووە. بەڵام پاش دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و کەمبوونەوەی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ستراتیژییەتی تورکیا گۆڕا و ئەو بیانووەشی نەما، بۆیە ڕووی لە تورکمانەکانی عێراق کرد و بۆ دژایەتیکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەکاریهێنان، چونکە تورکیا زۆر نیگەران بوو لە بڵاوبوونەوەی هەژموونی پارتی لە باشووری کوردستان.

لە کۆتایی نەوەتەکانەوە، لە هەڵمەتی کەمکردنەوەی کاریگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر کوردی باشوور لە ناوچە سنووریيەکانی نێوان عێراق- تورکیا، فاکتەری تورکمان بووە «کارتێکی براوە» بە دەست ئەنکەرەوە، سەرەتا تورکیا ڕایگەیاند چەندین ملیۆن تورکمان لە باشووری کوردستاندا دەژین (بانگەشەی سێ ملیۆنی دەکرد) تێکڕای سەرچاوە کوردییەکانیش ئەم ئامارەی تورکیایان ڕەتکردەوە و دەیانگوت: ئەم ژمارەیە زێدەڕۆییەکی زۆری تێداکراوە و هەرگیز ژمارەی تورکمان ئەو ڕادەیە نییە کە تورکیا ڕایدەگەیەنێت، ژمارە ڕاگەیەنراوەکانی سەرچاوە کوردییەکانیش لەنێو خۆیاندا زۆر جیاواز بوون، هێندێکیان ژمارەی تورکمانیان بە چەند سەد هەزارێک خەملاندبوو، هێندێکیشیان لەو باوەڕەدابوون کە زۆر کەمترە لەو ژمارەیە. مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بۆ ١,٣ ملیۆن تورکمان کردووە، ئەمەشی لە دیمانەیەکدا ئاشکراکردووە کە لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٣دا لەگەڵ ئاژانسی دەنگوباسی دۆغانی تورکیایی ئەنجامی دابوو و ڕایگەیاندبوو: عەرەب دوو لەسەر سێی دانیشتوانی هەموو عێراق پێکدێنن، کورد نزیکەی یەک لەسەر چوار و تورکمان ٦٪ و کریستیانەکانیش ٣٪.

هـاوکات بەپێـی سـەرژمێرییەکەی سـاڵی ١٩٥٧ تورکمانەکانـی عێـراق ڕێژەیـان کەمێـک لـە ٢٪ی دانیشـتوانی عێراقیـان پێکدەهێنـا، بۆیـە ئەگەر ژمارەی دانیشـتوانی عێـراق نزیکەی ٢٢ ملیـۆن کـەس بێـت ئـەوا ژمـارەی تورکـمان بەپێـی لێدوانەکـەی بارزانـی دەگاتـە زیاتر لە ١,٣ ملیـۆن کـەس کـە چەندیـن جـار لـە خەملاندنـی سـەرچاوەکانی دیکـەی کـورد زێدەترە. ئەگـەری زۆرە زێدەڕۆیـی لـە خەملاندنـی ژمـارەی تورکمانـی عێـراق کرابێت، هۆکارەکەشـی ئەوەیـە کـە لە سـەرەتای نەوەتەکاندا، کاتێـک ڕێکخـراوە خێرخوازییەکانی تورکیـا هاوکارییە مرۆییەکانیـان لـە باشـووری کوردسـتان لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی دابـەش دەکـرد (کـە لـە ڕاسـتیدا تەنیـا بـۆ تورکـمان بوو- نووسـیار) ژمارەیەکی زۆر لـە کوردی ئەم ناوچانـە خۆیان بە تورکـمان ناونـووس دەکرد لە ڕێکخـراوە خێرخوازییە تورکیاییەکان بۆئـەوەی هاوکارییەکانیان بەربکەوێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا جیاوازییەکـی زۆر هەیە لـە خەملاندنەکانـی کورد بۆ دیاریکردنـی ژمـارەی تورکمانـی عێراق.

بـۆ زیادکردنـی ژمـارەی تورکـمان بـە شـێوەیەکی دەسـتکرد، تورکیـا هەنگاوێکـی تـری نـا و دەسـتی بـە دابەشـکردنی پـارە کـرد بەسـەر عەرەبەکانـی کەرکـووک بۆئـەوەی خۆیـان بـە تورکـمان دابنێـن. ئـا بـەم شـێوەیە کێشـەی ڕێـژەی تورکـمان و کـورد لـە کەرکـووک لـەو بابەتـە سـەرەکییانەیە کـە مشـتومڕێکی زۆری لەسـەرە و تاوەکـو ئێسـتا چارەسـەر نەکـراوە.

زۆرینـەی ئـەو تورکمانانـەی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا دەژیـن، کەوتوونەتـە هەولێـر کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانی تێـدا باڵادەسـتە، کەچـی لـەو ناوچانـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانی تێـدا دەسـەڵاتدارە تورکمانێکـی ئەوتـۆی تێـدا نییـە، هـەروەک لـە پێشـتر ئاماژەمـان پێـداوە، ڕێژەیەکـی زۆری تورکـمان لـە کەرکـووک دەژیـن کـە تـا ڕادەیـەک یەکێتیـی تێـدا باڵادەسـتە، بۆیـە تورکیـا، تورکمانیـان بەکارهێنـاوە بـۆ زێدەکردنـی ناکۆکییەکانـی نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، هەوڵیشـیداوە تورکـمان بـۆ لاوازکردنـی پارتـی بەکاربهێنێـت، چونکـە تورکیـا، پەرەسـەندنی ئۆتۆنۆمیـی کـوردی باشـوور بـە مەترسـی دەزانێـت بـۆ سـەر تورکیـا و کاریگەریـی دەبێـت لەسـەر کـوردی باکـوور. هەروەهـا تورکیـا هەوڵیـداوە لایەنـە سیاسـییە تورکمانییەکانـی عێـراق یەکبخـات، بەتایبەتیـش ئەوانـەی بـە عەقڵییەتێکـی تورکیایی لـە عێراقـدا کاردەکەن، بۆیـە لـە ١٩٩٥دا هەمـوو ئـەو لایەنـە سیاسـییە تورکمانییانـەی بـە دەسـتی تورکیـا لـە

عێراق دامەزرابوو، لەژێر چەتری بەرەی تورکمانیی عێراقیدا کۆیکردنەوە. بنچینەی بەرەی تورکمانی پێکهاتبوو لە حزبی نیشتمانیی تورکمانیی عێراقی (سەرۆکەکەی جەمال شان)، حزبی تورکمن ئیلی (ریاز ساری کەهیە)، بزووتنەوەی تورکمانی سەربەخۆ (کەنعان شاکر ئەغالی)، حزبی مافەکانی تورکمانی عێراقی و بزووتنەوەی ئیسلامیی تورکمانیی عێراق. بارەگای سەرەکیی بەرەی تورکمانیی عێراقی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە و لە ساڵی ١٩٩٦ نووسینگەیەکیان لە ئەنکەرە و لە ١٩٩٩ نووسینگەیەکی دیکەیان لە لەندەن کردەوە.

بەرەی تورکمانی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی تورکییە و وابەستەی «نەتەوەی تورکی مەزنە». لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ ڕۆژنامەی - تورکمن ئیلی- کە زمانحاڵی بەرەی تورکمانیی عێراقە و بە زمانی عەرەبی دەردەچێت، بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە واژۆی سەرۆکی بەرەی تورکمانیی عێراقی سان ئەحمەد ئاغەوی و چەند سەرکردەیەکی دیکەی تورکمانی لەسەرە، دەقی بەڵگەنامەکە دەڵێت: «گەلی تورکمان تەنانەت لەپێش لەدایکبوونی مەسیحەوە لە وڵاتی خۆیان - عێراق- دەژین»، بەڵام «نابێت ئەوەیان لەبیربچێت کە ئەوان بەشێکن لە نەتەوەی مەزنی تورک، لە ساڵی ١٩١٨وە کە عوسمانییەکان عێراقیان جێهێشتووە، گەلی تورکمان دەچەوسێندرێنەوە و لەنێو نەتەوەکانی دیکەدا دەتوێنرێنەوە، دەستگیر دەکرێن و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ماڵیان وێران دەکرێت، مافە نیشتمانی، کلتووری، کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیان بەهۆی سیاسەتە شۆفێنییەکانی ڕژێمی ئێستای عێراقەوە پێشێل دەکرێت (مەبەست ڕژێمی بەعسە - نووسیار-) کە لە ساڵی ١٩٨٦وە پێڕەو دەکرێت». ڕاستە سەرکردەکانی بەرەی تورکمانیی عێراق کە بە بەردەوام «داوایان» لە تورکیا کردووە هێرش بکاتە سەر باشووری کوردستان بە هانای «گەلی تورکمانی چەوساوە» بێت و «دڵنیاش بوون برایانی تورک» بەهانایانەوە دێن، هەرگیز داوایان لە تورکیا نەکردووە هاوکاریان بێت لە ڕێگریکردن لە چەوساندنەوەی تورکمان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی عێراق، تورکیاش هیچ دەستپێشخەرییەکی لەمبارەیەوە نەکردووە.

هەر لەو بەڵگەنامەیەدا هاتووە «دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی عێراق کە لە

پاش تەواوبوونی شەڕی دووەمی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١ بەرپابوو - ناوچەی ئارام-لە باکووری عێراق لەسەر بنەمای بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ پێکهێنرا، لەوساوە جەنگاوەرانی تورکمان و حزبە سیاسی و سەرکردە ناسراوەکان لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی تورکمان لەو ناوچە ئارامەدا بە ئاشکرا دەستیان بە خەباتی خۆیان کرد و تاوەکو ئێستا بزووتنەوەی سیاسیی تورکمان لەژێر سایەی فەرماندەیی بەرەی تورکمانیی عێراقی لە ناوچەی تەلەعفەرەوە تا دەگاتە مەندەلی بەردەوامن».

هەرچەندە بارەگای سەرەکیی بەرەی تورکمانیی عێراقی لە هەولێرە، کەچی هەموو چالاکییەکانیان ئاراستەی پارتە سیاسییەکانی کورد کردووە. ئاماژە بەوەش دەدرێت بەرەی تورکمانی وایدەبینێت تورکمانی کەرکووک و مەندەلی و ناوچەکانی تریش دەچەوسێندرێنەوە، بەڵام ئەندامانی ئەو بەرەیە هیچ ئاماژەیەک بەوە نادەن کە تورکمان لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە دەچەوسێندرێنەوە و تەنیا ڕوویان لە لایەنە کوردییەکانە.

بەرەی تورکمانیی عێراقی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە فەرمییەکانی کورد نانێن، تەنانەت داوای مۆڵەتی کارکردنیشیان وەکو حزبێکی سیاسی لە لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان نەکردووە.

دەسەڵاتدارانی کورد نزیکبوونەوەیەکی ناڕوونیان بۆ کێشەکانی تورکمان هەیە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٨ پێوەندییەکانی نێوان حزبی تورکمەن ئیلی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی پرسی خوێندنی تورکمانی، گرژی و ئاڵۆزیی تێکەوت، کاتێک قاسم عومەر سکرتێری ڕۆژنامەوانیی بەرەی تورکمانیی عێراقی ڕایگەیاند: پارتی دیموکراتی کوردستان ١٨ قوتابخانەی تورکمانیی لە زاخۆ، هەولێر، دهۆک و کفری داخستووە (هەرچەندە کفری لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو) و ئاماژەی بەوەداوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێگریی کردووە لە خوێندن بە زمانی تورکی بە ئەلفوبێی لاتینی (لاتینیی تورکی)، پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی لێدوانەکانی قاسم عومەری داوەتە «بەپێچەوانەوە، ئێمە پشتگیرییەکی تەواومان لە خوێندنی تورکمانی کردووە، لە قوتابخانە

کوردییەکانـدا هـەر ٢٥ قوتابییـەک مامۆسـتایەکی بەردەکەوێـت، کەچـی لـە قوتابخانـە تورکمانییـەکان هـەر مامۆسـتایەک بـۆ ١١ قوتابییـە .... بـەڵام دەسـتووری عێـراق ڕێگـەی بـە خوێنـدن نـەداوە بـە ئەلفوبێـی لاتینـی و پێویسـتە پابەنـدی دەسـتوور بیـن، جـا ئەگـەر سیسـتەمێکی نوێـی خوێنـدن پێشـکەش دادەهێنیـت، دیـارە ئامانجـی سیاسـیی لەپشـتە». سـەفین دزەیـی نوێنـەری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ئەنکـەرە، قسـەی لەسـەر تۆمەتەکانـی قاسـم عومـەر کـردووە و دەڵـێ: «لەبـەردەم یاسـادا هەموومـان وەک یەکیـن»[٣].

کـوردی باشـوور ڕێگرییـان لـە تورکـمان کـرد ئەلفوبێـی لاتینـی بەکاربهێنـن، چونکـە وای بۆدەچـوون کـە فاکتەرێکـی کاریگەریـی تورکیـا بێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە نەوەتەکانـەوە هەوڵـدراوە بـۆ چاپکردنـی بڵاوکـراوە کوردییـەکان بـە ئەلفوبێـی لاتینـی، بـەڵام سـەرینەگرت و بـە بەرفرەوانـی بڵاونەبـووەوە، هـۆکاری سـەرەکیی سـەرنەگرتنی ئـەم پرۆسـەیە، کلتـوور و ئایدیۆلۆژیـای باڵادەسـت بـوو لـە ناوچـەی سـلێمانی (دیالێکتـی سـۆرانی) کـە دوور نییـە لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی ئەلفوبێـی لاتینیـدا پێگـەی خـۆی لـە ناوچـە جیاوازەکانـدا لەدەسـت بـدات، هـاوکات دەبێتـە مایـەی پتەوکردنـی پێوەندییـەکان لـە نێـوان ئـەو کوردانـەی کەوتوونەتـە دەڤـەری ژێـر دەسـەڵاتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و کـوردی باکـوور.

دواجـار نووسـین بـە ئەلفوبێـی عەرەبـی یاخـود لاتینـی بـووە فاکتەرێکـی کێبڕکێـی نێـوان تورکـمان و کـورد، لـەم سەروبەندەشـدا بەرپرسـانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، دڵنیاییـان بـە تورکـمان دا و پێیانڕاگەیانـدن کـە ئـەوان هیـچ هەسـتێکی نەرێنییـان لـە ئاسـت تورکمانـدا نییـە، لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٩٩دا سـەفین دزەیـی سـەبارەت بـەم پرسـە ڕایگەیانـد: «پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان هەمیشـە ڕێـزی لـە مافەکانـی تورکـمان و تـەواوی نەتەوەکانـی دیکـەی باشـووری کوردسـتان نـاوە. دەیـان ڕێکخراویـان هەیـە، خـاوەن سـەنتەری ڕۆشـنبیری، قوتابخانـەی تایبـەت، بەرنامـەی ڕادیۆیـی و تەلەفزیۆنـی و ڕۆژنامـەن، چەنـد گرووپێکیشـیان ڕێکخـراوی سەربازیشـیان هەیـە، بۆیـە دەتوانیـن بڵێیـن تورکمانەکانـی هەرێمـی کوردسـتان مافـی زێدەتریـان لـەو کوردانـە وەرگرتـووە کـە لـە وڵاتانـی دراوسـێدا دەژیـن». ئـەم قسـانەش بەڵگـەی ئـەوەن کـە پارتـی

دیموکراتی کوردستان دەیەوێ گرژی لەنێوان لایەنگرانی حزبەکە و تورکمانی عێراقدا دروست نەبێت.

هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی کۆکردنەوەی تورکمان دەدات لە دەوری خۆی و ڕێوشوێنی گونجاویشی گرتووەتەبەر بۆ کۆکردنەوەی دڵسۆزانی تورکمان و دژایەتیکردنی بەرەی تورکمانیی عێراقی کە لەلایەن تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، هۆکاری ئەو هەڵوێستە نەرێنییەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە ئاست بەرەی تورکمانی ئەوەیە کە پارتی پێیوایە بەرەی تورکمانی هەیکەلێکە و هێزێکی دەرەکی دایمەزراندووە و هەر لەوێشەوە ئاراستە دەکرێت.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی ڕێکخراوە تورکمانییەکانی دەدا کە لەلایەنگرانی حزبەکە بوون کە دەکرێ ببنە جێگرەوەی بەرەی تورکمانیی عێراقی، بۆیە لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ پێنج حزبی تورکمانی لە هەولێر ڕاگەیەنرا (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی تورکمانی، پارتی برایەتیی تورکمان، پارتی ڕزگاریی نەتەوەیی تورکمانی، پارتی یەکێتیی تورکمانی، پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستانی) و بە هاوکاریی دەسەڵاتدارانی کورد هاوبەندیی نیشتمانیی تورکمانییان پێکهێنا. جەودەت نەجار سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی تورکمانی ڕایدەگەیەنێت: «لە ئەنجامی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکگرتنی ڕێکخستنە تورکمانییەکان بووە ڕاستییەک و بەدیهات»[٤].

ئەگەرچی تورکمان نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا نییە، بەڵام چەندین ڕێکخراو، دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی، ٨ ڕۆژنامە، ٤ ڕادیۆ و ژمارەیەک قوتابخانەیان هەیە، لە ڕادیۆ و کەناڵە ئاسمانییە حکومییەکانیشدا بەرنامەیان بە زمانی تورکمانی هەیە.

هەڵبەت نوێنەرانی بەرەی تورکمانیی عێراقی لەوە تێگەیشتبوون کە پارتی دیموکراتی کوردستان کار لەپێناو ڕێکخستنی هەیکەلێکی تورکمانانی لایەنگری پارتی دەکات و پرۆسەکەیان لە بنەڕەتدا ڕەتکردەوە. پێش بەستنی لووتکەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢، جونەید منکۆ، ڕاوێژکاری بەرەی تورکمانیی عێراقی ڕایگەیاندبوو کە بارزانی کۆمەڵە تورکمانێکی دەستکردی پێکهێناوە بۆ ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی بەرەی تورکمانی لە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن. بەپێی لێدوانەکانی

نوێنەری تورکمانەکان، ئەمەریکا ناوی بەرەی تورکمانیی عێراقیشی خستووەتە نێو یاسای ئازادکردنی عێراق کە لە ساڵی ١٩٩٨دا کۆنگرێس دەنگیپێداوە[٥].

وەلید شەریکە سکرتێری گشتیی پارتی برایەتیی تورکمان لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ بابەتێکی لە ڕۆژنامەی (برایەتی) بلاوکردووەتەوە و تیایدا نووسیویەتی: «دوو جۆر حزبی سیاسیی تورکمانی لە کوردستانی عێراقدا هەن، جۆرێکیان ئەرکێکی نیشتمانی بەجێدەگەیەنن، جۆرەکەی تریان بۆ بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکان کاردەکەن» هەروەها دەڵێ: «خوڵقاندنی ئەوەی پێیدەڵێن بەرەی تورکمانی کە لە دەرەوە بەڕێوەدەبرێن، هەوڵێکە بۆ لێدانی ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی لە کوردستانی عێراقدا لەئارادایە»[٦]. شەریکە ئەوەشی دووپاتکردووەتەوە کە تورکمانەکانی عێراق چەندین مافی نەتەوەییان بۆ دەستەبەرکراوە. سەیفەدین دامرچی سکرتێری گشتیی یەکێتیی تورکمانی عێراقی ئەمەی دووپاتکردووەتەوە و دەڵێ «ئەمڕۆ تورکمانەکان ئازادییەکی بەرفرەوانیان لە کوردستاندا هەیە» جەختی لەوەش کردووەتەوە کە لەوکاتەی یەک تورکمان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس نەیدەتوانی گوزارشت لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات و هیچ قوتابخانەیەک یاخود ڕادیۆیەک بە زمانی تورکمانی بوونیان نەبوو، لە کوردستانی عێراقدا، تورکمان خاوەن حزبی سیاسی و ڕۆژنامە بوون و پۆستی ئیداریی باڵایان دراوەتێ، لە ئێستاشدا هیچ ناکۆکییەکی یاسایی لەنێوان تورکمان و کورد لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بەدیناکرێت، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستکەوتێکی مەزن دادەنێم، ئەوەشی خستبووەڕوو کە چەند ڕێکخستنێکی تورکمانی کە لە عێراقدا کار دەکەن لە ئەنجامدانی چالاکییەکانیاندا پشتیان بە فاکتەری دەرەکی بەستووە، کەچی هێندێکیان پشت بە فاکتەری نێوخۆیی دەبەستن. وەلید شەریکە دەڵێ: «حزبەکەمان کارلێککردنی لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام ئەوانی دی پشت بە هۆکاری دەرەکی دەبەستن» بەشداربوونەکردنی تورکمانی لە ناکۆکییەکانی نێوان حزبەکانیشی بە کارێکی باش و پەسند زانی و پێیوایە «تورکمان لەو نێوەندەدا بێلایەن بن باشترە نەوەک دژی لایەنێک پشتی لایەنێکی دیکە بگرن و هەڵوێستی لایەنگریی لایەنێک خزمەتی تورکمان و برایەتی لە کوردستان ناکات».

بەرەی تورکمانی کە لایەنگری تورکیایە، بە پێچەوانەی ئەو تورکمانانەی

لەگەڵ کۆردا سازاون، ناکۆکییەکانی نێوان کوردی باشوور دەقۆزنەوە و لایەنگریی لایەنێکیان دەکەن لەسەر حسێبی لایەنەکەی دیکە (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)، زۆر جاریش ئەندامانی ئەو بەرەیە لە میدیاکانی تورکیا، لە کێشە سەرەکییەکانی باشووری کوردستاندا ڕەخنە لە هەڵوێستەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی دەگرن، بۆنموونە لە ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆژنامەی دەیلی نیوزی تورکیایی دیمانەیەکی مستەفا کەمال یایچلی، ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی بڵاوکردووەتەوە کە نوێنەری بەرەی تورکمانیی عێراقیشە، لە دیمانەکەدا مەسعود بارزانیی بەوە خەتابار کردووە کە سازان و هەڵوێستی یەکگرتووی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیی سەبارەت بە فیدراڵیزم و ناسنامەی کەرکووک پێشێلکردووە، هاوکات هەڵوێستی جەلال تاڵەبانیی لەمڕووەوە بەرز نرخاند و ڕاشکاوانە گوتی: «تاڵەبانی گەشبینترە و ڕێبازێکی ئەرێنییانەی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەیە، ئەو بانگەشە بۆ هەڵوێستە شۆفێنییەکان ناکات و تایبەتمەندێتیی تورکمانی قبوولّە. هەر بەم شێوازە بیرکردنەوەیە دەتوانرێت ئایندەی عێراق بنیات بنرێت». یایچلی شێوازی مامەڵەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەگەڵ کێشەی تورکمان ئیدانەکرد، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە گوایە «پارتی دەست لە کاروباری قوتابخانە تورکمانییەکان و خوێندنی زمانی تورکی وەردەدات و ڕێگری لە پەرەسەندنی ئەو قوتابخانانە و کاری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان دەکات. ئێمە کێشەمان لە ناوچەی تاڵەبانیدا نییە - سلێمانی- کێشەکامان بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەودا (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) چارەسەر دەکەین. بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان زمانی تورکیی لە هەولێر قەدەغەکردووە». ئایدن بەیاتلی، ئەندامی ئەنجوومەنی تەنفیزیی بەرەی تورکمانیی عێراقی بۆچوونەکانی یایچلی دووپات دەکاتەوە و هەمان هەڵوێست دەنوێنێت، ئەو دەڵێ: مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان «هەڕەشەیەکی گەورەیە» لەسەر چالاکییەکانی بەرەی تورکمانی و هەموو هەوڵێکی لەپێناو دەرکردنی ئەو کەس و لایەنانەیە لە «باکووری عێراق» کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان نین بەتایبەتیش تورکمانەکان. هەروەها دەڵێ: «هێزەکانی بارزانی لە هەولێر و کەرکووک، هەوڵی قەدەغەکردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی تەنفیزیی بەرەی تورکمانییان

داوە»، بەبێ ئەوەی ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەوەی چۆن بارزانی دەتوانێت دەست لە کۆبوونەوەکانی بەرەی تورکمانی وەربدات لە کەرکووک، لە کاتێکدا دەسەڵاتدارانی عێراق بەتەواوی شارەکەیان کۆنترۆڵ کردووە، ئەوەشی بیرچووبوو کە بەرەی تورکمانی لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆنگرەی خۆی لە هەولێر بەستبوو!.

پێش دەستپێکردنی هەڵمەتە سەربازییەکەی ئەمەریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن، تورکیا ڕۆژانە ئەگەری هێرشکردنە سەر باشووری کوردستانی بڵاودەکردەوە، بەرەی تورکمانیش بە بەردەوام داوایان لە تورکیا دەکرد بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی «پشێوی و بێسەروبەرەیی» هێزەکانی بەرەو «باکووری عێراق» جووڵە پێبکات، هەر ئەوکات ژمارەیەک لە سەرکردەکانی تورکمان بە ڕاشکاوی پشتگیریی دەسەڵاتدارانی کوردیان دەکرد و لەشکرکێشیی تورکیایان بەپێویست نەدەزانی. لە ٢١ی شوباتی ٢٠٠٣ جەودەت نەجار سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی تورکمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: تورکمانەکانی کوردستانی عێراق نایانەوێ تورکیا بێتە کوردستان ... چونکە هاتنی هێزەکانی تورکیا بە پێویست نازانین و دەستوەردانی تورکیا لە کاروباری نێوخۆ عێراق ڕەتدەکەینەوە، لەبەرئەوەی گەلی تورکمان لە ساڵی ١٩٩١ەوە لێرە بە ئاسوودەیی دەژین و مافە دیموکراسییەکانیان بۆ دەستەبەر کراوە ... پێموانییە تورکیا ئەم هەڵەیە بکات، تورکیا مافی خۆیەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، بەڵام مافی ئەوەی نییە هێرش بکاتە سەر عێراق، ئێمە گەلی عێراقین و دژی ئەمەین»[٧]. هەروەها سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی تورکمانی جەختی کردەوە کە ئەو گومانی لە جەختکردنەوەکانی تورکیایە بۆ پاراستنی تورکمان. بە ڕای ئەو «تورکیا دەیەوێ دەست بەسەر نەوت و خاکدا بگرێت» بۆیە دروشمی پاراستنی تورکمانەکانی کوردستانی عێراقی بەرزکردووەتەوە، تورکمانەکان لەوەش دەترسان، ئەگەر بێت و هێزەکانی تورکیا بێنە کوردستانەوە، کوردی ئەوێ تۆڵە لە تورکمان بکەنەوە، چونکە تورکیا دروشمی پاراستنی تورکمانی لە چەوساندنەوەی کورد کردووەتە بیانووی هاتنەژوورەوەیان[٨]. بۆیە لە هەولێر، تورکمان هاوشانی کوردی باشوور بەشداریان لە خۆپیشاندانی ناڕەزایی دەربڕیندا کرد لە دژی هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان.

تورکمانەکان هەوڵی بەدرۆخستنەوەی لێدوانەکانی سیاسەتوانانی تورکیایان دەدا کە گوایە ئەوان پەرۆشی تورکمانەکانی عێراقن و نیگەرانی دۆخی خراپی تورکمانن، لە چەندین بۆنەدا ئەوەیان ڕوونکردووەتەوە کە یەک حکومەتی تورکیایی گوێی بە چارەنووسی تورکمانی عێراق نەداوە و بە ڕاشکاوی دەیانگوت: «بە درێژایی ٣٠ ساڵی ڕابردوو هیچ حکومەتێک لە کۆماری تورکیا یارمەتیی تورکمانیان نەداوە و ئێمەیان بە بۆڕییە نەوتەکەی (کەرکووک - یومورتالیک) فرۆشتووە و سێ دەیەیە کەس لە سەدامی نەپرسی بۆچی وا لە تورکمان دەکات، لەبەرچی؟ چونکە سەدام نەوتی بە تورکیا دەدا[٩]».

ئا بەم شێوەیە تورکیا، تورکمانی بۆ تێکدانی سەقامگیریی باشووری کوردستان بەکارهێناوە و سەرکردەکانی تورکیا بەرەی تورکمانیی عێراقییان بۆ نانەوەی پشێوی و ناکۆکیی نێوان حزبە سیاسییە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان کە بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە تورکمانی عێراق هەیە و سیاسەتی تایبەتی خۆیان لە ئاست ڕێکخراوەکانی تورکمان پێڕەو دەکەن.

هەڵوێستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە تورکمانەکانی عێراق تا ڕادەیەک جیاواز بوون، پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە بەرەی تورکمانیی عێراقی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندیی عێراقییەکان بە گشتی و تورکمانەکانی باشووری کوردستان نییە و بەرەی تورکمانی بە ڕێکخراوێکی بەکرێگیراو دادەنێ کە لە ئەنکەرەوە ئاراستە دەکرێن، کەچی تێڕوانینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێچەوانەی پارتییە و پشتگیریی چالاکییەکانی دەکات.

تاڵەبانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەرەی تورکمانیی عێراقی بە «ڕێکخراوێکی تورکمانیی کاریگەر» دادەنێ و هەوڵی پاراستنی پێوەندییەکانی نێوانیان دەدەن، لە ٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرەی تورکمانیی عێراقی لە سلێمانی «پرۆتۆکۆڵی دۆستایەتی و هەماهەنگی»یان واژوو کرد، لەوساوە کە بە درێژایی مێژوو ئەو شارە تورکمانی تێدا نەبووە، ژمارەی تورکمان لە سلێمانی ڕوو لە زێدەبوون دەکات و بارەگا و نووسینگەی نوێنەرایەتییان دامەزراندووە[١٠]. ئا بەم شێوەیە تاڵەبانی لە هەر سەردانێکیدا بۆ ئەنکەرە کۆبوونەوە و دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی

بەرەی تورکمانیی عێراقیدا دەکات، لە ٧ی ئادارى ٢٠٠٢دا تاڵەبانی پێشوازیی لەمستەفا زیاء سەرۆکی شاندنی بەرەی تورکمانیی عێراقی و سەنعان قەساب کرد[١١]. لەلایەکەوە دەسەڵاتدارانی تورکیا جەختیان لەوە دەکردەوە کە پێویستە سەرکردە کاریگەرەکانی کورد لە عێراق لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا کۆببنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە تاڵەبانی هەرگیز دیداری لەگەڵ نوێنەرانی بەرەی تورکمانیی عێراقی ڕەت نەکردووەتەوە.

لە ١١ی تەممووزی ٢٠٠٢دا ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بڵاویکردووەتەوە، سەعدی ئەحمەد پیرە سەرۆکی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی پێشوازیی لە سەیاح کورەچی نوێنەری بەرەی تورکمانیی عێراقی و عیسا موحسین قەساب سەرۆکی پێوەندییەکانی دەرەوەی بەرەی تورکمانی و ڕزگار قەرەنی یاریدەدەری کردووە. لەو دیدارەدا سەعدی ئەحمەد پیرە خۆشحاڵیی خۆی بۆ کردنەوەی نوێنەرایەتیی بەرەی تورکمانیی عێراقی لە سلێمانی دەربڕیوە. کوردستانی نوێ ئەوەشی نووسیوە: نوێنەرانی بەرەی تورکمانیی عێراقی ڕایانگەیاندووە: «بەرەی تورکمانیی عێراقی زۆر بەڕێزەوە دەڕوانینە ئەو ڕێبازە دۆستانە و واقیعبینانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان (لە سلێمانی) ... « هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێ: «سەعدی ئەحمەد پیرە سەرۆکی مەکتەبی پێوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە نوێنەری بەرەی تورکمانیی ڕاگەیاندووە کە کورد و تورکمان چارەنووسێکی هاوبەشیان هەیە ....»[١٢].

بێجگە لە سلێمانی، لە ناوچەیەکی تری ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لقێکی تری بارەگای بەرەی تورکمانیی عێراقی لە کۆیە کرایەوە و لە تشرینی دووەمی ٢٠٠دا هاوواڵاتییەکی تورکیا کرایە سەرۆکی ئەم لقەی کۆیە کە پێشتر لە هێزی چاودێریکردنی ئاشتیدا کاری دەکرد. ئەو هێزە لە نیسانی ١٩٩٧ دوای ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بەشداریی ئەنکەرە بۆ چاودێریکردنی ناوچەی ئاگربەستی نێوان ئەو دوو حزبە کوردستانییە دامەزراوە. ئاماژە بەوە دەدرێت کە ئەگەرچی فەرماندەیی هێزە چاودێرەکە لە ئەفسەرانی تورک پێکهاتبوون و ئەمەریکا ئەرکی دارایی هێزەکەی

خستبووە ئەستۆی خۆی، بەڵام کارگێڕانی سەرەکیی ئەم دامەزراوەیە بە پێشنیازی تورکیا بوو -ئەندامانی بەرەی تورکمانیی عێراقی- بوون. پێش دەستپێکردنی هێرشەکەی ئەمەریکا بۆ سەر سەدام حوسێن، کوردی باشوور بە ئاشکرا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم هێزە و کشاندنەوەی «چاودێران»ی تورکیان دەکرد. ڕۆژنامەی (هاوواڵاتی) لە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ بڵاویکردبووەوە: وەلید عەلی کە هاووڵاتییەکی تورکە لە جێگەی مۆفەق محەمەد دانرا کە تورکمانێکی عێراقی بوو، بەپێی ڕۆژنامەکە ئەم ڕێکارە «دەستوەردانێکی ڕاستەوخۆیە لە کاروباری باشووری کوردستان»[١٣].

لە کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢ لە ئەنکەرە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی نووسینگەی ئەنکەرەی بەرەی تورکمانیی عێراقی کرد و چاوی بە سەنعان ئەحمەد ئاغا سەرۆکی ڕێکخراوەکە کەوت[١٤]، تاڵەبانی لەوێ ڕایگەیاند یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داکۆکی لە مافەکانی تورکمان دەکات کە مافە دیموکراسییەکانیان لەنێو گرووپە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بۆ دەستەبەر کراوە. هەروەها گوتی: «سااڵێک پێش ئێستا پرۆتۆکۆڵێکی دۆستایەتی و هەماهەنگیمان لەگەڵ تورکمان واڤوو کردووە (بەرەی تورکمانیی عێراقی - نووسیار-) و پرۆتۆکۆڵەکەمان درێژکردووەتەوە[١٥]». ئەوکات ڕۆژنامەی دەیلی نیوزی تورکیایی نووسیبووی تاڵەبانی، سوپای تورکیای بە سوپای «دۆست» وەسفکردووە و قسەی لەسەر ئەگەری ناردنی هێزەکانی تورکیا کردووە بۆ «باکووری عێراق» (ڕۆژنامەکە ئەمەی لەسەر زاری تاڵەبانی گواستووەتەوە) بەمەبەستی هاوکاریکردنی پەنابەران ... هتد. کەچی سەفین دزەیی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنکەرە، دژی دەستوەردانی تورکیایە لە کاروباری باشووری کوردستان بەبیانووی ڕاوەدونانی پارتی کرێکارانی کوردستان یاخود بەهەر بیانوویەکی تر[١٦]. تورکیا لە هەڵەکانیدا بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی تاڵەبانی لەگەڵ بەرەی تورکمانیی عێراقی دەیویست شەرعییەتێک بە ڕێکخراوەکە و سەنگێکی سیاسیی پێببەخشێت.

جەلال تاڵەبانی لە ٣ی شوباتی ٢٠٠٣ لە دیمانەیەکی ئاژانسی هەواڵەکانی خەلیجدا گوتبووی: «ئێمە پێشوازیی شاندێکی باڵای بەرەی تورکمانیی عێراقیمان

کـردووە و ڕێککەوتنێکـی هەماهەنگیـمان لەنێوانـدا هەیـە بـۆ چەندیـن پرسـی گرنـگ». لـە هەمـان دیمانـەدا دربـڕیـژە بـە قسـەکانی دەدات و تاڵەبانـی دەڵـێ: «بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی پێوەندییەکـی پتـەوی لەگـەڵ تورکیـادا هەیـە و سیاسـەتی تورکیـا پاراسـتنی تورکمانـە لەهـەر شـوێنێکدا بێـت، تورکیـا، کـورد و تورکـمان بەبـێ جیاوازیکـردن بـە خـزم و بـرای خۆیـان دادەنێـن»[١٧].

ئەگەرچـی بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی چەندیـن جـار تێڕوانینـی تورکیـای دووپاتکردووەتـەوە لـە مەترسـییەکانی پێکهێنانـی عێراقێکـی فیـدراڵ، بـەڵام تاڵەبانـی سیاسـەتی خـۆی بەرانبـەر بـە بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی جێگیـر و نەگـۆڕە، لـە کۆتایـی ئەیلوولـی ٢٠٠٢ کەمـال یایچلـی نوێنـەری بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی بـە تونـدی ڕەشنووسـی دەسـتووری کاتیـی عێراقـی ڕەتکردووەتـەوە کـە لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان داڕێژرابـوو (لـە ڕاسـتیدا پرۆژەکـە هـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو و دواتـر یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانیش ڕازی بـووە) و ئـەو نوێنـەرەی بـەرەی تورکمانـی ئاماژە بـەوە دەدات کـە «گرووپـە تورکمانییـەکان ڕێگـری لـە دامەزراندنـی عێراقێکـی فیدراڵـی دەکات کـە وڵات ڕووبـەڕووی شـەڕێکی ناوخـۆ دەکات ... هیوادارێـن تورکیـاش لـەم پرسـەدا هاوکارمـان بێـت»[١٨].

هەڵوێسـتی تاڵەبانـی لـە بـەرەی تورکمانیـی عێراقیـدا کێبڕکێکردنـی نێـوان پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانی تێپەڕانـدووە لەسـەر باڵادەسـتیی لـە هەرێمـی کوردسـتان، بەڵکـو ئـەو هەوڵـی ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی نێـوان بەرژەوەندییەکانـی سـەرکردایەتیی تورکیـا کـە کەوتووەتـە ژێـر گوشـاری ئەمەریـکا و بەرژەوەندییەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانی دەدات لـە مانـەوەی بەشـێکی هەرێمـی کوردسـتان لەژێـر دەسـەڵاتی خـۆی.

وێـڕای ئـەوەی سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لـەم سـاڵانەی دواییدا (لـە سـاڵی ١٩٩٨ەوە بـە بـەردەوام) ڕایدەگەیانـد کـە پابەنـدی سـتراتیژییەتێکی یەکگرتـووە لەگـەڵ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئامادەیـە حکومەتـی یەکگرتـووی هەرێمـی کوردسـتان پێکبهێنێـت، بـەڵام ئـەو نایـەوێ دۆخـە هەنووکەییەکـە پێشـێل بـکات کـە لەنێـوان ئـەو دوو حزبـەدا بەدیهاتـووە، بۆیـە بانگەشـەی پاراسـتنی دابەشـکارییە باشـووری

کوردستانی دەکرد: ناوچەی باڵادەستیی پارتی دیموکراتی کوردستان و ناوچەکیش بۆ باڵادەستبوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. پێدەچوو جەلال تاڵەبانی لەوە ترسابێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵی پێشەنگ لە باشووری کوردستان بگێڕێت (لەڕووی سیاسی و دارایی و دیموگرافی ... هتد) ئەم هەڵوێستەی تاڵەبانی تاڕادەیەک لەگەڵ ناوەندەکانی هێزە ئیقلیمییەکاندا دەگونجێت کە دابەشکاریی فەزای ئیتنی لە باشووری کوردستان دەرفەتێک بۆ گرەوکردن لەسەر ناکۆکییەکان و هاوسەنگیی هێزەکان بخوڵقێنێ، دەبێتە بەربەستێکیش لەبەردەم سەرهەڵدانی ناوەندێکی یەکگرتوو بۆ کوردی باشوور. کەواتە سەرباری ئەو هەموو لێدوانە بەردەوامانەی تاڵەبانی سەبارەت بە کارکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بەرەیەکی یەکگرتوو و خواستەکانی لە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستان، کەچی بە کردار دژی کەمکردنەوەی ڕۆڵی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە لە هەرێمی کوردستان.

کێبڕکێی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا خۆی لە نەمانی متمانە لەنێوان سەرکردەکانی ئەو دوو حزبەدا دەبینێتەوە، بۆمونە مەسعود بارزانی ڕایگەیاندووە «تاڵەبانی جێی متمانە نییە»، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠یشدا لە تورکیا لەچوارچێوەی دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنبیرانی تورکیا ڕایگەیاندووە: «نە متمانە بە پارتی کرێکارانی کوردستان و نە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرێت»، هاوکات بارزانی هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو لە باشووری کوردستان بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا دژی عێراق، تورکیا بەردەوام دووپاتیکردووەتەوە ئەگەر کوردی باشوور لە حاڵەتی بوشایی دەسەڵاتدا کەرکووک کۆنترۆڵ بکەن، ئەوانیش ئامادەن بەرەو هەرێمی کوردستان لەشکرکێشی بکەن. لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەدا کورد بەردەوام هەوڵیداوە قەناعەت بە تورکیا بکەن ئەوان نیازی کۆنترۆڵکردنی کەرکووکیان نییە. نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ئەنکەرە ئەمەی بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا دووپاتکردووەتەوە کە سەرکردەکانی کورد کۆنترۆڵکردنی کەرکووکیان لەبەرنامەدا

نییە. نێچیرڤان بارزانی سەبارەت بە ڕەشنووسی دەستووری کوردستان کە کەرکووکی بە پایتەختی کوردستان ڕاگەیاندووە، دەڵێ: «ئەمە تەنیا پڕۆژەیە، پێشنیازە و بڕیاری کۆتایی نییە» لەگەڵ ئەوەشدا هەروەک لەپێشەوە ئاماژەی پێدراوە، نێچیرڤان بارزانی بە ڕاشکاوی و بەبێ پێچ و پەنا ڕایگەیاندووە: «لە ڕووی جوگرافیاوە، بە تەئکید کەرکووک دەکەوێتە ئەو ناوچەیەی کە بە کوردستانی عێراق ناسراوە»[٢٠].

ڕۆژنامەی دەیلی نیوزی تورکیایی، بڵاویکردووەتەوە کە لەگەڵ ئازادکردنی شاری کەرکووک لە دەست بەعسییەکان، لە ١٨ی نیسانی ٢٠٠٣ جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاندووە: «دوێنێ ١٧ی نیسان سەربازانی پلە باڵای تورکیا سەردانی کەرکووکیان کردووە و لە مامەڵەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ تورکمانەکانی کەرکووک ڕازی بوون» ڕۆژنامەکە ڕوونیکردووەتەوە ئەو سەربازە پلەباڵایەی تورکیا، فەرماندەی هێزەکانی کۆماندۆ بووە لە سلۆپی، ناوی عەبدوڵڵا کیلیشسلان و پلەی جەنەڕاڵ بووە[٢١].

پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، تورکیا هەوڵی داوە گوزارشت لە «پشتوانیکردنی» تورکمانەکانی عێراق بکات، لە کۆتایی ئابی ٢٠٠٢سەباحەدین چەخماخ ئۆغڵو وەزیری بەرگریی تورکیا ڕایگەیاندووە: «ناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ و کەرکووک، ناوچەیەکی تورکمانین و بۆچوونی بیانییەکان سەبارەت بەو ناوچانە (بۆ تورکیا) مایەی قبووڵکردن نییە»[٢٢]. مەسعود یڵماز جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا پێیوایە «ئەگەر بەپێچەوانەی هەموو ئاماژە مێژووییەکان، کەرکووک بخرێتە نێو چوارچێوەی فیدراڵییەتی کوردییەوە ..... « «پێویستە تورکیا دەستبەجێ وەڵام بداتەوە»[٢٣]. مەسعود بارزانی بە توندی گوتە هەڵبەستراوەکانی تورکیای سەبارەت بە کەرکووک ڕەتکردەوە و گوتی: «هێندەی دووریی نێوان ئەرز و ئاسمان، مۆرکی تورکیایی کەرکووک لەیەکدوورن»[٢٤]. لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ محەمەد عەلی بیراند، مەسعود بارزانی سەرسوڕمانی خۆی بۆ پێوەندیی تورکیا بە کەرکووک دەربڕیبوو[٢٥].

لەو ڕۆژانەی هیستریای تورکیا بۆ دژایەتیکردنی باشووری کوردستان گەیشتبووە لووتکە و بەکارهێنانی کارتی تورکمانەکانی عێراق لە ئارادابوو، مشتومڕیکی زۆر لە میدیاکانی تورکیادا سەبارەت بە تورکمانەکانی عێراق دەستپێکردبوو، بۆنموونە

میدیاکاری ناوداری تورکیا محەمەد عەلی بیراند نووسیبووی: «پێشتر ئێمە هیچ گوێمان بە کاروباری تورکمان نەدەدا، کتوپڕ ئەوانمان بیرکەوتەوە، خۆ تورکمان پێشتریش لە عێراقدا هەبوون و سەدام حوسێن دەیچەوساندنەوە و دووچاری توانەوەی نەتەوەیی ببوون، بەڵام ئەوکات عێراق بۆ ئێمە گرنگتر بوو بۆیە تورکمانمان پشتگوێخستبوو». بەپێی بۆچوونەکانی بیراند: بەشێک لە «هەڵۆکان» لە ئەنکەرە تورکمانیان لە دژی هەوڵەکانی کورد بۆ ڕێکخستنەوەی باکووری عێراق بەکارهێناوە کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کوردان، هەموو ئەمانە ئەو هەستەمان لەلا دروست دەکەن کە تورکیا بۆئەوە پارێزگاری لە تورکمان ناکات کە سەر بە نەتەوەی تورکن، بگرە بۆئەوەیە ڕێگری لە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردان بکات، ئەنجام کوردیش تێڕوانینێکی نەرێنی دەڕواننە تورکیا و تورکمانەکان[٢٦].

ئیلنوور جڤیک، میدیاکارێکی دیکەیە و بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کێشەی تورکمان دەربڕیوە: «تورکیا پشتی لە تورکمان کردبوو، بەبێدەنگییەکەی پشتگیریی سەدام حوسێن و دیکتاتۆرییەتەکەی دەکرد. ئەوانەی بە سیاسەتی تاڵەبانی و بارزانی لەمەڕ تورکمان، ناڕەحەت بوون، سااڵنێکی زۆر بوو بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، لەکاتێکدا زۆرینەی تورکمان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەدام بە هەموو جۆرێک سەرکوت دەکران»[٢٧]. جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە: «تورکمانەکانی عێراق کە لە ڕابردوودا هەموو جۆرە ئازارێکی بە دەست ڕژێمی بەعس چەشتبووە، دەڵێن ئەوکات تورکیا پشتی لێیان کردبوو، پێویست ناکات ئێستا وەکو برا گەورەیەک مامەڵەمان لەتەکدا بکات». هەروەکو جڤیک ئاماژەی پێدەدات، تورکمانەکانی هەرێمی ئیدارەی کوردی چەندین حزبیان دامەزراندووە، کەچی لە سایەی حوکمی ڕژێمی بەعسدا تووشی پاکتاوی نەتەوەیی ببوون، هەتاکو بەعسییەکان نەڕووخان، بەرەی تورکمانیی عێراقی نەیتوانی نووسینگەکانی لە کەرکووک و مووسڵ و بەغدا بکاتەوە. جڤیک ئەوەشی نووسیوە تورکمانەکان بێزارن لە ئەنکەرە کە بەم شێوەیە گەمەیان پێدەکات و لەوباوەڕەدان بەرەی تورکمانیی عێراقی ڕێگەیان نادات ڕێکخراوی سیاسی دامەزرێنن. جا بۆئەوەی بەرەی تورکمانی زۆرترین تورکمان لەخۆی کۆبکاتەوە، لە چەند ناوچەیەکدا

نوێنەری وەهایان دامەزراندووە کە زۆر دوورن لە بەرەی تورکمانیی عێراق و ئەوانەن ڕەخنە لە سیاسەتی ئەنکەرە دەگرن.

بۆیە سەڵاحەدین ئەرجەشیان کردە سەرۆکی بەرەی تورکمانیی عێراقی لە کەرکووک کە دەربارەی هەڵوێستیان بەرانبەر تورکمان، ڕەخنەکانی تورکیای لە کوردی عێراق ڕەتدەکردەوە و ئاماژەی بەوە داوە کە چەندین دەیەیە ئەنکەرە ناڕەزایی لە ئاست سیاسەتەکانی سەدام حوسێن دەرنەبڕیوە کە چی خراپبوو بە تورکمانی دەکرد. ژمارەیەکی تر لە سەرکردەکانی تورکمان بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە کە هۆکاری بێدەنگبوونی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ئاست چەوساندنەوەی تورکمان لەلایەن بەعسییەکانەوە، ڕێککەوتنەکانی نەوت و گرێبەستە گەورەکان بوو لەگەڵ سەدام. ئەرجەش لەوبڕوایەدایە چەندین سیاسەتوانی تورکمان لەوەدا هاوڕان کە ئەنکەرە ئەوکات دەستی لە کاروباری نێوخۆی تورکمان وەرنەداوە و پشتگیریی ماددی و مەعنەویی نەکردوون، لە ئێستاشدا دەستوەردانی ئەنکەرە نەک دەبێتە هۆی دابەشبوونی تورکمان کە لە بنەڕەتدا پەرتەوازەن، بگرە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی گرژیی نێوانیان. هەروەها ئەرجەش ناڕەحەتیی خۆی لەوە دەربڕیوە کە نووسینگەکانی بەرەی تورکمانیی عێراقی لە دهۆک و کەرکووک ڕاستەخۆ بە نووسینگەکەی سلێمانییەوە بەستراونەتەوە. نووسینگەکەی سلێمانیش ڕاستەوخۆ بە نێردە سەربازییەکەی تورکیاوە گرێدراوە کە ئەمریکییەکان لە ٤ی تەممووزی ٢٠٠٣ هەڵیانکوتاوەتە سەریان بە گومانی ئەنجامدانی چالاکیی تێکدەرانە. لە هەمان کاتدا ئەمریکییەکان هەڵیانکوتایە سەرنووسینگەی بەرەی تورکمانیی عێراقی لە دهۆک و نووسینگەکەیان پشکنی. ئەم ڕێوشوێنانە بەڵگەی ناکۆکییە قووڵەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا و تورکیایە سەبارەت پرسی تورکمان و سەرکردەکانی تورکمان ئاماژە بەوەدەدەن بێمتمانەیی ئەمەریکا بە تورکمان و پەرتەوازەبوونیان هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی تورکمان تەنیا یەک کورسییان لە ئەنجوومەنی حوکمی عێراقی بەربکەوێت کە چالاکوانی کەرکووک سۆنگول چاپووک نوێنەرایەتیی دەکردن.

جێی سەرنجدانە ئیلنوور جقێنک لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە لێدوانی سەرچاوەیەکی حکومیی کاریگەر داوە لە تورکیا کە گوتوویەتی: تورکیا ڕێز لە خواستی تورکمان

دەگرێت بە ئازادی حزب و ڕێکخراو بۆخۆیان دابمەزرێنن و ئەنکەرە دەخوازێت ڕێگە بە تورکمان بدرێت هاوشێوەی تورکەکانی بولگاریا حزبی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن و هاوبەش و هاوپەیمانی حکومەت بن. هەر ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی خستووەتەڕوو کە نووسینگە سەربازییەکانی باکووری عێراق نامێنن بە نێردەی دیپلۆماسی جێگەیان پڕدەکرێتەوە و گەمەکردن بە سیاسەتوانە لۆکاڵەکان کۆتایی پێدێت.

بەبێ ئەوەی گومان لە هەبوونی ئەمجۆرە لێدوانانە بکەین لە ئەنکەرە، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم بۆچوونانە لە ئەنکەرە باو نییە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری سیاسەتوانانی تورکیا خەریکە درک بە بێهوودەیی سیاسەتی «کارتی تورکمان» دەکات کەچی هێشتا هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕەوتی ئەم سیاسەتەدا بەدیناکرێت. بەڵام ئەمە ڕێگە لە ئیلنوور ناگرێت لەسەر «قۆناغی وەرچەرخانی دروست» بنووسێت کە بەرەی تورکمانیی عێراقیی تێدایە وەک سەرەتایەک بۆ سەربەخۆبوونی زیاتر لە ئەنکەرە[٢٩]. هەرچەندە لە ڕووداوەکانی دواتردا دەردەکەوێت، ڕەنگە ئەم پرسە بەڕاستی دەستپێکردبێت، بەڵام هێشتا ڕەهەندە پێویستەکانی خۆی وەرنەگرتووە.

لەدرێژەی نووسینەکەیدا جڤیک دەڵێ: «بەرەی تورکمانیی عێراقی کە بە ئاشکرا لەلایەن بازنەکانی دەسەڵات لە ئەنکەرە گەمەیان پێدەکرا، ئەو متمانەیەی لەدەستدا کە بە نوێنەری ڕاستەقینەی دەنگی تورکمانی عێراق بمێنێتەوە»[٣٠]. بەڵام بەرەی تورکمانی هێشتا لەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان، متمانەی تورکمانەکانی عێراقی لەدەستنەداوە.

مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە دوای کۆبوونەوەکەی ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ ڕایانگەیاند: پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە لیستێکی یەکگرتوو بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا دەکەن، تاڵەبانی لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەی لە هاوینەهەواری سەلاحەدیندا بەڕێوەچوو، ئاشکرایکرد ژمارەیەک لە بەربژێرانی ئاشوور و تورکمان لەنێو ئەو لیستە هاوبەشەی کورددا هەن، ڕوونیشیکردەوە کە بەربژێرە تورکمانەکان سەر بە بەرەی تورکمانیی عێراقی نین[٣١].

لە ئەنجامی بڕیاری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ١١ی کانوونی

دووەمـدا، نزیکـەی ١٠٠ هـەزار کـوردی ئـاوارە نـاوی خۆیـان بـۆ دەنگـدان تۆمارکـرد، سـەرکردەکانی کـورد بـەم بڕیـارەی کۆمیسـیۆن زۆر دڵخـۆش بـوون، لەمبارەیـەوە تاڵەبانـی پێیوابـوو ئـەم بڕیـارەی کۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـەکان ڕێخۆشـکەر دەبێـت بـۆ «ئاسـاییکردنەوەی بارودۆخـی کەرکـووک»، بـەڵام هەریـەک لـە عـەرەب و تورکمانـی شـارەکە بـەم بڕیـارە زۆر ناڕازیبـوون و دەیانگـوت: ئـەم بڕیـارە دەبێتـە مایـەی بێبەشـکردنی عـەرەب و تورکـمان لـە ئەنجوومەنـی پارێـزگا. هەروەهـا تاڵەبانـی وایدەبینـی ئەگـەر بێـت و تورکـمان بایکۆتـی هەڵبژاردنـەکان بـکات «کاریگەرییەکـی ئەوتـۆی لەسـەر ئەنجامـەکان نابێـت، بـەڵام گرژییـەکان زیـاد دەبـن»[٣٢].

لـە ١١ی ئـاداری ٢٠٠٤ هەفتەنامـەی (جەماوەر) بڵاویکردووەتـەوە کـە دەسـەڵاتدارانی تورکیـا لـە ڕێگـەی بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی، «بەمەبەسـتی گۆڕینـی دیموگرافیـای کەرکـووک» داوایـان لـە دانیشـتوانی چەنـد گوندێکـی دەروروبـەری کەرکـووک کـردووە لـە سـەرژمێریی داهاتـوو لەبەرانبـەر بـڕە پارەیەکـدا خۆیـان بـە تورکـمان لەقەڵـەم بـدەن، هەفتانەمەکـە لـە زاری سـەرچاوە عەرەبییـەکان بڵاویکردووەتـەوە کـە هێندێـک لـەو عەرەبانـە بـەم ئۆفـەرە ڕازی بوونـە و پارەکەیـان قبـووڵ کـردووە لـە بەرانبـەر گۆڕینـی نەتەوەکەیـان.

ئـەو لیسـتە هاوبەشـەی لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان پێکهێـنرا بـۆ هەڵبژاردنـی ئەنجوومەنـی پارێـزگاکان لـە کەرکـووک و سـەرنەکەوتنی بـەرەی تورکمانـی، گرنگییەکـی زۆری هەبـوو، ئـەو دوو حزبـە کوردسـتانییە «لیسـتی برایەتیـی کەرکووک»یـان پێکهێنـا کـە ئاشـووری و تورکمانـی لایەنگرانـی دوو حزبەکەشـیان لەخۆدەگـرت. کـورد لـە کەرکـووک ٢٣٧٣٠٣ دەنگیـان لـە کـۆی ٤٠٥٩٥١ دەنـگ بەدەسـتهێنا کـە دەکاتـە ٥٨,٥٪ی کـۆی دەنگـی بەشـداربووانی هەڵبژاردنەکـە و ئامـاژە بـەوە دەدرێـت کـە ٤٠ هـەزار عـەرەب دەنگـی بـە لیسـتی برایەتیـی کەرکـووک داوە[٣٣]. بـەرەی تورکمانیـش ٧٣٧٩١ دەنگـی هێنـا کـە دەکاتـە ١٦٪ی کـۆی دەنگـەکان، بـەم بۆنەیـەوە جـەلال تاڵەبانـی دەیگـوت: ئێمـە لـەو بڕوایـەدا نەبووییـن ئـەم ڕێـژە زۆرەی دەنگـەکان بەدەسـتبێنین: «پێشـبینیمان دەکـرد ٢٥٪ی دەنگـەکان کۆبکەینـەوە»[٣٤]. لـە ٤١ کورسـیی ئەنجوومەنـی پارێـزگای کەرکـووک،

کـورد ٢٦ کورسـیی بەرکـەوت و تورکـمان ٩ کورسـی، هەرچەنـد تورکـمان و تورکیـا لـە پـاش بەڕێوەچوونـی دەنگدانەکـە و ڕاگەیاندنـی ئەنجامـەکان بـە بـەردەوام بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کـە پێشـێلکارییەکی زۆر لـە ئەنجامدانـی پرۆسـەکەدا کـراوە ... هتـد، بـەڵام وێـڕای ئـەو پـارە زۆرەی تورکیـا لـە پێـش پرۆسـەکەدا خەرجـی کردبـوو، بـۆ هەمـوو لایـەک ڕوونبـووەوە کـە زێدەڕۆییەکـی زۆر لـە خەملاندنـی ژمـارەی تورکـمان و جەمـاوەری بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی کـراوە. پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بدرێـت لـە هەڵبژاردنەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتاندا کـە لـە ١١١ کورسـی پێکهاتبـوو، ٤ تورکـمان بەشـداریان لـە لیسـتە هاوبەشـەکەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا کردبـوو - لەنێویانـدا کەسـایەتییەکی بـاڵای پێشـووی نێـو بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی بـوو و ئێسـتا سـەرۆکی بزووتنـەوەی دیموکراتیـی تورکمانیـی کوردسـتانە (کەرخـی ئاڵتیبەرمـاغ) و نوێنـەری ئەنجوومەنـی تورکـمان کـە لـە لایـەن یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان پشـتیوانی دەکرێـت (ئیسـات ئەربیلـی) و نوێنـەری ئەنجوومەنـی تورکـمان کـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان پشـتگیرییان دەکات (سـەعید تەڵعـەت) (دوو حـزب بـە هەمـان نـاو لـە هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق!) و خاتـوو سـوهان ئەنـوەر وەلـی کـە بـە ڕەگـەز تورکـە. ئالتیبەرمـاغ کـە فەرماندەی پێشـووی بـەرەی تورکمانـی بـوو، دوای ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـەکان ڕایگەیانـد: ئـەو تورکمانانـەی هەیکەلـە سیاسـییەکانی کوردسـتانی عێـراق ڕەت دەکەنـەوە، ئێسـتا خۆیـان لـە دەرەوەی سیاسـەتی ئیقلیمیـدا دەبیننـەوە و زیانێکـی زۆریـان بەرکـەوت[٣٥].

لـە پەرلەمانـی عێراقیشـدا بـەرەی تورکمانیـی عێـراق کـە لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا باسـیان لـە ملیۆنـان تورکـمان دەکـرد لـە عێـراق، تەنیـا ٣ کورسـییان بەدەسـتهێنا کـە دەکاتـە (٩٣٤٨٠ دەنـگ، واتـە ١٪ی کـۆی دەنگـی بەشـداربووان). ٧ تورکمانـی دیکـە لەچوارچێـوەی هێـزە سیاسـییەکانی تـردا، چونکـە پەرلەمـان - هاوپەیمانیـی عێراقیـی یەکگرتـوو و لیسـتی عەڵـلاوی.

ئـەو سـێ نوێنـەرەی بـەرەی تورکمانـی کـە گەیشـتنە پەرلەمـان، چوونـە پـاڵ هاوپەیمانییـە شـیعییەکە، ئەمـەش ڕاگەیاندنـی فەشـەلی بـەرەی تورکمانیـی عێراقـی بـوو لـە هەڵبژاردنـە فرەییەکـەی ٣٠ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٥ کـە لـە سـاڵی

١٩٥٣ەوە یەکەمین جارە هەڵبژاردنی لەمجۆرە بەڕێوەبچێت و سەرەتایەک بوو بۆ هەرەسهێنانی ئەم ڕێکخراوە.

تورکمان، ئەگەرچی لەلایان ڕوونە هەردوو ناوچەی شەنگال و شێخان کە کوردی ئێزدییان تیدا نیشتەجێن دەخوازن بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، کەچی هەوڵی ئاژاوەنانەوەن لەنێوان کوردی ئێزدی و دەسەڵاتدارانی هەرێم، لە ٣ی ئاداری ٢٠٠٥ فاروق عەبدولڕەحمان سەرۆکی بەرەی تورکمانیی عێراقی، بە میدیاکانی تورکیای ڕاگەیاندبوو:» کورد، دەیانەوێ دەست بەسەر سنجار و شێخاندا بگرن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئەم ناوچانە هەرگیز هی کورد نەبوونە، بەڵام هی ئێزدییەکان و تورکمان بوونە (پێشتریش بەرەی تورکمانی ڕایگەیاندبوو ئەم ناوچانە هی تورکمانن - نووسیار)[٣٦].

ئا بەم شێوەیە، تورکمانیش بۆ ماوەیەکی زۆر لەنێو ئەو گەلانەی عێراقدا بوون کە لە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەعسەوە دەچەوسێندرانەوە، بەڵام پاش ئەوەی ئەمەریکا و هاوپەیمانان «ناوچەی ئارام» یان لە باشووری کوردستان پێکهێنا، دەیان هەزار تورکمان لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مافەکانیان بۆ دەستەبەر کرابوو، هاوکات ژمارەیەکی زۆریان لەژێر دەسەڵاتی عێراقدا مابوونەوە. جا لەو کاتەی کلتووری تورکمان لە هەرێمی کوردستان لە پەرەسەندنێکی خێرادا بوو، تورکمانەکان «بایەخ»یان بە ئەنکەرە دەدا، تورکیاش تورکمانەکانی وەکو کارتێک بەکاردەهێنا، بۆ ورووژاندنی ئەو ناکۆکیانەی لەبنەڕەتدا لەنێوان حزبە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستاندا بەرپابوو (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) هەروەها بۆ کۆسپ خستنە بەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوەی سیاسی، چونکە لەبەرژەوەندیی تورکیا نییە ئەم دوو حزبە کۆک و تەبابن، جا بۆ ئەم مەبەستە سەرکردەکانی تورکیا بە شێوەیەکی دەستکرد کێشە ئیقلیمییەکان دەخوڵقێنێ، بۆنموونە کێشەی کەرکووک کە تورکمان و کورد پێکەوە لەو شارەدا دەژین، هەروەها کێشەی شەنگال و شێخان کە کوردی ئێزدی و تورکمان زۆرینەی دانیشتوانیان پێکدێنن ... هتد. دژایەتیی زیادبوونی هەژموونی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر تورکمانەکانی عێراق و کوردی باکوور دەکات بەتایبەتیش لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق-

تورکیـا. دیاریکردنـی هێڵـە گشـتییەکانی سیاسـەتی تورکمانـی عێـراق لەلایـەن تورکیـاوە دادەڕێژرێـت، بـەرەی تورکمانیـی عێراقیـش بەهـۆی ئـەو پشـتگیرییە سیاسـی و داراییـە قەبەیـەی ئەنکـەرە، بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە ڕێکخراوێکـە بـۆ هەمـوو تورکـمان و توانیـی ڕیزەکانـی تورکمانەکانـی عێـراق ببڕێـت. ئەمـەش ئەنجامێکـی نەرێنیـی بـۆ تورکمان هەبـوو کـە هەڵـی سـوود وەرگرتنیـان لەدەسـتدرا بـۆ هەمـوو ئـەو ودمانـەی لـە بەرنامـەی حکومەتـی کوردسـتاندایە بـۆ تورکـمان.

لـە ئێسـتادا تورکمانـی عێـراق بەهـۆی کەمیـی ژمـارە و ناڕێکیـی ڕێکخسـتنی سیاسـی و کەمتوانایـی لـە سیاسـەتی نەتەوەیـی، هێزێکـی سیاسـیی سـەربەخۆ نانوێنـێ. دەکـرێ گونجاوتریـن و باشـترین بـژاردە بـۆ تورکـمان دیـاری بکەیـن و بڵێیـن بـژاردەی هاوئاهەنگی لەگـەڵ کـوردی باشـووردا گونجاوتریـن بژاردەیـە کـە توانـای دەسـتەبەرکردنی پەرەسـەندنی نەتەوەیـی، کلتـووری و سیاسـییان هەیـە بـۆ تورکـمان، ئەگەرچـی بەپرسـانی کـورد، ژمارەیـەک ڕێکخـراوی تورکمانییـان بـۆ لایەنگرانـی خۆیـان دامەزرانـدووە، بـەڵام لەبـەر ناکۆکیـی قووڵـی سیاسـیی نێوخۆیـان، هێندێکیـان دژایەتیـی کـوردی باشـوور دەکـەن.

بەشـێکی زۆری تورکـمان لـە کاریگەریـی وێرانکارانـەی بەکارهێنانـی تورکـمان لەلایـەن هێـزە دەرەکییەکانـەوە تێگەیشـتوون و خواسـتی خۆیـان بـۆ سـەربەخۆیی سیاسـیی نەتەوەکەیـان ڕاگەیانـدووە، بـەڵام کـوردی عێـراق بەتایبەتیـش پارتـی دیموکراتی کوردسـتان دەخـوازن تورکـمان بێننـە پـاڵ خۆیـان کـە بەرانبـەر نەتـەوەی عەرەبـی هـاوردە لـە باکـووری عێـراق بـە گشـتی و باشـووری کوردسـتان بەتایبەتـی هاوهەڵوێسـتن، ئـەو دوو لایەنـە بـە هێڵێکـی سیاسـیی هاوتەریـب لـە دژی سیاسـەتی بەعەربکردنـی ئـەو ناوچانـە کاردەکـەن، هـاوکات کـوردی باشـوور ئامـادەن مافەکانـی تورکـمان لـە کەرکـووک زامـن بکـەن و ڕێخۆشـکەر بـن بـۆ گێڕانـەوەی ئـەو تورکمانانـەی کاتـی خـۆی دەسـەڵاتدارانی بەعـس ڕایگواسـتوون.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

1- Nuri Talabani. Iraq's policy of ethnic cleansing: onslaught to change na-tional/demographic characteristics of the Kirkuk Region. Prefaced by Lord Eric Avebury.//www.fortunecity.com/business/laur/791/nouri_kirkuk.htm.

2- Dr. Nuri Talabani. Some observations on the situation of the displaced persons of Kirkuk, post-conflict.//KurdishMedia.com, 19.03.2003.

3- Turkomans: «KDP decided to close 18 Turkoman schools» « TDN, 6 march 1998.

4- Turkoman parties form a new coalition organization in Iraqi Kurdistan. H Iraqi Kurdistan Dispatch, 6 November 2002.

5- Murat Unlu. Mengu: KDP establishes artificial Turkoman groups. // TDN, 13 December 2002.

6- Iraqi Turkmen slam KDP. Questions raised by Turkomans on a Turkoman party's 'foreign affiliation'. H Iraqi Kurdistan Dispatch, weekly news bulletin, 23 December 2001.

7- Bryar Mariwani. Iraqi Turkmens say 'No' to Turkish intervention. // Kurd- ishMedia.com, 22.02.2003.

8- Там же.

9- См. интервью с И.Чевиком: An Independent Kurdish State would be a gain for Turkey. H KurdishMedia.com (Translated), 11 November 2004.

10- PUK promotes the hardline Turkoman Front in Sulemani.// KurdishMe- dia.com, 14.07.2002.

11- Jalal Talabani met with Recep Tayyip Erdogan, Deniz Baykal and Turkomans. II TDN, 8 March 2002.

12- Cm. no: PUK promotes the hardline Turkoman Front in Sulemani. // Kurd- ishMedia.com, 14.07.2002.

13- A PMF Turkish official reportedly appointed as Iraqi Turkoman Front representative. // Iraqi Kurdistan Dispatch, news, 15 November 2002.

١٤.سەنعان ئەحمەد ئاغا لە کۆنگرەی یەکەمی بەرەی تورکمانیی عێراقی بە سەرۆکی بەرەی تورکمانی هەڵبژێردرا کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ لە هەولێر بەسترا. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٢شدا کۆنگرەی دووەم هەر لە هەولێر بەست. بەڵام کۆنگرەی سێیەمی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە کەرکووک بەست و لەو کۆنگرەیەدا دکتۆر فاروق عەبدوڵڵا عەبدوڵڕەحمان بە سەرۆکی بەرەی تورکمانیی عێراقی هەڵبژێردرا.

15- Talabani: Foreign forces should leave Iraq as soon as possible after toppling Saddam. // TDN, 26 December 2002.

16- Talabani: Foreign forces should leave Iraq as soon as possible after toppling Saddam. // TDN, 26 December 2002.

17- Tanya Goudsouzian, Gulf News, February 3, 2003; www.kurdmedia.com/inter.asp?id=61; См. также по: Nusret Ronai. Talabani promotes the presence of Turkish Military in South Kurdistan. // KurdishMedia.com, 10 February 2003.

18- Sabah, 27.09.2002.

١٩.لەو کۆبوونەوەیەدا هەریەک لە نوێنەری دیاربەکر لە پەرلەمانی ئەوکاتی تورکیا، هاشم هاشمی ئەندامی حزبی نیشتمانی دایک، شەرەفەدین ئالچی وەزیری پێشووی حکومەتی تورکیا، فەرەیدوون یازار سەرۆکی حزبی دیموکراتی تورکی، ئەحمەد تورک نوێنەری پێشووی ماردین و محەمەد ئەمین سەفەر نوێنەری مووش ئامادەی کۆبوونەوەکە ببوون. بڕوانە:Mert Gozdeبارزانی متمانەی بە پارتی کرێکارانی کوردستان نییەبارزاني يعرب عن عدم ثقته في حزب العمال الكردستاني. // TDN ، ١٩ أكتوبر ٢٠٠٠.بە بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، بێگومان تالەبانی ئامادەیە هەماهەنگی لەگەڵ ئەو هێزانەدا بکات کە ناوبانگی خراپیان هەیە و دژایەتیی کورد دەکەن. لە ١٩٩٣وە تالەبانی و یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان لە بەرانبەر هاوکاریی کردنی چەکدارانی ئیسلامییەکان لە شەڕی دژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیسلامییەکانی لە ناوچەی هەڵەبجە دەپاراست و تەواوی ناوچەی هەڵەبجەی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە. پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەبێ ئاگاداریی تاڵەبانی، ئیسلامییەکان سیستەمی تایبەتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەدا سەپاند کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتیانەوە، ئەو سیستەمەش لە دوور و نزیک پێوەندیی بە بنەماکانی دیموکراسییەت نەبوو و ئیسلامییەکان ناوچەکەیان کردبووە مۆڵگەیەک بۆ ئەو حزب و لایەنانەی دژایەتیی بنەماکانی دیموکراسییەتیان دەکرد و بە بەردەوام چەک و ئازووقەیان لەوێدا کۆدەکردەوە. دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١ ئینجا تاڵەبانی بینیی وا بە گرووپێکی تیرۆریستی دەوردراوە. ئەو هەڵمەتەی یەکێتیی نیشتمانی بۆ دژە تیرۆر ڕایگەیاندبوو هاوتای ئەو هێزانەی ئیسلامییەکان نەبوو و حکومەتی هەرێمی کوردستانی سلێمانیی تووشی شەرمەزاری کرد، بەتایبەتیش کاتێک کە مەلا کرێکار دەستبەسەر کرا و دواتر ئازاد کرا (ناوی ڕاستەقینەی مەلا کرێکار، نەجمەدین فەرەج ئەحمەدە) ئەوکات تاڵەبانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی ڕایانگەیاند: مەلا کرێکار سەرۆکی ڕێکخراوی جوندی ئیسلامی تیرۆریستییە (دواتر ناوەکەی گۆڕا و بووە ئەنسارولئیسلام). مەلا کرێکار لە ئێران دەرکرا و لە ئەمستەردام دەستبەسەر کرا و گوازرایەوە بۆ نەرویژ کە بەڵگەنامەی نیشینگەی ئەوێی لە ساڵی ١٩٩١ەوە هەیە. کۆماندۆی ئەمەریکا لێپرسینەوەی لەگەڵ مەلا کرێکار کرد و دواتر ئازاد کرا، دواجار دەسەڵاتدارانی نەرویژ لە بەرانبەر دەستبەرکردنە ناشەرعییەکەی، قەرەبووی ماددیش کرایەوە، نە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و نە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئیدانەکردنی مەلا کرێکار نەخستبووە ڕوو. دەمێک بوو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی تەنیا لێدوانی بێبنەمایان لە دژی مەلا کرێکار بڵاودەکردەوە و هیچیان بەڵگەی ڕاستەقینە نەبوون بۆ تۆمەتبارکردنی مەلا کرێکار. مالک دۆهان ئەلحەسەن وەزیری داد لە حکومەتی عێراقیش لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط) ڕۆژی ١١ی ئاداری ٢٠٠٥ ڕایگەیاندووە: حکومەتی عێراق هیچ بەڵگەیەکی سەبارەت بە تێوەگلانی مەلا کرێکار لە تاوانەکاندا لەبەردەستدا نییە، ئەگەرچی ئەوەش دەزانن کە مەلا

کرێکار دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنسارولئیسلامە کە لە ٢٠٠٢دا وازیلێهێناوە. هەروەها وەزیری دادی عێراق ئەوەشی ڕوونکردووەتەوە کە: «دەسەڵاتی دادوەریی عێراق، دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و کەس لەسەر هاوسۆزیی ڕێکخراوە چەکدارییەکان و ئۆپۆزیسیۆنی داگیرکردنی عێراق سزا نادات و حکومەتی عێراق هیچ شتێکی دژ بە مەلا کرێکار نییە، بەڵام ناشتوانین سەلامەتیی گیانی مەلا کرێکار لە دوژمنەکانی بپارێزین» (بڕوانە کاتلین ڕێدۆلفۆ، سەرکردەیەکی تیرۆریستی لە نەرویژ دەگوازرێتەوە RFE / RL، ٢٠٠٥,٠٤,٠٢).»

بەڵام هەر سێ ڕۆژ دوای ئەم دیمانەیە، لە ١٤ی ئاداری ٢٠٠٥ لە دیمانەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «الأتحاد» ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، وەزیری داد گوتبووی: ئێمە لەگەڵ دادگەی سلێمانیدا هاوئاهەنگ دەبین بۆ هەموو ئەو کەیسانەی دژی مەلا کرێکار جولێنراون. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

20- Iraqi Kurds seek to mend fences with Turkey, but retain claim over Kirkuk.//AFP, 24 October, 2002.

21- Ilnur Cevik. Talabani: Turkomans Have Reclaimed Their Homes from the Arabs. // TDN, April 19, 2003.

22- Turkey Fears U.S. Iraq Policy Revives Kurdish Independence. II Tehran Times, August 28, 2002.

23- Yilmaz: international community Won't recognize Kurdish State. И Anadolu Agency, Oct 19, 2002.

24- Цит. no: Erd й ezman gawan ji hevdu ddr bin, tirkbdna Кегкйкё ji ewqasi ji rastiyS ddr e. (Насколько далеки друг от друга земля и небеса, настолька далека от истины тюркскость Киркука.) //Kerkuk Kurdistane, 30.12.2002 (на курд. яз).

25- См. по: Amadekar: Arif Zerevan. Mesud Barzani: Em ji Tirkiyeye natirsin й fern nakim ci giredana Kerkuke bi Tirkiyeye ve heye. (Масуд Барзани: Мы не боимся Турции и не понимаем, какое отношение имеет Киркук к Турции.)// Kerkuk Kurdistane, 21/10/2002 (на курд. яз.).

26- Opinion Mehmet AH Birand. Is Turkoman a friend and Kurd a foe?// TDN, 18 April 2003.

27- Editorial: Ilnur Cevik. Saddam was not an angel. // TDN, 18 July 2003.

28- Ilnur Cevik. Turkmens ask Turkey: Where were you when Saddam was crushing us? // TDN, 21 July 2003.

29- Editorial: Ilnur Cevik. Turkmens of Iraq on healthy path. // TDN, 15 September 2003.

30- Editorial: Ilnur Cevik. Turkmens of Iraq on healthy path. // TDN, 15 September 2003.

31- KDP, PUK To Run Jointly In January Election. H Salaheddin (Southern Kurdistan), Dec 1 2004, (AFP).

32- TDN, 18.01.2005.

33- Hawlati, № 210.

34- Kurds Set To Win Two-Thirds Of Vote In Kirkuk. H Suleimaniyah, (Southern Kurdistan), Feb 1(AFP).

35- Ilnur Cevik. Opening of Kurdish regional Parliament delayed until April 30 due to uncertainties in Baghdad. // The New Anatolian, 25.04.2005.http://www.thenewanatolian.com/htm/subs/index/001-1 .htm

36- Turkman Front and Kurds at odds on disputed areas. И Peyamner, 06 Mar 2005

هەڵوێستی محافزکارانی نوێی ئێران سەبارەت بە کێشەی کورد

ئۆڵگا ئیڤانۆڤا ژیگالینا

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا کێشەی کورد لە ئێران بەرەبەرە لە کێشەیەکی نێوخۆی چارەسەرنەکراوەوە بووە کێشەیەکی ئیقلیمی، سیاسەتی فەرمانڕەوا ئیسلامییەکانی وڵاتیش ئاسانکاریی بۆ ئەو وەرچەرخانە دەکرد، دەریشکەوت ئەو سازشکردنە دوولایەنەیە و پرۆسەی دانوستاندنەکان بێهوودەیە، چونکە لە ساڵی ١٩٨٠ خومەینی هەموو حزبە سیاسییە کوردییەکانی قەدەغەکرد، بۆیە ئەوانیش بە ناچاری ڕوویان لەنێو خاکی عێراق کرد و لەو ناوچەیە گیرسانەوە کە کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی. ئینجا پێوەندییەکی بەتین لەنێوان ئەو حزبانە و سەرکردەکانی هەرێمی کوردستاندا دروست بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا مەسعود بارزانییان بە سەرۆکی ئەو هەرێمە هەڵبژارد، کوردانی ڕۆژهەڵات دان بەو سەرکردەیە دەنێن و ڕێزێکی زۆریشی لێدەگرن کە لەئێستادا درێژە بەو خەباتە دەدات کە باوکە ئەفسانەییەکەی دەستپێکردبوو - جەنەراڵ مەلا مستەفای بارزانی- و پشتیوانییەکی بێوێنەی لە کۆماری کوردستان دەکرد کە ساڵی ١٩٤٦ لە مهاباد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەنرابوو و ئەمساڵ کوردان یادی شەست ساڵەی دامەزراندنی ئەو کۆمارە دەکەنەوە. مانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان کارگەرییەکی نادیاری کردبووە سەر ئایدیۆلۆژیا و پراکتیزەکردنی سیاسییان.

لەلایەکەوە ئەزموونی کوردی باشوور بووە هاندەرێک بۆیان کە بە چاودێریی ئەمەریکا و ناتۆ توانییان ڕەوشە سەربەخۆکەی خۆیان بچەسپێنن لەپێناو پرۆسەی بنیاتنانەوەی ژیانێکی تەندروست و کەمکردنەوەی دەستوەردانەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەتی بەغدا لەو پرۆسە کۆمەڵایەتییانەی لە هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت. ئەم گۆڕانکارییە نوێیانە وای لە کوردی ڕۆژهەڵات کرد بیر لەوە بکەنەوە کە ئازادییە

دیموکراسییە ڕاستەقینەکان بەبێ ڕووخانی ڕژێمی ئیسلامی ئەستەمە بێنەدی، چونکە ئەوانیش شێوازی ڕۆژهەڵاتییانەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییان لەلا پەسندە و ئەم خواستەی ئەوان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان یەکدەگرێتەوە کە لە عێراقی دراوسێدا جێگیرکراون. بۆیە لەژێر کاریگەریی ئەو پرۆسە سیاسییانەی لە عێراقدا دەگوزەرێن، کوردی ڕۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، چاویان بە هەڵوێستەکانی خۆیاندا خشاندەوە و گەیشتنە بڕیارێک سەبارەت بە شیاویی ئەزموونی کوردی باشوور لەپێناو دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بۆ کوردی ڕۆژهەڵات لە دەوڵەتێکی فیدراڵی و بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. جا لەو حاڵەتەدا بەڕای ئەوان کۆماری کوردستان دەبێتە بابەتێک لەو دەوڵەتە فیدراڵییەدا. هاوکات وای بۆدەچن کە بزووتنەوەکەیان بەشێکە لە بزووتنەوەی ئیقلیمی کورد لەپێناو سەربەخۆییدا، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ خواستی ئەوان بۆ یەکگرتنی کۆمارەکەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری باشووری کوردستان.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پشتگیری لە خواستەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات بە ڕاپەڕینێکی چەکدارانەی پاڵپشتکراو بە هاوکارییە دەرەکییەکان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەنێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەمڕووەوە ململانێیەکی ئایدیۆلۆژیی توند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتووەتە ئاراوە، میدیای کوردی لە باشووری کوردستانەوە بانگەشە بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دەکات، هەروەها کاردەکات بۆ هاندانی جەماوەری کورد بۆ خۆپیشاندان لە دژی ئەو ڕێوشوێنانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیگرێتەبەر ... هتد. لە ئێستادا زانکۆکانی باشووری کوردستان قوتابیانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەردەگرێت کە لەڕاستیدا وەکو مەڵبەندێک وان بۆ ئامادەسازیی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی گەنجانی کورد و قوتابخانەیەکن بۆ (کوردایەتی).

هەڵبەت ئەم هەڵوێستانەی هەرێمی کوردستان دەبنە مایەی نیگەرانیی سەرکردەکانی ئێران و لەوە دەترسن چالاکییە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی کورد ببنە سەرەتایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەسەر چەند بازنەیەکی نەتەوەیی دابەش ببێت. دوای ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٨٩

عەبدولڕەحمان قاسملۆیان لەدەستچوو، بە شێوەیەکی بەرچاو هەژموونیان لە ناوچە غەیرە فارسییەکان لەدەستدا، بەڵام دوور نییە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکانی بلوجستان، خوزستان، ئازەبێجان و تورکمان دەستپێبکەن. بۆیە فەرماندەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لەناوبردنی هەر چالاکییەکی سیاسیی حزبە کوردییەکان ناسڵەمنەوە کە ئامانجیان لاوازکردنی بنەماکانی ڕژێمی ئێستای ئێران بێت. هاوکات ڕێوشوینی توند لە ئاست بەرپرسانی سیاسی و کەسایەتییە گشتییە کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەگرنەبەر. هێزە ئەمنییەکانی ئێران ئەندامانی ڕێکخراوی پژاک دەخەنە ژێر چاودێریی خۆیان و هەراسانیان کردوون. جاری واش هەیە چالاکوانەکانی ڕێکخراوە کوردییە گشتییەکانیش دەستبەسەر دەکەن کە تەنانەت بەشداریشیان لە چالاکییە سیاسییە نایاساییەکاندا نەکردووە. بە نموونە حاڵەتەکەی ش. کامگار کە کارمەندێکی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سەرەتای کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ لەلایەن پۆلیس و سەربازانی شاری مهاباد دەستگیرکراوە و چوار کاتژمێر لەژێر ئەشکەنجەدا ماوەتەوە. جا کە دەرکەوت هیچ پێوەندییەکی بە پژاکەوە نییە، ئازادکراوە، چالاکوانێکی دیکەی سەر بە هەمان ڕێکخراو بە تۆمەتێکی هاوشێوەی تۆمەتەکەی کامگار تاوەکو کۆتایی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ زیندانیکراوە[1]. لە هەمان کاتیشدا هەماهەنگییەکانی جوداخوازانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان وا لە ڕێکخراوەکانیان دەکات ئەوانیش تا ڕادەیەک پشت بە چاودێرانی بیانی ببەستن کە بەرپرسیاریەتی ئۆپەراسیۆنە سیاسییەکانی عێراقیان بە گشتی گرتەئەستۆ، لە باشووری کوردستانیش بەتایبەتی. جوداخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەندین یەکەی جەنگییان هەیە کە ڕاهێنەرانی بیانی مەشقی پێکردوون. ڕەنگە ڕاوێژکارە بیانییەکان دەستیان لە پەرەسەندنی ئەو چالاکییانەدا هەبێت کە کوردی ڕۆژهەڵات لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەنێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەنجامی دابوو. بۆنموونە هێرشەکانی سەر هێزە ئەمنییەکانی ئێران و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی سیاسیی دژ بە ئێران و سەرپەرشتیکردنی خۆپیشاندان ... هتد. بێگومان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن ئەمەریکاوە چاودێری دەکرێت و بارەگای یەکەکانی دەکەونە ناوچەی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلی کە دژە تارانە. لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەیاننامەیەکی تایبەتی

بڵاوکردەوە و تیایدا ئیدانەی ئەو هێرشانەی کرد کە مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبوویە سەر ئیسرائیل. هاوکات جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە ئەم سەرکۆمارە ناتوانێت وڵات لەو قەیرانە دەربکات و ژیانێکی شایستە بۆ هاووڵاتیان زامن بکات، بەپێی لێدوانەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ملیۆنان گەنجی وڵات بێکار و برسین و تووشی بێئومێدی هاتوون و ئالودەی مادەدە هۆسبەرەکان بوونە، هەروەها جوداخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە چالاکییەکانی ئەم سەرکردەیە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ململانێی ئیقلیمی و ئێران بەرەو ئایبندەیەکی نەزانراو پەلکێش دەکات و داوایان لێکرد پشتگیریی سیاسەتی ئیسرائیل لە دیاریکردنی سنوور بکات و جەخت بکاتە سەر چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ کێشەکانی ئیسرائیل - فەلەستین، ئیدانەی لێدوانەکانی نەژادیشیان کرد کە نێوەرۆکەکەی بۆ زۆرینەی گەلانی ئێران ڕوون و ئاشکرایە[٢].

ئەگەرچی هەڵوێستی سیاسیی دەرەکیی ڕێکخراوە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن هاوسەنگیی خۆی پاراستووە، بەڵام خواستی ڕێکخراوەکان بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاوکاریی هێزە بیانییەکان، هیچ ئومێدێکی بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات نەهێشتووەتەوە تاوەکو لەپێوەندیدا بن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران و گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بکەن.

پرۆسەی چەسپاندنی ڕۆڵی سیاسیی محافزکارانی نوێی ئێران، لەگەڵ داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان، گەیشتە لووتکە و بە هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بە سەرکۆمار، ئەنجامێکی لۆژیکیانەی لێکەوتەوە. ئەو ڕێڕەوەی نەژاد گرتییەبەر لە نوێکردنەوەی هێڵە سیاسییە توندڕەوانەکەی ئیمام خومەینی سەملێنەری ئەو ڕاستییە بوو کە محافزکارانی نوێ لە هەردوو ئاستی نێوخۆ و ئیقلیمیدا شەڕیان لە دژی بزووتنەوەکانی کوردی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند. لە ئێستادا فەرماندە ئیسلامییەکان بەرەو لەناوبردنی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور ئاراستە کراون کە پێیانوایە کوردی هەردوولا دەستیان لەگەڵ دوژمنانی ئێراندا تێکەڵکردووە - ئەمەریکا و ئیسرائیل- لەوەش دەترسن هەژموونی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی و سەربازیی ئەم وڵاتانە لە عێراق وابکات خاکی باشووری

کوردستان بەکاربهێنرێت بۆ لێدانی ئێران (هەرچەندە ئەم پرسە لە ئێستادا هەر گریمانەییە)، بۆیە لەکاتی دیداری جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق لەگەڵ مەحمود ئەحمەدی نەژاد، عەلی لاریجانی ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و مەنوشەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی ئێران کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕێکخرابوو، ئاسایشی هەردوولا تەوەرێکی سەرەکیی گفتەگۆکانی نێوانیان بوو، تەنانەت باس لە ئاژاوەگێڕییەکانی هاوینی ٢٠٠٥ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کرا. نوێنەرانی سەرکردەکانی ئێران لە هەوڵی ئەوەدابوون قەناعەت بە جەلال تاڵەبانی بێنن هیچ پشتوانییەکی مادەی و مەعنەویی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات نەکات و پابەندی ئەو داخوازییانەی ئێران بێت. لەلای خۆیەوە تاڵەبانی دڵنیایی دایە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەڵێنی پێدان ڕێز لە بنەماکانی دراوسێیەتی بگرێت و دەست لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دیکە وەرنەدات[٣] و گوتی هاوسەنگی لەنێوان چالاکیی کوردی وڵاتانی دراوسێ دەپارێزم.

شرۆڤەکارانی بیانی لەو بڕوایەدان کە هێرشەکانی ئەمەریکا ئیسرائیل لە خاکی باشووری کوردستانەوە چەند سوودێکی هەیە، یەکەم: فڕۆکە جەنگییەکان ئەگەر لە باشووری کوردستانەوە بفڕن هێندەی ئەوەی لە تەلئەڤیڤەوە بفڕن پێویستیان بە سووتەمەنی نابێت، دووەم: هەردوو فڕۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر لە ئایندەیەکی نزیکدا مۆڵەتی نێودەوڵەتیبوون وەردەگرن و کەرەستەی پێویستیان بۆدابین دەکرێت (کەرەستەکانی شەوفڕین) و مافی پێشوازیکردن و چاککردنەوەی فڕۆکە گەورەکانیان پێدەدرێت ... هتد. لەڕاستیدا دەستکراوە بە دروستکردنی فڕۆکەخانەیەکی تر لە هەولێر کە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکرێت. هاوکات سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو ئیسرائیل کێشدەکرێن وەک لە وڵاتانی عەرەبی و سۆزداریان بۆ ئیسرائیلییەکان زێدەترە. لەگەڵ ئەوەشدا ن. شەمدین نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بەکارهێنانی خاکی باشووری کوردستانی لەلایەن هێزەکانی کۆماندۆی ئیسرائیل ڕەتکردووەتەوە، چونکە هەرێمی کوردستان هێشتا بەشێکە لە دەوڵەتی عێراق و هەر بڕیارێک لە حکومەتی بەغداوە سەبارەت بەم پرسە بدرێت، هەرێمی کوردستانیش پابەند

دەبێت. ئەمەریکاش دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر ئاسمانی عێراقدا سەپاندووە و مۆڵەتی گەشتە ئاسمانییەکان لە عێراقەوە بۆ دەرەوە و لە دەرەوەش بۆ عێراق، فەرماندەیی سەربازیی ئەمەریکا لە قەتەر دەیبەخشێت. هەروەها شەمدین ئەگەری هێرشکردنی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بەدوور دەزانێت، چونکە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە ڕەزامەندیی هەر سێ حکومەتەکەی فیدراڵیی عێراق و ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان هەیە. کەچی شرۆڤەکاران ئەوەمان بیردەخەنەوە کە لە ساڵی ١٩٨١ کاتێک فڕۆکەکانی ئیسرائیل وێستگە ئەتۆمییەکەی (ئۆزیراک) یان بۆردوومان کرد، تەنیا ئەمەریکا پشتیوانیی کرد و فڕۆکەکانیان بەسەر ئاسمانی ئوردن و میرنشینی عەرەبیی سعوودییەدا تێپەڕیون و سیستەمی ئەواکس و کۆنترۆڵکردنی کایەی ئاسمانیی ئەمەریکایی چاوپۆشیی لێکردووە[٤].

لە حاڵەتی پەرەسەندنی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا هەرێمی کوردستان دەکەوێتە چەقی بازنەی ململانێکان، بۆیە کێشەی کورد کە لە سووریا و تورکیاش چارەسەرنەکراوە، دەبێتە بابەتی گفتوگۆکردن لە بەرزترین ئاستی ئیقلیمیدا. بۆئەوونە ئەم کێشەیە لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران - سووریاشدا ڕەنگیداتەوە، ئەوکات ئەمەریکا نەک هەر ئێران، بگرە سووریاش دەخاتە نێو (تەوەری خراپەکارییەوە - محور الشر). کۆماری ئیسلامیی ئیران لەسەر سنووری هاوبەشی نێوان ئێران - تورکیا هەماهەنگیی لەگەڵ تورکیادا هەیە بۆ سەرکوتکردنی گرووپە ناسیۆنالیستەکانی کورد. بۆئەوونە لە سەرەتاکانی ئەیلوولی ٢٠٠٥دا گوندەکانی سەر سنووری ئێران - تورکیا بۆردوومانکرد و هەبوونی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و گرووپە ناسیۆنالیستە ڕادیکالییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - پژاک-ی کردبووە بیانووی ئەم هێرشە ئاسمانییانە، ژمارەیەکی دانیشتوانی سڤیلی ناوچەکە بوونە قوربانی و ئاگریان لە مەڕومااڵت و بێستانەکانیشیان بەردا و زیانێکی زۆری بە ژینگەی دەڤەرەکە گەیاند، کەچی یەک بارەگای پارتی کرێکارانی گوردستان زیانی پێنەگەیشت کە لەنێو خاکی ئێراندا بوون.

حکومەتی تورکیا لەگەڵ سەرکۆمارە نوێیەکەی عێراق جەلال تاڵەبانیدا گفتوگۆی سەبارەت بە چالاکییەکانی چەکدارانی پەکەکە کردووە لەسەر سنووری تورکیا -

عێراق. پەکەکەش کێبڕکێی حزبە سیاسییەکانی باشوور دەکات بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو ناوچانە و سەرکردەکانی تورکیاش بەهەموو توانایەکییەوە ڕێگری لەم هەنگاوانەی پەکەکە دەکات. تالّەبانیش جەختی لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق کردووە و لەچوارچێوەی هەوڵە هاوبەشەکانی هێزە چەکدارەکانی تورکیا و ئێران ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ نەهێشتنی بنکەی ئۆپەراسیۆنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.

لەمبارەیەوە هێشتا تورکیا نەیتوانیوە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەی کوردی باکوور بدۆزێتەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییە، ئەمەریکا ئیدانەکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانی خستووەتە بەردەم کاربەدەستانی تورکیا و ئەوەشی پێڕاگەیاندووە کە لە ئایندەدا ئەگەری هێرشکرنە سەر ئێران لەئارادایە و پێشوەختە ئەم پرسە لەگەڵ تورکیادا باس دەکات، بۆئەوەی حکومەتی تورکیاش لە ڕۆژی هێرشەکەی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، هێرش بکاتە سەر بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنێو خاکی ئێران. هاوکات ئەمریکییەکان هەوڵی تۆقاندنی سەرکردەکانی تورکیا دەدات بەوەی کە ئێران بەنیازە شۆڕشە ئیسلامییەکەی هاوردەی دەرەوە بکات، بۆیە ئەمەریکا بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێران پشتگیریی پەکەکە و ڕێکخراوی قاعیدە دەکات، بەرپرسانی یەکێتیی ئەوروپاش لە ئێران ئەم گومانەیان کردووە و لەوبڕوایەدان ئێران ناتوانێت شۆڕشی شیعە مەزهەبەکان هەناردەی تورکیای سوننە مەزهەب بکات، بەڵام دوور نییە دەسەڵاتی قوم و تەبشیری ئایینی بەکاربهێنێ لەجیاتیی بۆمبی ئەتۆمی.

هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ بەشداریکردنی تورکیا لە هاوپەیمانێتییەکەی دژ بە ئێران، بە ئامانجی گوشارخستنە سەر سەرکردەکانی تورکیایە، لە هەمان کاتیشدا ئەم هاوپەیمانییە گرژیی پێوەندییەکانی ئەمەریکا - تورکیا هێور دەکاتەوە کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەستی پێکردووە، کاتێک پەرلەمانی تورکیا بڕیاریدا هێزەکانی هاوپەیمانان نابێت خاکی تورکیا و بنکەی ئەنچەرلیک بۆ هێرشکردنە سەر عێراق بەکاربهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری تورکیا بۆ ئامادەنەبوون بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی بازرگانیی لەگەڵ ئێران کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا زیادیکردووە و گەیشتووەتە (چوار ملیار دۆلار) کاریگەریی لەسەر دیاریکردنی هەماهەنگیی نێوان ئێران - تورکیا هەبێت سەبارەت بە کێشەی کورد، لەچوارچێوەی کاری ئەو لێژنە دوو

قۆڵییەی ساڵانە دوو جار بۆ باسکردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان کۆدەبنەوە. ئەمە سەرباری ئەو لێژنە نێودەوڵەتییەی مانگانە بۆ کاروباری سنووری کۆدەبنەوە. هەموو ئەو هەوڵانە نێوەندە سیاسییەکانی تورکیای گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی ئۆپەراسیۆنە سیاسییەکانی ئێران و عێراق، کورد لە خەباتکردن لەپێناو دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ سارد ناکاتەوە و دەسەڵاتدارانی تورکیا لەوەش دەترسن، پاش پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا، باجی پیلانگێڕییەکەیان دژی ئێران بدەن. بەرپرسێکی یەکێتیی ئەوروپا ڕایگەیاندووە: «ئەردۆگان سیاسەتوانێکی محافزکارە و سەرکێشی ناکات و وڵاتەکەی ناخاتە مەترسییەوە» لەوەش دڵنیایە کە کردنەوەی ئاسمانی وڵاتەکەی بۆ هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران کارێکی شیاو نییە. جا ئەگەر ئیسرائیل ئەمەی کرد و مۆڵەتی لە تورکیا وەرنەگرت، بە دڵنیاییەوە پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل تا مەودایەکی دوور زیانی پێدەگات. هاوکات بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ بۆ لێدانی ئێرانی دراوسێی، ڕۆڵی باشووری کوردستان کاریگەرتر دەکات. جگە لەوەی ئاڵۆزترکردنی دۆخەکە لە ناوچەی ململانێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە پێوەستە بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی حەماس لە فەلەستین دەبێتە پاڵنەری پاشخانی پرسی هەڕەشە سەربازییەکەی ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران.

دۆخی جیۆسیاسیی سەختی کۆماری ئیسلامیی ئێران وای لێدەکات ڕێوشوێنی دژ بە خواستی جوداخوازانی کورد لە ئێران وعێراقیش لەسەر ئاستی ئیقلیمی بگرێتەبەر و هەنگاوی ناوە بۆ لاوازکردنی بایەخی سیاسیی کوردی باشوور لە ناوچەکە، بۆنموونە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ لە هەوڵێکیدا بۆ لاوازکردنی لۆبیی کوردان لە پەرلەمانی عێراق، وای لە حزبی ئیسلامیی کوردستان کرد بە لیستێکی هاوبەش لەگەڵ حزبەکانی دیکەی باشووری کوردستان بەشدار نەبێت و خۆی لێیان جودا بکاتەوە کە ئەنجام بووە مایەی سەرنەکەوتنی بەربژێرانی کورد لە پێنج شارۆچکەی باشووری کوردستان، لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردەکانی ئێران دەتوانن سوود لە ناڕەزایی خەڵکی باشووری کوردستانیش ببینن، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی لە ئەدای حزبەکان ناڕازین کە بە دروستی مامەڵە لەتەک کێشە نێوخۆییەکاندا ناکەن.

قوتابیان و ئافرەتانیش بەردی بناغەی ئەو ناوەزاییانەن کە لە دژی ئەو هەڵوێستە محافزکارانەی سەرکردەکانی کورد سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان دەردەبڕدرێن. دەکرێ ئەڵتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کورد، ئایدیۆلۆژیایەک بێت لەسەر بنەمای ئیسلام بنیاتنرابێت بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی، ئەمەش ئەو ئەگەرەیە کە کورد زۆر لێی دەترسێت.

ئەو ژاوەژاوەی لەدەوروبەری بەرنامە ناوکییەکەی ئێران و لێدوانەکانی ئەحمەدی نەژاد، گرژییەکانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زێدەتر کردووە کە مەڵبەندی نشینگەی کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانە و هێزە سەربازییەکانیان لەوێدا جێگیرن و کاریگەرییەکی نەرێنی دەکاتە سەر دانیشتوانە سڤیلەکەی. بۆیە لە سەرتای کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد بەرەیەکی یەکگرتووی کوردیان دامەزراند لەپێناو هەوڵی ئاشتیانە بۆ دانپێدانان بە مافەکانی کورد کە دەسەڵاتداران پشتگوێیان خستووە. بەهائەدین ئاداب ئەندامی پێشووی پەرلەمان بووە سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە، لەپێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ ژمارەیەک بەربژێری کورد بە تۆمەتی ناڕاستی لە ژمارەی ئەو واژووانەی کۆیانکردبووەوە لە لیستەکانی بەشداربوو، لە کێبڕکێکەدا دوورخرانەوە، بەهائەدین گوتبووی ئامانجی چالاکوانانی ڕێکخراوەکە، ڕوونکردنەوەی مافەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و هاوکاریکردنیانە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانیان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمان، چونکە ئەمە ڕێگەیە بۆ گەیشتنی کوردی ڕۆژهەڵات بە هەیکەلەکانی دەسەڵات. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە کە ڕێکخراوەکەیان هیچ مۆرکێکی سیاسیی نییە و نابێتە ڕێکخراوێکی ناحکومی تا مۆڵەتی فەرمی لە دەوڵەت وەربگرێت، چونکە نەکۆدەبنەوە و نە ئەندامی نوێش وەردەگرن. شیرین عەبادیش کە چالاکوانێکی بواری مافەکانی مرۆڤە و خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە، ناوەزایی خۆی لەسەر بڕیاری وەزیری ناوخۆی ئێران دەربڕیوە کە تۆمارکردنی ڕێکخراوەکەی ڕەتکردووەتەوە و عەبادی ڕایگەیاندووە: «کوردی ڕۆژهەڵات هیچ ڕۆڵێکیان لەو بڕیارانەدا نییە کە پەیوەستن بە خۆیانو مافەکانیان لە دەستووردا پشتگوێ خراوە» و سەرکۆنەی ڕێژەی بەرزی بێکاری لە

ناوچـە کوردنشـینەکان و قەدەغەکردنـی زمانـی کـوردی لـە میدیاکانـدا کـرد. ئەوەشـی ڕوونکردووەتـەوە کـە ئـەم بەرەیـە هیـچ ئامانجێکـی جوداخوازیـی نییـە وەکـو حزبـە سیاسـییەکانی ڕۆژهـەڵات و لەچوارچێـوەی یاسـادا بەرەنـگاری توندوتیـژی دەبێتـەوە.

ئاژاوەکانـی هاوینـی ٢٠٠٥ لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان وای لـە چالاکوانانـی مافەکانـی مـرۆڤ کـرد بیـر لـە دەسـتپێکردنی دیالۆگـی ئاشـتیانە بکەنـەوە لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئێـران بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد و بەپێویسـتی دەزانـن بەشـداریکردنی کـورد لـە دامـەزراوە حکومییـە لۆکاڵـی و ناوەندییـەکان چڕبکرێتـەوە، چونکـە «حکومـەت خـۆی لەقـەرەی کێشـەکانی کـورد نـادات». ناڕەزایـی خۆشـی دەربڕیـوە سـەبارەت لاوازیـی هەڵوێسـتی کـورد لـە هەڵمەتـی هەڵبژاردنـی سـەرکۆمار. ئەندامانـی ئـەم بەرەیـە هیـوادارن دەسـەڵاتدارانی حکومـەت تەگـەرە نەخاتـە بـەردەم چالاکییەکانـی ئـەم گرووپـە ئاشـتیخوازانەیە و لەوبڕوایـەدان کـە شـێوازەکانی تۆقاندنـی هاوواڵتیـان هەرگیـز نابێتـە هـۆی پتەوکردنـی کۆڵەکەکانـی دەوڵـەت، بگـرە بـە بەرقەرارکردنـی ئـازادی و یەکسـانی دەتوانرێـت کۆتایـی بـە بزووتنـەوە جوداخوازییـەکان بهێنرێـت[٧].

ئـا بـەم شـێوەیە لـە ئێـران ئەلتەرناتیڤـی ڕێکخسـتنە سیاسـییە کوردییـەکان سـەریانهەڵداوە و چالاکوانانیـان لەچوارچێـوەی هەماهەنگـی کـردن لەگـەڵ لایەنـە فەرمییەکانـی دەوڵـەت لەسـەر بنەمـای سازشـکردنی دوولایەنـە، دەتوانـن ناوچـە کوردنشـینەکانی ئێـران لـە گرژیـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بپارێـزن. کەچـی هێشـتا کاردانـەوەی دەسـەڵاتدارانی ئێـران بـۆ ئـەم دەستپێشـخەرییە نوێیانـەی پارێزەرانـی مافەکانـی مـرۆڤ نادیـارە.

بەشـێوەیەکی گشـتی کێشـەی کـوردی ڕۆژهـەڵات بـۆ کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بووەتـە جێـی بایەخـی دەسـەڵاتداران و توخمێکـی سـەرەکییە لـە سـتراتیژییەتی سیاسـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و سیاسـەتی نێوخـۆ و ئیقلیمیشـی کـە لەسـەر بنەمـای لەناوبردنـی یەکجارەکیـی بزووتنـەوەی کـورد دامـەزراوە. ئـا لێـرەدا بایەخـی دەستپێشـخەرییەکانی داکۆکیـکاران لـە مافەکانـی مرۆڤـمان بـۆ دەردەکەویـت، بەتایبەتیـش ئەوانـەی بـاس لـە مافەکانـی مرۆڤـی کـورد دەکـەن لـە ئێـران و بـە هەنگاوێکـی گرنگـی پاراسـتنی کـوردی ڕۆژهـەڵات دادەنرێـت. ئـەوان درکیـان بـەوە کـردووە دۆخـە سیاسـییە نوێیەکـە ئـەوە

دەخوازێت بەدوای بنەما گشتییەکانی دەوڵەت و حوکم و دەستوور بگەڕێت کە بتوانێت پێداویستییەکانی تەواوی کۆمەڵگەی ئێرانی دابین بکات، نەک هەر بەشە شیعییەکەی وڵات. لەمبارەیەوە پێدەچێت بەکارهێنانی بنەماکانی ئیسلامی لەئیدارەدانی سیاسەتی نێوەدەوڵەتی و ئیقلیمی لەلایەن نوخبەی سیاسیی ئێرانی بەسوودتر بێت.

هەروەها ئایدیۆلۆژیا و سیاسەتی بزووتنەوەی کوردیش پێویستی بە نوێبوونەوەیە، چونکە چەمکی ئۆتۆنۆمیی کورد بەپێی ڕێزبەندیی ناسیۆنالیزمی یەکێتیی کۆمارە سۆسیالیزمەکانی سۆڤیەت داڕێژراوە کە لەم بارودۆخەی ئێستادا جێبەجێکردنی زۆر زەحمەتە، چونکە دوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤیەت، بزووتنەوە دیموکراسییە ناسیۆنالیزمە کوردییەکان پشتیوانیی بلۆکی سۆسیالیزمیی لەدەستداوە. ئاخۆ بژاردەی چەکدارانە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، یاخود گۆڕینی ڕژێم بۆ ئەمڕۆ پێویستە؟ ئایا دەتوانرێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە وا لە هەیکەلییەتی دەوڵەت بکرێت لەگەڵ پێداویستیی زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێرانیدا خۆی بگونجێنێت؟

بەدوور نازانرێت ڕوو لە مۆدێلی پێکهاتەی ناسیۆنالیزمیی وڵاتانی سۆسیالیزمیی نێودەوڵەتی بکرێت (سوێد، نەمسا، فەرەنسا و ئەوانی تر) کە تا ڕادەیەکی زۆر سەرنجی ڕۆشنبیرانی کوردی ڕاکێشاوە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی کلتوورەوە، ئەم مۆدێلە لە کوردستان مایەی قبووڵ نییە، بۆیە پێویستە گەڕان بەدوای مۆدێلێکی نزیک کارابکرێت، نەک تەنیا بەرژەوەندییە سیاسییەکانی کورد و عەڵییەت و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی ناوچە کوردنشینەکان بەدیبهێنێت و لە بایەخی نەریتە کلتووری و ڕۆحییەکانیان کەمنەکاتەوە.

سەرچاوەکان

1- Eastern Kurdistan Human Right Association Member Abducted in Maha-bad.-http://kurdistanobserver.servehttp.com/jan06/12-l-06-irn-arrests-kurdish-human-rights-association-member-abducted-in-Mahabad.htm

2- Democratic Party of Iranian Kurdistan condemns the immature statements of Mahmoud Ahmadinejad.- http://www.pdk-iran.org/english/presse/statement- politbureaul6122005.htm

3- Talabani set off to Iran?- htpp://kurdistanobserver.servehttp.com/no w/25-11-05-talabani-iran-tky.htm

4- Turkey feels Iran chill.-http://puk-org/web/htm/news/nws/news060124a.html

5- Turkish-Iranian Bombarding of Villages in the Kurdistan-Iraq.- Http ://kurdistanobserver.serverhttp.com/Sep/6-9-05-tky-irn-bomb-villages-s- kurdistan-iraq.htm

6- Turkey fells...

7- Iran Kurds form reformist front.- http://kurdistanobserver.serverhttp.com/jan06/2-l-06-kurds-party-e-kurdistan.htm

پرسی کورد و کێشەی سەقامگیری لە ڕۆژئاوای ئاسیا

ئۆلگا ئیڤنۆفنا ژیگالینا

پرۆسەی سیاسی لە عێراق ئاماژە بەوە دەدات کە کورد بەشداربیەکی چالاکیان لە هەیکەلە ئیدارییە باڵاکانی دەوڵەتدا هەیە. ئەمەش تا ڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە سیاسەتوانانی ئەمەریکا وەها دەڕوانن دەوڵەتی نوێی عێراق و سیستەمە سیاسییەکەی میکانیزمێک بێت بۆ ئاشتەوایی و سازانی نێوان هەموو جۆرە بەرژەوەندییەکی تاک و کۆ لە بارودۆخی عێراقی نوێدا. هاوکات ئامانجی ئەم سیاسەتەی ئەمەریکا بۆ هێورکردنەوەی مەیلە جوداخوازی و بەرتەسکەکانە، بۆیە ئەمریکییەکان بە بایەخەوە دەڕوانن پرسی پاراستنی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی.

ئەو دۆخە جیۆسیاسییەی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا هاتەئاراوە، هەروەها ڕەوشی سیاسیی نێوخۆی عێراق چەند سوودێکی دیاریکراوی بۆ کورد هەبوو، هەلی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ناوچەکەیان بۆ ڕەخسا و بە چاودێریی ئەمەریکا ناوچەکەیان سەقامگیرییەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانیش هەڵسەنگاندنیان بۆ سوود و زیانەکانی دەست تێکەڵکردنیان لەگەڵ ئەمەریکا کردووە، بۆیە ئێستا لە هەوڵی چەسپاندنی پێگەیشتنی سیاسی و ئابووریدان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا.

لە ئایاری ٢٠٠٦ نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کابینە وەزاریە یەکگرتووە نوێیەکەی ڕاگەیاند و لە دانیشتنی ٧ی ئایاری ٢٠٠٦ی پەرلەمانی کوردستاندا بەرنامەی حکومەتەکەی ڕاگەیاند کە لە چەند بەشێک پێکهاتبوو، گرنگترینیان ئەو بەشە بوو کە تایبەت بوو بە ڕەوشی هەرێمی کوردستان لە عێراقی فیدراڵدا کە خواستی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان پشتڕاست دەکاتەوە لە بەشداریکردن لە دامەزراندنی سیستەمێکی فیدراڵیی دیموکراتی لەسەر بنەمای ڕەزامەندی و ڕێزگرتنی سەرجەم نەتەوە و بیروباوەڕە ئایینییەکان

و پشتگیریکردنی کۆدەنگی لە پرۆسەی سیاسیدا. نێچیرڤان بارزانی جەختی لەوە کردووەتەوە کە هەماهەنگیی نێوان وەزارەتەکانی حکومەت بەپێویست دەزانێ بۆ دارشتنی پلانی پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پیشەسازیی نەوت و گاز و دابەشکردنی داهاتی بەروبوومە نەوتییەکان، پەرەپێدانی کەرتی تایبەت لە ئابووری و پیشەسازیدا، کێشەی زێدەبوونی وەزیفەکان و کەمکردنەوەی بێکاری، پەرەپێدانی سیستەمی بانکی و ڕێکخستنی سیستەمی قەرزی بچووک بۆ خاوەن پڕۆژە بچووکەکان ... هیتد[1].

هەموو ئەوانەی لەپێشەوە باسکران، گەواهیدەری پرۆسەکانی داهێنانە ئەرێنییەکانن لە باشووری کوردستان کە سوورن لەسەر خولقاندنی ئابوورییەکی نیشتمانی و سیستەمێکی دارایی، بەپێی بۆچوونی چەند ئابووریناسێکی بیانی دەرکەوتووە کە ستراتیژییەتی ئابووریی نیولیبراڵی لە عێراق سوودی نەبووە، بەبڕوای ئەوان ئەمە پێشخستن نییە، چونکە چاکسازییە ئابوورییە نیولیبراڵییەکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خۆشگوزەرانیی هاوواڵتیانی ئاسایی نەبووە، هەروەها لەبەر هۆکاری دیکەش[2]. حکومەتی عێراق بەتەمایە ڕێنوێنیی دۆکیومێنتی «ئاسۆکانی ستراتیژییەتی نیشتمانیی عێراقی» بکات کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە پەسندکراوە و بەپێی ئەم ستراتیژییەتە پێویستە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵیی دیموکراتی کامڵ و گەسەندووی خاوەن ئابوورییەکی بازاڕ»[3]. هاوکات لەگەڵ دۆخی ناسەقامگیری عێراقدا، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەبێ گەرانەوە بۆ بەغدا چەند پڕۆژەیەکی ئابووری جێبەجێ بکەن، بۆمونە گواستنەوەی نەوت لەڕێی سنووری عێراق - تورکیا و هێنانی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت و گاز. بەپێی خەملاندنەکان یەدەکی نەوت و گاز لە باشووری کوردستان ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت و ١٠٠تریلیۆن پێ سێجایە کە دەبێتە بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی ئابووریی نیشتمانی. لەگەڵ ئەوەشدا پەرەپێدان و پێکهێنانی کاتێکی دیاریکراوی پێویستە، ئەمەش شرۆڤەی ئەو ڕاستییەیە کە سەرکردەکانی کورد لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستاندا پەلە ناکەن و جەخت دەکەنەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی ناوچەکەیان و بنیاتنانی عێراقێکی فیدراڵ.

لە هەمان کاتیشدا پسپۆران بەشێوازی جیاواز هەڵسەنگاندن بۆ ئەگەری چارەی خۆنووسین لەو ناوچەیە دەکەن کە لە شێوەی سەربەخۆیی بێت، بەشێک لە شرۆڤەکاران لەوبڕوایەدان، ئەگەر هات و کوردی باشوور مافەکانیان بەدیبهێنن، بەڕاستی دەبێتە هەڕەشە لە سەقامگیریی سیاسیی وڵاتانی ناوچەکە لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکان (تورکیا، سووریا و ئێران)، چونکە ئەمە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ خەباتی کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش لەپێناو هەمان ئەو ئامانجانەی کوردی باشوور خەباتیان لەپێناودا دەکەن. هەمان ئەو شرۆڤەکارانە لەوبڕوایەدان کە ئایندەی باشووری کوردستان کەمتر پشت بە وڵاتانی ئیقلیمی و زیاتر پشت بە پرۆسە سیاسییە نیوخۆییەکانی خودی عێراق دەبەستێت. بەڕای ئەوان پاشەکشەی کتوپڕی هێزەکانی ئەمەریکا و نەمانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەبێتە مایەی هەڵگیرسانی شەڕێکی ناوخۆ لە وڵات. ئەمەش دراوسێکانی باشووری کوردستان دەخاتە دۆخێکی سەخت و دوور نییە ئاژاوە لە وڵاتەکانیان بەرپا بکات، چونکە ئەوکات ئێران دەستەوەستان ناوەستێ و بۆ بەرگریکردن لە شیعەکانی عێراق لەشکرکێشی بکات. سعوودیە و سووریا و ئوردنیش پشتیوانیی عەرەبی سوننە مەزهەب دەکەن، تورکیاش پشتی تورکمانەکانی عێراق دەگرێت، لەم هەلومەرجەدا بەپابوونی جەنگێکی جیهانی لەناوچەکەدا بەدوور نازانرێت[٤].

نێوەندە سیاسییەکانی باشووری کوردستان هەوڵ دەدەن پەرەسەندنی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەمجۆرە سیناریۆیانە دووربخەنەوە. جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق سووڕە لەسەر عێراقچێتی و مانەوە لە چوارچێوەی عێراق، ئەگەرچی ئەم ڕەوتەی تاڵەبانی لەگەڵ هەستی کوردی باشووردا تێکناکاتەوە کە ٩٩٪یان پشتگیریی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکەن. سەرکردەکانی کورد بە گوڕوتینەوە بەشداریان لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا کردووە، هاوکات مەسعود بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە داوە لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی بەرفراوان لە عێراق، هەرێمی کوردستان لە عێراق جودادەبێتەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕادەگەیەنێت[٥]. بەڵام بەهەرام تاهیر شرۆڤەکاری بەناوبانگی عێراقی وایدەبینێ پێویستە ئەمجۆرە لێدوانانە تەنیا بە

ئامرازێک لێکبدەینەوە بۆ گوشارکردنە سەر لایەنە ناکۆکەکان بۆ وەدەستهێنانی پۆستە وەزاریەکان لە حکومەتی نوێی عێراقدا. هەروەها تاهیر ئاماژەی بەوەش داوە لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە عێراق، کوردی باشوور هەڵێکی دەگمەنیان بۆ دەڕەخسێت «بۆ ئازادکردنی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە تاکو ئێستا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدان، بە کەرکووکیشەوە»[٦].

یو.ش.نەبیێف ڕاوێژکاری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆمێنوێڵسی وڵاتانی سەربەخۆ، بۆچوونێکی دیکە دەخاتەڕوو و وایدەبینێ لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە عێراق: «ڕەنگە باشووری کوردستان ببێتە متمانەپێکراوترین بنکە بۆ سوپای ئەمەریکا» ئەم ڕاستییەش بۆ کوردی باشوور لەبارە، چونکە «گەرەنتییەکی متمانەپێکراوە بۆ ئاسایشی باشووری کوردستان» پێدەچێت نەبیێف بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە هەرێمی کوردستان بگۆڕێت بە ناوچەیەکی پارێزراوی ئەمەریکایی[٧].

هەر سەبارەت بەم بابەتە بۆچوونی تری جیاواز هەیە، بۆنموونە موحسین بایز جێگری سەرۆکی یەکەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، دەڵێ: کورد ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی چالاکییەکانی یاخیبووان لە ناوچەکە نادات و بە هەموو توانایان ڕووبەڕوویان دەبنەوە بۆ پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکەیان، نوێنەرانی بزنسمانانی کوردیش وایدەبینن کە شەڕ و ناسەقامگیری لە بەرژەوەندیی کورددا نییە و لە «لەدەستدانی هەموو ئەو دەستکەوتە سیاسی و ئابووریانە دەترسن کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەدەستهاتوون»[٩].

لەو نێوەندەدا تێکڕای کورد تاکتیکی پشتبەستن بە ئەمریکا بە پەسند نازانن کە سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لە خەباتکردن لەپێناو سەربەخۆییدا پێڕەوی دەکەن. لە باشووری کوردستان و نێوجەرگەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا نوخبەیەکی سیاسیی نوێی گەنجان پێگەیشتوون، سیاسەتی بەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژیی کوردان و شەڕەکانیان بەچاوی خۆیان نەبینیوە و تاکە فاکتەری هاوبەش و یەکگرتنیان، بیرۆکەی هاونەتەوەیی سیاسیی کوردە لە هەموو کوردستان. ئایدیۆلۆژیای یەکبوونی کورد کەسایەتییەکی نوێی بۆ تاکی کورد پێکهێناوە کە دووڕە لە وابەستەبوونی خێڵەکی و لەگەڵ سیستەمی پێوەندییەکانی دەوڵەتدا گونجاوە. گەنجانی کورد

تێڕوانینێکـی نوێیـان بـۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان هەیـە، کارامەییەکـی ئەوتۆیـان لـە ئیدارەدانـدا تێدایـە کـە هاوتـای ئاسـتی تەکنەلۆژیـای نوێیـە بـۆ پەرەپێدانـی کۆمەڵگـە، پرسـیارگەلێکیش سـەبارەت بـە سـامانی کوردسـتان دەخەنـەڕوو کـە بـۆ بەرژەوەندیـی گەلـی کـورد بەکاربهێنرێـت. سـامانە سروشـتییەکەی کوردسـتانیش بووەتـە مایـەی سەرنجڕاکێشـانی کۆمپانیـا بیانییـەکان و وڵاتانـی دراوسـێ (تورکیـا و ئێـران بـە نموونـە).

بـە چاوخشـاندنەوە بـە دۆخـی هەرێمـی کوردسـتان بەتایبەتـی و عێـراق بەگشـتی، دەتوانیـن گریمانـەی ئـەوە بکەیـن کـە کـوردی باشـوور لـە ئایندەیەکـی نزیکـدا سـەربەخۆیی خۆیـان ڕاناگەیەنـن، چونکـە بێجگـە لـە هەلومەرجـە ئیقلیمییەکـە، لـەم پرسـەدا ڕاوێژکارانـی ئەمەریـکاش هانـدەر نیـن، مەبەسـت ئـەو ڕاوێـژکارە ئەمەریکاییانـەن کـە کـورد ڕاوێژیـان پێـدەکات، جـارێ سـەرکردایەتیی کـورد تیشـکیان خسـتووەتە سـەر چارەسـەرکردنی کێشـەکانی هەرێـم لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی فیدڕاڵـی دیموکراتیـدا.

پرۆسـە سیاسـییەکانی عێـراق و هەرێمـی کوردسـتان دەسـەڵاتدارانی تورکیـا، سـووریا و ئێرانـی ناچارکـردووە بایەخێکـی زیاتـر بـە کێشـەی کـوردی وڵاتانـی خۆیـان بدەن. لە سـاڵی ٢٠٠٣ تورکیـا، سـووریا، ئێـران، کوێـت، ئـوردن، سـعوودیە و میـسر چەندیـن کۆبوونـەوەی دووقۆڵیـی و فـرە لایەنانەیـان سـازداوە و لـە کۆبوونەوەکانـدا بـاس لـە کێشـەی کـورد کـراوە و هۆشـداریان داوەتـە کـوردی باشـوور هێنـدە مکـوڕ نەبـن لەسـەر دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی کـە ببێتـە مایـەی هەڕەشـە بـۆ سـەقامگیریی سیاسـیی ئـەوان.

کێشـەی کـوردی باکـوور ڕەهەندێکـی تـری وەرگرتـووە، چونکـە تورکیـا کاتێـک داوای ئەندامبوونـی لـە یەکێتیـی ئەورووپـا دەکـرد، نوێنەرانـی یەکێتیـی ئەورووپـا داوای چارەسـەرکردنی کێشـەی کوردیـان لـە تورکیـا دەکـرد، بۆیـە حکومەتـی تورکیـا هەنـگاوی بـەرەو دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی ڕادەربڕینـی بـۆ کەمـە نەتەوەییەکانـی وڵات نـا، بـەڵام ئـەم هەنـگاوە هێشـتا نەگەیشـتووەتە ئاسـتی پێودانگـە نێودەوڵەتییـەکان. پێـش کۆبوونـەوەی وڵاتانـی یەکێتیـی ئەورووپـا کـە تایبەتکرابـوو بـە باسـکردنی پرسـی وەرگرتنـی تورکیـا لـە یەکێتیـی ئەورووپـا لـە ٣ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٠٥، ڕەجـەب تەیـب ئـەردۆگان سـەرۆک وەزیرانـی تورکیـا، لـە ڕەزامەندیـی داوە بـۆ بینینـی ١٢ ڕۆشـنبیری تورکیـا لەنێو ئەو ١٥٠ ڕۆشـنبیرە تورکیاییانـەی داکۆکییـان لـە چارەسـەرێکی ئاشـتییانە و دیموکراسـییانەیان

بـۆ کێشـەی کـورد دەکـرد. لـە ١٣ی ئابـی ٢٠٠٥ ئـەردۆگان سـەردانی دیاربەکـری کـرد کـە بـە مەڵبەنـدی کـوردی باکـوور دادەنرێـت، لـەوێ سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد ڕایگەیانـد: «کێشـەی کـورد، کێشـەی منـە، کێشـەی ئێمەیـە، پێشـتر هەڵـە هەبـوون، چاوپۆشـیکردن لـە هەڵەکانـی ڕابـردوو شایسـتەی میللەتێکـی مەزنـی وەکـو تورکیـا نییـە»[١٠]. لەوکاتـەی بەشـێک لـە شرۆڤـەکاران لێدوانەکانـی ئـەردۆگان بـە هەنگاوێکـی گرنـگ دادەنێـن بـۆ پێشـڤەچوونی تێگەیشـتن لـە دۆزی کـورد، بەشـێکی دیکەیـان بـە بیانـووی دادەنێـن، بۆئمونـە عەلـی بیرانـد کـە ڕۆژنامەنووسـێکی بەناوبانگـی تورکیایـە، لـە ١٦ی ئابـی ٢٠٠٥ دەنووسـێت: گفتوگۆکـردن لەبـارەی کێشـەی کـورد زۆر دووڕە، چونکە تورکیا هێشـتا لەسـەر هەڵوێسـتەکانی پێشـوویدا بەردەوامـە و کێشـەی کـورد ڕەهەندێکـی ئیقلیمیـی وەرگرتـووە، ئەگـەر سـەرکردەکانی تورکیـا دانـی پێدابنـێ یـان نـا، سـنووری دەوڵەتـی تورکیـای بڕیـوە و تـا ڕادەیەکـی زۆر بەنـدە بـەو ڕووداوانـەی لـە باشـووری کوردسـتان ڕووەدەدەن، جـاو ا باشـترە هەوڵبدرێـت چارەسـەرێکی گونجـاو بـۆ کێشـەی کـورد بدۆزرێتـەوە لەبـری ئـەوەی فەرامـۆش بکرێـن، وەک ئـەوەی هـەر نەبـن[١١].

دەسـەڵاتدارانی تورکیـا تونـدوتیـژی و ئاژاوەکانـی کۆتایـی ئـاداری ئەمسـاڵی دیاربەکریـان خسـتە ئەسـتۆی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان کـە خراوەتـە لیسـتی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکانەوە، لەهەمـان کاتیشـدا وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا تـا ئەوکاتـەی کێشـەکانی عێـراق چارەسـەر دەکات، ڕێگـرە لـە چالاکییەکانـی سـوپای تورکیـا لـە باشـووری کوردسـتان دژی کـوردی باکـوور، ئەوانـەی داوای جودابوونـەوە دەکـەن لـە تورکیـا، ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـە فاکتـەری کـورد ئامرازێکـی گوشـارە بـە دەسـت ئەمریکییـەکان لەسـەر نێوەندەکانـی دەسـەڵات لـە تورکیـا.

بـە هەڵسـەنگاندنی پەرەسـەندنی دۆخەکـە، بەشـێک لە پسـپۆڕانی ئەمەریـکا وایدەبینن کـە سـەرهەڵدانی دەوڵەتێکـی نیمچـە سـەربەخۆی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان دەبێتـە دیفاکتۆیـەک و دێتـەدی، ئەگەرچـی تورکیـا بـە بەکارهێنانـی هێـز مامەڵـە لەتـەک ئـەم پرسـەدا دەکات کـە دوور نییـە قەیرانێکـی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتیـی لێبێتـەوە. بـەڕای ئـەوان ڕەنگـە پێوەندییـە دۆسـتانەکەیان لەگـەڵ کـوردی باشـوور ببێتـە بەرپەچدانەوەیـەک بـۆ کـوردی باکـوور و کەمکردنـەوەی هەژموونـی ئێـران لـە ناوچەکـە[١٢].

هەڵبـەت چارەسـەرنەکردنی کێشـەی کـورد لـە ئێـران، بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـوردی ڕۆژهەڵاتـی کردووەتـە ئامرازێـک بـۆ ململانێـی نێـوان ئێـران و وڵاتانـی ڕۆژئـاوا لـە ڕۆژئـاوای ئاسـیا. سەرپەرشـتی و هاوکاریکردنـی کـوردی باشـوور لەلایـەن ئەمریکییەکانەوە، حزبـە سیاسـییەکانی ئێـران و سـووریای دابەشـکردووەتە سـەر دوو بـەرە، بەرەیەکیـان پشـتگیریی بیرۆکـەی چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد هاوشـێوەی کـوردی باشـوور دەکـەن کـە لەچوارچێـوەی ڕووخانـی ڕژێمـی دەسـەڵاتدار هاتووەتـە ئـاراوە، ئەمـەش سـەرنجی حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـی ڕاکێشـاوە و ئامادەیـی خۆیـان بـۆ پشـتگیرکردنی سیاسـەتی ئەنگلـۆ – ئەمریکـی لـە ناوچەکـە دەربڕیـوە لەپێنـاو ڕووخاندنـی ڕژێمـی ئێـران و ڕاگەیاندنـی فیدرالیـزم لـە ئێـران، ئـەم هەڵوێسـتە ڕاشـکاوانەیەی حزبـی دیموکـرات وای لـە واشـنتۆن کـرد، دەسـت بـە هاوکاریکردنـی ئەوانیـش بـکات. بزووتنـەوەی سـەربەخۆیی کـوردی ڕۆژهـەڵات لەگـەڵ کـوردی باشـووردا یەکانگیربـوون، چونکـە بنکـە و بارەگاکانیـان لەنێـو خاکـی باشـووری کوردسـتاندایە. سـەرباری ئەمـە و بـە دەستپێشـخەریی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـورد لـە ئەمەریـکای باکـوور، لـە ٦ی ئـاداری ٢٠٠٦ بـەرەی یەکگرتـووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە هەولێـر دامـەزرا کـە پێنـج حزبـی ڕۆژهـەڵات بەشـدارییان تێداکردبـوو (حزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، کۆمەڵـە – حزبـی شۆڕشـگێڕانی کارگەرانـی کوردسـتان، کۆمەڵـە – حزبـی شـیوعیی ئێـران، خەباتـی کوردسـتانی ئێـران، یەکێتیـی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانی ئێـران) ئامانـج لـە دامەزراندنـی ئـەم بەرەیـە سەرنجڕاکێشـانی حزبەکانـی دیکـەی ئێـران و هاتنـە نێـو بەرەکـە و ڕێکخسـتنی خەباتـی هاوبـەش بـوو بـۆ چـارەی خۆنووسـین[١٣].

بێگومـان کـوردی ڕۆژهـەڵات هاوشـێوەی کـوردی باکـوور، خەباتیـان لەپێنـاو ئامانجـە تایبەتەکانـی خۆیانـە، لەگەڵ ئەوەشـدا کە وڵاتانی ڕۆژئاوا خواسـتەکانیان وەکـو میکانیزمێک بەکاردەهێنێـن بـۆ جێبەجێکردنـی پلانەکانیـان لـە ڕۆژئـاوای ئاسـیا. بەهەمـان شـێوەی ئەمەریـکا کـە کـوردی باشـووریان بـۆ ڕووخاندنـی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن بەکاردەهێنـا، بۆیـە کـوردی ڕۆژهـەڵات بـوون بـە فاکتەرێکـی گرنـگ بـۆ لاوازکردنـی ڕژێمـی ئێـران لـە ناوخـۆدا، ئەمـەش لەگـەڵ سیاسـەتی ئەمەریـکا لـە ئاسـت ئێرانـدا یەکدەگرێتـەوە، بێجگـە لـەوەی کـە کـوردی باشـوور و ڕۆژهـەڵات هێـزی چەکـداری مەشقپێکراویشـیان هەیـە.

ئێـران لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ٢٠٠٤ەوە بـە پشـتیوانیکردنی شـیعە سـەدرییەکانی پەرلەمانـی عێـراق شـەڕێکی لـە دژی پەرلەمانتارانـی کـورد ڕاگەیانـدووە. ئـەوە بەڕێکـەوت نییـە پیتـەر گالبرێـت ڕاوێـژکاری ئەمەریکایـی مەسـعود بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان دەڵێـت: «سـنوور بەربەسـتێک نییـە، بەڵکـو کەناڵێکـە بـۆ هەژمـوون و ئایدیۆلۆژیـای ئێرانـی بـۆ عێـراق و ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی وەرچەرخانێکـی مێژوویـی کـە ڕەنگـە دەرهاویشـتەی مەترسـیداری هەبێـت لەسـەر ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، بەتایبەتـی بـۆ ئـەو ناوچـە عەرەبییانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانیان شـیعە مەزهەبـن وەکـو یەمـەن و ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی سـعوودیە کـە بـە سـامانی نـەوت زۆر دەوڵەمەنـدە»[١٤]. نوێنەرانـی حزبـە سیاسـییە شـیعییەکانی عێـراق و وەزیـری دەرەوەی سـعوودیە لـەوە دەترسـن، زیادبوونـی هەژموونـی ئێـران لـە عێـراق ببێتـە مایـەی هەڵوەشـاندنەوەی وڵاتەکـە.

لەکاتێکـدا ئێـران بـە ئۆتۆنۆمـی و سـەربەخۆیی کـوردی باشـوور نیگەرانـە، کەچـی خـۆی لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆدا دەپارێزێـت. کـوردی ڕۆژهـەڵات و دانیشـتوانی ناوچەکانی دیکەی ئێران ئاشـنای دەسـتکەوتەکانی کوردی باشـوور بوونە و پشـتگیرییەکانی ئەمەریـکا بـۆ کـوردی ئـەوێ سـنووردێک بـۆ مەرامەکانـی نەیارانیـان دیـاری دەکات، هاوکات فەرماندەکانـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران زۆر بـە نەرێنـی دەڕواننـە چالاکییەکانـی حزبـە سیاسـییە کوردییەکانـی ڕۆژهـەڵات کـە بـە شـێوەیەکی نایاسـایی کاردەکـەن و دووچـاری چەوسـاندنەوە و سـەرکوتکردن بوونەتـەوە. لـە تەممـووزی ٢٠٠٥دا دەسـەڵاتدارانی ئێـران ١٠٠ هـەزار کەسـی لـە سـوپا و هێـزە ئەمنییەکان ڕەوانـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان کـرد بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو ناڕەزایەتییانـەی لەسـەرتاسـەری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان سـەریانهەڵدا بـوو دژی کوشـتنی شـوان قـادری کـە سـەرکردەیەکی ئۆپۆزیسـیۆنی ڕۆژهەڵاتییـە و لـە ئاکامـدا ٢٠ کـوژراو و ٣٠٠ بریندارییـان لێکەوتـەوە، ئەمـەش بەڵگەیەکـی حاشـاهەڵنەگرە بـۆ ئـەو ڕاسـتییەی کـە دەسـەڵاتدارانی ئێـران تاکـو ئێسـتا وابەسـتەی ئـەو سیاسـەتەی سـەردەمی حوکمـی ئایەتوڵـڵا خومەینیـن و بـەدوای ڕێگەچارەیەکـی نـوێ ناگەڕێـن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی کـوردی ڕۆژهـەڵات، بۆیـە هێشـتا ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە ناسـەقامگیری ماوەتـەوە.

ئەمەریکا کە سووریاشی خستە ڕیزی وڵاتانی میحوەری شەڕەوە، کوردی ڕۆژئاوا چوار حزبی سیاسییان لەوێ دامەزراند (یەکێتی، یەکێتیی گەلی کورد، یەکێتیی دیموکراتی کوردی و بەرەی کوردی). یەکێتی کە لە ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە جەماوەرترینیانە. یەکێتیی دیموکراتی کوردی وایدەبینێ کە دەکرێ بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی دەسەڵاتدا کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، یەکێتیی گەلی کورد خواستەکانی گەلی کوردی بەم شێوەیە خستووەتەڕوو: لە دەستووردا دان بە کورددا بنرێت، کۆتایی بە جیاکاریبهێنرێت، مافی هاووڵاتیبوون بە کورد ببەخشرێت، هەڵگرتنی باری نائاسایی لە وڵات کە لە ساڵی ١٩٦٣وە ڕاگەیەنراوە، هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی تۆتالیتاری، کۆتاییهێنان بە قۆرخکارییەکانی حزبی بەعس لە دەسەڵات، دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی سیاسی، ڕێگەدان بە فرە حزبی و دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانیی فرەیی.

بزووتنەوەی کوردی ڕۆژئاوا کە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد دەکات، هۆکاری ناسەقامگیریی سووریایە، چونکە دەسەڵاتداران وەڵامدانەوەی گونجاویان بۆ خواستەکانی کوردی ڕۆژئاوا نەبووە. دیمەشق پێیوایە دامەزراندنی «ناوچەی ئارام» لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ و داگیرکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان هاوشێوەی «پەیامێکە بۆ جیهانی عەرەبی و سەرکەوتنی ئیسرائیلی دوژمنە»[١٥]. وەزیری دەرەوەی سووریا لەچوارچێوەی سەردانەکەی بۆ ئەنکەرە لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٥ ڕایگەیاند: «ئەوان لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان هاوڕان کە سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستان مایەی هەڕەشەیە بۆ سەقامگیریی ئیقلیمی، چونکە بناغەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیە»[١٦]. ژمارەیەک شرۆڤەکاری بیانی ئاماژە بەوە دەدەن کە سەدان خۆکوژی ئامادەکراو لە عێراق پەنایان بۆ سووریا بردووە. دەگوترێت ئەم خۆکوژانە لە سنووری نێوان سووریا – عێراق پەڕیونەتەوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خۆکوژی لە سێگۆشەی سوننی دژی هێزەکانی هاوپەیمانان و حزبە سیاسییەکانی عێراق. وێڕای مەترسییەکانی پەرچەکرداری تۆڵەسەندنەوەی ئەمەریکا، سوورییەکان هەماهەنگیی نێوان سووریا لەگەڵ ئەمەرکاییەکان و بەرپرسانی عێراق ڕەتدەکەنەوە بۆ ڕێگریکردن لە چەکدارانی بیانی لە پەڕینەوە لە سنووری سووریا – عێراق. هاوکات هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە

دەڵێ: «سووریا و چەند وڵاتێکی عەرەبی لەوە دەترسن ئەزموونی دیموکراسی لە عێراق بچەسپێت و هەڕەشە لە ڕژێمە تۆتالیتارییەکانیان بکات». چاودێران ئاماژە بەوەش دەدەن کە ئەو پشتگیرییە بەرنامە داڕێژراوەی بۆ یاخیبووانی عێراقی دەکرێت لەلایەن سووریا و ئێران، دەبێتە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیریی دۆخی سیاسیی ناوخۆ بە ئامانجی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵات[١٧].

لە سووریا شەڕ و پێکدادانی نێوان کوردی لایەنگرانی سیاسەتی مەسعود بارزانی و پڕۆژە ئەمەریکاییەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین داڕێژراوە و لە نێوان دژبەرانی پڕۆژەکە بەردەوامیی هەیە. ڕووبەڕووبوونەوەکان لە ئاداری ٢٠٠٤ لە یاریگەیەکی تۆپی پێی قامیشلو دەستیپێکرد لەنێوان هاندەرانی کورد و عەرەب و ٢٥ کوژراو و ٣٠٠ بریداری لێکەوتەوە. دوای ئەمەش ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی چالاکوانانی کورد هەر بەردەوام بوو کە لەنێویاندا جەنابی شێخ محەمەد مەعشووق خەزنەوی بوو و دواتر تەرمەکەی بە شێواوی لەسەر سنووری عێراق - سووریا دۆزرایەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی هاوشێوەی ئەم ڕووداوانە تاکو ئێستا بەردەوامیی هەیە. بۆ نموونە لە ئاداری ئەمسالدا بەبۆنەی ساڵیادی واژووکردنی ٨ حزبی کوردی ڕۆژئاوا جارنامەیەکیان بڵاوکردبووەوە و داوای چاکسازیی دیموکراسی و هەڵگرتنی باری نائاسایی وڵات و لێبوردنی سیاسییان دەکرد، خۆپیشاندانێک بەڕێوەچوو، خۆپیشاندەرانی کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵە گەنجێک بوونەوە کە وێنەی بەشار ئەسەد و ئاڵای سووریایان هەڵگرتبوو، ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی سووریا بوون و هوتافی دژی خۆپیشاندەرانی کورد دەگوتەوە و کوردیان بە خائین و نۆکەری ئەمەریکا وەسف دەکرد، ئەو قوتابیانە پشتگیریی سەرکردایەتیی ئێستای سووریا دەکەن و دژی ئەو کەسانە دەوەستنەوە کە ئەمەریکا دەستیان لەپشت دەدات، هەروەها دژی ئەو کەسانەن دەیانەوێ بە هاوکاریی ئەمەریکا ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنن[١٨].

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ دەسەڵاتدارانی سووریا لەسەر سیاسەتی گرتنی چالاکوانانی سیاسیی کورد بەردەوامن و بە جوداخواز و ئەندامبوون لە ڕێکخراوی نا مەشرووع تۆمەتباریان دەکەن .... هتد. لەبەرانبەریشدا کوردی ڕۆژئاوا سوورن لەسەر داوای لێبوردن لە زیندانیانی سیاسی، دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، دەستەبەرکردنی ئازادیی

ڕادەربڕین، ڕێکخستنی یاسای حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی[١٩]. لە ساڵی ٢٠٠٥ نوێنەرانی حزبی بەعس ڕایانگەیاند ڕێگە بە دامەزراندنی حزبی سیاسی دەدات، بەڵام نەک لەسەر بنەمای نەتەوەیی. لە ٢٠٠٦ لە حەلەب خۆپیشاندەرانی کوردی ڕۆژئاوا بڵاوەیان پێکرا کە دژی ئەم بڕیارەی بەعسییەکان بوون و ژمارەیەکیشیان لێدەستگیر کرا و پۆلیسی سووریا گازی فرمێسکڕێژیان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنا[٢٠]. ڕێکخراوی «هیومەن ڕایتس ووچ»ی نێودەوڵەتی داوای لە بەشار ئەسەد سەرۆکی سووریا کرد، سنووورێک بۆ ئەو پێشێلکارییانە دابنێت کە دژی خۆپیشاندەران و مافەکانی مرۆڤ دەگیرێتەبەر و بەندکراوە سیاسییەکانیش ئازادبکرێن. لەلایەکی دیکەوە کوردی ڕۆژئاوا سوورن لەسەر ئەوەی داوای ڕەگەزنامەی سووریایی بکەن کە لە ساڵی ١٩٦٢ەوە لێی بێبەش کراون و قەدەغەی ئەشکەنجەدانی زیندانیانی سیاسی بکرێت و مافی هاووڵاتیبوونیان هاوتای نەتەوەکانی دیکەی وڵاتیان پێبدرێت.

هێشتنەوەی کێشەی کوردی ڕۆژئاوا بە چارەسەرنەکراوی و سیاسەتی عێراق لە هەمبەر دەسەڵاتدارانی سووریا، گرژیی نەک هەر لە ناوچە کوردنشینەکان خوڵقاندووە، بگرە ناسەقامگیریی بەدرێژایی سنووری نێوان ئەو دوو وڵاتەی هێناوەتەئاراوە و پێوەندییەکانی نێوان سووریا و عێراقی ئاڵۆزکردووە. بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەدا بەوە لێکدەدرێتەوە کە دوو ڕۆڵ دەگێڕن، ئەمەریکا لەلایەکەوە هەوڵی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی باشووری کوردستان و سنووردارکردنی ململانێی چەکداری لە باکووری کوردستان دەدات، لەلایەکی دیکەوە چەند هێزێکی نەتەوەیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاندەدات چالاکیی ئیستفزازکردن و خوڵقاندنی بارگرژی لە دژی دەسەڵاتدارانیان ئەنجام بدەن، بەشێوەیەک پێویست بە دەستوەردانی دەرەکییەک بکات تا لەگەڵ بیروباوەڕی ئەمریکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە بگونجێت، شیکردنەوەی داخوازییەکانی کوردی هەرسێ پارچەکەی باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە دەکرێ کێشەی کورد بە دانوستان و دیالۆگ و سازشکردنی دوولایەنە چارەسەر بکرێت.

ئا بەم شێوەیە هەلومەرجی جیۆسیاسیی نوێیەکە بووە مایەی لەدەستدانی مۆرک و شێوازە مێژوویییەکەی پێشووی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد و لە ئێستادا هەر

بەشــەو تایبەتمەندیــی خــۆی هەیــە، ناوچــە کوردنشــینەکانی ئێــران، تورکیــا و ســووریا بەهــۆی بەدەنگەوەنەهاتنــی دەســەڵاتداران بــۆ خواســتە نەتەوەییەکانــی ئــەو پارچانــە، بــە ناوچــەی ناســەقامگیر دادەنرێــن و بڕیاربەدەســتانیان بەپێــی پێویســت مامەڵەیــان لەتــەک کێشــەی کــورددا نەکــردووە کــە لەگــەڵ دۆخــە سیاســییە نوێیەکــەدا بگونجێــت.

نێوەندەکانــی دەســەڵات لــە هەریەکــە لــە تورکیــا، ئێــران و ســووریا لەگــەڵ ئــەوەدان بەیەکجــاری بزووتنــەوەی ســەربەخۆیی کــورد بنبڕبکــەن و هاوئاهەنگــن بــۆ پەرەپێدانــی هێڵێکی سیاســیی هاوبەش لەبارەی کێشــەی کورد، چونکە هەرسێ لایان ترسیان لێنیشــتووە ئەمەریکا نەخشــەی ڕۆژئاوای ئاســیا هەڵبوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ ســنووورەکان دابڕێژێتەوە. تاڕادەیەکیــش هاوکاریــی ســەربازییان لەنێواندایــە، بۆنموونــە تورکیــا و ئێــران بــۆ لەناوبردنــی بنکــە و بارەگاکانــی پارتی کرێکارانی کوردســتان لەســەر ســنووری نێوانیان، هەروەها ســووریا و ئێرانیــش لەپێنــاو ئاژاوەنانــەوە و خولقاندنــی دۆخێکــی نائــارام لــە هەرێمــی کوردســتان ... هتــد. هــەروەک چــۆن هەڵویســتی بەشــێک لــە وڵاتانــی ئیقلیمــی هاوکاریانــن لەوەندەی کــە پێوەندیــی بــە ســەربەخۆیی باشــووری کوردســتانەوە هەیــە و لەوبڕوایــەدان ڕەوشــەکە لــە تورکیــا، ئێــران و ســووریا ئاڵۆزتــر بــکات، ئــەم وڵاتانــە هەژموونــی سیاســیی خۆیــان بــۆ ئــەم مەبەســتە بەکاردەهێنــن و گرووپە ئیســلامییە تونــدڕەوەکان بەکاردەهێنن بۆ ڕاکێشــانی ســەرنجی کــورد و پێکهێنانــی گرووپگەلــی ئیســلامیی کــوردان و کاربکــەن بــۆ بڵاوکردنــەوەی بیــری تونــدئاژۆیی و بەکارهێنانــی مــادده بێهۆشــکەرەکان لــە ناوچــە کوردییەکانــدا .... هتــد. تێوەگلانــی کوردســتان لــە ململانێکانــی نێــوان وڵاتانــی ڕۆژئــاوا و ڕۆژهەڵات کێشــەکە ئاڵۆزتر دەکات و بــەرەو ئایینــدەیەکــی نادیــاری دەبــات.

کێشــە چارەســەرنەکراوەکانی کــورد، تەنیــا فاکتــەری ناســەقامگیری و گرژیــی نێــوان کــورد و دەســەڵاتدارانی ئــەو وڵاتانــە نییــە کــە کوردیــان بەســەردا دابەشــکراوە، بەڵکــو دەبێتــە مایــەی ســەرهەڵدانی گرووپــی نوێــی کوردیــی تونــدئــاژۆ (بۆنموونــە: پــژاک لــە ئێــران و هەڵــۆ ئازادەکانــی تورکیــا) و خەباتــی چەکدارانــەی خۆیــان بــۆ وەدیهێنانــی مافەکانــی میللەتــی کــورد ڕابگەیەنــن.

لــە ئەدەبیاتــی زانســت و سیاســەتدا، پێشــنیازی زۆر هــەن بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکانی کــورد و زۆربــەی سیاســەتوانان لەگــەڵ ئــەوەدان بــە دیالــۆگ و گفتوگــۆی

ئاشتیانە کێشەکە چارەسەربکرێت، بۆ دەسەڵاتدارانی ئەو ولاتانەش کە کوردیان تێدا نیشتەجێن زەحمەتە بژاردەی دیکەیان هەبێت، بەڵام بۆ ئەو ولاتانەی لەسەر بنەمای نەتەوەیی دامەزراون، ناتوانن زەمینەیەکی لەبار بخوڵقێنن بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە دیالۆگانە لەگەڵ بزووتنەوەی سەربەخۆیی کوردستاندا و کە تەنیا بە یاخیبوون و ناڕەزایی دەربڕین وازیان نەهێناوە، بگرە پەنایان بۆ خەباتی چەکدارانەش بردووە، بۆنموونە: ئەردۆگان لەگەڵ دانوستان و دیالۆگدا نەبوو لەگەڵ حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی کە ڕۆژگارێک لە گەرمەی سەرهەڵدانی بارگرژی و تووندوتیژییەکاندا پشتگیریی پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەکرد[٢١]. بە ڕێکەوتیش نییە کە ئەو شەڕە پارتیزانییانەی بەناوی ئازادی و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد هەڵدەگیرسێن، تێکەڵ چالاکییەکانی گرووپە ئیسلامییە تووندئاژۆکان بن کە بە هیچ جۆرێک پێوەندییان بە چالاکییەکانی کوردی نیشتمانپەروەرەوە نییە.

لەم نێوەندەدا، زەمینە بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوی سیاسیی ئەلتەرناتیڤ ساز دەبێت، تاکو لەبری هەیکەلەکانی ئۆتۆنۆمیی کورد، چالاکوانیان بە فەرمی هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتداراندا بکەن و دیالۆگەکان بەو ئاراستەیە بن کە لە سەر بنەمانی سازشکردن و نەهێشتنی پێداگریی هەردوولای دانوستاندکار دامەزراوە بە ئامانجی ڕزگارکردنی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا و کۆتاییهێنان بەو ناسەقامگیرییە. نموونەی ئەم ڕێکخراوانە: ڕێکخراوی بزووتنەوەی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی لەیلا زانا لە تورکیا و بەرەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێران بە سەرۆکایەتیی بەهائەدین ئاداب. کە پێدەچێت دەستپێشخەرییەکانی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە کاریگەریی خۆیان لە پشتیوانیکردنی مافەکانی مرۆڤی کورد هەبێت و هەنگاوێکی ئەرێنی بێت بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی کوردەواری لەو ناوچانەدا. چالاکوانانی ئەم ڕێکخراوانە درکیان بەو ڕاستیەش کردووە کە سیاسەتی نوێ، بنەمای نوێ دەخوازێت بۆ ئیدارەدانی دەوڵەت بەجۆرێک خواستەکانی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات، نەوەک تەنیا هی توێژی دەستەبژێر. ئەم جۆرە نزیکبوونەوانەی چالاکوانان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت ئەگەری بەدیهێنانی مافەکانی کورد بە ڕێگەی دیالۆگ و بەبێ دەستوەردانی سەربازییانە و سیاسیی بیانی، زێدەتر دەبێت.

سەردەمی نوێ کە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا دەستپێدەکات کێشەی کوردی بردووەتە ئاستێکی گرنگتر، چونکە لە ئێستادا کێشەکە هەر سەربەخۆیی کلتووری و بەکارهێنانی زمانی کوردی نییە، کورد ئێستا ڕووبەڕووی کێشە جیهانییەکانیش دەبنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکەیان بەندە بە بەکارهێنان و دابەشکردنی سەرچاوەکانی وزە (نەوت، گاز، ئاو) کە هەرسێکیان لە خاکی کوردستاندا هەن و بەکارخستنی بۆڕییەکانی نەوت و گاز کە هەر بە خاکی ئەواندا تێپەڕ دەبێت، هەروەها بەرهەمهێنانی خۆراک، لەبەرئەوەی ناوچە کوردییەکان بە سەبەتەی خۆراکی ڕۆژئاوای ئاسیا هەژمار دەکرێت. لەمبارەیەوە کێشەکانی چالاکییە بازرگانی و ئابووریيەکانی کورد ئەم بایەخانەیان هەیە: بەشداربوون لە وەبەرهێنانی سەرمایەی کورد لە پڕۆژە گەورەکانی ناوچە کوردییەکان و ڕاکێشانی بۆڕیی گاز و نەوت لە خاکی ئەم ناوچانە. خەباتی کورد لەپێناو گۆڕینی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕچەک و ئاژاوە بۆ ناوچەیەکی داماڵراو لە چەک و ئارام، هەروەها ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی خاکی کوردستانی گشت پارچەکان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازی و سیاسییەکانی دەوڵەتێکی تر. جا ئێستا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: کورد تا چ مەودایەک دەتوانێت پارێزگاری لەو سامانە سروشتییانە بکات کە دەبنە گەرەنتی بۆ سەربەخۆ مانەوەیان و گریمانەی سەربەخۆبوونیان، ئاخۆ دەتوانن هەماهەنگییەکی ئابووری و بازرگانی لەنێوان بەشەکانی تری کوردستاندا بێننەدی لە پێناو جێبەجێکردنی سەربەخۆیی ڕاستەقینە؟

سەرباری ئەوەی کورد بە پشتیوانیی ئەمریکییەکان توانیویانە شتگەلی گرنگ بکەن، ئاخۆ دەتوانن لە ئایندەشدا هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمریکییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورەدا بەردەوامبن لە درێژەدان بە ئەنجامدانی ئەم شتانە؟ لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژئاوای ئاسیا لە بازنەی گرنگیپێدانی نێوەندە سیاسییەکانی ئەمەریکادا بووە کە دەستی بە پلانڕێژیی دوور مەودا کردووە لەپێناو چەسپاندنی پێگەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە و «گەمەکردن بە کارتی کوردی».

دوای هێرشکردنە سەر عێراق و ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ئاداری ٢٠٠٣ هێزەکانی هاوپەیمانانیی ئەنگلۆ - ئەمەریکا، یان وردتر بڵێین ئەمریکییەکان

بەرپرسیاریەتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی باشووریان خستە ئەستۆی خۆیان، ئەجێندایەکی چاکسازیی پراکتیکییان خستەبەردەم سەرکردەکانی کورد کە بتوانن بەپێی ئەم ئەجێندایە سەقامگیریی سیاسی بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری زامن بکەن کە تاکو ئێستا مۆرکێکی کۆنیان پێوەدیارە. ئیدارەی ئەمەریکایی هەوڵێکی بێوێنە دەدات بۆ گواستنەوەی توخمەکانی دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا بۆ نێو کۆمەڵگەیەکی کوردەواریی ئیسلامیی خودان دابونەرێتێکی تەقلیدی، ئەگەرچی ئەم سیاسەتە ڕەزامەندیی زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتی لەگەڵدا نییە. باشووری کوردستان کۆڵەکەی سەرەکیی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایە و سیاسەتی ئەوانیش پێش هەموو شتێک کورد وەکو ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی خۆیان لە ڕۆژئاوای ئاسیا بەکاردەهێنن. ئەم ڕەوتەی ئەمەریکا دەیگرێتەبەر کاریگەرییەکی نەرێنیی لەسەر گەڕان بەدوای چارەسەرێکی ڕاستەقینە بۆ کێشەی کورد دەبێت، چونکە ئەوان پێش ئەوەی بیر لە بەرژەوەندییەکانی کورد بکەنەوە بیریان لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا کردووەتەوە، کوردیش دەخاتە نێوان بەرداشی دوو نێوەندی هێز، یەکێکیان هەژموونی ئەمەریکا و ئەویدیکەیان ناسیۆنالیزمیی ئیسلامییە و ئەمەش نابێتە مایەی چارەسەرکردنی خێرای کێشەی کورد کە لە هەر بەشێکی کوردستاندا پێویستی بە یەکلاکردنەوە هەیە، واتە لە هەریەکە لە (عێراق، سووریا، تورکیا، ئێران) بەجودا دەبێت لێکنزیکبوونەوەیەک بخوڵقێنرێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەو دەوڵەتە و گۆڕانکارییە جیۆسیاسییەکاندا بگونجێت، بۆیە زەحمەتە پێوەرێکی ستاندارد بۆ چەمکی سەقامگیری یاخود ناسەقامگیریی بۆ ئەو وڵاتانە دابنرێت کە کوردیان تێدا نیشتەجێن جا ئەگەر کورد فاکتەری ناسەقامگیریی ئێران، تورکیا و سووریا بن، لە عێراق بە پێچەوانەوە دەبنە مایەی سەقامگیریی دۆخی سیاسیی نێوخۆی وڵات.

کوردی باشوور بەشێوەیەکی چالاک و کاریگەر لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا کاردەکەن لەسەر بنەمای پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی گەورە، ئەگەرچی ئەم شێوازەی پێکهێنانی حکومەت تێبینیی زۆریشی لەسەرە. نیشاندەرەکانی ناسەقامگیریی سیاسی لە کۆمەڵگە بە جیاوازیی دەوڵەتەکان دەگۆڕێت کە هەریەکەیان لە ڕابردوودا ئەزموونێکی تایبەت بەخۆی لە پەرەپێدانی سیاسیدا

هەیە. لە هەمان کاتیشدا دەتوانین هۆکاری ناسەقامگیرییەکانیان دیاری بکەین کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێوشوێنە سیاسییانەی دەبنە مایەی شڵەژاندنی سەقامگیریی وڵات کە ئەمانە دەگرێتەوە: کودەتا سەربازییەکان و قەیرانەکانی حکومەت، شەڕی پارتیزانی و ئاژاوەگێڕی، ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندانەکان، هێرشە تیرۆریستییەکان و کوشتنی سیاسەتوانان، گۆڕانکاری لە هەیکەلی ڕێکخستن و سیستەمی حزبی و شتی تریش. ئەم فاکتەرانەش سروشتێکی ناهاوتایان هەیە: لە هێندێک حاڵەتدا تەنیا دەبنە مایەی زێدەکردنی گوشار لەسەر دەزگاکانی حکومەت و ڕژێمە سیاسییەکەی، لە هێندێک حاڵەتی تریشدا دەبنە مایەی ڕووخانی حکومەت و گۆڕینی ڕژێمی سیاسیی دەوڵەت. جا بەشداریکردنی کورد لەمجۆرە چالاکییانەدا چارەسەرکردنی کێشەکەیان سەختتر دەکات. جا لەبەرئەوەی پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد کاریگەریی تەنیا لەسەر کورد نابێت، بگرە کاردەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی حکومەتە ئیقلیمییەکان و تەنانەت هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانیشیان، بۆیە ناکرێت ناوبژیوانیی ئەمەریکا لەم کێشە هەستیارەدا بنیاتنەر بێت. پێویستە کێشەی سەربەحۆیی باشووری کوردستان چارەسەر بکرێت، بەڕای ئێمە دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ یەکلاکردنەوەی کێشەی کوردی تورکیا، ئێران و سووریا و هەماهەنگییەکی تەواویش هەبێت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، ئەوانەی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کێشەکە هەیە، ناشکرێت چارەسەرکردنی کێشەی کورد حەواڵە بکرێت بۆ پسپۆڕێتیی لێژنەیەکی نێودەوڵەتیی فرەلایەن.

سەرچاوەکان

1- Prime Minister Barzani's speech emphasizes efficiency and openness.- http://www/krg.org/articles/article-detail.asp?LangNr=12&RubricNr=&ArticleNr=10...

2- R.Looney. Socio-Economic Strategies to Counter Extremism in Iraq.- In: «Journal of South Asian and Middle Eastern Studies». Vol. XXIX, № 2, Winter 2006, c. 26.

3- Ibid., c. 30. «Iraq's Strategic Vision for National Development» presented to the International Conference on Iraq, Brussels, Belgium, June 21-22, 2005 (Bagdad: Ministry of Planning and Development Cooperation, 2005.).

4- Mohammed M.A. Ahmed. Kurdish Nationalims and Regional States.- In: «Journal of South Asian and Middle Eastern Studies», Vol. XXIX, № 2, Winter 2006, c. 16.

5- Kurds Wants Independence If Fighting Continues.- http://Kurdistanobserver.servehttp.com/april2006/5-4-06-northem-kurds-see-s- kurdistan.htm

6- Там же.

7- Ю.Ш.Набиев. Перспективы курдской государственности, с. 11. (Рукопись).

8- Kurds Wants Independence...

9- Kurds Wants Independence...

10- Mohammed M.A. Ahmed. Kurdish Nationalism..., c. 17.

11- Ibid., c. 16.

12- Ibid., c. 17.

13- Ibid.

14- Press Release. Eastern Kurdistan (Iran) Political Parties

Meet to Form a United Front. March 6, 2006- Hawler.- http://kurdistanobserver.servehttp.com/mar06/15-3-06-e-kurdistan-parties- meet.htm

15- Mohammed M.A. Ahmed. Kurdish Nationalism... c. 19.

16- Ibid., c. 17.

17- Ibid.

18- Syria Sentences Eight Dissidents to Prison:Lawyer.- http:// kursianobserver.servehttp.com/mar06/20-3-06-syria-jails-8-kurds.htm

19- Sirya: Rights Activists Detained in Crackdown.- http:// kurdistanobserver.servehttp.com/mar-6/25-3-05-syria-crackdown-on- activists.htm

20- Syrian Police, Kurds Clash In Aleppo.-http://kurdistanserver.servehttp.com.mar06/21-3-06-kurds-syrian-regime-clash-aleppo.htm

21- Turkish PM Promises More Democracy, Welfare For Kurds After Riots.- http://kurdistanobserver.servehttp.eom/ april2006/5-4-06-erdogan-says-more- reform.htm

فاکتەری کورد لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دا

ف. ک. ئیگۆرۆف

تاکو ئەم نزیکانە ئەگەر باسی فاکتەری کورد بکرایە، تەنیا لە ڕابردووی مێژوو و لەچوارچێوەی دیراسەتی سیستەمی جیهانیی پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانیی باسی کورد دەهاتە پێشەوە، دوای کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس (کانوونی دووەمی ١٩١٩- کانوونی دووەمی ١٩٢٠) و بەپێی بیست و حەوت وڵاتی ئینتێنت - ویفاق- (بەبێ ڕووسیا) کە پێش ئەوەی کۆتایی پێبێت، کۆتایی پێهێنرا، ڤێرسای (لەگەڵ ئەڵمانیا)، سانجێرمان (لەگەڵ نەمسا) و تریانون (لەگەڵ هەنگاریا) و نیسک (لەگەڵ بولگاریا) و سیڤەر (لەگەڵ تورکیا)، سیستەمی ڤێرسای بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێشکەش کرا، بەپێی ئەم سیستەمە هێزە دۆڕاوەکانی جەنگ زۆر دڵڕەقانە دابەشکران. زۆربەی هێزە سەرکەوتووەکان لە ڕووی جوگرافیاوە گەشەیان کرد و ناوچەکانی هەژموونیان فرەوانتر بوو، چەند دەوڵەتێکیش سەربەخۆییان وەرگرت یاخود وەرگیرانەوە (بۆنموونە: چیکۆسلۆڤاکیا، پۆڵەندا، نەمسا، هەنگاریا، شانشینی سربستان و کرواتیا و سلۆڤینیا).

بەپێی پەیماننامەی سیڤەر خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دابەشکرایە سەر وڵاتانی ویفاق، بەشێکیشی خرایە سەر ئەرمینیا (سنووورەکانیش بە بڕیارێکی داوەریی ئەمەریکایی دیاریکران) هەروەها پەیماننامەکە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیشی تێدابوو کە بڕیاربوو لێژنە ئەنگلۆ- فرانکۆ - ئیتالییەکە پرسی دیاریکردنی سنووری ئەم دەوڵەتە لە ئەستۆ بگرێت. ئەم مەرجانەی پەیماننامەکە و سیستەمە خۆبەدەستەوەدانە سەپێنراوەکە بووە مایەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی بەرفرەوانی ناڕەزایی لە تورکیا و چڕکردنەوەی بزووتنەوەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی نیشتمانیی تورکیای مەزن کە پەیماننامەکەی ڕەتکردەوە، تەنانەت حکومەتی سوڵتانیش نەیوێرا پەسندی بکات و دواجار پەیماننامەی سیڤەر نەخرایە واری جێبەجێکردنەوە.

ڕێککەوتننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ کە نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمان لەگەڵ تورکیا واژوو کرا، هیچ ئاماژەیەک بۆ کوردستان ناکات، دوای واژووکردنی

ڕێککەوتنامەکە، ئینۆنۆ سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕایگەیاند: کورد بەشێکن لە هاوواڵتیانی تورکیا، بەڵام تا ماوەیەکی زۆر ناوی کورد بەسەر زاری کەسدا نەهات و هەموو هەوڵەکانیان بۆ وەدەستهێنانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی باکوور سەرکوت دەکرا، باسی سەربەخۆیی هەر مەکە! چەندین دەیە کێشەی کورد فاکتەرێک بوو لە سیاسەت و کاروباری نێوخۆی تورکیا و نەبووە مایەی سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە هاوپەیمانانی ناتۆشەوە.

بەپێداچوونەوەیەکی کورت بە ڕابردووی کێشەکانی کورد، بۆمان دەردەکەوێت کە کێشەکە مەرجدار نییە بە مێژووی کێشەکە، بەڵکو ٨٠ ساڵە بەندە بە ئەنجامە یاساییە نێودەوڵەتییەکانی ڕووداوەکان. ڕێککەوتنامەی لۆزان، دوای ئەوەی پەیماننامەی سێڤەری ڕەتکردەوە، توانیی پارێزگاری لە بەشە سەرەکییەکەی سیستەمی ڤێرسای بکات و دووپاتی بکاتەوە. تەنانەت ئەو بەشەش کە خاکی عێراقی ئێستای بە بەریتانیای مەزن سپارد و سووریاش بە فڕەنسا لەگەڵ ئەگەری دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر خاکی ئەم دوو وڵاتە. ئەم ڕێوشوێنانەش مانای ئەوەیە: سەربەخۆیی کوردستان سەرینەگرت، دەکرێتە چوار بەشی نایەکسان، کورد خرایە پاڵ دانیشتوانی هەرێەک لە تورکیا، عێراق و سووریا و بەپێی پەیماننامەکەی ساڵی ١٦٣٩ی نێوان ئێران و تورکیا، بەشێکی خاکی کوردستان درایە پاڵ ئێران.

بەپێچەوانەی تورکیا، لە هەر یەک لە ئێران و عێراق، نکووڵی لە هەبوونی نەتەوەی کورد نەکرا، بەڵام ڕێگری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان دەکرا، کەچی لە کۆتاییدا سەربەخۆیی خۆیان هەر ڕاگەیاند و بەنۆرە پشتیوانییان لە یەکتری دەکرد. خەباتی کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە هەڵشکان و داکشانی بەردەوامدا بوو و ئەگەرچی سەرکردەکانی کورد ناکۆکییان لەنێواندا بوو، کەچی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی باشوور، کوردی باکووریشی وروژاند.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە دژی سیستەمی پاشایەتی لە عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ و بە پشتیوانییەکی کاریگەری پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرکردایەتیی کۆماریی وڵات دەستوورێکی ئینتیقالیی داڕشت، بەپێی ئەم دەستووره بۆ یەکەمینجار لە مێژووی گەلی کورددا، لەگەڵ عەرەبی عێراقدا هاوتاکران و ئەوەیان لە دەستوور

چەسپاند کە کورد و عەرەب لە عێراقدا هاوبەشن. بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم بەندەی دەستوور تەنیا ڕاگەیاندن بوو و نەخرایە واری جێبەجێکردن، هەر زوو دەست کرایەوە بە سەرکوتکردنی کورد کە لەسەر بنەمای دەستوور داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکرد، بە ئۆتۆنۆمیشەوە. بۆیە جارێکی دی خەباتی چەکدارانەی کورد لەپێناوی سەربەخۆییدا دەستپێکردەوە، هەتا ئەو ڕۆژەی دەسەڵاتدارانی عێراقیان ناچار کرد لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد ڕازی بێت، ڕێککەوتنامەیەک لەنێوان سەدام حوسێن جێگری سەرکۆماری ئەوسای عێراق و مستەفا بارزانی ڕابەری شۆڕش واژووکرا و ناونرا «ڕێککەوتنی ١١ی ئادار». ئەم ڕیککەوتنامەیە بایەخێکی مێژوویی مەزنی هەیە بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی خەباتی نەتەوەیی کورد، چونکە بۆ یەکەمینجار دان بە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردی باشوور نرا و بووە نموونەیەک بۆ کوردی کوردستانی «گەورە».

هەروەک دەزانن، ئەم دەستکەوتەش جێبەجێ نەکرا و حکومەتی عێراق پاشگەزبووەوە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق بە پراکتیک ئۆتۆنۆمیی کوردی باشووری هێنایەوە سەر سفر. ڕەتکردنەوەی ئەم یاسایە لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی ئەمەریکا و ئێران، لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق بەوپەڕی توندی سەرکوتکرایەوە، پرۆسەکانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستنی کوردان دەستپێکرد، «پشتێنێکی عەرەبی» لەسەر سنووری‌کانی تورکیا و ئێرانی پێکهێنا و کوردی ئەو ناوچانەشی بەرەو ناوەڕاست و باشووری وڵات ڕاگواست، ئەم هەوڵەشیان بۆ کەمکردنەوەی کارگەریی خەباتی کوردی باشوور بوو لەسەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەڵبەت ئەم ڕێوشوێنانە ئامانجەکانیان نەپێکا و هەر لە سەرەتای نەوەتەکانەوە بزووتنەوەی نیشتمانیی دیموکراتی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بە چالاکییەکی زۆرەوە هاتە مەیدان و پرۆسەی یەکخستنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەستپێکرد، لە ناوەڕاستی حەفتاکانیشدا پارتی کرێکارانی کوردستان دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کرد و دواتر بووە هێزێکی سیاسیی پێشەنگ بۆ کوردی باکوور.

لە ساڵی ١٩٨٤ پەکەکە لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر

خاکـی کوردسـتانی گـەورەدا دەسـتی بـە خەباتـی چەکـداری کـرد و کێشـەی کـورد بـووە فاکتەرێکـی سـەربار لـە سیاسـەتی دەرەوەی تورکیـا. جـا لـەدوای ئـەوەی پەکەکـە دەسـتیکرد بـە دامەزراندنـی بنکـە و بـارەگای چەکدارانـی حزبەکـە لەسـەر سـنووری نێـوان عێـراق – تورکیـا، ڕێککەوتنێکـی نهێنـی لەنێـوان هـەردوو حکومەتـی عێـراق و تورکیـا واژوو کـرا و بەپێـی ڕێککەوتننامەکـە، هێزەکانـی سـوپای تورکیـا ڕێگـەی پێـدرا ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیی سـنووردار بـۆ ڕاوەدوونانـی چەکدارانـی پەکەکـە لەنێـو خاکـی عێراقـدا ئەنجـام بـدات، لـە سـاڵی ١٩٧٩وە چەنـد یەکەیەکـی سـەربازیی تورکیـا لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا لەسـەر بنەمـای سـەرکوتکردنی شۆڕشـەکانی کـورد لەنێوخـۆی تورکیـا و دەرەوەی تورکیـاش بـە هەماهەنگیـی نێـوان عێـراق و تورکیـا جێگیرکـرا. پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بدەیـن دامەزراندنـی بـارەگای چەکدارانـی پەکەکـە لـە باشـووری کوردسـتان بـووە مایـەی سەرسـوڕمانی دانیشـتوانی کـوردی ئـەم ناوچانـەش کـە لەگـەڵ هـەر ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازیی سـوپای تورکیـا زەرەر و زیانێکـی زۆری مـاددی و گیانـی بـەر ئەوانیـش دەکـەوت.

هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو بـە یەکێـک لـە قۆناغـە هـەرە سـەختەکانی مێـژووی هاوچەرخـی خەباتـی کـورد دادەنرێـت، چونکـە کودەتـا سـەربازییەکەی سـاڵی ١٩٨٠ی تورکیـا کـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ دەسـتپێکردنی شـەڕی عێـراق و ئێـران، گوشـاری پـتری خستەسـەر سـەرکردایەتیی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، سـەرباری ئـەم گوشـارانە هەڕەشـە لـە مانـەوەی کـوردی ئـەو ناوچانـە دەکـرا و حکومەتـی ئەوسـای عێـراق، کـوردی باشـووری بـە هاوکاریکردنـی سـوپای ئێـران تۆمەتبـار دەکـرد و ئۆپەراسـیۆنێکی فرەوانـی سـەربازیی دژی دانیشـتوانی سـەر سـنووری نێـوان عێـراق – ئێـران دەسـتپێکرد و نزیکـەی ١٠٠ هـەزار قوربانیـی لێکەوتـەوە و پرۆسـەی ڕاگواسـتنی دانیشـتوان دەسـتپێکرد کـە ئامانـج لـەم پرۆسـەیە دامەزراندنـی «پشـتێنەی عەرەبـی» بـوو تاوەکـو ڕێگـەی هاوکاریکردنـی کـوردی ڕۆژهـەڵات و باکـوور بگرێـت.

لەکاتـی شـەڕی عێـراق – ئێرانـدا هێـزە کوردسـتانییەکانی باشـووری کوردسـتان لـە هەوڵـی یەکخسـتنەوەی هێـزە نیشـتمانییە نەتەوەییـە سـەرەکییەکاندا بـوون و لـە سـاڵی ١٩٨٨دا بـەرەی کوردسـتانییان دامەزرانـد. هێزەکانـی ئـەم بەرەیـە لـە ئـاداری

١٩٩١ و لەکاتی سەرقاڵبوونی عێراق بە داگیرکردنی کوێت، توانییان تەواوی خاکی باشووری کوردستان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی خۆیان، نهێنیی سەرکەوتنی بەرەی کوردستانیش لەوەدا بوو کە حکومەتی عێراق، ئەوکات زۆربەی هێزەکانی خۆی بەرەو باشووری عێراق گواستبووەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینە بەرفراوانەی شیعەکانی باشووری عێراق بەرپایانکردبوو. پێویستە ئاماژە بەو لایەنە گرنگەش بدەین کە ئەمەریکا پێش ئەوەی دەست بە ئۆپەراسیۆنی «گەردەلوولی بیابان» بکات، بە ئاشکرا بە کورد و شیعەکانی عێراقی گوتووە کار بۆ لاوازکردنی ڕژێمی سەدام حوسێن بکەن. دوای تێکشکانی سوپای عێراق لەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەدا، ئیتر کەوتە وێزەی شیعە ڕاپەڕیوەکانی باشوور، ئینجا دەستی بە پرۆسەکانی کۆمەڵکوژیی کوردی باشوور کرد. ئەنجام دەیان هەزار کەس بوونە قوربانی و نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد بەرەو تورکیا و ئێران بۆ خۆدەربازکردن لە ستەمی دەسەڵاتدارانی عێراق وڵاتیان بەجێهێشت. لە سەروبەندی ئەم هەموو زوڵم و ستەمکارییەی ڕژێمی سەدام حوسێن، ئەمەریکا دەیتوانی دۆخی عێراق بەتەواوی کۆنترۆڵ بکات، بەڵام ڕێوشوێنی پێویستی نەگرتەبەر و ڕێگریی لەم هەموو کۆمەڵکوژی و ستەمکارییانە نەگرت.

لە نیسانی ساڵی ١٩٩١ کوردی باشوور بە دەستوەردانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە جێنۆسایدێکی یەکجارەکی ڕزگارکرا و بە بڕیاری ژمارە ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایش ناوچەی ئارامی لە باکووری هێڵی پانیی ٣٦ دامەزراند. هێزە عێراقییەکان لەم ناوچانەدا پاشەکشەیان پێکرا و سەرکردەکانی کوردی باشوور بەرەی کوردستانی عێراق « کوردستانی ئازد»یان لە ناوچەکەدا ڕاگەیاند کە لەژێر چاودێریی هێزەکانی نێودەوڵەتیدا بوون، ئینجا هەوڵەکان چڕکرانەوە بۆ دامەزراندنی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بۆ باشووری کوردستان، ئەوەبوو لە یەکەمین هەنگاودا لە ئایاری ١٩٩٢ یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا و لە تەمموزی هەمان ساڵدا حکومەتیشیان پێکهێنا کە لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهاتبوو. بەم شێوەیە کوردی باشوور بۆ یەکەمین جار مافی چارەی خۆنووسینیی ڕاستەقینەیان

بـۆ دەسـتەبەر کـرا، نـەک تەنیـا لەسـەر کاغـەز وەکـو ئـەوەی سـاڵی ١٩٧٤.

ئـەم هەنگاوانـەی سـەرکردەکانی کـوردی باشـوور پشـتگیرییەکی تـەواوی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیان بەدەسـتهێنا، بەتایبەتیـش کوردی باکوور. بەگشـتیش سـەرکەوتنەکانی کـوردی باشـوور لـە خەباتکـردن لەپێنـاو سـەربەخۆییدا، بـووە پاڵنەرێـک بۆ کـوردی باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سـوودیان لە ئەزموونی تاکتیک و سـتراتیژییەتی خەباتی سـەرکەوتوویان وەردەگـرت. بەهەرحـاڵ گۆڕانکارییەکانـی باشـووری کوردسـتان و دامەزراندنـی هـەردوو دەسـتەی یاسـادانان و جێبەجێـکار، وڵاتانـی دراوسـێیان زۆر نیگـەران کردبـوو، بەتایبەتیـش کاتێـک پەرلەمانـی کوردسـتان لـە سـەرەتاکانی مانگـی تشرینـی یەکەمـی ١٩٩٢ یاسـایەکی سـەبارەت بـە پرەنسـیپی فیدراڵیزم پەسـەندکرد بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کورد لـە عێراق، حکومەتـی هەرسـێ وڵاتـی تورکیـا، ئێـران و سـووریای هێنایـە دەنـگ و بـە هەڕەشـەیەکی جیددیـی سـەر هەیکەلییەتـی وڵاتانـی ئیقلیمییـان لەقەڵـەم دا.

لـە تشرینـی یەکەمـی ١٩٩٢ بـە دەستپێشـخەریی تورکیـا، وەزیرانـی دەرەوەی ئـەم سـێ دەوڵەتـە لـە ئەنکـەرە کۆبوونـەوە، لـە کۆبوونەوەکـەدا جەخـت لەسـەر ئامادەیـی وڵاتانـی بەشـداربوو کرایـەوە کـە ڕێگـری لـە پێشـێلکاریی یەکپارچەیـی خاکـدا بکـەن (ئەگەرچـی تـەواوی ئـەو بڕیارانـەی لـە پەرلەمانـی کوردسـتان دەردەچـوون، تەنیـا کوردسـتانی باشـووری دەگرتـەوە و ئـەو ڕاسـتییەیان تێـدا دووپاتکراوەتـەوە کـە کـوردی باشـوور لـە چوارچێـوەی عێراقێکـی یەکگرتـوودا پراکتیـزەی مافەکانـی خۆیـان دەکـەن). لـە ناوەڕۆکـی ئـەو بەیاننامـە هاوبەشـەی نێـوان ئـەو سـێ لایەنـەدا جەخـت لـە ڕێوشـوێنی هاوبـەش کراوەتـەوە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەر هەوڵێکـی سـەربەخۆیی لـە باشـووری کوردسـتان، تەنانـەت ئەگـەر بگاتـە دەسـتوەردانی ڕاسـتەوخۆش لـە کاروبـاری نێوخـۆی عێـراق. پێـش هەموویـان تورکیـا لـە نەوەتەکانـەوە ئـەم دەسـتوەردانەی بـە مافـی خـۆی زانـی و بـووە فاکتەرێکـی دوور مـەودا لـە سـنووردارکردنی خراپبوونـی دۆخـی ناوچەکـە.

ئـەم تایبەتمەندییـەی تورکیـا لـە دەسـتوەردان لـە کاروبـاری نێوخـۆی عێـراق بـۆ مەرامەکانـی پەکەکـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ لەسـەر خاکـی باکـوور و باشـووری کوردسـتان، لـە هەمـان کاتیشـدا پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان دەسـەڵاتدارانی تورکیـای بەتەنیـا بـە نەیـار دانەدەنـا، بگـرە حکومەتـی هەرێمـی

کوردستانیشی بە نەیاری خۆی هەژمار دەکرد کە بە هاوکاری و پشتیوانیی هێزەکانی هاوپەیمانان دەسەڵاتیان وەرگرتووە، بەتایبەتیش هێزەکانی ئەمەریکا کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی «گەردەلوولی بیابان» بەسەر سوپای عێراقدا سەرکەوتن.

ئەگەرچی چالاکییەکانی پەکەکە لەنێو خاکی باشووری کوردستان تارادەیەک لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژییەتی خەباتی کورد لەپێناو سەربەخۆییدا دەگونجێت، بەڵام نەیانتوانی سیاسەتی خۆیان بچەسپێنن، لەلایەکی دیکەوە نەک هەر بوونەتە مایەی بارگرانی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە و بەهۆی بۆردوومانە بەردەوامەکانی سوپای تورکیا زیانی زۆریان بەردەکەوێت، بگرە هۆکاریش بوونە بۆ ئەوەی بیانوو بدەنە دەست سوپای تورکیا، بارەگای هەمیشەیی لەناوچەکە دابمەزرێنن، جا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆپاراستن لە هێرشی بەرفراوانی هێزەکانی تورکیالەنێو خاکی باشووری کوردستان، هەوڵیدەدا چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنووریيەکانی عێراق- تورکیا دووربخاتەوە. ئەم ڕێوشوێنە خۆپارێزیانە بوونەتە هۆی ئاڵۆزکردنی پێوەندییەکانی نێوان پەکەکە و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هەروەها نەبوونەتە هۆی نەهێشتنی هەڕەشەکانی تورکیاش لە کۆنترۆڵکردنی ناوچە ستراتیژییەکانی باشووری کوردستان.

گرنگیی کۆنترۆڵکردنی ئەو بەشە ستراتیژییەی خاکی باشووری کوردستان لەگەڵ گرنگیی فاکتەری کورد و پێگەکەی لە سیاسەتی نوێی دەرەوەی تورکیا لەو ڕاستییەدا یەکدەگرنەوە کە بە درێژایی مێژووی کۆماریی تورکیا، تورکیاییەکان هێشتا خۆیان لەسەر لەدەستدانی بەشێکی خاکی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی ڕانەهێناوە کە بەپێی مەرجەکانی سیستەمی ڤێرسای بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لێی دابڕاوە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ویلایەتی پێشووی مووسڵ کە خرایە ژێر دەسەڵاتی ئینتدابی بەریتانی لە ساڵی ١٩٢٠ و پاشان بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان بەریتانیا، تورکیا و عێراق، بووە بەشێک لە دەوڵەتی عێراق. ڕێژەیەکی زۆری یەدەکی نەوتێکی کوالێتیی بەرز و ئاسانیی گەیاندنە بازاڕە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆژهەڵاتی نزیک و هەڵکەوتە جیۆسیاسییە گرنگەکەی، وای لە تورکیا کردووە بە بیانووی جیاواز چاوی لەو ناوچەیە بێت و وەکو گێڕانەوەی ئەو خاکە دابڕاوانەی، پێگەیەکی هەمیشەیی

بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئـەو بەشـەی باشـووری کوردسـتان دابمەزرێنێـت.

دەوڵەتـی عێـراق لـە ڕۆژی دامەزراندنییـەوە لـە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، قەوارەیەکـی حکومیـی ناسـەقامگیر بـووە کە ناوچە شیعەنشـینەکانی باشـوور و سـوننەکانی ناوەڕاسـت و باکـووڕە کوردنشـینەکەی لەخۆگرتـووە، دەسـەڵاتی خۆسـەپێنی بەریتانیـا و زەبـری هێـزی ڕژێمـە یـەک لەدوایەکەکانـی دواتـر، یەکپارچەیی خاکـی عێراقیان پاراسـتووە. بـەڵام تێکچوونـی یەکجارەکیـی دۆخـی عێـراق و گۆشـەگیریی نێودەوڵەتیـی لـە ئاکامـی شـەڕی دڕێژخایەنـی عێـراق - ئێـران و سیاسـەتی سـەرکوتکەرانەی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن دژی دژبـەران و شکسـتهێنانی لـە شـەڕی کوێـت و دامەزراندنـی هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٩٢. هەمـوو ئەمانـە بوونـە هـۆی لاوازکردنـی پرۆسـەی پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق. بۆیـە بـە سـیناریۆی گەشـبینان عێراقێکـی فیدراڵیزمـی لـێ پێکدەهێنرێـت، بـەڵام بـە سـیناریۆی ڕەشـبینان پێشـبینیی هەرەسـهێنانی دەوڵەتیـان دەکـرد.

سـەرباری هەڵوێسـتە نەرێنییەکـەی سـەرکردەکانی تورکیـا لـە ئاسـت سـەرهەڵدانی هەرێمـی کوردسـتان و شـەرعیەتدان بـەو دیفاکتۆیـە، بـەڵام ئـەوان «دڕکیـان» بـەوە کـردووە کـە لـە سـایەی ئـەم هەلومەرجانـەی لـە ئێسـتادا لـە ناوچەکـە لەئـارادان وا لـە تورکیـا دەکات بـۆ ماوەیەکـی دڕێژخایەنـتر هێزەکانـی لـە باشـووری کوردسـتان بهێڵێتـەوە و سـەلامەتیی خاکـی تورکیـاش زامـن بـکات. هـەر لەبـەر هەمـان هـۆکار ململانێکانـی نێـوان پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان و هاوپەیمانیـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـەرکەوتووانە بەکاردەهێنێـت، هەڕەشـەکانی پەکەکـەش لـە پرۆسـەی سـەقامگیریی هەرێمـی کوردسـتان و توانـای تورکیـا لەسـەر کاریگەریـی ئـەم هەڕەشـانە، هۆکارگەلێکـی دیکـەن بـۆ مانـەوەی هێزەکانـی سـوپای تورکیـا لـە ناوچەکـە.

دوای تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی کـەم بەسـەر پێکهێنانـی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە تەمووزی ١٩٩٢ کە لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهێنرابـوو، ناکۆکییەکـی تونـد لەنێـوان مەسـعود بارزانـی و جـەلال تاڵەبانیسـەرکردەکانی ئـەم دوو حزبـە سـەرەکییەی کوردسـتان سـەریهەڵدا کـە ئەنجـام لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٩٤ دابەشـبوونی هەرێمـی کوردسـتان و دوو ئیدارەیـی لێکەوتـەوە. ئـەم دۆخـە هەتاکـو سـاڵی ٢٠٠٢ بـەردەوام بـوو و بەهـۆی نەگونجانـی دۆخـی سیاسـیی نێوخـۆ و کاریگەرییەکانـی

دەرەکی، تواناکانی پەرەسەندنی ناوچەکەی زۆر لاوازکرد. بەردەوامبوونی ئەم دۆخە ناسەقامگیرەی هەرێمی کوردستان، ئەمەریکای زۆر نیگەران کرد، چونکە ناسەقامگیریی هەرێمی کوردستان هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی هەردوو ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین، واتا ئەگەری گوشاری سیاسی و سەربازی ئەمەریکا بۆ سەر ڕژێمی سەدام حوسێن لە باشووری کوردستانەوە.

ئەمەریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی (بەریتانیا، فڕەنسا) بە بەشداریی تورکیا لە ساڵی ١٩٩٦ لە ئەنکەرە کۆبوونەوەیەکیان لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕێکخست. لە ئەنجامی گفتوگۆیەکی چڕی نێوان ئەم دوو حزبە، گەیشتنە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەشی سیاسی و سەربازی. نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەریکا، بەریتانیا و تورکیا بەشداریان لە لێژنەکانی چاودێریی جێبەجێکردنی بەرنامە هاوبەشەکەدا کرد کە کێشەی گەورەی دەهاتە بەردەم، بۆیە هەر دەبوو کۆبوونەوەیەکی دیکەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی لە واشنتۆن لە ١٩٩٨ سازبدرێت و ڕێککەوتنێکی دیکە واژوو بکەن کە هەیکەلییەتی فیدراڵیی عێراق، پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و مافەکانی کوردی لەخۆدەگرت. تورکیاش داوای جێکردنەوەی بەندێکی دەکرد لەو ڕێککەوتنامەیەی نێوان بارزانی و تاڵەبانی کە داوای نەهێشتنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە سەر خاکی هەرێمی کوردستان دەکرد، هەروەها ڕێگری بکرێت لە چالاکییە سەربازییەکانی ئەم حزبە. جا لەبەرئەوەی جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە ئەستەمە بەبێ بەکارهێنانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا، بۆیە لە ڕێککەوتنامەکەدا تایبەتمەندییەکیان بە تورکیا دا کە ڕێوشوێنی گونجاو بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی پەکەکە بگرێتەبەر.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ حکومەتێکی یەکگرتوو لەسەر بنەمای یەکسانی لەنێوان حزبە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا و جەخت لە نەهێشتنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان کرایەوە و داواکرا چالاکییە سەربازییەکانی پەکەکە ڕابگیرێت، تەنانەت ئەوانەی دژی تورکیاش ئەنجام دەدرێن.

ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان دژی ڕژێمی سەدام حوسێن کە لە ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٣ دەستیپێکرد، قۆناغێکی گرنگ بوو لە پێکهێنانی

سەربەخۆیی کوردستان. ئەمەریکاش پشتی بە کورد بەستبوو، بەتایبەتیش دوای ڕەتکردنەوەی حکومەتی تورکیا لە بەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ هێرشەکانی سوپای ئەمەریکا لە بەرەی شەڕی باکوور، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە پشتیوانیکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ ڕزگارکردنی کەرکووک، کوردیان گەیاندە ئەو ئاستەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی بکاتە دیفاکتۆیەک بۆ ئەو ڕۆژگارە کە تورکیای زۆر نیگەران کردبوو و ئامادەبوو هێزەکانی بنێرێتە باشووری کوردستان، بەڵام هەر زوو ئەمەریکا تورکیای دڵنیاکردەوە کە هێزەکانی ئەمەریکا لەجیاتی پێشمەرگە کەرکووک دەپارێزێت.

گرژیی پێوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا - تورکیا لەگەڵ بەردەوامبوونی پشتگیریی ئەمەریکا بۆ کوردی باشوور هەتاکو چەسپاندنی دەسەڵاتی ئیدارەی هاوپەیمانیی کاتی بەسەر تەواوی خاکی عێراق هەر بەردەوام بوو. لە ئابی ٢٠٠٣ هاوپەیمانیی حکومەتی ئینتیقالی، ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کاتیی عێراقی پێکهێنا، لە ئاداری ٢٠٠٤ سەرۆکی ئەنجوومەنی کاتیی حوکم دەستووری کاتیی دەوڵەتی عێراقی پەسندکرد کە بەپێی ئەم دەستووره زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا کرده زمانی فەرمیی وڵات و لەسەر بنەمای پشکپشکێنە چەند پۆستێکی وەزاریش درانە کورد، بێجگە لە پۆستی جێگری سەرکۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی عێراق، لەمانەش گرنگتر دەسەڵات درایە پەرلەمانی کوردستان هەموو ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی عێراقدا پەسند دەکرێن، هەموار بکاتەوە یاخود ڕەتیان بکاتەوە کە لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستاندا نەگونجێت.، تەنیا ئەو بوارانە نەبێت کە لە پسپۆڕیی حکومەتی فیدراڵە - دارایی، دراو، سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەیی- لە ئاداری ٢٠٠٤یشدا دراوێکی تایبەت کە چەند هێمایەکی کوردیان لەسەر نەخشێزرابوو، ئامادەکرابوو بخرێتە بازاڕەوە بۆ مامەڵە پێکردن لە بری دراوە عێراقییەکان کە لە سوید چاپکرابوو.

تورکیا لەو بڕوایەدا بوو کە ئەو مافانەی لەژێر گوشاری ئەمەریکا بە کورد بەخشرابوو، هەنگاوێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی هاوپەیمانی ئەمەریکا کە ڕەنگە ببێتە فاکتەرێکی سەقامگیری لە گەورەترین و دەوڵەمەندترین ناوچەکانی جیهان لە سامانی نەوت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، دواتریش ببێتە هۆکاری گوشارکردنی سیاسی لەسەر تورکیا، ئێران و

سووریا، چونکە هێشتا کێشەی کورد لەو ووڵاتانەدا بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە.

تورکیا لە سیاسەتی دووفاقیانەی ئەمەریکا لە ئاست چەکدارانی پەکەکە نیگەرانە، لەلایەکەوە پارتی کرێکارانی کوردستانی خستووەتە نێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، لەلایەکی دیکەشدا ناڕەزایی تورکیا لە هەبوونی چەکدارانی ئەو حزبە لەنێو خاکی باشووری کوردستان ڕەتدەکەنەوە و هەڵوێستێکی ناوبژیکارانەیان هەڵبژاردووە و داوای ئاشتکردنەوەیان دەکەن. چەند دیدارێکی بەرپرسانی ئەمەریکا لەگەڵ سەرکردەکانی پەکەکە ئاشکرابووە و ئەمەریکا ناوەڕۆکی ئەو دیدارانەیان بۆ حکومەتی تورکیا ئاشکرا نەکردووە، هیچ ڕێوشوێنێکیشی لەگەڵ هاوپەیمانانی ناتۆ نەگرتووەتەبەر بۆ ڕاگرتنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لقەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و داخستنی هەژمارە بانقییەکانیان. ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکی ئەمەریکایە بەو ڕێکخراوە بۆ پاراستنی پێگەکەی و ئەگەری بەکارهێنانیەتی لەکاتی پێویستدا، ئەویش بە پشتبەستن بە دۆخی هەنووکەیی عێراق و ناوچەکە.

ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێس هاوشێوەی تورکیا لەم هەڵوێستەی ئیدارەی ئەمەریکی نیگەرانن، لە دانیشتنێکی گوێگرتن لە لێژنەی کاروباری دەرەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکی لە ئایاری ٢٠٠٥ بە دووروودرێژی باس لە هۆکارەکانی گەشەسەندنی دژایەتیکردنی ئەمەریکا لە تورکیا و چۆنیەتیی دانانی سنوورێک بۆ ئەم دیاردەیە کرا. بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرێس بە پێویستیان زانی ئەمەریکا بە کردەنی هەنگاوی کاریگەر بنێت بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەوانەی لە باشووری کوردستانن و لەوێوە هێرشی تیرۆریستیانە دژی تورکیا ئەنجام دەدەن، کەچی بەشێکی دیکەیان وایدەبینن کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا بە هێزێکی سیاسی و سەربازیی کاریگەر دادەنرێت، لە لێدوانی (بارکی) ئەندامی کۆنگرێسدا ڕوونەدەبێتەوە کە «ڕێوشوێنی بەرفرەوانی دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان ئەوە لە ئەمەریکا دەخوازێت کە بەرەیەکی تری شەڕ لەخۆی بکاتەوە».

ئەو پشتیوانییەی ئەمەریکا لە کوردی باکووری دەکات هەروەکو ئەو پشتیوانییەی بە کوردی باشووری بەخشیوە، مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت پێگە ستراتیژی و جیۆسیاسییەکانی تورکیالە ناوچەکە لەدەست بدات. ئەمەش بە هۆی مەترسییەکانی

سەرهەڵدانی ململانێیەکی لۆکاڵی مەحاڵە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کەس پێشبینی ناکات. زۆر زەحمەتە بەتەواوی پاشەکشە بکات لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی باکوور و پشتگیریی حکومەتی تورکیا بکات. تێبینی ئەوەش دەکرێت کە تورکیا بە کردەنی هیچی لە ئەمەریکاوە پێنەگەیشتووە، تەنیا گوزارشتکردن نەبێت لە نیگەرانی، بەرەو ئێران و سووریاش زیاتر کێشەکرێت کە هەمان کێشەیان تێدایە. ئەمەریکا بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نادات هاوپەیمانییەکی ڕاستەقینە لەنێوان تورکیا و ئەو دوو نەیارە سەرەکییەی ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە بێتەئاراوە کە سیاسەتوانانی ئەمەریکا لە چەندین بۆنەدا دووپاتیانکردووەتەوە کە ئەم دوو دەوڵەتە ئامانجی داهاتووی هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکان. ئەمەش وا لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەکات کە بە هۆشیاری و پراگماتیکیانە مامەڵە لەتەک کێشەی کوردی باکووردا بکات.

فاکتەری کورد کاریگەریی جیاوازی لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و ئەورووپای ڕۆژئاوا هەیە. ئەگەرچی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بەرژەوەندیی تایبەتیان لەو ناوچانەدا هەیە کە کوردیان تێدا نیشتەجێن، بەڵام پلانی سیاسی و سەربازی و ستراتیژییان وەکو ئەمەریکا نییە، ئەمەش وایلێکردوون لە جێبەجێکردنی بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەدا ئازاد و دەستکراوەتر بن، بەتایبەتیش بۆ زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی دیکەدا. لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، کاتێک پارتی کرێکارانی کوردستان بە ڕابەرایەتیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەناوی سەربەخۆیی کوردستان دەستی بە خەباتی چەکداری کرد، وڵاتانی ئەورووپا و چەند وڵاتێکی دیکە پێشوازییان لە پتر لە یەک ملیۆن کۆچبەری کوردی باکوور کرد کە لە ترسی ستەمی دەسەڵاتداران تورکیایان بەجێهێشتبوو.

لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا سەنتەری ڕۆشنبیری و هەیکەلی ڕێکخستنەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەن، هەروەها پەرلەمانی کوردستانیش بۆ کوردی تاراوگە کە لە ٧٠ پەرلەمانتار پێکهاتووە و نوێنەرایەتیی کوردی زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا، ئەمەریکا، کەنەدا، ئوسترالیا، وڵاتانی کۆمۆنوێڵس و ڕووسیا دەکەن. ئەم پەرلەمانە چەندین جار لە ڕووسیا، دانیمارک و ئیتاڵیا کۆبوونەتەوە. کوردی تاراوگە پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ دامەزراوە ئەورووپاییەکاندا هەیە، بە پەرلەمانی ئەورووپاشەوە، ژمارەیەکی زۆری حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە

ئەورووپا هاوسۆز و دۆستی کوردانن. هەموو ئەمانە کاریگەریی لەسەر پێوەندییەکانی تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا هەیە کە ماوەیەکی زۆرە تورکیا هەوڵی بە ئەندامبوون دەدات لەم یەکێتییە و تاکو ئێستا ئەم ئامانجەی نەهاتۆتەدی.

توانای ڕەوەندی کوردی ئەورووپا لە ڕێکخستنی چالاکیی جەماوەری، بەپلە یەکیش گردبوونەوە و خۆپیشاندان بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە زیادبووندایە، بەتایبەتیش لەدوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە ١٩٩٩ لە کینیا و گواستنەوەی بۆ تورکیا، دواتریش دادگەیەکی تورکیا سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد. کوردی ئەورووپا بە پشتیوانیی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەورووپای ڕۆژئاوا زنجیرەیەک خۆپیشاندانی ناڕەزایی دەربڕینیان سازکرد و داوای ڕەتکردنەوەی بڕیارەکەیان دەکرد. دەسەڵاتدارانی تورکیا چەندین جار جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگەیان دواخست، لەکۆتاییدا لە ساڵی ٢٠٠٢ سزای لەسێدارەدان بە یەکجاری لە تورکیا هەڵگیرا، سزاکەی ئۆجەلانیش کرایە زیندانیی هەتاهەتایی. دوای سووککردنی سزاکە، بزووتنەوەی ڕزگارکردنی ئۆجەلان بەردەوامیی هەر هەیە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ دادگەی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، فەرمانێکی بۆ تورکیا دەرکرد و داوای دووبارە دادگاییکردنەوەی ئۆجەلانی لە تورکیا کرد، دادگە ئەورووپاییەکە ڕایگەیاند: تورکیا پێشێلکاریی برگەکانی ڕێککەوتننامەی ئەورووپایی کردووە بۆ مافەکانی مرۆڤ کە بەپێی ڕێککەوتننامەکە، مافی بەندکراوە جارێکی دیکە پێداچوونەوە بە شەرعییەتی بەندکردنەکەی بکرێتەوە. دادگەکەی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ، سزای لە سێدارەدانی ئۆجەلان لەلایەن دادگەی ئەمنی دەوڵەت لە ئەنجامی «دادگاییەکی نادادوەرانە» بووە و پێشێلکارییەکی تری ڕێککەوتننامە ئەورووپاییەکەیە. هەرچەندە دەسەڵاتدارانی تورکیا بە بڕیارەکانی دادگەکە ڕازی نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند: پێداچوونەوەی پڕۆسەکە لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بەڕێوەدەچێت.

کێشەی ئۆجەلان و کوردی باکوور بە گشتی پرسی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا بەشێوەیەکی مەترسیدار ئاڵۆزکردووە. لە دادگاییکردنەکەی ساڵی ١٩٩٩دا ئۆجەلان دانی بە تووندوتیژییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نا و داوای لە لایەنگرانی خۆی کرد چیدی شەڕ نەکەن، هەر لەو دانیشتنەدا داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی باکووری

کـرد بـە دەسـتەبەرکردنی مافـی کلتـووری و بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی. یەکێتیـی ئەورووپـا تێگەیشـتنی بۆ ئەم هەڵوێسـتانە هەبوو، چونکە لەگەڵ هەڵوێسـتی یەکێتییەکەدا سـەبارەت بـە مافەکانـی کەمـە نەتەوایەتییـەکان یەکدەگرێتـەوە. لـە تشرینـی یەکەمـی ٢٠٠٥ گەڕێکی دیکـەی دانوسـتانی نێـوان تورکیـا و یەکێتیی ئەورووپا دەسـتپێکردەوە. دیاربوو کێشـەی کورد، کێشـەی باکـووری قوبـرس و داننـان بـە کۆمەڵکوژیـی ئەرمەنـەکان لـە سـاڵی ١٩١٥ پرسـی وەرگرتنـی تورکیـا لە یەکێتیـی ئەورووپا ئاڵۆزتـر دەکات.

لـەم چەنـد سـاڵانەی دواییـدا ڕەوەنـدی کـورد و ئەرمـەن لێکنزیکبوونـەوە و بیرۆکـەی زیندووکردنـەوەی پەیماننامـەی سـیڤەریان خسـتەڕوو کە بەپێـی پەیماننامەی سـیڤەر خاکی مێژوویـی ئەرمینیایـان گەڕانـدەوە و بڕیاربـوو دەوڵەتێکیـش بـۆ کـورد دابمەزرێـت. چەندین بڵاوکراوەیـان سـەبارەت بـەم بابەتـە بڵاوکردووەتـەوە کـە ناشـەرعییەتی ڕێککەوتنامـەی لۆزانـی ١٩٢٣ دەسـەلمێنێت و لـە کاتـی ڕێکخسـتنەوەی پێوەندییەکانـی نێـوان کۆمـاری تورکیـا وڵاتانـی بـراوەی جەنگـی یەکەمـی جیهـان بڕگەکانـی سـیڤەر پێشـێلکراوە. بیرۆکـەی زیندووکردنـەوەی پەیماننامـەی سـیڤەر لـە پەرلەمانـی ئەورووپـا بـووە بنەمـای یاسـایی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی هـەردوو نەتـەوەی کـورد و ئەرمـەن.

زەحمەتـە بـڕوا بەخۆمـان بێنیـن کـە تورکیـا هێنـدە بـە ئاسـانی سـازش لـەم کێشـانەدا بـکات، ئـەو سەرسـەختییەی تورکیـاش وەکـو بیانوویـەک بەدەسـت ئـەو لایەنانەیـە کـە دژایەتیـی ئەندامبوونـی تورکیـا دەکـەن لـە یەکێتیـی ئەورووپـا کـە چەندیـن کەسـایەتیی کاریگەریـان تێدایـەن لەوانـە: جیسـکار دیسـتان، هێلمـۆت کـوڵ، پاپـا پندیکتۆسـی شـازدەهەم و چەندیـن کەسـایەتیی تـر کـە نیگەرانـن لـە لەدەسـتدانی ناسـنامەی مەسیحییەتی یەکێتیـی ئەورووپـا و قورسـکردنی باری یەکێتییەکە بە کێشـە مەترسـیدارەکانی تورکیـا. ئەورووپـا ئەزموونێکـی بـە ئـازاری لـە پێکهێنـان و دامەزراندنـی چەنـد دەوڵەتێکـی نـوێ لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی لەسـەر خاکـی ئەورووپـادا هەیـە (بەڵـکان و ئەورووپـای ڕۆژهـەڵات و قەوقـاز) نایەوێـت مامەڵـە لەتـەک کێشـەی سـەربەخۆیی کـوردی باکـوور بـکات، لـە هەمـان کاتیشـدا ناشـتوانێت بەیەکجـاری پشـتگوێی بخـات.

کێشـەی کـوردی باکـوور هێنـدە ئاسـان و ڕوون نییـە، چونکـە لەچوارچێـوەی کاروبـاری نێوخـۆی تورکیـا دەرچـووە و بووەتـە فاکتەرێکـی کاریگـەر لـە سیاسـەتی دەرەوەی.

سەرچاوەکان

1- Турция в новых геополитических условиях. М, 2004 г.

2- Курдская проблема в Ираке. Аналитические записки Научно- координационного совета по международным исследованиям МГИМО (У) МИД РФ. Выпуск 10, 2005 г.

3- Современное состояние курдской проблемы (научный симпозиум). М., 1995 г.

4- Мировой общественный форум «Диалог цивилизаций», № 3, 2004 г.

5- «Независимая газета», 2006-2003 гг.

6- «Время новостей». 2006-2003 гг.

7- http://www.eurasianet.ru

8- http://www.newsweekly.ru

9- http://www.iraq-war.ru

ڕۆڵی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە ستراتیژییەتی نەتەوەیی بۆ گواستنەوەی وزە بۆ بازاڕە نێوخۆیی و بیانییەکاندا

ن. یو. ئۆڵشینکۆ

لەچوارچێوەی ئەم هەلومەرجانەی خوارەوە، دیاریکردنی ڕۆڵی تایبەتی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئەگەر ستراتیژی نەبێت، بۆ گواستنەوەی سەرچاوەکانی وزە بۆ بازاڕەکانی نێوخۆ و بیانیمان بۆڕوونەبێتەوە:

یەکەم: یەدەکی نەوتی تورکیا کە لەئێستادا بە ئامانجێک دادەنرێت بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی، دەکەوێتە ناوچەی باتمان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئەگەرچی بەپێی دوا خەملاندنەکان، بەرهەمهێنانی نەوتی تورکیا تەنیا ١٠٪ی پێویستییەکانی وڵات لەمجۆرە کەرەستە خاوانە پردەکاتەوە[1]، کەچی پەرەپێدانی ئەم کێڵگانەی باشووری ڕۆژهەڵات هەر بەردەوامە و کێشەی گەیاندنی کەرەستە خاوەکە و بەرهەمەکانی دڵۆپاندن بۆ مەڵبەندەکانی پاڵاوتنی نەوت یان بەکارهێنانی هەیە (کۆنترین پاڵاوتگەی نەوت لە تورکیا دەکەوێتە پارێزگای باتمان)، باتمان دەکەوێتە چەقی ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، بە تۆڕێک هێڵی گواستنەوەی نەوت بە چەند ناوەندێکی ئابووری و گواستنەوەی وڵاتدا بەستراوەتەوە[2].

با واز لەو بۆڕییە نەوتەی کێڵگەی شیلمۆ بێنین کە وێستگەی پاڵاوتنی نەوت لە باتمان دەبەستێتەوە و درێژییەکەی دەگاتە ٤٢ کیلۆمەتر و سەرنجمان بخەینە سەر هێڵەکەی باتمان-دێرتۆل کە ناوچە بەرهەمهێنەکەی نەوت لە تورکیا بە بەندەری دێرتۆل لەسەر کەنداوی ئەسکەندەرۆنە دەگەیەنێت. درێژیی ڕێرەوەکە دەگاتە ٥١١کم و لە ساڵی ١٩٦٧ەوە کاردەکات، لە ساڵی ١٩٨٤ خاوەندارێتیی بۆڕییە نەوتییەکە گواستراوەتەوە بۆ کۆمپانیای دابەشکردنی گاز و نەوتی حکومەتی تورکیا (بۆتاس). بەهەمهێنانی ساڵانەی دەگاتە ٣,٥ ملیۆن تۆن، لە ساڵی ٢٠٠٥دا نزیکەی ٩,٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا گواستراوەتەوە. لە نزیک جەیهان (بە دەربڕینێکی وردتر، ئێمە باس لە شاری یومورتالیکی سەر کەناری دەریا دەکەین) کە وێستگەی

بەرهەمهێنانی نەوت لە دەریای تێدایە، بە بۆڕییەک بە کیریکالی بەستراوەتەوە و ناوەندێکی پیشەسازیی گەورەی ناوەڕاستی تورکیایە و گەورەترین و نوێترین پاڵاوتگەی نەوتی تورکیای تێدایە. ئەم هەلومەرجە گواستنەوەی نەوتی باتمان بۆ ناوەڕاستی وڵات دەستەبەر دەکات، هەرچەندە بۆ گواستنەوەی نەوتی هاوردەکراو دروستکراوە و بەتاڵدەکرێتە نێو تانکەر و دەگواسترێتەوە بۆ وێستگەی جەیهان، داتاکانی ئەم دواییە دەریانخستووە لە ساڵی ٢٠٠٥ نزیکەی ٣٠ ملیۆن بەرمیل نەوت بە بۆڕی گواستراوەتەوە کە ساڵانە دەکاتە ٥ ملیۆن تۆن.

دووەم: بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی نەوت، تورکیا لە وڵاتانی دراوسێ لە ڕۆژهەڵات و باشوور نەوت هاوردە دەکات کە دەکەونە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، لە ساڵی ١٩٨٤ پڕۆژەی ڕاکێشانی بۆڕییە نەوتەکەی یەکەمی نێوان عێراق و تورکیا تەواوبوو کە لە بنەڕەتدا بۆ گواستنەوەی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک بۆ بەندەری جەیهان دامەزرابوو، لە ساڵی ١٩٨٧یشەوە هێڵی دووەمی گواستنەوەی نەوت کەوتە واری جێبەجێکردنەوە. ئەم دوو هێڵە لە درێژیدا جیاوازن، ئەوەی یەکەمیان ٩٨٦کم و ئەوەی دووەمیان ٨٩٠کم. سێیەکی ئەو دوو بۆڕییە نەوتانە دەکەونە نێو خاکی عێراق و دوو لەسەر سێشیان لەنێو خاکی تورکیادان کە بە هەردووکیان ساڵانە ٧١ ملیۆن تۆن نەوت دەگوازنەوە. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەمارۆی ئابووری خرایەسەر عێراق و تورکیاش پابەندی بڕیارە نێودەوڵەتییەکە بوو و گواستنەوەی نەوتی عێراقی لەو دوو بۆڕییە ڕاگرت، بەڵام بە ڕێککەوتنی عێراق لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٦ عێراق ڕێگەی پێدرا بڕە نەوتێک هەناردەی دەرەوە بکات، لەو ساڵەوە تورکیا ٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی عێراقی دەگواستەوە و بەرەبەرە ئەو بڕە زیادکرا تا لە ساڵی ١٩٩٩دا گەیشتە ٣٠٠ ملیۆن بەرمیل نەوت، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ جارێکی دیکە ئەم ڕێژەیە دابەزی و گەیشتە ١٧٥ ملیۆن بەرمیل، بەرە بەرە ئەم ڕێژەیە کەمکرایەوە و لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتە ٣٧ ملیۆن بەرمیل و لە ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتە تەنیا ١٣ ملیۆن بەرمیل[٣].

چارەنووسی بۆڕییە نەوتەکانی عێراق، نەبووە بەربەست لەبەردەم ڕاکێشانی بۆڕیی نوێ بۆ گواستنەوەی نەوت و گاز لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، یەکەم: بۆڕیی

گازی نێوان تورکیا و ئێران کە لە ساڵی ٢٠٠١ەوە کاردەکات، دووەم: پێشبینی دەکرێت لە ٢٠٠٦ هێڵی گواستنەوەی نەوتی باکۆ - تبلیسی - جەیهان بکەوێتەکار. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا سنووردێکی جوگرافیایی سروشتیی هەیە کە بریتییە لە کەوانە شاخاوییە بەرزەکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی چیای تۆرۆس لە باکوور. ناوچە شاخاوییەکە بەربەستێکی سروشتییە لەبەردەم ڕاکێشانی بۆڕییەکانی نەوت. گوێنەدان بە ڕێڕەوی سەختی هێڵی گازی ئێرانی و هێڵە نەوتییەکەی باکۆ - جەیهان و تێپەڕنەبوون بە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا حاڵەتێکی ناوازەی سروشت و ئاواتەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیایە، چونکە تورکیا هەوڵی ئەوە دەدات ئەم بۆڕییە ستراتیژییانە لە دەرەوەی سنووری ناوچە کوردنشینە پڕ لە کێشەکاندا تێبپەڕێنێت، بەڵام ئەگەر خۆشیان لێلابدات هێشتا ئەو بۆڕییانە نزیکن لە ناوچە مەترسیدارە ناسەقامگیرەکان.

بێجگە لەوانەی لەپێشەوە باسکران، هێشتا تورکیا پلانی بۆ ڕاکێشانی بۆڕیی دیکەی نێودەوڵەتی هەیە کە تورکیا بە وڵاتانی دراوسێ دەگەیەنێت و دەتوانرێت بەرهەمە هایدرۆکاربۆناتەکانی پێ هەناردە بکرێت. پڕۆژەی ڕاکێشانی ئەو بۆڕییە گازییەی کێڵگەی شاە دەنیزی ئازەربێجان بە شاری ئەرزەروومی تورکیا دەبەستێتەوە کە بۆڕییە گازییەکەی نێوان ئێران - تورکیاش هەر دەکەوێتە نێو چوارچێوەی ئەم پڕۆژەیە، نزیکترین پڕۆژەن بۆ جێبەجێکردن. لە ڕاستیدا جێبەجێکردنی پڕۆژەی دیکەی ڕاکێشانی بۆڕیی لەمجۆرە بەندە بە بڕیارێکی ستراتیژیی گرنگی تورکیا و بایەخدان بەمجۆرە پڕۆاژنە لە سۆنگەی پێداویستیی نێوخۆی تورکیاوەیە بۆ ئەم جۆرە سەرچاوانەی وزە و دووبارە بوونەوەی قەیرانەکان و ڕێگریکردن لە سیناریۆکانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و کەمبوونەوەی داهاتەکانی نەوتە. لە زۆربەی حاڵەتەکانی واژووکردنی ڕێککەوتننامەی ڕاکێشانی بۆڕییەکان، لەچەند ڕوویەکەوە دووبارەن و لەگەڵ پێداویستییەکانی تورکیادا ناگونجێن. بەڵام لۆژیکی دەسەڵاتدارانی تورکیا لەمڕووەوە ڕوون و ئاشکرایە: ئەوکات نەدەزانرا کام لەم ڕێککەوتنامانە جێبەجێدەکرێن و کامیشیان پشتگوێ دەخرێن. ڕەنگە سەبارەت بە خودی تورکیا و پسپۆڕانی بازرگانیی نێودەوڵەتیی ئەم کەرەستە خاوانەی وزەش، چالاکیی هاوردەکارانی

گاز چاوەڕوان نەکراوبوو، سەرۆکی پێشووی کۆمپانیای گازپرۆم ر.م. فیاخیرۆف کێبڕکێی لەسەر بازاڕی تورکیا دەکرد کە کلیلی بازاڕەکانی ئەورووپایە. جا لەم حاڵەتەدا یان ئەوەتا تورکیا ناچار دەبێت واز لە چەند پڕۆژەیەکیان بێنێت کە پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، یاخود دەست بکاتەوە بە فرۆشتنی گاز بە وڵاتانی سێیەم. تێگەیشتنی کردەنی بۆ ڕۆڵی پەڕاندنەوەی کەرەستەی خاوی وزە لە ئێستادا لە تورکیا بەڕێوەدەچێت، هەرئەوەندەی تورکیا لەسەر ئەم ڕۆڵە نوێیە ڕاهات، واتە نەک هەر هاوردەکاری کەرەستەی خاوی وزە، بەڵکو وەک هەناردەکاریش بۆ بازاڕەکانی وڵاتانی سێیەم، بە وڵاتانی ئەورووپاشەوە ڕۆڵ بگێڕێت و ژمارەیەک پڕۆژەی ڕاکێشانی بۆڕیی نوێ جێبەجێ بکات کە خەریکە لە ئێستادا ئەمجۆرە پڕۆژانە لەبیرکرابن و دووبارە کارادەکرێنەوە، بۆئەوونە بۆڕیی گاز لە تورکمانستان، هێڵی بۆڕیی گازی عێراق بە توانای ١٠ ملیار مەتر سێجا لە ساڵێکدا کە لە ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن نوێنەرانی ئەم وڵاتانەدا واژوو کراون.

پێدەچێت پرۆسەی ڕاهاتنی تورکیا لە بینینی ڕۆڵە نوێیەکەیدا سەرکەوتوو بێت. ئەکادیمیستەکان هەقیقەتێکیان دارشتووە کە ئەمە پوختەکەیەتی: بازاڕە ئەورووپاییە گەورەکە کە بە خێرایی گەشە دەکات، لە ئێستادا لە سێ سەرچاوەی سەرەکییەوە گازی پێدەگات (ڕووسیا، دەریای باکوور و باکووری ئەفەریقیا) ئامانجی تورکیا ئەوەیە ببێتە چوارەم هاوردەکار. لە هەمان کاتیشدا درکیان بەوە کردووە کە ڕووسیا سیستەمێکی تایبەتی بۆڕیی گازی هەیە و ڕاستەوخۆ بە ئەورووپای دەبەستێتەوە، بۆیە چاوەڕوان ناکرێت بیر لە گواستنەوەی گازی سرووشتی بکاتەوە کە بەنێو خاکی تورکیادا تێبپەڕێت[٤]. دوای سێ ساڵ لە دەستپێکردنی، ئاهەنگی کردنەوەی هێڵی گاز بلو ستریم، لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو، ئاهەنگەکە هێندەی سەرپرایز بوو بۆ تورکیا- دانپێدانانێکی فەرمیش بوو لەلایەن ڕووسیا کە بۆڕییە گازییەکە هی دوو لایەن نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی نێودەوڵەتیی هەمەلایەنەیە، لەوێوە گازی ڕووسیا هەناردەی باشووری ئەورووپا دەکرێت، بەتایبەتیش ئیتالیا. دەبووایە لایەنی سێیەم بسەملێنرێت بە بەشداربوونی سیلڤیۆ برلسکۆنی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئیتالیا و واژووکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسیایی و

کۆمپانیای گازی ئیتالی (ئینی). ڕۆژنامەکانی تورکیاش بڵاویانکردبووەوە کە ئیمتیازەکە گۆڕاوە و دراوەتە ڕووسیا بە پابەندبوونێکی «وەڕسکەر» و بەپێی ڕێککەوتنامەکە ڕێگە بە کۆمپانیاکان نادرێت بەبێ ڕەزامەندیی هاوردەکارانی بیانی گاز بۆ بازاڕەکانی تورکیا، لە بازاڕە نێوخۆییەکانی تورکیا بکڕن. بەمەش ماف دەدرێتە کۆمپانیای گازپڕۆم کۆنترۆڵی ئەم پرۆسەیە بکات[٥].

دوو حاڵەتیش بەدوای ئەم ڕاستییەدا دێت: لەلایەکەوە بە فەرمی دان بە تورکیا دەنرێت وەکو ڕێڕەوێکی نێودەوڵەتی بۆ کەرەستەی خاوی وزە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت و لەلایەکی دیکەوە چیدی پشت بە دابینکردنی وزە نابەسترێت کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە دێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو کەرەستە خاوانەی لە ئێران، ئازەربێجان، تورکمانستان و عێراقەوە دێن، بایەخی ستراتیژیی خۆیان هەر دەپارێزن سەبارەت بە تورکیا، تاکو ببنە ڕێخۆشکەرێک بۆئەوەی تورکیا بە ڕاستی ببێتە وڵاتی چوارەمی هەناردەکاری گاز بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا. ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت کە لە ئایندەدا ڕۆژهەڵاتی وڵات پڕدەبێت لە هێڵی نێودەوڵەتیی گواستنەوەی گاز و نەوت کە لەڕووی ستراتیژییەوە بایەخدارە، دواجاریش بایەخە سەرەکییەکە بۆ پاراستنی سەقامگیری و هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت و دانیشتوانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیایە.

سەرچاوەکان

1- Подсчитано по: Turkiye Iststistik Yilligi 2000. Ankara, 2001, с. 301.

2- См. информацию о системе действующих трубопроводов: www.botas.gov.tr

3- См. там же.

4- См., например, N.Devlet. Turkey's energy policy in the next decade.- Perceptions. Journal of international affairs. Ankara, Winter 2004-2005, с. 81.

5- Radikal, 05.12.2005.

دۆخی عێراق و کێشەکانی سەقامگیریی سیاسی لە تورکیا

ک. ف. ڤیرتیاییڤ

گەیشتنی دیموکراتە ئیسلامییە نوێیەکان بە دەسەڵاتی حوکمڕانیی تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٢ چەند نیشانەیەکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هێنا. گۆڕانێکی بەرەبەرەیی لە مۆدێلی پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی تێدا گەڵاڵە کراوە و لەلایەنگریی ڕۆژئاواوە ئاراستەکەی بەرەو ئەوروپا و ئاسیا گۆڕا کە سەرەتا هەماهەنگیی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا کرد و ئینجا ڕووی بەرەو ڕووسیا وەرگێڕا، ئەم گۆڕانە بەرەبەرەییەی تورکیا و پەیداکردنی دۆستی نوێ گرنگییەکی زۆری هەیە، هۆکارەکەشی بۆ گۆڕانە بەرەبەرەییەکەی وەزیفە جیۆسیاسییەکەی تورکیا دەگەڕێتەوە کە لە نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیپێکردووە و تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

لەم بارودۆخەی ئێستادا تورکیا ئەو بایەخەی پێشووی نەماوە کە لە پێشەنگی ئەو وڵاتانە دادەنرا لە تەرازووی هێزە ستراتیژییەکانی دژبەری سۆڤیەت و لەنێو پەیمانی ناتۆدا ئەو ئەرکەی پێسپێردرابوو. لەپاڵ ئەمەشدا تورکیا دەستیکردە خۆ دوورخستنەوە لە سیاسەتی ئەمەریکا کە زۆر جار ناچار دەکرا بەشداریی پرۆژەگەلی زۆر نالەبار بکات، بۆ نموونە بەشداریکردن لەئۆپەراسیۆنەکانی ساڵی ٢٠٠٣ی دژ بە عێراق.

لە هەمان کاتدا ئەمەریکا تاوەکو کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو هێندە بایەخی بە کێشەی کورد نەدابوو، بایەخدانەکەی زانستی و ئەکادیمی بوو، هەروەک دیراسەیەک دەیڕوانییە کەیسەکە کە حاڵەتی ململانێی نێوان نەتەوەکانە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا کە لەسەر بنەمای نەتەوەییدا دامەزرابێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە زانایەکی ئەمەریکایی وەکو ڕۆبەرت ئۆڵسون بدەین کە دیراسەیەکی لەسەر ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئامادەکردبوو، ئەوە بێجگە لە چەندین بابەتی هاوشێوە کە لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، هەروەها تۆژەر و پسپۆڕانی وەکو گریکهام فولەر یاخود مایکل گۆنتەر. بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا کێشەی کورد

و چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوونە مایەی بایەخپێدانی زۆری ئەمەریکا، ناتوانین بڵێین وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر شۆڕشگێرانی کورددا هەبێت، بەڵام ناڕەحەتبوونی تورکیا دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣ گەیشتە لووتکە، کاتێک نوێنەرانی ئەمەریکا لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کۆدەبوونەوە و بەڕپرسانی تورکیا هیچ زانیارییەکیان پێنەدەدرا کە چی دەگوزەرێت لەنێو ژووڕە داخراوەکانی ئەم کۆبوونەوانە.

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ وێڕای ڕاگەیەنراوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئەورووپا جەختیان لەسەر دووبارە چاوخشاندنەوە بە بڕیاری دادگە تورکییەکەی سەبارەت بە ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆمیسیۆنی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە و لە ڕاپۆرتەکەدا هەڵسەنگاندنێکی ئەرێنیی بۆ چاکسازییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری و مەدەنییەکانی تورکیا کردووە لە ئاست کوردی باکوور، کۆمیسیۆنی ناوبراو لەژێر ڕۆشنایی ئەم چاکسازییانە ڕاسپاردەیەکی بڵاوکردووەتەوە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی نێوان تورکیا و یەکێتیی ئەورووپا بۆ باسکردنی پرسی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا. هاوکات ڕێکار و یاسای گرنگ لە تورکیا دەرکرابوو کە ئاماژەبوون بۆ گۆڕانی سروشتی هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی تورک سەبارەت بە نەتەوەکانی نێو وڵات، لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک لەو بڕیارانە لەبەر چەند هۆکارێک جێبەجێنەکران کە پێش هەموویان مانەوەی سەرکردە لۆکاڵییەکان بوو لەسەر سیستەمە محافزکارانەی پێشووی خۆیان. هەروەها کۆمیسیۆنی ئەورووپا تورکیای ڕاسپارد لێژنەیەکی کوردی بۆ مامەڵەکردن لەتەک کێشەی کوردی باکوور پێکبهێنێت و کارێکی وا بکات دەستووری تورکیا دان بە هەبوونی نەتەوەی کورد بنێت لە تورکیا، هەروەها لێژنەیەکی تایبەتیش لەنێو دادگەی ئەورووپا بۆ مافەکانی مرۆڤ پێکهێنرا بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپەردەکانی لێژنەی مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی تورکیا، ئەم سووربوونەی ئەورووپا لەسەر گوشار خستنەسەر تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد، ناڕەزایی نێوەندە سیاسییە محافزکارانەکەی تورکیا و بەشێک لە دانیشتوانیشی لێکەوتەوە، داواکاریی هاووڵاتیانی تورکیاش بۆ وازهێنان لە یەکگرتنی ستراتیژی لەگەڵ ئەورووپا بێنێت.

بەگشتی گۆڕانی سیاسیی هەڵوێستەکانی کەمالیزم خەریکبوو لە بۆچوونەکانی

نێوەندە سیاسییەکانی تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد ڕەنگیدەدایەوە و ڕێگە بە دیموکراتخوازە ئیسلامییەکان درا ڕەخنەی نەرم لە حکومەتەکانی پێشووی تورکیا بگرن، سەبارەت بە قەدەغەکردنی دیالۆگ و دانیشتن لەگەڵ یاخیبووانی کورد، سەرکردایەتیی حزب ئەم هەڵوێستەی لە لۆژیکی بەهێزیدا خستووەتەڕوو و یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی کوردی باکووری داوەتە پاڵ نەبوونی دیموکراسییەتی دروست و زامنکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکان.

پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار ڕووبەڕووی چەندین گرفتی بابەتیانە بووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ حزبی دەسەڵاتدار یاسای لێبوردنی دەوڵەتی دەرکرد کە دواتر دەرکەوت بێسوودە، ئەو ڕێکارانەی دیموکراتخوازە ئیسلامییە نوێیەکان گرتیانەبەر، جەختیان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بڕگە قورسەکانی نێو یاسای تاوانەکان کردبووەوە بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەستن بە پڕۆپاگەندەی جوداخوازی و «یاسای تیرۆریان» هەموارکردەوە کە یاسایەکی زۆر بەدناوبوو.

ناتوانرێت چیدی چاوپۆشی لە بەردەوامبوونی سیستەمی گوندپارێزان بکرێت لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە پێشتر بۆ پاراستنی گوندنشینان لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان دامەزرابوون. هێشتا ئەم گوندپارێزانە مووچەیەکی تایبەتیان لە خەزێنەی دەوڵەت بۆخەرج دەکرێت کە لە ئێستادا کەسیان ئامادە نین چەکەکانیان دابنێن و بگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، بەتایبەتیش لەم دۆخە سەختەدا کە بێکاری لە ناوچەکەدا زۆر بەرزبووەتەوە و بەشێکی زۆری گوندەکان چۆڵکراون. حکومەتی تورکیا متمانەی بە چالاکوانانی کورد نییە و ئەزموونی بیست ساڵی پێشووی جەنگ لەگەڵ کوردی باکوور لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، هاووڵاتیانیش بۆچوونی محافزکارانەیان لە داننان بە هەبوونی نەتەوەی دیکە لە تورکیادا هەیە و هەبوونی کورد بەڵگەی لاوازبوونی یەکێتیی نیشتمانیی تورکیایە. لە ساڵی ٢٠٠٥ بیرمەندی ناسراوی تورکیا ئۆرهان بامۆک نووسیبووی: « تورکیا تۆمەتبارە بە کوشتنی یەک ملیۆن ئەرمەنی و ٣٠ هەزار کورد» ئەم دەستەواژەیەی بامۆک کە بەشێک بوو لەو دیمانەیەی لەگەڵ یەکێک لە گۆڤارەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، بەس بوو بۆ تۆمەتبارکردنی ئەم بیرمەندە و هەڕەشەی زیندانیکردنی ٦ ساڵی لێکرا بە تۆمەتی «دژایەتیکردنی تورکیزم».

لەگەڵ ئەوەشدا تورکە کەمالیستەکان، لەئێستادا کەوتوونەتە ژێر گوشاری پرۆسەی گۆڕانێکی زۆرەملێ کە بەندە بە بۆچوونەکانی ئایدیۆلۆژی و سیاسیی ئەورووپا و تورکیا هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ بەئەندامبوون لە یەکێتیی ئەورووپا، سەرکردەکانی ئێستای تورکیاش درکیان بەم ڕاستییە کردووە، لەلایەکی دیکەوە هەوڵی چەسپاندنی بیروبۆچوونێک دەدات کە گوزارشت لە پێکەوەژیانی دیموکراسییانە دەکات لە وڵات لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازەکانی دیکە و پەرە بە گیانی لێبوردەیی لە ئاست بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و خواستی کەمە نەتەوایەتییەکان بدرێت.

لە ساڵی ٢٠٠٤ باری نائاسایی لەسەر تەواوی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەڵگیرا و سەرکردایەتیی وڵات چەندین کۆڕ و سیمیناری و بەرنامەی فێرکاریی بۆ بەرپرسانی دامەزراوەکانی دەوڵەت و دادگە و ئاژانسەکانی ئەمنی نێوخۆ سەبارەت بە گۆڕانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵات سازداوە. سەرباری هەموو ئەمانە توکیا وازی لە هەڵوێستی تونڕەوانەی نەتەوەیی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت نەهێناوە و فرە کلتووری و نەتەوەیی بەئاسانی قبوڵ ناکات. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ بەڕوونی ئەم هەڵوێستەی تورکیا ڕوونبووەوە کاتێک نوسخەیەکی نوێی بۆ چەمکی ئەمنی نەتەوەیی وڵات دەرکرد و ڕایانگەیاند بێجگە لە نەتەوەی تورک هیچ نەتەوەیەکی دیکە لەسەر خاکی تورکیادا ناژێت و ڕاگەیانراوەکەیان بڵاونەکردووەتەوە و هەر بە نهێنی ماوەتەوە و ئاماژە بە چەمکی نوێ دژە تیرۆر و تونڕەویی ئایینی دەکات کە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی تورکیا نوێنەرانی دامەزراوە سیاسییە مەدەنییەکان شان بە شانی سوپا بەشداریان لە چەمکە نوێیەکەی ئاسایشی نەتەوەیی کردووە.

لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوێستی کوردی ناسیۆنالیست لە باشووری ڕۆژهەڵات چەسپا و حزبی گەلانی دیموکراتی کە زوو زوو پێش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ناوی حزبەکەیان دەگۆڕن و جەماوەرێکی باشی لەدەور کۆبووەتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٤بە ناوی حزبی گەلانی کۆمەڵایەتی بەشداریان لە هەڵبژاردنەکان کردووە.

فاکتەری سەرەکیی چاکسازییە سیاسییەکانی وڵات وەکو تێبینی دەکرێت، دوورکەوتنەوەی سەرکردایەتیی نوێی تورکیایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نزیکبوونەوەیەتی لە یەکێتیی ئەورووپا، بەتایبەتی لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵوێستە

سیاسییەکانی تورکیا و وڵاتانی یەکێتییەکە. بەپێی ئەو ڕاپرسیانەی لە تورکیا ئەنجام دراون، دەرکەوتووە زۆرینەی کوردی باکوور پشتگیریی بەئەندامبوونی تورکیا دەکەن لە یەکێتیی ئەورووپا. لە پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەو چاکسازییانەی کە یەکێتیی ئەورووپا داوای لە تورکیا کردووە، پێویستە بەرەبەرە تورکیا بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیی فرە کلتووریی تورک و کورد هەنگاو بنێت، هەروەک تێبینیش دەکرێت ئەم داواکارییەی یەکێتیی ئەورووپا دژی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە و دەبێتە کۆسپی بەردەم محافزکاران و دیموکراتخوازەکان.

بەپێی بۆچوون و بەرژەوەندییەکانی تورکە ناسیۆنالیست و جەنەڕاڵەکانی تورکیا بێت، بەهیچ جۆرێک نابێت دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردی باشوور دابمەزرێت. چونکە زۆرینەی هاووڵاتیانی تورکیا وایدەبینن: دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان دەبێتە قەوارەیەکی نەتەوەیی و چەقی کێشکردنی کوردی دەرەوەی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە، بە کوردی باکووریشەوە، هەروەها ئەم دەوڵەتە بە بۆچوونی بەشێک لە سەرکردەکانی تورک ڕوحی نەتەوەیی تورک لاواز دەکات و ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ گەشەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی وەکو تورکیا مایەی قبووڵ نییە. هاوکات ناسیۆنالیستەکانی تورکیا بانگەشەی پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکانی تورکمانی مووسڵ و کەرکووک و هەولێر دەکەن[1]. پرسی مافە نەتەوەییەکانی تورکمانی عێراق بیانوویەک بوو بەدەست حکومەتی تورکیا بۆ دەستوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان کە دوای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، بەیەکجاری تورکیا دوورخرایەوە و بیانووی بڕا، لەلایەکی دیکەوە کەمیی ڕێژەی تورکمانی عێراق کە بە گشتی ٧٪ی دانیشتوانی عێراق و ٢٠٪ی دانیشتوانی کەرکووک وای لە تورکیا کرد بە تەواوی لە بەشداربوون لە پرۆسەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق دووربخرێتەوە.

هاوکات سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان بە ڕوونی لە مەترسیی تایبەتمەندێتیی تورکمانەکانی عێراق تێدەگات و لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ بەشداریکردنی تورکمان لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتی عێراق. تورکمانەکان نوێنەریان لە پەرلەمانی عێراقیشدا هەیە و لە هێزەکانی نێوخۆ و پۆلیسی کەرکووکدا نوێنەر و پۆستی باڵایان هەیە.

لە سایەی ئەم دۆخەی ئێستادا، پرۆسەی بەنێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد لە تورکیا ڕاستەخۆ بەندە بە ڕووداوەکانی عێراقی دراوسێ، بۆیە نێوەندەکانی بڕیاری سیاسی لە تورکیا نەک هەر سەربەخۆیی کوردستان، بگرە ئۆتۆنۆمیی کوردی باشوور لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵیشدا هەر بە مەترسییەکی جیددی دەبینن، بەشێوەیەکی بنەڕەتیش ئەم ترسانە لەنێو جەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیادا سەرچاوە دەگرێت کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر سیاسەتی وڵاتدا هەیە. ترسی جەنەڕاڵەکانیش بەندە بە ڕەوشی سیاسیی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا کە تاکو ئێستا ناسەقامگیرە و قەیرانێکی سیاسیی لێدەکەوێتەوە و لە هەلومەرجی سیاسیی دەرەکیشدا دوور نییە ببێتە هۆی دابڕینی ناوچە کوردنشینەکان لە تورکیا، ئەم سیناریۆیەش هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر یەکپارچەیی تورکیا. هەرچەندە بەندە تایبەتەکەی سوپای تورکیاش لە کۆمەڵگەی تورکیا لە دەستووردا هەڵگیراوە، بەڵام هێشتا سوپا گەرەنتیی سیستەمی دەستوور و یاسای ڕێزگرتن لە سنووری نیشتمانە کە بە جارنامەی میللیی تورکیا ناسراوە. جا لەبەرئەوەی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بە چاودێریی ئەمەریکاوە، ئەم پرسە کاریگەرییەکی نەرێنیشی کردووەتە سەر پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا. لەنێو سوپای تورکیاشدا دەمێکە هەستی دژە ئەمەریکا تێبینی دەکرێت و بەردەوام داوای سیاسەتێکی دەرەکیی سەربەخۆ بۆ تورکیا دەکرێت. کاتێکیش تورکیا ڕێگریی کرد لەبەکارهێنانی خاکی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە پێوەندییەکانی تورکیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕەنگیداوەتەوە.

بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٣ واشنتۆن لە بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا نیگەران بوو هەموو هیواکانی ئەمەریکا بە تورکیا کە بە هاوپەیمانێکی دڵسۆزی هەژماردەبوو، هەڵوەرین و بە ناچاری دەسپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دواخست و لە جێگرەوەیەکی گونجاو دەگەڕا تاکو سوپای ئەمەریکای پێتێپەڕێنێت و بەرەیەکی نوێی هێرشکردن دابمەزرێنێت. بۆ نموونە لە ئاداری ٢٠٠٣ حکومەتی تورکیا نەیتوانی ڕەزامەندیی پەرلەمان بەدەستبێنێت و خاکی تورکیا بخاتە بەردەست سوپای ئەمەریکا، نەک هەر ئەوە، بگرە زۆربەی هاوواڵتیانی تورکیاش دژی هێرشکردنە سەر ڕژێمی

سەدام بوون، لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا، تورکیاش چەند یەکەیەکی سەربازیی ڕەوانەی سەر سنووری‌کان کرد، بیانووی ئەم ڕێکارەشی ڕێگریکردن بوو لە لێشاوی پەنابەرانی سۆیل بۆ نێو خاکی تورکیا.

هەروەک لە پێشەوەشدا باشمان کرد، لە دیدی سەرکردە و جەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیا، پێکهێنانی عێراقێکی فیدراڵ و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردی باشوور، کوردی باکووریش دەوروژێنێت. ئەوەی پتر سوپای تورکیای نیگەران کردووە پارتی کرێکارانی کوردستانە کە لە باشووری کوردستاندا جێگیربوونە و ژمارەیان لەوێ بەپێی خەملاندنە جیاوازەکان دەگاتە نزیک سێ هەزار و پێنج سەت تاکو پێنج هەزار چەکدار، حکومەتی تورکیا ڕایگەیاندووە: بەدووری دەزانم کوردستانی سەربەخۆ توانای لەناوبردنی جەنگاوەرانی پەکەکەیان هەبێت لەسەر خاکی خۆیان، بەتایبەتیش جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق لە چەندین بۆنەدا جەختی کردووەتەوە کە پێویستە شەرعییەت بە پارتی کرێکارانی کوردستان بدرێت و بکرێنە هێزێکی سیاسی و درێژە بە خەباتی سیاسیی خۆیان لەنێو سنووری دەوڵەتی تورکیادا بدەن.

بۆچوونێکی دیکە هەیە، دەڵێت: ئەگەر تورکیا بووە ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سەقامگیریی تورکیا نابێت، بۆنموونە کارمەندی پێشووی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمەریکا و دانەری کتێبێک لەسەر کێشەی کوردی باکوور، گراهام فۆلەر، نووسیویەتی: لەبەرئەوەی دۆخی عێراق ناسەقامگیرە، زووبێت یان درەنگ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەنێو خشتەی کارەکانی ئەمەریکادا دەبێت، ئەوکات تورکیا بەهێزی سەربازی ناتوانێت ڕێگری لەم پرۆسەیە بکات، چونکە لەو حاڵەتەدا پێویستی بە هاوپەیمانێتیی ئێران و سووریاش دەبێت، ئەمەش ئەگەرێکە بەدوور دەزانرێت[۲]. هاوکات جەنەڕاڵێکی خانەنشینی هێزە چەکدارەکانی تورکیا ئەتێلا کیات دەڵێ: پێویست ناکات تورکیا لە سەربەخۆیی کوردی باشوور بترسێت و لە ئەگەری دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە باکووری کوردستانیش کە بە مەڵبەندی کوردان دادەنرێت، پێویستە تورکیا هەوڵی ئەوە بدات خۆی ببێتە مەڵبەندی کوردی باکوور[۳].

دەستەبژێری ئێستای کوردانی باشوور نکوولّی لەو ڕاستییە ناکەن کە ئەگەر بێت و کوردستانی باشوور سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەوا دەبێتە قەوارەیەکی سیاسی و ئەمەریکا پشتیوانیی دەکات، ئەوکات ئەمەریکا بە زامنکاری هەموو هەڕەشە سەربازییەکانی دژی ئەم قەوارەیە دادەنرێت لەلایەن تورکیا. تورکیاش درکی بەم ڕاستییە کردووە، بۆیە تاوەکو ئێستا سەربەخۆیی باشووری کوردستان بەردی بناغەی پێوەندییەکانی ئەنکەرە و واشنتۆنە هەروەک چۆن بەردی بناغەشە بۆ پێوەندییەکانی نێوان ئەنکەرە و هەولێر. بۆنموونە لە ساڵی ٢٠٠٣دا مەسعود بارزانی گوتوویەتی: لەچوارچێوەی ئەو پێوەندییانەی لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا ئەنجامیداوە، لەوبڕوایەدایە کە بەرپرسانی تورکیا ڕێگری لە دامەزراندنی کوردستانێک ناکەن کە لەنێو چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدابێت، بەڵام عەبدوڵڵا گویلی وەزیری دەرەوەی تورکیا بەپەلە وەڵامیداوەتەوە و گوتوویەتی: ئەمە ڕاست نییە، بەڵام کاریگەریی نابێت لەسەر ڕێزگرتنی گەلانی عێراق لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

بەگشتی، ئەم گەمە دیپلۆماسییەی ئێستای تورکیا لەگەڵ کوردی باشوور دوو ڕووی هەیە، دوو کارتی براوەشن. ئەمە کێشەی نەتەوەیی تورکمانەکانە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەی کەرکووکدا کۆبوونەتەوە، هەروەها کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە باشووری کوردستان خۆیان قایمکردووە، ئەمە تەنیا کێشەی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان سەرکردەکانی کورد و تورکیایە. پێوەندییەکانی نێوان سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا، تابڵێی گرژ و ئاڵۆز بوو، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ کاتێک پەرلەمانی تورکیا بڕیاری ناردنی سوپای تورکیای بۆ عێراق دەرکرد، ئەم بڕیارە هەم بۆ حکومەتی تورکیا و هەمیش بۆ ئەمەریکا سوودی هەبوو. هێزەکانی هاوپەیمانان کە دژی ڕژێمی سەدام بوون شەش مانگ بوو لەوێ بوون و هاتنی سوپای تورکیا بە پێشنیازی ئەمەریکا بوو، لەنێوخۆی تورکیاش هاتنی سوپاکەیان بۆ ڕاوەدوونان و سنووردارکردنی چالاکییەکانی چەکدارانی پەکەکەیە لەنێو خاکی عێراقدا. سکرتێری ڕۆژنامەوانیی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ن. تان ڕایگەیاندبوو: تورکیا بەهیچ شێوەیەک بانگەشەی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی کەرکووک ناکات، بەڵام حکومەتی تورکیا لەوباوەڕەدایە کە پێویستە شارەکە

بـۆ هەمـوو عێراقییـەکان بێـت نـەک تەنیـا بـۆ پێکهاتـەی کـورد و سیاسـەتوانانیان[٤].

لـە ٦ی تشرینـی یەکـەم حکومەتـی تورکیـا بـە بڕیارێکـی فەرمـی هێزەکانـی خـۆی نـاردە عێـراق. جەمیـل چیچـک وەزیـری دادی تورکیـا دەڵـێ: سـوپای تورکیـا زۆر لـە عێـراق نامێنێتـەوە و چوونەکـەی تەنیـا بـۆ سـاڵێکە و قەبـارەی سـوپاکەش پەرلەمـان بڕیـاری لەسـەر دەدات[٥]. لەچوارچێـوەی گفتوگـۆی ئـەم پرسـە لـە کۆبوونەوەیەکـی ئەنجوومەنـی وەزیـران، بەشـێک لـە وەزیرانـی تورکیـا نیگەرانیـی خۆیـان سـەبارەت بـە پێگـەی ئایندەیـی سـوپای تورکیـا دەربـڕی و گوتیـان دۆخـی سـەربازانی تورکیـا تاکـو ئێسـتا ڕوون نەبووەتـەوە و هێشـتا هەڵوێسـتی ئەمەریـکا لـە ئاسـت پارتـی کرێکارانـی کوردسـتاندا ڕوون نییـە. لەلایەکـی دیکـەوە ئەمەریـکا ئـەم خزمەتگوزارییـەی بـە خۆڕایـی لـە تورکیـا داوانەکـردووە، پرسـەکە پەیوەسـت بـوو بـە پێشکەشـکردنی قەرزێکـی ٨,٥ ملیـار دۆلاری کـە ڕەنگـە کورتهێنانـی بودجـەی دەوڵـەت چارەسـەر بـکات، هەروەهـا هاوکاریـی تورکیـا بـکات بـۆ تێپەڕاندنـی ئـەو قەیرانـە ئابووریـیەی ڕووی لـە وڵات کـردووە، ئـەم هەڵوێسـتە گوماناوییـەی ئەمەریـکا ڕاسـتییەکی کۆنـی دووپاتکردووەتـەوە دەربـارەی پشتبەسـتنی تورکیـا بـە سـەرمایەی ئەمەریـکا.

تورکیـا لـە هاوکاریکردنـی ئەمریکییەکانـدا پەلـەی نەبـوو، هـەر لـە سەرەتاشـەوە هاوولاتیانـی تورکیـاش دژی جەنـگ بـوون لـە عێـراق، بەتایبەتیـش کـە ڕەزامەندیـی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی تێـدا نەبـوو. پێـش هەمـوو شـتێک تورکیـا داوای لـە ئەمەریـکا کـرد هەڵوێسـتی خـۆی سـەبارەت بـە چەکدارانـی پەکەکـە ڕوون بکاتـەوە، پـاش دڵنیابوونـەوە تورکیـا سـوپای خـۆی بـەرەو عێـراق جووڵەپێکـرد، کاتێـک پەرلەمانـی تورکیـا ڕەزامەندیـی بـۆ ناردنـی سـوپا دەرکـرد بـۆ عێـراق، تورکیـا خۆشـحاڵیی خـۆی نەشـاردەوە. لەمـڕووەوە کۆشـکی سـپی و وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریـکا لـە چەنـد ڕاگەیاندنێکـی ڕۆژنامەوانیـدا ئەم بڕیـارەی پەرلەمانـی تورکیایـان بەرزنرخانـد کـە لەلایـەن یاسـادانەرانی تورکیـاوە دەرچـووە. ئەمەریـکا ئەوەشـی ڕوونکـردەوە کـە بەوپـەڕی بـڕواوە ڕایدەگەیەنـین بەشـداربوونی هێزی دەوڵەتەکانـی تـر لـە هێـزی ئاشـتیپارێزدا کاریگەرییەکـی گـەورەی لەسـەر جێگیرکردنـی سـەقامگیریی دۆخـی سیاسـیی نێوخـۆی عێراقـدا دەبێـت، بڕیاریـش وابـوو قەبـارەی هێـزە تورکیاییـە بەشـداربووەکە بگاتـە ٦- ١٦ هـەزار سـەرباز.

پێگەی فەرمیی هەواڵەکانی تورکیا «ئینتەرنێت هەبەر» بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا بۆ ناردنی سوپای تورکیا بۆ عێراق بەم شێوەیە وەسفکردووە: «یەکەم و پێش هەموو شتێک ڕێگە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردی باشوور دەگرێت، هەروەها هەڵێکی باش بۆ تورکمانەکانی عێراقی نوێ دەڕەخسێنێت تا ببنە خاوەن سەربەخۆیی خۆیان لە کەرکووک[٦]». لە عێراق کێشەیەکی تر هەیە کە تایبەتە بە کەرکووک و هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی داوای باڵادەستیی خۆی دەکات لە شارەکە و بە هی خۆی دەزانێت، بە تورکمانەکانی عێراقیشەوە کە لەلایەن تورکیا پشتگیری دەکرێن. هاوواڵتیانی تورکیا ئەو ڕاستییە مێژوویییە دەزانن کە هەتاکو بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، ویلایەتی مووسڵ سەر بە تورکیا بوو، بەڵام بە گوشاری وڵاتانی ڕۆژئاوا و لەپێش هەموویانەوە ئینگلتەرە خرایە ژێر دەسەڵاتی ئینتیدابی بەریتانیا لە عێراق. زۆر جاریش لە ناسیۆنالیستە تورکەکان دەبیستین کە پاش هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عێراق ئەگەری پێداچوونەوە هەیە بۆ ڕێککەوتننامەکانی ساڵی ١٩٢٦ کە بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە دەستبەرداگرتنی دەوڵەمەندترین کێڵگەکانی نەوتی مووسڵی لێبووەتەوە و لە تورکیا دابڕاون، ئەم دەربڕینە لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی تورکیاش چەند جارێک دووپاتکراوەتەوە، هەر ئەمەشە تورکیا بە تۆندی پشتیوانیی لە تورکمانەکانی عێراق دەکات و زۆر بە تۆندیش گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕەت دەکەنەوە.

چەند پرسێکی دیکەش هەبوو پێویستی بە دەستوەردانی سوپای تورکیای دەکرد کە هاوشان لەگەڵ ئەمەریکا ڕۆڵ بگێڕێت لە دامەزراندنەوەی عێراقی نوێ، بڵاوبوونەوەی سوپای تورکیا لە عێراق بنچینەی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسیی سەرکەوتووە لەم وڵاتە. ئەنکەرە بە فەرمی جەختی دەکردەوە کە پێویستە بچنە ناوچەی سەڵاحەدین، لەوێوە هەڵی چارەسەرکردنی پارتی کرێکارانی کوردستانیان بۆ دەڕەخسێت، چونکە زۆربەی بارەگاکانی چەکدارانی پەکەکە لەم ناوچانەدا کۆبوونەتەوە، ئەم داوایەی تورکیا بۆ ئەمەریکا گونجاو نەبوو کە سوپاکەی بچێتە پڕکێشەترین ناوچەکانی عێراق و لێدوانەکانی دۆناڵد ڕامسفێڵد وەزیری بەرگریی ئەمەریکا گەواهیدەری ئەم بۆچوونانەن کە دەڵێ: «بەشێک لە داواکارییەکانی

دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ئێمە گونجاو نین»، بەڵام «بەهەرحاڵ واشنتۆن پەشیمان نییە لە تاکتیکە بنەڕەتییەکانی ناردنی سوپای تورکیا بۆ عێراق[٧]»

هاوکات ڕۆژنامەی «حوڕییەت» دەبینین باس لە پارەدارکردنی یەکە سەربازییەکانی تورکیا دەکات لە عێراق و لەوبڕوایەدایە کە بەلانی کەم ٥٤ ملیۆن دۆلار بەشی سااڵنێکی پارەدارکردنی ئەم یەکانە دەکات و ڕۆژنامەکە بەراوردکارییەک لەنێوان تورکیا و ئەفغانستان دەکات و دەنووسێت: ٢٨ ملیۆن دۆلار بەشی سێ مانگی پارەدارکردنی هەزار و ٥٠٠ سەرباز دەکات[٨].

حزبە سیاسییە کوردییە شەرعییەکان بەتوندی چوونی سوپای تورکیا بۆ عێراق ڕەتدەکەنەوە. تونجای بەکرخان ئەمینداری گشتیی حزبی گەلی دیموکراتی کورد کە تاکە حزبی یاساییە لە تورکیا لە ٢٦ تشرینی یەکەم ڕایگەیاند: «لەپێناو قەرزێکی ٨,٥ ملیار دۆلاری، حکومەتی تورکیا تورک و کورد بەرەو مردنێکی مسۆگەر ڕەوان دەکات[٩] حزبەکەم داوای ئاشتی دەکات و دەبوو دەسەڵاتدارانی ئێستای تورکیا پێش ئەوەی سوپا بنێرێتە عێراق، دەبووایە کێشە نێوخۆییەکانی وڵات چارەسەر بکات، لەپێش هەمووشیان کێشەی کورد» هەروەها ڕاشیگەیاند: «سااڵنێک بەسەر حوکمی دەسەڵاتدارانی ئیسالمییەکان تێپەڕیوە، کەچی هێشتا نە کێشەی بێکاری و نە مافەکانی مرۆڤ و نە کێشەی کوردی باکوور چارەسەر کراوە».

کوردی باشوور و حکومەتی ئینتیقالیی عێراق لە هاتنی سوپای تورکیا بۆ عێراق، ناڕازی بوون و هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بە هاتنی سوپای تورکیا ناگۆڕن، حکومەتی تورکیاش درکی بەوە کردبوو کە ڕێگە بە سوپاکەی نادرێت بچێتە عێراق. نوێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە کە سوپای تورکیا ڕێگەی پێنادرێت بێتە موسڵ و کەرکووک، بۆ خۆپارێزی لە سەرهەڵدانی ڕووبەڕووبوونەوەی کورد و تورکمانی کەرکووک، هێزەکانی ئاسایش لە شارەکانی عێراق و کەرکووک پێکهێنرا کە لە کەرکووک بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێکهاتەی کورد و بەشێک لە تورکمان پێکهاتبوو.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەوڵی دەدا سازشی سیاسی بکات بۆ زامنکردنی هاتنەژوورەوەی سوپای تورکیا، ئاپۆچییەکانیش ملکەچی فەرمانەکانی ئەمەریکا بوون و کارێکی وایان نەکرد زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بگەیەنێت لە

ناوچەکە، لەمبارەیەوە عوسمان ئۆجەلان، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی کە پەیامنێریان نارد بووە قەندیل، ڕایگەیاند: «ئەمەریکا ڕێگە بە سوپای تورکیا نادات هێرش بکاتە سەر کورد و پێوەندییەکانمان تاوەکو ئەمڕۆ لەگەڵ ئەمەریکادا بەردەوامە[١٠]».

لە تورکیا دەسەڵاتداران لەو بڕوایەدا بوون کە ئەمەریکا گەمەیەکی دووسەرەی بەدەستەوە بێت، لەلایەکەوە گلۆپی کەسکی بۆ لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان هەڵکردووە و لەلایەکی دیکە بەردەوامە لە هاوکاریکردنی چەکدارانی پەکەکە. بەپێی ئەو زانیارییانەی ڕۆژنامەی ستار بڵاویکردوونەتەوە، بەرپرسانی ئەمەریکا لەوپەڕی هەوڵدانداں بۆ زامنکردنی هاتوچۆکردنی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستانی قەدەغەکراو لە تورکیا و پاسپۆرتی عێراقییان بۆ دەردەکەن، زۆربەی ئەندامانی لێژنەی مەرکەزیی پارتی کرێکارانی کوردستان بە هاوکاریی ئەمریکییەکان ڕەگەزنامەی عێراقییان بۆدەرکراوە.

پسپۆڕانی ئەمەریکا ڕاشکاوانە ڕایانگەیاندووە ناتوانن پێشبینی هەڵوێستی تورکیا بکەن لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لەمبارەیەوە ئەمەریکا لە هەوڵی ئەوەدایە زەمینەیەکی هاوبەش لەگەڵ تورکیاییەکان سازبکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. سەرکردایەتیی ئەمەریکا دڵنیایی داوەتە تورکیا کە هەردەم ئەوان لەگەڵ تورکیادا هاوهەڵوێستن سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاپۆچییەکان. لە سەرەتای ٢٠٠٤ ئەمەریکا بە فەرمی پارتی کرێکارانی کوردستانی خستە نێو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان. لەگەڵ تورکیاشدا گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک بۆ پاراستنی سنوورەکانی عێراق - تورکیا و هەرچەندە ئەمەریکا ئامادە نییە بەرەیەکی نوێی شەڕ لەگەڵ پەکەکەدا بکاتەوە، بەڵام بەردەوام کاری هاوبەشی لەگەڵ تورکیا بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی ئەو حزبە دووپاتکردووەتەوە، بەپێی ئەو زانیارییەش کە بە دەستی ڕۆژنامەی میلییەت کەوتووە، دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا و تورکیا لەسەر پلانێکی پێنج خاڵی ڕێککەوتوون:

١. ئەمەریکا پشتیوانیی تورکیا دەکات کە پارتی کرێکارانی کوردستان بخاتە نێو لیستی ڕەشی یەکێتیی ئەورووپا.

٢. تورکیا داوا لە یەکێتیی ئەورووپا دەکات گەمارۆ بخاتە سەر هەیکەلەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتییەکە و داخستنی هەموو سەرچاوەکانی دارایی. جا بۆئەوەی ئەم داواکارییە سەربگرێت، ئەمەریکا گوشار دەخاتە سەر یەکێتیی ئەورووپا.

٣. ئەمەریکا هەموو ئەو هەوڵانەی پەکەکە پووچەڵبکاتەوە لە باشووری کوردستان بۆ کۆکردنەوەی سەرانە لە دانیشتوان و رێگە لە قاچاغچێتییان بگرێت.

٤. ئەمەریکا گوشار بخاتە سەر سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ سوود وەرگرتن لە بڕیاری لێبوردن و هاندانیان بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان لە تورکیا.

٥. ئەگەر پێویستی کرد، هەردوولا ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ کێومااڵکردنی ئەو ناوچانەی چەکدارانی پەکەکەی تێدایە.

بە گوشاری یەکێتیی ئەورووپا تورکیا لە ساڵی ٢٠٠٣ لێبوردنێکی گشتیی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان دەرکرد و بە دانانی چەک رێگەیان پێبدرێت بگەڕێنەوە شوێنی پێشووی خۆیان، بەاڵم بەهیچ شێوەیەگ ئاماژە بۆ خواستە سیاسییەکانی پەکەکە نەدرا و زۆربەی چەکدارانی حزبەکە شوێنیان نەماوە بگەڕێنەوە و زۆربەی چەکدارانی پەکەکە لە گەنجانی کورد و کچی ئەو گوندانەی باشووری ڕۆژهەاڵتی تورکیا پێکهاتوون کە کاتی خۆی حکومەتی تورکیا وێرانی کردوون لە کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا، بۆیە چەکداران مانەوەیان لە چیاکان هەڵبژارد وەک لەوەی چەک دابنێن و بگەڕێنەوە، لەالیەکی دیکەوە سەرکردەکانی پەکەکە بە هەموو توانایەکیان هەوڵی ڕازیکردنی ئەمەریکا دەدەن و پشتیوانییان دەکەن، ئەمەریکاش پەلەی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا نییە.

لە کۆتاییدا حکومەتی تورکیا نەیدەوێرا هێزەکانی بەرەو عێراق بنێرێت، ئەگەر هەڵوێستی توندڕەوانە بۆ دامەزراندنی هەرێمی کوردستان نەبوایە و هاووڵاتیانی تورکیاش ناڕەزایی خۆیان بۆ ئەگەری دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی بۆ کوردی باشوور دەردەبڕی. لە ١٩ی تشرینی دووەم جەالل تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق گەیشتە ئەنکەرە و لەوێ

لەباڵاترین ئاستدا پێشوازیی لێکرا و لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کۆبووەوە و باسیان لە پرسی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد کە بە ئازادی چالاکییەکانی خۆیان لە باشووری کوردستان بەڕێوەدەبەن، تاڵەبانی گوتی: «منیش نیگەرانم لە ئاست چالاکییەکانی ئەو حزبە و ڕێگە نادەم تیرۆریستانی کورد هەژموونی خۆیان بەسەرماندا بسەپێنن»[11].

لەلای خۆیەوە تاڵەبانی لێبوردنی گشتیی بۆ ئەو چەکدارانەی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ بەرپرسانی تورکیا خستەڕوو کە بنکە و بارەگایان لە باشووری کوردستانە، هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراقیش سوپاسی تورکیای کرد کە سوپای ڕەوانەی عێراق نەکردووە. زێباری گوتی: «ڕێگەتان لەوە گرت ناکۆکی لەنێوانماندا سەرهەڵبدات، لە سەرەتاوە ئێمە لەگەڵ ناردنی هیچ هێزێکی بیانی نەبووین بێتە نێو خاکی عێراق». لە دیمانەیەکی ڕاستەوخۆی کەناڵی (NTV)دا جەلال تاڵەبانی پێشنیازی لێبوردنی کرد بۆ سەرجەم ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرکردایەتییان دەکات و لە ئێستادا لە زیندانە و گوتی: «باڵێکی پارتی کرێکارانی کوردستان پشتیوانی لە خەباتی سیاسی دەکات، کەچی باڵەکەی تریان بژاردەی چەکیان پێباشترە، ئەم گرووپەی دووەم کەمینەن، بەڵام گرووپێکی سێیەمیشیان هەیە داوای چارەسەرکردنی ئاشتییانەی هەموو کێشەکانی تورکیا دەکات» لە درێژەی قسەکانیدا تاڵەبانی ڕایگەیاند: کاتی ئەوە هاتووە ئەنکەرە بە فەرمی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر پەکەکە بگۆڕێت و باشترین ڕێگەچارە، لێبوردنی گشتییە کە دەرفەتێکە بۆ تەواوی چەکدارانی پەکەکە، ئەوانەی بژاردەی ئاشتیانەیانە هەڵبژاردووە بگەڕێنەوە نێو ماڵ و حاڵیان و دووبارە دەست بە ژیانی ئاشتییانەی خۆیان بکەنەوە.

لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٤ چەند ڕۆژنامەیەکی تورکیایی زانیاریی ئەوەیان بڵاوکردووەتەوە کە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی پنتاگۆن و ئەندامانی حکومەتی کاتیی عێراق، چەند یەکەیەکی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان چەکەکانیان ڕادەستکردووە و ئێستا دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە چەکدارانی پەکەکە دەست بە قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسی دەکەن بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانیان، ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق و تورکیا ئامادەکردووە. ڕۆژنامەکان ئەوەشیان ڕوونکردووەتەوە کە سەرکردایەتیی

پەکەکە نامەیەکی بۆ ڕۆژنامەیەک ناردووە و لە نامەکەداداوای داماڵینی چەکی ئەندامانی حزبەکە دەکات، بەڵام هیچ ئۆفەرێکی لە حکومەتی کاتیی عێراق پێنەگەیشتووە بۆ گەڕانەوە لە عێراق بۆ تورکیا.

ڕۆژنامەی میللییەت ئاشکرایکردووە کە چەندین دانیشتنی داخراو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کێشەی کورد و پێوەندییەکانی تورکیا - ئەمەریکا کراوە و ژمارەیەک پسپۆڕیش بەشدارن لە دانیشتنەکان، بۆنموونە: هنری بارکلی، ستیڤن کوک، ئالان ماکوفسکی، هاکان یافوز و نزیکەی ٢٠ بەرپرسی باڵای دیکە، بەپێی پسپۆڕانی ئەمەریکا سوپای تورکیا بەشێوەیەکی نەرێنی دەڕوانێتە هەر گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەی عێراق بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندییان بە کوردی باشوورەوە هەیە، بەپێی هەمان سەرچاوە، پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار لە ئۆتۆنۆمیی کوردی باشووردا هیچ تێبینییەکیان نییە و ڕێگریشی لێناکەن، بەڵام ناچارە لێدوانی دژ بە ئۆتۆنۆمیی کوردان بدات، چونکە گوشاری نێوەندە سەربازییەکان و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەرە.

بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٤ کێشەی کورد کێشەی سەرەکیی دیالۆگی نێوان تورکیا-ئەمەریکا بوو و ئەنکەرە داوای لە واشنتۆن دەکرد ڕێوشوێنی یەکلاکەرەوە دژی یەکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بگرێتەبەر کە لە باشووری کوردستاندا جێگیربوونە. عەبدوڵڵا گوێل وەزیری دەرەوەی تورکیا کە زوو زوو سەردانی واشنتۆن دەکات لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: زیاتر لە ٥٠٠٠ کوردی باکوور لەسەر خاکی باکووری عێراق خۆیان حەشارداوە و هەر هەموشیان تیرۆریستن و لە دەست دەسەڵاتدارانی تورکیا هەڵاتوون. ئەنکەرە ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنێت کە سیاسەتی واشنتۆن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەبێتە مایەی هەڕەشەکردنی جوداخوازانی کورد و ئەگەر سیاسەتی خۆی ڕاست نەکاتەوە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوین تووشی ناڕەحەتی دەکات و ناتوانرێت بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان چەندین جار دووپاتیکردووەتەوە کە پێویستە ئەمەریکا چاو بە هەڵوێستەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە سەبارەت بە کێشەی کورد و لەگەڵ تورکیا یەکبگرێت بۆ لەناودانی ئاپۆچییەکان، سەرکردەکانی وڵات ئاماژەیان بۆ دەستدرێژییەکانی چەکدارانی پەکەکە کردووە بۆ سەر سەربازە تورکەکان و ئەمەریکا

لەونێوەنـدەدا بێدەنگیـی هەڵبـژاردووە، تورکیـا بەهیـچ جۆرێک قایـل نابێـت ئەمریکییەکان کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرکردەکانی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان بکـەن و ئاگادارکردنـەوەی ئەنکـەرە بـە پێویسـت نازانـن لـە ئەنجامەکانـی ئـەو زنجیـرە کۆبوونەوانـە، بۆنموونـە: لـە ٢٨ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٣ لـە قـەڵادزێ لەگـەڵ سـەرکردەکانی پەکەکـەدا کۆبوونەتـەوە و لـە کۆبوونەوەکـەدا نوێنەرانـی ئەمەریـکا باسـیان لـە دۆخـی سیاسـیی عێـراق و ئاسـۆکانی ڕەوشـەکە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بەگشـتی کـردووە. لـە نێوخـۆی تورکیاشـدا لـە سـاڵی ٢٠٠٤ەوە تێبینیـی زیادبوونـی چالاکیـی چەکدارەکانـی پەکەکەیـان کـردووە لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی وڵات و وای لـە سیاسـەتوانانی تورکیـا کـردووە ئـەم چالاکییانـە بـە بوونـی ئەمەریـکا لـە ناوچەکـە ببەسـتنەوە. هـەر لـە سـەرەتای ئـەو ساڵەشـدا ئەمەریـکا پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانیان خسـتە نێـو لیسـتی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان کـە لەلایـەن پـۆڵ بریمـەر سـەرۆکی ئیـدارەی ئەمەریکایـی لـە عێـراق ڕاگەیەنـرا و بەپێـی لێدوانەکانـی بریمـەر: «ئەندامانـی ئـەم حزبـە تیرۆریسـتییە خۆیـان خزاندووەتـە نێـو دانیشـتوانی کـوردی باشـوور و پێویسـتە تیـرۆر و تیرۆریسـتان لـە عێراقـی نوێـدا بنبـڕ بکرێـت»[١٢].

بـە لەبەرچاوگرتنـی هەمـوو ئەوانـەی لەپێشـەوە باسـکران دەتوانیـن ئەنجامـەکان بـەم شـێوەیە پوخـت بکەینـەوە: هاتنـی سـوپای ئەمەریـکا بۆ عێـراق لە سـاڵی ٢٠٠٣ بـووە هۆی گۆڕانێکـی ڕیشـەیی لـە تـەرازووی هێـز لـە هەمـوو بەشـەکانی کوردسـتان. یەکـەم، ئەمـە پەیوەسـتە بـە گـۆڕان لـە هەڵوێسـتە سـتراتیژییەکانی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان کـە تاکـو ئێسـتا پشـتیوانییەکی زۆری لێدەکرێـت لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو پرۆسـانەی بـە شـێوەیەکی بابەتیانە بۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکی سـەربەخۆی کوردی لە باشـووری کوردسـتان دەسـتیان پێکـردووە، بوونەتە هۆی زێدەبوونـی ڕۆڵ و هەژموونی پارتە سیاسـییە سـەرەکییەکانی ئـەو وڵاتـە کـە پارتـی دیموکراتی کوردسـتان و یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان نوێنەرایەتیـی دەکـەن، هەروەهـا لەنێـو کـوردی ناوچـەی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـاش. بەشـداریکردنی ئەمەریـکا لـەو گەمەیە وەکـو هاوپەیمانێکی سـتراتیژیی گرنگ بۆ کوردی باشـوور، لایەنگرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان ناچارکردووە زۆر بە ئاگاداری مامەڵە بکەن و کارێـک نەکـەن ئەمریکییەکان لەخۆیان تووڕە بکەن کە هەڵوێسـتێکی زۆر ئاڵۆزیان هەبوو لە ئاسـت پەکەکە و بە ئاسـانی پارتەکەیان خسـتە نێو لیسـتی ڕێکخراوە تیرۆریسـتییەکانەوە.

دوور نییە هەر ئەم هەڵوێستەی ئەمەریکا بووبێتە هۆی خۆدوورخستنەوەی پەکەکە لە ڕابردووە شۆڕشگێڕانەکەی و ناساندنی حزبەکە وەکو هێزێکی سیاسی لەچوارچێوەی فەزای نەتەوەیی کورددا درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن، دەستگیرکردنی ئۆجەلان و دەرچوونی حوکمی زیندانیکردنی هەتاهەتایی تەرازووی هێزەکانی بزووتنەوەی یاخیبوونی کوردی گۆڕی. ئەگەرچی پارتی کرێکارانی کوردستان پێشتر سەرباری ڕق و کینەی ئۆجەلان، حزبەکە یەکپارچە و یەکگرتوو بوو، بەڵام دوای دەستگیرکردنی سەرۆکەکەی بە ئاسانی لەت لەت بوو و دوور نییە لە ئەنجامدا دووبەرەکیی مەترسیدار لە شێوازی خەبات و جیاوازیی ئایدیۆلۆژیش بێتە ئاراوە، کەچی هێشتا عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ زۆرینەی کوردی باکوور و ئەوانەی لە دەرەوەی تورکیا دەژین، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش و هەموو ئاکارەکانی شەهید و خەباتگێڕی لەپێناو ئازادیی کوردی تێدایە. لە ئێستادا دەسەڵاتدارانی تورکیا لە ڕێگەی ئۆجەلانەوە دەیانەوێ گرووپە کوردییە تووندئاژۆکان کۆنترۆڵ بکەن کە پارتی کرێکارانی کوردستان و چەند گرووپێکی پێوەندیداریش دەگرێتەوە. دەستگیرکردنی ئۆجەلان پەرتەوازەیی چالاکوانانیشی لێکەوتەوە. ئەوەندە بەسە بڵێین ئەگەر پەکەکە پێنج ساڵ جارێک کۆنگرەیەکی بەستووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٩وە سی کۆنگرەی بەستووە و لە ئەنجامی هەر کۆنگرەیەکیشدا گۆڕانکارییەکی ئاڵۆز لەنێو ڕێکخستنەکانیدا کراوە. لە ئابی ساڵی ١٩٩٩ ئۆجەلال لە بەندیخانەوە دەستپێشخەرییەکی ئاشتییانەی خستەڕوو و داوای گۆڕینی جۆری خەباتی پارتی کرێکارانی کوردستانی کرد و داوای لە لایەنگرانی کرد چەک دابنێن و ڕوو لە خەباتی سیاسی بکەن. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٠ کۆنگرەی حزب دەستپێشخەرییەکەی ئۆجەلانی پەسند کرد و کردییە بڕیار، لە نیسانی ٢٠٠٣ و لە کۆنگرەی هەشتەمیدا ناوی حزبەکەیان گۆڕی و کردیانە کۆنگرەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان (لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣شدا – Kongra Gel)) کە بەڵگەی دۆخی گۆڕاوی حزبەکەیە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە میدیاکانی تورکیا ئەم گۆڕانکارییانەی بەلاوە گرنگ نییە و تاوەکو ئێستا حزبەکە هەر پارتی کرێکارانی کوردستانە.

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عێراق هۆکاری سەرەکی بوون بۆ گۆڕینی ناوی حزبەکە کاتێک پەکەکە و لایەنگرانی حزبەکە هەستیان کرد هەلێکی ڕاستەقینە هاتووەتە ئاراوە بۆ گۆڕینی ڕەوشی خۆیان لە جەنگاوەرێکی شۆڕشگێڕەوە بۆ سیاسەتکردنێکی ڕاستەقینە،

کەچی لە دوا کۆنگرەیاندا ڕایانگەیاند: ئەوان ناتوانن بە یەکجاری واز لە خەباتی چەکدارانەی خۆیان بێنن و تەنیا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان چەک بەکاردێنن و جەخت لەسەر دەستپێشخەرییەکەی ئۆجەلان دەکەنەوە.

٢٠٠٣ بۆ ئاپۆچییەکان ساڵی گەڕان بوو بۆ بنەماکانی ئایدیۆلۆژییەتی نوێ تاکو زۆرترین لایەنگر لەخۆیان کۆبکەنەوە. لە یەکەمین هەنگاودا وایان بە باش زانی کاربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی کەسایەتیی ئۆجەلان و بۆچوونەکان و نووسینەکانی بڵاوبکەنەوە، ئەگەرچی ئۆجەلان لە ئیستادا لە بەندیخانەیە، بەڵام دەکرێ ببێتە فاکتەرێک بۆ یەکخستنی چالاکوانانی کورد. بۆیە لە کۆنگرەی حەوتەمی حزبدا بڕیار درا بڕە پارەیەکی زۆر بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانی ئۆجەلان تەرخان بکرێت تاکو لە ئەوروپا بڵاوبکرێتەوە. ئەم هەڵوێستەی لایەنگرانی پەکەکە بە سوودی حکومەتی تورکیاش دەکەوێتەوە و هەرچەندە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستییان لەقەڵەمدەدەن، بەڵام بەلایانەوە گرنگ نییە ڕێکخراوەکە پەرتەوازەتر بێت و گرووپی دیکەیان لێ ببێتەوە کە زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێن، لێدوانە فەرمییە بێهیواکانی ئەنکەرە بەوەی کەوا دەسەڵاتدارانی تورکیا بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئاپۆچییەکاندا دانانیشێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا ناکات، بەڵام حکومەتی تورکیا بە نهێنی چەند بەرپرسێکی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئاپۆچییەکان دەستنیشان کردووە، هەڵبەت ئەم کۆبوونەوە نهێنییانە زۆر گرنگە بۆ نەهێشتنی تووندئاژۆیی بزووتنەوەی کورد و حکومەتی تورکیا کارتێکی براوەی بەدەستەوەیە و مانەوەی ئۆجەلال لە زیندان دەقۆزێتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی، مێژوو ئەوەشی سەلماندووە کە دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتە جیاوازەکان پێوەندییەکی بەتینیان لەگەڵ تیرۆریستاندا هەیە و هەر کاتێکیش بخوازێت بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریاندەهێنێت، چونکە لە زۆر حاڵەتدا کەس سوودیان لێنابینێت و بە زەحمەت کۆنترۆڵ دەکرێن و خۆیان خۆیان دادەمەزرێنن و بەندن بە ناوەندی بڕیارەوە «پیشەسازیی تووندوتیژی».

لە چەند شوێنێکی دیاریکراودا بە ئاسانی بەرهەمە چاپکراوەکانی ئۆجەلانمان دەستدەکەوێت و پێدەچێت خزمەتگوزارییە تایبەتەکانی تورکیا پەلەی نەبێت لە داخستنی پێگەی ئینتەرنێتی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بە هەشت زمان بەرنامەکانی خۆی پێشکەش دەکات. بەپێی ڕێنماییەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

سەرۆک پارتی کرێکارانی کوردستان لە دوورگەی ئیمرالّییەوە چەکدارانی پەکەکە ڕایدەگەیەنێت کە وازی لە خەباتی چەکدارانەی خۆی هێناوە و جەخت لەسەر چالاکیی هۆشیارکردنەوە و هاندانی سیاسی دەکاتەوە.

لە ئاداری ٢٠٠٤ بە دەستپێشخەریی ئۆجەلان لێژنەیەکی تایبەت بۆ پەرەپێدانی بەرنامەیەکی نوێی ئایدیۆلۆژی پێکهێنرا بۆ بزووتنەوەی کورد کە تێیدا پێشهاتە نوێیەکان لە بەرنامە نوێیەکەدا ڕەچاو دەکرێت. پرۆسە سەربازییەکانی عێراق تێکەڵ ڕەوتی ئایدیۆلۆژیی ئاپۆچییەکان بووە. هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ یەکخستنی تاکی کورد چ لە تورکیا و چ لە عێراق، ئەم ستراتیژییەتە مۆرکێکی ئایدیۆلۆژیانەی پێوە دیارە و یەکێتیی نیشتمانیی تورکەکان لاواز دەکات و بە توخمێکی هەڵوەشاندنەوەیان هەژمار دەکرێت. پێکهاتەی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتی چاوەڕوانکراوی کوردی مەترسیدارترین ئالینگارییە بۆ سەقامگیریی وڵات. بەڵام ئەم پێکهاتە ئایدیۆلۆژییە لە ئێستادا نە جەخت لەسەر ئۆجەلان و حزبەکەی و نە لەسەر دروشم و بەرنامە و داتا سیاسییەکانی دەکاتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر جێبەجێکردنی کردەنیی دەکاتەوە بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی کوردان.

لە ئێستادا دەبێ ئەو بنەما ڕێنوێنییە ئایدیۆلۆژییەی پارتی کرێکارانی کوردستان چی بێت؟ خاڵە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستان نەک دامەزراندنی دەوڵەتە سەربەخۆکەی ڕەتکردووەتەوە، بگرە هەموو دەوڵەتێکی ڕەتکردووەتەوە کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی دامەزرابێت و «فیدرالّیزمی دیموکراسییەت»ی خستووەتە پێش هەموو بنەمایەک کە ئایدیۆلۆژیستەکانی حزبەکە دایانڕشتووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان گشتاندنی بۆکراوە کە دیموکراسییەت بخرێتە سەرووی ناسیۆنالیزمەوە. پارتی کرێکارانی کوردستان هەموو هەوڵێکی تەنیا بۆ چاکسازیی بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی نییە، بەڵکو هەموو ڕێگەیەکی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ناوی لەنێو ناواندا بمێنێتەوە. ئەم ستراتیژییەتە نوێیە سەرکردەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ناچار دەکات لێدوانی تونند سەبارەت بە بەردەوامبوونی خەباتی چەکدارانەیان بەدەن و هەموو دیاردەیەکی چەکداری دژی دەسەڵاتدارانی تورکیا ڕابگرێت کە دوابەدوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان

ڕاگەیەنرابوو. لە ئەیلوولی ٢٠٠٣ سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان کۆتایی بە ئاگربەست هێنا کە پێش چوار ساڵ ڕاگەیەنرابوو و دەست بە چالاکییە سەربازییەکان بکەنەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات، هۆکاری سەرەکیی ئەم بڕیارەی سەرکردایەتیی پەکەکە لە بێباکیی دەسەڵاتدارانی تورکیادا سەرچاوە دەگرێت کە ئامادە نییە لەگەڵ ئاپۆچییەکاندا دەرگای دیالۆگ بکاتەوە. ئاشکرابوو کە ئەم حزبە ناتوانێت شەرعییەتی سیاسیی خۆی بەدەستبهێنێت و دوای چوار ساڵی بێکار و چالاکییش دوور نییە سەنگ و دەسەڵاتی حزبەکەش لەنێو کوردی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات لەدەست بدات.

هاوکات ناشتوانین ئەگەری ئەوەش دووربخەینەوە کە ئەم هەنگاوەی پەکەکە بەبێ ڕێککەوتنی پێشوەختە لەگەڵ ئەمەریکییەکان و تەنانەت لە گفتوگۆ نافەرمییە نهێنییەکانیش لەگەڵ ئەنکەرە نراوە. هەر لەو ماوەیەشدا لە تورکیا باس باسی ناردنی فیرقەیەکی سەربازی بوو بۆ عێراق، ئاگربەستەکەی پەکەکەش لەلایەکەوە لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا بوو کە هەوڵی دەدا ئەو کاروانە سەربازییەی تورکیا بە سەلامەتی بگاتە نێو عێراق و هاوکاریی سوپای ئەمەریکا بکات، ئەگەرچیش لەژێر پەردەی لەناوبردنی ئاپۆچییەکان بووبێت لە چیاکانی باشووری کوردستان، لەلایەکی دیکەشەوە خودی تورکیا لەچوارچێوەی ناردنی ئەو هێزانەوە گوشار بخاتە سەر سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانو ڕێگە لە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بگرێت. هەروەها بە ناڕاستەوخۆ ئەم ئاگربەستەی چەکدارانی پەکەکە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئاپۆچییەکان وەکو پێشوو باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتیان لەژێر دەست نەماوە و هەموو جەختکردنەوەیەکیان لەسەر ئەو ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییانەیە کە ناوبەناو لەگەڵ سوپای تورکیا ئەنجامی دەدەن و کاری تێکدەرانەشی لەپاڵدا دەکەن.

لە ئابی ٢٠٠٥ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە دیاربەکر بە فەرمی ڕایگەیاند: کێشەی کورد لە تورکیا هەیە کە بە لێدوانێکی بوێرانە هەژمار دەکرێت و گرنگ و لە کاتی خۆشیدابوو، پێشتریش دانیان بە هەبوونی نەتەوەی کوردیش نابوو لە تورکیا، هەروەها کێشەی تیرۆر و بەپێی گوتەکانی (دیمیرێل) دانی بە واقیعی کوردی نابوو، بەڵام هەرگیز ئەمەیان ناونەنابوو کێشەی کورد. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە لێدوانەکەی ئەردۆگان لەلایەن ناسیۆنالیستە تورکەکان زۆر بە نەرێنی پێشوازیی لێکرا

و بـەوە تۆمەتبـار کـرا کـە سـۆزی بۆ کـوردی ناسیونالیسـت دەجولێـت، لە تشرینـی دووەمی هەمـان سـاڵدا چەندیـن دوکان و شـوێنی بازرگانیـی کـوردان لـە شـارۆچکەکانی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی وڵات سـووتێنرا کـە دواتـر خۆپیشـاندانی ناڕەزایـی لێکەوتـەوە و خۆپیشـاندەران بەئاڵای پارتی کرێکارانی کوردسـتان خۆپێشـاندانیان دەکرد. ئەوانەی بەشـێوەیەکی سـەرەکی دیالۆگیـان لەگـەڵ کـوردی باکوور ڕەتدەکـردەوە، لایەنگرانـی حزبی کاری ناسیۆنالیسـت بوو کـە ڕێکخـراوی گورگە بۆرەکانیشـیان لەخۆگرتبوو، بەپێـی زانیاریـیـە فەرمییەکانیش بێت هەر ئـەوان بـوون لـە ناوەڕاسـتی نەوەتـەکان ژمارەیەکیـان لـە چالاکـوان و ڕۆشـنبیرانی کـورد لـە چەنـد کردەیەکـی تاوانبارانـەی نادیاردا کوشـتبوو.

ناسیۆنالیسـتەکانی تـورک سـوورن لەسـەر نەگۆڕینـی ڕێنماییە نەگـۆڕە ناسـیۆنالیزمەکانی ئەتاتـورک و ڕەتکردنـەوەی هەبوونـی نەتەوەیـەک بەنـاوی نەتـەوەی کـورد و کێشـەی کورد لـە تورکیـا کـە ئەنجـام هەرەسـهێنان و بێسـەروبەرەیی لێدەکەوێتـەوە. بەپێـی لێدوانەکانـی جێگـری پارتـی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی محەمەد ئیکیجـی: (هەدەپە) حزبێکی شـۆڤێنییە[١٣].

ئەرکی سـەرەکیی حکومەتی تورکیا خولقاندنی وێنەیەکە بۆ پێکەوەژیانی دیموکراسـییانە بـۆ حزبـە جیـاوازەکان، بـە حزبـە ناسیۆنالیستەکانیشـەوە. لـە کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٤ لەیلا زانـا کـە بـە یەکێـک لـە داکۆکیـکارە کـوردە سەرسـەختەکانی مافـی مـرۆڤ دادەنرێـت، لـە زینـدان ئـازاد کـرا لەگەڵ چەنـد ئەندامێکی پێشـوو و دامەزرێنەری پارتـی گەلانی دیموکرات کـە لایەنگـری کـوردی باکـوورن، بـۆ نموونـە: خەتیـب دیجلـە، ئەحمـەد تـورک و ژمارەیـەک چالاکوانـی دیکـە کـە پێش ١٠ سـاڵ بـە بانگەشـەکردن بۆ نەتەوەی کـورد تۆمەتبـار کرابوون.

پـاش ڕووداوەکانـی ئـەو ١٠ سـاڵە لەیـلا زانـا بـووە ناوێکـی دیـار لەسـەر ئاسـتی هەمـوو ئەوروپـا و یەکەمیـن پەرلەمانتار بوو سـوێندی یاسـایی بـە زمانی کوردی خـوارد و بەهۆیەوە خرایـە زیندانـەوە. لـە تشرینـی یەکەمـی ٢٠٠٤ لەیـلا زانـا ئـەو خەڵاتـەی پێبەخشرا کـە ناوی سـاخاروڤی ئەکادیمیسـتی پێوەبـوو و هـەر دوای ئازادکردنیشـی لەگـەڵ هەڤاڵانـی پارتـی دیموکراتـدا ڕێگـەی پێـدرا حزبێکـی سیاسـی دامەزرێنێـت. لـە کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٤ حزبێکـی سیاسـیی بەنـاوی – بزووتنـەوەی دیموکراسـیی میللـی- دامەزرانـد، لـە کۆنگـرەی دامەزراندنـدا تێبینـی دەکـرا بزووتنەوە سیاسـییە نوێیەکـە ناکۆک نییە لەگەڵ حزبە سیاسـییە یاسـاییەکانی وڵات و هاوشـانی ئـەوان درێـژە بـە خەباتـی خـۆی دەدات.

بزووتنەوەی دیموکراسیی میللی بە سەرۆکایەتیی لەیلا زانا و نوێنەرانی پارتی گەلی دیموکرات (دەهەپە) دژایەتیی خۆیان بۆ هەر هەوڵێکی جوداخوازی دەربڕی و داوای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیایان کرد. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ پێنج هەزار کەس لە دیاربەکر گردبوونەوە و پشتگیریی خۆیان بۆ ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا دووپاتکردەوە و دروشمی «بەڵێ بۆ فرەیی، نا بۆ جوداخوازی» یان بەرزکردبووەوە. ئەندامانی پێشووی پارتی دیموکراتی کورد جارێکی دیکە درێژەیان بە چالاکییە سیاسییەکانی خۆیان دا و دژی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تورکیا وەستانەوە، لە لێدوانەکانیاندا جەختیان کردەوە لەسەر «سووربوونی یەکێتیی ئەورووپا بۆ ملکەچکردنی تورکیا بۆ ئەو مەرجانەی پێشتر خستبوویەڕوو و چاودێریی هەنگاوە ڕاستەقینەکانی حکومەتی تورکیا بکات سەبارەت بە کێشەی کورد، دوای جێبەجێکردنی ئەو مەرجانە، ئینجا یەکێتیی ئەورووپا بڕیارە مەسئولانەکەی خۆی بدات».

بەگشتی دەوڵەتی تورکیا بۆچوونی جۆراوجۆری سەبارەت بە ئایینەدەی نزیکی دەوڵەتی کوردی لە تورکیا هەیە و زۆر بە تونـدی جەنەڕاڵەکانی سوپا و محافزکاران و ناسیۆنالیستەکانی تورک دژی دەوەستنەوە. ترسەکەشیان بەهۆی دۆخە ناسەقامگیرەکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵات زێدەتر بوو کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ و سەرەتای ٢٠٠٦ هەڵمەتێکی تونـدی ناڕەزایی ناوچەکەی گرتبووەوە و لەلایەن چالاکوانانی کورد ڕێکخرابوو و تونـدوتیژیشی لێکەوتبووەوە.

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان گەشە بە پێوەندییەکی پتەوی دۆستانە لەگەڵ تورکیا بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا هەڵوێستی نەگۆڕە سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردی باشوور، بەڵام تورکیا ئەو کاریگەرییەی لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا نابێت.

سەرچاوەکان

1- Cakir R. Turkiye'nin Kurt Sorunu. 1st. 2004, c. 73.

2- Там же, с. 117.

3- Там же, с. 51.

4- Turkish Daily News, 17.02.05.

5- Там же, 08.10.2003.

6- Там же.

7- Hurriyet, 28.10.2003.

8- Там же.

9- Turkish Daily News, 12.10.2003.

10- The Guardian, 14.11.2003.

11- Саки R. Turkiye'nin Kurt Sorunu. 1st. 2004, 21.11.2003.

12- Hurriyet, 12.01.2004.

13- Cakir R. Turkiye'nin Kurt Sorunu. 1st. 2004, c. 73

باشـــووری کوردســـتان وەک گرنگتریـــن فاکتـــەری ســـەقامگیریی عێـــراق

ن. ز. موساکی

دوای ڕووخانی سـەدام حوسـێن و ڕژێمـی بەعس لەلایەن ئەمریکییـەکان، عێراق (بێجگە لە باشـووری کوردسـتان) نقوومی شـەڕێکی نێوخۆ بوو، سیسـتەمی کۆنترۆڵکردنی ئاسایشـی وڵات بەتـەواوی ئیفلیـج بـوو و بوشـاییەکی گـەورەی لـە بەڕێوەبردنـی دەوڵەتدا دروسـتکرد، هێـزە توندئاژۆکانیـش کەوتنـە چالاکـی نوانـدن. باشـووری کوردسـتان بـووە دوورگەیەکـی سـەقامگیر و ئـارام لـە عێـراق و پێدەچـوو هەموو نیـگاکان بـەرەو دەسـەڵاتدارانی هەرێمی کوردسـتان ئاراسـتە بکرێـن بـۆ ئاسـاییکردنەوەی دۆخـە شـڵەژاوەکەی عێـراق کە لە ڕاسـتیدا بەرپرسـانی هەرێمـی کوردسـتان ئـەم ڕۆڵەیـان بـە جوانـی گێڕا و وەکـو هێزێکی باڵادەسـت لەپێنـاو سـەقامگیریی عێراقـی نوێـدا کاریـان دەکـرد. بەدیهێنانـی ئارامـی و سـەقامگیری لـە سـایەی ئەو دۆخە سـەربازی و سیاسـییەدا کارێکی هێنـدە ئاسـانیش نەبوو. لەم نێوەندەشـدا پێش دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی ئەمەریکا دژی عێراق، ئەنکەرە دەیویست دۆخـی سـەربازی - سیاسـیی ناوچەکـە بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـی سیاسـەتی دەرەکیـی خـۆی بقۆزێتـەوە. تورکیـا دەیویسـت ئەنجامـە نادیارەکانـی ئـەو هەڵمەتـە سـەربازییەی ئەمەریـکا و هاوپەیمانـان بکاتـە هەلـی دەسـتوەردانی سـوپای تورکیـا و نانەوەی پشـێوی لە باشـووری کوردسـتان، هەروەهـا هەوڵـی ئەوەشـیان دەدا مەرجی پێشـوەختە بخەنە بەردەم بەکارهێنانـی خاکـی تورکیـا لەلایـەن سـوپای ئەمەریـکاوە و هـاوکات ئەوانیـش هێـز بـەرەو باشـووری کوردسـتان جووڵـە پێبکـەن، دەسـەڵاتدارانی تورکیـا بیریان لـە قەناعـەت پێهێنانی ئەمریکییـەکان دەکـردەوە تاکـو ڕێگە بە سـوپای تورکیـاش بدرێت سـنوور ببەزێنێت و بەرەو باشـووری کوردسـتان لەشکرکێشـی بـکات و ئەگـەر پێویسـتیش بـکات گوشـار بخاتـە سـەر کـوردی باشـوور و ڕێگـری نەکـەن. تورکـەکان لـەو بڕوایـەدا بـوون دەسـەڵاتدارانی عێـراق بەرگرییەکـی سـەخت لـە خـاک و حکومەتـی خۆیـان بکەن، دووریـش نییە هێرشـی کیمیایی بکەنـە سـەر هاوپەیمانانـی ئەمەریـکا - کـورد- جا ئەگەر هێرشـەکە بە چەکـی کیمیایی بوو، هەمـوو کوردسـتان دەکەونـە دڵەڕاوکێـی و ئەنجـام بـۆ خۆدەربازکـردن ڕوو لـە سـنوورەکان

بکەن، هەروەکو کۆچڕەوەکەی ١٩٩١. لە حاڵەتی ڕووداندا ئەم سیناریۆیە، باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستانی باکوور) تووشی دۆخێکی زۆر نالەبار و سەخت دەبێت، بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیا بەردەوام بە بیانووی پاراستنی سەقامگیریی ناوچەکە و ڕوونەدانی کارەساتێکی گەورەی مرۆیی، ناردنی سوپای تورکیایان بۆ باشووری کوردستان دووپاتەکردەوە، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاندبوو، ئەگەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان قایل بن، تورکیا ئامادەیە سوپاکەی بنێرێتە ناوچەکە، ئەو پاشاگەردانییەی بەغداشیان بەهەلدەزانی بۆ داگیرکردنی مووسڵ و کەرکووک.

کوردی باشوور بەهەموو شێوەیەک دژی هاتنی سوپای تورکیا بوون و درکیان بەوە کردبوو بە هاتنی ئەم سوپایە ناوچەکە دەشڵەژێنێت و بەرپرسانی کورد خۆیان بەرپرسیاریەتی ئاسایشی ناوچەکەیان گرتبووە ئەستۆ. ئاڵۆزبوونی پێوەندییەکانی تورکیا-دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان ئەمەریکای نیگەران کردبوو، چونکە وایدانابوو هەم تورکیا و هەم باشووری کوردستان دوو هاوپەیمانی گرنگن بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی دژی ڕژێمی بەعس لە عێراق داڕێژرابوو.

لە ٥ی شوباتی ٢٠٠٣ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە نێوەندگیریی زەڵمای خەلیلزاد نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا لە ئەنکەرە لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و دەستەی ئەرکانی گشتی کۆبوونەوە. ڕۆڵی سەرەکیی لایەنی کورد بە نێچیرڤان بارزانی سپێردرابوو کە ڕێنمایی تەواوی لە مەسعود بارزانی وەرگرتبوو سەبارەت بە پێداگری لەسەر هەڵوێستی کورد و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان، ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانیش لەو کۆبوونەوەیە گوزارشتکردن بوو لە یەکگرتوویی هەڵوێستی کوردی باشوور، بێجگە لەوەی کە کەسایەتییەکی سیاسی دیاریشە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمانکەوتوون، لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک بابەتی هەستیار گفتوگۆی لەبارەوە کراوە، بۆنموونە: کێشەکانی ئاسایش و سەربازی-سیاسی لە ناوچەکە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و کێشە سەرەکییەکەی ئەم گفتوگۆیانە ئەگەری دەستوەردانی تورکیا و چارەنووسی مووسڵ و کەرکووک بوو.

بەرپرسانی تورکیا پێشوەختە هەڵوێستی کوردیان لە هاتنی سوپای تورکیا دەزانی و چەندین جار مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتیان کردووەتەوە کە ڕێگە بە سوپای تورکیا نادەن بە هەر بیانوویەک بێت، بێتە هەرێمی کوردستانەوە، کەچی جارێکی تر تورکیاییەکان ئەم پرسەیان لە کۆبوونەوەکانی ئەنکەرە لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و جەلال تاڵەبانی دووبارە ورووژاندەوە.

هەر لەنێو ئەو دانوستانەدا، کاتێک تورکیا بە هیچ بیانوو و دڵنیاییەک کە لەلایەن کوردەوە بە لایەنی تورکیا درابوو، ڕەتکردەوە، یەشار بۆیۆکانیت کە جەنەڕاڵێکی بەشداربووی کۆبوونەوەکە بە شاندەکەی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەگەری هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان تورکیا و باشووری کوردستاندا هەیە، نێچیرڤان بارزانیش لە وەڵامدا گوتوویەتی: ئەوەی ڕووەدات ناتوانین خۆمانی لێدووربخەینەوە، بەڵام پێویستە تورکیا ئەوەش بزانێت کە کورد نەک هەر لە زاخۆ و هەولێر، بگرە لە دیاربەکر و ئەنکەرەش دژی ئەوان دەجەنگن. لایەنی تورکیایی بەم لێدوانەی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان شۆک بوون، هەروەک جەلال تاڵەبانیش بەم وەڵامە تووشی سەرسوڕمان بوو و بە نێچیرڤان بارزانیی گوت: «پێویستە بە شێوازێکی نەرمتر دانوستانیان لەگەڵدا بکەین، هەڵوێستی خۆمانیان پێڕادەگەیەنینکە مەحاڵە ڕێگە بدەین سوپای تورکیا بێتە نێو هەرێمەوە، بەڵام پێویست ناکات بەم شێوازە ڕەقە بیاندوێنین»[1].

لەگەڵ ئەوەشدا لەو ڕۆژگارە سەختانەدا پێویست بوو لە ئەنکەرە بەم شێوازە بەرگری لە هەڵوێستی کوردی باشوور بکرێت، چونکە سەرکردەکانی کورد لەوە تێگەیشتبوون دەستوەردانی تورکیا و هاتنی سوپاکەی بۆ نێو خاکی کوردستان، ئاژاوەیەکی گەورە دەنێتەوە و چەند ساڵێک کوردستان دەگەڕێنێتە دواوە، بۆیە نێچیرڤان بارزانی هەنگاوێکی لەمجۆرەی نا کە پێشتر کەس بەم شێوەیە هەڕەشەی لە جەنەڕاڵە تورکەکان نەکردووە لە ئەنکەرە.

هەروەها سەرکردەکانی کورد لەوەش دڵنیابوون، ئەگەر بێت و سوپای تورکیا لەگەڵ ئەمریکییەکان بێنە هەرێمی کوردستان، ئاوا بە ئاسانی چۆڵی ناکەن و کورد

ئەوەیان لەبیر ماوە کە لە کاتی شەڕی پەکەکەدا، سوپای تورکیا لە چەند شوێنێکی ستراتیژیی وەکو کانی ماسی و بامەڕنی لە هەرێمی کوردستان مانەوە، لە ماوەی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، هێزەکانی تورکیا لە چوارچێوەی هێزی ئاشتیپارێزدا لەوساوە لە هەولێر ماونەتەوە و هەرچەندە بارودۆخەکە ئاسایی بووەتەوە ئەوان هەولێر بەجێناهێڵن.

ئەنجام هەردوولایەنی کورد و تورکیا بەم شێوەیە ڕێککەوتن: لە حاڵەتی هەڵگیرسانی شەڕدا هیچ لە هێزەکانی تورکیا و پێشمەرگە نەچنە نێو کەرکووک و مووسڵ و هێزەکانی ئەمەریکا بەتەنیا پاراستنی ئەمنیی ئەو دوو پارێزگایە لەئەستۆبگرێت، ئەگەریش کورد داوای ئەم ناوچانەی کرد سوپای تورکیا هێزەکانی دەجوڵێنێت. لەڕاستیدا ئەم خاڵەی دوایی هەلی بۆ تورکیا ڕەخساند ئابڕووی نەچێت و بەتەواوی تێگەیشتن ناتوانن لەشکرکێشی بکەنە نێو هەرێمی کوردستان. کوردیش بە تورکیاییەکانیان ڕاگەیاندبوو کێشەی کەرکووک لەلایەن حکومەتی نوێی عێراق چارەسەر دەکرێت.

لە ١٩ی ئادارای ٢٠٠٣ واتە پێش دەستپێکی هێرشە گەورەکەی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، کورد و تورکیا بەنێوەندگیریی نێردەی سەرۆکی ئەمەریکا زەڵمای خەلیلزاد لە ئەنکەرە ڕێککەوتن و کورد دڵنیاییان دایە تورکیا پێشمەرگە لە کەرکووک نامێنێتەوە، لەبەرانبەریشدا تورکیا بەڵێنی بە کورد دا دەستوەردانی سەربازی لە باشووری کوردستان ناکات.

ترس لە «ئۆپەراسیۆنە چاوەڕوان نەکراوەکانی باشووری کوردستان» وای لە تورکیا کرد بۆ کردنەوەی «بەرەیەکی نوێی شەڕ لە باکووروەوە» ڕێگە بە سوپای ئەمەریکا نەدات یەکە سەربازییەکانی لەسەر خاکی تورکیا بڵاوە پێبکات کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ٦٢ هەزار سەرباز.

ئەگەرچی لە ١٠ی نیسانی ٢٠٠٣ بە کردەنی ڕژێمی بەعس ڕووخا و هێزەکانی پێشمەگە کە زۆربەیان پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوون چوونە ناو شاری کەرکووک و خانەقین و لەوێ ڕۆڵی هێزەکانی پۆلیسیان دەگێڕا و ڕێگرییان لە دزی و بەتاڵان بردنی ماڵ و حاڵی هاوواڵتیان دەکرد، کەچی هەر زوو پێشمەگە

پاشەکشەیان لەوێ کرد و ئەو دوو شارەیان ڕادەستی سوپای ئەمەریکا کرد.

هەرچەندە پرسی سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بەعەرەبکردنی کەرکووک بۆ گەلانی باشووری کوردستان یەکێک بوو لەو کێشە سەرەکییانەی پێویستی بە چارەسەرێکی کتوپڕ دەکرد، کەچی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان ئەگەر پێویستی بکردبا و بەهۆی پابەندبوون بە ڕێککەوتنی نێوان هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق، چەندین جار سازشیان دەکرد و پرسەکەیان دوادەخست. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووکدا ٦٠٪ی دەنگەکانی پارێزگاکەیان بەدەستهێناوە.

لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥یشدا، شیعەکانی عێراق ١٤٠ کورسیی پەرلەمان و لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ٧٥ کورسی و (دواتر دوو پەرلەمانتاری یەکگرتووی ئیسلامیشیان هاتەپاڵ)، لیستی عەلاوی ٤٠ کورسی و سوننە ١٧ کورسییان بەدەستهێنا. هاوپەیمانیی کوردستانی بە لیستێکی هاوبەشی دوو حزبە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ژمارەیەک حزب و کەسایەتییەکی دیکە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکان کردبوو و سەرۆکی لیستەکەش جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو.

کورد لەکۆی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق ٢٧-٢٨٪ی بەدەستهێنا و ڕێژەی کورد لە کۆی گشتیی دانیشتوانی عێراقی تێپەڕاند، ئەمەش لە ئاکامی ئەو ڕێژە بەرزەی بەشداربوونەی هاووڵاتیانی باشووری کوردستان هاتەدی کە زۆربەیان دەکەوتنە ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و ڕێژەی نزمی بەشداربووانی عەرەبی سوننە کە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کردبوو، بەتایبەتی پارێزگای ئەنبار کە بە مۆڵگەی حزبی بەعس دادەنرێت تەنیا ٢٪یان بەشداریان لە دەنگدان کردبوو، لە پارێزگای سەلاحەدینیش کە شارێکی سوننەنشینە ٢٩٪ بەشداربوون و لە نەینەواش کە زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگاکە عەرەبی سوننەن (کورد و ئاشووریشی تێدایە) ١٧٪ بوو.

لە دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، هۆشیار زێباری ڕایگەیاند: ئێستا کورد دەتوانێت ببێتە «بڕیاردەر» لە سیاسەتی عێراقدا[٢]. یاخود هەروەکو دەگوترێت ببنە

«دروستکەری پاشاکان» و سوودێکی زۆریان لە سەربەخۆیی دەستەکەوێت.

ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنەکان، نوێنەرانی کورد ڕایانەگەیاند ئەوان تەنیا لەگەڵ ئەو لایەنانە مامەڵە دەکەن کە داخوازییەکانی کورد لە کەرکووک و فیدراڵیزم و دیموکراسییەت لە عێراق جێبەجێ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لەپێناو پاراستنی سەقامگیریی وڵات سازشیان بۆ سەرجەم هێزە سیاسییەکانی وڵات کرد.

لە سەرەتای ئاداری ٢٠٠٥ و دوای سەردانەکەی ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی هاوپەیمانیی شیعە، داواکارییەکانیان کشاندەوە و بڕیاریاندا هێندە سوور نەبن لەسەر جێبەجێکردنی کتوپڕی بڕگەکانی مادەی ٥٨ی دەستووری کاتیی عێراق (کە باس لە گەڕانەوەی ئەو هاوواڵتیانە دەکات کاتی خۆی ڕژێمی بەعس لە کەرکووک ڕایگواستوون) بۆئەوەی دۆخی عێراق ئاڵۆزتر نەبێت و لەوەش تێگەیشتبوون شیعەکان بەهەر جۆرێک بێت دەیانەوێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دوابخەن، چونکە لەبنەڕەتدا لەسەر ئەم پرسە هاوڕای کورد نەبوون، کەچی کورد بە ئومێدی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان بە دیالۆگ هەر لە گفتوگۆدابوون.

پێشتریش سەرکردەکانی کورد پێداگرییان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک دەکرد بەپێی مادەی ٥٨ی دەستووری کاتی و چارەنووسی کەرکووک پێش ڕاپرسییەکەی دەستوور لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ یەکلابکرێتەوە، واتە پێش بەکۆتاهاتنی کاتی دەستووری کاتییەکەی عێراق، بەڵام دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان کورد درکیان بەوە کردبوو کە داواکارییەکانیان واقعی نین. بۆیە بە دواخستنی کێشەی کەرکووک قایل بوون لە بەرانبەر زامنکردنی «دەسەڵاتێکی فرەوان لە هەرێمی کوردستان بدرێتە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا». بێجگە لە کێشەی کەرکووک، کورد کەوتە گفتوگۆکردن سەبارەت بە دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکانی حکومەتە نوێیەکەی عێراق و تێیدا کورد سەرباری سەرکۆماریی عێراق کە بەڵێن بە جەلال تاڵەبانی درابوو، داوای سێ وەزارەتی سیادیشی کردبوو -وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دارایی- و هیچ کام لەو وەزارەتانەیان بە کورد ڕانەبینی.

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، پەرلەمانی نوێی عێراق دوو کێشەی گەورەی لەبەردەمدا بوو: یەکێکیان پێکهێنانی حکومەت و ئەوی دیکەیان دارشتنی

دەستوور بوو. کێشەی یەکەمیان بە کەمێک زەحمەتی چارەسەر کرد: دەستبەکاربوونی حکوومەتی نوێی عێراق کە لە ٣٧ کەس پێکهاتبوو: سەرۆک وەزیران و چوار جێگر و ٣٢ وەزیر. ئەگەرچی بڕیاربوو بە ٢٥ وەزیر دەستبەکار بێت، بەڵام ژمارەیەک وەزارەت داهێنران بۆ ئەوەی زۆرترین لایەن ڕازی بکرێت، بۆنموونە وەزارەتی گەشتوگوزار داهێنرا کە وەکو وەزارەتی پیشەسازی لە عێراق (بێجگە لە کوردستان) لەئێستادا نە گەشتوگوزار هەیە و نە بەمزووانە دەشبێت.

لە ٢٧ی نیسانی ٢٠٠٥، پەرلەمانی عێراق حکومەتی نوێی پەسند کرد: ئیبراهیم جەعفەری، نوێنەری هاوپەیمانیی شیعی، سەرۆک وەزیران و ١٨ پۆستی حکومی، هاوپەیمانیی کوردستانی ٨ پۆست، سوننە ٨ پۆست، تورکمان و ئاشوورییەکان هەیەکەو پۆستێک -هەریەک لە شیعە و سوننە و کورد سێ جێگرەکەی سەرۆک وەزیرانیان بەرکەوت، ئافرەتانیش- نوێنەرانی سوننە و ئاشوورییەکان هەریەکەو پۆستێک. مایەی سەرنجدانە هەرچەندە کورد چوار هێندەی سوننە کورسیی پەرلەمانیان بەدەستهێنابوو، کەچی بەوە ڕازی بوون پۆستە وەزارییەکانیان هێندەی سوننە بێت.

گرنگترین قۆناغ لە پێکهێنانی هەیکەلی دەسەڵات لە قۆناغی پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، داڕشتنی دەستوورە کە دوور نییە وڵات پارچە پارچە بکات. شیعە و کورد کە بەهێزترین هێزە سیاسییەکانی عێراقی پاش سەدام بوون، بۆچوونی زۆر جیاوازیان سەبارەت بە ئایندەی عێراق هەبوو. «کورد عەلمانی بوون و لایەنگری ئەمەریکا بوون و بۆ بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق دیموکراسییەتەکەی ڕۆژئاوایان پێ گونجاو بوو، کەچی شیعە دەیانویست ئیسلام بکەنە سەرچاوەی بنەڕەتیی یاساکان، هەرچەند وایان نیشان دەدا کە لاسایی مۆدێلە ئایینییەکەی ئێران ناکەنەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بەڵام ئێرانیان بە دۆست و سەرچاوەی ئیلهامی خۆیان دادەنا» ب. گالبرێت نووسیویەتی[٣]. سەبارەت بە ئۆتۆنۆمیی کوردستان ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان کورد و شیعەدا لەئارادابوو. چونکە کورد ڕازی نەدەبوون جارێکی دیکە لە بەغداوە کۆنترۆڵیژیانی گشتی و سیاسەتی کوردستان بکرێت.

لە ١٠ی ئایاری ٢٠٠٥ پەرلەمانی عێراق ٥٥ ئەندامی بۆ لێژنەی داڕشتنی دەستووری عێراق دیاریکرد. ٢٨یان شیعە و ١٥ کورد و ٨ لە لیستەکەی عەلاوی

و ٤یـش لـە پێکهاتەکانـی تـری عێـراق کـە دوانیـان سـوننە بـوون. پێکهێنانـی لێژنەکـە لەسـەر بنەمـای ڕێـژەی کورسـییەکانی پەرلەمانـی عێـراق بـوو. بڕیـار بـوو پەرلەمـان لـە ١٥ی ئـاب دەسـتوورەکە ئامـادە بـکات و لـە ١٥ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٠٥ بیخاتـە دەنگدانـەوە. لـە کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٥ پلانـی هەڵبژاردنێکـی دیکـە داڕێـژرا و ئەنجامەکانـی ئـەو هەڵبژاردنـە شـێوەی حکومەتـە پێنـج سـاڵییەکەی عێـراق دەستنیشـان بـکات، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەهـۆی کەمیـی نوێنەرانـی سـوننە لـە پەرلەمـان، ١٥ ئەندامـی لـە لێژنـە دەسـتوورییەکە بـۆ زیادکـرا. سـەرەتا هەمـوو ئەندامانـی لێژنـەی داڕشـتنی دەسـتوور پەرلەمانتارانـی هەڵبژێـردراو بـوون، بـەڵام دوای زیادکردنـی ئـەو ١٥ ئەندامـەی سـوننە کـە هیچیـان پەرلەمانتـار نەبـوو، سـوننەکان بوونـە هێـزی دووەمـی نێـو لێژنـە دەسـتوورییەکە بـە زیادکردنـی دوو ئەندامـی دیکـە بـۆ کـورد. پێویسـتە ئامـاژە بـەو ڕاسـتییەش بکرێـت کـە کـورد نـەک هـەر نارەزایەتیـی دەرنەبـڕی، بگـرە دەستپێشـخەریش بـوون بـۆ زیادکردنـی ڕێـژەی سـوننەکان و کـورد وایاندەبینـی سـوننە هێزێکـی سـەرەکیی عێراقـە، پێویسـتە لـە داڕشـتنی ئـەو دەسـتوورەدا بەشـداربن و شـەرعییەتێکی زیاتـر بـەو لێژنەیـە بدرێـت.

عـەرەب، بـە سـوننە و شـیعەیەوە لـەو بڕوایەدابـوون سیسـتەمی فیدراڵیـزم دەبێتە هۆی دابەشـکردنی وڵات. کوردیـش بـە پێچەوانـەی بۆچوونەکـەی ئـەوان پێیانوابـوو فیدراڵیـزم زامنـی یەکپارچەیـی عێراقـە. بێجگـە لـەوە کـورد لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـوون قەناعـەت بـە چەنـد پارێزگایەکـی دیکـەی عێـراق بێنـن فیدراڵییەتێـک بـۆ خۆیـان پێکبهێنـن کـە دواتـر شـیعەکان ئـەم هەوڵەیـان دا و سـەرقاڵی هەرێمێکـی نوێـی فیدڕاڵـی بـوون.

کێشـەیەکی دیکـە لەنێـوان کـورد و عـەرەب سـەبارەت بـە دیاریکردنـی سـنووری ئیداریـی هەرێمـی کوردسـتان و دەسـەڵاتەکانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و بودجـەی فیدڕاڵـی و بودجـەی هەرێـم سـەریهەڵدا. عـەرەب بـە پێشـنیازەکەی کـورد ڕازی نەبـوون کـە داوای پێکهێنانـی سـوپا و واژووکردنـی ڕێککەوتنامـە لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێیان دەکـرد و لـەو بڕوایەدابـوون، ئـەم دەسـەڵاتانە تەنیـا دەسـەڵاتی حکومەتـی فیدراڵیـن و نادرێـن بـە حکومەتـی هەرێمـەکان. کوردیـش لـەلای خۆیـەوە بـە تونـدی دژی ئـەو دەسـتەواژەیەی دەسـتوور وەسـتانەوە کـە دەڵێـت: عێـراق بەشـێکە

لـە نەتـەوەی عـەرەب، چونکـە بەپێـی لێکدانـەوەی کـورد دەبووایـە لـە دەسـتوور بنووسرێـت عەرەبـی عێـراق بەشـێکە لـە نەتـەوەی عـەرەب نـەک هەمـوو عێـراق و کوردیـش کـە بەشـێکی گـەورەی عێـراق پێکدێنێـت نابێتـە بەشـێک لـە نەتـەوەی عـەرەب، بەڵکـو بەشـێکە لـە نەتـەوەی کـورد.

جـا کـە کورد گەیشـتە ئـەو قەناعەتـەی کێشـەی کورد لـەم قۆناغـەدا چارەسـەر ناکرێت، بـە دواخسـتنی چارەسـەرکردنەکە ڕازی بـوون، هەتاکـو دوای هەڵبژاردنەکانـی داهاتـوو. لـە ماوەی دوو مانگی مایس و حوزەیرانی ٢٠٠٥ دانوسـتانێکی چڕ لە بەغدا لەسـەر ڕەشنووسـی دەسـتووری هەمیشـەیی عێراق بەڕێوەچوو. مەسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمی کوردستان سـەرۆکایەتیی شـاندی دانوسـتانکاری دەکـرد و سـێ هەفتـەی مانگـی ئاب بۆ ئەم مەبەسـتە لـە بەغـدای پایتەخـت مایـەوە، ئەنجـام کورد بـە پراکتیـک هەمـوو داواکارییەکانـی کوردیان لـە دەسـتوور چەسـپاند و زۆرێک لـە چاودێران لەو بڕوایـەدا بوون کـە ئۆتۆنۆمییەکەی کورد خەریکـە لـە دەوڵەتێکی سـەربەخۆ نزیـک دەبێتەوە.

ناکۆکییـە سـەرەکییەکانیش سـەبارەت بـە مافەکانـی کـورد و فیدراڵیـزم و ڕۆڵـی ئیسـلام و دابەشـکردنی داهاتـی نـەوت و کێشـەگەلێکی دیکـە هـەر بـەردەوام بـوو.

لێـرەدا پێویسـتە ئاماژە بـەوەش بدرێـت ئەمریکییـەکان بەهەر شـێوەیەک بێـت، دەبێت دەسـتوور لـەو کاتـەی ئـەوان دیاریانکـردووە تـەواو ببێـت و دەنگـی لەسـەر بدرێـت، کـورد زۆر لـەو گوشـارانە ناڕەحـەت بـوون کـە بـە گوشـاری ئەمەریـکا دەکرانـە سـەریان و دەبووایـە لەگـەڵ شـیعە ڕێکبکـەون، ئەوەشـیان ڕاگەیاندبـوو لایەنێـک (مەبەسـتیان کـورد بـوو) دەخـوازن دەسـتوورێک بـۆ سـەدەی بیسـت و یـەک دابڕێـژن، لایەنێکـی دیکـە (شـیعە) دەیانەوێـت دەسـتوورێک بـۆ سـەدەی حەڤـدە دابڕێـژن، بەداخـەوە ئەمەریـکا بـە هەمـان چـاو دەڕوانێتـە ئـەو دوو لایەنـە. ئەمەریـکا دەیەوێـت هەرچۆنێـک بێـت دەسـتوورێک لـە کاتـی دیاریکـراودا ئامادەبکرێـت، کـورد زیاتـر بـەوە ناڕەحـەت بـوو کـە ئەمەریـکا داوای سازشـکردنی لـە کـورد دەکـرد سـەبارەت بـە دابەشـکردنی داهاتـی نـەوت و مافـی چـارەی خۆنووسـین، سـەرباری ڕۆڵـی ئیسـلام و شـەریعەت[٤]. ئـەوەی پەیوەسـتە بـە ئایینـی ئیسـلام، کـورد ڕازییـە ئیسـلام بکرێتـە ئایینـی فەرمیـی وڵات، بـەڵام نایەوێـت ببێتـە تاکـە سـەرچاوەی یاسـادانانی دەوڵەتـی عێـراق.

دەستووری نوێی عێراق چارەسەرێکی ماماوەند بوو بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق. ئەم دەستووره دەسەڵاتێکی یاسادانانی بە کوردستان بەخشی و مافی ئەوەی پێدا ٦٠ هەزار پێشمەرگەی هەبێت و هەموو ئەو کێڵگە نەوتییە نوێیانەی لە ناوچەکەدا دۆزراونەتەوە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، لەلایەکی دیکەوە ئەو دەسەڵاتانەشی دیاریکرد کە تەنیا هی حکومەتی فیدراڵییە، بۆنموونە: دارایی، سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت و بەرگری، لە بڕگە گرنگەکانی دەستووره هەمیشەییەکە سەبارەت بە کورد ئەوەبوو کە دەستوور دان بە هەموو ئەو یاسایانە دەنێت کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرچووە.

لەڕاستیشدا دەستووری نوێی عێراق بە فەرمی دانی بەو دۆخە نیمچە سەربەخۆیە نا کە هەرێمی کوردستان تێیدایە و لە ساڵی ١٩٩١ەوە بووەتە دیفاکتۆیەک. هەروەها کورد هیچ دەسەڵاتێکی گرنگی دەست نەکەوت، بەڵام ئەو دەسەڵاتانەی هەیانبوو هیچیان لەدەست نەدا.

مەسعود بارزانی، ڕەشنووسی دەستووری بەم شێوەیە هەڵسەنگاند: «ناتوانم بڵێم دەقی دەستوور هەموو خواستەکانی کوردی تێدا بەدیهاتووە، بەڵام چارەسەرێکی ماماوەندە لەنێوان گەلانی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق»[٥]. هەر بەپێی لێدوانەکانی بارزانی، ئەوەی بە گرنگ لەقەڵەمدا کە لە پێشەکیی دەستووردا ئاماژە بۆ یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی وڵات کراوە، ئەگەرچیش مافی چارەی خۆنووسین لەنێو دەستووردا جێگەی نەکراوەتەوە کە کورد داوای دەکرد[٦].

کورد لەچوارچێوەی دانووستانەکاندا دەستبەردانی دوو پرسی گرنگ بوو: یەکەمیان دەستبەرداربوون بوو لەو بڕگەیەی لە هەلومەرجی دیاریکراودا ڕێگە بە جودابوونەوەی کوردستان دەدات لە عێراق، لەمبارەیەوە سەرکردەکانی کورد ڕایانگەیاندووە، ئەم بەندە بەندێکی ڕەمزییە و لەکاتی خستنەڕووی ئەم پێشنیازە مەحاڵە عەرەب ڕازی بێت لە دەستووردا جێگیر بکرێت.

دووەمیان: ڕازیبوون بە دواخستنی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک بوو، بەڵام کاتێکی دیاریکراویان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دانا کە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧)ە.

کاتێک ڕەشنووسی دەستووری عێراق وەکو چارەسەرێکی ماموناوەند ئامادەکرابوو بۆ ڕاپرسی، کورد ئەگەرچی دەستبەرداری ئەو پرسانە بوو کە لەپێشەوە باسکران، دەستکەوتی باشیشیان بەدەستهێنا، هەرچەندە سەرکردەکانی کورد پشتگیرییەکی تەواوی پرۆسەی دەنگدانیان دەکرد لەسەر ڕەشنووسەکە، کەچی ڕێژەی بەشداریکردن لە دەنگدان بە دەستوور وەکو ڕێژەی بەشداربوون نەبوو لە هەڵبژاردنەکان، بۆنموونە: لە هەولێر تەنیا ٧٥٪ و لە سلێمانی ڕێژەیەکی کەمتر و لە کەرکووک گەیشتە٤٠٪.

لەڕاستیدا پێکهاتەی کورد ڕۆڵیکی زۆر گرنگیان لە پاراستنی هاوسەنگیی نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا گێڕا، بەتایبەتیش لە داخوازییەکانی شیعە، هەرچی ڕەنگدانەوەی پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی دەستووریشە پێش هەموو لایەنێک بە فەزڵی کورد هاتەدی.

کورد ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕۆڵی ناوبژیوانیان لەنێوان شیعە و سوننەدا دەگێڕێ و کوردستان بێجگە لە بەغدا مەڵبەندی هەموو ئەو دانوستانە سەرەکییانە بوون کە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بەڕێوەدەچوون، ئا بەم شێوەیە دوای هەڵبژاردنەکانی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ کوردستان بووە جێگەی گفتوگۆی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی عێراقی نوێ و ڕۆڵێکی کاریگەریشی لە دانانی سنووڕێک بۆ هاوپەیمانیی شیعە گێڕا و لێرەدا سوننە و بەتایبەتی لیستەکەی عەلاوی هاوکاریان بوو، هەروەها کورد بە هەموو شێوەیەک خۆی لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەک دەپارێزێت کە بۆ دژایەتیکردنی پێکهاتەی شیعەی عێراق پێکهێنرابێت و بڕوایان وایە ئەم جۆرە هاوپەیمانییانە بۆ سەقامگیریی وڵات مەترسییەکی گەورەیە و هەمیشە هەوڵیان داوە قەناعەت بە گەورەترین هێزی سیاسیی براوەی هەڵبژاردنەکان بکەن بە دیالۆگ و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق دانوستان بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵەکانی پێکهاتەی شیعەشیان پووچەڵکردووەتەوە لەوەی بە تەنیا جڵەوی هەموو عێراق بگرنە دەست، تا کار گەیشتە پێشوازینەکردنی ئیبراهیم جەعفەری و ناچارکردنی بۆ سازشکردن بۆ نووری مالکی.

تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە عێراق و شڵۆقیی دۆخی سیاسی، کورد بڕوایان وایە پێویستە سەرجەم پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق لە دەسەڵاتدا

بەشداربن و زۆر جاریش پشکی خۆیان داوەتە لایەنێکی دیکە بۆ ڕازیکردنی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق.

لەڕاستیدا ئەمڕۆ کورد تاکە هێزە بەبەرنامە کار بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەی پێکهێنانی حکومەتێکی ئیئتلافی و دەسەڵاتێکی ئیئتیلافی دەکات. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین سەرکردەکانی کورد لە کەشوهەوایەکی زۆر سەختدا سیاسەتیان کردووە، بەتایبەتی سەرکردە دانوستانکارەکانیان لە بەغدا کە بەپێچەوانەی خواستی ڕای گشتیی باشووری کوردستان کەوا مەیلی ڕاگەیاندنی سەربەخۆییان هەیە و لەوبڕوایەدان دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بە هەڵە ناوچەکەیان دەخاتەوە ژێر فەزای یاسایی عێراقی[٧].

سەرچاوەکان

1- См. по: Arif ZSrevan. Stratejiste kurd bu seroke Kurdistane. (Ариф Зере- ван. Курдский стратег стал президентом Курдистана.)//Nefel.com,15.06.2003.http://www.nefel.com/kolumnists/kolumnist_detail.asp?MemberNr=2&RubricNr=24&ArticleNr=227 (курд, яз.)

2- Financial Times, 01.02.2005. Iraqi Kurds hold balance of power and can win autonomy'. H TDN, February 3, 2005.

3- См. статью известного политолога, бывшего посла США в Хорватии, ныне советника Масуда Барзани П.Гэлбрейта в Los Angeles Times от 14.04.2005.

4- US pressures Kurds as new deadline on Iraq charter looms. // Peyam- ner.com, 21 Aug. 2005. Ellen Knickmeyer. Kurds slam US ambassador. // Washington Post, August 21, 2005.

5- President Barzani Urges Kurds To Back Iraq Charter. H Arbil, Iraq, Aug 29, 2005. (AFP).

6- The constitution includes great achievements for the Kurds, Barzani says. И Peyamner.com, 07 Sep 2005.

7- См. заявление депутата парламента Курдистана Нури Талабани: Hewler Globe, 24.01.2006.- № 41; а также руководителя секретариата президентаКурдистана Масуда Барзани Фуада Хуссейна: Despite chaotic situation spiral talks to continue. // Hewler Globe, 28.03.2006.- № 50.

فاکتەری کورد و سەقامگیریی ئیقلیمی

شۆڕش سەعید

ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ بووە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی هاوچەرخ. هەروەک چۆن مێژوونووسان مێژووی هاوچەرخ دەکەنە دوو بەشی؛ پێش جەنگی یەکەمی جیهان یاخود دووەم و دوای ئەو جەنگانە، بە هەمان شێوە لە ئێستادا ژیان کراوەتە دوو بەشی پێش و پاش ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوول، دوای ئەو ڕۆژە کارەساتبارە هەموو شتێکی هاوشێوەی ئەم کردانە مومکینە کە پێشتر بیریان لێنەدەکرایەوە. تارمایی شوومی تیرۆری نێودەوڵەتی پیرۆزیی پرەنسیپی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی هەژاند و پرەنسیپەکانی دیموکراسییەتی وەلانا بۆ نەهێشتنی هەڕەشەکانی تیرۆر.

جەنگی دژە تیرۆری نێودەوڵەتیی ڕێکخراوەکانی قاعیدە و تاڵیبان لە ئەفغانستان و دواتر ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی عێراق بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێویستە جیهانی نوێ پابەندی گۆڕانکارییە گەورەکان ببێت.

ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن نەک هەر بۆ عێراقییەکان بگرە بۆ تەواوی ناوچەکە زۆر گرنگ بوو، گەلانی عێراق زۆر تینووی ئازادی بوون بەڕادەیەک کە قۆناغی یەکەمی جەنگی هێزەکانی هاوپەیمانان لە دژی سەدام حوسێن کە بە ڕووخانی دیکتاتۆر کۆتایهات زۆر بە خێرایی بەڕێوەچوو. ئەم ڕووداوە دەرفەت و هیوایەکی بە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەخشی و دوای چەند دەیەیەک لە حوکمی دیکتاتۆرییانە، ئێستا کاتی ئەو ئازادییە هات کە دەمێکە چاوەڕێ دەکرێت.

لە شەش مانگی یەکەمدا پێوەندیی نێوان عێراقییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان پتەو و دۆستانە بوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و لەبەر چەند هۆکارێک بەرەبەرە ئەم پێوەندییە دۆستانەیە ئاڵۆزتر بوو کە لە بنەڕەتدا ئەوکاتە پێوەندییەکان بەرەو ئاڵۆزبوون چوو، کاتێک ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێشنیازی خودی ئەمریکییەکان بڕیاری ژمارە ١٤٨٣یان دەرکرد و بەپێی بڕیارەکە

سـوپای ئەمەریـکا بـە هێزێکـی داگیـرکاری عێـراق ناسـێنرا و مافـی یاسـایی پێـدراوە حوکمی عێـراق بـکات. ئەمـەش سـەرەتایەک بـوو بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە چەکدارییەکانـی چەنـد گرووپێکـی عێـراق کـە بـە بیانـووی نەهێشـتنی داگیرکاریـی وڵات ڕووبـەڕووی هێزەکانـی هاوپەیمانـان و ئـەو هێزانـە ببنـەوە کـە هاوکاریانـن، ئـەم پێشـهاتە چاوەڕوانەنکـراوە وای لـە ئەمەریـکا کـرد کـە شـارەزای سرووشـتی ناوچەکـە نییـە، چەنـد ڕێوشـوێنێکی هەڵـە بگرێتەبـەر، ئەمـەش پێوەندیـی نێـوان عێراقییـەکان و هێزەکانـی ئەمەریـکای ئاڵۆزتـر کـرد.

یەکێـک لـە هەڵـە هەرە گـەورە و مەترسـیدارەکانی ئەمەریکا هەڵوەشـاندنەوەی سـوپای عێـراق بـوو کـە فەوزایەکـی گـەورەی لەنێـو کۆمەڵگـەدا خوڵقانـد. هەمـوو جبەخانـە و سـەبازگەکان تاڵانکـران و تەقەمەنـی و چەکـی یەکێـک لـە گەورەتریـن سـوپاکانی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن کەوتـە ژێـر دەسـت کەسـانێکی ڕەمەکـی و نادیـار، بەشـێکی زۆریشـیان کەوتـە ژێـر دەسـتی گرووپـە تیرۆریسـتییەکان و چەتـە و ڕێگـران.

دەوڵەتـی عێـراق، سـوپا و پاسـەوانی لەسـەر سـنووورەکاندا نەمـا و لـە هەمـوو لایەکـەوە سـنوور واڵاکـرا و تاقمـە تێرۆریسـتییەکانی ئەودیـوی سـنووری عێـراق بەڵێشـاو دەهاتنـە نێـو خاکـی عێراقـەوە، بەتایبەتـی دوای چڕکردنـەوەی پرۆسـەکانی دژەتیـرۆر لـە چیچـان و ئەفغانسـتان و پاکسـتان.

هـۆکاری دووەمـی شـڵەژانی سـەقامگیریی عێـراق ئەوەبـوو کـە وڵات دوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام بـووە گۆڕەپانێـک بـۆ ململانێـی بەرژەوەندییـە جیاوازەکانـی نێودەوڵەتـی و ئیقلیمـی. یەکێـک لـە کێشـە سـەرەکییەکانی عێـراق، ناکۆکییەکانـی نێـوان ئەمەریـکا و ئێرانـە کـە ڕەنگدانـەوەی خراپـی لەسـەر دۆخـی عێـراق دەبێـت. لەلایەکـی دیکـەوە ڕژێمـە سـەرکوتگەرییەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن دامەزراندنـی کۆمەڵگەیەکـی دیموکراسـی لـە عێـراق زۆر بەلایانـەوە گرنـگ نییـە و بگـرە پێشـیان ناخۆشـە ئـەم ئەزموونـەی عێـراق سـەربگرێ و دواجـار ببێتـە مایـەی بێهێزکردنـی دەوڵـەت و شـێواندنی دۆخـی سـەقامگیری وڵاتیـان، بۆیـە زۆربـەی وڵاتانـی دەوروبـەر هەمـوو هەوڵێکیـان بـۆ شکسـتهێنان بـەو ئەزموونـە نوێیـەی عێـراق خسـتووەتەگەڕ.

لـەڕووی مێژووییشـەوە ململانـێ و ناکۆکییەکانـی نێـوان سـوننە و شـیعەی عێـراق بـووە سـەرچاوەی مەترسـییەکانی ئـەو وڵاتانـەی زۆرینەیـان سـوننە مەزهەبـن، ئـەم تـرس

و نیگەرانییە چەندین جار لە لێدوانەکانی عەبدوڵڵای دووەم شای ئوردن بە ئاشکرا گوزارشتی لێکراوە و هۆشداریی داوە لە پێکهێنانی «کەوانەی شیعی» ئێران – عێراق –سووریا–لوبنان کە دەبێتەهۆی زیادکردنی هەژموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەرلەبەرئەم مەترسییەشە زۆربەی وڵاتە سوننە مەزهەبەکان هاوکاریی سوننەکانی عێراق دەکەن.

بەشێکی زۆر لە بەرپرسیاریەتی پاراستنی سەقامگیریی عێراق لە ئەستۆی هێزە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پێشووی عێراقدایە کە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەی عێراقی یەکخستووە – شیعەکانی ئۆپۆزیسیۆن، سوننە، کورد، ناسیۆنالیستە سۆسیالیستە عێراقییەکان کە دژی ڕژێمی پێشووی سەدام حوسێن بوون – نزیکەی دوو دەیە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا هەوڵی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسیان دەدا، بەڵام پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن دەرکەوت ڕژێمی پێشوو تاکە فاکتەری یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆن بووە، کاتێک ئۆپۆزیسیۆن دەسەڵاتی حوکمڕانیی عێراقی گرتەدەست، ناکۆکییە قووڵەکانی نێوان ئەو پێکهاتانە سەریانهەڵدا و بوونە فاکتەرێکی سەرەکیی ناسەقامگیریی وڵات، گرنگترینیان: سەبارەت بە هەیکەلی ئایندەیی سیاسیی عێراق و ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەی عێراق و دواڕۆژی حزبی بەعس بوو، هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش لە هەڵسەنگاندنی کردەوە تیرۆریستییەکان و پێوەندیی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هاوڕا نەبوون.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی هەڵوێستی نەرێنی لە ئاست هێزە چەکدارەکانی ئەمەریکا لە عێراق، کردەوە نابەجێیەکانی ئەو هێزانە بوون دژی هاوواڵتیانی سڤیلی عێراقی. دەیان کەسی بێگوناە بوونە قوربانیی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی هاوپەیمانان، پرۆسە سەربازییەکەی شاری حەدیسە کە ٢٠ ژن و منداڵ بوونە قوربانی دەنگدانەوەیەکی گەورەی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە. پرۆسەکانی پشکنینی مزگەوت و دامەزراوە ئایینییەکانی دیکە هەستی موسڵمانانی بریندارکرد و پێشێلکارییەکی زەقی مافەکانی مرۆڤ بوون، هەروەها کردەوە ئابڕووبەرانەکەی بەندیخانەی ئەبوغرێب، تەنانەت ئەوانەی پشتیوانیی ئەمەریکایان دەکرد گومانیان لەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەیەی سوپای ئەمەریکا پەیداکرد و بووە مایەی نیگەرانیی ڕێکخراوە دیموکراسییەکان و مافەکانی

مـرۆڤ، سـوپای ئەمەریـکا کـە ئەزموونێکـی تەواویـان لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ هاووڵاتیانـی ناوچەکـە نەبـوو و ئەو ڕاسـتییانەیان بەرچاو نەگرتبوو کە عێـراق وڵاتێکی خاوەن مێژوویەکی دێریـن و دەوڵەمەنـد و کلتوورێکـی جیـاواز و فرەنەریتـە.

لـە زۆربـەی حاڵەتەکانـدا فەرماندەیـی سـوپای ئەمەریـکا پێـش ئەنجامدانـی هـەر چالاکییەکـدا پرسـیان بـە دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای عێـراق نەدەکـرد و بـە تەنیـا ڕێۆشـوێنی جۆراوجۆریـان دەگرتەبـەر. ئـەم ڕاسـتییە لـە نووسـینی یادەوەرییەکانـی پـۆڵ بریمـەر باڵیـۆزی پێشـووی ئەمەریـکا لـە عێـراق ڕەنگیداوەتـەوە کـە بـەم دواییـە بڵاویکردبـووە و یادەوەرییەکانـی دوو سـاڵی پـاش ڕووخانـی سـەدام حوسـێنی تێـدا تۆمارکردبـوو.

سـەرباری هەمـوو ئـەم کێشـانەی لەپێشـەوە باسـکران، پرۆسـەی دیموکراتیزەکردنـی کۆمەڵگـە هـەر بـەردەوام بـوو، لـە سـاڵی ڕابـردوودا هەڵبژاردنـی پەرلەمـان بەڕێوەچـوو و دووجـار ڕاپرسـی کـرا لەسـەر دەسـتوور، چاودێرانـی نێودەوڵەتیـش کـە چاودێریی پرۆسـەی هەڵبژاردنەکانیـان دەکـرد، تێبینیـی ئـەو ئاسـتە بـەرزەی ڕێکخسـتنی هەڵبژاردنەکانیـان دەکـرد و ئەگەرچیـش هێندێـک پێشـێلکاریی بچووکیـش بەرچاودەکەوتـن، بـەڵام کاریـان نەکردبـووە سـەر ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان، لـە عێراقـی ئەمـڕۆدا ئازادیـی ڕادەربڕیـن بەرقـەراڕە و دەیـان ڕۆژنامـە و گۆڤـار کـە ئاراستەی سیاسـیی جیـاواز بەڕێوەیـان دەبـات بڵاودەکرێنـەوە و کەناڵـە ئاسـمانی و لۆکاڵییـەکان لەگـەڵ ژمارەیەکـی زۆری پەخشـی ڕادیۆیـی کەوتوونەتـە کار و ئـەو ئامرازانـەی لەکاتـی سـەدامدا قەدەغەکرابـوو – ئینتەرنێـت و کەناڵـی ئاسـمانی لەئێسـتادا کەوتوونەتـە کار.

تێکـڕای مووچـەی مانگانـەی فەرمانبـەران لـە ٥- ٦ دۆلاری سـەردەمی سـەدام حوسـێن زیـادی کـرد و گەیشـتە ١٥٠- ٢٠٠ دۆلار و پـلان بـۆ بناغـەی ئابووریەکـی نوێـی عێراقـی داڕێـژرا کـە لەسـەر بنەمـای پێوەندییەکانـی بـازاڕدا دامەزرابـوو، هەمـوو ئەمانـە وێـڕای دۆخـی سـەختی عێـراق –کـردە تیرۆریسـتییە ڕۆژانـەکان و ناسـەقامگیری و پڕوپاگەنـدەی دەزگاکانـی ڕاگەیاندنـی وڵاتانـی عەرەبـی- کاریگەرییەکـی ئەرێنییـان لەسـەر دۆخـە گشـتییەکەی ناوچەکـەدا هەبـوو. ئـەم گۆڕانکارییانـەش دانیشـتوانی وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن کـە ڕژێمـی تۆتالیتـاری بەڕێوەیـان دەبـات، خۆزگـە بـە عێراقییـەکان دەخـوازن، ئەنجـام گۆڕانکارییەکـی گـەورە لـە سیاسـەتی نێوخـۆی ئـەم دەوڵەتانـە هاتەئـاراوە.

دواجار خۆپیشاندان لە سوریا دەستپێکرد و داواکاریی خۆپیشاندەران دەرکردنی یاسای تایبەت بوو بە فرە حزبی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بوونە بابەتی سەرەکیی نێو پەرلەمان. لە شانشینی عەرەبیی سعوودییەش بۆیەکەمین جار هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوەچوو. لە میسریش بۆیەکەمین جار زیاتر لە بەربژێرێک خۆیان بۆ سەرۆکایەتیی وڵات کاندید کرد. لە سەرەتاکانی ٢٠٠٦ هەر بۆ یەکەمین جار کوێت مافی دەنگدانی بە ئافرەت بەخشی، لە یەمەنیش ئامادەباشی دەکرا بۆ چاکسازی لە کایەی پەروەردە و فێرکردن. لیبیاش لە جێبەجێکردنی بەرنامە ناوەکییەکەی پەشیمان بووەوە و پشتگیریی لە حزبە تووندئاژۆ و گرووپە سیاسییە جۆربەجۆرەکان دەکرد و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئاسایی کردەوە.

لەم بارودۆخە سەختەی عێراق و ناوچەکەدا، پێویستە بوو سەرکردەکانی کورد ڕێوشوێنی وەها بگرنەبەر کە ئەوانەی لە ١٠ ساڵی پێشوو لە دامەزراندنی «ناوچەی ئارام»ەوە لە دەست نەدەن، لە دەیەی ڕابردوودا باشووری کوردستان گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆوە بینیوە و ئەو گۆڕانکارییانە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبووە. لەچوارچێوەی هەموو ئەوانەی لەپێشەوە باسکران پێویستە سەرکردەکانی کورد پێش هەموو شتێک بیر لە لەدەستنەچوونی ئەو دەستکەوتانە بکەنەوە کە لە ئێستادا هاتوونەتەدی، هەروەها چەسپاندنی ئەو دەستکەوتانە لەنێو دەستووری نوێی عێراق، هەموو ئەم پرسانەش ئەرکی سەرکردەکانی کوردن.

پێویست ناکات ئەوەشمان لەبیربچێت لەم بارودۆخەی ئێستادا بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ بەرژەوەندیی هێزە جیاوازەکانی ناوچەکە یەکترەبڕن و ڕووبەڕووی چەندین کێشە بوونە کە تازە سەریانهەڵداوە و هیچ بواریێک بۆ چاوەڕێکردن نەماوە، لەڕووی پراکتیکیشەوە هەر هێزێکی سیاسیی عێراقی دەوڵەتێکی لەپشتە، شیعەکانی عێراق ئێران بایەخیان پێدەدا و لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکارییان دەکات، چەندین دەوڵەتیش پشتگیریی سوننەکان دەکەن، لەپێش هەموویانەوە سعوودییە، سوریا، کوێت و ئوردن، تورکیاش پشتیوانیی تورکمانەکانی عێراق دەکات، بۆیە لەم بارودۆخەدا بچووکترین هەڵە و حیساباتی نادروست بۆ کورد مایەی قبووڵکردن نییە.

بـە بەکارهێنانـی ئـەو ئەزموونـە دەوڵەمەنـدەی لـە خەباتـی سیاسـیدا هەیەتـی، کـوردی باشـوور نـەک هـەر بەرگـەی سـەختترین دۆخیـان گرتـووە، بگـرە پێگەیەکـی سەرەکیشـیان لـە حکومەتـی عێـراق هەیـە. لـە هـەردوو هەڵبژاردنەکـەدا کـورد دووەمیـن فراکسـیۆنی نێـو پەرلەمانـی عێـراق بوونـە. لەنێـو دەسـتووری نوێـی عێراقیشـدا خواسـتە سـەرەکییەکانی کـورد دیاریکـراوە: چەسـپاندنی سیسـتەمی فیدراڵـی بـۆ عێـراق و داننـان بـە زمانـی کـوردی وەک زمانـی دووەمـی فەرمیـی عێـراق، هێشـتنەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە وەک بەشـێک لـە دەزگاکانـی هەرێـم و بـوون بـە هێزێکـی نیزامـی بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی باشـووری کوردسـتان کـە لەلایـەن پەرلەمانـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە دانپێدانـراوە.

کـورد گەرەنتیـی ئەوەشـی وەرگرتبـوو کـە عێـراق نابێتـە کۆمارێکـی ئیسـلامی و ناشـگەڕێتەوە بـۆ سیسـتەمی تۆتالیتارییـەت. دەسـتووری نوێـی عێـراق خواسـتەکانی کـوردی لـە ڕێزگرتـن لـە مافەکانـی مـرۆڤ و جەختکردنـەوە لەسـەر ڕۆڵـی گرنگـی ئافـرەت لـە کۆمەڵگـەی مۆدێـرن، حکومەتـی نوێـی عێـراق چـوار وەزارەتـی بـە ئافـرەت سـپاردووە کـە دووانیـان بـە ژەگـەز کـوردن.

گەشەسـەندنی ڕۆڵـی حزبـە ئیسـلامییەکان لـە کۆمەڵگـەی عێراقـی نوێـدا بووەتـە هـۆی لاوازکردنـی کاریگەریـی حزبـە سیاسـییە عەلمانییـەکان، یەکێـک لـە دێرینتریـن حزبـە عێراقییەکانـن حزبـی شـیوعیی عێراقییـە کـە تەنیـا دوو کورسـیی لـە پەرلەمانـی عێـراق بەدەسـتهێناوە. لەژێـر هەڕەشـەی بـە ئیسـلامکردنی تەواوەتیـی وڵات، حزبـە سیاسـییە عەلمانییـەکان دانیـان بـەوەدا نـاوە کـە کـوردی باشـوور زامنـی پاراسـتنی عەلمانییەتـن لـە عێـراق.

لـەدوای ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن، ژمارەیەکـی زۆری شرۆڤـەکاران لەوبڕوایـەدا بـوون کـورد دەسـتبەجێ دەوڵەتـی سـەربەخۆی خۆیـان ڕابگەیەنـن، کەچـی هەمـوو جیهـان ئێسـتا دەبینـێ سـەرکۆماری عێـراق جـەلال تاڵەبانـی کـوردە و سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان مەسـعود بارزانـی و سـەرۆکایەتیی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان خەباتیـان بـۆ یەکێتیـی عێـراق و پاراسـتنی یەکپارچەیـی خاکـی عێراقـە و هـەوڵ و کۆششـیان لەپێنـاو ڕێگەگرتنـە لـە هەڵگیرسـاندنی شـەڕی ناوخـۆ. عەمـرو موسـا

سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی دەڵێ: کورد نەک هەر بەشێک نین لە کێشەکان، بەڵکو بەشێکن لە چارەسەر و کورد فاکتەری هاوسەنگین و بەربەستێکن لەنێوان سوننە و شیعەی عێراق.

هەزاران عەرەبی هاوردە کە سەدام حوسێن لەچوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کەرکووک و خانەقین نیشتەجێی کردبوون، بەزۆرەملێ لەو شوێنانە دەرنەکران، بەڵکو بە چەند ڕێکارێکی یاسایی ئەم پرسە چارەسەرکرا، کەچی لە پارچەکانی دیکەی عێراق ڕۆژانە شیعە لە ناوچە سوننەنشینەکان دەردەکرێن و بە پێچەوانەشەوە و بەکارهێنانی توندوتیژیش بووەتە دیاردەیەک لە پێوەندییەکانی نێوان سوننە و شیعە.

لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەیان کێشەی سەریانهەڵدەدا، بەڵام لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری عێراقدا سەرجەم هێزە سیاسییەکانی عێراق لارییان نەبوو لە دانانی بەربژێرێک بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق، ئەویش جەلال تاڵەبانی بوو، بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق بۆ چوار ساڵی ئایندە.

بێجگە لە پۆستی سەرۆک کۆماری، کورد لە حکومەتە نوێیەکەی عێراق ٦ وەزارەتی وەرگرت: وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی پیشەسازی، بنیاتنانەوە، سەرچاوەکانی ئاو، ژینگە و پۆستی وەزیری دەوڵەت و جێگرەکانی هەریەک لە سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.

ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین، پێویستە بڵێین هەموو هاوواڵاتیانی کوردستان هەڵوێستی سەرکردەکانیان بەڕاست نازانن، بۆچوونێک هەیە دەڵێت: کورد پێویستی بەوە نییە مامەڵە لەتەک کێشەکانی عێراقدا بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە قووڵەکانی نێوان شیعە و سوننە و حزبە ئیسلامی و عەلمانییەکان. کوردستان ناوچەیەکی خۆژیێنی دەوڵەمەندە بە کانزاکان و ئابووریەکی پێشکەوتوو و ژێرخانێکی کۆمەڵایەتیی چالاکە، واتە هەموو بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تێدایە، بەپێی بەشێک لە شرۆڤەکارانی کورد، لە حاڵەتی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆدا، پێویستە کورد خۆی ئامادە بکات بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، نەبادا ئەو شەڕە تەشەنە بکات و بگاتە کوردستانیش، چونکە ئەوان وایدەبینن یەکێتیی عێراق و یەکپارچەیی خاکەکەی پیرۆزتر نییە

لـە یەکپارچەیـی خاکـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و چیکۆسـلۆڤاکیا و یۆگسـلاڤیا. دەکـرێ لـە کوردستانیشـدا هەمـان ئـەو ڕەوتـە بـۆ چـارەی خۆنووسـینی نەتەوەیـی بگرنەبـەر و وەکـو – مۆنتینیگـرۆ- سـەربەخۆیی خۆیـان ڕابگەیەنـن کـە لـە ناوەڕاسـتی ئایـاری ٢٠٠٦دا زۆرینـەی دانیشـتوان دەنگیـان بـە جودابوونـەوە لـە سربیـا داوە، پێوەندیـی نێـوان کـورد و بەشـە عەرەبییەکـەی عێـراق وەکـو هاوسـەرگیرییەکی کاتۆلیکـی نییـە کـە تەڵاقـی تێـدا نەبێـت.

کۆمەڵگـەی کـوردەواری بـە ئومێـد و گەشـبینییەوە دەڕوانێتـە ئایینـدە، بەتایبەتـی دوای پێکهێنانـی حکومەتێکـی یەکگرتـووی کـورد، پێویسـتە ئـەم ڕاسـتییە پەرەسـەندنی ئابووریـی ناوچەکـەی بەدوادابێـت و ڕۆڵـی کـورد لـە گۆڕەپانـی سیاسـیی عێراقـدا بچەسـپێنێت.

پێویسـتە ئـەوەش بڵێیـن ڕووداوەکانـی عێـراق کاریگەریـی لەسـەر کێشـەی تـەواوی کـوردی پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش هەبـوو و بـۆ یەکەمیـن جـارە لـە مێـژووی خەباتـی کوردانـدا بزووتنـەوەی کـورد لـە سەرتاسـەری کوردسـتان ئـاوا چـالاک بێـت و بزووتنـەوەی ناسیۆنالیسـتیی کـورد لـە باکووری کوردسـتان گەیشـتە ئاسـتێکی زۆر بـەرز. جا ئەگـەر ڕووبەڕووبوونـەوە چەکدارییـە سـنووردارەکان لەگـەڵ سـوپای تورکیـا لـە پێشـوودا هەبووبێـت، لـە ئێسـتادا هـەزاران خۆپیشـاندان و گردبوونـەوەی ئاشـتییانەی چالاکوانـان لـە زۆربـەی شـارە کوردییەکانـی باکـوور ئـەو ڕاسـتییەمان پێدەڵێـت: پێویسـتە کێشـەی کـورد بـە زووتریـن کات چارەسـەر بکرێـت، هەروەهـا تورکیـاش وەکـو سـەردەمانی پێشـوو نەمـاوە و لـە ئێسـتادا ڕۆژنامـە و گۆڤـار بـە زمانـی کـوردی بڵاودەکرێنـەوە و قوتابخانـە کراونەتـەوە و خوێنـدن تێیانـدا بـە زمانـی کوردییـە، هەروەهـا مـاف و ئازادییەکـی بەرفرەوانتریـان بـۆ ڕەخسـاوە و سـەرکردەکانی تورکیـا بـە فەرمـی دانیـان بـە کێشـەی کـورد نـاوە و بـە پێویسـتیان زانیـوە چارەسـەر بکرێـت. لـە سـەردانەکەی ئـەردۆگان لـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٥ بـۆ دیاربەکـر ئـەم ڕاسـتییانەی بـۆ جەمـاوەری شـارەکە درکانـد، یەکێتیـی ئەوروپـاش گوشـاری خسـتووەتە سـەر حکومەتـی تورکیـا ڕێـز لـە مافەکانـی مـرۆڤ بنێـت و هەڵوێسـتی بەرانبـەر بـە کـوردی باکـوور خاوبکاتـەوە و مەرجـی پێشـوەختە دابنێـت بـۆ دیالـۆگ و گفتوگـۆ لەگـەڵ کـوردی باکـوور.

لـە سـووریا، کـوردی ڕۆژئـاوا وەکـو هێزێکـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی هیـچ ڕۆڵێکیـان

نەبـوو، دەسـەڵاتدارانی ئـەوێ بـە دڕەندەتریـن شـێوە بەرەنـگاری هـەر خواسـتێکی نەتەوەیـی کـورد دەبـووەوە. بـەڵام ئەمـڕۆ لەسەرتاسـەری وڵات ڕێپێـوان و ناڕەزایـی دەربڕیـن بەرچـاو دەکەوێـت و کـوردی ڕۆژئـاوا بەشـێک بوونـە لـەم چالاکییانـە، بەتایبەتـی دوای ئـەو گوشـارە نێودەوڵەتییانـەی دەخرایـە سـەر ڕژێمـی سـووریا و جیابوونـەوەی چەنـد باڵێـک لـە سـوپا و کۆمەڵگـەی دەوڵەتـی سـووریا، کاتێـک عەبدولحەلیـم خـەددام جێگـری سـەرۆک بـۆ فڕەنسـا هـەڵات و لەوێـوە سـەرکردایەتیی بەشـێک لـە ئۆپۆزیسـیۆنی حکومەتـی سـوریای دەکـرد.

لـە ئێرانیـش کـوردی ڕۆژهـەڵات جووڵـە و چالاکییەکانیـان پەرەیسـەند، بەتایبەتـی دوای هەڵبژاردنـی ئەحمـەدی نـەژاد و گوشـارەکانی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـۆ ڕاگرتنـی پەرەسـەندنی بەرنامـە ناوەکییـە سـەربازییەکەی.

هەمـوو ئـەم ڕووداوانـە ئاماژەگەلێکـن کـە لـە سـاڵانی داهاتـوودا گۆڕانکارییەکـی گـەورە لـە جیۆسیاسـیی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی ناویـن دێتەئـاراوە و کـورد ڕۆڵـی سـەرەکیی لـەم گۆڕانکارییانـەدا دەبێـت.

بەرنامەی ئابووریی کوردستان

خۆشەوی ئیبراهیم:

لەڕووی پرەنسیپەوە دەوڵەتی ئەمڕۆی کوردستان، جێگەی ناکۆکیی کەس نییە. تاکە پرسیارەکەش ئەمەیە: ڕادەی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی کە کوردستان لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیزمدا دەستی دەکەوێت و هیچ جێگرەوەیەکی نییە بێجگە لە هەرەسهێنانی دەوڵەتی عێراق. بەڵام ئەم کێشەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا چارەسەردەکرێت.

لەڕاستیدا کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ەوە سەربەخۆیە و دەرکەوتووە ئیدارەدانی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان یەکێک بووە لە گرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتنی پڕۆژە سیاسی و ئابووریەکانی کوردستانی پاش ڕووخانی سەدام حوسێن. لەو ماوەیەدا کوردستان بەهەموو هەیکەلە پێویستەکانی دەوڵەت و ئایدیۆلۆژییەت ڕوویان لە بنیاتنانەوەی نەتەوە کرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە وردی پەرەیان پێدەدا. ئەمە یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و دامەزراندنەوەی عێراقێکی نوێ. کوردستانی باشوور لەڕووی هۆشیاریی ناسنامەی نیشتمانی و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق زۆر لە ناوچەکانی دیکەی عێراق لەپێشترە، ئەمەش سوودێکی گەورەی بە کورد گەیاندووە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا.

سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە لەیەک دووری لەنێوان هێزە سیاسییەکانی دیکەی عێراقدا وەستا و لە دانوستانی داڕشتنی دەستووردا پشتی هیچ لایەنێکی نەدەگرت لەسەر حسێبی لایەنێکی دیکە، بەمەش گەورەترین دەستکەوتی لە دەستووری نوێی عێراقدا دەستەبەرکرد. دەستووری نوێی عێراق هەر بە فەرمی ناساندنی هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوو، بگرە داننانیش بوو بە شەرعییەتی ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، بە گرێبەستە ئابووریەکانیشەوە، لە ماوەی ١٩٩٢ - ٢٠٠٤، ئەو دەستوورەی لە ١٥ی تشرینی یەکەم ڕاپرسیی بۆ کرا و دەنگی پێدرا، دان بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەنێت.

هەڵبەت ئەو سزا ئابووریەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٩١ - ٢٠٠٤ خستیە سەر عێراق، سەربەخۆیی ئابووری کوردستانیشی سنووردار کرد و بێبەش کرا لەو دەرفەتەی کە وەکو یەکەیەکی تەواو چالاکییە ئابووریە نێودەوڵەتییەکان کاربکات. لەلایەکی دیکەشەوە چالاکییە سیاسییە دەرەکییەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتەکەی سەدام حوسێن سنووردار کرابوو و لە بەکارهێنانی سامانی سرووشتیی کوردستان بێبەش ببوو. سەدام حوسێن هەژموونی بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەبوو و ئامادەبوو هەموو شتێک بکات لەپێناو ڕێگریکردن لە دانپێدانانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە کوردستان و دامەرزاندنی پێوەندیی ئابووری لەگەڵیدا. پێش ڕووخانی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣ سەقفی زەمەنیی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق دیارنەبوو و بەربەست بوو لەبەردەم پێوەندییە دریژخایەنەکان لەگەڵ کوردستان و ڕێگری دەکرا لە هەر وەبەرهێنانێکی ڕاستەقینەی بیانی لە ئابوورییەکەی.

لە ٢٠٠٤ەوە کاتێک دەسەڵات کەوتە دەست خودی عێراقییەکانەوە، وڵات لە سایەی دەستووری کاتیی عێراقدا بەڕێوەدەچوو، بە حوکمی یاسا، کوردستان هەڵێکی ڕاستەقینەی بۆ مومارەسەکردنی مافەکانی خۆی لە بابەتی چالاکییە ئابووریەکانی بیانیدا بۆ ڕەخسا و ئەو دەستوورە نوێیەی عێراق هەنگاوی یەکەم بوو بۆ زامنکردنی دەوڵەتی کوردستان، وەکو ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا، بەمەش دەروازەی نوێی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بۆ والابوو.

گۆڕانی دۆخی عێراق ئەرکی حکومەتی کوردستانیشی گۆڕی کە پێشتر کێشەکانی هاوولاتیانی هەرێمی کوردستانی چارەسەر دەکرد، لەئێستادا کێشەی مانەوەی هاوولاتیانی کوردستان لەگەڵ عێراقدا چارەسەر دەکات.

لە شەش ساڵی یەکەمدا کوردستان داهاتێکی دارایی ڕاستەقینەی نەبوو، داهاتی تاکە کەسێک دەگەیشتە ٢٠٠ دۆلار لە ساڵێکدا، بەڵام دوای جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە خۆراک لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دۆخە ئابوورییەکە بەرەبەرە ڕووی لە گەشانەوە کرد، دوابەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتی و

ئابووریی نوێدا کاروباری هەرێم بەڕێوە دەبات. هەڵی گەشەسەندنی ئەو ئابووریە لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستان زیاتر دەبێت کە لە ئێستادا دابەش بووەتە سەر دوو ناوچە و لە سلێمانی و هەولێر دوو حکومەت دامەزراوە.

کاریگەریی ڕەوشی عێراق لەسەر پێوەندییە سیاسییە نێوخۆییەکانی کوردستان:

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە سەختترین قۆناغدا توانی سەرکردایەتیی گەلەکەی بکات کە کەوتبوونە ژێر دوو بەرداشی شەڕی نێوخۆ و شەڕە ئیقلیمییەکان و نەمانی ئازادی، تاکو پێش جەنگی ٢٠٠٣ سەرکردەکانی کوردستان ڕێڕەوێکیان هەڵبژارد کە بۆ سەربەخۆیی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو بۆ مامەڵەکردن بووە لەگەڵ نوخبەی عێراقیی ئیقلیمی و تایفی. لە دوای جەنگی ٢٠٠٣ سەرکردەکانی کورد نەکەوتنە ژێر باری هەوەسبازی و ڕێگەی بە کردە تۆندئاژۆکانیش نەدا کە هێزە سیاسییە پەراوێزەکان (داوای سەربەخۆیی دەستبەجێی کوردستانیان دەکرد و حەزیان دەکرد کەرکووک بە هێزیش بێت بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان) سەرکردەکانی کورد بەپێچەوانەوە ڕێچکەیەکی جیاوازیان هەڵبژارد و بوونە بەشێک لە هەیکەلی دەوڵەتی عێراق و ڕێگەیان نەدا کورد لەڕووی سیاسییەوە گۆشەگیر بکەن و لە بەشداریکردنی کارای پرۆسەکانی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی دوای سەدام حوسێندا دوورییخەنەوە. ئەم سیاسەتەی سەرکردەکانی کورد کاریگەرییەکی ئەرێنیی لە قۆناغی یەکەمدا هەبوو - لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بایکۆتی سوننە مەزهەبەکانی عێراق وای لە کورد کرد ٧٧ کورسی بەدەستبێنن لە پەرلەمانی عێراق و هەڵێک بوو بۆ بەدهێنانی بەرژەوەندییەکانی کورد لە پەرەپێدان و ڕۆڵگێڕان لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ. هەموو لایەکمان ئەوە دەزانین دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی کوردی تێدایە. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەم دەستوورەوە پێش ڕاپرسییەکەی ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥بە کوردی باشوور دەڵێ: ئەمە باشترین شێوازی داڕشتنی دەستوورە کە کورد بتوانێت پشتی پێببەستێت لەچوارچێوەی سنووری عێراقدا.

لـە قۆناغـی پێکهێنانـی عێراقـی نـوێ، سـەرکردەکانی کـورد توانییـان ئەرکێکـی بنەڕەتـی بەجێبهێنـن و دۆخێکـی لەبـار و ئاسـان بـۆ گەشـەی کۆمەڵایەتـی - ئابـووری بـۆ پاراسـتنی کوردسـتان بخوڵقێنـن لـە ئەگـەری گوشـارەکان لەنێوخـۆی عێـراق و دەرەوەی عێـراق، لـە دراوسـێکانی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن کـە لـە بچووکتریـن هەنـگاوی کـوردی باشـوور دەترسـن بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ. دەبـوو دوو حزبـە سـەرەکییەکەی کوردسـتان بەرنامەیەکـی ڕوون و بەردەوامیـان هەبووایـە و هەمـوو چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـەی کوردەواریـش بەشـداریان تێـدا بکردایـە، بەتایبەتیـش لاوان. بەشـێکی گـەورەی کۆمەڵگەشـیان بـۆ خەباتکـردن لەپێنـاو ئـازادی و سـەربەخۆیی و گەڕاندنـەوەی خاکـی داگیرکـراوی کوردسـتان گـۆش بکـەن کـە کاتـی خـۆی سـەدام حوسـێن داگیـری کـردوون.

هەمـوو ئەمانـە ئاماژەن کـە حزبـە سیاسـییە سـەرەکییە دەسـەڵاتدارەکانی کوردسـتان توانـای دیاریکـردن و جێبەجێکردنـی ئـەم ئامانجانەیـان هەیـە کـە هێشـتا بـۆ زۆرینـەی دانیشـتوانی باشـووری کوردسـتان ڕوون نەبووەتـەوە، هـەر ئەمـەش بـووە فاکتەرێکـی بنەڕەتـی بـۆ گەشـەپێدانی کوردسـتان جـا چ لەکاتی ئاشـتیدا بێـت یاخود بۆ چارەسـەرکردنی کێشـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییـەکان بێـت.

ئەمـڕۆ کوردسـتان تاکـە ناوچەیەکـە لەنێـو سـنووری عێـراق کـە بناغەیەکـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و کلتووریـی پێویسـتی هەیـە، بتوانێـت ببێتـە سـەرچاوەی هاندانـی چالاکییـە سیاسـییەکان و بەرگێکـی سیاسـیش بخاتـە بـەر پێوەندییـە ئیداریـیەکانـی دەسـەڵات لـە ناوچەکـە. بـەڵام لـە ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق کـە هێشـتا سیسـتەمەکانی هاندانـی تەقلیـدی باوە: خێڵەکـی یاخـود تایفەگـەری. ئـەم جیاوازییـەی نێـوان هەرێمـی کوردسـتان و ناوچەکانـی دیکـەی عێـراق، خەسـڵەتێکی باشـی داوەتـە کوردسـتان، بـەڵام بۆشـایی نێوان ئاسـتەکانی گەشەسـەندن لەنێـوان ناوچـە جیاوازەکانـی عێراقیشـدا، مەترسـیی خـۆی هەیـە.

خەسـڵەتە سـەرەکییەکانی دۆخـی ئێسـتای سیاسـیی عێـراق، هەبوونـی ئـەو بوشـاییە گەورەیەیـە کـە دەکەوێتـە نێـوان پەرەسـەندنی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیی ناوچـە جیـاوازەکان کـە هێشـتا هێندێکیـان نەگەیشـتوونەتە قۆناغـی دیاریکردنـی ناسـنامەی خـودی خۆشـیان (ئەمـەش ئاماژەیەکـە بـۆ ئـەو پارێزگایـە شیعەنشـینانەی دەکەونـە کەنـاری ڕۆژئـاوای

ڕووبـاری فـورات). ئەمـەش کێشـەیەکی گـەورەی لێدەبێتـەوە کـە دووەمپەڕێزیـی سیاسـی و تاکـڕەوی لـە باشـووری عێـراق پێـش پێکهێنانـی ناسـنامەی نیشـتمانی کەوتـووە. لـە ئێستاشـدا شـیعەکان بیـر لـە پێکهێنانـی هەرێمێـک دەکەنـەوە کـە لـە ٩ پارێـزگای زۆرینـە شـیعە پێکهاتـوون. ئـەم قەبـارە گەورەیـەی هەرێمـی شـیعە نوێنەرانـی دیموکراتخوازەکانـی سـوننەش دەترسـێنێت کـە جەخـت لەسـەر بچووکیـی قەبـارەی هەرێمـەکان دەکەنـەوە و پێیانباشـە لـە سـێ پارێـزگا تێنەپەڕێـت. ئـەم پێشـنیازە ناڕاسـتەوخۆ دژی کـورد ئاراسـتە دەکرێـت کـە هەوڵـی گەڕانـەوەی کەرکـووک دەدەن بـۆ سـەر هەرێمـی کوردسـتان، لەلایەکـی دیکـەوە ئـەو شـارە شیعەنشـینانە بەهـۆی هەمەجۆریـی مەزهەبییـەوە زۆر لەیـەک دوورن و هیـچ سـازانێک لـە ڕوانگـەی ئایینییـەوە لەنێوانیانـدا نییـە، لـە سـەرەتادا تەنیـا سـێ پارێـزگای (سـەر سـنووری ئێـران) پێشـنیاز کرابـوو، بـەڵام دواتـر کرایـە پێنـج پارێـزگای باشـووری ڕۆژهـەڵات، کەچـی لـە کۆتاییـدا کرایـە نـۆ پارێـزگای شیعەنشـین. ئـەم پەرەسـەندنە ناهاوسـەنگە وا دەکات کێشـەکانی پەرەپێدانـی نێوخـۆی عێـراق بـە چارەسـەرنەکراوی دەهێڵێتـەوە کـە چارەسـەرێکی هاوبـەش دەخوازێـت. بۆنموونـە ئـەو پارێزگایانـەی لـەڕووی سیاسـییەوە تـا ڕادەیـەک پیشـکەوتووترن و عەرەبـی سـوننەیان تێـدا باڵادەسـتە، بەهـۆی باڵادەسـتیی بیروبـاوەڕی بەعـس و حزبـی بەعـس، ئـەم جـۆرە فیدراڵییەیـان قبـووڵ نییـە لـە عێـراق. ئـەم ڕاسـتییە لـە ڕاپرسـییەکەی دەسـتووردا بـە ڕوونـی دەرکـەوت کـە هەریـەک لـە پارێزگاکانـی ئەنبـار، سـەڵاحەدین، نەینـەوا و دیالـە بەزۆرینـەی دەنـگ دەسـتووریان ڕەتدەکـردەوە و خاڵـی وەرچەخانـی سـەرەکی بـوو لـە گوزارشـتکردن لـە ئیـرادەی گەلانـی عێـراق لەچوارچێـوەی نەتەوەیـی و تایفەگەریـدا. لـە هەڵبژاردنەکانـی کانوونـی یەکەمـدا ئـەم تابلۆیـە دووبارەبـووەوە کاتێـک یەکەمیـن هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی پـاش ڕووخانـی سـەدام حوسـێن بەڕێوەچـوو: کـە هەڵبژاردنـەکان لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی و تایفەگەریـی بەربژێـرەکان بەڕێوەچـوو.

عەرەبـی سـوننە لـە کۆتاییـدا هـەر دەبـێ، بـڕوا بـەوە بێنـن کـە فیدراڵیـزم بەرژەوەندییەکانیـان دەپارێزێـت، بـەڵام لـە ئێسـتادا پێدەچێـت ئـەوان چاوەڕێـی ئـەوە بکـەن ڕژێمـی پێشـوو بگەڕێتـەوە و دیکتاتۆرییەتـی پێشـوویان لـە وڵات زینـدوو بکەنـەوە، ئەمـەش مەحاڵـە، هەتـا قۆناغـی دیاریکردنـی سـنووری نەتەوەیـی و

تایفەگەریی تەواونەبێت. کێشەکە لەوەدایە عەرەبی سوننە هێشتا خۆیان لەگەڵ ئەم قۆناغە نوێیەدا ڕانەهێناوە، ئەوان کە تەنیا (٢٠-٢٥٪)ی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن چەندین سەدەیە عێراق بە هی خۆیان دەزانن، دابەشکردنی داهاتی نەوت و گازیش زۆر گرنگە: ئاخۆ دەبێتە سەروەتێکی نیشتمانی یاخود هی ئەو پارێزگایەیە کە نەوت و گازەکەی لێدەردەهێنرێت.

پرۆسەی جێبەجێکردنی سەقامگیریی عێراق وەک قەوارەیەکی فیدراڵی کاریگەریی لەسەر پرۆسەی سیاسیی نێوخۆی کوردستانیش دەبێت، هێڵە سەرەکییەکە دژایەتیکردنی گەڕانەوەی عێراقە بۆ مۆدێلی دەوڵەتێکی مەرکەزیی تاک کلتووریە (لە چوارچێوەی کلتووری عەرەبی و دانانی عێراق بە دەوڵەتێکی بەتەنیا شیعی یاخود سوننی). بزووتنەوەی دژایەتیکردنی گۆڕانکارییەکانی عێراقی نوێ، پشت بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی عەرەبی سوننە و بیری بەعسییەت و ناسیۆنالیستی عەرەبیی تونددڕەو دەبەستێت، بەشێک لە هێزە شیعییەکان کە بە فیدراڵییەت ڕازی نینو وەها دەڕوانە عێراق کە دەوڵەتێکە کایەی هەژموونی بێسنووری خۆیانی تێدا دەبینەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا وەها دەڕوانە کوردستان کە سەربەخۆ و خۆڕێنە. کوردستان بۆ عەرەبی سوننە زۆر گرنگە، چونکە توخمێکن توانای پاراستنی لەنگەری هێزە ئیتنی و تایفییەکانی هەیە: کورد (٢٠- ٢٥٪) و عەرەبی سوننە (٢٠-٢٥٪)ی دانیشتوانی هەموو عێراق پێکدێنن و بەهەردووکیانەوە نیوەی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن و عەرەبی سوننە تەنیا لەگەڵ کورددا دەتوانن بەرگەی زۆرینەی شیعە بگرن کە لە ئێستادا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی حزبە شیعییەکان و پێوەندییەکی پتەویان لەگەڵ سەرکردە ئێرانییەکاندا هەیە.

لە سایەی ئەم بارودۆخەداپێویستە کوردستان وەکو قەوارەیەکی یەکگرتوو کاربکات و کەس گومانی لەوەدا نییە کە توانای خۆگونجاندنیان بۆ گۆڕانکارییە سیاسییە نێوخۆ و دەرەکییەکانی هەیە، کوردستان بە پشتبەستن بە گەلانی کوردستانبە زەبری چەکیش بێت، بەرگری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات.

بەهەر حاڵ کوردستان ئێستا لە قەیرانێکی سیاسیدا نییە کە لە زۆربەی دەوڵەتە دیموکراتییە تازەپێگەیشتووەکاندا ڕووەدات. ئەمە زامنی ئاسایشیەتی و

باشترین بژاردەش بۆ پەرەپێدان و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردستانیش ئەوە دەخوازێت. ئەمەش پرۆسەکانی دیموکراسییەت لە کوردستان سنووردار دەکات، بەڵام سروشتی دیموکراسییەتی دەوڵەت ناگۆڕێت و دۆخی پەرەپێدانی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ دەرەخسێنێت و بەشێک لەو ئامانجانە تەنیا ئامرازە دیاریکراوەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەدیدێن.

جا ئەگەر باس لە هەبوونی دەوڵەتی کوردی لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا بکەین، توانای پەرەپێدان و چاودێریی دەوڵەتی کوردی و تەنانەت ئابووریشی، دەتوانێت لە چەند دەیەی داهاتوودا گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خوڵقاندنی هەلی جۆراوجۆر بۆ کورد بڕەخسێنێ تاکو بەشداری لە ژیانی ئابووریی نەک هەر عێراق بگرە هی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش بخوڵقێنێ.

تواناکانی عێراقی فیدراڵ لە حاڵەتی دامەزراندنی فیدراڵییەتێکی ڕاستەقینە دەرفەتی سیاسی و ئابووری دوو هێندە بکات بۆ کوردستان و کوردی باشوور. ئەمڕۆ کورد بەرزترین پۆستی عێراقیان وەرگرتووە و چەندین وەزارەتیش بەڕێوەدەبەن و پۆستی باڵایان لە حکومەت وەرگرتووە کە دەستوور ئەم مافەی بۆ دابین کردووون، ئەمەش هەلومەرجی زامنکردنی داد و یەکسانی لە مامەڵەکردنی حکومەتی مەرکەزی دەخولقێنێ و هەژموونیان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق پێکدەهێنێ و بزنسمانانی کورد پێگەیەکی شیاویان لە نوخبەی ئابووریی عێراقدا پێدەبڕێت. هەروەها کورد لەمڕۆدا دەکارێت پێوەندیی نێودەوڵەتی بەهۆی پێگەی هەرێمی کوردستانەوە لە بەرزترین ئاستدا دروست بکات.

لە بەرژەوەندیی کوردستانە ئەگەر ڕێژەی نوێنەرایەتیی کورد و سیاسەتوانانی لە حکومەتی فیدراڵدا زیادبکرێت، بۆ نموونە کەسانی وەکو مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، هۆشیار زێباری و مەحموود عوسمان. لەسەر بنەمای تواناکانی کوردستان، نوخبەی سیاسیی کورد دەکارێن پێگەیەکی گرنگ لە شانۆی سیاسیی عێراقدا وەربگرن.

لە کوردستان کایەی سیاسیی گشتی کاریگەرە: میدیاکان بەبێ سانسۆر کاردەکەن، بەتایبەتیش ئەلەکترۆنییەکانی، حزبەکان کاری سیاسییان زامنکراوە، ڕکابەریی سیاسیی لە پەرەسەندندایە، بەتایبەتی لە ئاستی شارەوانییەکان، ئەوپەڕی پەرەسەندنی ئۆتۆنۆمی

ڕەوتێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە کوردستان. لێرەوە دەتوانرێت جێبەجێکردنی هەڵوێست و بنەماکانی دیموکراسییەت بەدیبهێنرێت و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆری هەیە، ئەمەریکا و هاوپەیمانانی کورد لە دژی سەدام حوسێن حەز دەکەن ناوچەکە بەرزترین پێوەری دیموکراسییەتی تێدا بەدیهاتبێت. دۆخە پێکناکۆکەکەی گوشاری دەرەکی دۆخێکی جیاواز لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری دەخولقێنی (وەکو ڕکابەریی حزبەکان لەچوارچێوەی ڕێسا و یاسا کارپێکراوەکاندا) لەوساوە گرنگترین فاکتەری بەهێزکردن و چەندجارەکردنی دەستەکەوتەکانی گەلی کورد تەنیا لە پاراستنی یەکگرتوویی نێوخۆیی و دەرەکیی کوردستاندایە، ڕەوشەکە پێویستی بە پەرەپێدانی میکانیزمی سیاسەتی ئیدارەدانی ناوچەکەیە، ئەمەش پێداویستییەکی بابەتیانەیە بۆ پێکهێنانی هەرێمی کوردستان وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ: ئەو چوارچێوە فیدراڵییەی کوردستانی تێدایە گۆڕانکاریی زۆری تێدا ناکرێت، ئەمەش کاتێک دێتەدی کە کوردستان پارێزگاریی لە یەکێتی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی خۆی بکات، دەستووریش ڕێگە بە پێکهێنانی هەرێمەکان دەدات، بەڵام کوردستان دەمێکە ئەو مافەی بەدەستهێناوە و تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە.

بۆ پتەوکردنی ئۆتۆنۆمیی کوردستان گرنگە مومارەسەی درێژخایەنی پەرەسەندنی پێوەندییە دەرەکییەکان بکرێت کە پێشتریش لەلایەن حزبە سیاسییە ڕابەرەکان پشتیوانیی لێدەکرا، ئێستاش لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەیکەلەکانی دیکەی هەرێم جێبەجێدەکرێن، ڕەوتە سەرەکییەکان بۆ پەرەپێدانی پێوەندییە دەرەکییەکان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا و ناوچەکانی تری عێراق و وڵاتانی دیکە و بابەتگەلی یاسایی نێودەوڵەتییە.

بایەخی سەردانەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ بۆ واشنتۆن لەوەدایە کە سەرۆکی ئەمەریکا وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لێکرد، جا کە جۆرج دەبلیو بوش سیفەتی «سەرۆک»ی لە گفتوگۆی نێوانیان بۆ مەسعود بارزانی بەکارهێنا، ناڕەزایەتییەکی دیپلۆماسییانەی توندی لە تورکیا لێکەوتەوە، تورکیا سەری سوڕماوە کە ئەمەریکا مەسعود بارزانی بە سەرۆک ناوزەد دەکات، وەڵامی ئەمە ئاسانە: مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و تورکیا

ئێرەیی بە سەرکەوتنە مەزنەکانی کوردی باشوور دەبات، چونکە لەوە دەترسێت ئەم سەرکەوتنانە ڕەنگدانەوەیان لەسەر کوردی باکووردا هەبێت. بە دەگمەن سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشوازیی سەرۆکی هەرێمێک دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەرێمە خواستی سەربەخۆیی هەبێت. لە ڕاستیدا کوردستانی باشوور وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەتەکدا دەکرێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا، بێگومان دۆخی ئەم هەرێمە سەربەخۆیە پێگەیەکی بەرزتری لە قەوارە سەربەخۆکانی دیکەدا هەیە. گرنگیی سەردانەکەش لەوەدایە کە پاش ڕاپرسییەکەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بوو و بە حوکمی یاسا عێراقی نوێ ببوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی. سیاسەتوانانی کورد ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دارشتنی دەستووردا هەبووە کە لە مانگی تەموزەوە تاکو ئەیلوولی ٢٠٠٥ دانوستان و گفتوگۆی چڕی لەبارەوە کراوە و لە بەرزترین ئاستدا سەرکردەکانی کورد بەشداریان لە دانوستانەکاندا کردووە و لە دواساتدا لەگەڵ حزبی ئیسلامیی عێراقدا ڕێککەوتن و ڕەشنووسەکە بۆ دەنگدان ئامادەکرا. بۆ هەموو لایەکیشیان سەلماند کە کورد لە هەموو لایەنەکانی دیکە چالاکترە بۆ ئەمجۆرە چالاکییە سیاسییانە، چونکە درک بە ناسنامەی نەتەوەیی سیاسیی خۆیان دەکەن و هەڵوێستی ڕاست و دروست دەنوێنن و دۆخی عێراقیش ڕەچاودەکەن. ئەم ڕاستییە تەنانەت سیاسەتوانە ڕکابەرەکانیش دانیان پێدانراوە و عەدنان پاچەچی، وەزیری دەرەوەی پێشووتری عێراق ئەمەی ڕوونکردووەتەوە.

کایەی سیاسەتی دەرەوەی وڵات دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵەوە، بەڵام لە عێراق ئەم پۆستە بە پراکتیک کورد بەڕێوەی دەبات کە سەرکۆمار و وەزیری دەرەوەش هەر لە پێکهاتەی کوردن، هەرێمی کوردستانیش لەلای خۆیەوە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی فرەوانتر کردووە، جا چ لە ئاستی جوگرافیا بێت یاخود پێوەندیی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان و هەیکەلی حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ڕێکخراوە نیشتمانی نێودەوڵەتییە گشتییەکان، کەسایەتییە دیار و کاریگەرەکانی سیاسەت و ئابووری و کلتووری بێت. کوردستان پێویستی بە هەڵمەتێکی چالاک هەیە بۆ گشتاندنی ئەو دەستکەوتانەی لە کایەی کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بەدیهێناوە و بە جیهانی بناسێنێت. زەروورە بسەلمێنرێت کوردستان مۆڵگەی دیموکراتخوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە.

سەردانە فەرمییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتۆن لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ ئاستی داننانی بە دەوڵەتی کوردی ڕووندەکردەوە، لە ڕاپرسییەکەی دەستووری عێراقیشدا ئەمە بە ڕوونی دیاربوو، هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی کانوونی یەکەمیش هاوسەنگییەک بۆ هێزە کاریگەرەکانی عێراق دەڕەخسێنێت.

ئەو بەرنامەیە کامەیە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان بەکاردەهێنرێت؟

لە ئێستادا لە خشتەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپاڵ چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکانی ئابووریە بەرفراوانەکەدا، هەوڵی دامەزراندنی بنەماکانی ئابووریی ئیقلیمی دەدات، دەشبێت بە پراکتیک لە سفرەوە دەستپێبکرێت، چونکە کوردستان ئابووریەکی یەکگرتووی ئیقلیمی نەبوو و لە سەردەمی سەدام حوسێندا هەرێم بە حەوشەی پشتەوەی عێراق هەژمار دەکرا و هیچ ژێرخانێکی ئابووریی بۆ پێکنەهێنرابوو. ناوچەیەکی بەرهەمهێنی نەوتیشە و بەشێکی زۆری نەوتی عێراق لەوێ بەرهەمدەهێنرێت و ٤٠٪سامانی نەوتی عێراق پێکدەهێنێ، بەڵام لەبری ئەوەی نەوت و گاز هەنارده بکرێت و وەبەرهێنانەکان لە بەغداوە بەرەو ئەوێ نەدەهات، سەرباری ئەمانە ٨٦٪ی گوندەکانیش وێران کران و خەڵکەکەشیان دەربەدەر کرد، بۆیە لێرەدا پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە: ئەو ستراتیژییەتە ئابووریە کامەیە کە کوردستان هەڵیدەبژێرێت؟ جۆری ئەو ئابووریە چییە کە پێویستە بنیات بنرێت؟ چۆنیش بنیات دەنرێت؟ ئاخۆ بنەما ئایندەییەکانی ئابووریی کوردستان لەچوارچێوەی ڕێوشوێنی ئامانجداری حکومەت لەسەر بنچینەی پلانی درێژخایەندا پێکدەهێنرێت، یاخود ئەم پرسە بۆ ڕێککەوت بەجێدەهێڵرێت و گەمەی میکانیزمی بازاڕی ئازاد دیاریی دەکات؟ پێویستە تا چ مەودایەک هەمانگی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بکرێت بۆ بنیاتنانی ئابووری، یاخود پێویست بە دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووریی ئیقلیمیی داخراوی خۆبژێنە، لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق وەک ئەمۆسفیرێکی دەرەکی بۆ دامەزراندنی ئابووریی کوردستان، وەکو خاکی ولاتانی دراوسێ؟

ئامرازەکانی پەرەسەندنی خێرا:

ئەزموونی ئەو دەوڵەتانەی بەسەر جیاکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا زاڵبوونە، دەریخستووە ئەمە بەرنامەیەکی حکومیی بۆ بنیاتنانی ئابووریی نەتەوەیی و بەشداربوونێکی فرەوانتری کۆمەڵگەی کوردەواریی گەرەکە. بایەخی ئەرێنیی پلاندانانی دەوڵەت و بەشداربوونیان لە ئابووریی کوردستان بەدینایەت، ئەگەر پەرەپێدان و داڕشتنی گەشەسەندنی ئابوورییەکی لەگەڵدا نەبێت کە پێشتر بە هەموو لایەک ئامادەکرابێت، ئاڵۆزکردنی ئەم پرسە دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی بیرۆکەی جیاواز دەربارەی بنیاتنانی ئابووری بەهۆی جیاوازیی لە بەرژەوەندییەکانی تۆێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری. ئەم جیاوازییانە لە پرۆگرام لەزیادبوونداید بەهۆی هەبوونی پرۆسە چڕەکانی جیاکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگە کە تاکو ئێستا بە پڕاکتیک هاوتای یەکن و نیمچە باوکسالاریەکی لە پلانی کۆمەڵایەتیی دانیشتوانی تێدایە. جا سەرباری بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان، هەلی ڕاستەقینە لەبەردەم وڵات و دۆخی ئابووریی دەرەکیی هەیە کە بەندە بە ئابووریی نیشتمانی و بەشێوەیەکی تونڕ پێوەرەکانی پەرەپێدانی ئابووری و توانای ڕکابەریی بۆ ئەو ئابوورییە دیاریدەکات.

چۆن پەرە بە ئابووریی وڵات دەدەین کە سەربەخۆیی سیاسی و گەشەی ئابووری و سەربەخۆیی ئابووری لەگەڵ خۆیدا بێنێت؟ ئەو مەیلانەی لەنێو ئابوورییە باوکسالارییەکە بە پراکتیک لەکاردایە، چۆنیەتیی چارەسەری کێشەکەمان ناداتێ. ئەم بڕیارانە بەسەر جوتیارانی گوندە کوردییەکاندا ناخوێندرێتەوە کە دڵخۆش بوون بەوەی لە مەترسیی برسێتی ڕزگاریان بووە. لە ناوچەیەکی ئابووری تەپیودا کە دوچاری جیاکاریی دەبێتەوە لەلایەن حکومەتی مەرکەزیی بەغدا کە دەسەڵاتدارانی بەعس نەوتیان لێدەرهێناوە و کارە سەختەکان بەشی کوردان بووە و ئیش و پۆستە جۆرییەکان دراوەتە عەرەب – ئێستا کوردستان بووەتە قەوارەیەکی ئابووریی سەربەخۆ.

هەڵبەت بەپێچەوانەی ئەو دۆخەی گەلی کورد کاتێک هیچ مافێکی لەسەر خاکی خۆی نەبوو، کاتێک هەموو بڕیارەکان بە بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی

کـورد لـە بەغـداوە دەردەچـوون، ئەمـڕۆ کوردسـتان دەوڵەمەنـدە: کوردسـتانی خۆمانـە، بـەڵام ئـەوە بەس نییە، گەلی کوردسـتان پێویسـتی بە ئاسـتێکی نوێـی بژێوی هەیە کـە لەگـەڵ ئاسـتی ئەوروپاییەکانـدا بگونجێـت. ئومێدەواریشـین جـۆری ژیـان و دەزگاکانـی ئەوروپـا لـە سـنووری کوردسـتان نزیـک بێتـەوە و لـە بیسـت سـاڵی داهاتـوودا لـە باکووری کوردسـتانەوە، تورکیـا سـەربکەوێت لە بەدەسـتهێنانی مافی ئەندامێتی لـە یەکێتیی ئەوروپا.

پلەی بەشداربوونی دەوڵەت لە ئابووریدا:

مـادام وەڵامـی چەنـد پرسـیارێک درایـەوە، بەتایبەتـی ئـەو پرسـیارانەی بەنـدن بـە بەشـداریکردنی دەوڵەت لە بیناکردنی ئابووری. هەردوو حزبە سـەرەکییەکەی کوردسـتانیش پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان کـە هەردووکیـان حزبێکـی دیموکراتیـی کۆمەڵایەتیـن بنیاتنانـی دەوڵەتێکـی دیموکراسـی کۆمەڵایەتییـان کـردە ئامانـج. ئەمـەش پێویسـت بـە هەبوونـی سیاسـەتێکی ئابووریـی چـالاک هەیـە بـۆ دەوڵـەت. وێـڕای ئـەوەی هـەر وەزارەتێکیـش پلانـی تایبەتی خـۆی هەیە و هێندێکیـان پلانی پێنج ساڵەشـیان هەیـە، بەڵام دەسـەڵاتێکی یەکگرتـووی پلاندانان لە کوردسـتاندا نییە، ناشـبێت زێدەڕۆیی لە جەختکردنـەوە لـە گرنگیـی پلانڕێژیدا بکرێـت، بەتایبەتیش کاتێـک بنەماکانـی ئابووریـیەکی نوێـی ئیقلیمـی دادەڕێژرێـت، کارێکـی نموونەییـش دەکرێـت ئەگـەر بێـت و دامـەزراوە گەورەکانـی بیانـی بانگهێشـت بکرێنـە هەرێمی کوردسـتان، بۆنموونە ئەوانـەی کۆریا، ژاپۆن، ڕووسـیا، وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و یەکێتیـی ئەوروپـا بـۆ دامەزراندنـی پرۆژەیەکی گشـتگیر بـۆ پەرەپێدانی کوردسـتان.

دەبێ کورد خەون بەچی ببینێت بۆ ئەم جۆرە پلانانە؟:

- نزمتریـن ڕێـژەی بێـکاری (٢-٥٪) بـە بـەراورد لەگـەڵ دانیشـتوانی کوردسـتان کـە دەگاتە نزیکـەی ١٠ ملیـۆن کـەس لـە سـاڵی ٢٠١٥.

- هەبوونـی دامـەزراوەی ڕکابـەری بەرهەمهێنـان لـە ناوچەکـە و جیهـان، هەروەهـا بەرهەمهێنانـی نـەوت و گاز و پاڵاوتنـی کەرەسـتە خـاوە هایدرۆکاربۆنییەکـە. ئـەم دوو بـوارەش پێویسـتە بەپێـی ئامـاژە سـەرەکییەکانی ڕێکخسـتنی بەرهـەم بێـت لەسـەر ئاسـتی جیهانـدا.

- سیستەمێکی نوێ بۆ پەروەردە و فێرکردن و چاودێریی تەندروستی.
- پارێزگاری لە ژینگەی ناوچەکە.

ڕادەی تەواوکاری لەگەڵ عێراق:

پرسی ڕادەی تەواوکاری لەگەڵ عێراق تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە ئەو ئاسۆیانە دەبەستێت کە هێشتا ڕوون نەبووەتەوە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، جا ئەگەر لە پاراستنی عێراقێکی یەکگرتوو دەستپێبکەین، یەکێک بێت لە بەڵگەنەویستەکانی ستراتیژییەتی پەرەسەندن لە کوردستان، بازاڕی عێراق گرنگرین و ئاسانترینیانە بۆ گەیشتن بە کوردستان. تواناکانی بازاڕی فرۆشتن بە شێوەیەکی بنچینەیی پشت بە کۆمپانیاکانی پیشەسازی و بازرگانییە بیانییەکان دەبەستێت بەتایبەتیش ئەوانەی تورکیا کە لە پلەی یەک دێت. پرۆسەکانی یەکگرتن تا بڵێی گرنگە بۆ پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان، ئەمانەش کۆمەڵە کێشەیەکی ئاڵۆزن بۆ پەرەسەندنی ئیقلیمی فەرعی (لەنێوان ناوچەکانی یەک دەوڵەتدا) و ئیقلیمی (لەنێوان ناوچەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر)، بەستنەوەی پرۆسەکانی فیدراڵیکردن و بە هەرێمکردنی عێراق بە پرۆسەکانی نێودەوڵەتی. کوردستانی ئەمڕۆ لەنێو چەندین سیستەمی تازەپێگەیشتووی کارلێکی ئابووریدایە.

پێوەندییە نێوخۆییەکانی عێراق:

- بەندە بە مەڵبەندەکانی هاوردەکردنی نەوت و گاز لە کوردستان لەنێوخۆی عێراق.
- پێوەندییەکان لەچوارچێوەی سیستەمی باج و بودجە کە تاکو ئێستا تازەپێگەیشتووە لە عێراقێکی فیدراڵدا.
- یاسا ئابووری و داراییە گشتییەکان.
- سیستەمی دراوی عێراقی کە سەقامگیریی دراوی نیشتمانی زامن دەکات.
- فەرمانگەی گشتیی گومرگ
- بەکارهێنانی سیستەمەکانی گواستنەوە لە وڵات.

پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان:

- بازرگانیی ئیقلیمی، بارزگانیی سنوور لەگەڵ تورکیا، ئێران و سووریا کە تاوەکو ئێستا پلانی ناڕوونیان هەیە و ئاودیوکردن و بە قاچاغ بردنیان بە هەردوو ئاراستەکە تێدایە.

- هەماهەنگیی فەرمیی ئابووری لەگەڵ تورکیا (بە شێوەیەکی سەرەکی ڕاکێشانی بۆڕییە نەوتییەکان بۆ بەندەری جەیهان و گوزەرکردنی هاتوچۆ بۆ کوردستان و بەپێچەوانەشەوە) و ئێران (هاوردەکردنی کەلوپەلی ڕۆژانەی هاوواڵتیان و کەرەستەی بیناسازی و خۆراک).

- کوردستان خراوەتە نێو لیستی هەماهەنگیی ئابووریی نێودەوڵەتی لەگەڵ وڵاتانی بیانیدا (وەبەرهێنانی بیانی لە کوردستان، ڕێکخستنی سیستەمی پارەدان و داهات و ڕادەستکردن بۆ بازاڕی دەرەوەی نەوت و گاز لەبری حکومەتی هەرێمی کوردستان).

فاکتەرەکانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان:

ئەمڕۆ دەتوانین بڵێین فاکتەرە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستان لە ١٠- ١٥ ساڵی داهاتوودا دیاریکراوە، بەمەرجێک پارێزگاری لە ئاشتیی وڵات و ناوچەکە بە گشتی بکەین.

پرسی فاکتەرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری گرنگە و هەڵەیەکی گەورە دەکرێت ئەگەر بە تەنیا پشت بە داهاتی نەوت و گاز ببەستن بۆ خۆشگوزەرانیی هاوواڵتیان، ژمارەیەکی زۆری وڵاتان لە جیهاندا دەوڵەمەندن بە سامانی سروشتی، بەڵام چارەنووسیان ئێرەیی پێنابردرێت، کوردستانیش بە درێژایی ٨٠ ساڵی ڕابردوو پتر تووشی دەردەسەری بووە نەک سوودی لەو سامانە سروشتییە بینیبێت، بۆیە پرسی فاکتەرەکانی پەرەسەندنی بایەخێکی بنەڕەتیی هەیە.

ئەتۆسفیری وەبەرهێنانێکی گونجاوی دەوڵەت:

پێدەچێت فاکتەری سەرەکی، فاکتەری ماددی نەبێت، بەڵام هەڵوێستە دەروونییەکەی دانیشتوانی ناوچەکە بێت. بە پلەی یەک ویستی گەلی کوردە لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی پێشکەوتوو، چونکە بارە دەروونی و سیاسییەکە لە کۆمەڵگە دەخوڵقێنێ. گرنگە یاسایەک هەبێت مەرجەکانی پێکهێنانی نوخبەیەک لە بزنسمانان لە کوردستان دیاری بکات، پێویستە لەسەر بنەمای دادگەری پێکبهێنرێت و هەموو کۆمەڵگە بگرێتەوە، بۆئەوەی لە ڕادەی یەکێتیی کۆمەڵایەتیی کەم نەکاتەوە و پرسێکی زۆر گرنگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی نەیارانی دەرەکی.

پێویستە مەرجەکانی گەیشتن بە داهاتی کانزاکان و باج و زۆری تریش لە مەرجە یاساییەکانی دیکە بۆ دابینکردنی سەرمایە ڕوون بکرێتەوە، لەمانەش گرنگتر دەستەبەرکردنی هەلومەرجی لەبارە بۆ پەرەسەندنی ئابووری. گرنگیشە شێوازە دروستەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرمایەی بیانی بدۆزرێنەوە لەپێناو پاراستنی کۆنترۆڵکردنی ئابووریمان، لە هەمان کاتیشدا زامنکردنی تێکڕای گەشەی ئابووری و ئیستغلالکردنی هەلی سەرمایەی گەورەی بیانی کە بەبێ ئەوە زەحمەتە ئابوورییەکی هاوچەرخ لە کوردستان بنیات بنرێت.

لە ئێستاشدا کوردستان هێشتا لە قۆناغی دانانی یاساکانی پەیوەستداردایە و پێویستە پەلەی لێبکرێت. لە ڕاستیدا سیاسەتوانانی کوردستان ئەرکی بنیاتنانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەیان خستووەتە ئەستۆی خۆیان و لە گوتاری مەسعود بارزانیدا بە ڕوونی دەردەکەوێت. ئەمەش خەسڵەتی سەرەکیی ئایدیۆلۆژیای حزبە سیاسییەکانی کورد و سیاسەتی پێڕەوکراوی دەیەیەکی ڕابردووە، هەرچەندە داهاتەکان سنووردارن لەم دۆخەی ئێستادا، بەڵام بەردەوامبوون لەسەر ئەم ڕێچکەیە ئەنجامی ئەرێنیی لێدەکەوێتەوە.

جا ئەگەر ئەتۆسفیرێکی گونجاو زامن بکرێت، کوردستان پێویستی بە هیچ شێوازێکی دیکەی هاندانی ئابووری نابێت. لە مەودای ١٥-٢٠ ساڵی داهاتوودا گەشەی ئابووری زۆر خێرا دەکات، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرەسەندنی وڵات بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بە فاکتەری سیاسییەوە بەستراباووەوە.

فاکتەری نەوتی:

کۆمەڵگەی کوردەواری تینووی پەرەسەندنی خێرایە کە فاکتەری دەرەکی پشتگیریی بکات (بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی و بە دەگمەن بوونی دەبێتە مایەی هاندانی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گاز).

بێتوانایی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان لە دەیەکانی ڕابردوودا، لەکاتێکدا گەشە دەکات کە نرخی ئەم ماددە خاوە لە گەشەسەندندابێت، دەگمەنیی ئەم ماددە خاو و بەرهەمە ئامادەکراوەکانی نەوت دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە پەرەسەندنی کێڵگەکانی نەوت، ئەوانەی لە ئێستادا لەکاردان و بەگەڕخستنی کێڵگەی نوێ لەڕێگەی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و بە مەرجی گونجاو دەبێت بۆ دەوڵەت، لەسەر حسێبی زامنکردنی هاوردەی سەقامگیری نەوتی بەرهەمهێنراو و بەروبوومی نەوتی بۆ وەبەرهێنەرێک یان بۆ بەرهەمهێنەرێکی دی، گەشەی بەرهەمهێنانی نەوت وابەستەی خواست یان داهاتی وەبەرهێنان نییە، ئەگەر هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی بەدەستهێنابێت.

پشکی کوردستان لە سەروەتی نیشتمانیدا گوڕانکاریی بەسەردا هاتووە، کوردستان لە ڕابردوودا لە هەموو شتێک بێبەش کرابوو، تەنیا کەرەستە زۆر پێویستەکان نەبێت، ئێستا کورد بەشێکی زۆری لە سامانی نیشتمانی دەستدەکەوێت، سبەینێش لەگەڵ پەرەپێدانی کێڵگەی نوێی نەوتی لە کوردستان، پشکیان لە داهاتی نەوتدا بۆ چەند دەیەیەک زێدەتر دەبێت. ئەمەش داهاتی زامنکراوە بۆ کوردستان لەسەر حسێبی پشکی کورد لە سامانی نەوتی وڵات. تێچووی بەرزی نەوت و لاوازبوونی ئابووریی جیهانی دۆخێک دێنێتە پێشەوە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستان، کوردستان لە مەودای چەند دەیەیەکی کەمی داهاتوودا دەبێتە خاوەن پیشەسازی و پاڵاوتنی نەوت، زیادکردنی ڕادەی چارەسەرکردنی هایدرۆکاربۆنات ئاراستەی سەرەکییە بۆ گەشەسەندنی پیشەسازی و تەکنیکی و زانستی لە کوردستان. داهاتی سنووردار و دواکەوتنی زانستی و تەکنیکی بە بەراورد لەگەڵ ئاستی جیهانیدا پێویستی بە جەختکردنەوەی هەوڵەکانە لە بواریکی بەرتەسک لە پسپۆڕیی زانستی و تەکنیکی لەچوارچێوەی قووڵکردنەوەی پرۆسێسکردنی بەرهەمە نەوتییەکان و پاراستنی هەلومەرجی ژینگەیی بەرهەمهێنانی نەوت و پاڵاوتنی.

کوردستان سەرچاوەیەکی بەردەوامی داهاتی هەیە و دەتوانێت پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتی پێدابین بکات. داهاتەکان لە بەرهەمهێنانی نەوت و گازە، هەروەها لە پاڵاوتنی نەوتیشە وەک پیشەسازییەکی تایبەت لە ناوچەکە. پرسیارەکە ئەوەیە: هەیکەلەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لەم گەشەی پیشەسازییە، ئەدی حاڵەتێکی پترۆدۆلاری زێدەبار نایەتە کایەوە؟ گرنگە ئەم گەشەسەندنە چاکتر بکرێت و ژێرخانێکی نوێ دابمەزرێنرێت و ئەوپەڕی پشتیوانیشی لێبکرێت لەنێوخۆی دەوڵەتدا کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە پێودانگەکانی نیشتمانی. ئەگەر دانیشتوانی کوردستان لە پێنج ساڵی داهاتوودا دەست بەسەر ٥٠٠ هەزار ئۆتۆمبێلدا بگرن، وا باشە کە بەلانی کەم ١٥-٢٠٪ی ئەم ژمارەیە بە کردەنی لە کۆکردنەوە و دروستکردنی کوردان بێت کە لەلایەن گەورە کۆمپانیاکانی بەهەمهێنانی ئۆتۆمبێل کۆکراونەتەوە، ئەمڕۆ دەتوانرێت ئەم کارە بکرێت لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئاسانترین و گونجاوترین ئۆتۆمبێل کە بەرهەمهێنانێکی قەبەی بۆ بازاڕی هەرێم هەبێت، ئەگەر سەدان هەزار بینا دروست بکرێت، پێویستە نیوەی کەرەستە خاوە بەکارهێنراوەکان لە کوردستان دروست بکرێت کە بە ڕاستی چەند کارگەیەک بۆ دروستکردنی ئەم کەرەستانە لە کوردستان دامەزراون.

ئاسانکاریی پەرەسەندنی بەرهەمهێنان لە کوردستان لەچوارچێوەی ئەو ڕاستییەی کە کوردستان دووەم لە بەندەرە ئاوییەکان بەوە دەکرێت، توخمی گواستنەوە تێچوویەکی زیاتری پێویستە لە نرخی سەرجەم کەرەستە هاوردەکراوەکان. ئەمەش دەبێتە هۆی دامەزراندنی ئەو جۆرە پیشەسازییانەی خەسڵەتێکی تایبەتیان هەیە لە کاتی گواستنەوەدا. بێگومان پەرەسەندنی پیشەسازیی جێگرەوە بۆ داهاتەکان کارێکی هێندە ئاسان نییە کە پێویستە لە بازاڕێکی کراوەدا ئەنجام بدرێت. چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا دەکرێت؟ مەودای واقعییەتی ئەمە چەندە؟ ئاخۆ وەکو ڕووسیای لێنایێت کاتێک لە وڵاتانی دراوسێوە (تورکیا، چین، پۆڵەندا .... هتد) پێداویستییەکانی بۆ هاوردەدەکرا کە دواجار بووە هۆی گەشەسەندنی پیشەسازی لەو وڵاتانە و کەمبوونەوەی ئەو پیشەسازییانەی کەمتر بەرگەی ڕکابەری دەگرن، ئا لێرەدا پێویستە ڕوو لەو پیشەسازییانە بکرێت کە ڕکابەریان هەیە.

ئامادەسازی هەلومەرجی گەشەی ئابووری نیشتمانی کارێکی هێندە ئاسان نییە. دەبێ باجی گومرگیی پیشەسازی چۆن بێت؟ نابێت گرانبەها بێت، ناشبێت دۆخی ئابووری هەڵبوەشێنرێتەوە لە چوارچێوەی ناردنی هەناردەکراوەکان بۆ ناوچەکانی بە قاچاغ بردن.

پێویستە چارەسەرکردنی ستانداردەکانی نرخ بۆ بازاڕی ئیقلیمی بەجودا بێت کە ڕێکخستنیان کێشەی گەورە دەخولقێنن لەچوارچێوەی سنووری شەفافەکاندا. نرخی بەنزین و بەروبوومە نەوتییەکانی دیکە لە باشووری کوردستان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ نرخی هەمان بەروبوومی هاوشێوە لە تورکیا هەیە. ئەم بارودۆخە گرژییەکی گەورە لە کۆمەڵگەدا دەخولقێنێ، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر نرخی بەروبوومە نەوتییەکان بەرزبکرێتەوە بۆ ئاستی تورکیا، دەبێتە هۆی زێدەکردنێکی ڕێژەیی لە نرخی کاڵاکانی دیکە و ئەوکات پێویست بەوە دەکات نرخی کرێکان بەرزبکرێنەوە. بێگومان چاککردنی نرخەکان لە وڵات کارێکی قورسە، بەڵام بە حەتمی دەبێت بکرێت، هەرچەندە کاتی جێبەجێکردنی پێویست بەوە دەکات بەجودا چارەسەربکرێت.

نەبوونی ژێرخانێکی ڕاستەقینە و کەڵەکەبوونی پێشەسازی لە کوردستان، پێویستە پێشوەختە بە پراکتیک لە سفرەوە پەرەی پێبدرێت، کاتێک پێویست بە دامەزراندنی گواستنەوەی وشکانی دەکات (ڕێگاوبان و پرد و تونێڵەکان) و ژێرخانەکانی دیکە (فڕۆکەخانەکان) و پیشەسازیی لۆکاڵی (خۆراک، کەرەستەی بیناسازی، کەرتی خزمەتگوزارییە نوێیەکان و پیشەسازییە لۆکاڵەکانی دیکە)، چاودێریی تەندروستی، پەروەردە و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن. لە حاڵەتەشدا مەترسی و سەنگی ئەم بڕیارە تایبەتانە زێدەتر دەبێت. دەریچەکە دانانی پلانێکی گشتگیرە بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە. لێرەدا پێویست بە جەختکردن دەکات لەسەر هەڵسەنگاندنی داهاتی هەرێمەکان و ئەوپەڕی پەرەپێدانی، نەخاسمە لەسەر حسێبی ئەو پیشەسازییانەی توانای بەرزترین بەهای زیادکراوەکانیان هەیە.

بووژانەوەی دیموگرافی:

خواستی زۆری بەکاربەران لەسەر نیشتەجێبوون و کەرەستە کارەباییەکان (بەفرگر، ئێرکۆندیشن، ئامێری کارەبایی، کەلوپەلی نێوماڵ و ئۆتۆمبێل) دەبێتە هۆی خێراکردنی گەشەی ئابووری. لەدوای تەواوبوونی جەنگی ئەمەریکا بووژانەوەیەکی دیموگرافی دەستپێکرد، چونکە دۆخی ژیانی بەشێکی زۆری دانیشتوانی وڵات گەڕایەوە سەر سروشتی پێشووی خۆی. ئەمەش لەگەڵ سەقامگیری و بارودۆخی ئاشتیدا گەشەی سروشتیی دانیشتوان دەستپێدەکاتەوە و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵگە بەرەو باشی دەچێت، سەرباری ئەمانەش هۆکارەکانی کۆچکردنی دانیشتوانی کوردستان گۆڕان. جا ئەگەر وا دابنێین دانیشتوانی کوردستان لە ١٠ ساڵی داهاتوودا دوو هێندە ببێت، لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانی کوردستان ئەوانەی لە تەمەنی ١٥-٢٤ ساڵیدان ٢٢٪ بۆ ٢٥٪ دەگۆڕێت و ئەوانەی لە تەمەنی کارکردندان ٣٢٪ بۆ ٤٧٪ بەرزدەبێتەوە بە ڕەچاوکردنی نموونەی باوی منداڵبوون لە کۆمەڵگەی کوردەواری، لە ساڵانی داهاتوودا ئەم ڕێژانە زۆر بەرزتر دەبنەوە. دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە لە ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بەلانی کەم بگاتە ١٠ ملیۆن کەس. ئەمەش هاوتای چڕیی دانیشتوانی ئەورووپاییە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی زەویی نیشتەجێبوون چڕیی دانیشتوانی ڕاستەقینە زیاتر دەبێت. بەڵام بەپێچەوانەی ئەورووپا تا ڕادەیەکی زۆر بەند دەبێت بە هۆکارە تەقلیدییەکان. ئەمەش لایەنی دڵخۆشکەر و ئەرێنیی خۆی هەیە و لایەنی نیگەرانبوونیشی تێدا دەبێت. گەشەی دانیشتوان هەلومەرجێک بۆ پەرەپێدانی ئابووری تەنیا لە کاتێکدا دەخولقێنێ ئەگەر بێت و گەشەی هەلی کاریش هاوتای ئاماژەکانی دیموگرافی بن. لە ١٥- ٢٠ ساڵی داهاتوودا بارگرانییەکی گەورەی دیموگرافی لەسەر وڵات دروست دەکات، جا لەبەر هەبوونی داهاتی دارایی ئەمە سوودی بۆ ئابووریی وڵات دەبێت، چونکە هەلی کارکردن لە کایەی پەروەردەدا دەخولقێنێ و هەلومەرجێکی نوێ لە دیدگەیەکی نێودەوڵەتی و نەوەیەکی نوێ لە کوردستانێکی ئازاددا دێنێتەکایەوە کە لە کۆتاییدا بە هاتنی ساڵی ٢٠٢٠ ئاراستەی ئیتنۆ- ڕۆشنبیری دیاری دەکات و ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتیش بۆ ناوچەکە دەستنیشان دەکات. ئەرکی ستراتیژیی ئەمڕۆ و سبەی لە قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆکان چارەسەر دەکات.

لە قۆناغی یەکەمی پەرەپێدانـدا، حکومەت ناتوانێت هەلی کار لە کەرتی بەرهەمهێنانـدا دابین بکات، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی قەیرانێکی گەورە، چونکە سیستەمێکی تەقلیدیی دامەزراندنی دانیشتوان لەئارادایە و پێویستە بەپلان ژمارەیەکی گونجاو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو خەڵک لە کەرتی ئابووریدا دابمەزرێندرێن. ئێمە پێویستمان بە پلانێکی درێژخایەنی دامەزراندن هەیە (دابەشکردنیان بەپێی کەرتەکانی ئابووری).

پێویستە پلانێک بۆ ئابووریی کوردستان بە میکانیزمی بازاڕێکی پێشکەوتوو دابنرێت:

پێویستە بگوترێت ئابووریی هەرێمی کوردستان دەیتوانی لە سەرەتاوە ببێتە ئابووریەکی بازاڕ کە زۆر زەحمەتە پەرەپێدانی ئابووریەکی سەرکەوتووی کوردستان لە چوارچێوەی ئابووریی بازاڕێکی ڕەمەکیدا زامن بکات، زۆربەی ئەرکەکان پێویستیان بە چارەسەر هەیە، چارەسەرێکی کاتی نا، بەڵکو ستراتیژییەتی چەندین دەیەی پەرەسەندنی وڵات کە ئابووریی بازاڕ لەتوانایدا نییە دەستەبەری بکات، بەتایبەتیش لە قۆناغی پێکهێنانیدا.

پێویستە لەسەر دەوڵەت سەرپەرشتیی کۆکردنەوە و وەبەرهێنانی بەشێکی زۆری داهاتی نیشتمانیی کوردستان بکات، چونکە نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا پرسێکی دیکەی نییە بێجگە لە پێکهێنانی ئابووریی نیشتمانی.

ئێمە پێویستمان بە هەموو جۆرە مۆلکێکی نیشتمانی و بیانی هەیە، بەڵام پێویستە بیر لەوە بکەینەوە، کاتێک کۆمپانیایەکی گەورەی ڕۆژئاوایی دێتە کوردستان، هاتنەکەی بۆ بواری ئابووریە و پاش ماوەیەک دوور نییە لەڕووی سیاسییەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بێت. هێنانی دراو بۆ سەر هەژماری ناوچەی ئۆتۆنۆمی شتێکە و وەبەرهێنانی ئەو دراوە بە شێوەیەکی کاریگەر لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی - ئابووری شتێکی تـرە.

هەموو وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت ڕووبەڕووی ئەم تاقیکردنەوەیە بوونە و پتڕۆدۆلارەکانیان بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی ڕۆژئاوا

بەکارهێناوە و هەڵی کارکردنی لەوێ ڕەخساندووە. دواتریش ئەم وڵاتانە بەشێکی زۆری دانیشتوانی وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقیاشیان ڕاکێشاوە، نموونەی ئەم وڵاتانەش (سعودییە، سووریا، ئوردن و جەزائیر) و بووەتە مایەی بەرزکردنەوەی هەستی ناڕەزایی نیشتمانی و پاشانیش تونددڕەوی و تیرۆری هانداوە، ئەمە کێشەیەکی بابەتییانەیە، چونکە دەکرێ پەتۆدۆڵارەکان بگەڕێنرێتەوە نێوخۆی وڵات، ئەگەرچی بەشێکی هێزی کڕینی لەدەستداوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی دروست وەبەرهێنانی بۆ نەکرێت، ئەوا بەتەواوی دەفەوتێت، دامەزراندنی هەیکەلێکی پیشەسازی لەمڕۆدا هێندە ئاسان نییە کە پەرەپێدانی پیشەسازیی جیهانی تووشی گۆڕانکاریی گەورە و دووبارە دەبنەوە.

دیاریکردنی ئامانجەکانی وەبەرهێنان لە کوردستان ئەرکێکی مەزن و سەختە، کێ وەبەرهێنان بۆ پارەکە دەکات و لە کوێ؟ پڕۆژە نیشتمانییەکان چین؟ ئاخۆ دەتوانرێت ئەم کێشەیە بە عەقڵانییەت چارەسەر بکرێت بەبێ ئەوەی بچێتە ژێر باری هەست و نەست و هەڵچوونە سیاسییەکان؟ پێویستمان بە ڕێوشوێن هەیە بۆ بڕیاردان لە بڕیارە ئابووریەکان. ئەمڕۆ بە کردەنی پێویستمان بە دیاریکردنی بەرنامەی وەبەرهێنان هەیە بۆ پێنج ساڵ و ١٠ ساڵ و ١٥ ساڵی داهاتوو، بەڵام ئەمە کێشەی کاریگەریی بەکارهێنانی مولکیەتی دەوڵەتمان بۆ دەخولقێنێ. لێرەدا ڕۆڵی دەوڵەت لەسەر پەرەپێدانی گشتیدا دەستپێدەکات کە لە بەرزترین ئاستی تەکنەلۆژیا بهێنێتە ئاست هەیکەلی بەکاربەری ڕکابەر. بۆنموونە: کوردستان پێویستی بە پاڵاوتگەیەکی نەوت هەیە، بەڵام پێویستە بەکارخستنی کۆمپانیاکە دەبێت لەلایەن کۆمپانیایەکی تایبەت بتوانێت سەرمایەی وەبەرهێنانەکە بگەڕێنێتەوە بۆ بودجەی دەوڵەت و باجەکان بدات و کارەکان بە چوستی بەڕێوەببات، دەکرێ پڕۆژەی ستراتیژیی دیکە دابمەزرێنرێت کە لەنێو پلانی پەرەپێدانی ئابووریی کوردستاندا هەبێت.

بە کردەنی پێویستە پڕۆژەی وردمان هەبێت لەسەر «ئابووریی کوردستان – ٢٠١٥» و «ئابووریی کوردستان – ٢٠٣٠» و پێویستیشە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیاری گشتیی ئەم پرۆژانە بێت.

ژماردنی داهاتەکان:

ئێمە پێویستییەکی زۆرمان بە ئەنجامدانی ژماردنی گشت داهاتەکان هەیە - داهاتی ژێر خاک و کانزاکان تا دەگاتە داهاتی نەختینەی بیانی بۆ حکومەتی هەرێم لەپێناو دیاریکردنی تواناکانی بەکارهێنانیان.

ئێمە دەوڵەمەندین - هەموو لایەکیش ئەم ڕاستییە دەزانێت. سامانمان نەوت و ئاوە، داهاتی کشتوکاڵ و گەشتوگوزارە، داهاتی مرۆییشە، کانزاکان، وێڕای هایدرۆکاربۆنەکان. ئەمانە سامانێکی مەزنن، ئەم داهاتانە لە باب و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە و مووڵکی هەموو تاکێکی کوردن، ڕەنگە بە بەشێکی بچووکی ئەم داهاتانە وا لە تاکی کورد بکات زۆر بە بەختەوەری بژێت، بەڵام کێشەکە لە چۆنیەتیی بەکارهێنانیانە بۆ گەشەسەندنی دەوڵەتی کوردی و دامەزراندنی بنەماکانی گەشەسەندنی کوردی نەوەکانی داهاتوومان. پێویستە ڕێگەیەک بۆ وەبەرهێنانی بەشێکی داهاتی نەتەوەیی بدۆزینەوە، بە جۆرێک کە ئەم وەبەرهێنانانە لەجیاتی ئەوەی ئەم داهاتە سروشتییانە، ببنە سەرچاوەی سەرەکیی گەشەسەندنیان.

ناوازەیی لە ئابووریی کوردستان:

ئالۆزکردن و ئاسانکردنی دۆخەکە لە هەمان کاتدا لەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە پراکتیک بنەمای ئابووریی بەرهەمی نوێی هەرێمی کوردستانمان نییە، لەڕاستیدا پێویستمان بە خوڵقاندنی ئابوورییەکە کە لە سفرەوە دەست پێبکات و لەگەڵ ئابووریی جیهانیدا ئاوێتە ببێت و سەقامگیر و توانای پەرەسەندنی هەبێت. بۆ تێگەیشتن لە ناوازەیی ئەو ئەرکەی ڕووبەڕووی سەرکردە سیاسییەکانی وڵات دەبنەوە، زەروورە کوردستان بە وڵاتانی دیکە بەراورد بکرێت کە لە ئایندەدا ڕێگە دەدات بەم وڵاتانە ببەسترێتەوە کە بەراستی بتوانرێت بەراوردیان بکەین.

ئەگەر کوردستان بە وڵاتانی دیکە بەراورد بکەین کە بە ڕای ئێمە هەموو خەسڵەتەکانیان هاوشێوەی قیرغیزستان، ئەرمینیا و ئیسرائیلە.

مۆدێلەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی - ئابووری:

بۆ دیاریکردنی پەرەسەندنی کوردستان، پێویستە بڕوانینە ئەو وڵاتەی کە داهاتی هاوشێوەی کوردستانیان هەیە، تەماشاکە، بزانە چۆن ئەمەیان بەدیهێناوە، ئاخۆ کوردستانیش توانا و ویستی لە داگیرکردنی پێگەیەکی هاوشێوەی لە سیستەمی جیهانی هەبێت.

نموونەی دەوڵەتە بچووکەکانی ئەورووپا:

دەوڵەت لە هەیکەلی ئەورووپایی، بۆ بەکارهێنانی ئەم دەستەواژە بیرکارییە دەوڵەتێکی بچووکە، بەڵام لە ئاست داهاتی ئەورووپاییە. ئەمڕۆ کوردستان لەڕووی ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوانەوە نزیکە لە ئێرلەندا (٧٠,٣ هەزار کیلۆمەتری دووجا، ٣,٥ ملیۆن کە لە ساڵی ١٩٨٦)، بەڵام کاتێک دەڕوانینە ڕەوتەکانی پەرەسەندنی دیموگرافی، پێویست دەکات جەخت لەسەر فەنکشنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پورتوگال بکەینەوە (٩٨ هەزار کم٢) کە هاوشێوەی ناوچەی کوردستانە کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ١٠,٤ ملیۆن کەس (لە ساڵی ١٩٨٦).

لە ئابووریی پورتوگالدا ڕێژەی پیشەسازییەکانی دەرهێنانی کانزاکان و بەرهەمهێنانی کارەبا بەرزە. سرووشتی زەوییەکەشی وەکو کوردستان شاخاوییە (بەڵام پورتوگال بە پێچەوانەی ئێمە دەروازەیەکی دەریایی هەیە و وەکو ئێمە نەخنکاوە) لێرە پیشەسازییەکی دەگمەنمان نییە کە سیفەتی پسپۆڕێتیی نێودەوڵەتیی پێببەخشرێت، تەنیا گەشتوگوزارمان هەیە، ئەویش لەسەر بنچینەی داهاتە گەورەکانی خۆشگوزەرانی لە وڵات دامەزراوە، بەڵام پیشەسازیی ئەوتۆمان هەیە کە بە کوالێتییەکی بەرزەوە دەخرێنە بازاڕەکانی نێوخۆ (کۆکردنەوەی ئۆتۆمبێل، پیشەسازیی کارەبا). لە تواناشدایە کەرەستەی ناومااڵ دروست بکرێت یاخود کۆبکرێتەوە و بخرێنە بازاڕەکانی نێوخۆی کوردستان و عێراق. لەگەڵ سیاسەتێکی گونجاوی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت بەرەبەرە داهاتی تاکە کەسیش بەرزبکرێتەوە. حزبە چەپڕەوەکانی پورتوگال بەهێزن، چونکە سیاسەتی دەوڵەت بە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکەی بۆ دانیشتوانی وڵات گرنگە.

هەڵبـەت چەنـد لایەنێکـی کۆمەڵایەتـی و ئابووریـی ژیانـی پورتـوگال پەیوەسـتە بـە مێـژوو و جوگرافیایەکـەی. پورتـوگال کـە ئیمپراتۆرییەتێکـی مەزنـی کۆلۆنیالیـزم و خـاوەن پاشـەکەوتێکی بنەڕەتیـی قەبـە بـوو. سـەربارەی ئـەوەش بـە درێژایـی چەندیـن سـەدە هیـچ جەنگێـک لەسـەر خاکەکـەی بەرپـا نەبـووە و هەمـوو جەنگـەکان لـە دەرەوەی خاکـی پورتـوگال بوونـە. فاکتـەری جوگرافیایـی لـەو ڕاسـتییەدا ڕوونـدەبێتـەوە کـە پورتـوگال بـە چەندیـن ڕێگـە بـە ئەورووپـا بەسـتراوەتەوە و بێگومـان ئەمـە وا دەکات ئاسـتی بژێویـی هاووڵاتیانـی بگاتـە ئاسـت هاووڵاتیانـی ناوەڕاسـتی ئەورووپـا. لـەوێ بایەخێکـی زۆر بـە پیشەسـازیی گەشـتوگوزار دەدرێـت کـە تێچوویەکـی بـەرزی پێویسـتە و پێویسـتی بـە سـەرچاوەکانی خۆشـگوزەرانی هەیـە. هەندێـک لـە هەلومەرجـەکان لـە کوردسـتانیش ڕەخسـاون (شـوێنەوارە مێژووییـەکان و ناوچـە شـاخاوییەکان کـە زۆر لەبـارن بـۆ بنیاتنانـی گونـدی گەشـتیاری و هۆتێـل) و هـەر کـە دۆخـە ئەمنییەکـە لەباربێـت دەکرێـت بخرێنـە واری جێبەجێکردنـەوە.

دوور نییـە داهاتەکانـی کوردسـتان، ئەگـەر ژمـارەی دانیشـتوانی سـێ هێنـدەش زیـاد بـکات و بگاتـە ١٠- ١٥ ملیـۆن کـەس، بەشـی ئـەوە بـکات ئاسـتی بژێویـی تاکـی کوردسـتان بگەیەنرێتـە ئاسـتی بژێویـی دەوڵەتێکـی ئەورووپایـی ماماوەنـد، بـەڵام لـە ئێسـتادا زۆر زەحمەتـە ئابووریـی نوێـی کوردسـتان لەسـەر ئـەم بنچینەیـەی ئێسـتا بنیـات بنرێـت، تەنانـەت لـە باشـترین دۆخـی سیاسـیی دەرەکـی و بارودۆخـی نێوخـۆش، چارەسـەری ئـەم کێشـەیە تەنیـا بـە پێڕەوکردنـی سیاسـەتێکی تایبەتـی ئابـووری دەبێـت کـە سـەرکەوتنی ئـەم سیاسـەتەش پشـت بـە چەنـد فاکتەرێـک دەبەسـتێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا هێشـتا ئومێـد دەکرێـت ئـەم سیاسـەتە ئابووریـە لـە کوردسـتان سـەربگرێت و ئەنجـام ببێتـە مایـەی بەرزکردنـەوەی داهاتـی تاکـە کـەس و گۆڕینـی پێوەرەکانـی هەیکەلـی دانیشـتوان (بایەخدانـی پـتر بـە کەرتـی پـەروەردە، بەدەسـتهێنانی بڕوانامـە و گۆڕانکاریـیەکان لـە بـواری دامەزراندن و دابەشـبوونەوەی دانیشـتوان). مۆدێلـە ئەورووپاییەکـەی پەرەپێـدان نوێکردنەوەیەکـی خێـرای ئابـووری دەخوازێـت کـە پێـوەرە ئەورووپاییەکـە بـۆ جـۆری گوزەرانـی هاووڵاتیـان پێـڕەو بکرێـت و بەلانـی کـەم دەبێـت حکومـەت بـۆ خـۆی و کۆمەڵگـە پێـڕەوی بـکات، ئەمانـەن ئـەو ئاماژانـەی کە پێویسـتن لـە هەمـوو بەڵگەنامەکانی

پلاندانانـدا ڕەچـاو بکرێـت، جـا چ پلاندانانێکـی ئاراسـتەکراو بێـت یاخـود ڕێنماییـکار کـە پێـش هەمـوو شـتێک بەسـەر کایـەی پـەروەردەدا جێبەجـێ دەکرێـت کـە بوارێکـە پێکهێنانـی نموونەیەکـی درێژخایـەن و پێوەرەکانـی ڕەفتـارە، بـەڵام پێویسـتە پسـپۆڕانی ئـەم بـوارە دابمەزرێـن لـە کوردسـتان.

مۆدێلی نیپال:

ئەمـە مۆدێلێکـی پەرەپێدانـە کـە تاکو ئێسـتا پارێزگاریی لـە شـێوازە تەقلیدییەکەی ژیانی زۆرینـەی ڕەهـای دانیشـتوان کـراوە و بـە ڕێگەیەکـی تەقلیـدی کار لـە کشـتوکاڵدا دەکەن و سـەرچاوەی بژێویـی ژیانـی زۆرینەی ڕەهـای دانیشـتوانی وڵاتی پێدابیـن دەکەن.

نیپـال (١٤٠,٨ هـەزار کیلۆمەتـری دووجایـە) لـە ناوچەیەکدایـە کـە کەمێـک جیاوازیـی لەگـەڵ کوردسـتاندا هەیـە، بـەڵام ١٧,١ ملیـۆن کەسـی تێـدا دەژێـت (١٩٨٦) ئـەوەی لێـرەدا گرنگـە ئامـاژەی پێبدرێـت، شـێوازی ژیانـی زۆربـەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی ئـەم وڵاتـە شـێوازێکی کـۆن و تەقلیدییـە. لـەڕووی ژمـارەی دانیشـتوانەوە نیپـال سـێ هێنـدەی دانیشـتوانی کوردسـتانە، پێدەچێـت ئـەم تایبەتمەندییـە لـە دەرەوەی نیپـال لـە چوارچێـوەی کلتوورێکـی جیـاوازدا جێبەجێنەکرێـت کـە ئاماژەیەکـە بـۆ چڕیـی دانیشـتوان لـە ئابووریـیەکـی تەقلیـدی و داهاتێکـی کەمـی تـاک.

بـەڵام مۆدێلـی نیپالـی چەنـد ئامانجێکـی گرنـگ دەپێکێـت: یەکـەم: پارێزگاریکـردن لـە شـێوازی تەقلیدییانـەی گـوزەران. دووەم: پارێزگاریکـردن لـە خێزانەکانـی لادێنشـین و نموونـەی تەقلیدیـی ڕەفتـاری منداڵبـوون. سـێیەم: پارێزگاریکـردن لـە نەریتـە کۆمەڵایەتییـەکان و بەشـێوەیەکی بنەڕەتیـش، باوکسـالاری. چـوارەم: دەسـتەبەرکردنی هەلومەرجـی شـیاوی کۆمەڵایەتـی بـۆ هەبوونـی نوخبـەی نیشـتمانی، ئەگـەر بـە مانـەوە ڕازی بێـت لـە چوارچێـوەی نەریتـە تەقلیدییـەکان.

مۆدێلـی نیپـال تـا ڕادەیـەک نزیکـە لـەو جـۆرە پەرەپێدانـەی لـە چەندیـن وڵاتـی بەرهەمهێنـی نـەوت لـە کەنـداوی فارسـی جێبەجێدەکرێـت کـە بێگومـان جیاوازییـان زۆرە: وڵاتانـی بەرهەمهێنـی نـەوت ئاسـتی بژێویـی هاووڵاتیانیـان زۆر بەرزتـرە بەهـۆی داهاتـی زۆری نەوتـەوە. ئـەم مۆدێلـی پەرەپێدانـە مانـای ئـەوە نییـە وڵات بکەیتـە بەشـێکی

کاریگەر لە جیهان، هەرچەندە ڕێگەش بە نوخبەکانیان بدرێت بە ئازادی پێوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بکەن، دانیشتوانە زیادەکەی ئەوێ وڵات بەجێناهێڵن و هیچ هەلێکی سەقامگیرییان لە جیهانی دەرەوەدا بۆ نەڕەخساوە.

بەپێچەوانەی نیپال، وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت دەتوانن هاووڵاتیانیان لەسەر ژیانی وڵاتانی ئەورووپایی یاخود ئەمەریکایی ڕابهێنن، ئەمەش پرسی جەختکردنە لەسەر پەروەردە و خوێندن و جیاوازیی کلتووری یاخود شارستانی. جا ئەگەر سیستەمێکی پەروەردەیی باش لە کوردستان دەستەبەر بکرێت، ئەوا بەشێکی زۆری کوردی باشوور ئامادەن خۆیان لەگەڵ شێوازی ژیانی وڵاتانی دیکە ڕابهێنن.

سروشتی پلان بۆ داڕێژراوی ئابووری:

با هێندە ڕەشبین نەبین، بەڵام زۆرێک هەن ئەم پرسیارە دەخەنەڕوو: ئاخو لە سەرەتایەکی ئاوا دواکەوتووی ئابووریی نیشتمانیدا دەکرێ؟ پرسیارێکی بەجێشە. ئەمڕۆ لە کوردستان لە زۆر ڕووەوە هاوتای دۆخی وڵاتە بچووکەکانی قەوقازە، بۆنموونە: ئەرمینیا، جۆرجیا یاخود ئازەربێجان یانیش لە هەمان وڵاتانی ئاسیای ناوین – قیرغیزستان یاخود تاجیکستان. بەڵام بە بەراود لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا – بێجگە لە ئازەربێجان- کوردستان لە دۆخێکی باشترایە و نەوتی هەیە.

ئێمە پێویستمان بە پلانێکی پەرەپێدان هەیە بۆ وڵات کە توانای وەرگرتنی هەموو ئاراستە سەرەکییەکانی هەبێت لە پەرەپێدانی ئابووری و دیاریکردنی کارە لەپێشینەکان بە شێوازێک کە ڕادەی دەستوەردانی حکومەتی تێدا کەم بکاتەوە. بەڵام لە ئێستادا دەستوەردانی حکومەت زۆر زەق و دیارە، چونکە لە کوردستان بێجگە لە حکومەت هیچ لایەنێک نییە ئەو توانایەی هەبێت بتوانێت بە توانا دارایی و ڕێکخستنەکەی لەپێناو پەرەپێدانی ئابوورییەکی نوێ هەبێت. چارەسەرکردنی پرسی مۆڵکییەت گرنگە، بۆ دامەزراندنی ئەم شێوازانەی توانای زامنکردنی پڕکردنەوەی سەرچاوەی پێویستیان هەیە، ئەگەر لە سەرچاوەی دەرەکیشەوە بن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت مۆڵکەکان لەبن دەستی گەلانی کوردستان بهێڵیتەوە، بۆنموونە: دامەزراندنی پاڵاوتگەیەکی نوێی نەوت چەند سەد

ملیـۆن دۆلارێکـی پێویسـتە، ئەمـەش بـۆ بـازاڕی دراوی جیهانـی کێشـە نییـە، بـەڵام لەنێوخـۆی کوردسـتاندا ئـەم بـڕە پارەیـە دەسـت ناکەوێـت.

هەڵسـەنگاندنی توانـا ئابووریـیەکانـی کوردسـتان بـە پێویسـت دەزانرێـت. هەڵبـەت دەکـرێ بەشـێک لـە کێشـەکە لەچوارچێـوەی بنیاتنانـی ئـەو ژێرخانـە بێـت کـە بتوانێـت خولێکـی تـەواوی پاڵاوتنـی نـەوت دەسـتەبەر بـکات، بـە ڕەچاوکردنـی تواناکانی کوردسـتان (هێـزی کار، ژینگـە، توانـای گواسـتنەوە لـە هەرێـم) پێگـەی جوگرافیایـی و ئابووریـی کوردسـتان دووڕەپەرێزیـی لـە بازاڕەکانـی تورکیـا و عێـراق دیـاری دەکات.

سـەرکردە سیاسـییەکانی کـورد لەمـڕۆدا هـەوڵ دەدەن دانپێدانانـی تەواوەتـی بـەو سـەروەرییە بەدەسـت بێنـن کـە لـە سـاڵانی خەباتـی دژی ڕژێمـی سـەدام حوسـێن دەسـتەبەریان کـردووە. مەرجـی ڕوون و ئاشـکراش بـۆ ئـەوە داڕێـژراوە کـە کوردسـتان بـە بەشـێک لـە عێراقێکـی یەکگرتـوودا بمێنێتـەوە. ئەویـش فیدراڵیزمـە وەک پرەنسـیپێک بـۆ بنیاتنانـی عێراقێکـی دیموکراسـی، ئەمەشـیان بـە ڕوونـی لـە دەسـتووری عێراقـدا ڕوونکراوەتـەوە کـە مافەکانـی گەلانـی کوردسـتان و سـامانی سروشـتیی کوردسـتانی تێـدا چەسـپاوە، ئەگـەر پرەنسـیپی بەشـداربوونی یەکسـان بـۆ هەمـوو هاوواڵتیانـی عێـراق لـە سـامانی وڵات و پشـکی کوردسـتان لـە داهاتـی نەتەوەیـی عێـراق پەسـند بکرێـت.

فیدراڵیـزم- پرەنسـیپێکی تـا ڕادەیـەک ناڕوونـە کـە ڕەنگـە جیاوازییەکـی زۆری لـە مومارەسـەکردندا هەبێـت بـە پشتبەسـتن بـە میکانیزمـی کردەنـی جێبەجێکردنـی ئـەم پرەنسـیپە. بـۆ کوردسـتانی ئەمـڕۆ ئەزموونـی بنیاتنانـی فیدراڵیـزم لـە وڵاتانـی دیکـە گرنگـە. پێویسـتە لـەوەش تێبگەیـن کـە چەندیـن بنەمـا هـەن ناتوانرێـت لـە ئەزموونـی پەرەپێدانـە تایبەتەکـەی خۆمـان دەربهێنیـن، چونکـە ژیـان هێنـدە هەمەجـۆر بـووە کـە نەتوانرێـت لەلایـەن شرۆڤەکارێـک یاخـود داڕێژەرێـک لەسـەر بنەمـای ماددەیەکـی دیاریکـراوی وڵاتێـک گریمانـەی بـۆ بـکات. ئەمـە پێویسـتی بـە شارەزاییەکی فرەوانـی مێژوویـی هەیـە کـە پێویسـتە لـە داڕشـتنی سـتراتیژییەتی پەرەپێدانـی نیشـتمانیی کوردسـتان بەکاربهێنرێـت.

کوردسـتان دەچێتـە نێـو قۆناغێکـی نوێـی پەرەسـەندن: لـە ئۆتۆنۆمییـەوە بـەرەو سیسـتەمی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ کـە دانپێدانانێکـی نێودەوڵەتیـش پشـتگیری دەکات. بەپێویسـتیش دەزانرێـت هەڵسـەنگاندن بـۆ هۆکارەکانـی پەرەپێدانـی ئابووریـی وڵات

بکرێت. ئەمەش تواناکانی دەوڵەتی کوردی فرەوانتر دەکات کە خۆی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی ئابووریی وڵاتیان. ئەم فرەوانبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کوردستان وەکو دەوڵەتێک دەبێتە بابەتێک بۆ چالاکیی ئابووریی بیانی.

کوردستان دوچاری کێشەی ئەوتۆ نەبووەتەوە کە بۆ زۆربەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بە کێشەی نموونەیی هەژمار دەکرێت. یەکێک لەو کێشانە ئەو پەرەپێدانەیە کە لەگەڵ شارەکاندا ناگونجێت. پێویست ناکات هێندە جەخت لە چالاکییە بازرگانی و بەرهەمهێنانی شارە گەورەکان بکرێتەوە - هەولێر، سلێمانی و دهۆک- ئەمڕۆ دەتوانرێت ئەوە بکرێت ئەگەر جووڵەیەکی گواستنەوە لەئارادابێت و پەرە بە سیستەمەکانی گەیاندن بدرێت.

کەرتەکانی گەشەسەندنی بەرایی:

- بەرهەمهێنانی نەوت و پاڵاوتن و پیشەسازیی وزەی کارەبا
- پیشەسازیی بیناسازی (بیناسازیی دەستکرد و نیشتەجێبوون)
- سیستەمەکانی گەیاندن بەتایبەتیش مۆبایل و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان
- پیشەسازیی کەرەستەکانی بیناسازی
- ڕێگەوبان
- کشتوکاڵ
- پەروەردە و بڵاوکردنەوە و میدیای ئەلیکترۆنی
- چاودێریی تەندروستی
- پیشەسازیی کۆکردنەوە و بەستنی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی ناوماڵ و کۆمپیوتەر

داتا دیاریکراوەکانی پەرەپێدانی ئابووریی کوردستان:

سیاسەتی جێگرەوەی هاوردەکان:

لەمڕۆدا کوردستان بە پراکتیک هەموو جۆرە کەلوپەلێک هاوردە دەکات، بۆیە پێویستی بە سیاسەتێکی جێگرەوەی هاوردەکردن هەیە لەو ناوچانە کە بە هەقیقەت دەتوانێت بەرهەمێکی ڕکابەر بەرهەمبێنێ.

وەزارەتی گواستنەوە پلانێکی پێنج ساڵەی هەیە، جا ئەگەر ئەو پلانە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت ئەوا پێویستی بە ٥ ملیار دۆلار دەبێت بۆ پەرەپێدانی ئەم ژێرخانە. بەڵام تێچووی گشتیی پلانەکە زۆر بەرزتر دەبێت، چونکە بێجگە لە دەوڵەت، پلانەکە وەها داڕێژراوە وەبەرهێنانی تایبەت و بیانیش بهێنێتە ناوەوە، ئامانجەکەش ئەوەیە تۆڕێکی ڕێگەوبانی پێشکەوتووی دروستکراو بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەنێوان شارە گەورەکاندا ڕابکێشێت، هەروەها کوردستانیش بە وڵاتانی دیکە بگەیەنێت و تۆڕێکی ڕێگەوبانیش بیگەیەنێتە ناوچەکانی دیکەی عێراق. ڕۆژانە هەزاران بارهەڵگری گەورە دێتە سنووری کوردستانەوە و کەلوپەل بۆ کوردستان و عێراق دەگوازێتەوە و ئەم تۆڕە ڕێگەوبانەی ئێستا ناتوانێت بە ئاسانی مامەڵە لەتەک ئەم هەموو ژمارە زۆرانەدا بکات. دۆخی تێپەڕبوون بە کوردستان سوودی پێدەگەیەنێت و گەیشتن بە سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان ئاسانتر دەکات لە ناوچەکە.

دوای دروست کردنی ئەم تۆڕی ڕێگەوبانە، دۆخەکە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا باشتر دەکات و دەبێتە بەشێک لە ژێرخانی کوردستان و دەبێتە مایەی پێشخستنی کەرتەکانی دیکەی ئابووری، بەتایبەتیش کەرتی گەشتوگوزار.

پیشەسازیی نێوخۆیی:

پیشەسازیی خۆراک: پیشەسازیی خۆراک لە کوردستان، هەلومەرجی پێشوەختەی نایابی بۆ پێشکەوتنی خێرای بۆ ڕەخساوە و دەتوانێت پشت بە بەروبوومە پیشەسازییە نێوخۆییەکانی ناوچەکە ببەستێت.

کشتوکاڵ و ئاودێری: ٥٠٪ی گەنم و ٤٠٪ی جۆ و ٩٨٪ی بەرهەمی تووتن و ٣٠٪ی پەموو و ٥٠٪ی میوەی بەرهەمهاتووی عێراق لە کوردستان بەرهەمدەهێنرێت و تاکو ئێستا ڕۆڵی سەبەتەی خۆراکی عێراق دەگێڕێت.

کوردستانی باشوور بەربوومی کشتوکاڵیی وەرزیی فرەی هەیە و پێگەی خۆی لەنێو ناوچەکە هەرە دەوڵەمەندەکانی کشتوکاڵی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کردووەتەوە و هەلومەرجێکی نایاب بۆ پەرەپێدانی ئەم کەرتەی ئابووریی عێراق دەخولقێنێ و توانای چارەسەرکردنی نەک هەر کێشە ئابوورییەکانی هەیە (خۆبژێویی کوردستان، بەروبووم بۆ هاوردەکردن، دروستکردنی هەلی کار) بگرە ئەرکی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیشی لەئەستۆدایە (پارێزگاریکردن لە شێوازی ژیانی تەقلیدیی کوردەواری، پارێزگاریکردن لە توانای پارێزگاریکردن لە قەبارەی بەرزی دانیشتوان، بارودۆخی تەندروستی). وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان سێ ئەرکی سەرەکیی بۆخۆی دیاریکردووە: گەرەنتیکردنی ئاسایشی خۆراکی هەرێم، پاراستنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان و دووبارە بووژانەوەیان، چونکە پێشتر کورد ناچارکرابوون کێڵگەکانیان لەبەر هۆکاری ئەمنی بەجێبهێڵن، زامنکردنی پاراستنی ژینگە لە چالاکییەکانی کشتوکاڵ[٢].

ئەگەرچی کوردستان دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوییەوە، بەڵام پتر ٢٨٪ی زەویوزارەکەی چێنراوە و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ئاویشی هەیە، بێجگە لەوەی کە کەشوهەوایەکی لەباری هەیە و ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری دابارینی تێدایە کە ئاودێریی سرووشتی بۆ بەشێکی زۆری زەویوزارە چێنراوەکان دەستەبەر دەکات.

لە ئێستادا لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک ٢٤٧٥ گوند هەن.تێکڕای ڕووبەری ئەم دوو پارێزگایە یەک ملیۆن و ٧٣٤ هەزار و ٧٢٣ هیکتارە کە ٧٦٨ هەزار

و ٤٦٢ هیکتاری بۆ کشتوکاڵ گونجاوە و ٩٦٦ هەزار و ٢٦٠ هیکتاری نەچێنراوە. (٦١٧ هەزار و ٨٥٥) هیکتاری زەوییە داچێنراوەکان بە باراناو ئاودێری دەکرێن و ٤٤هەزار و ١٧٠ هیکتاریان بە ئاودێریی دەستکردە.

کۆی گشتیی جوتیارانی ناوچەی پۆژئاوای هەرێمی کوردستان ١٥٣ هەزار و ٦٦٩ جوتیارە و ژمارەی ئاژەڵەکانیان دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن و ٨٥٣ هەزار و ٩١٤ مەڕ و بزن و مانگایە. رووبەری لەوەڕگەکانیشی نزیکەی ١٦٩ هەزار و ٤٧٥ هیکتارە. بە هەموو جوتیارەکانی ئەم دوو پارێزگایە ٦ هەزار و ٨٠٣ تراکتۆر و ٤٨٠ دەڕاسەیان هەیە.

بەرهەمی گەنم و جۆی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لە وەرزی ٢٠٠١- ٢٠٠٢دا گەیشتە ٧٣٥ هەزار و ٩٨٦ تۆن و ٣٧٤ هەزار و ٨٠٨ تۆن یەک لەدوای یەک و زۆر زیاترە لە بەرهەمی ساڵی ١٩٨٩ کە زۆر پاشەکشەی کردبوو بەهۆی ڕوودواوە دڵتەزێنەکانی ساڵی ١٩٨٨ و گەیشتبووە هەزار و ١٤٢,٥ هەزار تۆن گەنم و ٤٤,١ هەزار تۆنیش جۆ. بەروبوومی سەوزەش گەیشتبووە ٣٩٤,٢ هەزار تۆن کە زیاتر بوو لە ئاستی بەرهەمهێنانی ساڵی ١٩٨٩، دەبێ ئەوەش بگوترێت کە توانای بەرهەمهێنانی ناوچەکە زۆر لەوە بەرزترە.

کوردستان دەکارێت ببێتە دەوڵەتێکی هەناردەکاری دانەوێڵە، میوەی وشککراو، گوێز، کونجی، خوری و میوەی قوتووبەند. هەروەها دەشتوانێت پێستە و بەروبوومی شیرەمەنی (پەنیر و ماست)یش بەرهەمبێنێ و لە پیشەسازیدا بەکاربهێنرێت.

کێڵگەکانی پەلەوەر: لە ساڵی ١٩٩٦ەوە کوردستان گەشەیەکی فرەوانی لە کەرتی پەروەردەکردنی پەلەوەردا تۆمارکردووە، لەو کاتەی کە تەنیا ٢٦ کێڵگەی بچووکی پەلەوەر لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا هەبوون (٢٠٩ هەزار مریشک لە ساڵێکدا)، بەڵام لە ئێستادا نزیکەی ٣٩٦ کێڵگەی گەورەی پەلەوەر هەیە (٤ ملیۆن مریشکی هێلکەکەر و ١٢٠ ملیۆن هێلکە لە ساڵێکدا) کە بەشی پێداویستیی هەموو ناوچەکە دەکات.

ڕاوەماسی: ژمارەیەکی بەرچاو دەریاچە و ڕووبار لە ناوچەکەدا هەن و کە یاریدەدەرن بۆ پێشخستنی پیشەسازیی ڕاوەماسی و هەناردەکردنی کە جەخت

لەســەر تــەواوی ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناویــن بکاتــەوە کــە بەشــێوەیەکی ســەرەکی ئــەوان ماســیی دەریــا بەکاردێنــن.

پیشەسـازیی شـەڕاب: ناوچەکـە بـە کێڵگـەی تڕێـی ڕەش بەناوبانگـە، بۆیـە توانایەکـی زۆری لـە بەرهەمهێنانـی شـەڕاب هەیـە. لـە ئێسـتادا بەروبوومێکـی زۆری بەرهەمـی تڕێـی ڕەش بەهـۆی نەبوونـی کـۆگای پاراسـتنی بەرهەمەکـە و مەحاڵبوونـی هەناردەکردنـی لـە کاتـی گونجـاودا بەهـەدەر دەچێـت. بـەڵام بـە جێبەجێکردنـی تـۆڕی ڕێگەوبانەکـە دەکـرێ بەشـێکی زۆری ئـەم بەروبوومـە هەنـاردە بکرێـت.

تووتـن: تووتنـی کوردسـتان بەهەمـوو پێوەرێکـی جیهانـی، یەکێکـە لـە جـۆرە نایابەکانی تووتنـی جیهـان، لـە کوردسـتان تووتنـی پایـپ بەرهـەم دەهێنرێـت و لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوینـدا خواسـتێکی زۆری لەسـەرە.

پەمـوو: کلتوورێکـە بـۆ ئابووریـی ناوچەکـە زۆر گرنگـە، خاکـی بەپیتـی کوردسـتان و وەرزی درێـژی گەشـەی ئـەم بەروبوومـە و ئـاوی ژێـر زەوی، هەلومەرجێکـی نموونەییـان بـۆ چاندنـی پەمـوو ڕەخسـاندووە.

میـوەی فرێـش و وشـککراوە: بەرهەمهێنانـی میـوەی وشـککراوە یەکێکـە لـە خێراتریـن پیشەسـازیی گەشەسـەندووی ناوچەکـە کـە خواسـتێکی زۆری لەسـەرە لـە بازاڕەکانـی ناوخـۆ و دەرەوەدا و زۆریـش پێویسـتە بـە کوالێتـی بـەرزی نێودەوڵەتـی دروسـت بکرێـن.

گوێـز و فسـتق و کەسـتەنا: چەندیـن جـۆرە داری بـەرداری میـوە و گوێـز خۆڕسـکانە لـە چیاکانـی زاگـرۆس و چیاکانـی تۆرۆسـدا دەڕسـکێن و فسـتق و بـاوی و بنـدق و کەسـتەنا و گوێـز لـە ناوچـە چێنراوەکانـدا بەڕادەیەکـی زۆر بەرهەمدەهێنرێـن.

دۆمبـەڵان: دۆمبـەڵان بـە زۆری و بە شـێوەیەکی سروشـتی لـە دارسـتانەکانی داربەڕوودا گەشـە دەکات و دەکـرێ بکرێتـە توخمێکـی قازانجهێنـی هاناردەکراو بـۆ دەرەوەی ناوچەکە و بەتایبەتـی ڕۆژهەڵاتـی ناوین.

خەســڵەتێکی تایبــەت لــە بەرهەمهێنانــی بەروبوومــە کشــتوکاڵییەکانی کوردســتان بەکارنەهێنانــی پەیینــی کیمیاییــە کــە لــە بــازاڕە نێودەوڵەتییەکانــدا زۆر بەڕێــزەوە پێشـوازیی دەکـەن و خواسـتێکی زۆری لەسـەرە و گرانبەهاشـە. بـەڵام کێشـەکە لەوەدایـە

کـە توانـای تایبـەت بـە خسـتنە بـازاڕی بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکانی نەگەیشـتووەتە ئاسـتی پێویسـت (کۆگاکـردن، پاراسـتن، فرۆشـتنی بەروبوومـەکان) و هێشـتا بـە سیسـتەمە تەقلیدییـەکان ئـەم کارانـە بەڕێوەدەچـن.

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پشـتگیریی جوتیـاران دەکات بـەوەی سـاڵانە بەروبوومـی دانەوێڵەیـان لێدەکڕێتـەوە کـە هۆکارێکـە بـۆ ڕێکخسـتنی نرخـی ئـەم بەروبوومـە کشـتوکاڵییانە. بـەڵام ئەرکـی سـەرەکیی هەرێمـی کوردسـتان نەهێشـتنی ئـەو کۆسـپ و تەگەرانەیـە کـە لـە کاتـی ڕژێمـی سـەدام حوسـێنەوە بـۆ وێرانکردنـی ناوچەکـە گیرابووەبـەر کـە ببـوو بـە مایـەی وێرانکردنـی کەرتـی کشـتوکاڵی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٨٨ نزیکـەی ٤ هـەزار و ٥٠٠ گونـد وێـران کـران و خەڵکەکـەی ڕاگوێزرانـە کۆمەڵگـە زۆرەملێـکان کـە بـووە هـۆی گۆڕانکارییەکـی ڕیشـەیی پیشـە و گوزەرانـی گوندنشـینان و بێبەشـکردنیان لـە چاندنـی تەقلیـدی بـۆ سـاڵانێکی دوورودرێـژ، ئەنجامـە نەرێنییـەکان تەنیـا گوندنشـینان نەبـوون، بەڵکـو هەمـوو سیسـتەمەکانی ئاودێریـش وێـران کـران. لـە شـەڕی هەشـت سـاڵەی ئێران-عێراقیشـدا بەشـێکی زۆری خاکـی کوردسـتان کرانـە کێڵگـەی بەمینڕێژکـراو کـە پێشـتر هەمـوو کێڵگـەی بەرهەمهێـن بـوون، لـە ئێسـتادا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سـەرقاڵی شـیاندن و گەڕاندنـەوەی بەشـێکی گوندنشـینانە بـۆ سـەر زەویـوزاری خۆیـان بـە هەڵگرتنـەوەی مینـەکان لـە کێڵـە کشـتوکاڵییەکانیان و ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان و بنیاتنانـی قوتابخانـە و بنکـەی تەندروسـتی و مزگـەوت لـە هێندێکیانـدا.

هاوتەریـب لەگـەڵ هەڵکشـانی وزەی تاکـی کـورد پێویسـتە ئاسـانکاری بکرێـت بـۆ هێنانـی تەکنیکـی نـوێ کـە بەبـێ ئەمـە ناکرێـت شـێوازە تەقلیدییەکـە نوێبکرێتـەوە لـە گونـدەکانـی باشـووری کوردسـتان، هێنانـی تەکنەلۆژیـای پێشـکەوتوو بـۆ زەویـوزارە وشـکەکان خواسـتێکی بەپەلەیـە و پێویسـتی بـە پێوەندیـی بـەردەوام هەیـە لەگـەڵ سـەنتەری نێودەوڵەتیـی تۆژینەوەکانـی کشـتوکاڵ لـە ناوچـە وشـکەکاندا (ئیـکاردا) کـە بارەگاکـەی لـە حەلەبـی سـوریایە، هەروەهـا پێوەندیـی بـەردەوام لەگـەڵ ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەکانـی دیکـە کـە ئاسـانکاری بکـەن بـۆ وەدەسـتهێنانی تەکنەلۆژیـای پێشـکەوتووی کشـتوکاڵ لـە ئیسرائیـل.

ئێمە پێویستمان بە مەشق و ڕاهێنانی فەرمانبەرەکانی کەرتی کشتوکاڵە تاکو ئەو ڕاهێنانە خێرایانە ببنە هۆی پێشکەوتنی کەرتە دیاریکراوەکانی ئابووریی کوردستان لە هەندەران و لەوێوە تۆڕێکی دامەزراوە فێرکارییەکانیان لە وڵاتانی نیشتەجێبوونیان بکەنەوە بۆ مەشق پێکردنی پسپۆڕانی کورد.

ئاودێری: دامەزراندنی تۆڕێکی ئاودێری بۆ ئەو ناوچانەی دەکەونە ئاراستەی ڕێڕەوی ڕووبارەکان یەکێکە لە بوارە ڕاستەقینەکانی ئابووریی کوردستان. تەنیا وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەم ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ و زۆربەی ناوچەکان پێویستیان بە تۆڕێکی ئاودێری هەیە کە دەگاتە نزیکەی ٢٠٠ گوندی ناوچەکە و هەموویان پێویستیان بە تۆڕێکی ئاودێریی سەربار هەیە.

لە کوردستاندا سیستەمێکی تەقلیدیی دیکەی ئاودێری هەیە کە پشت بە ئاوی ژێر زەوی دەبەستێت و پێیدەڵێن «کاریز» بۆ دەستەبەرکردنی ئاو لە دەشتاییەکانی هەولێر و سلێمانی: مورتکە، کیردماڵ، قوشتەپە، قاسم ئاغا، مەلا ئەفەندی، کەسنەزان، عەرەب کەند، حاجی ئەلیاس و داودئاغا نموونەی ئەو گوندانەی باشووری کوردستانن کە بەم سیستەمە ئەقلیدییەی ئاودێری خۆیان بەڕێوەدەبەن.

لە دهۆک و هەولێر ١٤٥ پڕۆژەی ئاودێری لەم چەند ساڵانەی دواییدا کراونەتەوە و ٢٩٠کم بۆڕیی بۆ ڕاکێشراوە و ٧٤ بیری قووڵ لێدراون، هەروەها ٥٣٠ تانکیی گەورەی ئاو دانراون کە قەبارەیان لەنێوان ١٠ - ٢٠ هەزار لیتر ئاو دەبێت.

٩٠٪ی پارێزگای سلێمانی پشت بە سیستەمێکی ئاودێریی تەقلیدی دەبەستێت بۆ ڕاکێشانی ئاو و ئاوەڕۆ و دووبارە نۆژەندەکرێتەوە هەروەکو سیستەمە کۆنەکەی هەولێر.

دارستانەکان: باشووری کوردستان ٧٦٨,٧ هەزار هیکتار دارستانی سروشتیی تێدایە، وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری پلانی دروستکردنی دارستانی دیکەی هەیە کە تاکو ئێستا ٣,٧ هەزار هیکتاریان جێبەجێکراون.

لە هەولێر و دهۆک نەمامگەی درەختی بەردار و گوێزی تێدایە کە بەسەر جوتیاراندا دابەشدەکرێن بە ئامانجی زیادکردنی ڕووبەری بێستانەکانی میوە و دارگوێز. ئەمەشیان هەر دەچێتە چوارچێوەی سڕینەوەی ئاسەوارە نەرێنییەکانی ڕژێمی سەدام

حوسێن بەسەر کەرتی کشتوکاڵی کوردستان کە ئەوسا زۆربەیان سووتێنرابوون.

بنیاتنانەوەی کوردستان: ڕاستەوخۆ دوای پێکهێنانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، کوردی باشوور دەستیان بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان کردەوە، لە ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٩ نزیکەی هەزار کیلۆمەتر ڕێگەوبانی نوێ ڕاکێشرا و ٦٠٠ کیلۆمەتری دیکەش نۆژەنکرایەوە و ١٥ پردی نوێ بنیاتنرا.

نزیکەی ١٣٢ ملیۆن دیناریش بۆ کرینی ئامێر و کەرەستەی خاو خەرجکرا، بەتایبەتیش لە کەرتی نۆژەنکردنەوەی کارگەکانی بەرهەمهێنانی کوتاڵ و جگەرە و کارگەکانی شیرەمەنی و پیشەسازیی مەڕمەڕ. نزیکەی ٢٦٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوە و جوانکاریی بینا حکومییەکان خەرجکرا.

ماوەیەکی زۆریش سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی شەقام و کۆڵانەکانی شارە سەرەکییەکانی کوردستان بوون و چەندین تۆڕی ئاوەڕۆی نوێ و تۆڕی ئاوی خواردنەوە جێبەجێکران و سیستەمی هاتوچۆ ڕێکخرایەوە و باخچە گشتییەکان ڕازێنرانەوە و ڕووبەری سەوزایی شارەکان زیاد کران، ٦٥ ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکرابوو کە دەکاتە نزیکەی ٣,٨٪ی کۆی بودجەی هەرێم.

لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا یەک کارگەی بەرهەمهێنانی چەمەنتۆ لە کوردستان هەیە و دەکەوێتە پارێزگای سلێمانییەوە. بەرهەمی ڕۆژانەی بەشی هەموو کوردستان ناکات. هەروەها شیشی بیناسازی و کەرپووچ و چەو بەشی ئەم ئاوەدانکردنەوە فرەوانەی کوردستان ناکات و بیر لە دوو جێگرەوەی دیکە دەکرێتەوە.

بەرنامەی نیشتەجێکردنەوەی هەزاران ئاوارەش یەکێکە لە کارە هەرە لەپێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە تەلاری گەورەی نیشتەجێبوون دەخوازێت.

لەبری کۆتایی، کۆمێنتێکی کورتی نووسیار

بە پێنووسی: ئۆڵگا ئیڤنۆڤا ژیگالینا

ئـەو بابەتـە تایبەتـەی سـەبارەت بـە پەرەپێدانـی ئابووریـی باشـووری کوردسـتان کـە لەلایـەن زانـای ئابووریـی کـورد خۆشـەوی ئیبراهیـم پێکەشـیکردووە تـا بڵێـی گرنـگ و پڕبایـەخ و سەرنجڕاکێشـە و هیـچ ئەنجـام و هەڵسـەنگاندنێکی شرۆڤەکاریـی تێـدا نییـە و ژمارەیەکـی زۆر بڕگـەی وروژێنـەری تێدایـە کـە قابیلـی گفتوگـۆی ناکۆکـە، هـاوکات ڕەنگدانـەوەی کـوردی باشـووە بـۆ ژمارەیـەک لـە کێشـە هەنووکەییـەکان، بۆیـە نووسـیار ناچـارە کۆمێنتێکـی کـورت لەسـەر چەنـد بڕگەیـەک تۆمـار بـکات.

دکتـۆر خۆشـەوی لـە بابەتەکەیـدا پرسـی گرنگیـی چارەسـەرێکی کتوپـڕ بـۆ کێشـە ئابوورییەکانـی ناوچەکـە دەخاتـەڕوو. لـە هەمـان کاتیشـدا نەیتوانیـوە شـێوازەکانی چارەسـەرکردنەکە بخاتـەڕوو. تاکـو ئێسـتا نووسـیار لـە دیـدگای خەونەکانـی گەلـی کـورد لـە شرۆڤەکردنیـان نزیـک دەبێتـەوە کـە چەندیـن سـەدەیە دەربـارەی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی پێشـکەوتوو قسـەدەکرێت، ئەمـەش بـە تایبـەت لـە جەختکردنەوەکانـی دکتـۆر خۆشـەویدا دەردەکەوێـت، بۆنموونـە: «پێکهێنانـی هەرێـم وەکـو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ» وێـڕای ئـەوەی هەروەکـو نووسـیاریش ئاماژەیـان بـۆ دەکات، کۆمەڵێـک بەربەسـت هـەن لەڕێگـەی ڕاگەیاندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ. ئابووریـی هەرێمـی باشـووری کوردسـتان تـازە دەسـتی بـە پەرەسـەندن کـردووە. هـاوکات نووسـیار چەندیـن تیـۆر دەخاتـەڕوو بـۆ پەرەپێدانـی ئابووریـی کوردسـتان و ئاماژە بـۆ سـەرچاوە ئابوورییـە دەوڵەمەندەکانـی باشـووری کوردسـتان دەکات، بـەڵام نەیتوانیـوە چـۆن بیخاتـە خزمـەت بەرژەوەندییەکانـی کۆمەڵگـەی کـوردەواری. ئاشـکرایە تیۆریزەکردنـی ئابـووری لـە غیابـی ئامارەکانـدا پێویسـتە لەلایـەن پسـپۆڕێکی شـارەزای ئابوورییـەوە کۆمێنتـی لەسـەر بنووسـێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەڕای ئێمـە چارەسـەرکردنی پرسـی پەرەپێدانـی ئابـووری (هەروەهـا سیاسـیش) بـۆ باشـووری کوردسـتان ئاڵـۆزە بەهـۆی ئـەو ڕاسـتییەی ئەمـڕۆ کـورد پشـتیوانی لـە ئەمریکییـەکان دەکات کـە بـە سـەخاوەت بەڵێنیـان پێـدەدات هاوکاریـان بێـت لـە ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆیی و بـە گەواهیـی چەنـد نووسـیارێکی ئەمەریکایـی، ئەمەریـکا هەوڵـی داوە بـە کردەنـی مۆدێڵـی

ئابووریی لیبڕاڵی بێنێتە باشووری کوردستان و هەر بەڕای خۆیان دەرکەوت کە کاریگەریی نییە.ئەمەش باس لەوە دەکات نابێت چاکسازییەکان لە دەرەوە بسەپێندرێت، بەپێی بۆچوونەکانی خۆشەوی، کوردی باشوور ڕووبەڕووی کێشەی زۆر سەختی وەکو دامەزراندنی پیشەسازیی هاوچەرخو بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بوونەتەوە، هەروەها بە بازاڕکردنی بەروبوومەکان و ڕاهێنانی کادری نیشتمانی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و دیموگرافییەکان کۆمەڵە بەربەستێکی دیکەن. ئەوان بەڕاستی پێویستیان بە هاوکاریی شایستەیە، وێڕای سەقامگیریی نێوخۆی سیاسیی باشووری کوردستان، چاکسازییەکان زۆر بە هێواشی بەڕێوەدەچێت، هەر بەپێی بۆچوونی خۆشەوی، تاکو ئێستا ئابووریناسانی کورد بیر لە ڕێگەی جیاواز دەکەنەوە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی هەرێم و سەرچاوەکانی بەردەستیان دەژمێرن و بەرنامە تایبەتەکانیان بۆ پەرەپێدانی ئابووریی ناوچەکە دادەڕێژن.

گوتەکانی لە هەڵوێستەکەی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتڕاست کراوەتەوە کە بەم دواییە ڕایگەیاندووە: باشووری کوردستان پێڕەوی مۆدێلە سەرکەوتووەکانی پەرەپێدان دەبێت، بۆ نموونە: دوبەی و سەنگافورە بە ئامانجی دامەزراندنی ئەوەی پێدەگوترێت «مۆدێلە کوردییەکە».

سەختییەکانی کەرتی ئابووری تا ڕادەیەک بە پێی گوتەکانی خۆشەوی ئیبراهیم بە سەرکەوتنەکانی بواری سیاسی قەرەبوو دەکرێنەوە. ئا بەم شێوەیە، لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان، دەزگای دیموکراسی دامەزراوە و فەرماندەی باڵا پێگەی «سەرۆک»ی وەرگرتووە و خۆشەوی بەوپەڕی شانازییەوە دەڵێت کە جۆرج دەبلیو بوش وشەی «سەرۆک»ی لە لێدوانەکەیدا بەکارهێناوە کە ئاماژەیەکە بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی.

ئەمریکییەکان «گەمەکردن»یان لەگەڵ کورددا پێناخۆش نییە و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، دەخوازن هەماهەنگیی سیاسیی درێژخایەنیان لەنێواندا هەبێت، هەرچەند ئەمەریکا کێشەی سەربەخۆیی کوردی نەهێناوەتە پێش ڕای گشتیی جیهانی، بیرۆکەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان زۆر بەربڵاوە، ئەمەش هۆکاری جەختکردنەوەی خۆشەوی ئیبراهیمە کە بەشێک لەوانەی

لە دەرەوەشن بەڕاستی دانیان بەوە ناوە ئەم ناوچەیە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت، بۆیە نووسیار بە گرنگی دەزانێت سەرکردەکانی باشووری کوردستان سیاسەتێکی دەرەوەیی سەربەخۆیان هەبێت و بەدەربێت لە کاریگەرییەکانی بەغدا، ئەمەش ئەمەریکا پشتیوانیی لێدەکات و بەرپرسەکانیان پشتیوانیی هەڵوێستی ئەرێنیی دەروونیی کوردی باشوور بکەن لە ئاست بەدیهێنانی خەونی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

هەرچەندە نووسیار هۆکارەکانی ڕانەگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی شرۆڤەنەکردووە، بەڵام پسپۆڕان درکیان بەوەکردووە کە کوردی باشوور خراونەتە هەلوێستێکەوە بڕوا بەوە بێنن لەتوانادایە یەکێتییەکی نەتەوەیی هەرێمی لە باشووری کوردستان لەژێر پاراستن و چاودێریی ئەمەریکا دابمەزرێنن. لە بەرانبەریشدا کورد خەباتی لەپێناو سەربەخۆییەکی ڕاستەقینەیە، بۆیە ڕاگەیاندنی دەوڵەتە سەربەخۆکەیان تا کاتێکی نادیار دواەخەن، لەهەمان کاتیشدا لە کوردستاندا چاکسازییەکی دیموکراسییانە لە کەرتی سیستەمی پەروەردەدا بەڕێوەدەچێت، هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کار دەدەن لەچوارچێوەی پارەدارکردنی کارە بازرگانییە بچووک و مامناوەندەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئافرەتانی کوردیش نوێدەکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چاکسازییەی لە دەرەوە بەسەر کوردی باشووردا سەپێنراوە، تەواوی کۆمەڵگەی کوردەواری پێی ڕازی نییە، بۆنموونە: زانکۆکان کە لە باشووری کوردستاندا کراونەتەوە بکرێنە مەڵبەندی ئایدیۆلۆژیی نەتەوەیی. قوتابیانی کورد لە زانکۆکان کە زۆربەیان کچن ڕای تایبەتی خۆیان لەمەڕ ئایندەی باشووری کوردستان هەیە، بۆیە ڕاوێژکارانی ئەمەریکا دەیانەوێ ئەم دەزگا پەروەردەییانە بە زانکۆیەکی نوێ بگۆڕن و خوێندنی تێدا بە زمانی کوردی نەبێت، بەڵکو بە زمانی ئینگلیزی و بەپێی بەرنامە بیانییەکان بخوێنن و سەرۆکایەتیی زانکۆکەش بدرێتە زانای سیاسیی عەباس وەلی کە پسپۆڕێکی ناوداراە لە کاروباری کوردی ڕۆژهەڵات و چەندین ساڵ لە زانکۆی ویڵز خوێندوویەتی.

خۆشەوی ئیبراهیم، لەلایەکەوە پشتیوانیی پەرەپێدانی گشتگیری سیستەمی

فێرکـردن دەکات لـە باشـووری کوردسـتان و لەلایەکـی دیکـەوە بەپێویسـتی دەزانێـت کادیـران لـە دەرەوەی وڵات ڕاهێنانیـان پێبکرێـت، وەک دانپێدانانێـک بـە ئەولەوییەتـی زانسـت و فێرکردنـی ڕۆژئاواییـەکان، بـەڵام خۆشـەوی هـەر داکۆکـی لـە دابونەریتـی ڕەسـەنی کوردیـش دەکات. بەڕێککەوتیـش نەبـووە کـە لـە نووسـینەکەیدا ئامـاژە بۆئـەوە بـکات پێویسـتە پارێـزگاری لـە «وێنـەی دیموکراسـیی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن» بکرێـت لـە باشـووری کوردسـتان، هەرچەنـدە باشـووری کوردسـتان ئامادەیـی خـۆی دەربڕیـوە بـۆ قبووڵکردنـی بنەماکانـی دیموکراسـییەتی ڕۆژئاوایـی.

هەڵبـەت کـوردی باشـوور بەربەسـت ناخەنـە بـەردەم پرۆسـەیپەرەپێدانی دیموکراسـییەت، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا خۆشـەوی ئامـاژە بـۆ تایبەتمەندییەکانـی نزیکبوونـەوەی کـورد لـە کێشـەی پەرەپێدانـی دیموکراسـی لـە ناوچەکـە دەدات.

بەشـێوەیەکی گشـتی و وێـڕای کاریگەریـی ڕۆژئاوییانـەی ئایدیۆلۆژیـا و سیاسـی، زانـای کـورد خۆشـەوی ئیبراهیـم لـە چەندیـن کێشـەی سـەرەکیی پەیوەندیـدار بـە پەرەپێدانـی سیاسـی و ئابووریـی باشـووری کوردسـتان هـەر بـە لایەنگـری گـەڕان دادەنرێـت لـە شـێوازێکی کوردانـەی پەرەپێـدان. ئـەو کێشـەی گرنگـی باشـووری کوردسـتان دەخاتـەڕوو و پێویسـتی بـە دیراسـە و بیرکردنەوەیـە.

سەرچاوەکان

1- См. Husein Kurdnazhad. The Age Structure in Iraqi Kurdistan.- The Globe, August 23, 2005, № 20, c. 11.

2- KRG Ministry of Agriculture, 2004.

ڕەوشی نەوت لە باشووری کوردستان

گ. ی. ستارتشینکۆف

لە کۆتایی ئاداری ٢٠٠٣ ئەمەریکا هێرشێکی نارەوای کردە سەر عێراق کە کاریگەرییەکەی تەنیا بەسەر عێراق نەبوو، بگرە تەواوی فەزای سیاسیی ناوچەکەی گرتەوە، ٣٣ دەوڵەت بەشداریان لەو داگیرکارییەدا کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەستوەردانە ڕاستەوخۆیە ئاشتی و ئارامیی بە گەلانی عێراق نەبەخشی، بەڵکو بووە ئاڵۆزترکردنی دۆخە ئابووری و سیاسییەکەی عێراق، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦، مرۆڤ دەتوانێت هەست بە گەشانەوەیەکی کەمی هەرێمی کوردستان بکات کە دەرهێنانی نەوت ڕۆڵی خۆی لەو بووژانەوەیەدا دەبینی و ببوو بە مایەی نیگەرانیی گرووپە ئیسلامییەکان و وڵاتانی دەوروبەر. ئاڵۆزبوونی ململانێ نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەر نەوتی کوردستان (نەوتی عێراقیش بە گشتی) لەژێر چاودێرییەکی وردی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکای داگیرکاردا بوو.

ئەمانجە نەوتییەکانی ئەمەریکا:

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کێڵگەی زۆر گەورەی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێکە لە هێزە مەزنەکانی جیهان، بەکاربردنی نەوتی بە بەردەوام لەزیادبووندایە، جا ئەگەر ئەمەریکا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا چەند نەوتی بەرهەمهێنابێت، هێندەی ئەوەشی هاوردەکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ هاوردەکردنی نەوت زۆر زێدەتربوو لە ڕێژەی بەرهەمهێنان، تەنانەت پێشتریش هەر وا بوو، وڵاتە پیشەسازییە ئەوروپاییەکان بە هەمان دەردی ئەمەریکا چوون و زۆربەشیان سەر بە ناتۆی داگیرکار بوون و بەشدارییان لەگەڵ ئەمەریکادا کردووە بۆ داگیرکردنی عێراق، ئەمەش بووە هۆی ململانێ سیاسی و ئابووری و چەکداریەکانی لەسەر نەوت سەختتر کرد.

ئەمەریکا کە بەخۆی دەگوت لایەنگری دیموکراسیم، بیانووی بەجێی دۆزییەوە بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستە نەرێنییە جیهانییەکانی. بۆنموونە: لە ساڵی

٢٠٠١ بەبیانووی ڕاوەدوونانی میلیشیاکانی قاعیدە و تاڵیبان کە ئەنجامدەری کارە تیرۆریستییەکەی نیویۆرک بوون لە ١١ی سێبتەمبەری ٢٠٠١ هێرشی کردە سەر ئەفغانستان. بە ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتووی سەربازی ئەمەریکا توانیی لەگەڵ هاوپەیمانانیدا خۆی بگەیەنێتە پاکستان و ئەفغانستان، ئینجا (هەروەکو پیشەی هەموو جارێکی: گوایە بەشێوەیەکی کاتیی) گەیشتە قیرغیزستان، ئۆزبەکستان و تاجیکستان، پاش ماوەیەکی کەمیش بۆ جۆرجیا. ئەمەش وایکرد ئەمەریکا و هاوبەشەکانی ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت کۆنترۆڵ بکەن لە دەریای قەزوین و «لە هەمان کاتیشدا چەندین وڵات لەژێر هەڕەشەی چەکدا مانەوە» لەوانەش ڕووسیا، چین و هیندستان، پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین لە ساڵی ١٩٩٠ هێزەکانی لە کوێت بڵاوکردەوە بۆ ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقی داگیرکار، «ئەوساش هەر بەناوی بڵاوکردنەوەی سوپا بەشێوەیەکی کاتی هاتبووە» ناوچەی کەنداوی عەرەب: لە شانشینی عەرەبیی سعوودییە، ئیماراتی عەرەبی، کوێت، عومان و قەتەر و کۆنترۆڵکردنی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

ئەمەریکا پێش هێرشەکەی بۆ سەر عێراق، هەڵمەتێکی فرەوانی بۆ ڕای گشتی دژی عێراق بڵاوکردەوە و تەواوی وڵاتانی ئەوروپا سەدام حوسێن سەرۆکی عێراقیان بە بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بە خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل تۆمەتبار کرد کە هاوپەیمانی ستراتیژیی ئەمەریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، هەروەها تۆمەتی داگیرکردنی خاکی فەلەستین و سوریای درابووە پاڵ. هەڵمەتەکە لە بەرزترین ئاستدا - خودی سەرۆکی ئەمەریکا جۆرج دەبلیو بوش و وەزیرەکانی بەشداربیان تێداکردبوو.

لە ساڵی یەکەمی داگیرکردنی عێراقدا بۆ هەموو لایەک ڕوونبووەوە کە نە چەکی ئەتۆمی و نە چەکی کیمیایی لە عێراقدا نییە و هیچ دامەزراوەکیشیان نییە بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە چەکانە. ئەوەش ڕوون بووەوە کە ئامانجی سەرەکیی هێرشەکان تەنیا ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام بووە کە ڕێگەی نەدەدا کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکانی نەوت لە عێراق بەرهەمبهێنن و بیفرۆشن، بۆیە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا سزا ئابوورییەکانیان لەسەر عێراق سووکتر کرد و بەرنامەی نەوت بەرانبەر

بـە خۆراکیـان داهێنـا کـە لـە سـاڵی ١٩٩٦دا لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتـووەکان بڕیـاری لەسـەر دا. دەسـتکرا بـە ڕێوشـوێنی بەرهەمهێنانـی نـەوت کـە یەدەکـی نەوتـی عێـراق بـە ١٠٠ ملیـار بەرمیـل نـەوت دەخەملێنرێـت کـە دەکاتـە ١٠٪یەدەکـی هەمـوو جیهـان[١].

قۆرخکارییەکانـی نـەوت لەلایـەن ئەمەریـکا و بەریتانیـا و ئیتالیـا و چەنـد وڵاتێکـی دیکـە دەسـتپێکردەوە و دەسـتیان بـە دابەشـکردنی کێڵگـە نەوتییەکانـی عێـراق کـرد لەنێوخۆیانـدا. تەنـدەرە تایبەتـەکان بـە کێڵگـە نەوتییـەکان بـە تێچوویەکـی زۆر کـەم ڕاگەیەنـرا. بـە فەرمـی ڕاگەیەنـرا ئەگـەر بەرهەمهێنانـی سـووتەمەنیی شـل لـە حەفتاکانـی سـەردەمی سـەدام حوسـێن ڕۆژانـە گەیشـتبێتە ٣,٧ ملیـۆن بەرمیـل، بـەڵام لەئێسـتادا دابەزیوەتـە ئاسـتی ١,٣ ملیـۆن بەرمیـل لـە ڕۆژێکـدا (بـە هـۆکاری سـووتاندنی چەنـد بیـرە نەوتێـک)، لەمـاوەی ٣ سـاڵدا ڕێـژەی بەرهەمهێنـان دەگەیەنرێتـە ٤ ملیـۆن بەرمیـل لـە ڕۆژێکـدا[٢]. لـە هەمـان کاتیشـدا لەبەرنامـەدا بـوو بۆڕیـی کەرکووک-جەیهـان ڕابکێشرێـت کـە پێشـتر ٨٠٠ هـەزار بەرمیلـی لـە ڕۆژێکـدا هەنـاردە دەکـرد، بـەڵام ئێسـتا ڕۆژانـە تواناکـەی دەگاتـە یـەک ملیـۆن بەرمیـل[٣]. ئـەم ژمـارە چاوەڕوانکراوانـە ڕاسـتیی سـزا ئابووریـیەکان و چالاکییەکانـی کۆمپانیـا ڕۆژئاواییەکانـی ڕوونکـردەوە و ئەنجـام بـووە مایـەی پاشەکشـەکردنی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق. لـە هەمـان کاتیشـدا پـەرە بـە کۆمپانیـا نیشـتمانی و بیانییـەکان درا و پێـش هەمـوو شـتێک دەسـتیان بـە کارکـردن کـرد لـە کێڵگەکانـی باشـوور و ناوەڕاسـتی عێـراق، بەبـێ ئـەوەی دەسـت لـە کاروبـاری نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان وەربـدەن.

هەڵبـەت دەبـێ بـە ئاگاداریـیەکـی زۆرەوە مامەڵـە لەتـەک ئامـارە بڵاوکراوەکانـی عێـراق بکەیـن کـە هیـچ جـۆرە خزمەتگوزاریـیەکـی نوێـی ئامـار لـە وڵاتـدا نەبـوو. دانپێدانانـی بەرپرسـێکی بـاڵای وەزارەتـی نەوتـی عێـراق جێـی سەرسـوڕمانە کـە دەیگـوت: «نازانیـن بەتەواوەتـی بـڕی نەوتـی هەناردەکراومـان چەنـدە، ناشـزانین بـە چەنـد دەفرۆشرێـت، نـە دەشـزانین داهاتـی ئـەم نەوتەمـان بـۆ کـوێ دەچێـت»[٤]. ئـەم دانپێدانـە باوەڕپێکـراوە، بەتایبەتـی لـە کاتـی ئێسـتادا کـە عێـراق نغـرۆی بێسـەروبەرەیی ئابـووری و سیاسـی بـووە.

عەرەبـی سـونە کـە سـەدام حوسـێن سـاڵانێکی زۆر پشـتی پێیاندەبەسـت، پێشـەنگی

ئـەو کەسـانەبوون کـە ڕووبـەڕووی هێزەکانـی داگیـرکار بوونـەوە و چەکیـان لـە دژی ئـەوان هەڵگـرت. ئێسـتا لـە هەمـوو شـتێک بێبەشـکراون، لەترسـی ئـەوەی نەبـادا شـیعە و کـورد تۆڵەیـان لێبکاتـەوە و ئـەوان تەنیـا ٢٠-٢٥٪ی دانیشـتوانی عێـراق پێکدەهێنـن، دەسـتیان بـە هێرشـکردنە سـەر هێزەکانـی بیانـی کـرد، پێیاندەگوتـن «خائینـە نێوخۆییـەکان» هەروەهـا دەسـتیاندایە تەقاندنـەوەی بۆڕییـە نەوتـەکان و وێسـتگەکان. کۆمەڵێکـی زۆریـش لـە شـیعە مەزهەبـەکان دژایەتیـی خۆیـان بـۆ هێزەکانـی ئەمـەرکا دەربـڕی و بـە کافـر و داگیرکاریـان هەژماردەکـردن. بەرهەمهێنانـی نـەوت ڕووی لـە دابەزیـن کـرد و لـە سـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٣ بەرهەمـی ڕۆژانـە دەگەیشـتە ٢,٥ ملیـۆن بەرمیـل، بـەڵام دواتـر بـۆ نزیکـەی نیـوەی ئـەو ڕێژەیـە دابـەزی، ئەرکـی سـەر بۆڕییـە نەوتەکـەی کەرکووک-جەیهـان چـوار هێنـدە کەمبـووەوە، واتـە ٢٠٠هـەزار بەرمیـل لـە ڕۆژێکـدا[٥]. لەڕاسـتیدا ئامانجـە ڕاسـتەقینەکانی ئەمەریـکا سـەرینەگرت و شکسـتی هێنـا لەبـەر ئـەو هەمـوو فـەوزا و هەرەسـهێنانە ئابووریانـەی دووچـاری وڵات ببـوو، تەنیـا دوورگەیەکـی بچووکـی نەبێـت کـە بەرەبـەرە دەبووژایـەوە - هەرێمـی کوردسـتان.

کوردستان: خەبات لەپێناو سەقامگیری و پەرەپێدان:

ناوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٤ بـە فەرمـی ڕاگەیەنـرا، بـەڵام پارەدارکـردن و پێشخسـتنی هـەر لەلایـەن بەغـداوە سەپەرشـتیی دەکـرا و بـە چاودێریـی ڕاسـتەوخۆی سـەدام حوسـێن. ڕژێمـی بەغـدا بەتونـدی ڕووبـەڕووی هـەر هەوڵێـک دەبـووەوە کـە ئامانجـی بەدیهێنانـی مافـە ئابوورییـەکان یاخـود سیاسـییەکان بێـت و زیاتـر بێـت لـەوەی کـە دیاریکـراوە. لـە سـاڵی ١٩٨٨ سـەدام حوسـێن چەکـی کیمیایـی لـە دژی کـوردی ڕاپەڕیـوی هەڵەبجـە بەکارهێنـا.

دوای بەکۆتاهاتنـی «گەردەلوولـی بیابـان» لـە سـاڵی ١٩٩١ قۆناغێکـی نـوێ لـە هەرێمـی کوردسـتان دەسـتپێکرد، کاتێـک ئەمەریـکا سـەدام حوسـێنی ناچارکـرد هەمـوو هێزەکانـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بکێشـێتەوە و لەسـەر هێڵـی پانیـی ٣٦ تەنانـەت ئاسمانیشـی لـێ قەدەغەکـرد و بـووە ناوچەیەکـی دژەفڕیـن. کـوردی باشـوور ئازادیـی سیاسـی و ئابووریـی زیاتـری بەدەسـتهێنا، ئەگەرچـی هێشـتا کـەم بـوو.

بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەدام حوسێن، گۆڕاکارییەکی ڕیشەیی بەرپابوو. هەرێمی کوردستان ماف و ئازادیی زیاتری بەدەستهێنا و هەموو ئەو مافانە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ چەسپێنرا و زۆرینەی دانیشتوانی عێراق دەنگیان بەو دەستوورەدا. هەلومەرجێک بۆ کوردی باشوور هاتەپێشەوە کە پێشتر شتی وایان نەبینیبوو و ڕێگە بۆ چوار ملیۆن کورد خۆشکرا (١٥-٢٠٪ی کۆی دانیشتوانی هەموو عێراق) بەدەستی خۆیان هەرێمی کوردستان بنیات بنێن. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا گۆڕانکارییەکی زۆر لە هەیکەلی سیاسی وڵات و هەرێمی کوردستان ڕوویاندا، سەرباری ئەمانەش گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی زۆریش هاتەئاراوە، تێکڕای پەرەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان هاتەدی و بوو بە نموونە بۆ پارێزگاکانی دیکەی عێراق، هێشتا داهاتی نەوت لە بووژانەوەی وڵاتدا بەکارنەهاتبوو، هەتا ململانێیە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەستیان پێکرد و شەڕەکە هەمووی بۆ داهاتە قەبەکەی نەوت بوو.

فاکتەری سەرەکیی ئەم ململانێیانە دابەشکردنی ناهاوتای کێڵگە نەوتییەکانە، یەدەکی سەرەکیی نەوت کەوتووەتە باشووری عێراق کە شیعەنشینە، بەشێکی کەمتریش کەوتووەتە هەرێمی کوردستان و بە دەستی کوردی باشوورەوەیە، هەرچی ناوەڕاستی عێراقە کە سوننەنشین و تورکمانن، یەدەکێکی کەمتری تێدایە، لە سۆنگەی ئەم دابەشبوونانەدا ململانێیەکی زۆر توند سەبارەت بە دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان و چۆنیەتیی دابەشکردنی داهاتی نەوت سەریهەڵداوە.

عەرەبی سوننە کە پێشتر پێگەیەکی دیاریان لە حکومەتەکەی سەدام حوسێندا هەبوو، لە ئێستادا پێداگری دەکەن لەسەر ئەو دابەشکارییە تایفییەی داهاتە نیشتمانییەکە و داهاتی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی پێ دابەش دەکرێت، ئەوان لەوە دەترسن بەڕاستی عێراق ببێتە سێ بەشی (شیعی - سوننی -کورد) کە دەبێتە مایەی هەژارییان لە داهاتی نەوت و ببنە بێبەشکراوترین پێکهاتەی ئیتنیی کۆمەڵگەی عێراقی، لەمبارەیەوە تورکمانەکانی عێراقیش پشتگیرییان دەکات کە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە پشتیان بە تورکیا ئەستووڕە کە بەشێک لە ناوچە نەوتییەکانی ژێر دەسەڵاتی کوردی باشوور بخاتە سەر بەشە سوننییەکە.

جا لەبەرئەوەی سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرجەم کوردی باشوور لەوباوەڕەدان، هێشتا بەشێکی زۆری خاکی کوردان کە مێژوو و جوگرافیا گەواهیدەری ناسنامە کوردستانییەکەین، هێشتا نەخراوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان و لێیدابڕاوە (بەتایبەتیش کێڵگە نەوتەکانی پارێزگای کەرکووک و مووسڵ) بۆیە بە ئاسانی ناتوانرێت سنووری پشتێنە نەوتییەکە دیاری بکرێت، لێدوانی بەرپرسانی کوردستان ڕوونیدەکاتەوە، «زیاتر ٦٠٪ی نەوتی عێراق لە هەرێمی کوردستان بەرهەمدەهێنرێت»[٦]. کە ڕەنگە ئەم خەملاندنە بەرهەمهێنانی ناوچەکانی کەرکووک و مووسڵیشی لەگەڵدا بێت.

لێدوانی فرەوانتریش بۆ داهاتەکانی کورد هەن، ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە: «هەموو نەوتی بەرهەمهێنراوی عێراق و نەوتی ئێران لە ڕاستیدا نەوتی کوردن»[٧]. لەڕاستیدا ئەم لێدوانە نەتەوەییانە لەگەڵ هەقیقەتدا ناگونجێت و ململانێی نەتەوەیی وەهای لێدەکەوێتەوە کە کەس ئەنجامەکەی نازانێت.

نزیکترین خەملاندن، داتاکانی ئۆپیکە کە لە چەندین میدیای جیاوازدا بڵاوکراوەتەوە و ئاماژە بەوە دەدات، نەوتی بەرهەمهاتووی هەرێمی کوردستان دەگاتە ٤٥ ملیار بەرمیل[٨] یاخود ٣٩٪ی کۆی گشتیی قەبارەی نەوتی هەموو عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای ئێمە دەبێ ئەو بۆچوونە دووربخرێتەوە کە هەرێمی کوردستان سێ یەکی نەوتی عێراق بەرهەم بهێنێ. (ئەم ڕێژەیە لە حاڵەتێکدا ڕاستە کە پشکنینی جیۆلۆجی لە سەرتاسەری عێراق ئەنجامدرابێت) و تاکو ئێستا قەبارەی نەوتی هەناردەکراو نادیارە و هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە - نهێنییەکی بازرگانییە-

لەوانەی پێشەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سەقامگیری و تێکڕای پەرەپێدانی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەرزترە. دەشتوانین هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە.

یەکەم: ئاشتبوونەوەی هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی. زۆرجار جیاوازیی بۆچوونەکانی ئەم دوو حزبە

سەبارەت بە چەند بابەتێکی دیاریکراو، بووەتە ناکۆکییەکی گەورە و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریشی لێکەوتوتەوە، هەروەکو ئەوەی لە ناوەڕاستی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بینیمان. دوای ڕووخانی سەدام حوسێن بۆیەکەمین جار جەلال تاڵەبانی بووە سەرکۆماری عێراق و جێگرێکی عەرەبی سوننەی بۆ دانرا. مەسعود بارزانیش پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی وەرگرت و نێچیرڤان بارزانیی براژاشی بووە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم دابەشکارییە خێڵەکییەی پۆستەکانی حکومەت چەندین هۆکاری ململانێی سەر دەسەڵاتیان نەهێشت و پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی پتەوتر کرد و لە عێراقیشدا پێگەیان بەهێزتر بوو و دەسەڵاتیان لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا زیاتر بوو.

دووەم: سەقامگیری و پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی هاوکارییە ماددییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکا و چەند وڵاتێکی دیکە، ئاسانکارییەکی زۆریان بۆکرا. لە ساڵی ١٩٩٦ نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٩٨٦ی دەرکرد کە دواتر بەبڕیاری «نەوت بەرانبەر بە خۆراک ناسرا» و بەپێی سزاکان ڕێگە درا نەوت هەنارده بکرێت و داهاتی ئەم نەوتە خۆراکی پێبکرێت و بەسەر هاووڵاتیان دابەش بکرێت[٩]. لە هاوینی ٢٠٠٣دا ١٣٪ی داهاتی فرۆشی نەوت ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کرا، بەو داهاتە خۆراک هاوردە کرا و لە پەرەپێدانی ئابووریدا وەبەرهێنانی بۆ کرا. لە هەمان کاتیشدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سزاکانی سەر سەدام حوسێنی دژی ئەمەریکا هەڵگرت. پێشبینیش دەکرێت هەتاکو ساڵی ٢٠٠٦ کۆنگرێسی ئەمەریکا پتر لە ٣٠٠ ملیار دۆلاری لە «پرۆسەکانی ئاشتی پاریزدا» خەرج کردبێت لە عێراق و ئەفغانستان[١٠].

سێیەم: ئیدارەی ئەمەریکا ڕێگەی بە سەرکردایەتیی نوێی عێراقدا کۆمپانیا بیانییەکان بێنێتە عێراق و گرێبەستیان لەگەڵدا بکات. هەرێمی کوردستانیش ڕێگەپێدانێکی هاوشێوەی بەرکەوت، بەڵام بە ڕەزامەندیی بەخورتیی حکومەتی بەغدا کە دەستووری عێراق ڕێگەی دەدات. لە ساڵی ٢٠٠٤ نۆ کۆمپانیای بیانی لە بواری پێشەنگ لە بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان کاریان دەکرد کە پیشەسازیی نەوتیشی دەگرتەوە، هەڵبەت هەموو ئەمانەش بە ڕەزامەندیی بەغدا دەکرا.

چـوارەم: پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بدرێـت دوای ڕووخانـی سـەدام و دەسـتگیرکردنی، بەشـێک لـە کـوردی هەنـدەران بـە پەرۆشـی لـە ئەوروپـا و ئاسـیا گەڕانـەوە کوردسـتان کـە کاتـی خـۆی لەدەسـت سـتەمی ڕژێـم وڵاتیـان بەجێهێشـتبوو و ڕۆڵیشـیان لـە پەرەپێـدان و سـەقامگیریی هەرێـم هەبـوو.

لەژێـر کاریگەریـی ئـەم هۆکارانـەی لەپێشـەوە باسـکران، دەتوانرێـت پێشـبینی ئەنجامـی باشـتری چالاکییـە ئابووریەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن، لەگـەڵ ئەوەشـدا چەنـد هۆکارێـک هـەن دەبنـە بەربەسـت لەبـەردەم پەرەپێدانـی ئابـووری، تەنانـەت لـە کەرتـی نـەوت و پەرەپێدانـی هەرێمـی کوردسـتان کـە گرنگترینیـان ئەمانـەن:

یەکـەم: جەنگـی هەشـت سـاڵەی نێـوان عێـراق و ئێـران (١٩٨٠ - ١٩٨٨) چەندیـن برینـی قوواڵـی لـە جەسـتەی ئاوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان دروسـت کـرد، هەرچەنـدە ئێرانییـەکان هەوڵـی زۆریـان دا دامـەزراوە نەوتییەکانـی کەرکـووک و مووسـڵ، هەروەهـا دامەزراوەکانـی باشـووریش بـە فڕۆکـە بۆردوومـان بکـەن، کەچـی بەشـێکی زۆر لـەو بۆمبانـە دەکەوتنـە سـنووری خاکـی ئاوچـەی ئۆتۆنۆمیـی کوردسـتان و نۆژەنکردنـەوەی ژێرخانـی وێرانکـراو کـە هـەم کاتێکـی زۆر و هەمیـش بوودجەیەکـی زۆری دەوێـت.

دووەم: خراپبوونـی دۆخـی ئابووریـی ناوچەکـە کـە سـەدام حوسـێن هێنـدە پەرۆشـی بووژانـەوەی ئابووریـی ناوچەکـە نەبـوو و وێرانکارییـەکان دەبوونـە هـۆی کەمکردنـەوەی سـەرچاوەکانی پارەدارکردنـی داموودەزگاکانـی ناوچەکـە و دواکەوتنـی پرۆسـەی پەرەپێدانـی ئابـووری.

سـێیەم: سـەختبوونی پرۆسـەی پارەدارکـردن بەهـۆی بیروکراسـییەت و خزمخزمێنـە و بەرتیـل وەرگرتـن لـە حکومەتـی فیـدراڵ. لـە سـاڵی ٢٠٠٥ جەعفـەری سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق ٤٥٠ بەرپرسـی حکومیـی لەبـەر گەندەڵـی لەکارەکانیـان دوورخسـتەوە، بـەڵام ئـەو بەرپرسـانە بـە کەسـانێکی گەندەڵـتر گـۆڕان و بەپراکتیـک هیچـی لـە دۆخەکـە نەگـۆڕی، لـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانیش ئەگـەری سـەرهەڵدانی ئـەم دیاردەیـە هەیـە، بـەڵام هیـچ زانیارییەکـمان لەسـەری نییـە[١١].

چـــوارەم: تیـــرۆر و دیـــاردەی دزی و بەتاڵانـــبرد، کۆســـپێکی گـــەورەی بـــەردەم پەرەپێدانـــی ئابووریـــی کوردســـتان بـــوون، پێویســـتە ئامـــاژە بـــەوە بدرێـــت لـــە ســـەردەمی ســـەدام حوســـێندا تیـــرۆر نەبـــوو، بەڵکـــو تیـــرۆر لەگـــەڵ داگیرکردنـــی عێـــراق لەلایـــەن ئەمەریـــکاوە ســـەریهەڵدا و ئـــەوان بەرپرســـی ســـەرهەڵدانی کـــردە تیرۆریســـتییەکانن، تەنانـــەت تەقینـــەوە و ڕفاندنەکانیـــش، تیرۆریســـتان هێـــرش دەکەنـــە ســـەر هێزەکانـــی هاوپەیمانـــان و ئـــەو کەســـانەی هاوکاریانـــن، بۆڕییەکانـــی نـــەوت و گاز و وێســـتگەکانی کارەبـــا دەتەقێننـــەوە. یەکەمیـــن هێـــرش لـــە یەکـــی حوزەیرانـــی ٢٠٠٣ کرایـــە ســـەر بۆڕیـــی نەوتـــی کەرکووک-جەیهـــان. لـــە ســـاڵی ٢٠٠٥ ژمـــارەی هێرشـــەکان گەیشـــتە ٢٨٢ هێرشـــی جۆراوجـــۆر، ئەگەرچـــی هێزەکانـــی ئەمەریـــکا چاودێرییەکـــی چـــڕی ئـــەو داموەدەزگایانـــە دەکـــەن، بەتایبەتیـــش بۆڕییەکانـــی گواســـتنەوەی نـــەوت و گاز و وێســـتگەکانی نەوتـــی کەنـــداوی فارســـی. ســـەرباری ئـــەوەش حکومەتـــی عێـــراق پارەیەکـــی زۆر دەداتـــە ســـەرۆک هـــۆزەکان کـــە پاراســـتنی ئـــەو بۆڕییانەیانـــەی بەناوچەکانیانـــدا تێدەپەڕێـــت خســـتووەتە ئەســـتۆی خۆیـــان، بـــەڵام توانـــای حکومەتـــی فیـــدراڵ هێنـــدە نییـــە بەشـــی پاراســـتنی هـــەزاران کیلۆمەتـــری ئـــەم بۆڕییانـــە بـــکات، بەتایبەتـــی ناوچـــە بیابانییـــەکان. لـــە کۆتاییەکانـــی ســـاڵی ٢٠٠٥ ســـەرکردەکانی ڕێکخـــراوی ئەلقاعیـــدە بانگەوازیـــان بـــۆ چەکدارانیـــان دەرکـــردووە کـــە لەمـــەودوا جەخـــت بکەنـــە ســـەر «هێرشـــکردنە ســـەر دامـــەزراوە نەوتییـــەکان لەپێنـــاو دەرپەڕاندنـــی کۆمپانیاکانـــی ڕۆژئـــاوا کـــە موســـوڵمانانیان لـــە نەوتـــی خۆیـــان بێبەـــش کـــردووە» و کاریگەرییەکـــی نەرێنیـــی کردووەتـــە ســـەر ڕادەی بەرهەمهێنانـــی نەوتـــی ئـــەو دەزگایانـــە[١٢].

پێویســـتە ئامـــاژە بـــەوەش بدەیـــن ژمارەیەکـــی زۆر کەمـــی ئـــەو کـــردەوە تیرۆریســـتییانە لەنێـــو خاکـــی هەرێمـــی کوردســـتانەوە ئەنجامـــدراون. ئەمـــەش بەهـــۆی پارێزگاریـــی هێزەکانـــی ئەمەریـــکاوە نەبـــووە، بەڵکـــو بەهـــۆی چاوکراوەیـــی و ئازایەتیـــی پێشـــمەرگەی کوردســـتان و هاوواڵتیانـــی هەرێمـــی کوردســـتانەوەیە کـــە ڕێـــژەی کـــردەوە تیرۆریســـتییەکانیان ســـنووردارکردووە.

ســـەربارەی ئەمانـــەش بۆڕییەکانـــی نـــەوت و ئـــاو لـــە سەرتاســـەری عێراقـــدا تووشـــی زیـــان هاتـــوون و لەلایـــەن ســـەرۆک هـــۆز و دانیشـــتوانی ناوچەکانـــەوە دەســـتدرێژییان

کراوەتـە سـەر و کونکـراون و نەوتەکانیـان دزیـوە و بەرهەمەکانیـان بۆخۆیـان فرۆشـتووە، بـۆ ئاوەکـەش بەهەمـان شـێوە، بۆڕیـی بچووکیـان لـە بۆڕییـە سـەرەکییەکانی تـۆڕی ئـاوەوە ڕاکێشـاوە و کێڵگـە کشـتوکاڵییەکانی خۆیـان و ئاژەڵەکانیـان پـێ ئـاودەدەن، ئەمـەش بووەتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ئـاوی ناوچەکانـی دیکـە[١٣].

پێنجـەم: ئاودیوکـردن و بازرگانیکردنـی نایاسـایی بـە نەوتـی عێـراق زیانێکـی زۆری بـە ئابووریـی وڵات گەیانـدووە، کـێ زیاتـر بازرگانـی بـە نەوتـەوە دەکات، قاچاغچییـەکان یاخـود دەوڵـەت؟ نـەوت بـە تانکەریـش بـۆ هەمـوو پارێزگاکانـی عێـراق دەگوازرێتـەوە، تەنانـەت بـۆ دەرەوەی وڵاتیـش کـە زۆربەیـان بـۆ تورکیـا و بـە ڕێژەیەکـی کەمتریـش بـۆ ئێـران و باجێکـی کەمیـان لەسـەر داناوە کـە بووەتـە هـۆی کەمکردنـەوەی داهاتـی سـندووقەکانی وەبەرهێنـان.

بێجگـە لـەو بەربەسـتە ئابووریانـەی لەپێشـەوە باسـکران، هـۆکاری سیاسـی و نەتەوەیـی – تایفیـش هـەن کاریگەریـی نەرێنـی دەکەنـە سـەر پەرەپێدانـی ئابـووری، نـەک هـەر لـە هەرێمـی کوردسـتان بگـرە لـە سەرتاسـەری عێـراق، ئێمـە بـاس لـە ململانێنـی نێـوان دوو یاخـود سـێ ئاسـتی نێـوان هێـزە جیـاوازەکان دەکەیـن. کـە گرنگترینیـان ئەمانـەی خـوارەوەن:

یەکـەم: ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکـداری لەنێـوان عـەرەب و هێزەکانـی داگیـرکار ڕوویـدا کـە عەرەبـی سـوننە دەستپێشـخەر بـوون و ئینجـا شـیعەکانیش هاتنـە ڕیزیـان، لـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٥ نزیکـەی ٢٠٠٠ سـەربازی ئەمەریکایـی کـوژران و زیاتـر لـە ٣٥ هـەزار عێراقـی (کـە ژن و منداڵیشـیان تێـدا بـووە). عەرەبـەکان لەژێـر ئـاڵای جیهـادی ئیسـلامیدا (لەگـەڵ کافرەکانـدا دەجەنگـن)[١٤].

دووەم: ڕووبەڕووبوونـەوە چەکداریەکانـی نێـوان سـوننە و شـیعە لـە زیادبوونـدان و لـە زۆربـەی جارەکانـدا خەتـای ئـەم ڕووبەڕووبوونەوانـە دەخرێنـە ئەسـتۆی سـوننە مەزهەبـەکان، چونکـە ئـەوان لـە حکومـەت دابـڕاون، بـەڵام لـە فیقهـدا ڕێسـایەک هەیـە دەڵێـت: ئەگـەر تاوانێـک ڕوویـدا بزانـە کـێ لـە ئەنجامدانـی ئـەم تاوانـەدا سـوودمەندە. پێـش هەمـوو کەسـێک ئەمریکییـەکان سـوودمەندی یەکەمـی ڕووبەڕووبوونـەوە چەکداریەکانـی نێـوان دوو بزووتنـەوە ئیسـلامییەکەن، ئـا لێـرەدا

گوتـە کۆنەکـەی ئیمپریالیسـتەکان بەکاردەهێنـن: «پەرتەکـە و زاڵبـە» لایەنـە ناکۆکـەکان لەکاتـی گەرمـەی شـەڕدابێت یاخـود لەکاتـی ئاگربەسـتدا، پێویسـتیان بـە کۆمەکـی دارایـی دەبێـت کـە وایـان لێـدەکات، «ملکەچتربـن».

سـێیەم: هەمـوو ئـەو شـیعە مەزهەبانـەی مەیلیـان بـەلای دەوڵەتێکـی سـەربەخۆیە و ئـەو سـوننانەی لەگـەڵ بیرۆکـەی جودابوونـەوەدا نیـن، دژایەتیـی دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی کوردیـن. سـەرباری ئەمانـەش، سـەرکردەکانی ئـەم گرووپـە ئایینییانـە کـورد بـە «موسـڵمانێکی ڕاسـتەقینەی دینـدار» دانانێـن. مێـژووش نمونـەی زۆری بـۆ تۆمارکردوویـن کاتێـک عـەرەب و تـورک و فـارس لەژێـر ئـاڵای ئیسـلامی کەسـک کوردیـان کۆمەڵکـوژ کـردووە. لەنێـو کـوردا ئێـزدی و عەلـەوی و کریسـتیانیش هـەن کـە ڕق و کینـەی بەرانبـەر بـە کـوردی دراوسـێی زیاتـر کـردووە و لـەوەش ترسـاون کـورد چـاوی بڕیبێتـە ناوچـە نەوتییـەکان و هـەر کاتێـک بیانـەوێ کۆمپانیـا بیانییـەکان ڕاکێشـنە کوردسـتانەوە، بەتایبەتیـش ناوچـەی کەرکـووک. کـورد درکـی بـەوە کـردووە لەئێسـتادا پەلەیـان لـە ڕاگەیاندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆدا نییـە و بەپەسـندی دەزانـن چاودێریـی ئەمەریـکا لـە بەرژەوەندیـی خۆیـان و پتەوکردنـی ئابـووری و سیاسـیی ناوچەکـە بەکارهێنـن.

لەئێسـتادا کۆمپانیاکانـی نێوخـۆ و ئەوانـەی وڵاتانـی دەوروبـەر بـە ڕەزامەندیـی بەغـدا لـە ١٨٠ بیرەنەوتـدا کاردەکـەن و نـەوت بەرهەمدێنـن بـۆ بەکاربردنـی نێوخۆیـی و بیانـی[١٥]. سـەرکردەکانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئومێدیـان لـە ژمارەیەکـی زیاتـری بیرەنەوتـە، بۆیـە مەیلیـان بـۆ بانگهێشـتکردنی هـەر کۆمپانیایەکـی بیانییـە کـە بتوانێـت وەبەرهێنـان لـە کوردسـتان زیـاد بـکات و ئابووریـی هەرێـم ببووژێنێتـەوە.

دزەپێکردنی نەوتی باشووری کوردستان:

لەنێـو ئـەو کۆمپانیایانـەی لـە کەرتـی دەرهێنانـی نەوتـی کوردسـتاندا کاردەکـەن و هەنـاردەی دەکـەن، کۆمپانیـای DNOی نەرویـژی بـوو کـە بەیەکەمیـن کۆمپانیـای بیانـی هەژماردەکرێـت لـە کۆتایـی ٢٠٠٥دا دەسـتی بـە پشـکنین و دەرهێنانـی نـەوت کـرد و ڕێککەوتنامەیەکـی لەگـەڵ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان واژووکـرد کـە

بەبێ هیچ سزایەک لە حکومەتی فیدراڵەوە دەست بەکاربوو (ڕێککەوتنامەکەیان جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٤ واژووکردەوە) ئەمەش یەکەمین دزەپێکردنی نەوتە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە[١٦].

ڕێککەوتنامە واژووکراوەکە لەگەڵ کۆمپانیای DNO ڕێگەی بە پرۆسەی هەڵکەندنی لە نزیک زاخۆ- کۆیە دا، لە دووریی ٧٠کم لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان. هەروەها ڕێوشوێنی کاری پشکنین لە ڕووبەری ٤ هەزار کیلۆمەتری دووجا بۆ ماوەی ٤ ساڵ. پێدەچێت ئەم پرۆسەیە ٥ ساڵ بخایەنێت، لە پرۆسەی پشکنینەوە هەتاکو دەگاتە وەبەرهێنانی نەوت، هەروەک دەبینن نزیک نییە و لەو حاڵەتەدا هێشتا لەبیرە نەوتی دیکە دەگەڕێن[١٧].

نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاهەنگی کردنەوەی پرۆسەکانی پشکنیندا گوتی: سامانی ئەم پڕۆژەیە دەخرێتە خزمەت هاوواڵتیانی کوردستان کە ساڵانێکی زۆرە لە بەکارهێنانی سامانی سروشتیی خاکەکەی بێبەشکراوە و ڕژێمی پێشوو هەر خەریکی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی کورد بوو، ئینجا لە بەیاننامەیەکی سیاسیدا گوتی: «پێویستە بەغداش سامانی ئێمە کۆنترۆڵ نەکات»[١٨].

عەلاء مەککی سەرۆکی حزبی ئیسلامیی عێراقی بەپەلە وەڵامی نێچیرڤان بارزانیی دایەوە و گوتی «ئەمە پێشهاتێکی نوێیە» کورد وەکو دەوڵەتی سەربەخۆ مامەڵە دەکات. ئەمە نەوتی عێراقە و پێویستە بەسەر هەموو عێراقییەکاندا دابەش بکرێت و ئاماژەی بەوە دا: «کورد پۆستی سەرکۆماری عێراق و چەند وەزارەتێکیان لە حکومەتی عێراقدا وەرگرتووە، کەچی لە باکوور دەستوور پێشێل دەکەن». چەند عەرەبێکی سوننەش لەم هەڵوێستەی کورد نیگەران بوون و لەوبڕوایەدابوون ئەمە هۆکارێکی دیکەیە بۆ پارچەپارچەکردنی عێراق و «وڵات دابەش دەکاتە سەر چینە نەتەوەیی و ئایینییەکان»[١٩].

بەڵام ئیبراهیم جەعفەری سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاماژەی بەوە کرد، پێویستە ڕێژەی نێوان کەرتەکانی ئابووریی نەوتی و نانەوتی لە ماوەی پێنج تا دە ساڵی داهاتوو بگۆڕین بۆ ٧٥:٢٥ ئەگەر توانیمان داهات و وەبەرهێنانە تایبەتەکان بە دروستی بەکاربهێنین[٢٠].

کۆمپانیای DNOی نەرویژی کە ئەزموونی ٢٥ ساڵ کارکردنی لە یەمەن و مۆزەنبیق و گینیا هەیە، ئامادەیی خۆی بۆ بەرپەچدانەوەی هەر هێرشێک دایەوە کە دەکرێتە سەر ڕێککەوتنامە واژووکراوەکەی نێوانیان و ئاماژەی بەوە کرد، ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان لە ماددە دووی دەستووردا جێگیرکراوە، هەروەها بەپێی یاسای ئیدارەی سنوور بەزاندن کە ڕێگە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات دانوستان لەگەڵ کۆمپانیای نەرویژی بکات بەمەبەستی دەرهێنانی نەوت و گاز لە کێڵگەکانی سنووری خۆیدا، بێجگە لەمە لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕێککەوتنامەی دابەشکردنی بەرهەم لەنێوان حکومەتی هەرێم واژوو کرا و بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە بەغدا ڕێگە بە سەرمایەی بیانی دەدات لە بووژانەوەی هەرێمی کوردستاندا بەکاربهێنرێت[٢١].

دواجار کۆمپانیای DNO ڕایگەیاند، نزمیی توانای پالاوتگە کۆنەکانی هەرێمی کوردستان و کەمبوونەوەی بەردەوامی بەروبوومە نەوتییەکان[٢٢]، حکومەتی فیدراڵ ڕێگەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بەنزین و نەوتی سپی و ڕۆنی مەکینە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، ڕاستەوخۆ بکڕێت. هەروەها نێچیرڤان بارزانی ڕێککەوتنێکی درێژخایەنی لەگەڵ تورکیا واژوو کرد بۆ گواستنەوەی نەوتی کوردستان لە خاکی تورکیاوە کە چەندین جار ستایشی حکومەتی تورکیای کرد لەسەر ڕازیبوونی تورکیا، لە ئیدارەی سلێمانیشدا ڕێککەوتنامەیەکی دیکە بۆ کڕینی کارەبا واژووکرد لە حاڵەتی ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان پەرە بە کێڵگەکانی نزیک چەمچەماڵ بدەن[٢٣].

بەڵگەکانی کۆمپانیای DNO گوشارە سیاسییەکانی بەغدای لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمکردەوە. حکومەتی فیدراڵ ئامادەیی خۆی نیشان دا پەرە بە نیشتەنیی هایدرۆکاربۆنییەکان بدات. بەڵام هەتاکو پێش ئێستاش سوور بوو لەسەر ئەوەی دەبێت ئەو داهاتانە بە یەکسانی بەسەر هەموو عێراقییەکاندا دابەش بکرێت و لەوبڕوایەدابوون بە سازان و ڕێککەوتن هەموو ئەو کێشانە چارەسەردەبن و دەبێتە دەریچەیەک بۆ ئەو قەیرانەی ئێستا لەئارادایە[٢٤].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بژاردەیەی حکومەتی بەغدا بووە مایەی نیگەرانیی

وڵاتانی دراوسێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی بازرگانیی باشیشی لەگەڵیاندا هەبوو، ئا بەم شێوەیە تورکیا و ئێران لەوە دەترسن، ئەگەر بێت و «کورد داهاتی نەوت لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بەکاربهێنێت، دەبێتە هۆی ڕاپەڕینی ٢٠ ملیۆن کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا» بۆیە پێوەندییە پتەوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی کۆمپانیای DNO دەبێتە مایەی نیگەرانبوونی ئەم دەوڵەتانەی دراوسێ و بەنهێنی و بە ئاشکرا دژی ئەمجۆرە پێوەندییانە دەوەستنەوە[٢٥].

بەهەرحاڵ بووژاندنەوە و پەرەپێدانی ئابووریی هەرێمی کوردستان (بۆ تەواوی عێراقیش) دەبێتە مایەی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی گەورەی کۆمپانیا بیانییەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرمایەی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنا (بەهۆی باجی گومرگ) جاری واش هەبوو پەنا بۆ قەرز دەبات بۆ نۆژەنکردنەوەی کێڵگە نەوتییەکان و بنیاتنانی پاڵاوتگەی نوێ و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە و نوێکردنەوەی بۆڕییە نەوتییەکان و ڕاهێنانی هێزی کاری گونجاو.

بەڵام هەمیشە هەموو شتەکان بەبێ گرفت نابن، تەنانەت هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیانی. بۆنموونە، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستێکی بە ٧٠ ملیۆن دۆلار واژوو کرد، بۆ چاککردنەوەی بەشێک لە سیستەمی بۆڕییەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیای Kelleg Brown and Root کە لقێک بوو لە Haliburton، لە باشووری کوردستان کاریدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکە تەنیا نیوەی ئەوەی لەسەری ڕێککەوتوون جێبەجێکرد. بۆیە تەنیا ٢ ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێنا بەهۆی ئەوەی کە گواستنەوەکەی مەحاڵ بووە، بۆیە دەبوو جارێکی تر نەوت لە بیرەکان دەربهێنرێت[٢٦].

لە ناوچەکانی سنووری هەرێمی کوردستان، لەچوارچێوەی وەبەرهێنانی تورکیا و ئێران بەکاردەهێنرێن، بەڵام حکومەتی هەرێم نایەوێت هەموو هێلکەکانی بخاتە نیو ئەو دوو سەبەتەیەوە، ئەوان مەبەستیانە کۆمپانیاکانی ئەمەریکاش ڕابکێشن بەتایبەتیش کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەبڕی ١,٣ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی لە کەرتی پیشەسازیی نەوتی عێراق کردووە [٢٧].

بەهەرحاڵ دزەپێکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی پەرچەکردارێکی نەرێنی نەک هەر لەلایەن دراوسێکانی کورد، بەڵکو لەلایەن ئەمەریکاشەوە. لە ڕێوشوێنی سیاسەتی جیهانیدا ئەمەریکا سیاسەتی سزای ئابووری بۆ سزادانی «پەراوێزخراوان» یاخود ئەندامانی «میحوەری شەڕ» بە گەمارۆی ئابووری و بازرگانیشەوە (وەکو، ئەوەی بەسەر کوبا هێنراوە). جا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا دەوڵەتی سەربەخۆیان ڕاگەیاند، هەڵبەت وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان گەمارۆی ئابووریی دەخەنەسەر. هەڵی مانەوەی دەوڵەتی کوردی دەبێ چەند بێت ئەگەر سزاکان تەنیا سزای ئابووری و سیاسی بێت، چونکە کێشەکە، سەربازییانە چارەسەرناکرێت؟

یەکەم: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە کردەنی سزایەکی بەرفراوانی خستە سەر عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن ١٣ ساڵی خایاند. دۆخی وڵات بەرەو خراپترچوو، ئاستی گوزەرانی هاووڵاتیانیش نزم بووەوە، بەڵام بڕی هەناردەکراوی دیاریکراو لە نەوتی خاو کە نرخی بەرزبووەوە سوودێکی زۆری هەبوو و دانیشتوان و وڵاتیشی ڕزگارکرد. هەمان ئەنجام بۆ هەرێمی کوردستانیش هەر ڕاستە.

دووەم: دەتوانین بڵێین ئابووریی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئاستی خۆبژێنی. لە ناوچە گوندنشینەکاندا ئابوورییەکی سروشتیی باوکسالارانەی هەیە مەیلی بۆ ئاڵوگۆڕی بازاڕیش هەیە. بەڵام بۆ شارنشینان پرسەکە قورستر و زۆربەیان ڕیشەیەکی گوندنشینانەیان تێدایە، بەڵام دەکرێ لەلایەن ڕەوەندی کوردییەوە پشتگیری بکرێت کە ئاستێکی بەرزتری هاوپشتیی ناسیۆنالیستانەیان هەیە، هەروەها دەکرێ هاوکاریی وڵات بکرێت لەو کەمبوونەوەیەی کە هەیەتی – بەقاچاغ بردنی نەوت- لەوانەی پێشەوەدا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا دەوڵەتی کوردی دەتوانێت خۆی لە ئاست سەختترین بارودۆخدا بگرێت، بەڵام ئەگەر پەلەی لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کرد و نەیتوانی خۆی لەشەڕ لابدات ئەنجامەکەی زۆر جیاواز دەبێت. بەڵام لۆژیک نییە حاڵەتێکی لەمجۆرە بخوڵقێنی، چونکە ڕەوشی سیاسی و نەوتیی ئێستا هێشتا لە بەرژەوەندیی کورددایە لە ژینگەی عەرەبیدا. لەم دۆخە ئاڵۆزەی ئێستادا،

هیـچ بواریّـک بـۆ هەڵەکردنـی سـەرکردەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان نییـە.

سەرچاوەکان

1- Нефть России, 1999, № 1, с. 1.

2- OPEC Bulletin, Vienna, 11-12, 2005, с. 43.

3- Независимая газета (НГ), 23.05.2005.

4- Нефтедобыча в Ираке в кризисе;http://www.kurdistan.ru/12.12.05-I.htm14.12.2005.

5- НГ, 23.05.2005.

6- НГ, 22.05.2005.

7- Новый Курдистан (НК), 03. 07.2002.

8- OPEC Bulletin, Vienna, 1999, № 11-12, с. 11.

9- Правда, 15.12.2005.

10- Нефтедобыча в Ираке...

11- Там же.

12- Там же.

13- НГ, 23.08.2005.

14- Нефтедобыча в Ираке...

15- Там же.

16- MEED, L., 13-19.01.2006, с. 12.

17- Los Angeles Times; 1.12.2005:http://www.puk.org/wel/htm/news/news/news051130b.html 14.12.2005.

18- Там же.

19- MEED, L„ 10-16.02.2006, с. 29.

20- MEED, L„ 12-18.08.2005, с. 34.

21- Ирак тратит 300 млн. долл, в месяц на импорт продуктов

переработки нефти [MEED,L„ 12-18.8.2005, с. 33].

22- Kurdistan Observer, 10/12/2005: http://kurdistanobserver.servehttp.com/Dec/10-12-05-oil-deal-kurdistan.htm 14:.12.2005.

23- Нефтедобыча в Ираке...

24- Los Angeles Nimes, 01.12.2005.

25- Нефтедобыча в Ираке...

26- Там же.

هەرێمی کوردستان و کێشەی سەقامگیری

ن. ف. ستیبانۆڤا

لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٦پەرلەمانی عێراق حکومەتی نوێی عێراقی پەسند کرد و کۆتایی بە ماوەی ئینتیقالی هێنا کە لە ٢٠٠٤ەوە بەو شێوەیە بوو. لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ ڕاپرسی بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق بەڕێوەچوو و لەسەر ئەو بنەمایە پەرلەمانی هەمیشەیی بۆ وڵات لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ هەڵبژێردرا و کۆتایی بەو بەشەی پرۆسە دەستوورییە سیاسییە هێنا کە ئەمریکییەکان دایانڕشتبوو و لە ساڵی ٢٠٠٤دا پەرەی پێدرا و ئامانج تێیدا دامەزراندنی دامەزراوە حکومییە شەرعییەکان و ئاساییکردنەوەی دۆخی وڵات بوو لەسەر بنەمای دیالۆگی نێوخۆیی لایەنە عێراقییەکان.

جێبەجێکردنی بەرنامەی دامەزراندنەوەی هەیکەلییەتی دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنەمایەکی دیموکراسیدا لە ئەولەوییاتی کارەکانی ئەمەریکا بوو و چاودێرییەکی چڕی خستبووەسەر، ئەمەش سەرکردە عێراقییەکانی ناچارکردبوو پابەندی جێبەجێکردنی هەموو ئەو قۆناغانە بن کە لەلایەن ئەمەریکا دانرابوون.

دیموکراتیزەکردنی سیستەمی سیاسیی عێراق بە «شێوازی ئەمەریکایی» کە ئامانجی سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی پێوەستدار بە ڕژێمی سەدام حوسێن بوو، دەبووایە وڵاتی بکردایەتە «نموونەیەک بۆ دیموکراسییەت» و گشت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین چاویان لێبکردایە و ببووایەتە مۆڵگەی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە کەچی بەجێبەجێکردنی بەرنامەکان، ئەنجامەکان بەتەواوی پێچەوانەی چاوەڕوانکراو بوون، پرەنسیپی نەتەوەیی - مەزهەبی لە پێکهێنانی هەیکەلەکانی حکومەتی عێراقی، ئیسلامی شیعیی ڕادیکاڵیی وای لە پێکهاتەی سوننە کرد، بچێتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە و ببێتە هاوبەشی چەکداران و عێراقیان خستە نێو قەیرانێکی قوواڵەوە و هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی عێراقی گرتەوە.

لە ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٦ کە ساڵیادی سێیەمی دەستپێکردنی هەڵمەتە سەربازییەکەی

هاوپەیمانیی ئەمەریکا - بەرتانیا بوو لە عێراق پوختەی چالاکییەکانیان لەنێو خاکی عێراق و شرۆڤەکردنی دۆخەکە و هەڵسەنگاندنێکی بۆکرا و چەندین ماددەی میدیایی سەبارەت بەم کێشانە لە میدیاکانەوە بڵاوکرانەوە.

ئامانجی هێزەکانی هاوپەیمانان هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن بوو، بەڵام هەموو لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ بەکارهێنانی هێز نەبوون بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە. ئەمریکییەکان کارەکانی خۆیان بەرز دەنرخێنن بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق، بەڵام ئەم بەرەوپێشچوونە هاوکات نەبوو لەگەڵ کەمکردنەوەی توندوتیژیو سنووردانان بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان و باشکردنی ئاستی بژێویی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی عێراق. بە درێژایی سێ ساڵی ڕابردوو، ئابووریی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پاشەکشەی دەکرد تا گەیشتە ئاستی پێش شۆڕشی پیشەسازی، کەرتی کشتوکاڵ و گواستنەوەی گشتی هەر باس مەکە، تەنیا پیشەسازیی نەوت لەئارادابوو و ئەویش پێویستی بە نۆژەنکردنەوە بوو، بەڵام نۆژەنکردنەوەکە بەتەنیا بەلانی کەم ٢١ ملیار دۆلاری پێویست بوو[١].

دوای سێ ساڵی بەردەوام لە شەڕ و توندوتیژی، ٦٠٪ی عێراقییەکان بەبێ کارەبان و ٧٠٪یان بەبێ تۆڕی ئاوی خواردنەوەن و زیاتر لەو ڕێژەیەش لەخوار هێڵی هەژارییەوەن و بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەستمان لە تەنیا هەفتەیەکی مانگی ئاداری ٢٠٠٦ زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس عێراقیان بەجێهێشتووە کە زۆربەیان لە چینی فەرمانبەری حکومین و ژمارەیەکی زۆریان کریستیانەکانی عێراقن کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوونیان لەپێشدا نەماوە.

عێراق نوخبەیەکی زۆری هەڵگری بڕوانامەی بەرزی زانستی و پزیشکی و تەکنیکی و سەربازییان تێدا بووە، هەر لەو ماوەیەشدا هەزاران پزیشک و ئەندازیار و سەدان فڕۆکەوانی سوپای پێشووی عێراق تیرۆر کراون[٢].

دۆخەکە لە کۆتایی شوباتی ٢٠٠٦دا گەیشتە ئەوپەڕی خراپی کاتێک مەزارگەی شیعەکان لە سامەڕا تەقێنرایەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی شیعە و سوننەکانی گەیاندە بەرزترین ئاست. ڕۆژانە ٥٠ - ٧٠ کەس لەسەر ناسنامەی تایفی دەکوژرێن، جەلال تاڵەبانی و ئایەتوڵڵا موقتەدا سەدر لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ ڕێگریکردن لە کۆمەڵکوژییە مەزهەبییەکان[٣].

خەڵکەکە هیوایەکی زۆریان بە حکومەتی داهاتوو هەڵبەستبوو کە بڕیاربوو لەلایەن پەرلەمانی هەمیشەیی لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ پەسند بکرێت، بەڵام هەر زوو دەرکەوت چارەسەرکردنی کێشەکان مەحاڵن و کێشەکان بەرەبەرە زیاتر دەبن و بە پێچەوانەی هەموو ئەو هەڵسەنگاندنانە بوو کە جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەمەریکا و گۆندالیزا ڕایز و نوێنەرانی دیکەی حکومەتی ئەمەریکا پێشکەشیان کردبوو.

پێنج مانگ بەسەر هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقدا تێپەڕیوە و لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٦ ڕەزامەندی درا بە پێکهێنانی یەکەمین هێزی حکومەتی هەمیشەیی بۆ دەوڵەتی عێراق، ئەوکات ململانێ سیاسییەکان لەوپەڕی گەرمیدا بوو کە پەرلەمانیان پێکهێناوە، نەک تەنیا لەسەر پۆستی سەرۆک وەزیران، بگرە کێشە لەسەر هەر دوو پۆستی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانیش هەبوو.

کورد و عەرەبی سوننە زۆر بە تونڕی ڕووبەڕووی سەرۆک وەزیرانە شیعەکە ئیبراهیم جەعفەری بوونەوە کە لەلایەن ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراقەوە هەڵبژێردرابوو و نوێنەرایەتیی حزبی دەعوەی دەکرد و لە شوباتی ٢٠٠٥ەوە سەرۆک وەزیران بووە. جەعفەری بەرپرسیاریەتی وروژاندنی کێشەی نەتەوەیی و مەزهەبیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا درابووەپاڵ و بە چەوساندنەوەی هەموو ئۆپۆزیسیۆنێک تۆمەتبار کرابوو جا چ کورد بن یاخود عەرەبی سوننە یان شیعە یاخود کریستییانەکان. هەر لە سەردەمی جەعفەریدا سوپای عێراق گەورەترین گورزی لە عەرەبی سوننە دابوو و بەپێی لێدوانەکانی حارث سلیمان الذاری ئەمینداری گشتیی زانایانی ئیسلامی. «هەر لەماوەی فەرمانڕەوایەتیی جەعفەریدا زیاتر لە ٥٠ هەزار عێراقیی سوننە مەزهەب لەبەر ئینتیمای مەزهەبییان کورژراون»[٤]. بێجگە لەوەی کە جەعفەری بەیەکێک لە دۆستە هەرە نزیکەکانی ئێران دادەنرێت، سیاسەتەکەی لەلایەن ئەمەریکا و بەریتانیاش پەسند نییە.

شیعەکانیش لەلای خۆیانەوە پێداگرییان لەلادانی جەلال تاڵەبانی دەکرد کە نوێنەری کوردان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی شیعە هێندە یەکگرتوو نەبوون لەنێوخۆیاندا و زۆرینەی پەرلەمانیشیان پێکهێنابوو، ئەم کارەیان بۆنەچووەسەر.

لـە کاتـی هەڵبژاردنەکانـی کانوونـی یەکەمـدا، ناکۆکییەکانـی نێوخـۆی شـیعەی عێـراق پـەرەی سـەند تـا گەیشـتە ڕووبەڕووبوونـەوەی چەکـداری[٥].

ڕووبەڕووبوونـەوە درێژخایەنەکانـی نێـوان هێـزە سیاسـییەکانی عێـراق فەوزایەکـی زۆر بەرفرەوانـی لێبـووەوە و چەنـد مانگێکـی خایانـد، تووندوتیـژی هەمـوو پارێزگاکانـی عێراقـی بێجگـە لـە پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان گرتبـووە و وای لەسـەرکردەکانی عەرەبیـش کـرد هەسـتی پێبکـەن و یەکێکـی وەکـو حوسـنی موبـارەک سـەرۆک کۆمـاری میـسر و ئەمینـداری گشـتیی کۆمـکاری عەرەبـی بڵێـن: ئـەوەی لـە عێراقـدا ڕووەدات بەڕاسـتی شـەڕی ناوخۆیـە[٦]. سـەرۆکی ئەنجوومەنـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە عێـراق و سـەرۆکی هاوپەیمانیـی شـیعیی ئیئتیلافـی یەکگرتـووی عێراقـی عەبدولعەزیـز حەکیمیـش هـاوڕای حوسـنی موبـارەک و عەمـرو موسـا بـوو[٧]. ڕۆژێـک تێنەدەپـەڕی ئەگـەر تەفینەوەیـەک، هێرشـی مووشـەک، وێرانکردنـی بینـای حکومـی، مـەزارە ئیسـلامییەکان، ئاسـەوارە کۆنەکانـی عێـراق، قوربانـی و ڕفاندنـی کەسـانی بێتـاوان ڕوونـەدات کـە زۆربەیـان سـڤیل و ژمارەیەکـی زۆری منداڵانیشـی تێـدا بـوو. تەنیـا لـە سـاڵیادی سـێیەمی ڕۆژی ئازادکردنـی عێـراق کـە دەکاتـە ٩ی نیسـان (ئـەو ڕۆژەی هێزەکانـی هاوپەیمانـان بەتـەواوی بەغدایـان داگیرکـرد) تەقینـەوەی حوسـێنییەکانی شـارۆچکەی (مصعـب) و بەغـدا گەیشـتە ٩٩ کـوژراو و زیاتـر لـە ١٦٠ بریندار[٨]. بەپێـی سـەرچاوە جیـاوازەکان لـە سـێ سـاڵی ڕابـردوودا ١٠٠[٩]- ٢٠٠ هـەزار عێراقـی کـوژراون[١٠]. جـۆرج دەبلیـو بوشـیش ئامـاژەی بـۆ ٤٠ هـەزار کـوژار کـردووە. بەپێـی هەمـان سـەرچاوەش ژمـارەی کوژراوانـی هێزەکانـی هاوپەیمانـان گەیشـتووەتە نزیکـەی ٢,٤ هـەزار سـەرباز[١١].

لـە کۆتاییشـدا توانـرا مەترسـییەکانی بەردەوامبوونـی ئـەم دۆخـە نائارامـەی عێـراق بـە ڕێککەوتنـی هێـزە سیاسـییەکان چارەسـەربکرێت کـە شـەڕیان لەسـەر کورسـییەکانی حکومەتـی هەمیشـەیی عێـراق دەکـرد.

پەرلەمانـی عێـراق بـۆ جـاری دووەم جـەلال تاڵەبانییـان بـۆ سـەرکۆماری عێـراق هەڵبـژاردەوە و هەریـەک لـە تاریـق هاشـمی لـە پێکهاتـەی سـوننە و سـکرتێری گشـتیی حزبـی ئیسـلامیی عێراقـی و عـادل عەبدولمەهـدی کـە یەکێـک بـوو لـە سـەرکردەکانی

ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و ئەندام لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی کرانە جێگرانی سەرکۆمار کە ئەوەی دواییان پێشتر هەمان پۆستی بینیبوو.

مەحموود مەشهەدانیی سوننە مەزهەب پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراقی وەرگرت و ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی شێخ خالد العطیة و عارف تەیفوور لە پارتی دیموکراتی کوردستان بوونە جێگرانی یەکەم و دووەمی سەرۆکی پەرلەمان.

لەسەر پێشنیازی جەلال تاڵەبانی پەرلەمانی عێراق نووری مالیکی کە جێگری جەعفەری بوو لە حزبی دەعوە کرایە سەرۆک وەزیرانی عێراق[١٢].

حکومەتی نوێی عێراق لە ٤٠ وەزیر پێکهاتبوو کە سێ وەزارەتی گرنگیان بە وەکالەت بەڕێوەدەچوو، سەرۆک وەزیران هەر خۆی وەزارەتی ناوخۆی بە وەکالەت بەڕێوەدەبرد، هەر یەک لە سەلام زەوبەعی سوننە مەزهەب و بەرهەم ساڵحی کورد وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ئەمنی قەومی بەڕێوەدەبرد[١٣].

نووری مالکی لە گوتارێکیدا بۆ پەرلەمانتاران بەرنامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێشکەش کرد و تیایدا ئاسایشی وڵاتی بە ئەولەوییەتی کارەکانی حکومەتی نوێ دانا و گوتی: جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە «دەبێ پێشوەخت هەموو دیاردەکانی تیرۆر و توندوتیژی لەسەر بنەمای یاسا بنبڕبکرێت و ڕەچاوی پرەنسیپی ڕێزگرتن لە پێوەرەکانی مافی مرۆڤ بکرێت»[١٤]. پێویستە حکومەتی یەکێتیی نیشتمانی کە «هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقیی لەخۆگرتووە و بەپێی گوزارشتکردن لە ئیرادەی دەنگدەران» دەست بە چارەسەرکردنی ئەم کێشە ئاڵۆزانە بکات و لەسەر بنەمای دیالۆگی نیشتمانی و پێڕەوکردنی بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق، حکومەت هەنگاو دەنێ بەرەو «دامەزراندنی عێراقێکی سەربەخۆ و فرەیی و فیدراڵی دیموکراسی»[١٥]. هەروەها بەرنامە حکومییەکە ئەوەشی تێدا بوو کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق پرسی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان چارەسەر بکرێت (مالیکی پێشتر پێشنیازی کردبوو پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا کە ژمارەیان نزیکەی ١٣٣ هەزار سەرباز دەبوو لە عێراق دەکرێ لە ١٨ مانگدا یاخود کەمتر جێبەجێ بکرێت[١٦]. پەلەش بکرێت لە دامەزراندنی سوپای عێراق و

بەرپرسیاریەتی ئاسایشی دەوڵەت بە پۆلیس و سوپای و دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بسپێردرێت (کە هەموو لایەک پێویستە پابەندی خشتە زەمەنییەکە بن)[١٧].

هەروەها بەرنامە حکومییەکە پلانێکی گشتگیری بۆ بنیاتنانەوەی عێراق و پەرەپێدانی تێدابوو کە هەموو بوارەکانی یاسایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووری، پەروەردەیی، هەروەها کەرتەکانی سیاسەتی دەرەوە و چالاکیی حکومەت دەگرێتەوە کە تەنیا لە بارودۆخێکی سەقامگیردا قابیلی جێبەجێکردنن.

سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی بەرز نرخاند کە مانای کۆتاییهێنانە بە حکومەتی ئینتیقالی، بەپێی لێدوانەکانی سەرۆکی ئەمەریکا، «لەم قۆناغەدا ستراتیژییەتێک پێڕەو دەکرێت کە دەبێتە مایەی سەرکەوتن و بنەماکانی ئاشتی بۆ نەوەکانی داهاتوو بچەسپێنێت»[١٨]. لە هەمان کاتدا سەرۆکی ئەمەریکا هۆشداریی دایە سەرکردە سیاسییەکانی عێراقی نوێ کە هەڵبەت ڕووبەڕووی ئالینگارییەکان دەبنەوە و ئەمەریکا بەڵێنتان پێدەدات لەوەشدا پشتگیریتان بکات[١٩].

بە دامەزراندنی حکومەتی نوێی عێراق کۆتایی بە قۆناغی ئینتقالی هێنرا و دەستکراوەبوون بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی عێراق. وڵات بە کۆمەڵێک لە کێشەی کەڵەکەبووی چارەسەرنەکراو دەچێتە قۆناغێکی نوێوە کە وا دەخوازێت چالاکییەکانی حکومەت لە پاراستنی ئاسایشی وڵات بکاتە کارە هەرە لەپێشینەکانی خۆی و یاسا بچەسپێنێ و ئاسایش بەرقەرار بکات و پەرەپێدانی ئابووری گەرەنتی بکات و ئاستی بژێویی هاووڵاتیان ببووژێنێتەوە. هەروەک لە بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیادا هاتووە: پێویستە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە بە «دیالۆگی سەرکردە نوێیەکانی عێراق لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و پێکهاتە نەتەوەیی و تایفییەکانی وڵات دێنەدی، بەوانەشەوە لە ئێستادا لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراقدا بەشدارن»[٢٠]. واتە تەنیا بە ڕێککەوتنی ئەو لایەنانە عێراق لەم قەیرانەی ئەمڕۆ ڕزگار دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕیزبەستنەی ئێستای هێزە سیاسییەکان ئاماژەی گەشبینیی تێدا نابینرێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێکی نێوخۆی سیاسی. حکومەتەکەی نووری مالیکی بەڕادەیەکی زۆر حکومەتی لێدوانە و هەموو بەرنامەکانی حکومەتی

پێشوو، حکومەتی ئیبراهیم جەعفەری دووبارە دەکاتەوە کە بێجگە لە تووندوتیژی هیچی تری بۆ ولّات نەهێنا. سوپای ئەمەریکاش تاکو ئێستا هەر هێزی سەرەکین بۆ پاراستنی ئاسایشی ولّات نەک هێزە ئەمنییەکانی عێراق.

لەنێوەندە سیاسییە عەرەبییەکاندا بە سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق دەگوترێت: «پیاوە بەهێزەکە» کە دەتوانێت سنووردێک بۆ گرووپە چەکدارە ناشەرعییەکان دابنێت کە بوونەتە کۆسپی بەردەم بەدیهێنانی ئاشتی بۆ ولّات. لە هەمان کاتیشدا پێناچێت نووری مالیکی زۆر جیاواز بێت لەوەی پێش خۆی، سەرباری ئەوەی «دۆستە دڵسۆزەکەی» جەعفەری دوای ڕووخانی سەدام حوسێن گەڕاوەتەوە عێراق و بووەتە ئەندامێک لەو لێژنەیەی کە هەموو هەیکەلە حکومی و سەربازییەکانی لە ئەندامانی سوننە لە حزبی بەعس خاوێن کردەوە کە لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا باڵادەست بوون. لەکاتی بەشداربوونی لە داڕشتنی دەستووری نوێی عێراق ڕێگریی کرد لە بەشداربوونی پێکهاتەی سوننە لەو پرۆسە گرنگەدا کە بووە مایەی ئەوەی سوننەکان چەکەرە لە سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا جێگرە سوننەکەی سەرکۆماری عێراق تاریق هاشمی دەیگوت: «من ئامادەم لەگەڵ مالکیدا کاربکەم لەپێناو پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانی بۆ بنبڕکردنی هەموو جۆرە کردەوەیەکی تووندوتیژی»[٢١].

لەکاتی دانوستاندنەکانی دانانی سەرۆک وەزیران ناوی عادل عەبدولمەهدی هاتە پێشەوە وەک ئەلتەرناتیڤێک بۆ جەعفەری کە یەکێکە لە سەرکردە دیارەکانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و بەوە ناسراوە کە سیاسییەکی نەرم و نیانە و عەلمانییەکی شیعە مەزهەبە و لەلایەن کورد و سوننەشەوە پشتگیری دەکرا[٢٢].

ئاشکرایە چاوەڕێی گۆڕانکارییەکی گەورەی ڕیشەیی کتوپڕ لە عێراق لەم حکومەتەی ئێستای عێراق و لەوانەی دوای ئەم حکومەتەش دێن ناکرێ، چونکە ئەم پرۆسەیە کاتێکی زۆر و ئیرادەیەکی سیاسیی لە گشت هێزە سیاسییە بەشداربووەکان لە پرۆسەی سیاسیی ولّات دەخوازێت کە ئەمڕۆ شیعە و کوردن، ئەگەرچی سوننەکان لەم قۆناغەدا لاوازن، بەڵام بە ئاسانی شکست ناهێنن، سوننەش لە گۆڕەپانی سیاسیدا ماونەتەوە، هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانانیش.

ڕاستگۆیی حکومەتە نوێیەکەی عێراق ڕاستەوخۆ بەندە بە توانای پێوەندیکردن لەگەڵ سەرجەم هێز و لایەنە نەتەوەیی و ئایینییەکانی عێراق.

مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، پرسێکی ئازاربەخشە بۆ هەموو عێراقییەکان، تەواوی سیاسەتوانانی عێراقیش لەسەر شتێک کۆکن ئەویش ئەوەیە: پێویستە هێزەکانی هاوپەیمانان عێراق بەجێبهێڵن، پرسیارەکەش ئەوەیە: کەی؟ هێندێکیش لەوبڕوایەدان کە کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان دۆخی وڵات ئاسایی دەکاتەوە و عێراقییەکان خۆیان هەموو شتێک دەگرنەوە دەست و دۆخی ناوخۆی عێراق کۆنترۆڵ دەکەنەوە و سوورن لەسەر دیاریکردنی نەخشەیەکی زەمەنی بۆ کشانەوەی ئەم هێزانە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی سیاسییەکانی عێراق دان بەوەدا دەنێن، ئەگەر بێت و سوپای ئەمەریکا ئاوا بە کتوپڕی بکشێتەوە بوشاییەکی ئەمنی لە عێراقدا دروست دەبێت و ئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە نەک هەر لەسەر عێراق، بگرە لەسەر تەواوی ناوچەکە و کەسیش ناتوانێت پێشبینی ئەنجامەکانی بکات. حکومەتی ئێستای عێراق کە بەپێشێلکردنی بنەماکانی دەستوور و دەستوەردانی ئەمریکییەکان پێکهێنرا، پێویستە بەڵێنەکانی خۆی بێنێتەدی و نەرمییەک لە هەڵبژاردنی ئامراز و شێوازە لەبارەکان بنوێنێ بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشەیەک بەشێوازی جیاوازی خۆی. هەڵبەت ئایینەدەش ڕاستگۆیی حکومەتی عێراقمان بۆ دەردەخات.

کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و ئەو هەموو پێشێلکارییانەی ئەنجامدەدرێن و ناکۆکیی لایەنە بەشداربووەکانی پرۆسەکە، سەرباری مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان و هۆکارە نێوخۆییەکان پەرەسەندنەکە سنووردار دەکات کە گرنگترینیان هەبوونی بوشاییەکی گەورەیە لە ئاستەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خاکی عێراق کە هێشتا نەریتە تەقلیدییەکەیان تێدا پێڕەو دەکرێت.

تاکە ناوچەیەک لە عێراق کە بناغەیەکی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و کلتووریی پێویستە بۆ بناغەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی نوێ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمییە کوردستانییەکەیە کە هاوشانە لەگەڵ پەرەسەندنی پرۆسەی دەستوور لە ماوەی دوای ڕوخانی سەدام حوسێن، سیستەمی یاسایی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان چاکسازیی تێدادەکرێت کە لە سەرەتای نەوەتەکانەوە بناغەی بۆدانراوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە ئاداری ٢٠٠٣، باشووری کوردستان ناوچەیەکی ئارام بوو، تاکو ئەمڕۆش هەر بە ئارامی ماوەتەوە کە بەڵگەی ناوچەیەکی پێشکەوتووە بەشێوەیەکی دینامیکی و نوێگەریی تێدا بەخێرایی بەڕێوەدەچێت. دەشتوانین هەڵسەنگاندنێکی تەواو بۆ قەبارەی ئەو گۆڕانکارییانە بکەین کە تەنیا لە باشووری کوردستان هاتوونەتە دی بە بەراورد لەگەڵ دۆخی ناوچەکە لە ساڵانی ١٩٩٠ - ١٩٩١ بە ڕووخساری ئێستای. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییە خێرایانە دەستوەردان و پاڵپشتیکردنی ئەمەریکا بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە سیاسەتی تاوانکارانەی سەدام حوسێن ڕزگاری کردن و بووە هۆی مانەوەی کورد. هۆکاری دووەمیش لەو پرۆسەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرەپێدانەی هێزە سیاسییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسعود بارزانی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی کە توانیان پاش ئەو هەموو ساڵەی ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکان خۆیان لە تۆز و گەردی ئەم ڕابردووە تاڵە بتەکێنن و واز لە خواستەکانی تاکە کەسیی خۆیان بهێنن و بە ناوی پاراستنی کوردستان وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی و زامنکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەست بخەنەوە دەست یەکتر.

لە نەوەتەکاندا باشووری کوردستان بە کردەنی لە شەڕێکی ڕاستەخۆدا بوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا، ئەزموونێکی گەورەیان لە ئیدارەدانی سەربەخۆی ناوچەکە پەیداکرد و سەرکردەکانی کورد سەرکەوتنێکی مەزنیان لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ماوەی دوای ڕوخانی سەدام حوسێن بەدەستهێنا کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ پتر چەسپێنرا، مەسعود بارزانیش بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێردرا و حکومەتێکی نوێی بۆ هەرێمی کوردستان دامەزراند کە هێشتا ئاسەوارەکانی لەسەر حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ماوە و کۆتایی بە دوو ئیدارەیی هێنا یەکێکیان لە هەولێر و ئەویدیکەیان لە سلێمانی[٢٣].

سەرکردەکانی کورد بە تەواوی درکیان بەوە کردووە کە ئایندەی عێراق بەندە بەو گۆڕانکارییانەی لە عێراقدا ڕووەدەن، بۆیە لەم سێ ساڵەی پێشوودا لە هەموو پرۆسەکانی بنیاتنانەوەی سیاسییانە و بووژانەوەی دەوڵەتدا زۆر چالاکانە بەشداریان

تێدا کردووە و ئەنجامی زۆر ئەرێنیی لەم بەشداربوونەدا هەبووە. سەرکردە کوردەکان نەک هەر لە پاراستنی دەستەکەوتەکانی کوردستان سەرکەوتووبوون، بەڵکو لە پتەوکردنی پێگەی خۆیان لەسەر ئاستی فیدراڵیشدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ کە عەرەبی سوننە بایکۆتی کردبوو، کوردی باشوور ٧٧ کورسییان لە کۆی ٢٧٥ کورسی لە پەرلەمانی عێراقدا بەدەستهێنا لەگەڵ پۆستی سەرکۆماری عێراق کە بە ڕێککەوتن جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەم پۆستەی وەرگرت، هەروەها پۆستی دیکەی وەزارەتش لە حکومەتی ئینتیقالی و لە بازنەی سەربازیدا پێگەیەکی بەرچاویان بەدەستهێنا.

هەموو ئەمانە وای لە کورد کرد بەرگری لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی بە کەرامەتەوە بکات و لەگەڵ دۆخی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا خۆیان گونجاند. بەپێی بۆچوونەکانی دکتۆر خۆشەوی بابەکر: «سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستان کارێکی نایابی کردووە کە بەشداربیان لە دانوستانەکانی دارشتنی دەستووردا دەکرد و لە دەستووردا دەستکەوتەکانی نەتەوەکەی زامنکرد، ئەمەش نەک هەر جەختکردنەوە و پتەوکردنی تەواوی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بگرە دان بە شەرعییەتی سەرجەم بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانیش بنێت، بە گرێبەستە ئابووریەکانیش کە لە ماوەی ١٩٩٢ - ٢٠٠٤ واژووکراون. دەستووری هەمیشەیی عێراقیش کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ پەسندکرا، بە فەرمی لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دانی بە سەربەخۆیی کوردستان ناوە»[٢٥].

دەستووری هەمیشەیی عێراق بیرۆکەی هەیکەلی فیدراڵیی بۆ دەوڵەتی عێراق پتەوکرد کە لەلایەن کوردەوە پێشنیازکرابوو و جەخت لەسەر سەرجەم بڕگەکانی پێوەست بە دۆخی هەرێمی کوردستان کرایەوە، هەروەها دەستەبەرکردنی مافەکانی ئەو نەتەوانەی لە کوردستاندا دەژین کە پێشتر لە دەستووری کاتیی عێراقدا چەسپێنرابوو. مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی دان بەوەدا دەنێت کە کەرکووک پایتەختی هەرێمی کوردستانە[٢٦]. دەستوورە نوێیەکە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی کوردە. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەمبارەیە گوتوویەتی: «باشترین بژاردەی دەستوورییە کە کورد دەتوانێت پشتی پێببەستێت لەنێو سنووری عێراقدا»[٢٧].

ئەمڕۆش کورد بەرزترین پۆستی سەرکردایەتی عێراق و چەندین وەزارەت لە حکومەتی عێراق بەڕێوەدەبەن، پتەوکردنی هەبوونی کورد لە حکومەتی فیدراڵی و زیادکردنی سیاسەتوانانی کورد لە بەغدا نموونەی مەسعود بارزانی، جەلال تاڵەبانی، هۆشیار زێباری و محمود عوسمان و چەندانی تر دۆخێکی دادپەروەرانە و یەکسانی دەخوڵقێنێ بۆ مامەڵەکردنی حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ خواستەکانی هەرێمی کوردستان[٢٨].

هاوکات لەگەڵ تەواوبوونی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی هەمیشەیی عێراق، پرسێکی سیاسیی گرنگ لە هەرێمی کوردستان ڕوویدا و پەرلەمانی کوردستان لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٦ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە هەولێر سازدا و هەریەک لە جێگری سەرکۆمار، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و باڵیۆزی وڵاتانی عەرەبی و بیانی و ژمارەیەکی زۆری بانگهێشتکراوان ئامادە ببوون و لەو کۆبوونەوەیەدا یەکەمین حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا لەوەتی ڕژێمی سەدام حوسێن ڕووخاوە[٢٩]ئەم پێشهاتە بایەخێکی مێژوویی زۆر گرنگی هەبوو، پێش هەموو شتێک کورد بە گوتارێکی یەکگرتوو دەچێتە دانوستانەکانی بەغدا کە پێشتر پەرتەوازەیی کورد بەربەستێکی گەورە لەبەردەم هەموو دانوستانەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ڕژێمە یەک لەدوا یەکەکانی بەغدا کە سەرجەمیان دژی کورد بوون، لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە کوردستانیش خێراتر دەکات لەسەر بنەمای ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری. هەروەها هەڵوێستی کورد بەم یەکگرتنەوەیە بەهێزتر دەبێت بەرانبەر هەموو دەستوەردانێکی نێوخۆیی و دەرەکی لە کاروباری نێوخۆی کوردستان.

دوای ڕاگەیاندنی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان لە ٧ی ئایار و دیاریکردنی بەرنامە بەرفرەوانەکەی حکومەت، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکیدا لەبەردەم پەرلەمانتاران ڕایگەیاند: «پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ڕووداوێکی مێژوویە، گۆڕانکاریی ڕیشەیی تێدا دەکرێت و لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی کورد دەکاتەوە» کە بەپێی گوتەی ئەو «لە ئایندەشدا گۆڕانکاریی دیکەی بەدوادا دێت»[٣٠]. هەروەها جەخت دەکاتەوە و دەڵێ: «جەخت لەسەر توانا و کرانەوە و حوکمێکیی ڕەشیدانە دەکەینەوە».

لە سەروبەندی ئەو ئەرکانەی ڕووبەڕووی ئەنجوومەنی وەزیران دەبنەوە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران داوایکرد: «پێویستە مامەڵەیەکی یەکسان لەگەڵ هاوواڵتیاندا بکرێت و تاک و گرووپەکان بپارێزرێن و هەڵی یەکسان بۆ هەموو لایەک بڕەخسێنرێت و ڕێز لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسیی هەرێمی کوردستان بگیرێت و ئاسایش و حوکم بەپێی یاسا گرەنتی بکرێت، هەروەها ئازادیی تاکەکەسی و گرووپەکان زامن بکرێت». هەروەها سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەش دا کە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە بنەمایەکی یاسایی پتەوی پێویست دەبێت و «پێویستە دەستووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم ڕەوشە نوێیە بسازێنرێت و دامەزراوە دەستوورییە سەربەخۆکان بۆ پشتگیریی پرۆسە دیموکراسییەکان پێکبهێنرێن»[٣١].

بەرنامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتووریی کۆمەڵگەی کوردەواریی گرتووەتەوە و هێڵە گشتییەکانی پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ و وڵاتانی ناوچەکەشی داڕشتووە. بەشێوەیەکی بنەڕەتیش جەخت لەسەر پتەوکردنی «دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ئازاد و دیموکرات و لێبوردە دەکاتەوە» ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە، پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووریی کە لەسەر بنەمای نوێکردنەوە دامەزرابێت، چونکە هەروەک بەرنامە حکومییەکە ئاماژە بەوە دەدات: «هیچ وڵاتێک سەقامگیر و ئارام نابێت ئەگەر ئابووریی پتەوی نەبێت»[٣٢]. ڕێوشوێنی دیاریکراو بۆ زامنکردنی پەرەپێدانی بەردەوامی ئابووریی هەرێمی کوردستان پشتیوانیی حکومەتی پێویستە بۆ دامەزراندنی دامەزراوە پیشەسازییەکان، بەتایبەتی بە بەشداربوونی وەبەرهێنەر بیانییەکان. بەشێوەیەکی گشتی جەخت دەکرێتەوە لەسەر خێراکردنی پەرەپێدانی ژمارەیەک پرۆژەی بچووک و پێشخستنی کەرتی تایبەت کە دەکرێ ببێتە داینەمۆی ئابووریی کوردستان و ڕەخساندنی هەڵی کار و سنووردارکردنی بێکاری و زیادکردنی داهاتی دانیشتوان و چاککردنی جۆری گوزەرانیان.

هەر لەو بەرنامە حکومییەدا بایەخێکی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵ دراوە، بەڵام بەهۆی جیاوازیی ژێرخان و کەمیی وەبەرهێنان و ناسەقامگیریی سیستەمی بە

بازاڕکردن و بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و چۆنییەتیی چارەسەرکردنیان، هەر بێسوودە، بۆیە حکومەت لەبەرنامەیدایە ئەم دۆخە بگۆڕێت لەچوارچێوەی زیادکردنی بەرهەم و هاوردەکردنی تەکنیکی نوێ و خوڵقاندنی پیشەسازیی کشتوکاڵ. هەروەها ئاسانکاری بۆ گەڕانەوە گوندنشینان دەکەن کە پێشتر بەزۆرەملێ ڕاگوازرابوون.

کوردستان ناوچەیەکە هەڵی وەبەرهێنانی لە کەرتی گەشتوگوزار تێدایە، بۆ پەرەپێدانی ئەم کەرتە، حکومەتی هەرێمی کوردستان شێوازێکی بۆ زیادکردنی ڕێژەی دامەزراندن لەم کەرتەدا داڕشتووە، چونکە بەبێ کەسانی شارەزا و ڕاهێنراو لە کەرتی حکومی و کەرتی تایبەتدا ئامانجەکان ناپێکێنرێن. بەپێی لێدوانەکانی سەرۆک وەزیران، حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان ئەم کەرتەی کردووەتە ئەولەوییەتی کارەکانی، هەروەها سیستەمی فێرکردنی خێرای لە سەرجەم ئاستەکان لە کوردستان چڕکردووەتەوە کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمی نوێ و هێنانی تەکنیکی زانیاری و پێوەندییە نوێیەکان لە پرۆسەی خوێندن[٣٣].

ڕەخساندنی هەڵی خوێندن کە شایستەی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت بابەتێکە بووەتە جێی بایەخی تایبەتی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، بەڕەچاوکردنی سروشتی فرەیی پێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان و هەمەڕەنگیی کلتووری و زمان. چونکە بێجگە لە کورد، عەرەب، تورکمان، کلدان، ئاشوور و ئەرمەن لە کوردستاندا دەژین، چەند قوتابخانەیەکیش تەرخانکراون بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەخوێنن، ئەو قوتابخانانەی بەزمانی دایک دەخوێنن ١٠ ساڵ حکومەتی هەرێم پشتگیریان دەکات، هەر بە پشتوانیی حکومەت قوتابخانەیەک کراوەتەوە کە خوێندنی تێدا بە زمانی ئارامییە.

بەرنامە حکومییەکە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە: جەخت لەسەر نییەتی حکومەتە نوێیەکە دەکاتەوە کە بایەخێکی تایبەت بە سەرجەم ئاستە کۆمەڵایەتی و ئابووریییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەدات. هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتی جەخت لەسەر ڕۆڵی ئافرەتان و بەشداربوونی پابەندبوون دەکرێتەوە کە هاوشانی پیاوان بەشداریی لە گەشەپێدانی کەرتەکانی سیاسەت، کۆمەڵایەتی، کلتووری و پەروەردەیی بکەن.

هەروەها حکومەتی نوێی هەرێم بایەخێکی تایبەتیشی بە گەنجان داوە و بەهەموو شێوەیەک پشتگیری دەکرێن بۆ گێڕانی ڕۆڵی سروشتیی خۆیان لە کۆمەڵگە و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەشداربوونی نەوەی داهاتوو لە ئایندەیەکی گەش لە سنووری پێشبینیی شیاودا.

نێچیرڤان بارزانی، ئاماژەی بۆ قوربانیانی تیرۆری بەعسییەکان کردووە و بەپێویستی زانیوە پەرە بە بەرنامەیەک بدرێت چاودێرییەکی تایبەتی خانەنشینان و ئەو خانەوادانە بکرێت کە بژێوکاریان لەدەستداوە و کەمئەندامانیش دەبێ مافەکانیان دەستەبەر بکرێت.

جێبەجێکردنی ئەم پلانەی حکومەتە یەکگرتووەکەی هەرێم بودجەیەکی قەبەی پێویستە و دەبێ لە بودجەی حکومەتی فیدراڵییەوە بۆی تەرخان بکرێت. هەروەها ئاماژەی بەوەش داوە، پێویستە حکومەتی فیدراڵ بەڵێنەکانی خۆی لە ئاست قەرەبووکردنەوەی زیانپێگەیشتووان بباتەسەر و پشکێکی دادوەرانە بخاتە سەر بودجەی هەرێمی کوردستان.

بەڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵ کوردی باشوور ١٧٪ی بودجەی عێراقیان بەردەکەوێت بەڵام ئەوان داوای ٢٥-٣٠٪ی بودجەی گشتیی حکومەتی عێراقی فیدراڵیان کردووە، بەڵام لەئێستادا ناتوانرێت گفتوگۆی ئەم بابەتە بکەین هەتا کەرکووک و خانەقین و مەخموور و چەند ناوچەیەکی دابڕێنراو نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، جا لەدوای گەڕانەوەی ئەم بەشانە ژمارەی کوردی هەرێمی کوردستان لە ٤,٥ ملیۆنەوە دەگاتە ٧ ملیۆن لە کۆی ٢٧ ملیۆنی کۆی گشتیی دانیشتوانی عێراق[٣٤]. (خەملاندنەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ٦ ملیۆن کورد لە باشووری کوردستاندا هەن).

سەرکردەکانی کورد ئاماژە بە داهاتی نەوت و گازیش دەکەن وەک سەرچاوەیەکی دیکەی پارەدارکردنی پەرەپێدان، لە هەمان کاتدا ئومێدێکی زۆریشی بە وەبەرهێنانەکانی بیانییەکانیشە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان لە هەوڵدایە یاسای وەبەرهێنان پەسند بکات. کە بەشێوەیەک دابڕێژرێت سەرنجڕاکێش و نەرم و هاندەر بێت بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی بۆ

ناوچـەی هەرێمـی کوردسـتان. هەروەهـا حکومەتـی هەرێـم دەخوازێـت کوردسـتان بکاتـە دەروازەیـەک بـۆ وەبەرهێنـان لـە عێـراق و زامنکردنـی مافـە ڕەواکانـی گەلانـی باشـووری کوردسـتان بۆئـەوەی پشـکی خۆیـان لـە وەبەرهێنـان و سـەرمایە و بودجـەی عێراقـدا دەسـتەبەر بکرێـت[٣٦].

نێچیرڤـان بارزانـی لـە وتارەکەیـدا پێداگریـی لەسـەر ئـەوە کـرد، هەلومەرجی سـەرەکیی پەرەپێدانـی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری، بەرقەراربوونـی ئەمـن و سـەقامگیریی هەرێمـی کوردسـتانە کـە تاڕادەیەکـی زۆر حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـە پشـتگیریی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و هاوپەیمانـان لەسـاڵانی ڕابـردوودا ئـەم ئاواتـەی هاووڵاتیانـی هێناوەتـەدی و لەمبارەیـەوە بەپێویسـتی زانـی سوپاسـی ئەمەریـکا و هاوپەیمانانیـش بـکات. لـەم دواییـەدا توانـرا بـە هێزەکانـی پێشـمەرگە و دەزگا ئەمنییـەکان و پۆلیـس و بەهاوکاریـی خەڵکانـی ناوچەکـە، ئەمـن و ئاسایشـی هەرێـم بپارێزرێـت[٣٦].

عەقیـد دێقیـد گـرای، فەرمانـدەی ڕاهێنانـی هێـزە ئەمنییەکانـی عێـراق بـاس لـە دۆخـی ئەمنیـی هەرێمـی کوردسـتان دەکات و دەڵێـت: «پێشـمەرگەی کوردسـتان و پۆلیـس لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە کردەنـی ئارامیـی پارێـزگای سـلێمانی و سـەڵاحەدینیان پاراسـتووە و لـە ئامادەباشـیدا بـۆ پێشـڕەوی بـەرەو قـەزا و ناحییەکانـی کەرکـووک و هەنـگاوی باشـیان بڕیـوە، ئـەو توندوتیژییـەی لـە بەغـدا دەیبینیـن بـە دەگمەنیـش لـە هەرێمـی کوردسـتان بەرچـاو ناکـەون»[٣٧].

بـەڵام ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە، هەرێمـی کوردسـتان لـە مەترسـییەکانی کارە تیرۆریسـتییەکاندا بـەدەرە و ڕووبـەڕووی توندوتیـژی تیـرۆر نابنـەوە، چونکـە ئـەم پرسـە پرسـێکی سەرتاسـەریی عێراقـە و دوور نییـە بـەرەو هەرێمـی کوردسـتانیش تەشـەنە بـکات و ئـەوەی لـە ناوچەکانـی عێراقـدا ڕووەدەن بەنـدە بـە هەمـوو عێراقـەوە بـە هەرێمـی کوردستانیشـەوە. زامنکردنـی ئاشـتی و سـەقامگیری لـە وڵات کێشـەیەکی هاوبەشـە بـۆ هەمـوو عێراقییـەکان، بۆیـە بەرپرسـانی هەرێمـی کوردسـتانیش ئامادەیـی دەزگا ئەمنییەکانـی هەرێمیـان دەربڕیـوە کـە بـە هەمـوو شـێوەیەک توندوتیـژی بنبـڕ بکـەن و سیسـتەمێکی دیموکراسـی فیدڕاڵـی لـە عێـراق دابمەزرێـت، لەسـەر بنەمـای سـازان و ڕێزگرتـن و دەسـتەبەرکردنی مافـی سـەرجەم پێکهاتـە نەتەوەیـی و ئایینییەکانـی عێـراق.

کوردی باشوور لەوباوەڕەدان کە عێراقێکی فیدراڵی، ئاشتیخواز و سەقامگیر دەبێت تەنیا ئەگەر ڕەوتە ئایینی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژییەکان بەیەکەوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراسیدا بژین. بۆیە سەرکردەکانی کورد بە هەموو شێوەیەک لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق هاتوونەتە پێش و لەپێناو دامەزراندنی هەرێمە فیدراڵییەکاندا لە دانوستاندنی بەردەوامدایە لەسەر بنەماکانی دەستوور کە بژاردەی خۆبەخشانە و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەخۆدەگرێت، لە هەمان کاتیشدا داوای پێشخستنی میکانیزمێک دەکەن کە سروشتی پێوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا دیاری بکات بەجۆرێک کە هەموو مافە دەستوورییەکانی کوردستان بپارێزێت[٣٨].

بەرنامە حکومییەکەی لە پەرلەمانی کوردستان خوێندرایەوە، تاڕادەیەک خستنەڕووی نییەتەکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە کورد بناغەیەکی سنووردارى هەیە، فاکتەری سەرەکی و یەکلاکەرەوە ئەو ڕێکارانە بوو کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە نەوەتەکاندا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ گرتبوویانەبەر، بۆ بووژانەوەی ئابووریە داڕماوەکەی ناوچەکە کە پێش هەموشتێک لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢ - ١٩٩٩ نزیکەی ١٠٠٠کم ڕێگەوبان ڕاکێشرا و ٦٠٠کیلۆمەتری دیکە نۆژەنکرانەوە و ١٥ پردی نوێ دروست کران.[٣٩]. کەرتی پیشەسازیش بووژایەوە و حکومەت چەندین ئامێر و کەرەستەی پێویست و کەرەستەی خاوی کڕی و بۆ کارگەکانی بەرهەمهێنانی کوتاڵ و جگەرە و بەروبوومی قوتوبەندکراو ڕەوان کران. کاری زۆریش کرا لەپێناو خاوێنکردنەوەی شەقامە سەرەکی و کۆڵانەکان و چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی فەرمانگە حکومییەکان و دابینکردنی تۆڕی ئاوی خواردنەوە و ڕێکخستنی کاروباری هاتوچۆی ئۆتۆمبێل.

کەرتی کشتوکاڵ کە بایەخێکی زۆری پێدراوە و ئاوهەوای کوردستانیش زۆر لەبارە بۆ چەندین جۆرە بەروبوومی کشتوکاڵی، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەرنامە بۆ پرۆسەی وێرانکارییەکی سەرتاسەریی گوندەکانی کوردستان داڕێژرابوو، جێبەجێکرا و نزیکەی ٤ هەزار گوند تەختی زەوی کران و دانیشتوانەکانیان بە خورتی ڕاگوازرانە کۆمەڵگەکانی نیشتەجێ بوون، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گۆڕینی شێوازی گوزەرانی خەڵکەکە هەبوو، لە کەسانێکی بەرهەمهێنەوە بوونە کەسانێکی بەکاربەری بەروبوومە کشتوکاڵییەکان.

ئەمڕۆ باشووری کوردستان ٥٠٪ی گەنم و ٤٠٪ی جۆ و ٩٨٪ی تووتن، ٣٠٪ی پەموو، ٥٠٪ی میوەی هەموو عێراق بەرهەمدێنێ و ڕۆڵی سەبەتەیەکی خۆراکی بۆ عێراق دەنواند[٤٠]. کەرتی کشتوکاڵی باشووری کوردستان دوو ئامانجی هەیە (یەکێکیان هێندە بەرهەمبهێنێ بەشی خۆبژێویی هەرێمی کوردستان بکات و ئەوەی لێشیدەمێنێتەوە هەناردەی دەرەوەی بکات) ئامانجە کۆمەڵایەتییەکەشی (پاراستنی شێوازە تەقلیدییەکەی کوردی باشوور و بەردەوامبوون لە پرۆسەی منداڵبوون و دابینکردنی بارودۆخێکی گونجاوی تەندروستیش بۆ هاووڵاتیان). وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ بواری سەرەکیی لە کارەکانیدا دیاریکردووە: گەرەنتیکردنی ئاسایشی خۆراک بۆ ناوچەکە، پاراستنی کێڵگەکان و کارئاسانیکردن بۆ ئامادەکردنی کێڵگەی نوێ کە پێشتر کورد ناچار کرابوون شوێنەکانی خۆیان بەجێبهێڵن و کێڵگەکان بەبێ خاوەن بهێڵنەوە، زامنکردنی پاراستنی ژینگە لە چالاکییە کشتوکاڵییەکان[٤١]. کەرتی کشتوکاڵ لە باشووری کوردستان ڕووبەڕووی چەندین بەربەست دەبێتەوە کە گرنگترینیان کەمیی ئامێرە کشتوکاڵییەکان و شێوازی کۆنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵە. حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک توانیویەتی چەند گرفتێکی جوتیاران چارەسەر بکات و و بنەتۆیان بۆ دابین بکات و نرخدانان بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان. لەمڕۆشدا کێشە گەورەکەی بەردەم کەرتی کشتوکاڵ لە باشووری کوردستان توانای نوێکردنەوە و هێنانی تەکنیکی نوێیە بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی بەرهەمهێنان.

پێشخستنی توانا ئابووریەکانی باشووری کوردستان تا بڵێی گرنگە نەک هەر بۆ هەرێمی کوردستان، بگرە بۆ ناوچەکانی دەوروبەریش گرنگە، چونکە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ڕێگە بە کورد دراوە چالاکییە ئابووریە نێودەوڵەتییەکانی خۆی پەرەپێبدات، بە چالاکیی ئابووریی بیانیشەوە. ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردن و پتەوکردنی ئەم چالاکییانەش تا ڕادەیەکی زۆر لەچوارچێوەی موماڕەسەی دووڕمەودای پێوەندییەکانی دەرەوە دەکرێت کە پێشتر لەلای حزبەکاندا کەڵەکە بووە و لەمڕۆدا سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتەکەی جێبەجێی دەکەن[٤٢].

سەرکردەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان موماڕەسەی مافی پێوەندییە ئیقلیمییەکان دەکەن کە بە پلەی یەک پێوەندییەکانی نێوانیان و بەشەکانی دیکەی کوردستان لە

تورکیـا و ئێـران و سـووریا. پێشـکەوتنێکی گـەورە لـە کەرتی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لەنێوانیاندا هەیـە. ٢٠ هـەزار کرێـکاری تورکیـا (کە زۆربەیـان کوردی باکوورن) لە ئێسـتادا لە باشـووری کوردسـتان کاردەکـەن. پسـپۆڕان لـە سـووریا و ئێـران و ئەورووپـا و ئەمەریـکای باکـوور، ڕوو لـە باشـووری کوردسـتان دەکەنـەوە و بەپێـی بۆچوونەکانـی پسـپۆڕان هەموو ئەمانـە دەبنە مایـەی سـەقامگیریی دۆخـی ناوچەکـە و ئەگـەر ئـەم پرۆسـەیە بـەردەوام بێـت ئـەوا بـەم نزیکانـە باشـووری کوردسـتان دەبێتـە ناوچەیەکـی ئابـووری بـووژاوە[٤٣]. بێجگـە لـەوەی کە باشـووری کوردسـتان هەمـوو هەڵێکـی لەبەردەمدایـە ببێتـە یەکێـک لـە دەوڵەمەندتریـن ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوین.

بـەڵام بەربەسـتی زۆر هـەن دێنەبـەردەم ئەم هەلانە کـە گرنگترینیان لە بواری سیاسـییە. پرەنسـیپی فیدرالیـزم بۆ ڕێکخسـتنی دەوڵەتی عێراق کە لە دەستووریشـدا ئاماژەی پێکراوە، هێشـتا زۆری مـاوە تەواوبکرێـت، تەنیـا هەرێمـی کوردسـتان نەبێـت تاکـو ئێسـتا هیـچ هەرێمێکـی دیکـە لەچوارچێـوەی عێراقـی فیدراڵـدا پێکنەهێناوە.

سـەرباری ئـەوەی خـودی بیرۆکـەی فیدرالیـزم نـە لەلایـەن سـوننە و نە لەلایەن بەشـێک لـە شـیعەش بـڕوای تـەواوی پێنەهێناوە، هەمـوو ئاراسـتەکانیش بەرەو ئەوەن کـە عێراقێکی عەرەبیـی مەرکـەزی دابمەزرێتەوە جا چ شـیعی بێت یان سـوننی. بزووتنـەوەی بەرگریکردنی عەرەبـی سـوننەش هـەر لـەم پێناوەدایـە و دەیانەوێـت بگەنـە ئـەم ئامانجـە. بەشـێک لـە شـیعەکانیش عێـراق وا دەبینـن کـە عێـراق وڵاتـی هەژموونـی بێسـنووری خۆیانـە و بە هیچ شـێوەیەک فیدڕالییـان قبـووڵ نییـە[٤٤]. عەرەبی سـوننە و شـیعە لە ئاسـت ئـەو فیدرالیزمەی کـورد خسـتوویەتییەڕوو نیگەرانـن و فیدرالیەت بە ئامرازێک بۆ هەڵوەشـاندنەوەی دەوڵەتی عێـراق دادەنێـن و دواجـار کوردسـتان لـە دیدی ئـەوان کە پێشـکەوتووتر و سـەربەخۆترن و گەیشـتوونەتە ئاسـتی خۆبژێـوی هەڕەشـەیەکە بـۆ سـەلامەتیی دەوڵەتـی عێـراق. بـەڵام لـە هەمان کاتیشـدا عەرەبی سـوننە پێویسـتیان بە کـورد هەیە، چونکە ئـەوان گرنگترین توخمی سـەر تەرازووی هێزە ئیتنی و تایفییەکانن: کورد و عەرەبی سـوننە ٢٠- ٢٥٪ ی کۆی گشـتیی دانیشـتوانی عێـراق پێکدەهێنـن و بەیەکـەوە نیـوەی کۆمەڵگـەی عێـراق پێکدەهێنـن. بۆیـە عەرەبـی سـوننە تەنیا بـە هاوپەیمانیکردنی کـورد دەتوانێت بەرگەی زۆرینەی شـیعە بگرێت کـە لەئێسـتادا حزبە شـیعییە ئایینییـەکان تێیدا باڵادەسـتن[٤٥].

کامڵ نەبوونی بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی لە عێراق کاریگەریی لەسەر دۆخی سیاسیی کوردستاندا هەیە و هێشتا کۆمەڵێک پرسی مەترسیدار هەن، پێویستە دەسەڵاتدارانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان بەیەکەوە دانیشن و یەکلایان بکەنەوە.

هەروەک لەپێشەوەش باسکرا، دەستووری هەمیشەیی عێراق مافێکی فرەوانی بۆ کوردی باشوور دەستەبەر کردووە. دەستوور دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەتەواوی ڕوون نەکردووەتەوە (هەروەها لەنێوان مەرکەز و ئەو هەرێمانەی ڕەنگە لە ئایندەدا دامەزرێن) میکانیزمێک بۆ پەرەپێدانی لێکتێگەیشتن لەنێوان مەرکەز و بابەتە فیدراڵییەکان دانەنراوە. لە لێدوانێکی نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەم پرسە بەڕوونی ئاماژەی پێدراوە کە دەڵێ: «حکومەتی مەرکەزی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا بەپێی دەستوور و یاساکانی ئێستا دادەمەزرێنێت». پێوەندییەکانی نێوان بەشەکانی دیکەش هەر بە نادیاری ماوەتەوە.

بەنیسبەت کوردستانەوە خاڵە ئازاربەخشەکان، پرسەکانی دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک وەک پایتەختی هەرێم، بێجگە لە ناوچەکانی دیکەی دابڕاو کە کوردیان تێدا دەژێت و هێشتا نەخراونەتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان. چەند جارێک هەوڵی چاوخشاندنەوە بەم بابەتانە دوواخراون. لە دەقی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە، سەرژمێرییەک هەتاکو ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧[٤٦] لە کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان بکرێت و ڕاپرسییەک بۆ ئیرادەی دانیشتوانی پارێزگاکە بکرێت. هەڵکەوتەی پارێزگای کەرکووکیش لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی عێراق لە نەوت و گاز کارەکان سەختتر دەکات.

لەپاڵ کورد، عەرەب و تورکمان و ئاشوورییەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کەرکووک دەدەن. بەشێک لە تورکمانەکانی کەرکووک زۆر بە توندی دژی ئەوە دەوەستنەوە کە کەرکووک بخرێتە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان و لەم هەڵوێستەشیاندا پشتیان بە تورکیا قایمە. گرووپێکی چەکداریی عەرەبی سوننە و میلیشیاکانی شیعەش لە شارەکەدا هەن. هێزەکانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانی دیکە لە هەوڵ و تەقەلادان سەقامگیریی پارێزگاکە بپارێزن و گرژی نەکەوێتە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکووک[٤٧]. ئەم گرژییانەش لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە سەریهەڵداوە، کاتێک ڕژێم سیاسەتی

بەعەرەبکردنی ناوچەکەی پێڕەو دەکرد و ١٢٠ هەزار کورد و تورکمان ئاشووریپەکانی بە زۆرەملێ گواستەوە شوێنەکانی دیکەی عێراق. هەموو ئاوارە گەڕاوەکانیش کە پێشتر لەسەردەمی سەدام حوسێنەوە دەرکرابوون دوای ڕووخانی ڕژێم گەڕانەوە شارەکە و دەیانویست بچنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، جا لەبەرئەوەی کێشەی ئاوارەکان هیچ وردەکارییەکی یاسایی نییە، بۆیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕووبەڕووبوونەوەی توندیان لێدەکەوێتەوە. لە ئێستادا لە کەرکووک هیچ جۆرە توندوتیژییەکی لەمجۆرە سەریهەڵنەداوە و دەسەڵاتدارانی لۆکاڵی لە هەوڵدان کێشەکان ئاشتییانە چارەسەر بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت حاڵەتەکانی ترساندن و ڕفاندنی و کوشتنی خەڵکی سڤیلی لێدووربخەینەوە کە ئەو هێزانەی مەبەستیانە گرژی و ئاڵۆزییە نەتەوەییەکان بۆ تێکدانی سەقامگیریی شارەکە بقۆزنەوە وپێشخستنی پرۆسەی سەقامگیریی ناوچەکە خاوبکەنەوە. دەرهاویشتەکانی گەڕانەوەی بە لێشاوی ئاوارەکان حکومەتی بەغدای نیگەران کردووە. بەرنامەی حکومەتی فیدراڵ ئاماژە بەوە دەدات، پێویستە دەستبەجێ گەڕانەوەی ئاوارەکان ڕابگیرێ و ئاوارەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشووی خۆیان[٤٨]. بەڵام هیچ ئاماژەیەکیش بۆ ڕێوشوێنی یاساییش نەکراوە سەبارەت بەم کێشەیە.

دەوڵەتی کردەنی باشووری کوردستان و دامەزراندنی پێوەندیی نێودەوڵەتیی سەرکردەکانیان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەبووە. لە ئێران و سووریا و تورکیا چالاکیی کوردی ئەو بەشانەش لە پەرەسەندندایە و دەستیان بە چالاکییە سیاسییەکانی خۆیان کردووە. سەرکەوتنەکانی کوردستان سەرکردەی وڵاتانی دراوسێی نیگەران کرد و لەچوارچێوەی سەردانەکەی مەسعود بارزانی بۆ واشنتۆن لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ و پێشوازیکردنی سەرۆکی ئەمەریکا و ناوهێنانی بە (سەرۆک) کە مانای دانپێدانانێکی ڕاستەوخۆیە بە باشووری کوردستان وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بۆیە گەردەلوولی ناڕەزایەتییەکی دیپلۆماسییانە لە تورکیاوە هەڵیکرد و لەوە دەترسان هەڵوێستە سیاسییەکانی کوردی باکووریش بەهێز بکات[٤٩].

بایەخپێدانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە کوردستانی گەورە دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جوگرافی و سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەبوونی دەوڵەمەندترین یەدەکی نەوتی خاو و گاز. بەپێی ئەو زانیارییانەی بەم دواییە بڵاوکراونەتەوە دەریانخسووە یەدەکی خاوی

هایدرۆکاربۆنییەکان لە باشووری کوردستان دەگاتە ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت و ١٠٠ تریلیۆن مەتری سێجا لە گاز. ڕێڕەوە سەرەکییەکانی گواستنەوەش بە کوردستاندا تێدەپەڕێت. ئا لێرەدا سەرچاوەکانی ئاویش بایەخی زێدەتر دەبێت. بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەستە بەم ناوچەیەوە.

گرنگترین مەرجی بەکاربردنی سروشتیی دەوڵەمەندترین کۆگای وزە لە جیهان، دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیرییە لە هاوسەنگیی هێزە فشەڵە بارگاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ئەو تەقینەوە مەزنەی لەتوانایدایە دۆخەکە لە ڕیشەوە بگۆڕێت ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانە بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جودابوونەوەیەتی لە عێراق. ئەگەری ڕووداوی ئەم جۆرە پێشهاتە دەمێکە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و سیاسەتوانە پیشەگەرەکان و سوپا و ڕۆژنامەوانان ئەنجامی زۆر ناڕوونیان لەبارەوە بڵاوکردووەتەوە.

لەکاتی شرۆڤەکردنی دۆخی ئێستای باشووری کوردستان و ڕەوتە باوەکان و دەرکەوتەکانی لە ئایندەیەکی نزیکدا، پێویستە سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوینی گەورە و سروشتی پێوەندیی نێوان کورد و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕەچاو بکەین.

دەستوەردانی بە ئاشکرای ئەمەریکا لە کاروباری هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ەوە و ئامادەبوونیان لێرەدا لە ئاداری ٢٠٠٣وە مەرجە سەرەکییەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی کوردستان چەسپاند کە دواتر بووە بناغەی خێراکردنی شێوازی نوێکردنەوە لە سەرجەم بوارەکاندا، بەڵام لە هەموویان گرنگتر بواری سیاسیی دەوڵەتە. لە ئەنجامی ئەمەشدا دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی بۆ کوردی باشوور دامەزرا کە بناغەی بوونی سەربەخۆیانەی باشووری کوردستانە. لەئێستادا پێوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دوولایەنەیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی دۆخی ناوچەکە، بەتایبەتیش ئێران و سووریا، ڕۆڵی گرنگی کوردی باشوور لە عێراق و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کورددا و بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بخەینە بەرچاو[٥١]. دواجاریش ئەمریکییەکان پشتگیری لە یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەنەوە.

پێوەندیی دوو قۆڵەی نێوان کورد و ئەمەریکا ناسنامەی بەرژەوەندییەکانی هەردوولایان دەرناخات. ئەمەریکا ستراتیژییەتی تایبەت بە خۆی لە ناوچەکە جێبەجێ دەکات. کوردی باشووریش پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمەریکا بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیان

بەکاردەهێنن. ڕەنگە پێوەندییەکان هەر لە ئاستی ئێستادا هەڵنەوەستێ تاکو دەگاتە ساڵی ٢٠٠٧ واتە لەماوەی سەرۆکایەتیی جۆرج دەبلیو بوش. کورد چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووکیشیان لەو بەروارەدا داناوە.

لە ئێستادا ئەرکە نەتەوەییەکانی کوردی باشوور چین؟ پێدەچێت ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کارە هەر لەپێشینەکانیاندا نەبێت. چونکە سەرکردەکانی کورد درکیان بەوە کردووە کە هەنگاوێکی لەمجۆرە سەقامگیریی ناوچەکە دەشێوێنێ و وا لە تورکیا و سووریا دەکات گەمارۆیەکی ئابووری بخەنە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها دەستوەردانی سەربازیش بەدوور نازانرێت. دواجار و سەرباری ئەو گوشارە زۆرەی لەلایەن جەماوەری کوردەوە دەخرێتە سەریان، سەرکردەکانی کوردی باشوور بە توندی وابەستەی هەڵوێستی پاراستنی هەرێمی کوردستانن لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە تواناکانی دامەزراندنی دەوڵەت و پەرەپێدانی سیاسی و ئابووریی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا دووڕە لە داڕمانەوە. لە ڕاستیدا تەنیا پێگەی عێراق بەپێی بۆچوونەکانی خۆشەوی بابەکر دەتوانێت لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکی بەردەوامدا لەچەند دەیەی داهاتوودا بداتە کوردستان و هەڵی جیاواز بداتە کورد بۆ بەشداریکردن لە ژیانی ئابووری نەک هەر لە عێراق، بگرە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدا.

ڕۆژهەڵاتی ناوین ناوچەیەکی تەقاوەیە و ناتوانین پێشبینیی بکەین و پەرەسەندنی ڕووداوەکان بەندن بە چەند هۆکارێکەوە: پرۆسەکانی سیاسیی نێودەوڵەتی، دۆخی وڵاتانی دراوسێی کوردستان، گرنگترینیشیان یەکگرتووی خودی کوردی باشوورە.

کورد بە ئایندەی خۆی گەشبینە. لە گوتارێکیدا بەبۆنەی پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستاندا لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٦ نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند: «هەرچەندە ئێمە لە ناوچەیەکی مەترسیداری جیهاندا دەژین، بەڵام ئێمە لە ڕابردوودا فاکتەری ئاشتی و سەقامگیری و دۆستایەتی بووینە و دەبین».

سەرچاوەکان

1- В.Греков. Три года жизни в условиях свободы, www. mirros.ru, 04.04.2006.

2- Там же.

3- Там же

4- Время новостей: № 50. 24.03.2006.

5- www.inopressa.ru, 21.04.2006.

6- Время новостей: № 61. 10.04.2006.

7- Там же.

8- Там же.

9- www.rian.ru 12.05.2006/

10- По оценке Шейха Харис Сулейман аз-Зари, генсека Ассамблеи исламских улемов. Время новостей. № 50. 24.03.2006.

11- www.rian.ru, 12.05.2006.

12- Время новостей: № 71. 24.04.2006.

13- Аз-Заман. 21.05.2006.

14- Там же.

15- Там же.

16- Время новостей: № 74. 27.04.2006.

17- Аз-Заман. 21.05.2006.

18- www.mirros.ru, 04.04.2006.

19- Независимая газета. 22.05.2006.

20- www.rumbler.ru,Regions.ru. 22.05.2006.

21- Время новостей. № 71. 24.04.2006.

22- Там же.

23- Хошави Бабакр. Экономическая программа Курдистана. Kurdistan.ru.30.04.2006.

24- Речь премьер-министра Барзани. Хабат. 08.05.2006.

25- Хошави Бабакр. Указ.соч.

26- Financial Timts. 15.10.2005.

27- Цит. по: Хошави Бабакр. Указ.соч.

28- Там же.

29- Хабат. 08.05.2006.

30- Там же.

31- Там же.

32- Там же.

33- Там же.

34- Масуд Барзани: Курдистан стоит на море нефти. Время новостей. № 70. 21.04.2006.

35- Хабат. 08.05.2006.

36- Там же.

37- Usinfo.state.gov (Russian), 16.05.2006.

38- Хабат. 08.05.2006.

39- Хошави Бабакр. Указ.соч.

40- Там же.

41- Там же.

42- Там же.

43- Юрий Набиев. Перспективы курдской государственности, www.rambltr.ru, 02.04.2006.

44- Хошави Бабакр. Указ.соч.

45- Там же.

46- Financial Timts. 15.10.2005.

47- usinfo.state.gov 16.05.2006.

48- Аз-Заман. 21.05.2006.

49- Хошави Бабакр. Указ.соч.

50- Юрий Набиев. Указ.соч.

51- Там же.

52- Там же.

ئاسۆکانی دەوڵەتی کوردی

یو. ش.نەبییف

یەکەمین نیشانەی گۆڕینی جیهان بە نیسبەت کوردەوە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ بوو، تەنانەت لە ڕۆژێکی پێش ئەم ڕووداوانە کورد تێبینیی شتێکی لەمجۆرە نەکردووە: بۆمونە، واشنتۆن بە فەرمی نیگەرانیی خۆی بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە یەکێتیی سۆڤیەت و چارەنووسی هەر جوداخوازێکی سۆڤیەت دەربڕیوە کە پێشتر چاوپۆشیی لە کوشتنی ٢٠٠ هەزار کوردی باشوور لە عێراق و تەنانەت هێرشە کیمیاییەکەی هەڵەبجە بە گازی ژەهراوی کردبوو کە بە پێچەوانەی پرۆسەی ئەنفال، ئێرانییەکان بەهەموو لایەکیان بڵاوکردبووەوە و بە بەرگوێی جیهانیان دابوو. دوای ئەمەش داگیرکردنی کوێت و پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتێکی سەربەخۆ. لەگەڵ ئازادکردنی کوێت و گەڕانەوەی سەروەری بۆ وڵاتەکە، هەموو جۆرە دوژمنکارییەک وەستێنرا و خەڵکە ڕاپەڕیوەکەی عێراق بەتەنیا لەگەڵ دیکتاتۆردا بەجێهێڵران. ئینجا خاڵی وەرچەرخان دەستیپێکرد کاتێک دوو ملیۆن کورد هانایان بۆ سنووری تورکیا برد. لە ساڵانی ڕابردوو تورکەکان (لە ڕاستیدا هەر وڵاتێکی خاوەن سەروەری) ڕووبەڕووی ئەم کارەساتە دەبوونەوە و سنووریان دادەخست، جا پێویستی بکردایە تەنانەت تۆپ و شەستیریشیان بەکار دەهێنا. بەڵام بۆ ئێستا مەحاڵە نەک لەبەر قەناعەتی نێوخۆیی ئەنکەرە، بەڵام بەهۆی ئەگەری کاردانەوەیەکی نێودەوڵەتی. لەو کاتەشدا دەبووایە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە پەلە شتێکیان بکردایە، چونکە لێشاوی ئاوارەکان هەڕەشە بوون بۆ تورکیا کە دەیانویست لەوێوە بەرەو ئەوروپا بپەڕنەوە. دەبێ ئاماژە بەوە بدەین لێرەدا چەمکی «دەستوەردانی مرۆیی» سەریهەڵدا و ناکرێ چیدی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ چاوپۆشیی لێبکرێت بەبیانووی دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان. «پرۆسەی کاتژمێری باکوور» ڕاگەیەنرا و دەبووایە تورکیا بە دەستی خۆی ئەو کارە بکات کە تورکەکان لە مردن زیاتر لێی دەترسان – واتە دامەزراندنی کوردستان. لەوساوە دەستوەردانی سەرکەوتوو لە هەریەک لە سۆماڵ و یۆگسلافیای پێشوو بەڕێوەچووە و دووجاریش جەنگی کەنداو دەستیپێکرد. دەبینین

پـاش دەیەیـەک لـە جەنگـی یەکەمـی کەنـداو ئەمەریـکا بـە بیانـووی مەترسـیی عێـراق لەسـەر سـەروەریی خاکـی وڵاتانـی دیکـە هێـرش بکاتـە سـەر عێـراق، بەنیسـبەت سـەرۆک بوشیشـەوە دیمەنەکـە وەکـو شاشـەیەکی کـراوەی لێهاتـووە و ئامرازێکـی یاسـایی فەرمییـە بـۆ هێرشـکردنەکە ، ئەگەرچیـش کـەس بـڕوای پـێ نییـە.

هەڵبـەت بانگەشـەکانی سـەدام حوسـێن وەک پاڵەوانێکـی ئازادیخـواز کـە حـەزی نەدەکـرد بەرانبـەر بـە خواسـتەکانی ئەمەریـکا ملکـەچ بـکات، هـۆکاری سـەرەکی بێـت، بێگومـان ئەمەریـکا چـی بویسـتایە سـەدام ئامادەبـوو جێبەجێـی بـکات، بـەڵام لەبەرئەوەی ئـەو کەسـێکی پراگماتیکـی بـوو، شـەڕەکە هەڵگیرسـا. هـۆکارە سـەرەکییەکەی جەنگـی ٢٠٠٣ لـە بارودۆخێکـی زۆر جیـاوازدا هەڵگیرسـا: تێگەیشـتن لـەو ڕاسـتییەی کـە مانـەوەی ڕژێمێکـی وەکـو ڕژێمەکـەی سـەدام حوسـێن لەسیسـتەمی نوێـی جیهانیـدا مەحاڵـە.

ڕووخانـی ڕژێمـی سـەدام وڵاتانـی دراوسێشـی هێنایـە لـەرزە – سـووریا و ئێـران- کـە بـووە سـەرەتایەک بـۆ لەناوبردنـی هەمـوو ڕژێمێکـی هاوشـێوەی ڕژێمەکـەی سـەدام. ئـەوەش ڕوونبـووەوە کـە نـە بەعسـییەکانی سـووریا و نـە ئیسـلامییەکانی ئێرانیـش ناتوانـن لـەوە زیاتـر خۆیـان ڕاگـرن و بـە دیدگـەی مێـژوو، هەرەسـهێنان چاوەڕێیانـە. کارەسـاتەکە لەوەدایـە هـەردوو ڕژێمـی تـاران و دیمەشـق (هـەروەک ڕژێمەکـەی بەغـدا) تـا ڕادەیەکـی زۆر بەنـدن بـە دەوڵەتـی نیشـتمانی و ڕووخانـدن سـووریا و ئێـران دەخاتـە نێـو گێژەنـی ئـاژاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هیـچ جێگرەوەیـەک بـۆ گۆڕانـی سـووریا و ئێـران نییـە، بـەڵام پرسـیارەکە ئەوەیـە: شـێوازی گۆڕانەکـە دەبـێ چـۆن بێـت؟ جـا هەرچییـەک بێـت و بـە هـەر سـیناریۆیەک بێـت، ئاشـتیانە بێـت یاخـود بـە دیموکراتیزەکردنـی ئـەم وڵاتانـە، یـان بـە کارەسـاتێکی گـەورەی ڕووخانیـان. لێـرەدا کـورد سـوودمەند دەبێـت.

دواجـار تورکیـا ناکرێـت ئـەو پرۆسـانە پشـتگوێ بخەیـن کـە لـە ئەورووپـا ڕوودەدەن، بـەڵام خۆشـبەختانە سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیی تورکیـا کەمێـک نەرمـترە لەوانـی پێشـوو و بـە جیهانـی ڕۆژئاواشـەوە بەنـدە. هەوڵـی ئـەوەش دەدات ببێتـە ئەنـدام لـە یەکێتیـی ئەورووپـا و ناچـارە چەنـد خواسـتێکی ئـەم یەکێتییـە بێنێتـەدی، ئەمـەش وای لێـدەکات دەسـتبەرداری چەنـد هەڵوێسـتێکی کەمالیـزم ببێـت و بـە سیاسـەتێکی کراوەتـر مامەڵـە لەتـەک کـورددا بـکات. هەڵبـەت ئـەم پرۆسـەیە بـەو خێراییـە بەڕێوەناچێـت کـە

کـورد داوای دەکات و ئـەم پرۆسـانە لەلایـەن چەنـد هێزێکـی کاریگـەری نێـو تورکیـاش بەرپـەچ دەدرێتـەوە و ئاکامـی ئـەم سیاسـەتە نەرمـەی تورکیـا لـە ئاسـت کـوردی باکـوور پێـڕەوی دەکات، مردنـی تورکیـای کەمالیزمـی لێدەکەوێتـەوە، وەک دەوڵەتێکـی ناسیۆنالیسـتی یەکگرتـوو. ئەمـەش هـۆکاری تایبەتـی خـۆی هەیـە و هەرچییـەک بێـت سیاسـەتی کرانـەوەی تورکیـا ڕاناگرێـت، بـەڵام هێواشـی دەکاتـەوە. هەرچییـەک بێـت، ئاراسـتە گشـتییەکەی پرۆسـە سیاسـییەکانی ناوچەکـە لـە بەرژەوەندیـی کورددایـە.

سەرەتای پرۆسەی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتیی ئەورووپا، دەستی کوردیشی تێدا دەبێت و هەڵێکی زۆریان بۆ دەڕەخسێت و لە ماوەی دەیەیەکدا گەورەترین پارچەی کوردستان دەبێتە بەشێک لە ئەورووپا و کوردی باکوور بەتەواوی دەبنە ئەوروپایی. ئاراستە گشتییەکەی جیهانگەرایی لە ڕەهەندە کرمەڵایەتییەکەدا گرتوویەتییە بەر هەر لە بەرژەوەندیی کوردی باکووردایە. لە بیردانی کەسانی بەسااڵچووی کوردی باکووردا لە هەواڵی دەوروبەری گوندەکەی خۆیان بترازێت هیچی دیکەیان نەدەزانی و لەو میدیاکارانەیان دەپرسی کە سەردانیان دەکردن: ئاخۆ ئاغاکانی فڕەنسا چ دەسەاڵتێکیان بەسەر جوتیارانی بەردەستی خۆیاندا هەیە ! بەڵام لە ئێستادا پێنج کەناڵی ئاسمانی بەرنامەکانی بە زمانی کوردی پەخش دەکەن و ئینتەرنێت هەموو کوردی جیهانی بەیەک گەیاندووە، بێجگە لە مۆبایل کە هەڵی زانیاری گۆڕینەوەیان بۆ دەڕەخسێنی لەنێوان کوردی هەموو پارچەکان و تەنانەت ئەوانەی هەندەرانیش. ئەمڕۆ دەتوانین باس لە ڕووبەرێکی بەرفرەوانتر بکەین بۆ زانیاری و سیاسەتێکی هاوبەش کە بڕوای بە سنووری دەوڵەت نەماوە. دواجاریش ڕەوندی کورد نوخبەیەکیان لێ پێکهاتووە کە بەتەواوی لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایيدا خۆیان گونجاندووە، ئیتر ئەو زەمەنە بەسەرچوو کە زمانی کوردی قەدەغەبکرێت- ئێستا ناتوانرێت ئەوە بکرێت تەنانەت لەڕووی هونەریشەوە. دەتوانین بڵێین لەڕووی ئاڵوگۆڕی زانیارییەوە، کورد کۆمەڵگەیەکی ناسیۆنالیستیی یەکگرتووی پێکهێناوە و زۆر دوورە لە کۆنترۆڵکردنی دەسەاڵتی دەوڵەت. ئێستا هەموو زانیارییەک سەبارەت بە ڕووداوەکانی هەر پارچەیەکی کوردستان بێت دەستبەجێ بڵاودەکرێتەوە و کاردانەوەی هاوشێوەی لە دانیشتوانەوە دەبێت، بۆنموونە: لە دوای ڕووداوەکانی شاری قامیشلۆ لە ١٢ی ئاداری ٢٠٠٤ ملیۆنان کورد لە سەرتاسەری کوردستان ڕێپێوان و گردبوونەوەیان بۆ پشتگیریکردنی برایانیان سازکرد.

دواجار ناتوانین قاکتەرێکی دیکەی گرنگ ڕەچاو نەکەین کە فاکتەری دیموگرافییە. کوردستان جۆرێکە لە بۆمبای دیموگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوین. تێکڕای منداڵبوون لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە داکشانە، کەچی تێکڕای منداڵبوون لەنێو کۆمەڵگەکانی کوردەواریدا بەردەوام لە هەڵکشاندایە. ئەنجام زێدەبوونێکی خێرا و بەردەوام لە پشکی کورددا بەدیدەکرێت لە هاوسەنگیی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە. پێش ١٥ ساڵ شارێکی وەکو ورمێی ئێران شارێکی هاوبەشی کورد و ئازەر بوو، کەچی ئێستا تەواوی دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی کوردن. ئەستەمبوڵ بەپێی قۆشمەیەکی میللی گەورەترین شاری کوردنشینە لە جیهان و چەندین ملیۆن کوردی تێدا دەژێت و تەنیا کوردی باکوور دەتوانن بەبێ وەرگێڕ لەو شارەدا بژین. ئەو زێدەبوونەی دانیشتوانی کورد لە باکووری کوردستان، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاشی نیگەران کردووە و ئەمساڵ چەندین کۆبوونەوە بۆ ئەم پرسە ئەنجامدراوە کە بەڕاستی دانیشتنێکی کارەساتبارە بۆ ناسیۆنالیستە تورکەکان.

بێگومان فاکتەری سەرەکی وا بکات کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ پاشگەزنەبێتەوە، هەبوونی باشووری کوردستانە کە لە ڕاستیدا ئەو ئەدا سەرکەوتووانەیەی حکومەت و دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کوردی دراوسێ هەیە. لە ئێستادا کار بۆ پتەوکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکرێت لە هەریەکە لە ئێران، سووریا و تورکیا و چالاکییە سیاسییەکانیان لە زێدەبووندایە و چاویان لە باشووری کوردستان کردووە و دروشمی فیدراڵیزمی بەرزکردووەتەوە.

باشووری کوردستان بە ڕێکوپێکی دامەزراوەکانی دەوڵەت بەڕێوە دەبەن و سوپایەکی نەتەوەیی پیشەگەریان هەیە و پێشمەرگە زامنی پاراستنی دەوڵەتی کوردستانە لە باشوور، جا ئەگەر هەر هێزێک ڕووبەڕووی مافە نەتەوەییەکانی کوردی باشوور ببنەوە، ئەوا نەک ڕووبەڕووی جەنگاوەران، بەڵکو ڕووبەڕووی هێزێکی سەربازیی پتەو دەبنەوە. بێجگە لە هێزی میللیش کە بە ملیۆنان کەسیان ئامادەن بەرگری لە دەستکەوتەکانیان بکەن، جا چ لە باشووری کوردستان بن یاخود لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت ئەوانەی هەندەرانیش.

هەڵبەت پەرەسەندنی توانا ئابوورییەکانی باشووری کوردستان، گرنگییەکی زۆری بۆ کێشە گشتییە هاوبەشەکەی کورد هەیە. تاکو ئەمڕۆ پەرەسەندنە ئابوورییە سەرکەوتووەکانی ئەم ناوچەیە کاریگەرییەکی ئەرێنیی کردووەتە سەر ئابووریی پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئابووریی ئەوانیشی بووژاندووەتەوە و جوواڵەیەکی چڕی بازرگانی لەنێوانیاندا پەیدابووە کە دەبنە بنەمای بازاڕێکی هاوبەشی نەتەوەیی. ٢٠ هەزار کرێکاری تورکیایی (کە زۆربەیان کوردن) لە ئێستادا لە باشووری کوردستان کار دەکەن، پسپۆڕان لە سووریا و ئێران و ئەورووپا و ئەمەریکای باشووریش گەڕاونەتەوە و لە باشووری کوردستان کاردەکەن. هەموو هەلومەرجێکیش لەبارە بۆئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا باشووری کوردستان ببێتە یەکێک لە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەگەر ڕێگری لەوە نەکرێت و سەقامگیرییەکەی لێ تێکنەدەن.

بنەماکانی پەروەردەی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا چەسپاوە و گەنجانی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا دەخوێنن و حکومەتیش هاندەری ئەم پرۆسەیەن و پشتگیریی قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکەن بێن لە هەرێم خوێندنی زانکۆیی تەواو بکەن، هاوکات کلتوور و ئەدەبی کوردیش لە پەرەسەندنایە. لە کوردستانی باشوور ناوبەناو کۆنگرە و سیمیناری زانستی سەبارەت بە کێشەکانی کلتوور و زمانی کوردی سازدەدرێن و کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و ڕەوەندی کوردیش بەشداریی تێدا دەکەن و باس لە زمانێکی یەکگرتووی کوردی دەکەن (ئەدەبیی یەکگرتوو)، ئەمیش دەبێتە بنەمایەکی دیکە بۆ خێراکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆ بۆ کوردان. ئەم پرسە بایەخێکی زۆری پێدراوە و لە ڕۆژی ٢٧ی ئاداری ٢٠٠٦ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «خەبات» باسی لە هەمان بابەت کردووە. دەتوانین بڵێین: ئەمڕۆ باشووری کوردستان بووەتە پێگەیەک بۆ پەرەسەندنی خێرای کلتووری کوردی و بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی کوردی هەموو جیهان کە دەبێتە مایەی پەرەسەندنی ناسنامەی نەتەوەیی کوردان، جا لەهەر کونجێکی ئەم جیهانەدا بژین.

بەشداربوونی ژمارەیەکی زۆری کوردی باشوور لە ناوەندەکانی دەسەڵات لە بەغدا، بە پۆستە سیادییەکانیشەوە، دەبێتە مایەی کەڵەکە بوونی ئەزموون لە باڵاترین بازنە سیاسییە جیهانییەکاندا، سەرباری ئەوەش دەستووری هەمیشەیی عێراق ڕێگە بە کوردی باشوور دەدات چالاکییە نێودەوڵەتییەکانیان پتەوتر بکەن و شەرعییەتێک بە بارودۆخی خۆیان بدەن و پەرە بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان بدەن، لێرەوەش بانگەشە بۆ کێشەکانی ملیۆنان کورد بە شێوەیەکی کاریگەر لە گۆڕەپانە نێودەوڵەتییەکان بکەن.

ئاسۆکانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە و پێوەندییەکانی کورد و ئەمەریکا دەبەستێت. لەم ڕووەوە کورد چەندین پرسیاری ئاراستە دەکرێت و پێویستە وەڵام بدرێنەوە و ئەزموونە تراژیدیاکەشیان ڕەچاو بکەین. کوردی باشوور بەهەڵەدا چوونە ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و کورد یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەمەریکا بەرژەوەندیی ستراتیژیی خۆی لە ناوچەکەدا هەیە و دەکەوێتە ژێر گوشاری وڵاتانی عەرەب و تورکیای هاوپەیمان لە ناتۆ، بە کێشەی کوردیشەوە لە باشووری کوردستان. دۆخەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوین تابڵێی دینامیکییە. لێرەدا کۆمەڵێک کێشەی جیهانیمان بەرچاو دەکەوێت – کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل و کێشەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و کێشەی تیرۆر. ئێستا ناتوانین پێشبینی مەودای بەردەوامبوونی ڕووداوەکان بکەین و بزانین ئەمەریکا چۆن مامەڵەیان لەتەکدا دەکات لە حاڵەتی سازشکردنی سیاسی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە. ئاخۆ ئەمجارەش کورد دەبێتە کارتێکی دیکەی سازشکردن لە گەمە سیاسییە گەورەکە؟ هیچ بەدوور نازانرێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا ناوچەکە تووشی ناسەقامگیرییەکی گشتی دەبێت و هەموو وڵاتانی ناوچەکە خۆیانی لێدەپارێزن. سەرکردەکانی کورد تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەیان بۆ دۆخی ئێستای ناوچەکە هەیە. لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەی «خەبات»دا لە کۆتایی ئاداری ٢٠٠٦، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتبووی: ئەمەریکا بە ڕوونی لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقە، بەڵام عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی. وێڕای خواستی ١٠٠٪ی کوردستانیان لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، سەرکردایەتی

کـورد ئـەوە نـاکات لەبـەر هەڵوێسـتی نەرێنیـی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا سـەبارەت بـەم پرسـە. جـا لـە حاڵەتێکـدا هەلومەرجەکـە بـە پێـی پلانەکانـی ئەمەریـکا بەڕێوەنەچـوون، ئـەوا پێشـبینی شـەڕێکی ناوخـۆی بەرفـرەوان بکـە لـە عێـراق و لـەم حاڵەتـەدا کوردسـتان دەبێتـە بنکەیەکـی متمانەپێکـراو بـۆ سـوپای ئەمەریـکا. گردبوونـەوەی هەمـوو سـوپای ئەمەریـکاش لـە کوردسـتان لـە بەرژەوەندیـی کـوردی باشـووردا دەبێـت و دەبێتـە مایـەی گەرەنتـی کردنـی ئاسایشـی کوردسـتان لەگـەڵ ئەنجامـی ئەرێنیـی دوور مـەودا بـۆ کـورد. لەمـڕووەوە کـورد پراگماتیکییەتێکـی دروسـت پێـڕەو دەکـەن کـە بەشـێکن لـە عێـراق و بەکەڵکیـان دێـت لـە دیدگـەی ئاسـایش و ئابووریـدا. بیهێنـە بەرچـاوی خـۆت کـە کـورد سـەربەخۆیی خـۆی ڕابگەیەنێـت – لـەم حاڵەتـەدا وڵاتانـی دراوسـێ دەستەوەسـتان نابـن، هەڵبـەت گەمارۆیەکـی ئابووریـی دەخەنـە سـەر ناوچەکـە و دەسـتوەردانی سـەربازیش بـەدوور نازانرێـت لەلایـەن تورکیـا و ئێـران، بۆیـە لـەم قۆناغـەدا پێویسـتە کـورد دەسـتکەوتەکانی پێشـوویان بپارێـزن و پێگـەی خۆیـان لـە حکومەتـی عێراقـدا پتەوبکـەن و ئابووریـی هەرێمـی کوردسـتان پێـش بخـەن و دامـەزراوە فەرمییەکانـی دەوڵـەت دابمەزرێنـن کـە بەهێزکردنـی پێشـمەرگە یەکێـک دەبێـت لـە کارە هـەرە لەپێشـینەکان. بـەڵام بەنیسـبەت چەمکـی ئەمەریکایـی بـۆ پەرەپێدانـی دیموکراسـییەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناویـن، ئەمریکییـەکان دۆسـتێکی دڵسـۆزتریان لـە کـورد لـە ناوچەکـەدا دەسـت ناکەوێـت، ئەمـە هـەر بـۆ عێـراق ڕاسـت نییـە، بـۆ ئێـران، سـووریا و تورکیـاش هەمـان شـتە، بۆیـە پێوەندییەکانـی نێـوان کـورد و ئەمەریـکا لەسـەر بنەمـای سـوودگۆڕینەوە دامـەزراوە. بـە تێڕوانیـن لـە دۆخـی ناوچەکـە، واتـە دۆخـی ئێـران و سـووریا و ڕۆڵـی گرنگـی کـوردی باشـوور لـە عێـراق، بایەخـی ئەمەریـکا بـە کـورد و کـوردی باشـوور بـە ئەمەریـکا، لـەم قۆناغـەدا زۆر پتـەوە، لـە هەمـان کاتیشـدا پێویسـتە جەخـت لەسـەر ئـەوە بکەینـەوە کـە کـورد، پێوەندییەکانـی لەگـەڵ ئەمەریـکا بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە نەتەوەییەکانیـان بەکاردەهێنـن، بەهەرحـاڵ ئـەم بارودرخـە تاوەکـو کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٧ بـەردەوام دەبێـت واتـە هەتاکـو ئیـدارەی بوشـی کۆمـاری لەدەسـەڵاتدایە. کوردیـش بـاش لەمـە حاڵـی بـووە بۆیـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکووکیشـیان بـە کۆتایـی سـاڵی ٢٠٠٧ بەسـتووەتەوە.

کێشەی کورد لە ئێستادا بایەخێکی بێوێنەی پێدراوە. ئەمەشمان لەچوارچێوەی چەند ڕاستییەکدا بۆ دەردەکەوێت. بێگومان لە حاڵەتی پەرەسەندنی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمەریکا و سووریا یاخود ئێران، سەدان کوردی ئەم وڵاتانە ئامادە نین بەرگری لە ڕژێمی ئێستای وڵاتەکانیان بکەن، دووریش نییە لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی نیوان ئەمەریکا و ئێران یاخود سووریا، کوردی ئەو دوو پارچەیەش دژی ڕژێم ڕاپەڕن و لەگەڵ کوردی باشووردا یەکبگرن.

گرنگیشە لە سیاسەتی ڕۆژئاوا تێبگەین کە یەدەکێکی زۆری نەوت و گاز لە خاکی کوردستاندا هەیە و ڕێڕەوە سەرەکییەکان بە کوردستاندا تێپەڕ دەبن، داتا بڵاوکراوەکان ئاماژە بە بڕی یەدەکی نەوت و گازی باشووری کوردستان دەکەن کە بەتەنیا ٤٥ ملیار بەرمیل نەوت و ١٠٠ تریلیۆن پێی سێجا لە گازە. ئەم ژمارانەش وێرای سەرچاوەکانی ئاو سەرنجی ڕۆژئاوای ڕاکێشاوە.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین کاتێک دۆخی جیهان بەخێرایی دەگۆڕێت، سیستەمێکی نوێی جیهانی پێکدەهێنرێت، کورد هەلێکی دیکەی مێژوویی بۆ بەدیهێنانی خەونی چەندین نەوەی بۆ هاتووەتە پێش تا دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ڕابگەیەنێت. مەودای سەرکەوتنی ئەم هەنگاوەشیان بەندە بە پرۆسەی سیاسیی جیهان و سیاسەتی زلهێزەکان و هەروەها بەندیشە بە پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە، پێش هەموو شتێکیش بەندە بە ڕادەی یەکگرتوویی خودی کورد، شتێکی ڕوون و ئاشکرا هەیە کە کاتێک پرۆسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین شرۆڤە دەکرێت، بەتایبەتیش لەکاتی بڕیاردانی سیاسی لەلایەن وڵاتانی ئەم ناوچانە، بەهیچ شێوەیەک ناکرێت کورد فەرامۆش بکرێت.

کورد هۆکاری سەقامگیریی ناوچەکە

ئا. ک. لۆکیانۆف

ڕەنگە پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لەسەر خاکی عێراق خەسڵەتێکی جددیتر وەربگرێت، لەبەرئەوەی باشووری کوردستان هەموو سیفەتەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی وەرگرتووە (وەزارەت، هێزی پێشمەرگە، سیمبولەکانی دەوڵەت .... هتد) ئێمە ئێستا باسی دامەزراندنی وەزارەتی دەرەوەی کوردستان دەکەین[1]. دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق دووبارە جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٦ بە سەرکۆماری عێراق هەڵبژاردەوە، باشووری کوردستانیش سەرقاڵی پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانە.

باشووری کوردستان هەتاکو ئەم نزیکانە دەستەیەکی حکومیی یەکگرتووی نەبوو، لەڕاستیدا دوو حکومەتیان هەبوو، بەشێک لە (پارێزگای هەولێر و دهۆک) کە لەژێ دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بوو، بەشەکەی تریان (پارێزگای سلێمانی) کە بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو.

بەڵام ئێستا، بە پشتیوانیی ئەمەریکا پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نێوان ئەو دوو حزبە سەرەکییەی کوردستان و دواتریش یەکگرتنەوەی سەرکردەکانی کورد لەسەر بنەمای تۆمارکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە عێراقێکی فیدراڵدا بەڕێوەچوو.

بەهەرحاڵ، پێدەچێت هەژموونی حزب لە ناوچەکەدا بەردەوام بێت و ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسی هەرمێنێت و پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئیدارەکان خاوبکاتەوە، جاری واش هەیە دەگاتە ڕادەی خوێنڕشتن. ئاژانسی الشرق الاوسطي میسری لە ٧ی ئایاری ٢٠٠٦ بڵاویکردبووەوە باشووری کوردستان حکومەتە یەکگرتووەکەی خۆیان پێکهێنا. لە دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتاران پێکهێنانی حکومەتە یەکگرتووەکەیان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی پەسند کرد کە سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانە و عومەر فەتاح کرایە جێگری سەرۆک وەزیران کە لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە. لەو کۆبوونەوەیەدا ١١١ پەرلەمانتار

ئامادە بوون و هەریەک لە باڵیۆزەکانی ئەمەریکا، ڕووسیا، ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکە ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوون. ٢٧ وەزارەت پێکهێنرا و هەریەک لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١١ وەزارەتیان بەرکەوت و پێنج وەزارەتیش بۆ نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکانی دیکە[٢].

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینەسەر ئاراستەکات و ململانێ سەرەکییەکان لە پێشخستنی ئەم پرۆسانە لە ناوچەکە کە کوردیان تێدا بەشدارە، جا چ ڕاستەوخۆ بێت یاخود ناڕاستەوخۆ!.

بە تێڕوانینی ئێمە پێویستە لە بارودۆخە نوێیە سیاسییەکەدا بڕوانینە کێشەی کورد لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و هەڵوێستیان لە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، ئەم مافەی کورد دەمێکە لەلایەن کۆمەڵگەی دیموکراسیی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژمارەیەکی زۆری سیاسەتوانی ڕۆژئاوایی تانەی لێنەدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ بارێکدا هێندە پەرۆشی جێبەجێکردنی کردەنی ئەم مافە نین.

پێدەچێت واشنتۆن بەو چاوە بڕوانێتە کورد کە لە پلەی یەکدا فاکتەری ناسەقامگیریی ناوچەکە بن و هەست و نەستی کوردیان لەلا ڕوونە و هاوکات گەمە بەو کارتە دەکەن[٣]. پێدەچێت هەلێک بۆ باشووری کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بڕەخسێنن کە ڕێڕەوێکی سەخت دەگرێتە بەر.

لە ٨ی ئایاری ٢٠٠٦بە فەرمی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا و تەلەفزیۆنی یۆرۆنیوز گوتەکانی جێگری سەرکۆماری عێراقی گواستەوە کە بەم شێوەیە دەیڕوانییە پرۆسەکە: «هێندێک لە کوردستانێکی بەهێز دەترسن، بەڵام بەهێزیی کوردستان لە بەهێزیی گەلان و سەرکردەکانیانە و هەر کاتێکیش کوردستان بەهێز بێت، عێراقیش بەهێز دەبێت»[٤].

ئەمە بۆچوونێکی سەرنجڕاکێشە بۆ سەرکردەیەکی شیعیی عێراقێکی ئازاد و سەربەخۆ و بەرپرس، جارێکی دیکەش دێینەوە سەر گوتارەکەی، چونکە ئەم گریمانەیە دەربارەی بەهێزیی کوردستان و ڕۆڵی لە ناوچەکە ناوەڕۆکی بابەتەکەی ئێمەیە و لێرەدا شرۆڤەی دەکەین.

ڕاستییەکەی لەو کێشەیەدا نییە کە ئاخۆ کوردستان بەهێزە یاخود نا، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردی باشوور هیچ سوودێکی بۆ وڵاتانی دراوسێ نابێت ئەگەر زیانی بۆیان نەبێت. ئەمە تەنیا نابێتە هەڕەشەیەک بۆیان، بگرە هەڕەشەیەکی جددیشە بۆ پەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتانە، بەتایبەتیش کاتێک فەیرووز عەبادی، باڵیۆزی ئێران لە تورکیا بابەتێکی لە ٤ی نیسانی ٢٠٠٦ لە ڕۆژنامەی «میللییەت» سەبارەت بەو بەهێزبوونەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و ئاماژەی بەوەداوە: تورکیا، سووریا و ئێران بابەتی لەیەکچوو و هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، بە مانای هەبوونی نەتەوەی کورد لە هەرێەک لەو وڵاتانە کە هێزە جوداخوازەکان هەوڵی ئەوە دەدەن بیانکەنە بەشێک لەو دەوڵەتە سەربەخۆیەی کورد. داوای لە تورکیا، ئێران و سووریا کرد سیاسەتێکی هاوبەش دابڕێژن سەبارەت بە کێشەی کورد، جا ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک بێت ئەم سێ دەوڵەتە ئەم هەنگاوە نەنێن، ئەوا ئەمەریکا ئامادەیە کورد وەکو چەقۆیەک بەکاربێنێت و هەر وڵاتە و بەشێکی لێبکاتەوە و دەوڵەتێکی کوردیی پێدابمەزرێنێ، باڵیۆزەکەی ئێران داکۆکیی لە بۆچوونەکانی خۆی دەکرد و دەیگوت: «وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەخوازێت ناوچەکە وڵاتی بچووک بچووکی لەسەر بنەمای نەتەوەیی دروستکرابێت و بە ئاسانی کۆنترۆڵ بکرێن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ئەمەریکا ناهێڵێت پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا بەتین بێت و بگرە هەوڵی تێکدانی نێوانیان دەدات»[٥].

ئێمەش لەلای خۆمانەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە کێشەکانی پێوەندیی نێوان ئەم وڵاتانە سروشتێکی قوواڵتریان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا فاکتەری ئەمەریکا هەر هەبووە و دەمێکیشە لەناوچەکەدایە. هەڵبەت کێشەی کوردە کە بووەتە سەرچاوەی نێگەرانییان، کاتێک فەیرووز عەبادی ئاماژە بەوە دەدات کە بەم دواییە ئەمەریکا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە: بودجەی تایبەتی بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەکانی گۆڕینی ڕژێمی ئێران تەرخان کردووە و هەمان ڕێچکە دەگرێتەبەر کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی گرتبوویەبەر، لەم ئاماژەدانەدا مەبەستی ئەوە بوو کە ئەمریکییەکان هەوڵی گەمەکردن بە کارتی نەتەوەیی دەدەن، بە کارتی نەتەوەیی کوردیشەوە لە ئێران و ناوچەکە[٦]. هیچ دەوڵەتێک ئامادە نییە دەستبەرداری ئەو خاکە بێت کە

کوردیان تێدا نیشتەجێیە و تورکیا ئامادەیە زۆربەی هێزە چەکدارەکانی لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بهێڵێتەوە بۆ ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کورد.

ئەم دەوڵەتانە هۆکاری نیگەرانبوونیان هەیە سەبارەت بە کێشەی کورد. بەتایبەتیش مەترسییەکی ڕاستەقینە لە چالاکییە چەکدارەکانی ڕێکخراوە ڕادیکالییە کوردییەکان لە تورکیادا هەیە، ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان چالاکیی چەکدارانەیان دەستپێکردووە. بۆنموونە، لە شوباتی ٢٠٠٦ گرووپی هەڵۆکانی ئازادیی کوردستان کە گرووپێکی نیمچە سەربازین و باڵێکی سەر بە پەکەکەی قەدەغەکراون لە تورکیا، بەرپرسیاریەتی خۆیان لە تەقینەوەی سوپەر مارکێتێکی نێو ئەستەنبوڵ ڕاگەیاند. پاشان هەواڵەکان بریندارکردنی ١٢ کەسیان پشتڕاستکردەوە. بەیاننامەی گرووپە چەکدارییەکەش ڕایانگەیاند، ئەم چالاکییە کاردانەوەی ئەو سیاسەتەی تورکیایە کە دەرهەق بە کورد پێڕەوی دەکات و هەڕەشەی هێرشی دیکەشیان لە تورکیا دەکرد[٧]. لە ئاداری هەمان ساڵدا هێرشکرایە سەر بنکەیەکی پۆلیس لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە شاری تۆنجیلی، بەپێی ئەو هەواڵەش کە لە ڕۆژنامەی «دەیلی نیوز»دا بڵاوکراوەتەوە: هێرشەکە بووەتە هۆی بریندارکردنی ٤ ئەفسەری پۆلیس و ساووتاندنی ژمارەیەک ئۆتۆمبێلی پۆلیس، ئەم هێرشەش لەلایەن ئەو کوردانەوە ئەنجام درابوو کە لە دەستگیرکردنی سێ ئەندامی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤی کورد ناڕازیبوون[٨].

لە ناوەڕاستی نیسانی ٢٠٠٦ بەپێی هەواڵەکانی «ڕۆژنامەی میللییەت» سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی دژی هێرشکاران ئەنجامدا و لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەدا ١٧ ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستان کوژران (هەڵبەت زیان بەر هێزەکانی تورکیاش کەوتبوو). لە هەمان مانگدا تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر سنووورەکانی ئێران و عێراق کۆکردەوە بەهۆی زیادبوونی هێرشی چەکدارانی پەکەکە، بەپێی لێدوانە فەرمییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هێزەکانی تورکیا ئۆپەراسیۆنی زۆر فرەوانیان دژی چەکدارانی پەکەکە دەستپێکردووە[٩].

دەسەڵاتدارانی تورکیا هەروەکو خوویان پێوەگرتووە سوورن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هەرکەسێک لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی کورددا خەبات بکات

و زۆر بـە ئاشـکرا و بـە ئـازادی خاکـی عێراقیـش بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەکاردەهێنـن، هێندێـک جـار بـۆ هەمـان مەبەسـت دەچنـە نێـو خاکـی ئێرانیشـەوە، حکومەتـی نوێـی عێـراق چەندیـن جـار یاداشـتنامەی ناڕەزایـی داوەتـە تورکیـا و داوای ڕاگرتنـی ئـەم جـۆرە ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانە دەکـەن، بۆئەوونـە لـە نیسـانی ٢٠٠٦ کاتێـک سـوپای تورکیـا سـنووریان بەزانـد و هاتنـە نێـو خاکـی عێـراق و یەکێـک لـە سـەربازگەکانی مەشـقی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانی جوداخوازیـان کـردە ئامانـج.

ئـەم پرۆسـە سـەربازییە پلانێکـی وردی بـۆ داڕێژرابـوو و حلمـی ئۆزکـوک سـەرۆکی ئەرکانـی گشـتیی تورکیـا ڕەزامەندیـی لەسـەر دابـوو بەبیانـووی پاراسـتنی بەرژەوەندییـە نەتەوەییەکانـی تورکیـا دەسـتی بـە ئۆپەراسـیۆنەکە کـرد کـە نزیکـەی ٢٠٠ هـەزار سـەربازی تورکیایـی بەشـدارییان تێـدا کردبـوو لەگـەڵ فڕۆکـە جەنگییـەکان و ژمارەیـەک لـە هەلیکۆپتـەر.

ئـەوەی مایـەی سـەرنجە، وەڵامدانـەوەی بەرپرسـانی تورکیایـە بـۆ ئـەو یاداشـتنامە ناڕەزاییانـەی پێشکەشـیان دەکرێـت کـە لەگـەڵ دۆخـی سیاسـیی هەنووکەییـدا دەگونجێـت، بۆیـە عەبدوڵـلا گویـل وەزیـری دەرەوەی تورکیـا پاکانـە بـۆ بەزاندنـی سـنووری نێـوان عێـراق - تورکیـا دەکات و دەڵێـت: تێکشـکاندنی ئـەو گرووپـە کوردییـە تونـدئاژۆیانـە لـە سـەر خاکـی باکـووری عێـراق لـە بەرژەوەندیـی بەغدایـە، هەروەهـا تورکـەکان چالاکییـە سـەربازییەکانیان بـەوە لێکدەدەنـەوە کـە هاوکاریـی دەسـەڵاتدارانی نوێـی عێـراق دەکـەن، چونکـە ئـەوان بەدیـدی خۆیـان خزمەتێـک پێشـکەش بـە سـنووری نێـوان ئـەو دوو دەوڵەتـە دەکـەن و ئاسایشـی سـنوور زامـن دەکـەن[١٠].

پێـش ئۆپەراسـیۆنە فڕەوانەکـەی ئەمەریـکا بـۆ سـەر عێـراق، تورکیـا بـە فەرمـی داوایکردبـوو ڕێگـە بـە سـوپای وڵاتەکـەی بدرێـت بـە قوڵایـی ١٥ کیلۆمەتـر بێتـە نێـو خاکـی کوردسـتان و ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی لـە دژی چەکدارانـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان ئەنجـام بـدات کـە لایەنێکـی سـەرەکیی کوردسـتان بـەم پێشـنیازە ڕازی بـوو، بـەڵام جـەلال تاڵەبانـی دواتـر پێیگوتـن: ئێسـتا دۆخەکـە گـۆڕاوە و دەبـێ خاکـی کوردسـتان چـۆڵ بکـەن و بـە بۆچوونـی خـۆی تورکیـا ئـەو مافـەی لەدەسـتدا، ئامـاژەی بـەوەش دا، ئەگـەر بێـت و تورکیـا لەسـەر ئـەو سیاسـەتەی بـەردەوام بێـت، ململانـێ

چەکدارییەکان فرەوانتر دەبنەوە و گرووپە چەکدارییەکانی دیکەی کوردیش بگرێتەوە کە بە فەرمی سەر بە سوپای عێراقن و دژی سوپای تورکیا دەجەنگن، ئەمە سەرباری ئەو ئێرانییانەی کە هاوکارییانن[١١].

لەم نێوەندەدا و بەپێی ڕاپۆرتەکانی دەزگا میدیاییەکان، لە دیوی تورکیا لەسەر سنووری تورکیا - عێراق چەند یەکەیەکی سەربازی لەوێ گردبوونەتەوە و بەپێی ئاژانسی ریا نۆفۆستی هێزە وشکانییەکانی تورکیا بە پاڵپشتیی کۆماندۆ و زرێپۆش و تۆپخانەکان ... نزیکەی ١٥٠ تا ٢٠٠ هەزار سەرباز گردبوونەتەوە، لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتیی سوپا فەرمانی ڕاوەدوونانی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەرکردووە و لەم ساڵانەی دواییدا ئۆپەراسیۆنەکان چڕکراونەتەوە[١٢].

هەر لەگەڵ گەیشتنی کۆندالیزا ڕایس بۆ پایتەختی تورکیا لە ٢٥ی نیسان لە چوارچێوەی گەڕانێکی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئۆپەراسیۆنێکی فرەوانی سەربازانی تورکیا دەستپێکردبوو. لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ فەرماندەیی ئەرکانی گشتیی تورکیا هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق لە خشتەی گفتوگۆکانیاندا نەبوو، بەڵام پرسی ئەوەی کە هێرشەکانی تورکیا بۆ نێو خاکی عێراق ئاوا بە ڕێکوپێکی جێبەجێدەکرێت یاخود سوپاکەی تورکیا بەتەمان بەشێوەیەکی بەردەوام لەوێ بمێننەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت گۆندالیزا رایس جەختی لەسەر گرنگیی پێگەی تورکیا بۆ ئەمەریکا کردەوە و پێیگوتن دەبووایە ئەنکەرە ڕوونتر مامەڵەی لەتەک پێکهێنانی ئایینەدەی سیاسیی هەردوو ڕۆژهەڵاتی ناوین و نزیکدا هەبووایە و ڕای خۆی سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لە سەقامگیریی دۆخی ڕۆژئاوای ئاسیا بە ئاشکرا ڕوونبکردایەتەوە. لە هەمان کاتیشدا باسی لە پێویستیی هەبوونی پێوەندییەکی پتەوکردەوە بۆ ڕاوەدوونانی پارتی کرێکارانی کوردستان .... هتد.

لەم حاڵەتەدا لە هەردوولاوە گەمە بە کارتی کورد دەکرێت. ماوەیەکی زۆر ئەمەریکا هەوڵی دەدا ئەنکەرە بۆ گوشارخستنە سەر تاران بەکاربهێنێت، لەلایەکی دیکەوە بەڵێنی پێدەدان کوردی ناسیۆنالیست گەمارۆ بدات. میدیاکانیش باسیان لە کێشەی پێشنیازی تورکیا دەکرد کە پشتیوانیی ڕێکارەکانی ئەمەریکا بکات لە دژی ئێران لەبەرانبەر پشتگیریکردنی ئەمەریکا بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە عێراق.

ئـا بـەم شـێوەیە دۆسـتان و چاودێرانـی نوێـی کـورد کـە تایبەتـە بـە خۆیـان گەمـەی تێکەڵەیەکـی شـەترەنج دەکـەن، کـورد وەهـا خـۆی تێـدا دەبینێتـەوە کـە بارمتـەی ڕێسـاکانی گەمـە سیاسـییە مەزنەکانـن لـە ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان و تەنانـەت دابەشـکردنێکی نوێـی جیهانیـش. جـا لەبەرئـەوەی گەمەکـە لـە ئێسـتادا دەسـتی پێکـردووە، کـورد هەڵێکـی مێژوویـی بـۆ ڕەخسـاوە هەنـگاوی نـوێ بـەرەو دەسـتەبەرکردنی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی سـەربەخۆ بنێـت.

لـە ئەنجامـی ئەمەشـدا هەڵبـەت ناوچەکـە سـەقامگیریی تێـدا نامێنێـت، ئەمـەش نامـۆ نییـە لـە دامەزراندنـی هـەر دەوڵەتێکـی نـوێ و لەلایـەن نەتەوەکانـی دیکـە و وڵاتانـی دراوسـێدا ئـازاری پێدەگەنرێـت، بـە پلـە یـەک بەسـەر عێراقـدا دەسـەپێت و وەکـو دەوڵەتێکـی مەرکـەزی نامێنێـت. واتـە لێـرەدا کـورد ڕۆڵـی هەڵوەشـاندنەوەی عێراقـی گێـڕاوە و لـە هەمـوو لایەکـەوە ڕووی گلەیـی تێدەکرێـت، پێـش هەمووشـیان لەلایـەن عەرەبـی سـوننەوە کـە کـورد بـە خائین و سـتەمکار لەقەڵـەم دەدەن، لـەم حاڵەتەشـدا ئێمە بایـەخ بـە هەڵسـەنگاندنی سـۆزداریی کـورد نادەیـن لەلایـەن عەرەبـەوە، بـەڵام دۆخەکـەی ئێسـتا پێچەوانـە دەکاتـەوە و کـورد وا نیشـانی بەرانبـەر دەدات کـە لـە بـری ئـەوەی ببێتـە فاکتـەری سـەقامگیری، بوونەتـە مایـەی ورووژاندنـی ناسـەقامگیریی ناوچەکـە و بـە زەحمـەت وێنـای مـەودای هەنگاوەکانـی پـاش ئـەو هەنـگاوە دەکرێـت.

لەنێـو خـودی عێراقیشـدا سیاسـەتی بەپرسـانی کـورد بەرانبـەر بـە عـەرەب و تورکـمان و ئاشـوورییەکان دەبێتـە مایـەی ناڕازیبـوون، هەمـوو ئـەو لایەنانـە خۆیـان بـە لایەنێکـی زەرەرمەنـد دەزانـن بەرانبـەر ناسیۆنالیسـتانی کـورد و داوای مافـی یەکسـان دەکـەن لەگـەڵ کـوردی باشـوور و هەڵبـەت یەکسـانیش ناکرێـت. ئەمـەش پەیوەسـتە بـەوەی دان بـە زمانـی تورکمانـی و ئاشـووریدا بنرێـت کـە زمانـی فەرمیـی وڵاتـن لەپـاڵ زمانـی عەرەبیـدا، سـەرباری ئـەوەی کـە غەیـرە کـوردی کەرکـووک لـە کێڵگـە نەوتییەکانـی باکـووردا لـە مافـدا هاوتـا بکرێـن[١٣].

لـە ئەنجامـی ئەمانەشـدا، ڕووبەڕووبوونـەوە و پێکـدادان لەسـەر بنەمـای نەتەوەیـی لـە ناوچـەی کەرکووکـدا بەرپـا دەبێـت. هەرچەنـدە دەکـرێ کـورد ڕێککەوتـن لەگـەڵ نوێنەرانـی گەلانـی دیکـە بـکات کـە لـە کوردسـتاندا دەژیـن. لەڕاستیشـدا هێشـتا ئـەو

سـنووره دیارینەکـراوە کـە کـورد بەتەمایـە بیخاتـە نێـو چوارچێـوەی ئـەو دەوڵەتـە، ئەمەش لەخۆیـدا کێشـەیەکی گەورەیـە و چارەسـەرکردنی لـە خزمـەت سـەقامگیریی عێـراق و تـەواوی ناوچەکـەدا نابێـت.

ئێرانیـش ڕێوشـوێنی تونـدوتۆڵـی لەبەرانبـەر کـوردی تونـدڕەوی نێوخاکـی ئێـران بەکارهێنـاوە، لـە دەرەوەی خاکـی خۆشـیدا لـە تورکیـا و عێـراق درێخیـی نەکـردووە، لـە نیسـانی ٢٠٠٦ فڕۆکـە جەنگییەکانـی ئێـران یەکێـک لـە سـەربازگەکانی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانیان بۆردوومـان کـرد کـە دەکەوێتـە نزیـک شـەمزینان کـە پێدەچێـت بـە هەماهەنگـی بووبێـت لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی تورکیـا، سـەرچاوە کوردییـەکان بـاس لـەوە دەکـەن ٩ ئەندامـی پەکەکـە لـەو بۆردومانـەدا کـوژراون، هەروەهـا چەندیـن جـار بـۆ هەمـان مەبەسـت لـە ئێرانـەوە هێـرش کراوەتـە سـەر خاکـی عێـراق. هێزەکانـی ئێـران بەوەشـەوە نەوەسـتاون و گەمارۆیـان خسـتووەتە سـەر چەندیـن گونـدی باشـووری کوردسـتان کـە نزیکـە لـە سـنووری ئێـران - عێـراق. حەمیـد ڕەزا یوسـفی گوتەبێژەکەیـان لـە تـاران ڕایگەیانـدووە، ئـەم ڕێکارانـە بـە هەماهەنگیـی نێـوان حکومەتـی ئێـران و عێـراق جێبەجێکـراوە[١٤].

بەپێـی سـەرچاوە کوردییەکانیـش، سـوپای ئێـران لـە کۆتایـی مانگـی ئایـاری ٢٠٠٦ ئۆپەراسـیۆنێکی دژی پـژاک[١٥] لەنێـو خاکـی ئێرانـدا ئەنجامـداوە و بووەتـە هـۆی برینـدار بوونـی ژمارەیـەک چەکـدار لـە هـەردوولا[١٦].

لەمبارەیـەوە چەنـد پرسـیارێک دێنەپێـش: کـورد چـۆن چالاکیـی تونڕەوانـە ئەنجـام دەدەن؟ چـۆن دەتوانیـن ئەمانـە بـە وەڵامدانـەوەی هەڕەشـەکانی وڵاتانـی دراوسـێ یاخـود دەستوەشـاندنی پێشـوەختە بـن؟ یـان بـۆ پاراسـتنی ئـەو دەسـتکەوتانەیە کـە دەسـتەبەرکراون؟ یاخـود بـە هاوکاریـی هێـزی دەرەکییەوەیـە بۆئـەوەی ناوچەکـە هـەر بـە ناسـەقامگیری بمێنێتـەوە؟ ئەمانـە و چەندیـن پرسـیاری دیکـەی بێـوەڵام، لەگـەڵ ئەوەشـدا چالاکییەکانیـان لەلایـەن ئەمەریـکاوە ڕێگرییـان لێناکرێـت. چەنـد جارێکیـش تـاران ئەمەریـکای بـەوە تۆمەتبـار کـردووە کـە پشـتگیریی چەکدارانـی پـژاک دەکات کـە نزیکـن لـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لەپێنـاو شـێواندنی سـەقامگیری و دواتـر هەڵوەشـاندنەوەی ئێـران[١٧].

لـە هەمـوو ئەوانـەی لەپێشـەوە باسـکران، یـەک ئەنجامێکـمان دەسـت دەکەوێـت – ئەویـش ئەوەیـە هەرگیـز کـورد ئـەو هێـزە نییـە ببێتـە مایـەی سـەقامگیریی ناوچەکـە، بەڵکـو بـە پێچەوانەیـە- لـەم قۆناغـەدا هێزێکـی نوێـی وێرانکـەری مێژوونییـە کـە ڕەنگـە وەهـا خـۆی نیشـان بـدات کـە هێزێکـی کاریگـەرە و توانـای خوڵقاندنـی وێنایەکـی نوێـی ناوچەکـەی هەیـە.

لەمـڕووەوە بۆچوونەکـەی یـوری نەبیێـف سەرنووسـەری وارگـەیKurdistan.ru زۆر سەرنجڕاکێشـە کـە خوازیـارە بنیاتنانـی ئایینده‌یـی دەوڵەتـی کـوردی بەنـد بێـت بـە پشـتگیریی ئەمەریـکا، هەرچەنـدە ئەمریکییـەکان هێشـتا ئـەو ئامادەییەیـان تێـدا بەدیناکرێـت، ئەمـەش لۆژیکییـە چونکـە سـەرکردایەتیی کـورد لەبـەر چەنـد هۆیـەک پەرەیـان بـە پێوەندییـە سـەختەکانی لەگـەڵ جیهانـی ئیسـلامیدا داوە. زۆر پێداگریشـیان لـەوەدا کـردووە کـە بەرگێکـی ئیسـلامی نەکرێتـە بـەر دەسـتووری هەمیشـەیی عێـراق، دەیانەوێـت عێـراق و کوردسـتان وەکـو دەوڵەتێکـی عەلمانـی ببینـن، هەروەهـا دەوڵەتێکـی دیموکراسـیش بێـت، زۆرینـەی کوردیـش وایدەبینـن هـەر خۆیانـن بتوانـن لـە ئایینده‌یەکـی نزیکـدا بنەماکانـی دیموکراسـییەت لـە دەوڵـەت و تـەواوی ناوچەکـەش بچەسـپێنن.

بۆیـە وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارەی کـە کراوەتـە ناونیشـانی ئـەم بابەتـە، ئاخـۆ کـورد گەرەنتییـە بـۆ سـەقامگیریی ناوچەکـە؟ دەبـا ڕاشـکاوانە وەڵام بدەینـەوە – نەخێـر، بـەڵام وەک وەفادارییـەک بـۆ پاراسـتنی پێشـکەوتنی بیرۆکەکانـی دیموکراسـییەتی ئەمەریـکا لـە ناوچەکـە – بەڵـێ. ئاخـۆ ئەمـە باشـە یـان خـراپ – لـە ئایینـدەدا وەڵامدەدرێتـەوە، چونکـە هیـچ ئامرازێکـی دیکەمـان لەبەردەسـتدا نییـە.

سەرچاوەکان

١. بووسک نووری شاوێس سەرکردەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ ڕایگەیاند: کوردی باشوور بەتەمان وەزارەتی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان دابمەزرێنن، چونکە بڕگەیەکی دەستووری هەمیشەیی عێراق مافی کردنەوەی نوێنەرایەتیی بازرگانی و کلتووری لە دەرەوەی وڵات داوە. هەروەها شاوێس دەڵێ: وەزارەتێکی لەم شێوەیە پێویستە بۆ نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی کورد لە عێراق و لە دەرەوە، بەتایبەتیش لە ئەورووپا کە ژمارەیەکی زۆری کوردان لە ئەورووپا دەژین و ئاماژەی بەوەش کردووە، هێشتا ناوی ئەو فەرمانگەیە دیارینەکراوە، بەڵام ڕەنگە ناوبنرێت وەزارەتی سەرپەرشتیکردنی کاروباری دەرەوە. (١٤ یانایر ٢٠٠٦ ، http://www.dostani.com)

2- См. по теме «О региональном правительстве Иракского Курдистана». 3.Мосаки http://www.iimes.ru/rus/stat/2006/18-05-06a.htm

٣. لە نووسینێکدا کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ لە واشنتۆن پۆست بڵاوکراوەتەوە، ز. بریجنسکی ئاماژەی بەوە داوە، هەردوو هێزە سەرەکییەکەی شیعە و کورد-یەکگرتوویی وڵاتیان ناوێت، بەتایبەتیش نایانەوێ سوپایەکی یەکگرتوو دابمەزرێنن و قوربانیی پێبدەن. شیعە و کورد ئامادەن هەموو هەوڵێکیان بۆ لەنابردنی سوننە چڕبکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا دەیانەوێ پارێزگاری لە هێزە چەکدارییەکانی خۆیان بکەن، هەروەها بڕوای بەوەش هەیە کە سەربەخۆیی عێراق شیعە مەزهەبەکان زامنی دەکەن کە لەگەڵ ئێران یەکناگرن و کوردیش ترسی لە تورکیایە /http://www.apsny.ge

4- Пост вице-премьера получил Омар Фатах, Monday, 08 May 2006 http://www.dostani.com/,В Иракском Курдистане сформировано единое правительство, Sunday, 07 May 2006, http://www.dostani.com/

5- Иран призывает Турцию и Сирию сплотиться. Saturday,

08 April 2006, http://www.dostani.com/

6- http://www.dostani.com/

7- Турции пригрозили новыми терактами, Wednesday, 15 February 2006 http://www.dostani.com/

8- 250 курдов напали на турецких полицейских, Thursday, 16 March 2006 http://www.dostani.com/

9- Более 17 курдов убиты в ходе широкомасштабной военной операции ВС Турции, Thursday, 13 April 2006, http://www.dostani.com/

10- Турция подтвердила, что нарушила суверенитет Ирака. Friday, 28 April 2006, http://www.dostani.com/

11- Die Welt 25.04.06. заказ линии O-lein

12- Турция перекрыла границу с Ираком и Ираном, чтобы уничтожить курдских сепаратистов Tuesday, 25 April 2006 http://www.dostani.com/

13- Этнические туркмены Ирака недовольны новой конституцией и намерены создать в Киркуке вооруженную милицию, http://www.rian.ru 09.09.2005, http://iraqwar.mirror-world.ru/

14- Турецко-иранский военный удар в Северном Ираке? Die Welt 25.04.06. заказ линии O-lein.

15- Пейджак является иранским крылом запрещенной в Турции КРП, добивающейся создания независимого государства для курдского народа.

16- Conflict in Mako: 4 Iranian soldiers died, 28.05.2006, http://www.kurdishinfo.com/

17- Die Welt 25.04.06. заказ линии O-le

پ.د.ئیسماعیل محەمەد حەساف

- لە ساڵی ١٩٥٣ لە ناحیەی عامووداـ ناوچەی قامیشلۆ، گوندی گرسۆر لەدایکبووە.
- قۆناغی سەرەتایی لە یەکی سەرەتایی تاکو پێنجی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواوکردووە. لە ساڵی ١٩٦٥ پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی سەڵاحەدین لە شاری قامیشلۆ تەواوکردووە، ئینجا هەردوو قۆناغی دواناوەندی و ئامادەیی لە قوتابخانەکانی ئەوێ تەواوکردووە.
- لە بنەماڵەیەکی نەتەوەپەرست پەروەردەکراوە و هەر لە شەستەکانەوە کادیرانی پارتی و خەباتگێڕانی کورد لە بنەماڵەکەیاندا سەریانهەڵداوە و زۆر زوو بووەتە هۆی گەشەکردنی هەستێکی نەتەوایەتی لەناخیدا.
- لە ساڵی ١٩٦٥ بۆ خوێندن چووەتە قامیشلۆ و لەوێ خۆی بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد ناساند کە برایەک و زاوایەکی لەنێو ڕیزەکانی پارتیدا بوون.
- لە ساڵی ١٩٦٩ بووەتە پاڵێوراوی ئەندامی لق، ئینجا لە هەمان ساڵدا بووەتە ئەندام لق.
- لە ساڵی ١٩٧٠ بەشداریی لە خۆپیشاندانێکی قوتابیان کردووە لە قامیشلۆ.
- لە ماوەی نێوان ١٩٧٣- ١٩٧٥ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی قوتابیانی قامیشلۆی پارتی دیموکراتی کوردی چەپڕەو بووە لە سووریا.
- لە ساڵی ١٩٧٣ ئەندام کۆنگرەی سێیەمی پارتی چەپڕەوی کوردی بووە کە لە قامیشلۆ گرێدرابوو.
- لە ساڵی ١٩٧٤ بە ئەندام مەکتەبی لێژنە لە جزیرە هەڵبژێردرا.
- لە هەمان ساڵدا پاش تەنیا بیست ڕۆژ لە دامەزراندنی لە کەرتی پەروەردە دەردەکرێت کە بریکاری مامۆستا بووە لە گوندی ئوم زرکانی سەر بە ناحیەی تەل تەمر بە بیانووی مەترسی لەسەر ئەمنی دەوڵەت.
- لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٥ بەشداریی لە کۆنگرەی چوارەمی حزبدا کردووە کە ئەوکات لە ناوچەی دەکوانەی سەر بە بەیروت بەستراوبوو.
- لە ١٩٧٥ و پاش تەواوبوونی کۆنگرەی حزب، بووەتە بەرپرسی حزبی لە ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی قامیشلۆ و ڕۆڵی لە هاندانی هەڤاڵانی هەبوو بۆ خەباتکردن و خۆ بەدەستەوەنەدان بە بیئومێدی دوای ڕێککەوتنامەکەی ٦ی ئادار کە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستان بوو.

- لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ سەرۆکایەتیی پرۆسەی ڕزگارکردنی پارتی دیموکراتی کوردی چەپڕەوی لە سووریا کرد.
- لە ئەیلوولی ١٩٧٥ بە مینحەیەکی حزبی ڕەوانەی یەکێتیی سۆڤیەت کرا و چالاکانە بە درێژایی ١٢ ساڵ لە دەرەوەی وڵات بەشداریی لە چالاکییەکانی قوتابیانی کوردستان کرد.
- لە ساڵی ١٩٨١ بڕوانامەی ماستەری لە زانستە پەروەردەییەکان بە هەردوو زمانی ڕووسی و ئینگلیزی بەدەستهێنا لە پەیمانگەی بیاتیگۆرسک بۆ زمانەکان - یەکێتیی سۆڤیەت.
- ساڵی ١٩٨٢ ڕێکخراوی حزبی چەپڕەوی کوردیی لە ئەورووپا دامەزراندووە و بووەتە بەرپرسی ڕێکخراوەکە لە ئەورووپا و ڕووسیا.
- لە ئابی ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ گرووپێک چالاکوانی کورددا کۆمەڵەی قوبیان و لاوانی کوردستان (یوکسی) دامەزراندووە و لەو کۆنگرەیەی کە لە بەرلینی ڕۆژئاوا بەسترا بووەتە ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو کۆمەڵەیە و بەپرسی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکان لە ئەورووپا کە بە ناوی (یوکسی) لە کۆبوونەوەی بەرلین بۆ کۆمەڵانی قوتابیانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٣ هەروەها بەشداریی کردووە لە کۆبوونەوەی براگ لە پایزی هەمان ساڵدا.
- لە ساڵانی ١٩٨٢- ١٩٨٥ بەپرسی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردی چەپڕەو لە سووریا لە ئەورووپا و سۆڤیەت.
- لە ساڵی ١٩٨٣دا و بەتەنیا لە مۆسکۆ بڵاوکراوەیەکی مانگانەی بەناوی (ڕاستی) دەرکردووە کە کێشە کوردستانییەکانی لەخۆگرتبوو، ١٢ ژمارەی لێدەرچوو و چەند دانەیەکی لە کتێبخانەی پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل پارێزراون.
- یەکێک بووە لە ڕێکخەران و پلاندانەرە سەرەکییەکانی خۆپیشاندانەکەی مۆسکۆ

کـە دژی دەسـتوەردانی سـوپای تورکیـا لـە باشـووری کوردسـتان کـە لـە ئایـاری سـاڵی ١٩٨٣بەڕێوەچـوو. پێـش بەڕێوەچوونـی خۆپیشـاندانەکە هـەردوو باڵیۆزخانـەی عێراق و تورکیـا ناڕەزاییـان دەربـڕی، چونکـە مۆسـکۆ ڕێگـەی بـە ڕێکخسـتنی ئـەم خۆپیشـاندانە داوە و لـە ئەنجامـی ئـەو ناڕەزایەتییـەی عێـراق و تورکیـا خۆپیشـاندانەکە نەکـرا، بۆیـە چەنـد یاداشـتنامەیەکی دایـە لایەنـە پێوەندارەکانـی سـۆڤیەت و ئەوانیـش بەڵێنیـان پێـدان بیگەیەننـە پێنـج دەوڵەتـی زلهێـزی وەکـو ئەمەریـکا، بریتانیـا، فڕەنسـا، چیـن، نەتـەوە یەکگرتـووەکان.

- لەمـاوەی مانەوەیـدا لـە مۆسـکۆ چەندیـن مینحـەی خوێندنـی بـۆ قوتابیـان وەرگـرت، بـە قوتابیانـی باشـووری کوردستانیشـەوە و لەگـەڵ ژمارەیـەک هەڤاڵیـدا لـە ڕێگـەی وەزارەتـەوە هاوکاریـی قوتابیانـی کـردووە سـەبارەت بـە خوێندنیـان.

- لـە ٢٢ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٦ تێـزی دکتۆراکـەی پێشـکەش کـرد کـە لەژێـر ناونیشـانی (کێشـەی کـورد لـە پێوەندییـە نێودەوڵەتییەکانـدا لـە قۆناغـی دوای جەنگـی جیهانیـی دووەم) و باشـووری کوردسـتان تـەوەری سـەرەکیی تێزەکـەی بـوو و میخائیـل سـیمیۆنۆڤیچ لازاریـف سەرپەرشـتیی تێـزی دکتۆراکـەی کـرد کـە پسـپۆڕی کێشـەی کـورد بـوو لـە بەشـی کوردیـی لـە باڵـی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن و نزیکـی پەیمانگـەی ڕۆژهەڵاتناسـی سـەر بـە ئەکادیمیـای زانسـتە سـۆڤیەتییەکانە.

- لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٦ لـە بەرلیـن - مۆسـکۆ گەڕایـەوە قامیشـلۆ بـە مەبەسـتی خزانـە نێـو کاری خەباتگێڕانـەی کـورد و سـەرۆکایەتیی کۆمەڵێـک هەڤاڵانـی کـرد کـە دەرچووانـی زانکـۆ وچەنـد کادیرێکـی دێریـن بـوون لەپێنـاو یەکێتیـی بزووتنـەوەی کـوردی ڕۆژئـاوا.

- بەشـداریی لـە کۆکردنـەوەی کۆمـەک کـردن کـرد لـە کاتـی کۆچـڕەوە ملیۆنییەکـەی کـوردی باشـوور بـە کۆکردنـەوەی دەرمـان و چەنـد کەرەسـتەیەکی پێویسـت.

- لـە سـاڵانی نێـوان ١٩٩٢- ٢٠٠٠ و ٢٠٠٠- ٢٠٠٦ مامۆسـتای زانکـۆ بـووە لـە زانکۆکانـی سـەبها و تحـدی لـە لیبیـا و پلـەی زانسـتیی ئوسـتادی بەشـداری وەرگـرت.

- لـە ٢٠٠٢ پـڕۆژەی بەرنامـەی نزمتریـن ئاسـتی بـۆ بزووتنـەوەی کـوردی ڕۆژئـاوا پێشکەشـکرد و ڕاوەسـتی ئەمینـداڕە گشـتییەکانی کـرد.

- لـە مـاوەی ٢٠٠٠ - ٢٠٠٢ چەنـد گرووپێکـی گەنجانـی پێکهێنـا و بـە دروشـمی

(دەبـا ئامادەبیـن بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئالینکارییەکانـی داهاتـوو) دەسـتی بـە هۆشـیارکردنەوەیان کـرد.

- لـە ٢٠٠٢ داوای لێکـرا سـەرۆکایەتیی شـاندێکی ڕۆشـنبیرانی ڕۆژئـاوا بـکات و بچنـە سـلێمانی بـە چاودێریـی لایەنێکـی سیاسـی و لـەوێ چاویـان بـە جـەلال تاڵەبانـی بکەوێـت، بـەڵام لەبـەر دوو هـۆ داواکارییەکـەی ڕەتکـردەو: یەکەمیـان: قەناعەتـی بـەو لایەنـە نەبـوو کـە شـاندەکەی پێکهێنـاوە، دووەم: ڕەتـی کـردەوە بەسـەر هەولێـردا بـاز بـدات و بچێتـە سـلێمانی و داوای کردبـوو یەکەمجـار سـەرۆک بارزانـی ببینـێ ئینجـا بچێتـە سـلێمانی بـۆ دیـداری تاڵەبانـی، بۆیـە شـاندەکە بەبـێ ئـەو چـوون و لـە سـلێمانی چەنـد ئیمتیازاتێکیـان وەرگـرت و کاریـان بـۆ دابیـن کـرا و هێشـتا لەوێـن.

- یەکەمیـن کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتانە بڕوانامـەی کادیـری حزبـی لـە سـۆڤیەت بەدەسـتبێنێ لـە سـاڵی ١٩٨٠ دوو سـاڵ خوێندنـی ئێـواران دوای دەوامـی فەرمـی.

- ئەکادیمیسـتێکی پسـپۆڕە لـە کێشـەی کـورد و بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە فەلسـەفەی مێـژوودا هێنـاوە – بـواری پێوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان (دیبلۆمـات)

- لـە ئـاب- ئەیلوولـی ٢٠٠٤ سـەردانی باشـووری کوردسـتانی کـرد و لـە ئەیلوولـی سـاڵی ٢٠٠٦ دووبـارە سـەردانی باشـووری کـردەوە و بۆخزمەتکردنـی قوتابیانـی باشـووری کوردسـتان لەوسـاوە ئەندامـی دەسـتەی مامۆسـتایانی زانکـۆی سـەڵاحەدینە لـە بەشـی مێـژوو- کۆلێـژی ئەدەبیـات بـە پلـەی وانەبێـژ و تاکـو ئێسـتا بـە پلـەی پرۆفیسـۆر لەوانەگوتنـەوەدا بەردەوامـە.

ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA